

# 33 کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ

کۆمەڵێك خەمی رۆژنامەنووسی و فەرهەنگییە

ستران عەبدوڵڵا

ستران عەبدوڵڵا

33 کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ

2018

چیرۆکی هەریەك لە سیو سێ کرێکارەکەی وڵاتی چیلی رۆژێ لە رۆژان دەبێتە رۆمانێکی گەورە کە خەڵاتی نۆبڵ دەباتەوە، یان دەبێتە چەند فیلمێکی سینەمایی کە خەڵاتی ئۆسکار، یان کان بۆ سیناریست یان دەرهێنەرەکەی مسۆگەر دەکات. یان لەوانەیە لە دەرفەتێکی نزیکدا ببێتە ریپۆرتاژی رۆژنامەوانیی ساڵ لە ئەمریکای لاتین یان خودی ئەمریکا زەبەلاحەکەی کە قازانجی کانە دۆزراوەکانی چیللیو هەموو ئەمریکای باشوور لە دواجاردا دەچێتە گیرفانی ئەوەوە.

SLEMANI
پایتەختی رۆشنبیری

# کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ 33

ستران عەبدوڵڵا

# 33 کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ

کۆمەڵێک خەمی ڕۆژنامەنووسی و فەرهەنگییە

سلێمانی - ٢٠١٨

هەواڵنامەی کتێب


- کتێب: **٣٣ کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ**
- نووسەر: **ستران عەبدوڵڵا**
- دیزاین: **شۆڕش ئەحمەد**
- نۆبەتی چاپ: **چاپی یەکەم ٢٠١٨**
- تیراژ: (**٥٠٠)دانە**
- چاپخانە: **کارۆ**
- لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٨٨)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە

SLEMANI
پایتەختی رۆشنبیری

بەسوپاسەوە ئەم بەرهەمە لەسەر بڕیاری وەزیری رۆشنبیری
لەسەر بودجەی پایتەختی رۆشنبیری چاپ کراوە

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەسەرهاتی ئەم بەرهەمە

**(١)**

ئەمەش زنجیرەیەکی دیکەی نووسینە ڕۆژنامەوانییەکانمە کە لە دوو توێی کتێبێکدا کۆمکردونەتەوەو نازانم کێ‌و کەی‌و چۆن چاپی دەکات؟ ئەوی دەیزانم ئەوەیە وام ئامادە کردووە بۆ چاپ کە ئەگەر هەر لایەنێك بخوازێت لە چاپی بدات. کەرەستەکەی بە ئامادەکراوی لە بەردەست بێت‌و لە نیوەی ڕێگاکەوە تەواوی بکات.

ئەم زنجیرە نووسینە "٣٣ کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ" لەگەڵ بەشی زۆری کتێبەکانی ترمدا لەوەدا یەکدەگرێتەوە کۆکراوەی نووسراوی ماوەی جیاجیان کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کارم تێدا کردوون بڵاو بۆتەوە. لەوەش لێیان جیا دەبێتەوە کە زیاتر تایبەتن بە کایەی فەرهەنگ‌و ڕۆژنامەوانی، نەك سیاسەت. ئەگەرچی ئالودەبوونمان بە سیاسەت سێبەری قورسی خۆی خستۆتە سەر ئەم نووسینە فەرهەنگیانەش، بەڵایەکە تووشی هاتووین‌و هەر بەوە دڵی خۆم دەدەمەوە کە خەڵك لە واقیعدا تووشی سیاسەت بووەو، بەوەی باشە ئێمەی ڕۆژنامەنووس هەر لەسەر کاغەزو ڕووپەڕی (غەزەتە) ئالودە بووین.

**(٢)**

ئەم کۆکراوەیە دەکرێ وەك بەشی دووەمی کتێبی کۆکراوەی (مێخەك) سەیر بکرێت کە ئەویشیان نووسین بوو لەسەر بواری هونەرو کەلتورو بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی کایەی فەرهەنگی. لەوێش گوتبووم کە کارکردن لە بواری

ڕۆژنامەنووسیدا وا دەکات سەرنجی ڕۆژانەت لا دروست بێت و ئەمانەش خۆیان لە نووسینو بەدواداچوونی ڕۆژانەدا دەنوێنن. نووسینگەلێك ناچنە خانەی نووسینی قووڵ لەسەر کایەی فەرهەنگی لەچاو کتێبو گۆڤارە تایبەتمەندەکان کە لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکانی کەلتورو فەرهەنگ خۆیانەوە دەنوسرێن. بەڵام ئەوەی باشە نووسینی ڕۆژنامەوانی بۆنی ساتەوەختو ڕەنگی پەرۆشی و تۆماری ڕۆژگاری خۆی لێ دێت. نووسینی ڕۆژنامەوانی ئەگەرچی جێی نووسینە (قورسەکان) ی سەکۆکانی دیکە ناگرنەوە، بەڵام پردی مەردو جوامێری پێکەوە گرێدانەوەی خوێنەری ڕۆژنامەو چالاکی کەلتورو هونەرە جوانەکانو ئەندێشەی پاكو بێگەردی مرۆڤن. یاخوا کتێبی "٣٣ کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ"یش وا بێت.

**(٣)**

ئەم کۆکراوەیەش، دیسانەوە، وەك ئەوانی تر بێ کەموکوڕی نییە لە ڕووی ئەرشیفو پۆلێنکردنی بەرهەمی ئەندێشەی ڕۆژنامەنووسەوە.

(٣٣ کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ) کەموکوڕی ئەوەی هەیە ڕیزبەندییەکەی لە هەندێك جێدا تێکەڵ و پێکەڵە، هەندێکیان ژمارەو بەرواری بڵاوکردنەوەیان لێ نەدراوە. هەندێکی ژمارەی تیایە ڕۆژەکەی دیار نییە. چوار فەسڵی یەکەمی ڕیزبەندیو یەکێتی بابەتی بەگوێرەی ناونیشانی چەند فەسڵێك دیاری کراوە. بەڵام فەسڵی کۆتایی یەکێتی بابەتی تێدایە لە کۆی کتێبەکە لەجیاتی ئەوەی بەگوێرەی ناونیشانی فەسڵەکان دیارییان بکەم. ئەمەشیان لەبەر ئەوەیە ئەم بابەتانەم درەنگ لە ئەرشیفی خۆمو ڕۆژنامەکە دۆزییەوەو دەرفەتی ئەوە نەبوو سەرلەنوێ لەگەڵ فەسڵەکانی کتێبەکە پۆلێنیان بکەمەوە.

کاری ڕۆژنامەوانی بابەتی زۆرت پێ دەنووسێ، تیایاندا هەیە کرچو کاڵە کە هەوڵمداوە لایان بەم، هی تریشیان تێدایە ئەگەر بە قووڵتر بمنووسیبایە لەسەر ئەرکی ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانیی مامەڵەم لەگەڵدا نەکردبایە دەستی دەدا ڕوو لە لێکۆڵینەوەیەکی باشتر بن. بەڵام ئیتر ئەوەیە کە نووسرانو بوونە بەشێك لە ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم. وا بەشێکیان لەم کتێبەدا جێیان بۆتەوە.

## (٤)

دەزانم خوێنەری ئەم کتێبە دەپرسێ جا بۆچی بەم هەڵەو پەڵانەی بەروارو ژمارەوە ئەم پۆلێنکردنە نوقسانە دەخەیتە بەردەم خوێنەر، لە وەختێکدا ئەمڕۆ ڕێوشوێنی ئەرشیفکردنو پۆلێنکردنی نووسین لەبەردەستەو پێشکەوتوون؟ نووسینەکانیش هی زەمانێکی قەدیم نین، نەدۆزرێنەوە؟ ئەوە ڕاستەو کەموکوڕییەکە دانی پێدا دەنێم، بەڵام هەر لەبەر ئەو کەموکوڕییە ناخوازم بەختی ڕەشی نووسەری کورد دووبارە بکەمەوە.واتا چاوەڕێ بم داخۆ کەی دەرفەتێکی ڕێكو پێك بێتە پێشەوە ئینجا کتێبان ئامادەی چاپ بکەم. گوتم بەو کەموکوڕییەش بێت هەر دەرفەتێکی چاپ هاتە پێشەوە سێو دووی لێ نەکەم. بەڵکو ئەگەر وەك نووسەر ماینو جێی خۆمان لە یادەوەری ڕۆژنامەوانیی کوردیدا کردەوە. مافی ئەوەمان هەبێ کۆی بەرهەمەکانمان بە ڕێکوپێکی چاپ ببێتو ئەوی کەموکوڕی ئێستایە بەو چاپە ڕێکە، جێی دڵخوازە، قەرەبوو بکرێتەوە. بەڵکو!

تا ئەو بەڵکووە بە واجبی دەزانم سوپاسی هاوکارانم: کاکەکان شۆڕش ئەحمەد، لەشکر حەمە ساڵح و جوامێر جەباری بکەم کە لەئامادەکردن و دیزاین و هەڵەبڕی ئەم کتێبەدا تا ئامادەی چاپ بوو، زەحمەتێکی زۆریان کێشا.

**ستران عەبدوڵڵا**
**حوزەیرانی ۲۰۱۷**

هەواڵنامەی کتێب

فەسڵی یەکەم

# ئەدەب و فەرهەنگ

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ویڵ سۆنیکا
# غەوغائیەك لە نایجیریاوە

لە زمانی نووسەرێکی ڕۆژهەڵاتی دەگێڕنەوە، جارێکیان سەفیری کۆلۆمبیا لە وەڵامی پرسیارێکی ئەو سەبارەت بە (گابریل گارسیا مارکیز) گوتبووی: (مارکیز سەرسەرییەکی کۆلۆمبییە)، نووسەرە ڕۆژهەڵاتییەکەش دەمو دەست بە دەربڕینێکی جوان بەرپەرچی دابۆوە: (بەختەوەرە ئەو وڵاتەی سەرسەرییەکانی وەکو مارکیز بن!)، هەڵبەتە ئەگەر ئەو نووسەرە ڕۆژهەڵاتییە هەر بۆ نموونە لە سەفیری ڕژێمی عیراقی پرسیبا. ئەوا بێ گومان سەفیرەکە دەیگوت: (مارکیز غەوغانییەکە لە سەفحەی غەدر و خیانەت)

*نایجیریا بە وڵاتی کودەتاکان ناسراوە، لەوێ ژەنەراڵێک دێو ژەنەراڵێک دەڕوا، کەچی مەگەر لە هەواڵێکی ڕاگوێزەریانەی ئاژانسەکاندا باسی لێوە بکرێ، زۆرن ئەوانەی (نایجیریا) یان لە ڕێگەی ویل سۆنیکای خاوەنی نۆبڵی ئادابەوە ناسیو هەر ئەویش بە ناسنامەی ئەو وڵاتە دەزانن‌و کەمن ئەوانەی ناوی ئیبراهیم بابانگیدای ژەنەراڵی کودەتاچی‌و ئەباشای حاکمی سەربازی ئێستایان بیستووە. کەچی لە میانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی نایجیریادا دەسەڵاتی سەربازی گوێی بە (حصانە)ی نووسەرێکی جیهانی نەداو ویل سۆنیکای لە زیندان پەستاند. سۆنیکا پێشتر چالاکانە لە بزاڤی دیموکراتی خەڵکی وڵاتەکەی بەشداری دەکردو خۆی گوتەنی (وەکو هاووڵاتییەک هەستم بە پێشێلکردنی مافەکانم دەکرد) واش بڕیار بوو لە کۆنگرەی (ئەفریقیاو دیموکراتی) کە لە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی دەبەسترێ بەشداری بکات، بەڵام دەستگیرکردنی ڕێگر بوو لەو مەسەلەیە. دیارە لە وڵاتێکی دواکەوتووی وەکو نایجیریادا هەر ئەوەندە پاداشتی ئەدیبێکی پایەبەرز دەبێ کە لە زیندان بپەسترێو لە عورفی ئەفسەرە بێ بەهرەکاندا بە (سەرسەری)و (غوغانی) لەقەڵەم بدرێ.

ئێستا له ناوەندە سیاسیو ئەدەبییەکانی جیهاندا، هەڵمەتێک بۆ ئازادکردنی سۆنیکا بەرپا کراوە و پێشیدەچێ ئەو هەڵمەتە لە دواییدا ببێتە کارتێکی دیکەی گوشارو پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی سەربازی نایجیریا کۆتایی بێ.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٨٠٥: (١٩٩٤/١٠/٩)

هەواڵنامەی کتێب

# نەجیب مەحفوز
# جینۆسایدی خاوەن نۆبڵەکان!

تیرۆرو هەوڵی تیرۆر نیشانەی ئیفلاسی سیاسی پەیڕەوکەرانێتی. کاتێک کە زمانی وتووێژ لەنێواندا نەمێنێ زمانی توندوتیژی رمین پەیدا دەکا. لە زۆربەی وڵاتانی دونیای سێ دا بەرامبەر بە توندوتیژییەک کە حکومەتە تۆتالیتاری یان سەربازییەکان پیادەی دەکەن، ئۆپۆزسیۆنێکی توندڕەو دێتە بوون، هەرواش تایبەتی تر لە وڵاتە عەرەبیو ئیسلامییەکاندا لە لاوازی حکومەتێک، کە بە قەیرانێکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێپەڕدەبێ، گروپە ئوسوڵییە توندڕەوەکان پەنا بۆ زمانی توندوتیژی دەبەنو هانی کەسانی تیرۆریستو تۆقێنەر دەدەن. ئیدی لە ئیقاعێکی نەبیستراودا وتووێژێکی نەزۆک بۆ زەفەربردن بە رۆژنامەنووسێکی دیموکراتخواز، نووسەرێکی ناودار، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی، جێگەی وتووێژی دیموکراتیو پڕ بەرهەمی مێزگردێک دەگرێتەوە، ئەمە ئەو تراژیدیایەیە کە رۆژانە لە کوچەو شەقامەکانی قاهیرەو جەزائیری پایتەختدا دووبارە دەبنەوە. هەفتەی رابردوو لەسەر دەستگیرکردنی (سۆنیکا)ی ئەدیبی خاوەن نۆبڵی ١٩٨٦ لەلایەن حکومەتی سەربازی نایجیریاوە سەرنجێکمان دەبڕیبوو، سێ رۆژ لەمەوبەریش گروپێکی توندڕەو بە قەمە هێرشیان بردە سەر (نەجیب مەحفوز) ی خاوەن نۆبڵی ساڵی ١٩٨٨و رۆماننووسی ناوداری میسر، هەڵبەتە ئەم دوو کارەی کودەتاچییەکانی نایجیریاو توندڕەوەکانی میسر ناچێتە خانەی پیلانێکی گەورە بۆ جینۆسایدکردنی ئەدیبانی خاوەن نۆبڵ، بەڵکو لە پشت ئەو دوو کارەو هەر کۆششێکی چەوتی لەم بابەتە گوزارشتی چەندین پرسیاری سیاسیو تەنگژەی شارستانیو مەودای دیموکراسی خۆی حەشارداوە، پرسیاری لە بابەت ئەوەی، ئەگەر (مەحفوز) لە بەرهەمەکانی دا خیتابێکی عیلمانی دەربڕیوە، بۆچی بە دژە شاکارێکی ئەدەبی وەڵامی نادرێتەوە؟ هەروەها پرسیاری ئەوەی بۆچی دەبێ

(ئەدیبێکی جیهانی) کە لە دونیای شارستانی دا ڕەمزێکە لە ڕەمزە نەتەوەییەکانی وڵاتەکەی، باجی بە بن بەست گەیشتنی هاوکێشەی سیاسی نێوان حکومەتو گروپێکی توندڕەو بداتەوە؟

لە کاتێکدا دەشێ هەر گۆڕانێک لە پارسەنگی خودی ئەو هاوکێشەیە لە سبەی ڕۆژدا حکومەتو ئۆپۆزسیۆنی توندڕەو لە گفتوگۆیەکی سازشکارانە (وەکو ئەوەی ئێستای جەزائیر) کۆ بکاتەوەو لە میانی ئەو سازشەدا ئۆپۆزسیۆن یان دەست لەو پرۆگرامە هەڵبگرێ کە لە پێناویدا خوێنی کەسانی وەکو (مەحفوز)ی بە ڕەوا زانیوە، و یا خود بە ناچاری بە هەندێک دەسکەوتی سیاسی و (دونیایی) ڕازی ببی و هیچی تر!

هەواڵنامەی کتێب

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ٨١١ (١٩٩٤/١٠/١٦)

# قسەیەك هەیە بیکەم

لەو پێشەکییەی بۆ دیوانە ناودارەکەی (روشدی ئەلعامل) (حدیقە علی) نووسراوە، حەمید سەعید نووسەری پێشەکیەکە دەخوازێ لە چەند بڕگەیەکو چەند ئاماژەیەک خەبەر لە روشدی بداو لای رژێمی بەعس وەک یاخیبوویەک بیناسێنێ، تا ئەو ئەندازەی لە شوێنێکدا دەڵێ باخچەکەی عەلی هەر خۆی باخچەی روشدیە. ئەمە لەکاتێکدا دیوانە شیعریەکە پڕیەتی لە دەستەواژەی جەللادی بەغداو تاریکیو......هتد.

چیرۆکی ئەو جاسوسی کردنەم وەبیرهێنایەوە تاوەکو لەو دیاردەیە بدوێم کە ئەمێستاکە بەرۆکی ناوەندی رۆشنبیریو رۆژنامەنووسی کوردی گرتۆتەوە، ئەویش دیاردەی جاسوسی کردنە بەسەر نووسەرو ئاماژەکانی پشت نووسینێکی بڵاوکراوەی ئەو نووسەرەوە چ لەرێگای دیتنەوەی مەغزای هەمەچەشن لە نووسینێکی عەفەویو خەبەرلێدانی لای ئەمو ئەو، لەرێگای هامشۆکردنی نێوان دوو دەڤەرەکە بۆ راپۆرتو نووسینو قسەهێنانو قسەبردن.

*ئەرێ ئەگەر کوڕی باشێک خەبەر لە نووسەرو نووسینێک نەدا، کێ دەیپەرژێتە سەر دیتنەوەی نیازێکی خراپ لە پەخشانێکی عاتیفیدا؟.

*ئەرێ ئەگەر رووناکبیرێکی فاشیل هەواڵ نەگەیەنێتە ساواک، شا چووزانێ مەبەستی گولسورخی لە وشەی (سورخ) خوێنو شۆرشە، نەک رەنگی سوور، وەک ئەوەی بە لێوی کچێکەوەیە؟!..

*رۆژنامەی هاوپەیمانی ژمارە(٦)ی (١٩٩٧/٩/٢٠)

# شادمانی بە کرێ دەگرێ!

لەماوەی چەند شەوی ڕابردوودا کەناڵی فەزائی ( art) بۆ جارێکی تر فیلمە بەناوبانگو سەرکەوتووەکەی هونەرمەندی بەتوانای ئەمریکا (جاک لیمۆن) ی پێشکەش کرد کە بە ناوی (نرخ) بوو.

(نرخ) باس لەو نرخو باجانە دەکا کە دەبێ نەوەکان لە خواستو ئاواتەکانی خۆیانی بۆ ورد بکەنەوە، تا شکستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژئاوا قەرەبوو بکرێتەوەو ململانێی نەوەکان شێوەیەکی هێورتر بگرێتەبەر.

(جاک لیمۆن) لە بەرنامەیەکی منداڵاندا پێستو دەمامکی حەیوانێکی کۆمیدیو نامۆی لەبەرە کە بینەران بەتاسەوە تەماشای بەرنامەکەی دەکەنو، لەواقیعی فیلمەکەشدا، (لیمۆن) باوکی کوڕێکی گەنجە کە بەدەست لێک جیابوونەوەی دایکو باوکییەوە هەست بە خەمۆکیو نامۆیی دەکا لەنێو هاوەڵانی کۆلێژەکەیدا.

(لیمۆن) کە هەوڵ دەدا کەشێکی خۆش دابین بکاو مانا گاڵتەجاڕییەکانی ژیان بە کوڕەکەی بناسێنێ. بە کوڕە دەڵێ: (ئەگەر پێت نەکرا شادمانی بکڕی، بە کرێی بگرە!) کوڕەش کە لە ڕوخسارا لە (جۆن تراڤۆڵتا) دەچێو باوکیشی لە ناخدا بە (چیخۆفی) چیرۆک نووسی ڕوسیای دەشوبهێنێ، گلەیی لە پەرتەوازەیی خێزانە بچووکەکەیان دەکاو تا ئەو کاتەی باوکو دایکی ئاشت دەبنەوە، هەوڵو کۆششە کۆمیدییەکانی باوکی نایبزوێنێ. سەرئەنجام باوک بە کوڕە خۆشەویستەکەی دەڵێ: (چاکە گریمان ئەز ئەو باوکە نیم کە تۆ دەتەوێ، بەڵام بۆچی بیر لەوەش نەکەینەوە کە ڕەنگە تۆش ئەو کوڕە نەبیت کە من خەونی پێوە دەبینم)؟!

فیلمی (نرخ) گوزارشتێکی کۆمیدیانەیە لە ململانێی نەوەکان.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ١٣٨٥ (١٩٩٧/٢/٦)

# ئەمەیان بۆ؟

*نازانم مەسەلەکە پەیوەندی بەئاستی رۆشنبیری ئەو هونەرمەندانەوە هەیە کە حاڵەتەکەیان لێ روودەدات، یان پەیوەندی بە سەلیقەی گەڕان، یاخود پەیوەندی بە ئارەزووی هاتنەسەر سفرەی حازرییەوە هەیە؟، رەنگە پەیوەندارانی بواری هونەرو داهێنان بتوانن باشتر ئەو مەسەلەیە دیاری بکەنو هۆکارەکەی دەستنیشان بکەن. هێندە هەیە، بەندە لێرەدا بەرەیەک فرێ دەدەمە مزگەوتی گفتوگۆیەکی هێمنانەوەو بەدواداچوونەکەی بۆ داهێنەرانو رەخنەگران بەجێ دەهێڵم، بەڕاست بۆچی هەندێک گۆرانیبێژ لەسەر حیسابی بەرهەمی خەڵکی دیکە دەژینو گۆرانی هونەرمەندانی دیکە دەڵێنەوە بێ ئەوەی ئیزافەیەکی هونەری، یان داهێنانێکی نوێی تێدا بکەن؟ ئەمەش تەنها لە بواری گوتنەوەی گۆرانی نوێ و ئاوێتەکراو بە شیعرو ئاوازی نوێ ناقەومێ، بەڵکو لە بواری گوتنەوەی نەوارو گۆرانی فولکلۆریشدا دووبارە دەبێتەوە.

هەندێک هونەرمەندو گۆرانیبێژی گەورەمان هەن کە داهێنانو نوێگەری دەکەن لە بواری خۆیانداو، وەختێک گۆرانییەکی فۆلکلۆری دەڵێنەوە، وا پێشی دەخەن وا گۆڕانی رێکوپێکی جوانی بەسەردا دێنن کە فۆلکلۆر قەرزداری ئەوان بێت، نەک بەپێچەوانەوە. کەچی هەر ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرییە نوێکراوەی ئەو هونەرمەندە گەورەیە بێ ماندووبوونو زەحمەتی، لەلایەن گۆرانیبێژێکی بێ تاقەتو بێ بەهرەوە دەستی بەسەردا دەگیرێو بەهەمان ئاوازی تازەو ریتمو ئیقاعو گۆڕانکاری تازە کە هونەرمەندە گەورەکە کردویەتی سەرلەنوێ تۆمار دەکرێتەوە، ئەمما بە مۆسیقاو ئامێرێکی نەشازو لە ستۆدیۆ یان تۆمارگەیەکدا کە رەنگە پێویستییەکانی بەرهەمهێنانیشی تێدا نەبێت، باشە ئەو هونەرمەندەی هاتۆتە سەر سفرەی حازر بۆچی پێشتر ئەو گۆرانیو بەرهەمەی لە کتێبە فۆلکلۆرییەکان، لە گوندە دوورە دەستەکانو لە پیاوە پیرو کەنەفتە بەساڵاچووەکانەوە وەرنەگرتووەو بۆچی زەحمەتی نەکێشا تا سەرلەنوێ بیاندۆزێتەوەو رێکیان بخاتەوە، ئەوەی ناپەسەندە

لە مەقتەعی مۆسیقیو ئەوەی ناپەسەندە لە وشەکانی گۆرانیو بەرهەمەکە لایان بباتو دوای مشتومالّکردنی ئەفراندنی تێدا بنوێنێ؟ بۆچی تا هونەرمەندێکی گەورەو ماندوونەناس کۆششی بۆ دۆزینەوەو نوێکردنەوەی بەرهەمێکی فۆلکلۆری نەکرد، کەس نەیدەگوت ئەو بەرهەمە مولّکی گشتییەو هی هەموو میللەتە؟ لەم ماوەیەدا هونەرمەندێکی گەورەو موحتەریفی کوردستانی ئێران کە لە هەندەرانە گۆرانییەکی دێرینی کوردەواری سەرلەنوێ چڕییەوە، ئەو گۆرانییە پەنجا ساڵە لە کۆڕی یارانو مەجلیسی ئاهەنگو شەوچەرەی شاری سلێمانیدا دەگوترێتەوەو چەشنی (ئۆخەی گردەکەی یارە) وێردی سەرزمانانە. هونەرمەندەکەش بە هەق خۆشی گوتۆتەوەو بە هەق دەیان گۆرانی فۆلکلۆری لە فەوتان دەرباز کردووە. کەچی لێرە لە کوردستان گۆرانیبێژێک هەمان گۆرانی بێ ماندووبوون بەدوای دۆزینەوەی، بێ هیلاکی بەدوای جوانکاریو رێکخستنەوەدا، وەک هونەرمەندە هەندەرانییەکە گوتویەتییەوە.

باشە گۆرانییەک کە لە پەنا ماڵی خۆمانەوە درەختێکی بەرهەمداری بۆندارە بۆچی دەبێ بە قاچاخ سنوورەکان ببڕێو بگاتە وڵاتی ئیفرەنجییەکانو سەرلەنوێ بە قاچاخ بگەڕێتەوە، ئینجا هونەرمەندی خۆماڵی دەرکی پێ بکات؟

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: دوو تویی ئەدەب و هونەر (١٩٩٧)

# مەرگێکی تر

*هونەری دەڤەری بادینان بەتایبەتی لەبواری گۆرانییدا جۆگەلەیەکی رەسەنە لەدەریای هونەرو گورانی کوردییدا، هەروەک گوزارشتێکی جوانی هەمەڕەنگیو هەمەچەشنی کولتورو رۆشنبیری کوردییە، سەبارەت بەوەی جێی ئەم هەموو شێوازە لە ئاوازو پەیڤی تێدا بۆتەوەو لەم سالأنەی دواییشدا بەتایبەتی ئالۆگۆرو تێکەڵبوونی دیاری تێدا قەوماوە. لەنێو دەڤەری بادینانیشدا دەتوانین بێژین زاخۆ پایتەختی ئەفراندنو داهێنانی شێوەزاری وانە، لەدیرۆکی رۆشنبیریو هونەری زاخۆدا تێکۆشانێکی بێوچان هەیە لە پێناوی زیندووکردنەوەی فۆلکلۆرو کەلتوری کوردی شێوەزاری کرمانجی ژوروو بەتایبەتی بەحوکمی تێکەڵبوونی ئەو ناوچەیە لەگەڵ کوردستانی باکورو فۆلکلۆرە رەسەنەکەی کەلەوێ تووشی سڕینەوەو ئاودیوکردن هاتووەو لەدەڤەری بادینانو زاخۆ بەتایبەتی، بە بوژاندنەوەو زیندوو راگرتنی قەرەبوو کراوەتەوە.

هەمیشە هونەرو ئەفراندنو رۆشنبیری، خواستی پێشکەوتنی شارستانی لەزاخۆوە درەوشاوەتەوەو تیشکی بۆ شوێنانی دیکەی دەڤەری بادینان هاوێشتووە. لەسەر زەمینی ئەو ناوەندە بەپیتەی پێشکەوتنو ئەفراندن لەبواری هونەرو گۆرانی وتندا ناوی دیارو هەڵکەوتوو لەسەر گۆڕەپانی هونەری کوردی دەرکەوتن. لەوانەش گۆرانیبێژانی پڕ بەهرە کۆچکردووان: ئەیاز زاخۆییو ئەردەوان زاخۆیی. لەدوای راپەڕینیشەوە وەک هەموو دەڤەرو هەرێمەکانی وڵاتەکەمان بەهرەو توانستەکان لەزاخۆدا تەقینەوەو ئەوەبوو هونەرمەندانی لاوی وەک حاجی زاخۆیی و عەبدولقەهار زاخۆیی و خوالێخۆشبوو عەبدولواحد زاخۆیی هاتنە سەر شانۆی خزمەتکردنی هونەرو سترانی شێوە بادینییەوە. هەروەک نابێت ناوی مامۆستا عەبدولعەزیز سلێمان لەبیر بچێت کە هەم شاعیرو هەم نوێخوازە لەبواری زیندووکردنەوەی گۆرانی و دیلانی بادینییدا.

بەڵام جێی داخە هونەرو بەهرەوەرانی زاخۆ وەک شارەکەیان لەگەڵ مەینەتییەکانی ژیان و گوزەران و پەیڕەوی فەرامۆشکردنو پشتگوێخستن روبەڕوبوونەتەوە. بگرە رێبازی رەوتی فەرامۆشکردنی زاخۆو هونەرکارانی، بواری ژیان و دڵنیاییشی گرتۆتەوەو حەیفێ هونەرمەندێکی بەتوانای وەک عەبدولواحید زاخۆیی لەم دوایەدا بووە قوربانی دەستی هەڵمەتەکانی تیرۆرو تۆقاندنو لەختوخۆڕایی کوژارو رووداوەکەی (وقیدت زدە مەجهول) تۆمار کرا. زاخۆیی یەکێک لەبەهرەمەندانی دەڤەرەکەی خۆیو بواری کارەکە خۆی بوو، لەجیاتی پشتگیری کردنو دەستگیرۆیی کردن تا لەدونیای هونەردا بەرهەمی باشو فۆلکلۆر چاکتر بژێنێتەوەو بیخاتە خزمەتی گوێگران، کەچی پاداشتی بە گوللەی ساردو جوانەمەرگ کردن درایەوە. هاوەڵە هونەرمەندەکانی عەبدولواحید زاخۆیی دژی تیرۆرو پێشێلکردنی حورمەتی هونەر لە دەڤەرەکەیاندا بێدەنگ نەبوونو پرۆتستۆیان کرد، بەجۆرێک بۆنەی رەتکردنەوەی تیرۆری سترانبێژەکەیان وەک پرۆتستۆیەک وابوو بۆ لەمەوپێش فەرامۆشکردنی رەوشی هونەری و رووناکبیری شارەکەیان.

مەرگی ناوادەی عەبدولواحید زاخۆیی زەنگی وەبیرهێنانەوەی رەوشی زاخۆی مەڵبەندی هونەرو رووناکبیری دەڤەری بادینان بوو، بەڵام پێدەچێ هێشتا زۆری مابێت کە تێگەیشتنێکی وا شارستانی دروست ببێت لەسەر هونەرو رووناکبیری لەزاخۆ کە سەروەتو سامانێکی باقیترو جێگرترە لەسەروەتو سامانی سەر سنوورەکەی!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: دوو تویی ئەدەب و هونەر

# خوله پیزەو پەنجەرەی بلیت

ئەگەر ئەو تێبینییە راست بێت کە دەبێژێ دووپێوەر هەن بۆ سەرکەوتنی فیلمێکی سینەمایی، یەکەمیان بۆچوونی پسپۆڕو رەخنەگرانی سینەماو دوومیان (پەنجەرەی بلیت)و پێشوازی خەڵک لەفیلمەکە، ئەگەر ئەوە راست بێت ئەوا پێویستە بڵێین فیلمی خولەپیزە لەپێوەری دووەمدا (جەماوەری ئامادەبوو) سەرکەوتنێکی کەم وێنەی فیلمی کوردی و فیلمی پیشاندراو لەسینەماکانی کوردستانی بەدەستهێناوەو ئێستا تۆپەکە لەگۆڕەپانی چاودێرانی رەوشی سینەمای کوردستاندایە تا بەنووسینو بەدواداچوونەکانی خۆیان لایەنە چاکو خراپەکانی (خولەپیزە)مان بۆ دەستنیشان بکەنو لەلیستی مەرجەکانی فیلمی سەرکەوتوودا نمرەی نواندن، وێنەگرتن، رۆشنایی، مۆسیقاو....هتد هەریەکەیان بەپێی ئاستەکانیان دیاری بکەن . بێگومان لێرەدا وتمان (چاودێران) چونکە بوونی رەخنەگرانی هەر بوارێکی هونەری، بە سینەماشەوە، پێبەپێ بەندە بە گەشەسەندنی خودی بوارەکەوە کە ئەو گەشەسەندنەی هونەرەکە وا دەکات ئاستو ئەدائی رەخنەییشمان بەرزبێتەوە . رەنگە ئەم تێبینییە بەس بێت بۆئەوەی داوای ئەوە بکەین رەخنەگرتن لەسینەمای کوردی دەبێ ئەو هەلومەرجە رەچاو بکات کە خودی سینەماکەو هەوڵەکانی بۆ فیلمی کوردی دەدرێن پێیدا گوزەر دەکەن . ئەگەر ئەوەمان کرد هەم ویژدانمان دادوەر بووەو هەم هەوڵەکانی سینەماو هەوڵەکانی رەخنەگرانی سینەماش بەراییەکی باشو تەندروست دەست پێدەکەن .

دەگەڕێمەوە سەر (پەنجەرەی بلیت)و ئەو پێشوازییەی خەڵکی لەخولە پیزەیان کرد، ئەمە یەکەم فیلمی کوردییە کە تائێستا نەک لەنمایشی تایبەتی، بەڵکو لەسینەماکاندا وا بەردەوام بێتو خەڵکی بەتاسەوە بلیتەکانی بکڕن. زیاد لەوەش هۆڵەکانی سینەماکانی کوردستان لەمێژە، بەتایبەت دوای فیلم لێبڕانی دوای راپەڕین، وا قەرەباڵغ نەبوونو لەمێژیشە نەریتی چوونی خێزانو ماڵانمان بۆ سینەما لەبیرچۆتەوە . ئەو زەمانەی پێش بڵاوبوونەوەی پەتای تەلەفزیۆنو دواتر

ڤیدیۆ، خێزانو ماڵان لەتەقسێکی تایبەتی شێوەی جەژندا دەچوونە سینەماو، جێگە تایبەتییەکانی خێزانیان دەگرتو، هەندێک جار لەوێ وەک جەژن شیرینی دەخوراو هاتووچوونەکە گەلەکۆمەکێ بوو. هەنووکە ئەو نەریتە جوانە لەفیلمی خولە پیزەدا زیندوو بۆتەوە. هەمیشە ئێمە لەئاست ئەو دیاردەیە بووەستین کەوا لەخەڵکێکی زۆر دەکا وا بەتاسەوە بۆ دیتنی فیلمێکی خۆماڵیو پاڵەوانێکی میللی بڕۆن کە سەرەڕای هەڵسەنگاندنی نوخبە، لەیادەوەری خەڵکیدا وەک نموونەی حەمەدۆکێکی خێرخوازو داکۆکیکار لەخەڵکی هەژار بەزیندوویی ماوەتەوە. مادامەکی قسەمان لەسەر جەماوەرێتی فیلمە لەئاستی میللییدا بۆچی هانی ئەو دیاردەیە نەدەین کە تەماشاکارانی کورد بەچەشنی چەپڵەلێدان بۆ پاڵەوانانی کاوبۆی و هەرقڵو جۆلاناجیما ئاوا چەپڵەو ستایشی پاڵەوانێکی میللی نەکەن کە دیرۆکێکی خۆماڵی و هەقایەتێکی بەڕاستی رووداوی هەیە؟ فیلمی (خولەپیزە) و سەرکەوتنی لەئاستی میللییدا دەری دەخەن دەشێ بەرهەمهێنان لەکوردستاندا رەنجی بەباداچووی فەرهاد نەبێتو، خەڵک بەزیرەکی خۆرسک و سەلیقەی خۆیان تەجاوبی باشی لەگەڵدا بکەن.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ١٧٢٣ (١٩٩٩/١٠/٢٠)

# مامڵێ چووه (هەواری خاڵی)

دوای ململانێیەکی دوورو درێژ لەگەڵ نەخۆشییەکی کوشندەدا، بولبولی خۆشخوانی موکریانو هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان مامۆستا محەمەدی مامڵێ رۆحی رەوانی بە خاکی کوردستانی ئەودیو سپاردو، سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆی (بەکاتی ئێران) رۆژی شەممە (١٩٩٩/١/٢٣) لە مهاباد کۆچی دوایی کرد.

مامڵێ ناوی محەمەد کوڕی سەعیدی کوڕی مام عەلییە، ساڵی ١٩٢٥ لەگەڕەکی خڕی لە شاری مهاباد چاوی بە دونیا هەڵێناوە. هەر لەو شارەشدا تا شەشی سەرەتایی خوێندوویەتی، ئیتر لەوە بە دوا خو دەداتە گۆرانی وتن. لە سەردەمی کۆماری مهابادا بە وتنەوەی گۆرانیو سروودەکانی کوردەواری بەشداری دەکات. دواتر خۆی بۆ گۆرانی تەرخان دەکاو دەبێتە یەکێک لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی هونەری کوردی. بە دەیانو سەدان گۆرانی فۆلکلۆری موکریانو سەرجەم کوردستان زیندوو دەکاتەوەو شیعری گەورە شاعیرانی وەک نالی، وەفایی، هێمن، هەژار، هەردی، گۆران، کامیل، و دەیانی تر لە چوارچێوەی ئاوازو سەدای رەسەندا دەکاتە وێردی سەرزمانی پیرو نەوجەوانی کورد. ساڵانی پەنجا، شەستەکان، حەفتاکان، و هەشتاکانو تا سەرەتای نەوەدەکان کە ئیدی نەخۆشی بێ تاقەتی دەکا، مامڵێ کوردەواری رەنگینو ناوازەتر دەکات بە بەرهەمە نایابەکانی وەک "هەواری خاڵی، مریەم سابڵاخی، یادی بەخێر، زەمانە گوڵێکی دامێو لێی ستاندم، بارانە، شیرین تەشی دەرێسێ، تەنکەو هتد...".

مامڵێ کە لە تەمەنی (٧٤)ساڵیدا مرد لەپاڵ ئەوەی هونەرمەندێکی پایەبڵندی بواری داهێنان بوو، هەرواش لە نێو کوردەواریدا کەسێتییەکی ناودارو ئەدەب دۆستێکی دیاربوو. لەنێو کۆڕی هونەر و لە ئاستی میللیو، لە ئاستی روناکبیرو شاعیرو ئەدیبانی کورددا رێزو حورمەتێکی بێ ئەندازەی هەبوو. کۆچی دواییشی

کەلێنێکی گەورەبوو کە بە هونەری کوردەواری کەوتو گوڵێکی بۆنداربوو کە "زەمانە لێی ستاندین".

دوای ئەوەی شەو تەرمەکەی لە مزگەوتی خانەقای شەمزینان مابۆوە، وا بڕیارە سەعات (١١)ی یەک شەممە (١/٢٤) بەکاتی ئێران، کۆچکردوو لە گۆڕستانی هودا سوڵتان لە مهاباد بە تەنیشت هەردوو شاعیری موکریان (هێمن و هەژار)ەوە بە دوا ماڵی خۆی بسپێردرێ.

ماڵئاوا ماملێ و یادت بە خێر.

هەواڵنامەی کتێب

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ١٣٨٦ (١٩٩٩/٤/٢٤)

# بەشیرو زاراوەی پێشمەرگە

نووسینو یادکردنەوەی شادڕەوان بەشیر موشیر، بەبیرهێنانەوەی رۆژە دێرینەکانی ژیانی رووناکبیریو سیاسیی کوردە لەسەرەتای سییەکان تا سەرەتای شەستەکان. ئەو وەختە بەغدا ناوەندی سەرەکیی کۆبوونەوەی رووناکبیریو سیاسیی کوردان بوو، پێش ئەوەی شۆڕشی ئەیلول قورسایی هەڵسوڕانی بزوتنەوەی سیاسیی کورد بگوازێتەوە چیاکانی کوردستانو پێش ئەوەی دەسەڵاتی شۆڤێنی دوای کودەتای شوباتی ١٩٦٣ هەموو تروسکاییەک لەرووناکبیریی کوردی، لەبەغدا، ببڕێ.

سەردەمی دێرینی ژیانی رووناکبیری بەشێکی بەیادکردنەوەو سەرگوزەشتەو قسەخۆشەکانی بەشیر رەنگڕێژکراوە، هەروەک دوکانەکەی شوێنی کۆبوونەوەی سیاسەتمەدارو پیاوانی ناودارو رووناکبیرانی کورد بووە.

بەشیر موشیر لەدەوروبەری ساڵی ١٨٩٠ لەسلێمانی هاتۆتە دنیاوە، پێش جەنگی جیهانیی یەکەم چۆتە بەغدا، پاشان هەرلەوێ گیرساوەتەوەو خۆی کردووە بە بەرگدروو تا کۆتایی چلەکان، ئەمجا دوکانەکەی کردووە بەدوکانی فرۆشتنی وردە بابەتو رۆژنامەو گۆڤارو کتێبی کوردی. لەو میراتەی لەدوکانی بەرگدرووەکەیەوە مابۆوە (مقەستێک)و (گەزێکی) ئاسن بوو. مەقەستی بەشیر لەکابینەی رۆژنامەو گۆڤار فرۆشتنیشدا هەر لەکاردابوو، بەڵام نەک لەدروونی جلوبەرگی (ملکی و عسکری)، بەڵکو لەبڕینی ئەو نووسینو وتارانەی مامۆستا قینی لێهەڵدەگرتنو دەبوایە سانسۆریان بکات. لێرەشەوە، عەرەب گوتەنی (فەزەهەبەت مەسەلەن) مقەستی بەشیر ناوبانگی پەیداکرد. لەکاتی تووڕەبوونیشدا بەگەزەکەی هەڕەشەی لەناحەزان ئەکرد.

بەشیر شیعرو وتارێکی زۆری (تەئلیف) کردووەو لەرۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاویکردوونەوە. لەبەرئەوەی دوکانەکەی ژوانگەی بەیەک گەیشتنی رووناکبیرانو کەسایەتییەکانی کوردبوو، بەشێکی ئەو رووناکبیرانە

بەنووسینی خۆیان لەحزوری مامۆستا بەشیردا بوونو ئەویش بۆی (ئیمزا) ئەکرد بەناوی خۆیەوە بڵاوی دەکردنەوە. ئەوە پاداشتی رووناکبیران بوو بۆ مامۆستاو قسەخۆشەکانی.

مامۆستا لەدونیای کتێبیشدا پشکی هەبوو: (سیپارەی هەقپەرستی- بەغدا ١٩٣١، بەختنامەی ناپلیۆن- بەغدا ١٩٣٩، مصباح الدیوان عەبدوڵڵا بەگ- بەغدا ١٩٣٩ گەشتێک بەسلێمانیدا- بەغدا ١٩٥٧،) لەو کتێبانەن کە (تەئلیفی)کردنو بڵاوی کردوونەوە. لەپاشکۆی (مصباح الدیوان)دا شتێکی نووسیووە کە تێیدا بۆ یەکەمین جار زاراوەی ( پێشمەرگ)ی بەکارهێناوە پێش ئەوەی لەبزووتنەوەی سیاسیی کوردا ئەم وشەیە مانای ئەو جەنگاوەرە فیداکارە بەخۆوە بگرێ کە لەپێناوی رزگاری کوردو کوردستاندا گیانی خۆی دەبەخشێ. دواتریش لەشیعرێکدا بەناوی (دەردی دەروون)ەوە کە لە ژمارە (٥١/)ی گۆڤاری هەتاودا بڵاوکراوەتەوە (هەولێر، ل١٩٥٥/١٢/١١،٣١)چاکتر مانای پڕبەپێستی (پێشمەرگە)ی داوە بەدەستەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

### دەردی دەروون

لەشکری خەم بەتاو هێرشم بۆ ئەهێنێ، شادی و خۆشیماڵئاواییان لێکردم، هێزو توانام کەم کەم بەرەو نەمان ئەڕوا، سامانو مایەی پڕ نرخم هەر شینو شیوەنە، دەردی پیری حاڵی شێواومی پەشێوتر کرد، هەرچەند کە بیر ئەکەمەوە لای یەزدانی تاکو پاک نەبێت چ پەنایەکی ترم نییە، ئەژنۆم سستو هێزی لەشم بەرەو رمان ئەڕوا، توانای خۆڕاگرتن لەدەست دەرچوون، بەڵام من هەرگیز نارمێم، گوڵی هیواو ئاواتم ناژاکێ، چونکە لەدوورەوە لەسەر کێوە بەرزەکان روناکیی دواڕۆژێکی پرشنگدار ئەبینم، دڵم پێی ئەگەشێتەوە:

بەدەست نەخۆشی زەلیل بومو دیل
شەمەنیخەم بو لەگەڵ ئیزرائیل
ئەو دەیگوت بەشیر پیری ناتەوان
بەس ماندووی رۆژو کۆکینی شەوان
با نەجاتت دەم لەدەس هەژاری
دەردی نەداری مەرگە تیماری
وتم نامەوێ مەرگی بەهاسان

ئەمەویٚ بمرم وەکو پیاو خاسان
لەژێر نەزانی وەتەن پیخوستە
بۆ رزگاربونی هەولێ پێویستە
دەمەویٚ بمرم لەڕوی مەیدانا
خۆم (پێشمەرگە) بم لەکوردستانا
داخی غەریبی بەس لەدڵم بی
با خاکەکەی خۆم ئاو وگڵم بێ
وەتەن بەخۆشی گەر ببینمەوە
ئیتر هەر ئەژیم قەد نامرمەوە

لەو شیعرەدا مامۆستا مژدەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی راگەیاندووە، بەڵام ئەو کاتەی شۆڕش بەرپابووە سەردەمێک بوو حوکمی تاکڕەوی قاسم وەک چۆن لەڕووی سیاسییەوە شتێکی بۆ کورد نەسەلماند، ئاوەهاش وردە وردە باری رووناکبیریی کوردی بەرەو کزبوون برد. حکومەتی عیراق رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی داخست، ئەو سیاسەتمەدارانەی ئامشۆی دوکانەکەی بەشیریان دەکرد (لەوانەش بەڕێزان هەڤاڵ مام جەلالو کاک شەمسەدین موفتی) دایانە شاخ بۆ ئەوەی (خۆیان پێشمەرگەبن لەکوردستانا).

ئەو دوکانەی یانەی دیداری دۆستانی رووناکبیریی‌و ناودارانی کوردەواریی بوو، بەحوکمی ئەوەی قورسایی بزوتنەوەی سیاسیی گوێزرایەوە چیاکانی کوردستان، ئامشۆکارانی کەم بۆوە.

کودەتای شوباتی ١٩٦٣ش لەکوردو مامۆستا بەشیر قەوما. فاشیستەکان رووناکبیریی کوردییان قۆڵبەست کردو مامۆستا بەشیریشیان وەک دەیان‌و سەدان کوردی نیشتمانپەروەر، دەستگیرکرد، چونکە بەشێکی زۆری هەڵسوڕێنەرانی کوردەواری‌و کوردایەتی سەریان لەدوکانەکەی دەدا.. دەستگیرکردنی بەشیرو کوێرکردنەوەی کوانووی دیوەخانەکەی، دەتگوت نەزیری شوومە بۆ ئەو کارەساتو رووداوانەی دواتر کە تائەمڕۆ لەکوردو کوردەواری قەومان.ئەو سەرگوزشتەو قسەخۆش‌و پێکەنیناوییانەی لەبەشیر ماونەتەوە پێش ئەوەی نوکتەو گاڵتەو گەپی لەچەشنی ئەوانەی مەلای مەشهووربن، بۆخۆیان سەرگوزشتەی رووداوە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە دەگێڕنەوە، هەر بۆیەش لەسەر دوو ئاستی روناکبیری، دیاردەی بەشیریزم پێویستی بەلێکۆڵینەوەو بەدۆکیۆمێنت

کردن هەیە:

یەکەم: لەسەر ئاستی تێگەیشتن لەهەلومەرجی ژیانی ڕووناکبیریو کۆمەڵایەتیو سیاسیی ئەو سەردەمەی کورد بەگشتیو کوردانی دانیشتوو، یان کوردانی خوێندکارو رۆشنبیر لەبەغدا. بەتایبەتی. چونکە لەو سەرگوزەشتانەی بەشیرو ئەوانەی هاوچەرخەکانی لەسەر ئەو، یان لەزاری ئەوەوە دەیگێڕنەوە، زۆر لایەنی تاریکی باری کوردمان بۆ رۆشن دەبێتەوە.

دووەم: لەسەر ئاستی ئەمڕۆو داهاتوودا سەرگوزەشتەکانی بەشیرو تەنانەت ئەو سەر بۆردانەی بۆ ئەویان هەڵبەستووە، جگەلەوەی وێنەیەکی ژیانی ئەو سەردەمەمان بۆ روون دەکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا ئەو سەرگوزەشتانە بۆ خۆیان ئەزموونو پەندی گەورەنو دەکرێ لەژیانی سیاسییو رووناکبیریی ئەمڕۆدا کەڵکی لێوەربگیرێ، بەشێکی زاراوەو پەندو نوکتەکانی هی ئەوەن لەنووسینو قسەکردنو رەوشی سیاسییو رووناکبیریی هاوچەرخیشدا بەکارببرێن، وەک لەمێژووی گەلێک میللەتاندا رووی داوە، کە قسەو دەستەواژەی پیاوێکی ناودار وەکو پەندو قسەی نەستەق بکەونە سەرزار، زۆر کاتیش قسەی پێکەنیناویو سەربوردەی پێکەنیناوی، ئەلتەرناتیڤێک بوون بۆ وتارو نووسینی سیاسییو کۆمەڵایەتی لەو سەردەمانەدا کە خەڵکی نەیانتوانیوە راستەوخۆ خواستو تێڕوانین و بۆچوونەکانیان بخەنەڕوو.

بەشیر موشیر لە (٣٠)ی تەمووزی ١٩٦٣دا، دوای بەردانی لەزیندان بەماوەیەکی کەم، لەئەنجامی تێکچوونی باری تەندروستی کۆچی دوایی دەکاو ئیتر دەورانی بێ (بەشیری) دەست پێدەکا.

سەردەمی بەشیر سەردەمی دڵپاکیو کوردایەتییەکی بێ فرتوفێل بوو، باری روناکبیریو کۆمەڵایەتی کورد لەبەغدا دەرفەتی ئەوەی رەخساندبوو بۆ بەشیر موشیری خزمەتگوزار کە دوکانەکەی بخاتە خزمەت رووناکبیرانو لاوانی کوردەوە. خزمەتێک کە لەم سەردەمەدا (سەد حەیفو سەد مخابن) هیچ کەسێک بێ موقابیل پێشکەشی ناکات.

*ئەم سیپارەیە لەسەر فەرمانی بەشیرستی ناوداری کورد، یەک لەمژدەبەرانی رێبازی بەشیریزم مامۆستا د.کەمال فوئاد، بە قەڵەمی بەندەو ئیمزای بەڕێزیان نووسراوە. نووسەر بەم وتارە ئیجازەی موستەعیدی لەو رێبازەدا لەسەر دەستی کەمال فوئاد وەرگرتووە.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:١٨٢٢ (١٩٩٩/٣/١٥)**

# شاعیری گەورەو... هەڵوێستی گەورە

بزوتنەوەی کوردایەتی لەبنچینەدا بزوتنەوەیەکی دیموکراسییە، بۆ ئازادی کوردەواری و کوردستانەکەی تێدەکۆشێتو هاتۆتە کۆڕی خەباتەوە. هەربۆیەش ڕووناکبیرانی ئازادیخوازو خاوەن هەڵوێست لەململانێی نێوان گەلی کوردو داگیرکەرانی کوردستاندا تێکۆشەری ڕێی ئازادی و پشتیوانی بزووتنەوەی کوردایەتی بوون. پەیامی ڕووناکبیرانی ئازادی کورد هەمیشە پەیامی کوردەوارییەکی ئازادو کوردستانێکی ڕزگاربووە کە ئەمە هەمان بەرنامەو ستراتیژی بزووتنەوەی کوردایەتیشە.

لەوردەکاری تێکۆشانی هاوبەشی کوردایەتی و ڕوناکبیران لەپێناوی ئازادی و وەرگرتنەوەی مافی زەوتکراوی نەتەوەو تاکەکانیدا، هێزەکانی کوردایەتی و ڕوناکبیرانی هەریەکەو بەشێوازی خۆیان، بەئامرازو یەدەکی خۆیان گوزارشت لەڕوانینو هەڵوێستەکانیان دەکەن، بەڵام لەهێڵە گشتییەکەدا هەموو ڕێگاکان دەچنەوە (بانە)ی داکۆکیکردن لەڕاستی و هەقو جوانی، دەچنەوە شاڕێی پاراستنی بەها جوانەکانی ئازادی و ژیان کە پاراستنی نیشتمانو داکۆکیکردن لەبەشە ماڵی ڕزگارکراوی ئەو نیشتمانەو، نەشەمزاندنی ئارامی و هێمنییەکەی، بەشێکی هەرە زیندووی ئەو بەها جوانانەیە.

شاعیری گەورەی گەلەکەمان، مامۆستا شێرکۆ بێکەس، نموونەی ئەو ڕوناکبیرە خاوەن هەڵوێستەیە کە لەهەورازو نشێوەکانی تێکۆشانی نەتەوەی کورددا دەنگێکی دلێری هەڵوێست وەرگرتنو، مینبەرێکی ئازادانەی داکۆکیکردن بووە لەئازادی و دیموکراتی لەکوردەوارییدا.

شێرکۆ بێکەس ڕوانینو دەربڕینە ڕووناکبیرییەکانی خۆی تەنها لەماڵە جوانەکەی شیعردا قەتیس نەکردووە، ئەگەرچی لەوێدا لووتکەو داهێنەرێکی هەرە گەورەشە، بەڵکو ڕووناکبیرێکی نێو واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کوردەواریشە، بۆیە وەک هەمیشە دەگوترێ (لەنێوان نەتەوەو داگیرکەرانیدا، لەنێوان ئەنفالو

ئەنفالچییەکاندا، لەنێوان مامەڕیشەو تەحسین شاوەیسدا، ئەو لایەنگری نەتەوەو قوربانیانی ئەنفالو لایەنگری مامەڕیشە بووە)، ئاوەهاش لەنێوان هەرێمێکی ئازادکراوی کوردستانو تەشقەڵەی سەرکردایەتییەکی خۆبەدەستەوەدەردا، لەنێوان ئاوەدانی گوندە زامدارەکانی قەرەداغو، مۆڵگا گومانلێکراوەکانی ئۆجەلانییەکان لەدەوروبەری قەرەداغدا، شێرکۆ بێکەس هەرێمی ئازادکراوو گوندی ئاوەدان بۆوە هەڵدەبژێرێ.

هەڵوێستی وا ئازاو (جوامێر) ناساندنی ناوێ، چونکە واخۆی گوزارشت لەخۆی دەکات. بەڵام لەچڕترین دەربڕیندا دەکرێت بڵێین هەڵوێستەکانی مامۆستا شێرکۆ نیشانەیەکی درەوشاوەی بیرتیژیی و بیرڕووناکییە هەروەک چۆن شیعرو چامەکانی تێکستی گەوهەرداری دیوانی نوێی شیعری کوردین.

دەکرێت هەڵوێستە سیاسیی و نیشتمانییەکانی شاعیری گەورەمان ئیلهامبەخشی رووناکبیرانو قەڵەمە ئازادیخوازەکانی کورد بێت، تا ئەوانیش رۆڵی خۆیان لەبەرپەرچدانەوەی شەڕخوازانو سەرخستنی خواستی نەتەوەییانەی ئاشتییدا بگێڕن. شێرکۆ جارێکیترقسەی خۆی کردو... وەک هەمیشە جوانیشی گوت.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: وتاری سەرەکی کۆتایی ساڵی (٢٠٠٠)

# وەسێتەکەی شێرکۆ بێکەس

کەمپینی پشتگیریکردن لەوەسێتەکەی شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس، کەمپینێکی ڕەوایەو شایەنی ئەوەیە سەر بخرێت، شایەنی ئەوەیە شارەوانی سلێمانی جێبەجێی بکات، چونکە تاکە داواو ئارەزوویەکی شاعیری گەورەمانە. هیچ پاکانەیەکی یاسایی و ئیداری بۆ جێبەجێکردنی ئەو ویستە بەیەکجاری نەک بەکاتیی نابینم، یاساو ڕێنماییەکان مادام بۆ خزمەتی گشتی و دابینکردنی دادپەروەری و وەک یەکییە، هی ئەوەن بخرێنە سەرسەرو چاوان، بەڵام یاساکانیش دەقی پیرۆز نین بە بەڵگەی ئەوەی ڕێکاری یاساییش هەیە بۆ دەستکاری یاساکان وەختێک دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەرژەوەندییەکی گشتیدا.

ڕێزگرتن لەشاعیرێکی گەورە کە زیاتر لەچل ساڵە خزمەتی ئەدەب و زمان و ئەندێشەی کورد دەکات بەرژەوەندییەکی گشتییە، چونکە بۆ خۆمان و بۆ دونیاشی دەسەلمێنیّ کە ئێمە ڕێز لەداهێنان و داهێنەرانمان دەگرین، ئەوە حورمەت و ڕێزگرتنە لەخۆمان و ئیلهام بەخشینە بەنەوەکانی داهاتوو کە ئەگەر تیایاندا هەڵکەوێت و (شێرکۆ بێکەس)ی بواری خۆیان بن، شارو نیشتمان و نەتەوەکەیان قەدری ئەم هەڵکەوتن و لێوەشاوەییەیان دەگرێت. مامۆستا شێرکۆ چووە بەر دلۆڤانی خودا، ئێمە بۆ خۆمان نەک بۆ ئەوی کۆچکردووی دەسەلمێنن کە ئافەرین لەکاری چاک و قەدری خزمەتی گشتی دەگرین بەتایبەتی ئەگەر خزمەتێک پەیوەستی بەها ڕۆحی و ڕۆشنبیریی و شارستانییەکانمان بێت.

مەزاری شێرکۆ بێکەس بۆ بەیەکجاری لەپارکی ئازادی نەبێت؟، کام یاسا و کام ڕێنمایی پێویستن، دەکرێ دەستکاری بکرێت و ئەم ویستە ڕەوایە جێبەجێ بکەن.

مامۆستا شێرکۆ ئەوەی بەسەر سلێمانی و کوردستانەوە هەیە کە ڕێبوارانی پارکی ئازادی و میوانانی کوردستان مەزارەکەی لەشوێنێکی شایاندا ببینن.

بەقەدەر تەلارو بیناکانی ئەم شارەو زیاتریش شێرکۆ بێکەس وێنەی شیعری

و دەستەواژەی نویّ و دەقی ناوازەی خستە ناو لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردییەوە، شیعری بۆتە سروود، چۆتە ناو کتێبەکانی خوێندن و نامەکانی ماستەرو دکتۆرا و عەرەب و عەجەم ڕێزی لێدەگرن. با حکومەتی هەرێم و پارێزگاو شارەوانی سلێمانی ڕۆح وەبەر یاساکاندا بکەن بۆ خزمەتی ناونیشانی پایتەختی ڕۆشنبیریی و جێبەجێکردنی ویستی شاعیرێک کە وەک هیچ شاعیرێکی تر نییە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ: ژ:٦١٤٩ (٢٠١٣/٨/٦)

# خەلیل منەوەر

هـەندێک شت هـەیە پەیوەندی بـە بەرێز مالکی و جێبەجێکردنی مـاددەی ١٤٠ەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە خودی کوردەوە هەیە، بۆ نموونە: یادکردنەوەی شاعیری چەوساوەکان: خەلیل منەوەر. ئێمە پێویستمان بە لیژنەکەی رائید فەهمی و فایلەکەی کاکەڕەش سدیق و ئامارە قەرەباڵغەکەی ئەبو ئیبراهیم نییە بۆ ئەوەی هەندێک لەسیمای کوردستانێتی کەرکوک بگێڕینەوە. بەشێکی کەوتۆتە سەر شانی خۆمان. ئەگەر بمانەوێت، هیچ نەبێت لە باری فەرهەنگییەوە، کەرکوک بگێڕینەوە بۆ باوەشی کوردستان، ئەوا دەتوانین بیکەین. دەتوانین یادی شاعیر، هونەرمەند و روناکبیرەکانمان بکەینە فێستیڤاڵی بوژاندنەوەی فەرهەنگی لەمێژینەی ناوچەکانی پشتێنەی تەعریب.

کێ دەستی گرتووین یادی خەلیل منەوەر، کە ئەمڕۆ لە کەرکوک دەکرێت، بکەینە نەریتێکی مانگانە؟حوزەیران بۆ منەوەر و تەمووز بۆ جەبار جەباری، ئاب بۆ عەلی مەردان و مانگەکانی تر بۆ شەوکەت رەشیدو محەمەد موکری و عەبدوڵڵا سەراج؟ کێ دەستی گرتووین ئەگەر یادی شیعرەکەی ئەلزاس و لۆرینی ئەسیری بکەینەوە؟، ئەگەر روناکبیرانی کوردستان لە زۆنی ئارامی کەرکوکدا کۆبکەینەوە؟، هەڵەی کورد ئەمەیە: جموجوڵە روناکبیرییەکان دەکەونە دوای جموجۆڵە سیاسییەکان. چاوەڕێین تا کێشەی کەرکوک یەکلایی دەبێتەوە ئینجا قۆڵی فەرهەنگی لێ هەڵدەماڵین. کە ١٤٠ کەرکوکی هێنایەوە باوەشی کوردستان، شیعری شێخ رەزا و ئەسیری و ئاوازەکانی قادر مەردان و مەقامەکانی عەلی مەردان دەبنە تەحسیل حاسڵ. نامەوێ وەک جاران وەزیفەیەکی سیاسی بە ئەدەب و داهێنان بدەینەوە، کە ئەمە لە زۆر تەجرەبەدا شکستی خوارد، بەڵکو، دەڵێم با وەزیفەیەکی فەرهەنگی لەسەر شانی سیاسەت باربکەین. یانی سیاسەتی کوردی پشتگیریی بوژاندنەوەی فەرهەنگی بکات لە کەرکوکدا.

کەرەستە هەیە، کەلتورە دەوڵەمەندەکە هەیە، هەر ئەوەی دەوێت تۆزی لەسەر

نشتویی رابماڵرێت، لیژنەیەکی هەڵسوڕان بە راست و چەپدا کاری لەسەر بکات. بوژاندنەوەی کەلتوور راستە کارێکی کلتوورییە، بەڵام راستیەکەی بەشێکە لەوەی پێی دەوترێت سیاسەتی کەلتووری ، سیاسەتی کەلتوریش دەوڵەت جێبەجێیدەکات نەک رووناکبیرەکان. ئەمە تواناو دەرامەتی دەوڵەتی گەرەکە. ساڵی ١٩٧٣ بەعس کەرکوکی نەدایەوە کورد، بەڵام سەرکردایەتی کوردستان بەئاراستەی ئەوە کاری کرد یەکەمین میهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکوک بکرێت. ئەوسا بەعس کەرەستەو توانای دەوڵەتی دەخستە خزمەت تەعریبەوە، کوردیش بە شیعر لە گۆڕەپانەکەدا بەرخودانی دەکرد.

ئەمە نموونەیەکی زیندووی "سیاسەتی کەلتوری" دەوڵەتییە.

روناکبیرێکی کوردستانی رۆژهەڵات بۆی گێڕامەوە کە مامۆستا هێمنی موکریانی لە ئەزموونی گۆڤاری سروەدا گەنجەکانی هاندەدا پێش هەموو شتێک لە گوندەکانەوە وشە و زاراوگەلی کوردی کۆبکەنەوە و کاری لێکۆلینەوەی لەسەر بکەن. بەمەش نەوەیەکی کوردی زان و قامووس ویست دروست بوو. ئەمەش نموونەیەکی کۆششەی شەخسی.

ئەگەر هەردوو تەجرەبەی دەوڵەتیی و شەخسیی لە کەرکوک دووپاتبکرێنەوە، سەرەنجام ئێمە لە باری فەرهەنگییەوە کەرکوکێکی ئامادەمان دەبێت .ئامادە بۆ تێکەڵبوونەوە بە فەرهەنگی دەوڵەمەندی کوردستان و لایەنە گەشەکانی کەلتووری کوردی. ئەمڕۆ لە کەشێکی ئارامدا یادی خەلیل منەوەر دەکرێتەوە .کەرکوک زیاتر لە هەر پارێزگایەکی دیکەی عیراق ئارامترە و بە پێچەوانەی قسەی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتییەوە، بەرمیلێکی دینامیت نییە ها کە تەقییەوە. بەڵکو کانیاوێکی پەنگخواردووی فەرهەنگە، پێویستیی بەوەیە جۆگەلەیەکی بۆ بکەینەوە و بچێتە کەناڵی گونجاوی خۆیەوە، بچێتە رووبارە گەورەکەی کوردستانەوە. با نەیارانی کەرکوک (شانەی قەیران) بۆ کەرکوک درووستبکەن، لەجێی وی، ئێمە شانەی هەنگی کار و چالاکی فەرهەنگی دروست دەکەین.

با سیاسەت کاری یەکلاکەرەوەی خۆی لە دیاریکردنی چارەنووسی کەرکوک بکات، با رووناکبیرانی کوردیش کاری شێنەیی خۆیان بکەن. ئەوەیان یەکجارەو ئەمەشیان هەتاهەتایە.

***رۆژنامەی ئاسۆ: ژ:٧٥٦ (٢٠٠٨/٦/٢٩)**

# بەهاریان دێتەوە؟

لەم چەند رۆژەدا دیارییەکی بەنرخی مامۆستا مارف خەزنەدارم بەدەست گــەیشت. بەشی پێنجەمی (رۆژگــاری من) وێستگە جیاجـیاکانی رۆژگاری م.خەزنەدارە ئەو دەمەی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا خوێندکاری ئەدەبیاتی کوردی بوو. وێنەیەکی ئەو رۆژگارەی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستە کە چەتریان بۆ بارانی مۆسکۆ هەڵدەدا. لە ئۆزبەکستان تا ئۆکرانیا، تا یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیاو ناوەندی رۆشنبیری کوردی سۆڤیەت. دیتنو سەرنجەکانی رووناکبیرێکی کورد سەرنجراکێشە بەتایبەت بۆ چەپە ئاخر زەمانەکانی وەک ئێمە کە نە سۆڤێتی هاوڕێ لینینو نە روسیای قەیسەر پوتینمان بینیوە تا بەراورد بکەین. لەم دونیای فرە شەپۆلی کتێبو میدیاکاندا، گێڕانەوە لە زمانی کوردێکەوە وەک وەرگرتنی ئەمانەتێکە لە دەستی یەکەوە. راستگۆترە لە هەرگێڕانەوەیەکی دیکەی متمانە پێنەکراو.

ئەم روسیای عەزیمولشەئنە چی کردو چی دەکات؟ دەورانێک سایەی قەیسەر کە دوعای پیسی راسپۆتینو نەعرەتەی بەلشەفیکەکان سەرنگونیان کرد. زەمانێک حوکمی کۆمۆنیزم کە دکتۆر زیڤاکۆ لێی چوو بە قینا.

د.مارف کتێبێکی پڕ زانیاریشی لەسەر ئەم رۆمانەی باسترناک هەیە ئینجا گۆرباچۆف کلیلی قەڵاکەی تەسلیمی یەڵتسن کرد. پێش ئەوەی پوتین ئەوەی ماوە لە عەرشو هەیبەتو کبریای ئیمپراتۆریای سوور خڕ بکاتەوەو تلبوونەوەی کلۆ بەفری شکست لە شوێنێکدا رابگرێت.

ئێمە ئەم شتانە لەسەر روسیا دەزانینو وەک سەردەقشکێنانی کاروانی خوێندکاری کورد بە چاو هیچمان نەبینیوە. بیستوومانەو خوێندومانەتەوە لە قەومانی تریشدا روسیا رابۆتەوە. رۆمانی (شەڕو ئاشتی)ی تولستۆی بە رەوانی پێمان دەڵێ ژەنەراڵی بەفر پێشی بە ملهوڕی ناپلیۆن بۆناپەرت گرتو، ئەم ئیمپراتۆرە کەم حەوسەڵەیە دەرەقەتی سەبری ئەیوبی میللەتی روسیاو دانایی

قەیسەرەکەی، ئەسکەندەری یەکەم، نەهات.

هـــەروەها ئەدەبی جەنگی دوای شەڕی جیهانی کە تائێستاش نەوەی میدڤیدیڤ-یش پێی دەڵێن شەڕی مەزنی نیشتمانیی، لە بچووکترین چیرۆکێکیەوە تا نۆڤلێتەکانی، بەشانازییەوە حەشری بەفری روسیاو موقاوەمەتی میللەتی سۆڤیەت دەگێڕێتەوە؟، کارێک کە بەفرو رووس بە هیتلەرو سوپای نازییان کرد سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی نەکردبێ. ڕاستە ئۆردوی ئایدۆلۆژی سوور لەبەردەم دادگای مێژوودا قەرزی زۆری لەسەرشانە، بەڵام میللەتی بە شان و شەکەوت لە دوو سەدەدا دوو سەروەری وەک تەمبێکردنی ناپلیۆنو هیتلەری بەسە تا نازناوی بە شان و شەکەوت وەربگرێت..

جا ئەم روسیایەی ئەمڕۆ زەخمو برینی هەیە. لە جێی جەنەراڵ بەفر کە قەپۆزی هەڕەشەی دەرەکی دەشکاند، جەنەراڵێکی لەناکاو بۆتە خۆرەی گیانیو لە ناوەوەی وڵات هەڕەشە لە سەبرو شوکرانی بژێوی دەکات؟ جەنەراڵ گەرما، بە چل پلەی سەدییەوە، چل ئەستێرەی تووڕەیی سەرشانییەوە، پایتەختی لە بێژەنگدا. ئەم روسیایە کە لەگەڵ گەرمای خوار پلەی سەدی ریتمی ژیانی خۆی رێکخستبوو، لە ماوەی رابردوودا وەرزێکی گەرمای سەختگیری تووش هات، ناوەندی دێدەوانی ئەو وڵاتە ئێژن ئاماری هەزار ساڵی رابردوومان لایە مۆسکۆ قەت ئاوا گەرمای نەبوو، کە پلەی سەدی چل بێت.

وڵاتێک ٧٠ ساڵ چاوگی کۆمۆنیزم و ئەو خیتابە فیکرییە بوو کە دەیووت ئاین ئەفیونی گەلانە، ئێستا وا گەرمەسێرە کە خەڵکەکەی لەدوای قەشەکانەوە نوێژە بەبارانە دەکەن، بەڵکو خودا رەحمێکیان پێ بکات. روسیامان نەبینیوە، لە رۆژگاری دکتۆر خەزنەدارو دکتۆر زیڤاکۆشتی لەسەر فێربوونین، ئەم رۆژانەشی گوزەر دەکەن. گەرما وەک سەرما کاتین لە حوکمی مێژوودا، ئەمما ئەوەی داخو کەسەرە لای وان، کەی بەهاریان دێتەوە؟

***گۆڤاری هەفتانە: پایزی (٢٠١١)**

# شایانێتی

فێستیڤاڵی گەلاوێژ چاکی کرد کە ڕێزی شایانی لە پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا ڕەسول نا، چونکە ئەم ڕێزلێنانە ڕێزگرتنە لە مێژوویەکی دوورو درێژی بێ پسانەوە لە فەرهەنگ و خەرمانی ڕۆشنبیری کوردی، ڕێزگرتنە لە ستوونێکی پایەداری زمان و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و ئامادەگی بەرچاو لە گۆڕەپانی تێکۆشانی سیاسی پێشکەوتنخواز لە کوردستانی خۆمان و هەرچوار بەشەکەی کوردستان و عیراقدا.

دکتۆر عزەدین لە تیمی یەکەمی ئەو ڕۆشنبیرانەی نەتەوەکەمانە کە لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە ژیری و توانای ڕووناکبیری خۆیان تێکەڵ بە کاروانی توێژینەوەی زانستی تازە سەرهەڵداو لە کوردستان کردو دەیان لێکۆڵینەوەی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی هی چیرۆک، هی شیعر و ژانرەکانی دیکەی ئەدەب و فەرهەنگ خستە کتێبخانەی کوردستانییەوە. لێکۆڵینەوەی هەمە چەشن بوون لەسەر شاعیرانی کلاسیک وەک توێژینەوە بەناوبانگەکەی لە ژێر ناوی ئەحمەدی خانی، وەک شاعیر، بیرمەندو فەیلەسووف، کە بە چەندین زمان بڵاوبۆتەوە و یەکێکە لە کەڵە نووسراوەکانی ئەم لێکۆڵەرە، هەروەک باسەکانی لەسەر شێخ ڕەزا، فەقێ تەیران، عەلی بەردەشانی و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر زمانی یەکگرتووی کوردی و وەرگێڕانەکانی لەسەر بابەتی زمان و ئەدەب و نووسراوەکانی لەبارەی فۆلکلۆری کوردی و لەسەرووی ئەمانەشەوە کتێبە ئەکادیمییەکەی لەسەر ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، ئەمانە هەمووی شایەدی خزمەتەکانی پرۆفیسۆرن و بەوەشەوە نەوەستاوە، چەندین کتێبی مێژوویی وەرگێڕدراوە و تەجرەبەی ڕووناکبیری و تێکۆشانی خۆی لە چەند جڵدێکی بیرەوەرییەکانیدا بۆ نەوەی داهاتوو تۆمار کردووە.

خەباتی د.عزەدین لە بواری کوردایەتی و پێشکەوتنخوازیدا مەیدانێکی تری خزمەتە کە تێکەڵاو بە خزمەتی کەلتووری دەبێت و هەموو جۆگەلەکانی خزمەتی

ئەم ڕێزلێگیراوە دەچێتە ڕووباری وەفاداری بەرامبەر بە کورد و کوردستان و بیروباوەڕی کوردایەتییەوە.

ڕێزگرتن لە پرۆفیسۆر عزەدین جێی ستایش و دەستخۆشییە، نەک لەبەر ئەوەی رەوتی رووناکبیریمان ئەم خزمەتگوزارە گەورەیەی کوردستانی بەسەرکردۆتەوە چونکە بەسەرکردنەوەی د.عزەدین ماناو مەغزای گەورەی هەیە لە میانی ئومێد و دڵنیایی بۆ تێکۆشەرانی بواری فەرهەنگ لە کوردستان کە رەنجیان بەزایع ناچێ و جگە لەدەوڵەمەنکردنی شارستانی کوردستانی هەروا سەرمایەیەکی رۆحی گەورەش بۆ خۆیان و میللەتەکەمان تۆمار دەکەن.

پرۆفیسۆر لەناو ماڵ و خانەوادە و لەناو شارە حەیاتەکە و لەناو کوردستان، وڵاتە شیرینەکەی خۆیدا، پێویستی بەهیچ نییە و لە هیچی کەم نییە، بەڵام رێزلێگرتنی، سڵاوێکی گەرم و گوڕو دانەواندنێکی شارستانییە لەئاستی کەڵە قەڵەمێکدا کە بڕشت و سەربەرز و سەرفرازە.

جێی خۆیەتی لێرە بەدکتۆر بڵێین ئەی مامۆستا، پیرۆزە خەڵات بۆ رێزلێنانتان کە رێک شایانی تۆیە.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥٠٢٨ (٢٠٠٩/١١/١٧)**

# بەخونچەیەك بەهار لە گەرمیان بوو

زەمەن چۆن نەگۆڕاوە؟ کوردستان چۆن نەچۆتە پێشەوە؟ ئەی ئەوە نییە مەڵبەندێک کە مەحکوم بوو بە فەنابوونو لەناوچوون، گەڕایەوە سەر نەخشەی ئاوێتەبوونی بە دونیاو بە کلتوورەکانی، مەڵبەندێک کە زێدی ئەنفالو حوزن بوو، نها بۆ سێ رۆژیش بێت، کەرنەڤاڵی فەرهەنگو کولتووری میللەتانی لەخۆ گرت.

کەلار، یانی پایتەختی گەرمیان، یانی پایتەختی بەرەنگاری تەعریبو راگوێزان، بەڵام کەلارو مەملەکەتی گەرمیان، پێش ئەوەی تەعریبو بەعسیزم بیانشێوێننو بەرگی رەش بکەنە چارەنووسێکی پتر لە بیست ساڵە، خانەی سۆزو قەتارو فەرهەنگێکی گەرمەسێری بوون. بەعس هات سۆزی کوشتو قەتاری ئەنفال کردو کانی فەرهەنگی دەوڵەمەندی وشک کرد. لەوساوە کەلار بووە دۆزەخی چاوەڕوانییەکی بێ بەڵێنی "ئەستەحی" یانی چاوەڕوانی لەڕێی بەڵێنێکی مسۆگەر نەکراو، کە سبەی دایکو باوکو برای بزر دێنەوە.

کەلار ماوەیەکیش نیشتمانیی ئەلتەرناتیف بوو بۆ هەموو گەرمەسێرییەک، کە ئاواتی بینینی خانەقینو جەلەولای بندەستی بەعس بووە، گەرمیان سەبووری دڵ بوو بۆ خانەقینی و بۆ فەیلیو بۆ کەرکوکییەکانیش، کە دەورانێک دەرفەتیان نەبوو بچنەوە زێدی دێرین.

کەلار ماوەیەکیش نیشتەنی عەشوائیاتو گەشەی بێ بەرنامە بوو، مودەتێکیش بووە شوێنی پرۆڤە بۆ ئۆپۆزیسیۆن وەک بڵێی ئەو قوربانییەی گەرمیان بۆ کوردایەتی دابووی بەس نەبوو، قوربانی جەژنی دیموکراسیشیان پێدەویست.

کەلار لە دێیەکەوە نمای کرد، کە ئێستا شانوشەوکەتی پارێزگای هەیە، بەس دەستی شکاوم کە ئەو پارێزگایەش بەدیار کەرکوکو خانەقینەوە سەری ئەنفالی سپی کردو ئەم (١٤٠)ە هەر نەهات.

تا ئەو رۆژی یەکلاکەرەوە بێت با کەلار نەختێک لە سایەی فێستیڤاڵی شادیو شاییدا بحەسێتەوە، با کەمێک ئەم مەوتەنی گریانو فرمێسکە ئاشنایی لەگەڵ

تریفەی بزەو تریفەی پێکەنین پەیدا بکات.
با ئەم تیپە پۆڵەندییە بزانن، عەزابی سایەی هیتلەرو عەزابی سایەی کۆمۆنیزم پێکەوە ئاوێتەی ئوردوگاکانی دەستبەسەریش بکرێن، هێشتاش تامیان لە گوشراوەی عەزابی سایەی سەددام ئەهوەنترە. با ئەم تیپە چیکییە حاڵی بن، کە ئەم کەلارە پێی بکرێت نەک وەک ئەوان کە لە جیابونەوەیەکی ئاوریشمیدا ماڵیان لە سلۆڤاکیا جیا کردەوە، بگرە وەک سەرهەڵگرتن سەری خۆی لە عیراق هەڵدەگرێتو ساردی سیبریای پێ باشترە لە قرچەی گەرمای نوگرەسەلمان.
با لە جێی سوپاو دەبابە، عیراق چۆپی جنوب، چاڵغی بەغدادیی رەوانە بکات.
با بێن ئەم تیپی سەمای بەرازیلیو ئەم سینگو دڵئاوەدانانەی ئەمریکای لاتین، کە جوانیو گوڵەندامی و دولبەرییان مامڵێ وتەنی "مەشهوری گشت عالەمن".
بە سەرەش بێت سەرەی ئەم گەرمیانە هاتووە، بەقەدەر هیلاکیو شەکەتی بێ کەس، وەک گەرمیان رەنجی فەرهادی نەکێشاوە. با کەمێک سامبای بەرازیلیو فلامنگۆو تانگۆی ئیسپانی خاس هەڵپەرن لەو گەرمیانە. دەزانم کە بە خونچەیەک بەهار نایە، بە یەک خول لە نمایشی کولتووری گەلان، کەلار نابێتە باڤاریا، بەڵام هەر خۆشە کە پاداشتێکی کەمیش دڵنەوایی بداتەوە.
دڵم بەوە خۆشە گەرمیان بەسەر زامەکانیدا زاڵ بێتو رووی ئەوەی هەیە میوان بانگ بکاو هەرچی بوو لەسەر سفرەو هەرچی بوو لە سەماو گۆرانی لەگەڵیاندا برابەشی بکەن. بە خونچەیەک بەهار نایەت، بەڵام دۆستێکی گەرمیانی زەمانی کۆلێژ، کە وەختێک چاوبازی دەکرد، ئاوەها وەسفی حاڵی خۆی دەکرد:
ئێمەش گوناهین، با کەمێک گوناح بکەین، تا لای خوا ڕووی محاسەبەمان هەبێ.
با گەرمیانیش هەندێک گوناحی ژیاندۆستی بکات، بەس نییە ئەو لەسەر حیساب نرخی موحاسەبەی داوە.

***گۆڤاری هەڤتانە: ژ:١٢٠ (٢٠١٠)**

# ٣٣ کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ

چیرۆکی هەریەک لە سیو سێ کرێکارەکەی وڵاتی چیلی ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێتە ڕۆمانێکی گەورە کە خەڵاتی نۆبڵ دەباتەوە، یان دەبێتە چەند فیلمێکی سینەمایی کە خەڵاتی ئۆسکار، یان کان بۆ سیناریست یان دەرهێنەرەکەی مسۆگەر دەکات. یان لەوانەیە لە دەرفەتێکی نزیکدا ببێتە ریپۆرتاژی ڕۆژنامەوانیی ساڵ لە ئەمریکای لاتین یان خودی ئەمریکا زەبەلاحەکەی کە قازانجی کانە دۆزراوەکانی چیلیو هەموو ئەمریکای باشوور لە دواجاردا دەچێتە گیرفانی ئەوەوە. چونکە دەست ڕۆیشتووی ئابووریی ناوچەکەیەو ئەمریکای لاتین وەک باخچەی پشتەوەی کۆشکی سپی مامەڵە دەکرێت.

جا ئەمە یان خەیاڵ پڵاوییە، یان شرۆڤەیەکی دیکەی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتینە کە ئەمریکا بە سەرزلەکەی سیستمی سەرمایەداری دەزانن و بە بەشێک لە دونیا تایبەتییەکەی مارکیزو گیڤاراو پاپلۆ نیرۆداو سلفادۆر ئەلێندی نازانن، هەرکامێکیان بێت، هیچ لەو واقیعە ڕۆژنامەوانییە تاڵە ناگۆڕێت کە ئەم ڕووداوەی چەند ڕۆژێکە دونیای بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، هەر نەبووە میوانێکی سەنگینی ڕۆژنامەوانی کوردی، بە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێشەوە، کە ئیدیعا دەکەین ڕوماڵێکی باشی ڕووداوەکانی دونیای تێدایە. مەعلومە ئەگەر بابایەکی قەومی خۆمان لە خورماتوو بڵێ: ئەرێ برای ڕۆژنامەنووس، بۆ ئاگات لە حاڵی کۆچڕەوی خەڵک نییە لە خورماتوو؟ دەڵێین سەرقاڵی ڕووداوەکانی جیهانیین، دەسا کە ئاگات لە چیلیو خورماتوو نییە، ئەی زوومی فلاشت ڕووی لە کوێیە کە بە شێنەیی هاواریش دەکەین، ئەی دونیا بۆ لە لێقەوماوەکانی کورد بێدەنگ بوو و ئاگای لە حاڵی شڕی ئێمە نەبوو؟..

لێقەوماوانی ٣٣ کرێکارەکە، ٩ یان فەنزوێلی و ئەوانی تر چیللی تا قسەی ڕابەری میللی کیشوەری لاتین سیمۆن پۆلیڤار بسەلمێنرێت کە دەیوت: ئێمە لە بنچینەدا یەک وڵاتو یەک چارەنووسین، لێقەومانێکە بە بەرچاوی هەموو کامێراکانی

دونیاوه، له چیللی باسەکه له رووداوی لێقەومانێکی خێزانیی چەند کرێکارێک، یان تەنها دەرکەوتێکی چینایەتی ترازاوەو بۆته رووداوێکی نیشتمانیش. هیمەتی دەزگاکانی فریاکەوتن بۆ دەربازکردنیانو چاودێری له ئاستی بەرزی دەوڵەتدا نیشانی دەدا پتر بایەخی حکومەتەکان به هاووڵاتییەکانیان تەنها لەسەر حکومەته سپۆرتەکانی ئەمریکای زەبەلاح و رۆژئاوا قەتیس نابێتو له ئەمریکای سەر به گۆبەندیش، ئەمریکای لاتینی، مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیه، میدیاکانی دونیاو بەتایبەتیش هی چیللیو تەواوی لاتین، باسو خواسیان هەر ئەم سیو سێ سامانه مرۆییەیه که بۆ دەرهێنانی شمەکی کانزای کەمەندکێشی سەرمایه کەوتنه چاڵی نزیک له فەوتانەوه، کێ نەخۆشه، کێ ورەی بەرزەو کەسوکاری ئەو لێقەوماوانه کێن که خێوەتیان له شوێنی رووداوەکه هەڵداوه، یان کێ له تیمەکانی فریاکەوتن دەبێته سۆپەرمانی دەربازکردن؟، ئەمانه وردەکاری رووماڵکردنن که خەریکه باز بەسەر رووماڵکردنی بردنەوەی نۆبڵی ئەدەبدا بدات که ئەمجارەش بەر ئەدیبێکی لاتینی کەوت. لەمەشدا باوەڕ ناکەم نەرجسیەتی ئەدیب ئەم بازدانه کاتییەی پێ قبوڵ نەکرێت، چونکه ماریۆ بارگاس یوسا رۆماننووسی پیرۆیی براوەی خەڵاتی نۆبڵ، خۆشی کوڕی ئەم ژینگه کۆمەڵایەتیو سیاسییەی ئەمریکای لاتینه که بەرهەمهێنەری کانزاو شۆرشی گیڤاراییو دیکتاتۆرەکانو ئەدەبێکی بەرزی مرۆییه.

وەک له تاریفی ئەم ئەستێره تازەیەدا هاتووه خۆشی رۆمانێکی تەرخانه بۆ کرێکارانی کانەکانو چارەنووسو ئازارەکانیان. رۆمانی (لیتوما له چیاکانی ئەندیز) باس له ئەفسەرێکی لێکۆڵینەوەو پشکنین دەکات که خۆیو یاریدەدەرانی دەچنه چیاکانی ئەندیز تا لێکۆڵینەوه له زنجیره یەک رووداوی رفاندنی کرێکاری کانزاکان بکەن، له وڵاتی پیرۆ.

رفاندن له رووداوی ناو رۆمانەکانو نوقم بوون له چاڵه قووڵەکانی واقیع، یەک چارەنووسی ناخۆشن، چارەنوسی مرۆڤەکان که بەدوای رزقو کەسابەتدا تووشی گێچەڵ، یان کەوتنه ناو بیر، یان رەوکردن دەبن وەک ئەوەی له چیللی و له خورماتوو دەقەومێ. بریاره سبەی چوارشەممه، لێقەوماوان له چاڵەکەدا دەربهێنرێن، دووسبەی ئەم چیرۆکه ناخۆشانه دەبنه رۆمانو ریپۆرتاژی خەڵات وەرگر.

جا رۆژنامەنووسی کوردیش کەیفی خۆیەتی.

**[*]رۆژنامەی کوردستانی نوێ: گۆشەی راست و رەوان**

# ئاواتی بەدینەهاتوو

وەک هەموو نەوجەوان و گەنجی هەشتاکان، منیش حەزم لە دەنگی حەمە جەزابوو، ئێستاش کە لەچاو گەنجە بزێوەکانی ئەمڕۆ لەڕووم نایە بڵێم گەنجم، هەروا حەزم لە دەنگێتی.

بۆ شارێکی تەعریبکراو گوێگرتن لە گۆرانی شیلانەو کیژی کوردستان و بەدزییەوە گوێگرتن لە (خوشکە لەیلا و کوردستانە کوردستانە) سەبووریيەکی گەورەبوو، ئەم حەزە بووە ئاواتی ئەوەی رۆژێک بتوانم لەگەڵ کاکە حەمەدا بدوێم، نامەی بۆ بنووسم، یان وێنەیەکی بۆ یادگاری لەگەڵدا بگرم.

نازانم ئەو کاتەتان لەبیرە، هەندێک هونەرمەند کلێشەی نامەیەکیان ئامادەکردبوو کە لە سەرەوە وێنەی خۆیان و لە ناوەڕۆکیشدا سوپاس و سڵاوکردن بوو بۆ دۆستان و خۆشەویستانی دەنگ و هونەر، دیاربوو دۆستێکم نامەی بۆ هونەرمەند حەمە جەزا نووسیبوو، نامە وەڵامی هاتەوە: چەند وشەیەکی جوان و سوپاسگوزاری لەگەڵ ئیمزاو وێنەیەکی کاک محەمەد. وازم نەهێناو هەدادانم نەبوو تا ئەو دۆستە بە ناچاریی نامەی دۆستایەتی بەدیاری دایە من، هەر بۆ سەبووری ناوی رەفیقەکەم لابردو ناوی خۆم لەجێی دانا. ئیتر بوومە خاوەنی نامەی هاتوو لە کاکە حەمەوە. چەند خۆشبوو بەو تەمەنەوە نامەی هونەرمەندێکی گەورەت پێبگات!

دڵم ئاوی نەخواردەوە، ئاواتێکم مابوو کە وێنەکە بگرم، رێک لە سەرەتای هەشتاکان بوو کە بیستم محەمەد جەزا دێتە شایی و گۆڤەندی دۆستێکی لە کەرکوک، دەوروبەری ماڵە کەرکوکی جمەی دەهات لەو هۆگرانەی شەیدای دیداری هونەرمەندی دڵخوازی خۆیان بوون، مەسافەی نێوان ماڵی میوان و کۆڵانەکەی ئێمە تەنها دوو کۆڵان بوو، لێ بیانووی ئەوەی تەمەنم بچووکە و برای نازداری سێ خوشکی لەخۆم گەورەترم نەیانهێشت بچمە ناو قەرەباڵغی شاییەوە.

ئەو ئاواتەم پێچایەوە، راپەڕین هات کە راپەڕینی بەدیهاتنی زۆر ئاوات بوو،

ڕۆژی ئاواتەکەی منیش هات: ڕۆژێک لەو ڕۆژگارانەی لەحکومەت کارم دەکرد کاک محەمەد میوانی حکومەت بوو، پێش دیداری لەگەڵ سەرۆکی حکومەتدا لە پەیوەندییەکان بەخێرهاتنمان کرد، هەلەو هاتۆتە دەست کە ئاواتم بەدی بێت: کاکە حەمە دەتوانم ڕەسمێکت لەگەڵ بگرم؟ ئێستاو ئەوساش نازانم ئەو ڕەسمەم بۆ نەدیتەوە؟ سووتا یان فەوتا، نازانم؟

ئەمڕۆ هەلێکی تر هەڵکەوت کە لەگەڵ دۆستانی بنکەی گەلاوێژدا سەردانی (کاکی پێشمەرگە) بکەینەوە، لە تەندروستی بپرسین و گوڵی هیواو ئاواتی چاکبوونەوەی بۆ ببەین، هەڵبەت هەم هونەردۆستان و هەمیش هەموو کەسێکی شەرەفمەندی ئەم وڵاتە کە ڕێز لە هونەر و لە پێشمەرگەو کوردایەتی دەنێت، دوعای چاکبوونەوەی زووتر بۆ کاکە محەمەد دەخوازێت، ئومێدی ئەوە دەکەن زوو ڕابێتەوە، زوو بێتەوە کۆڕی هونەرو ئەفراندن، لە مەقام تا بەستە، لە سروود تا گۆرانی ئەوین و ژیانمان بۆ بڵێتەوە.

من ئاواتێکی تایبەتیشم هەر لە دڵدا ماوە: کاکە حەمەکەی جاران زوو چاکبێتەوە، زوو بەدیداری شادببمەوە و دەرفەت لە باربێت وێنەیەک بۆ یادگاری بگرین.

سا ئەو کاتە بە هەتوانی ئازادی
سارێژ دەبێ برینی نامورادی

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥٢٤١ (٢٠١٠/٧/٢٨)

# بەڵام هەر دەخولێتەوە

هەر شۆڕشو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەقەدەر قەبارەو قورسایی جوگرافی خاوەن چیرۆکو هەقایەتی جێی سەرنجە کە زیاتر لە نووسینو ئەدەبیاتو دروشمەکانی، ئەندێشەی ئەو شۆڕشەو ململانێکانی نێو هەناوی نمایش دەکەن. ئەو چیرۆکو هەقایەتانە ئاوێتەنمای دونیابینی شۆڕشو بزووتنەوەکەن لەسەر ئەرزی واقیع، چیرۆکو هەقایەتی لە گۆشتو خوێن دروستکراونو ئەندێشەو ئایدۆلۆژیای بزووتنەوەکە لە مەنگەنەی واقیع دەدەن.

هەقایەتی (سەگوەڕ)و ماجەرای نووسەرەکەی، رۆماننوسی گەورەی کورد محەمەد موکری، لە شۆڕشی نوێدا، نموونەی هەقایەتو بگرە دەرکەوتووترین هەقایەتی نێو شۆڕشی کوردستانە لە بواری ئازادی نووسینو ئازادی نووسەران لە داهێناندا، ئەم هەقایەتە هەقایەتێکە لە گۆشتو خوێن دروستکراوە. ئەم هەقایەتە تیفتیفە یان گەمەیەکی فکری نییە، خاوەنەکەیو کارەکتەرەکانی دیکەی ناو بزووتنەوەکە، کە دژی هۆنینەوەو دەرەنجامی درامای سەگوەڕ بوون، لە دەست بەتاڵیو بێتاقەتیدا دروستیان کردبێ، دۆخی کوردستانی دەمی سەگوەڕ دۆخی رۆژی حەشری ململانێی کوردو داگیرکەرانی بووە لەشەڕێکی بێ ئامانی درێژخایەندا. سەگوەڕ وەکو شانۆگەرییە رەخنەگرانەکەی سارتەر (شانۆگەری دەوامە) نەبوو کە لە فەزای ئەدەبیو سیاسی فەرەنسادا لەدایکبوو، یانی دەرفەتێکی باشی هەبوو بۆ دەرکەوتن بێ ئەوەی فەتوای رەتکردنەوە لەسەر سارتەر بدرێت.

لە دەوامەکەی (سەگوەڕ)دا نە موکری جێی تری هەبووە بۆی بڕوا ئەگەر شۆڕش بڕیاری سوتاندنی (سەگوەڕ)ی بدایەو، نە نەیارەکانی (سەگوەڕ)یش، بەو سیفەتەی شۆڕشگێڕی یاساغ بوون لای رژێمی بەعسی، جێی تریان هەبوو بۆی برۆن مادام لەگەڵ بیروراکانی (موکری) هەڵناکەن.

هەیەو نییە، یان ڕاستتر هەبووە نەبووە مادام ئێمە باسی هەقایەتی زەمەنێکی بەسەرچوو دەکەین، هەیەو نییە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش لەبەردەستە کە

شوێنی گردبوونەوەی پێشمەرگەو شوێنی چاپخانەی لە چاپدەری (سەگوەڕ)و زۆنی ئاشکرای خوێنەرەکانی موکرییە. ئەوێ تاقیکردنەوە بوو هەم بۆ ئەندازەی ئازادی شۆڕشو ئەندێشەکەی لەسەر داهێنانو هەمیش تاقیکردنەوە بوو بۆ حەوسەڵەی ململانێکارانی لەگەڵ و دژی (سەگوەڕ) لەڕەچاوکردنی پرەنسیپی پێکەوە هەڵکردنو پێکەوەژیاندا.

جا لە دۆخێکی وادا مادام بەرنامەڕێژی رەوتی شۆڕش (باوکە دامەزرێنەرەکانێتی)، دەرەنجامێکی واقیعییە ئەوی لەسەر تەنگژەی (سەگوەڕ) دێتە جواب یان وەکو خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، (دێتەوە کایەوە): مام جەلالە.

مام جەلال قەولی فەسڵی وت لە ململانێی نێو زۆنی ئازادکراودا، ئەندێشەی ئازادی شۆڕشی لە کونی دەرزییەوە دەرکردو لەیەک مەسافە لەنێوان فەنتازیای چیرۆکو زبری واقیعدا راوەستا.

نە شۆرش بە (سەگوەڕ) ێک تێکچوو و نە رەوتی لە مەودای داهێنانی محەمەد موکریش خۆی لەسەر کاردانەوەی دژە سەگوڕەکان پەکخست. موکری وەکو جاران ئەوەی نووسی کە خۆی باوەڕی پێیەتیو چاکی کرد کە بە کردەوەی داهێنان دەریخست، حوکم لە دنیای ئەدەبو رۆماندا جیایە لە حوکم لە دنیای واقیعدا با تەنانەت ئەم واقیعە دونیای ناو ئازادیو شۆڕشیش بێت کە عەرەفات بە جوانی ناوی (دیموکراتی چەکداریی) لێنابوو. سەرەنجام هەقایەتی (سەگوەڕ)و کۆتاییە گەشبینەکەی جێی دڵخۆشییە لە بواری نموونە هێنانەوەی جێبەجێکردنی دروشمی (نانو ئازادی)دا. بەڵام زەحمەتە بڵێین ئەو حیکایەتە تێری پێویستیەکانی ئەمڕۆمان دەکات. لە کوردستانی ئەمڕۆدا دۆخەکە لەوە ئاڵۆزترە کە نموونەی چیرۆکی (سەگوەڕ) لە ناوچە ئازادکراوەکاندا بەشی بکاتو ببێتە مۆدێلێکی جێی چاولێکردن لە گوندە بچووکەکەی سەردەمی جیهانگیریدا.

داخوازی ئەمڕۆی کرداری داهێنانو ئیدارەی ژیانیش هەر ئازادیو نان نییە، بەڵکو ئازادیو دیموکراسیو رەفاهی گوزەرانو نانو کێکو گەلێک پێداویستی ترە. ئاستی پێگەیشتنی کوردەواریو کێشەکانی ئەمڕۆی روبەڕوی دەیان سەگوەڕ ئاسای تری لێ کردووینەتەوە! تەونێکی ئاڵۆزو جەنجاڵ دەوری داونو گەرەکە بە قەدەر ئەو ئاڵۆزییانە ئەدەواتی مامەڵەو ئەندێشەی بژارەی ستراتیژی بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی سیاسیو فەرهەنگی لەوڵاتی ئێمە کەڵکی دەورانێکی دیکەشی پێوە بێت.

بەندە وەک نووسەرێک نا، بەڵکو وەک خوێنەرێکی چیرۆکو رۆمانەکانی موکری، وەک ئەدەب خوێنێکی ناوەناوە کە (سەگوەڕ)و (هەرەس)و (ئەدژدیهاکەی) دوای راپەڕینم بە سەرکردۆتەوە، ئاگاداری هەقایەتی لە سەرکردنەوەی (سەگوەڕ)م، لێ هەرگیز نەمپرسی کە: وا زانیمان کێ داکۆکی لەنووسەری (سەگوەڕ) کردووە، ئەی کێ دژی وەستایەوە؟

ئەوە پرسیاری کۆن بوو، کەچی ئەمڕۆ کە ئەدەبی موکری وەک هەموو ئەدەبێکی رەسەن زیندوو و نەمرەو بۆ دوارۆژیش کەس خاوەندارێتی لە دژایەتی جارانی بۆ (سەگوەڕ)و نووسەرەکەی ناکاتو کاری ئێمەش نییە ئەو کایەی کۆن بە بادا بکەین، بەڵام لەمڕۆدا کە لە سەد لاوە ململانێی بیرۆکەو ئایدیاکان دەبینینو کوردستانیش هەر لەجێی خۆیەتیو رەشەبا نەیبردووە، بە سەرکردنەوەو رێزلێنان لە موکری و داهێنانەکەی لە ئەلبومێکی وادا دووپاتکردنەوەی نەمرێتی ئەدەبو داهێنانە دوای نیشتنەوەی شۆکی جەماوەری خوێنەر.

کەس گرەنتی ئەوە ناکات داخۆ شەڕکردن لەگەڵ کتێب کەی کۆتایی پێدێت؟ بەڵام ئەوەی مسۆگەرە ئەوەیە داهێنان دەمێنێتەوەو نووسەر چەند گوشاریشی لەسەر بێت دواجار، بە وتەش بێت، گالیلۆ ئاسا دەڵێ: بەڵام هەر دەخولێتەوە.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: پاشکۆی ئەدگار، تایبەت بەمحەمەد موکری (٢٠١٢/٥/٧)**

# کتێبی هەژاری

دەرفەتی دوو رۆژی راگرتنی هەڵمەتی هەڵبژاردنم بەهەلزانی تا شتێک بخوێنمەوە لەدەرەوەی گێژاوی ململانێی هەڵبژاردن بێت.

تائێستا کتێبی عەرەبی باش دێت بۆ کەرکوک، یەکێک لەو کتێبانەم خوێندەوە: (روانینێکی نوێ بۆ هەژاری و جیاوازی)، سەرتان نایەشێنم بەئامارەکانییەوە کە هەوڵدەدەم هەندێکیان بخەمە بەردەست بەشی ئابووری کوردستانی نوێ‌وە، بەڵام باس و خواسی هەژاری و جیاوازی لەئاستی ژیان و گوزەرانی نێوان چینەکاندا باسێکە نابڕێتەوە، مارکسیزم بەم جیهانەدا گوزەری کردو ئەم کێشەیەی پێ چارە نەکرا، هەن دەڵێن: دەرفەتی پێنەدراو، هەشن دەڵێن خۆشی بووە بەشێک لەکێشەکەو چەپەکان پێیان خۆشە بڵێن مارکس خەتای نەبوو، مارکسیستەکان کەمتەرخەمبوون، هۆکار هەر شتێک بێت ئاکامەکەی شەرتە. هێشتا هەژاری و جیاوازی چینەکان ماوەو ئەوەی خەفەتی سەربارە هیوا بەسیاسەتێکی بەرجەستەی کاریگەر تا دێ کزتر دەبێت.

بەڵام توێژەرانی ئەم کتێبە، کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆری پسپۆڕی بوارە جیاجیاکانی ئابووری و سیاسەت وسۆسیۆلۆژیان، لەبنچینەدا روانینێکی مارکسیانەیان نییە تا لەسنفی ئەوانە بن کە تووشی شۆک و بێ هیوایی هاتبن، بۆیە بێ گرێی دەروونی چارەسەری تر پێشنیاز دەکەن.

گرنگترین شت کە ئەم کتێبە دەیخاتەڕوو، رەچاوکردنی فرەڕەهەندی پرسی هەژاری و جیاوازی نێوان داهاتەکانە، چ لەگۆشەنیگای جیاوازی کۆمەڵایەتی و پایەی ئابووری نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵی وڵاتێک، چ لەنێوان وڵاتانی دەوڵەمەندو وڵاتانی هەژارو چش لەهەڵسەنگاندنی دۆخی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگە جیاجیاکان لەباری پێوەرەکانی هەژاری و لانی کەمی داهاتی هەر کەسێک، یان خێزانێک.

توێژەرەکان بەوە دڵیان ئاو ناخواتەوە بەپێی پێوەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان یان لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکان نیشانەکانی هەژاری دیاری بکەن، بەڵکو ئامارو

داتای نویٚ دەخەنەڕوو کە بەداخەوە بنمیچی بەرزی خواستەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە پڕناکاتەوە. ئەمەش بۆخۆی گرفتێکی گەورەیە کە هێشتا پێویستییەکانی مرۆڤ بەپێی پێوەرەکانی جاران پڕ نەکراوەتەوە، ئەم کائینە بزێوە هەروا دێت خواستی تری لا چەکەرە دەکات.

من وا لەباسەکانی ئەم کتێبە، یان ئەم زنجیرە باسە تێگەشتم کە ئیتر هەژاری و جیاوازی چینایەتی دەبنە داستانێکی ئەبەدی ژیانی سەرگۆی زەوی، چونکە تا ئەقڵ و ئیدراکی زاناو پسپۆڕەکان و تا کەرەستەو گەشەکردنی تەکنەلۆژی دەرفەتی چارە بۆ کێشەیەک دەدۆزنەوە، سەد کێشەی ترو سەد خواستی دیکە پەیدا دەبن کە ژمارەی هەژارەکان و پانتایی نێوان چینەکان گەورەتر دەبن.

ئەگەر ئێوە بەم دەرەنجامەی ئەز پێگەیشتووم رازی نین: فەرموون ئەم کتێبە بخوێننەوە:

روانینێکی نویٚ بۆ هەژاری و جیاوازیـ ئامادەکردنی ستیڤن بیـ جنکینز و جۆمایکلرایت. وەرگێڕانی بەدر رفاعیـ زنجیرەی عالم ئەلمەعریفەـ ٢٠٠٩ – وڵاتی کوێت.

*رۆژنامەی کوردستانی نویٚ: ژ:٥١٢٣ (٢٠١٠/٣/١٢)

# کاری باش و کۆتایی خراپ!

فیلمی (Charlie Wilson.s War) بەدێڕێکی جوان کۆتایی پێدێت کە بەم مانایەیە (ئێمەی ئەمریکایی کاری باش دەکەین، بەڵام لەدواییدا ئیشەکە لەخۆمان تێک دەدەین)، فیلمی ناوبراو رێک لەسەر تەجرەبەی یارمەتیدانی موجاهیدین ئەفغانە لەلایەن ئەمریکاوە، هەمان پەند بۆ دۆخی مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ گێمی دووەمی یاریی ئەفغانستان دەگونجێت. لەڕزگارکردنی کابول لەدەست تالیبان کاری باشیان کرد، بەڵام دواتر ئیشەکەیان لەخۆیان تێکدا، ئێستا گوایە بژاری دیپلۆماسی بەکاردێنن و دەیانەوێ لەگەڵ تالیبانە میانڕەوەکاندا بکەونە گفتوگۆوە تا شەڕ لەو وڵاتە دوور کەوێتەوە، یەکێک لەو کەناڵانەی پردی پەیوەندییە لەگەڵ تالیبانە توندڕەوەکاندا، عەبدولسەلام زەعیفە کە ئێستا لەئەفغانستانە، بەر عەفوعام کەوتووەو دانیشتووە، حکومەتی کابول و هێزەکانی ناتۆش هیوایان پێیەتی تا قەناعەت بەکەللە رەقەکانی تالیبان بێنێت بێنە پای دانوستاندنەوەو لەحکومەتی وڵاتەکە بەشداریبکەن.

ئێوە عەبدولسەلام زەعیف-تان لەبیرە؟ ئەم پیاوە کۆپییەکی لەڕو زەعیفی محەمەد سەعید سەحاف بوو، ئەم علوجە لەکاتی هەڵمەتی رزگاریی ئەفغانستاندا رۆژانە وەک وتەبێژو سەفیری حکومەتە لاتەریک کەوتووەکەی تالیبان کۆنگرەی رۆژنامەنووسی دەبەست، لەگەرمەی شەڕی پەلاماردانی ئەمریکا بۆ سەر ئەمارەتی تالیبان لەدوای کارەساتی (١١)ی سێپتەمبەرەوە، زەعیف تراژیدیای شەڕی دەکردە کۆمیدیایەک و لەکۆنگرە رۆژنامەوانییەکانیدا دنیایەک درۆو دەلەسەی لەسەر سەرکەوتنەکانی تالیبان بڵاودەکردەوە، هەروەک چۆن سەحاف رۆژنامەڤانانی دەخستە پێکەنین وەختێک باسی تەفروتوناکردنی ئەمریکای دەکرد. عەبدولسەلام زەعیفیش هەروای دەکرد، کە شەڕی تالیبان بڕایەوەو ئەمریکا چووە ناو کابولەوە، پاش دەمێک زەعیف لەپاکستان دەستگیرکراو ساڵی (٢٠٠٢) برایە گرتووخانەی گوانتانامۆ، ئەمریکا دڵی بەڕاماڵینی تالیبان ئاوی نەخواردەوەو ساڵی (٢٠٠٣)

عیراقی کردە ئامانج، ئیتر لەجێی زەعیف و نوکتە بۆ سەروبەرەکانی سەحاف لەبەغداوە نوتقی دەدا، بەغدا گیراو زانیمان سەحافی علوج لەئیماراتەوە سەری دەرهێنا، بەڵام گوانتانامۆ دوورگەیەکی دوورە دەست بوو، کەس نەیزانی تاقە نوکتەبازە دەم بەپێکەنینەکەی تالیبان، یانی عەبدولسەلام زەعیف، چی لێ هات؟

دەتەوێ بزانیت؟ زەعیف ئێستا لە کابولەو وەک نوشتەیەکی ناتۆ سیحری پەیداکردۆتەوە، ئەمجارەیان نوکتە ناگێڕێتەوە، بەڵکو بەیارمەتی (دوو رۆژنامەڤانی قورمساغی ئەمریکاییە کافرەکان) چیرۆکی سەرهەڵدانی تالیبان و درەوشانەوەی خۆی وەک باڵیۆزێکی حکومەتی مەلا عومەر کە رۆژانە لەئیسلام ئابادەوە هەڕەشەی لەئەمریکا دەکرد، دەگێڕێتەوە.

ناوی کتێبەکەی زەعیف ناوێکی پڕ نەزاکەتە (ژیانم لەگەڵ تالیبان)، لەناونیشانی فیلمێکی هۆلیود دەچێت، تا کتێبی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی فاشستی، لەچەند رۆژنامەیەک پوختەیەک لەکتێبەکەی باسکراوە، ئێستاش بەهەمان ئەقڵیەتی تالیبانەوە رووداوەکان دەهۆنێتەوە. ئەمریکا ئەمەی هێناوەتەوە تا تالیبانی پێ ئاشت بکاتەوە، دیارە سەحاف نەگەڕاوەتەوە بەغدا، بۆیە بۆ ئاشتکردنەوەی بەعسییەکان سالح موتلەگ رۆڵی زەعیف دەبینێ، بگەڕێوە بۆ رستەی ناو فیلمەکە نەک دانەیەک لەکتێبەکەی زەعیف: ئەمریکا لەسەرەتاوە کاری باش دەکات، دوایی سەر لەخۆی تێک دەدات.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥١٢٧ (٢٠١٠/٣/١٧)

# کڵاو لەسەر نان..

هەر لە بەشی هونەری ئاسۆوە تا چەند هاورێیەکم پرسیاریان کرد ئاخۆ چ پەیوەندییەک لە نێوان مەسەلەی توتنەکەو کڵاوی سەر سەری ستوونی نوێم هەیە. لە باری هونەرییەوە پاکانەم ئەمەیە با ستوونەکە کەچەڵ نەبێت و بە کڵاوی کوردەوارییەوە خۆی نمایش بکات. لە باری سیاسیشەوە کڵاوی کوردی پەیوەندی زۆرە لەگەڵ توتندا. توتن دیارترین بەهەمی کوردەواری بوو کە عیراق و ئینگلیز مەسەلەی کوردەواریان پێوە گرێدەدا. وەکو پێشتر ئەمانەتێکی مێژوویم گێراوەتەوە نێردراوەکانی دەوڵەتی عێراق و بەریتانیا کە چوونەتە سلیمانی تاجر و پیاوماقوڵانی شاریان بەوە ترساندووە، ئەگەر جیا ببنەوە توتنەکەیان لە کوێ ساغ دەکەنەوە؟ نەقڵێکی نوێشم لە کاک جەلال سام ئاغا بیستووە کە هەر وەختێک بە زاراوەی کۆن (قەلاقل) لە شیمالی عیراق قەوماوە نرخی توتن بەرزکراوەتەوە تا (قەلاقل) نیشتۆتەوە.

جا ئەو توتنە کێ بەرهەمی دێنێ، وەرزێری داماو، کڵاو لەسەری، فەرەنجی لەبەری، کڵاش هەورامی لە پێی کورد نەبێت؟

ئەوە سەبارەت بە پەیوەندییە فەرهەنگی و کەلتورییەکە، با باسی پەیوەندییە سیاسیەکەش بکەم:

دەگوترێ: ئەمجارەش کڵاویان نایە سەر کورد. یانی ئەمجارەش فێڵیان لێکردین. ئەگەر فێڵەکە فێڵی زەبر و زووڵم بێت یاخوا زاڵم و زەبریان تەفروتونا بێت، بەڵام ئەگەر کڵاوەکە لە شوێنێ وەستا بێ و خۆمان بەوپەری خۆشحاڵییەوە بچینە ژێری، ئەوا ئەو نەخش و نیگارە هەر قابیل بە خۆمانە. یانی وەکو (مالک بن نەبی) لە وەسفی هاوکێشەی داگیرکەرو داگیرکراودا وتبووی: "شایانی داگیرکراوی" ئەوەیە ماکی بن دەستی لە دەروونی خۆتدا بێت و پێشی نەزانی.

بەڵام بێ هیوا مەبن، دەبێ مەسەلەکە سەربخەین و بەرهەمی توتنەکەش باشتر بکەین تا بازاڕی هەبێ لە ململانێی نەتەوە موتەمەدینەکاندا. بۆ ئەمەش پێویستمان

به هاوپەیمانی و هاوسۆزی هەیە هەر لە ئەمەریکای دۆستی ئەمڕۆوە تا جەواهیری دۆستی هەمیشەییمان کە بەو کڵاوەی سەریەوە هەنجەتێکی چاکتری پێداین لەسەر پەیوەندی کڵاو و توتنەکە، تەنها هەنجەتێکی ئیجابی و دڵخۆشکەرە لەناو کڵاوکڵاوێنی ناوچەکە و سەردەستەکانی لەگەڵ کورددا کە ناونیشانی دەرکەوتنی سەلبی و ناخۆشن.

دەیسا با چیرۆکی کڵاوی سەرفرازی جەواهیری بگێڕمەوە.

دەزانن کە نەخشی ئەو کڵاوە لەسەری نوسرابوو (کوردستان یان نەمان) دیاری دەستی بەڕێز مام جەلال بوو بۆ ئەو دۆستە بەردەوامەی کورد. جەواهیری خۆی بە گێرانەوەیەکی مەغزادار وتویەتی: حزبی شیوعی چەندین ساڵ هەوڵیاندا کڵاو بکەنە سەرم و بمکەنە شیوعی.هەمووجارێ خۆم لێ دەرباز دەکردن و کڵاوەکەم لادەبرد ،بەڵام مام جەلال کڵاوێکی کردە سەرم کە تامردن نەتوانم لایبەم. هەڵبەتە مەبەستی جەواهیری ئەوە بوو ئەو کڵاوە ئیتر بووە ئیلتیزامێکی مۆراڵی و دەبێ تا (کوردستان یان نەمان) مابێت ئەو لە سەری نەکاتەوە.

جا هەر نەمر بێت جەواهیری و هەموو دۆستێکی بەوەفای کوردو با ئەوانەش لە داخا بمرن کە لە نیگارکێشانی بۆترێتی جەواهیری کڵاویان کردۆتە سەر کورد و کڵاوەکەیان وا نەخشاندووە (کوردستان یان نەمان)ەکەی تەڵخ و ناجۆر بێت. مایەوە سەر ئەوەی روونی بکەمەوە ئەو کڵاوە هی کێیە کە خراوەتە سەر ستوونەکە. ئەوە بەری رەنجی وەرزێرێکی فەرهەنگی کوردە کە ساڵی پار لەم بازارە بێدەنگەی فەرهەنگی کوریدا بە گیرفانی خۆی کتێبێکی جوانی لەسەر کڵاوی کوردی دەرکردووە.

ئاکۆ غەریبی هونەرمەند بە کواڵیتییەکی بەرزو زانیاری هەمە جۆرەوە چەند ساڵە خەریکی پرۆژەیەکی فەرهەنگی گەورەیە لەسەر کەلەپووری کوردی.ئەم کڵاوە یەک لە نیگارەکانی کتێبەکەی ئەوە.

ئیتر وایە: هەیە هەر بەبێدەنگی پرۆژەی وای هەیە و، هەشە بە هاتووهاوار و ژاوەژاو دەیەوێ کڵاومان بکاتە سەر و هیچ پرۆژەیەکی نییە.

*رۆژنامەی ئاسۆ: ژ:٧٥٠ (٢٠٠٨/٦/٢٢)

# یاسای زمان

ئەگەر زمان بۆ هەموو نەتەوەیەک توخمێکی پێکهێنەری نەتەوەو خۆ جیاکردنەوەی بێت لەوانی تر. ئەوا بۆ نەتەوەی کورد توخمی هەرە سەرەکی ناسینەوەی نەتەوەیی و ئەیقۆنی پاراستنی نەتەوەی کورد بووە لەفەوتان و لەناوچوون.

کورد لەئاین و لەئەدگار لەدەوروبەرەکەی جیا نییە، ئابووریش بیانوویەکی لاوازە لەکاتێکدا سەروماڵی نەتەوە بە تالان چووبێت. زمان شەرحی حاڵی نەتەوەکەمان دەکات. بۆیە وێستگەی یەکەمی خەباتیش بۆ ناساندنی زمانەکەمان بووە.

زمانی کوردی لەبەشەکانی تری کوردستان دوای دەورانێک نکوڵی و قاودان، ئێستا وەک دیفاکتۆ بەشێوەی جیا خۆی نمایش دەکات. تەنها لەکوردستانی باشوور دانپیانێکی رەسمی هەیەو لەدەستووری پەسەندکراوی ساڵی ٢٠٠٥یشدا وەک زمانی رەسمی هاوشانی زمانی عەرەبی بۆ سەرتاسەری عیراق دانپیانراوە.

بەڵام ئەو دانپیانانە وەک زیاتر لەپەنجا بڕگەی دیکەی دەستوور گرێدراوی دەستەواژەی (ئەوە بە یاسا رێکدەخرێت) کراوە.

ئەو کاتەی ئەم دانپیانانە لەدەستوور نووسرا، عیراق لەبەهاری دیموکراسیدا بوو، کوردیش نەورۆزی ئەو بەهارە بوو، بەڵام ئێستا کە گفتوگۆ لەسەر یاسای زمانە رەسمییەکان دەکرێت شۆڤێنیزم و بیری تەسک چەمۆڵە لە بژارەی دەستووری دەدەن زمان و زمان لەعیراقی دیموکرات و فیدراڵ دەردێنن.

دۆخی ئێستا کە هاوپەیمانێتییەکانی سەرەتای ئازادیی عیراق وەکو خۆیان نەماون، باشترین دۆخە بۆ ئەم شۆڤێنیانە تا لەبەڵێنەکانی جاران پاشگەز ببنەوە. هەرچەندە بەحیسابی بنەچە بێت، حوکمڕانەکانی ئەمڕۆ بە میراتی جەواهیرییەوە دەنازن بەڵام لەمەسەلەی زماندا بیرکرنەوەیان وەک بیرکردنەوەکانی ساتیعو حوسەرییە، بۆیە بیانوو لەدژی زمانی کوردی دادەتاشن. بۆ کورد دەستوور مەرجەعە کە زمانی رەسمی وا تەفسیر کردووە شان بەشانی زمانی عەرەبی

لەهەموو نووسراو و ئاماژە رەسمییەکانی دەوڵەتی عیراقدا زمانی کوردی هەبێت، وەگەرنا تەفسیرەکانی تر، لەعیراقی پادشاییەوە بۆ عیراقی سەدامی، ئیشی پێکراوەو شتی نوێی تێدا نییە.

لەم ئاستەدا دەبێ نوێنەرایەتی کورد لەبەغدا تەنها وەک (ئەبێ و نابێ) رایەکی زمانەوانیی سەیری ئەم پرسە نەکات. ئەمە نە زمانەوانی و نە تەنها کایەیەکی رۆشنبیرییە، ئەمە ئاماژەیەکی نەتەوەییە کە سەدان ساڵە قەوارەی بوونی نەتەوەییمانی پاراستووە. دانپیانانی دەستووری و بەرجەستەکردنی ئەمەش لەیاسادا دانپیانانە بەجیاوازی و سەربەخۆیی و حەیسییەتی کورد.

پرسی زمانی کوردی هیچی لەپرسی نەوت و غازو کەرکوک کەمتر نییە، بێ زمان نەتەوەی کورد بوونی نابێت کە داوای نەوت و کەرکوک بکات. بێ زمان مەگەر بە زمانی ئەوان لەمافەکانمان بدوێین.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦١٣٩ (٢٠١٣/٧/٢٥)

# حسێن میسری

جاران کە حسێن میسریـم دەبینی بەقسەی خۆش چاک و چۆنی لەبیر دەبردمەوە، ئینجا باسی دراماو کەرکوک و رۆژنامەنووسی دەستپێدەکرد، هەموو دەمێک دەمگوت: میسری! فەرەزەن، فەرەزەن تۆ شانۆگەرییەک لەسەر شانۆ نمایشدەکەیت، من لەناکاو دێمە سەر تەختە، ئەکتەرەکانت تووشی شۆک دەبن، تۆ هەر ئەوەندە کارەکتەرت هەیە کە لەسەر تەختەن و هەر ئەوەندە دیالۆگت پێداون کە بەشی راییکردنی نمایشەکەن، لەو حاڵەدا چیم لێ دەکەی؟ یان وەکو خۆتان دەڵێن لەڕووی شانۆییەوە چۆنم موعالەجە دەکەیت؟ میسری بەنوکتەوە دەیوت: دەتۆ وەرە سەر شانۆ خۆم دەزانم چۆنت موعالەجە دەکەم.

قەت پێی نەوتم چۆنی چارەسەر دەکات؟ چی لەئەکتەرێکی، خۆسەپێنی، شانۆگەرییەکی، بەمەحکەمی داڕێژراو دەکات؟

دەزانم حسێن چارەسەری پێ بوو، ئەوکە هەمیشە دەستپێشخەری لەدەستدەهات و هەندێکجار نمایشی ئەنفالی دەبردە ناو جادەو شەقامی قەرەباڵغ و بینەرانی دەکردە بەشێک لەتێکستەکەو نمایشی پێدەکردن، بێگومان چارەسەرێکی بۆ منیش دەدۆزییەوە، چارەسەری کەمتەرخەمی ئەوەشی بۆ دەکردم کە نەمتوانی بچمە نمایشێکی نازداری خوشکی بەڕێزم چیمەن ئیسماعیل کە بۆ یادو یادگاری حسێن میسری سازیکردبوو.

من نەمتوانی بچمە ئەو یادەو وەفاداری بەرامبەر میسری و چیمەنی خوشکم بنوێنم، سەرقاڵی بەم تەنورە رۆژنامەوانییەی چەند پوش و پەڵاشی تێدەکەیت و بڵێسەکەی هەر دەڵێ (هل من مزید؟)، نەیهێشت ئوسوڵ و واجبم رایی بکەم.

هەڵبەت زۆر بۆنەی وام لەکیس دەچێت، بەتایبەتی هی ئەو بوارە تەلیسماوییەی هونەری تەشکیلی کە بەندە هیچ شتێکی لێ نازانم و کەمترین رۆشنبیریم لەبارەیانەوە نییە، بێ تەوازوع نواندن دەزانم ئەمە کەموکوڕییە لەماریفەتی هونەری ئەزو، پێشم شەرم نییە دانی پێدابنێم.

بەس ئەم دانپیانانە موعالەجەیەکی شانۆیی کەمتەرخەمی بەندەیەو دەبوایە هەربچم، هەم بۆ وەبیر ئانینی حسێن میسری و هەم بۆ بەسەرکردنەوەی چیمەنی خوشکم کە لەوەتەی حسێن کوردستانی جێهێشتووە بەتەلەفۆنێکیش هەواڵم نەپرسیوە، چەند عەیبە بۆ من، کە کەمتەرخەمی بە کەمتەرخەمی تر پاساو دەدەم. حسێن-ی برام واز لەشانۆگەری بێنە، هەر بەفیعلی چۆن خوشکەکەم ئاشت بکەمەوە؟ کە هەموو جارێک بۆ دونیای هونەری تەشکیلی داوەتم دەکاو منیش بۆ ئەوەی نەبمە مستەر بین، لەبێ سەلیقەیی و بێ چێژیدا، تەمبەڵی و سەرقاڵی داگیرم دەکەن؟

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ٥١٢٩ (٢٠١٠/٣/١٩)

# دراماى حسێن

دراماکەی حسێن تراژیدیای ناخۆشی نییە بە مانای حوزنو دڵتەنگیو لاواندنەوە، یانی درامایە نەک تراژیدیای پاڕانەوە بۆ فرمێسکو بەزەیی درۆزنانە. تەنانەت کە پەژارەو ناخۆشی وەک زنجیرەی "نیشتمان"یشی تێدا بێت، خەمی کۆچی چۆلەکەکان و خۆرنەوازانو حەسەنە فەنی و رەشەی پۆلیسیش داپۆشیبێت، هێشتاش هیوایەک لە شێوەی نەرمە بارانو نەغمەی مۆسیقایەکی هێمن لەم گرتەو ئەویتردا خۆی نمایان دەکات.

دراماکەی حسێن دراماى تەحەدایەکی هونەرییە لە دۆخێکدا تواناو دەرفەتی بەردەم هونەری دراما لەکوردستانی گەمارۆدراوادا هەر زۆر کەم بوو. وڵاتی گەمارۆدراو مەحرومە لە ئەزموونی متمانەپێکراو، لە دەرفەتی بڕینی قۆناغەکانی گەشەی هونەری، لە توانای ماددی و تەقەنی بۆ کاری هونەری. مەحرومە لە هەموو ئەمانەو مەحکومە بە ئەزموونی راستو چەپ، هەڵەو چاککردنەوە تا وەکو ئەزموونی باش کەڵەکە دەبێت. حسێن میسریو فەزای کارکردنی خۆیو هاوڕێکانی لە دراماى خاک زنجیرەیەک تەحەدایان بە کەمترین توانای ماددی و زۆرترین توانای مەعنەوییەوە بەڕێوەبردو زۆرترین ئەزموونیان کەڵەکە کرد کە وا بکات کاروانە درامییەکە بەردەوام بێت.لە کوردستانی سەرەتای دوو هەزاردا کارکردن لەزنجیرە دراماى هونەری وەک بەرپاکردنی شیواشۆکێک بوو لە پێکەوەلکاندنی ئامێرو کەرەستەی خۆماڵی بۆ دروستکردنی پاڵاوگەی بەرهەمهێنانی سامانە رەشەکە. حسین میسری نەوتی تواناو بەهرەی لە خاکدا دەرهێناو وەبەرهینانی تێدا کرد.

لە کوردستانێکدا تا هەشتاکانیش خانمان نەدەهاتنە بواری کاری نواندنو تەمسیلی نووسین و سیناریۆنووسان بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران، چ جای ئەوەی زنجیرەیەکی درامی بنووسرێت.دوای نزیکەی بیست ساڵ لە دۆخی گەمارۆداندا ئەم کارە ناوازانە بەرهەم بهێنرێتو جێی رەزامەندی خەڵک بێت لە وڵاتو لە لای کوردی تاراوگەش کە تازە لە رێی سەتەلایتو لە رێی کوردسات-ەوە ئاگاهی لەسەر وڵاتە

گەمارۆدراوەکەی پەیدا دەکردو بە شەوقەوە پوختەی ژیانی خەڵکی لە پەنجەرەی دراماوە پێدەگەیشت، لەو کوردستانەدا درامای حسێن و چیرۆکی ژیان هەبوو.

دراماکەی حسێن تراژیدیا نەبوو، بەڵکو چیرۆکی بەرەنگاری لەمپەڕەکانی بەردەم تەلەفزیۆنی کوردی بوو، تا ببێتە تەلەفزیۆنێکی فەرهەنگیو ئاوێنەی خەمو خولیاکانی خەڵک، دوور لە سیاسەتو رۆژانەی تەسکی حزبایەتی ئەندێشەی خەڵک، ئەوکات ئەندێشەی درامای کوردی بوو کە لە سلێمانی و کوردستانەوە پەخشی هەبوو، ئەوکاتە میزاجی کوردەواریمان بە دۆبلاژ و چیرۆکی درامای بیانیی داگیرنەکرابوو کە دراماکانی حسێن مشتومڕو گفتوگۆ، بگرە کێشەشی لەکۆڕو کۆمەڵیشدا دروستدەکرد.

تەنانەت لە دوای نەمانی گەمارۆ و کرانەوەی دەرفەت لەبەردەم تەلەفزیۆنی ترو درامای تر هێڵی باریک و ناسکی کارکردنی میسری تایبەتمەندی خۆی پاراست. رەنگە درامای نیشتمان کە لە ناوچەرگەی کەرکوکی ئازادکراوی، گەمارۆدراو بە تیرۆرو تۆقاندن تۆمار کرا، باشترین نموونەی بەردەوامی کارە جوانەکانی حسێن بێت. درامای "نیشتمان" کۆتاییەکی کراوەیە بۆ ململانێی گەڕانەوەو نەگەڕانەوەی راگوێزراوی نیشتمان، لە وەختێکدا هەڵمەتێکی دروشمبازی لەسەر ژیانی ئاوارەی ناو نیشتمان هەبوو، لەوێدا میسری چیرۆکی مرۆڤە ئاساییەکان تۆمار دەکات کە گیانی لە ململانێی گەڕانەوە بۆ زێد و پەیوەست بوون بە تۆڕێک لە دەزووی خزمایەتیو هاوڕێیەتی سەردەمی ئاوارەیی لە کوردستانی رزگار، داڕزاوە. گەرەکێتی لە ناو دۆست و هاوڕێکانی جارانی بێتو ترسی لە دووبارە بە بارمتەبردنی منداڵەکەی لەبەردەم تۆپی یارییەکی بێ کۆتاییدا ڕایدەگرێت. کۆتایی کراوەی زنجیرە دراماکە جوانترین گوزارشتە لەوەی هونەر نایەوێت کۆتاییەکی میکانیکی بسەپێنێت، وەک ئەوەی سیاسەتی لە قوتووکراو دەیخوازێت.

میسری ئەگەر ئەوەی بکردایە دراماکەی کۆتایی دەهات. بەس ئەو کارێکی کرد لە کۆی زنجیرە دراماکانی خاکدا هەمیشە دەرگا کراوە بێت بۆ درامای ترو هونەرمەندو سینارستی تر، ئەگەر بخوازن وێستگەیەکی تر ببوژێننەوە.

دراماکەی حسێن زۆری بە بەرەوە مابوو، لێ زەمەن هەر دەرفەتی ئەوەندەی دا. ئەم درامایە هی ئەوەیە، نەک فیلمێکی دیکۆمێنتاری بەڵکو درامایەکی هونەریشی لەسەر بکرێت. ئەم رێزلێنانە هاوبەشەی خاک و کوردستانی نوێ دەشێ پەنجەرەیەک بێت بەڕووی ئەو ئەرکەدا.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٧٩ (٢٠١٦/٥/٢٤)**

# دیاری کتێب

با بیرۆکەی بەدیاری ناردنی کتێب دروست بکەین. ئەمەش وەک داوایەکی رۆشنبیریی پەتی ناخەمەڕوو، بەڵکو وەک دەرەنجامی گەشەکردنی چاپەمەنی کوردی باسی دەکەم. گەلێک جار لەهەولێر، سلێمانی و دهۆک و تەنانەت لەکەرکوکی تەعریبکراویش جوانی کتێبـی کوردی دەبینم، پێی دەگەشێمەوە، بەتایبەتی ئێستا هەندێک دامودەزگای نادەوڵەتی و ناحزبی پەیدابوون کتێب بۆ بازرگانی و قازانج چاپ دەکەن. بەپێچەوانەی بیروڕای هەندێک دۆست من دڵم بە بازرگانی کتێب خۆشە، ئەمە هەم گەواهییە لەسەر ئەمەی کاسبکاری کورد خەم و خولیای دیکەی لاپەیدابووەو هەم ناونیشانی ئەوەشە کتێبـی کوردی رمێنی پەیداکردووە. چی لەوە خۆشتر؟

لەبازاڕ هەموو هەفتەیەک دەستەیەک کتێبـی نوێ، لەوانەی دەشێ بەدایکی کتێبە کوردییەکان ناوبنرێن، چاپ و بڵاودەبنەوە: دیوانی شاعیرەکان، جلدەکانی مامۆستاو زانا عەبدولکەریم مودەریس و کتێبەکانی مامۆستا عەلائەدین سەجادی و سەدان کتێبـی بەنرخی وەرگێڕدراوی مێژوویی و فەرهەنگی و ئەنسکلۆپیدیایی.

رەنگە ئەوە کەموکوڕی بێت کە کەس نازانێ مافی مەعنەوی و ماددی نووسەرەکان و بنەماڵەکانیان پارێزراوە لەو چەند بارە چاپکردنەوانە یاخود نا؟، بەڵام ئەگەر وەک کاڵەک خۆر لەمەسەلەکە بڕوانین ئەو دۆخێکی یەکاویەکە ئەو هەموو کتێبە بازاڕەکانی داپۆشیووەو دەکرێ وەزارەتی رۆشنبیریی ئەوە بێستان رنە بێت کە لەومافە رەوایانە بپرسێتەوە.

بێمەوە سەر بیرۆکەی بە دیاری ناردنی کتێب. نازانم بۆ لەکوردستاندا ئەم بیرۆکەیە وەک رەزیلی و کەم بایەخی خەڵات و خەڵات بۆکراو سەیر دەکرێت؟ لەکاتێکدا ئەگەر قسە لەسەر نرخی ماددی خەڵات بێت ئەوا زۆر کەس دەڵێت بەهای دیاری بە نییەت و رێزی دیارییەکەیە نەک بەوەی چەندی تێچووە؟

ئەگەر قسەش لەسەر جۆرەکەی بێت، خۆ کتێبـیش وەک زۆر شتی تر نرخی

جیاجیای هەیە. کەوابێ بۆچی خراپە ئەگەر لەم کتێبە چاپکراوە نازدارانە ئێمە بتوانین دیاری بۆ دۆست و هاوڕێکانمان بنێرین؟

چەند جوانە دیوانی نالی بە چاپێکی جوانەوە دیاری دەستمان بێت بۆ هاوڕێیەکمان کە دەزانین هۆگری کتێبە، هۆگری شیعرو بەرهەمە رەسەنەکانی داهێنراوی مرۆڤی کوردە؟

بۆ خۆم چەند رۆژ پێش ئێستا وامکرد. هەر هەشت بەرگەکەی (رشتەی مرواری)م بە دیاری کڕی بۆ برادەرێکم کە دۆستی کتێب و خوێندەوارییە. پێشموایە شتێکی باشم کردووە. دڵنیاشم ئەویش پێی خۆش دەبێت.

باشە تاقیتان کردۆتەوە کە هەموو بەرگەکانی هەزارو یەک شەوە بکەنە خەڵاتی هاوڕێیەکتان کە تازە بنەی داناوە. بۆ سووچی کتێبخانەکەیماڵەوە جوانە، وانییە؟

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥١٣٥ (٢٠١٠/٣/٢٩)

# رەمەزان تی ڤی

## (١)
## حەسەن و حسێن

کەناڵی (NRT) زنجیرە درامای دینی حەسەن و حوسێن بەدۆبلاژی کوردی بڵاو دەکاتەوە. درامای حەسەن و حسێن رەنگە وردەکارترین تێکستی هونەری بێت لەبواری دراما دینییەکاندا لەبەر زۆری ئەو سەرچاوەو مەرجەعانەی بۆ گێڕانەوەی رووداوە مێژووییەکانی هەستیارترین قۆناغی حوکمڕانی ئیسلامی پشتی پێ بەستراوە، هەر وا لەبەر هەستیاریی باسوخواسەکانی چەکەرەی ململانێی مێژوویی شیعەو سوننە کە هەزارو چوارسەد ساڵە تەوزیف دەکرێ و بۆ ململانێی سیاسی هەنووکەیش دەخرێنە گەڕ.

بەڵام هەر لەبەر ئەم هەستیارییەشە، کاردانەوە لەئاستی ئەم درامایە مەزهەبی و سیاسی بوو. بەتایبەتی لەعیراق کە بەئاشکرا بڵاوکردنەوەی ئەم درامایەی قەدەغە کرد. ئەمە کە ئێستا لەتیڤییەکی کوردییەوە بڵاو دەبێتەوە، بەڵگەی ئەوەیە کوردستان دوورگەیەکی جیایە لەعیراق، هیچ نەبێ لەڕووی میدیاییەوە. ئەمە ئەگەر عیراقییەکان پێی نەزانن و نەیکەنە هەڵڵا.

بەڵام وردەکاری لەگێڕانەوەی درامادا مانای ئەوە نییە ئەم درامایە بێ کەموکوڕییەو، لەهەندێک وێستگەدا شپرزەیی پێوە دیار نەبێت. بەتایبەتی لەئەڵقەکانی کۆتاییدا کە خیتابی سیاسی بەسەردا زاڵە. هەروا موبالەغەیەکی زۆر هەیە لەسەر رۆڵی ئەغیار لەقووڵکردنەوەی ململانێی نێوان دەستەبژێری موسڵمانان لەو سەردەمەدا. ململانێی توندی سیاسی لەسەر پێگەی سیاسی و مەعنەوی لەهەناوی گەشەی کۆمەڵی ئیسلامیدا هەبووەو، بایی ئەوەندەش زەق و زاڵبوو کە پێویستی بەدنەی نەیاران نەبێت. ئەمە دیدێکی عروبییە کە ڕوانینی ئەمڕۆ بەسەر دوێنێی دووردا دەسەپێنێت.

لەم دوو ئەڵقەیەی دیمان بەشێوەیەکی گشتی دۆبلاجەکە باشەو، ڕەنگە ببێتە ئەزموونێک بۆ وەرگێڕان و دۆبلاجکردنی درامای دینی و مێژوویی دیکەش کە زمانێک و تۆنێکی تایبەتی ئاخاوتنی هەیە.

## (٢)
## درامای ناکامەکان

ئەگەر میسر مژولی دۆخی نەبەکامە سیاسییەکانی خۆی نەبایە، ئێستا دۆسێی زنجیرە درامای (ناکامەکان، قاصرات) دەبووە بابەتی ڕای گشتی لەم وڵاتەدا.

زنجیرە (درامای القاصرات) سیناریۆی سەمیح ئەلحەریری و هونەرمەندی ناسراوی میسر سەلاح سەعدەنی پاڵەوانی سەرەکییەتی. بەڵام لەپاڵ ئەودا کۆمەڵێک کچی هەرزەکار ڕۆڵی کچە قاسیرەکان دەبینن. ئەمانە خۆیان وا نواندووە چەند ڕەمەزانێکی تر دەبنە کارەکتەری زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان. ڕۆڵگێڕانی ئەمانە لەبەرجەستەکردنی تراژیدیای کۆمەڵێک منداڵی بەشوودراو، وەک دیاردەیەک لەسەعیدی میسرو زۆنی دواکەوتووی هەموو کۆمەڵێکی ڕۆژهەڵاتی، دەبێتە باعیسی سەرکەوتنی ئەم زنجیرە تەلەفزیۆنییە. ئایا پێویست دەکات قسە لەسەر لێهاتوویی سەعدەنی بکەین کە لەدوای "لیالی الحلمیە"، ڕۆڵی سلێمان غانمی بینی، ڕۆڵی عومدە ئیتر هەر لەخۆی دێت؟

ئەم درامایە بەسەرەتایەکی دراماتیکییەوە هاتووە، بەرجەستەی ئازارو مەینەتی کۆمەڵی لادێی دەکات کە لە دەرەوەی پێوەرەکانی یاساو لێپرسینەوە و شارستانیی گوزەرانی خەڵکەکەی هەڵدەسوڕێت. هەژاری و نەداری هەمیشە ئەم توێژە دەکاتە قوربانی دەستی عومدە و ئاغاو دەسترۆیشتووان. بەڵام ئەمانە وەکو قوربانین، جەللادیشن بۆ ماڵ و منداڵەکەشیان. بۆیە دەبنە پێخۆری مەیلی چەوساندنەوە لەلای دەوڵەمەندو دەسترۆیشتوان. کچیان، بڵێن کچیان یان منداڵیان؟، هەرزان فرۆش دەکەن. بۆ ئەوەی ئەو سەودایەش سەربکەوێت بەپسکیت و شەکەرلەمە و شیرینی و بوکەشووشە فریویان دەدەن.

تا ئێستا پێنج ئەڵقەمان بینیووە، بەڵام تا قاسیرەکان قسوور نەکەن و ڕۆڵیان جوانتر بێت شانسی ئەم درامایە لەڕیزبەندی دراما براوەکاندا زیاتر دەبێت. بەڵام بۆ کاریگەری لە ناو کۆمەڵ و وروژاندنی ئەم باسە لەناو رای گشتیدا تا وەکو نەریتێک چەمۆڵەی لێ بنرێ و قەدەغە ببێت، هێشتا زۆری ماوە. چەند درامایەکی تری گەرەکە..

(قاسرات) ئەهێنێ کاتی بۆ تەرخان بکرێت، لەکەناڵەکانی درامای "ئێم بی سی" پەخش دەکرێت.

## (٣)
## فاڵگرەوە

درامای عەراف شیرینی و لوقمە قازی سفرە رازاوەکانی درامای رەمەزانە. عەراف دووەم ئەزموونی درامی عادل ئیمامە لەوەتەی میسر شۆڕشی کردووە. ساڵی پار درامای فرقە ناجی عەتائوڵڵای کرد کە موبالەغەو ئەکشنێکی سیاسی زۆری تێدا بوو، بەڵام لەعەرافدا تێیهێنایەوە .توانی قۆناغی دڵەراوکێی دوای شۆڕش تێپەڕێنێ کە توانجێکی زۆری لێگیرا.

عەراف تێکەڵەیەکە لە دەرکەوتنە تازەکانی عادل ئیمام لە فیلمی زەهایمەر و مورجان ئەحمەد مورجان. بڕێکی زۆری فەنتازیا، ئەدگاری شیرینی کۆمیدیای ئیمامی و هەندێک توانجی هاوسەنگ کە شپرزەیی و خۆنواندنی درامای فرقەی ناجی تێدا نییە.

عادل ئیمام ئەمجارە درامایەکی هاوسەنگی هەڵبژاردووە کە دوو دونیای جیاوازی میسر: دونیای های لایفەکان و دونیای پەراوێزکەووتوانی ناو گۆڕستان و عەشوائیاتی دەرەوەی شارەکان. لەو نێوەندەدا لەجێی ئەوەی وەک هەر کۆمەڵێکی ئاسایی و نۆرماڵ چینی ناوەڕاست هەبێت، چینێکی تەڵەکەباز پەیدا دەبێت کە وەک جیوە ناگیرێت، کڵاو دەکاتە سەر دەوڵەت و دەوڵەمەند، تەلەکابازێکی سپۆرتە هەم تەرزە ژیانێکی خۆشگوزەران، بە پارەی حەرام، بۆ خۆی دابین دەکات و هەمیش وەک رۆبن هۆد پارەی تەڵەکابازی و دزی بەسەر دارو دەستەکەیدا دەبەخشێنێتەوە کە دراماکە وەک هەژار، ئەمما ژیر و زۆرزان نیشانیان دەدات.

عادل ئیمام بێ تێکست و گرێی درامیش، دراما بکات، خۆش دەردەچێت، خۆ ئەگەر کوڕەکەی "رامی ئیمام" سەروکاری دەرهێنانی بۆ بکات، ئەوا کڵاشەکە بە پێی باوکی دەدورێت.

ئیمامی باوک و کوڕ لەم چەند فیلمەی دوایی و لەم درامایەشدا کە "یوسف معاتی" نووسیویەتی، ئاستێکی بەرزی تەکنیکی و هونەری نیشان دەدەن کە شان لەشانی دراما رۆژئاواییەکان دەدات، خەریکە وەک درامای رۆژئاواییش لە درامای ئیمامدا، ئاماژەو مۆسیقاو باگراوندی دیمەنەکان زاڵ دەبن. ئەوە کە عادل ئیمامی

قسەخۆش بەکەمترین قسەوە هەمان هەستی خۆشی جارانمان دەداتێ بازدانێکی دیکەی زەعیمە لەرێی زەعامەتدا.

## (٤)
## تەوژمێکی گەرم

داهێنەری میسری ئوسامە ئەنوەر عەکاشە، لەبواری ئەدەبدا خۆی بەشاگردی نەجیب مەحفوز دەزانێت، لەبەر ئەوە بەشێکی بەرچاوی چیرۆکو رۆمانەکانی لەوانەش (مونخەفەز ئەلهند ئەلموسمس) وەک ئەوانەی مەحفوز گشتگیرن، دیوی ناوەوەی کەسایەتییەکان تەی دەکەنو لەناو دیمەنێکی ئالۆزدا چیرۆکێکی ئامانج روونمان پێشکەش دەکەن.

بەپێچەوانەی ئەو درامایانەی خۆی بۆ تەلەفزیۆن نووسیونی، چیرۆکە نووسراوەکانی عەکاشە هێدیو لەسەرخۆنو بەشێنەیی ناخی کەسایەتییەکانت پێ نیشان دەدەن. لەبەر ئەوەش درامای (تەوژمێکی گەرم) کە لەو رۆمانەی عەکاشەوە وەرگیراوە، ئەو بزاوتو تەشویقەیان تێدانییە کە لەدراما تەلەفزیۆنییەکانی عەکاشەدا هەیە، بەڵام ئەگەر سەبر بکەین، دەزانین هەمان مەسجو هەمان رۆحی درامییان تێدا زاڵە.

درامایەکی کۆمەڵایەتی بەباگراوندێکی سیاسییەوە، کە سیناریستی لاو خانم مریەم نەعوم هەوڵێکی زۆری داوە دونیای عەکاشی پێ بگوازێتەوە. چیرۆکەکانی عەکاشە خەسڵەتی گێڕانەوەی ململانێی نێوان دژەکانی هەیە. هەمیشە کەسێک هەیە کە خەباتگێڕێکی سیاسیی تێکشکاوەو لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیو ژیانی بەرجەستەدا تووشی کێشە دەبێت. هەروا کەسایەتی فەرمانبەری مەسەلەکی کە سنووری خزمەتی پەیوەستە بەئەرکی سەرشانەوە، لێرە نموونەی ئەفسەری لێکۆڵینەوە ئەم رۆڵە دەگێڕێت کە فەرمانبەرێکی دەوڵەت ژیانی وەزیفەی دەباتە ماڵەوەو لەوێ بەرجەستەی دەکاتەوە.

ئەفسەری لێکۆڵینەوە کە (ئەیاد نەسار) رۆڵەکەی بەجوانی بەرجەستە دەکات، ئەم پەرەسەندنە درامییە دەگەیەنێتە ئاستی پێویستی رۆمانەکە، سیناریۆکە. نەسار ئەکتەرێکی ئوردنییە کە دوای ئەوەی لەدرامای جەماعەدا رۆڵی (حەسەن بەننا)ی بەجوانی گێڕا، لەناو بازاڕی قەرەباڵغی هونەری میسرییدا جێی خۆی

کردۆتەوە. ئەم ڕۆڵە تازەیەش جێگاکەی گەرمتر دەکات.
ئیقاعی هێمنانەی دراماکە نزیکی دەکاتەوە لەدرامای یەک ئەڵقەیی، بەڵام زۆری ڕووداوەکان یارمەتی دەدات لەپێکەوە گرێدانەوەی ئەڵقەکانی وەک یەک زنجیرە. هێشتا زووە حوکمی کۆتایی لەسەر سەرکەوتنی یەکجارەکی بدرێت. تائێستا بەشی ئەوەی تێدایە هانی بینەر بدات لەگەڵی بڕوات.

(٥)

## خشتەت داناوە؟

ئیتر وا هەفتەیەک بەسەر ڕەمەزاندا تێدەپەڕێت، لەکۆتایی ئەم هەفتەیەوە بینەری دراما هەڵوێستی خۆی لەسەر دراماکان یەکلا دەکاتەوە. داخۆ لەم لێشاوی بەرهەمە عەرەبی و دۆبلاجکراوە تورکی و هندیانە تاسەر لەگەڵ کام یان چەند دراما دەڕوات؟.

بینەر لە هەفتەی یەکەمدا گرەو لەسەر هەموو دراماکان دەکات، چونکە مامەڵەی سەرەتاییە. ئینجا لەکۆتایی هەفتەدا بۆی ساغ دەبێتەوە کە دەبێ جەخت لەسەر کام بژارەی بەردەمی بکاتەوە؟ ئەوی لەگەڵ زەوق و سەلیقەی خۆی، یان ئەوی ئەکتەرە پەسەندکراوەکەی خۆی تێدایە یاخود زۆربەی جاریش، مادام ڕەمەزان گردبوونەوەی خێزانەکانە، ئەوی ماڵ و مناڵەکانی پەسەندی دەکەن.

لەم هەفتەیە بینەر، بەتایبەتی بینەری وەفاداری دانیشتوو لەماڵەوە، خشتەیەک بۆ دراماکان دادەنێت کامیان سەعات چەندو کامیان سەیری دووبارەکەی لە شەو لەهەمان کەناڵ یان لەکەناڵێکی تر بکات؟، بینەر لەم خشتەیەدا جێی درامای پەسەندکراوی خۆی بە گوێرەی باشی و چێژی زۆر و هەندێک جاریش بەگوێرەی گونجاندنی کاتەکانی دەکاتەوە. ئەو درامایەی جێ پەسەندی هەموو بنەماڵەیە بۆ ئێوارەی کاتی ڕۆژوو شکاندن یاخود وەکو لە بواری میدیای درامادا پێیدەڵێن لە لوتکەی کاتەکاندا تەماشا دەکرێت. ئەوانی تر بۆ درەنگترو هەندێکیش بۆ ڕۆژی دواتر لەکاتی نیوەڕۆدا.

لەم نێوانەدا درامای وا هەیە پاشەکشێ دەکات بۆ کاتی دوای ڕەمەزان. وەک چۆن تەلەفزیۆنەکان هەندێک دراما بەهەرزانتر دەکڕن وەختێک ڕەمەزان

تێپەڕدەبێت، ئاوا بینەریش لە کاتی هەرزانتری دوای ڕەمەزان سەیری ئەوانە دەکات کە لەقەرەباڵغی ڕەمەزاندا فریایان نەکەوتووە؟.

تۆ خۆت یەکلایی کردۆتەوە؟ خشتەت داناوە؟.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: لەژمارەکانی:٦١٢٨، ٦١٢٩، ٦١٣٠، ٦١٣١، ٦١٣٢ لەبەروارەکانی ٢٠١٣/٧/١٢، ٢٠١٣/٧/١٤، ٢٠١٣/٧/١٥، ٢٠١٣/٧/١٦، ٢٠١٣/٧/١٧ بڵاوبوونەتەوە.

# مەحمود دەروێش و..کوردستان

هەفتەی رابردوو شاعیری گەورەی فەلەستینی مەحمود دەروێش لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆچی دواییکرد.

دەروێش گەورەترین شاعیری بەرەنگاری تێکۆشانی فەلەستیینیەکان بوو، بەڵام ئەم خەسڵەتە کە بۆ ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێویست بوون رێیان لێنەگرت کە جوانکاریی لە شێوەو فۆرمی قەسیدەکانی بکات. جگە لەدونیای عەرەب لە شەستەکانو حەفتاکانو هەشتاکان کە گەرمەی تێکۆشانی بزووتنەوە نیشتمانییەکان بوو، دەروێش لەناو کوردو لە ئەدەبیاتی کوردیشدا سەنگو رەنگێکی رێزدار بوو، خۆشی لەسەر کوردستان قەسیدەیەکی جوانی هەبوو، تێیدا رەخنەی لەو عروبەیە دەگرت کە لەسەر حیسابی سووتانی کوردستان رووی لە رزگاری نیشتمانیی عەرەبە.لێ دوایی ئەو قەسیدەیەی لە کۆی بەرهەمەکانی دەرهێنا. ئەم هەڵوێستەو سەردانی بۆ مەربەدی رژێم لە بەغدا، لە هەشتاکاندا، لای کورد نوختەیەکی لەسەر وێنەی مەحمود دەروێش دانا، بەو حاڵەشەوە شیعر هەر پایەدارو شاعیرێکی وەکو دەروێشی ئەدەبی ئینسانیو قەسیدەی عەرەبی بە خەزێنەو خەرمانی خۆی دەوڵەمەند کرد.

*گۆڤاری هەفتانە. (٢٠٠٨)

# پەتای سیاسەت

لە میسر دیاردەی تێکەڵکردنی ڕەخنەی سیاسی لەگەڵ هونەری شانۆدا، پەتایەکەو هونەرمەندە کۆمیدییەکانی گرتۆتەوە. سەرەتا (عادل ئیمام) ئەو ڕەوتەی تێکەڵ بەفلیمەکانی (ئیرهاب و ژیان)و (ئیرهاب) کردو پاشان (ئەحمەد بدێر) و (محەمەد سوبحی) یش پەتاکەیان لە شانۆدا قووڵتر کردەوە. لە شانۆگەری (دەستوور ئەی بەڕێزان)دا کە سانسۆر چەندین جار نمایشکردنی یاساغ کردو پاشان ڕەزامەندی وەزیری ڕۆشبیری بۆ وەرگیرا. ئەحمەد بدێر ـ ی هونەرمەند، ڕۆڵی هاووڵاتییەک دەبینێ کە باوەڕ بە بەندەکانی دەستوور دەکاو خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وڵاتەکەی دەپاڵێوێ. بەڵام سانسۆر ئەوەی قبوڵ نەکرد کە هونەرمەندێک دەمامکی سەرۆک موبارەک بپۆشێو، جەلال شەرقاوی دەرهێنەری ناسراوی میسری (لەهەر دەرچوونێک لە تێکست) ئاگادار کردەوە.

سەرەنجام لە کاتی نمایشکردنی (دەرچوون لە تێکست) قەوماو ئەحمەد بدێر پرسیاری ئەوەی لە بینەران کرد کە داخوازیان لە سەرۆک کۆمار چییە؟ بینەرە هاوڵاتییەکانیش هەریەکەو گرفتێکی خستەڕوو!

هەروەها عادل ئیمام کە ئەم گۆبەندە لەژێر سەری ئەوەوە پەرەی گرت ئێستا خەریکی نمایشکردنی شانۆگەری (رابەر)ەکە تێیدا گاڵتە بەهەندێک رابەری سیاسی دەکا هەر لە هیتلەرەوە تا صەدامەکەی لەمەڕخۆمان!

محەمەد سوبحیش، لە کاروانەکە دانەبڕاوە کە ئەویش سەرقاڵی شانۆنامەی (دایە ئەمریکا)یە کە باس لەپەیوەندی پاشکۆیەتی نێوان میسرو ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکا.

کەوابێ ئێستا سەر شانۆکان بوونەتە مینبەری سیاسی کە هاوشانی مینبەری حزبەکانو بگرە زیاتریش. هەر لەو وڵاتەدا لە خوارەوەی شانۆی سیاسی ڕەسەن، شانۆی سیاسی بازرگانیو گاڵتەجاڕیش هەر بەردەوامە. بەڵام نەیتوانیوە ململانێ

لەگەڵ ئەستێرەی درەوەشاوەی (رابەرانی سیاسی) عادل ئیمام، ئەحمەد بدێر، محەمەد سوبحی بکات.

قسەی نێوان خۆمان بێ، لای خۆشمان (وەستا عەلی)و هاوکارانی لە (ئەحەی کرنو) دا کەمو زۆر سیاسەتیان کرد!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ١١٦٣ (١٩٩٥/١٢/١٢)

# بەبیانوی هابەوە!

شارو ناوچەکانی کوردستان هەموویان بەشێکن لەکوردستانو هەمووشیان بەو مانایە کوردستانین. بەڵام هەندێکیان بەحوکمی هەڵکەوتی جوگرافیان خەسڵەتی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی جیاوازیان لەوانی تر هەیە. بەتایبەتی ئەمە بۆ ئەو شارانەی هێڵی تەماسی "کوردستانی جنوبی"ن لەگەڵ ئەو بەشەی عیراق کە لەدەفتەرەکانی مێژوودا "عیراقی عەرەبیان" پێدەگوت. ناوچەکانی هێڵی تەماس ناوچەی هەمەڕەنگی فەرهەنگو کەلتور، هەمەڕەنگی زمانو زاراوەی ئاخافتنن. هەندێک جاریش ناوچەی تێکەڵی رەگەزییو تێکەڵی ئایینیو مەزهەبین. ئەم خەسڵەتە جوانە لەهەموو نیشتمانێکدا، ئەگەر چاک مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، گەواهی هێزو پتەوین، نیشانەی دەوڵەمەندی فەرهەنگو نەریتی کۆمەڵایەتین. ئەگەریش خراپ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، وەک نموونەی مامەڵەکردنی بەغدا لەگەڵ هەمەڕەنگی ناوچەکانی تەماس، لەوانەش کەرکوک، ئەوا دەبێتە مایەی دەردو بەڵاو یەکێتیی نیشتمانیی لەوڵاتەکەدا دەشێوێنێو کەرتوپەرتی دەکات.

کەرکوک پێش دەستێوەردانی سیاسەتی ناوەندیی، ناوچەی هەمەڕەنگی کەلتورو فەرهەنگ بوو، شارێکی کوردستانیی جێژوانی لێبوردەیی ئایینیو مەزهەبی، جێژوانی برایی نەتەوەیی خەڵکە رەسەنەکەی بوو. دانیشتوانی کەرکوک بەکوردو تورکمانو ئاسووریو ئەرمەنی، بەسوننەو شیعەو مەسیحیو جووەوە هاوڵاتییانی یەک شارو چەند فەرهەنگێکی دەوڵەمەند بوون. وێنەیەکی چڕبۆوەی پێکەوەژیانی نەتەوەو کەمینەکانی کوردستان بوون، وێنەیەکی بچووککراوەی چۆنیەتی پێکەوەژیانی خوازراو بوون لەعیراقی ئایندە، عیراقی دیموکراتیو لێبوردەییدا.

لێ سیاسەتی کورتبین، سیاسەتی شۆڤێنی ئەم نموونە جوانەی شێوان، ئەو وێنە چڕبۆوەی پێکەوەژیانی تەڵخو خوێناوی کرد.

هابەی هونەرمەندی تازەکۆچکردوو، کوڕی ئەم کەلتوورە هەمەڕەنگو دەوڵەمەندە بوو کە قۆریاتی تورکمانیو قەتارو ئەڵڵاوەیسی کوردی تێکەڵکرد.

ئەو بەرهەمی ئاوێتەبوونی فەرهەنگی تایبەتی ناوچەیەکی تایبەت بوو کە پێش ئەوەی سیاسەتی کورتبین لووتی تێبژەنێ هی هەمووان بوو. هابە گرێی دەروونی لەدڵدا نەبوو کە داخۆ کوردێکە گۆرانی تورکمانی دەڵێ، یان پەروەردەی کەشێکی تورکمانییەو هەندێک گۆرانی کوردیی هەیە؟

هەروەکو دەشگوترێ: "ئەگەر بێتە کار، سۆزەی گۆرانی، نە چۆڵ دەپرسێ، نە ئاوەدانی"، ئاخر هونەری بەرز کە لەئاوەدانی یان لەچۆڵەوانییەکی ئازاددا لەقورگ دێتەدەر، خۆی زمانی دەربڕین دەدۆزێتەوە. هونەری بەرز سۆزی خۆشەویستییە بۆ ژیانو بۆ نیشتمان، بەڵام کاتێک بڕیارەکانی تەعریبو پەرتکەو زاڵبەی تێدەکەوێ، ئیتر مەیلی گۆرانیش، چ قۆریاتو چ مەقام، لەدڵدا نامێنێ.

هابە گوزارشتە جوانەکەی کەرکوکی پێش تەعریبو راگوێزانە، کەلتووری هاوبەشی کوردو تورکمانە بۆ سەردەمێک کە کەس شەرمی نەدەکرد بە چ زمانێک گۆرانی دەڵێ، بۆ سەردەمێک کە کەس پێویستیی بە تصحیح قومیە نەبوو. هابە بەڕاستی هی کوردستان بوو.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: گۆشەی کورت و کرمانج (٢٠٠١)

## فەسڵی دووەم

# وردیلە رۆژنامەوانی

# هەواڵە گەشبینەکانو کۆتاییە خۆشەکان!

وەرشەی هەواڵ لە هەر رۆژنامەیەکدا، پتر لە هەر بەشێکی تر جمەی دێ.
لە شەوی ئامادەکردنو دارشتنی هەواڵدا تەقسی تایبەتی کارکردنو نوکتەو پشوودانو سەرلەنوێ کارکردن دەخولێن، بازاڕی هەواڵیش هەندێک جار گەرمە بەهەواڵی ناوخۆییو هەندێک جاری تریش بە هەواڵی بیانیی. کاتێک لە گەرمەی رووداوێکی ناوخۆییدا تەنوری هەواڵەکان تەنها نانی بیانی بەرهەم دێنێ، دلاوەری شێخ المخبرین-ی لەمەڕ کوردستانی نوێ دەڵێ: چی بکەم هەر ئەو جاش خەبەرانە هەیە!
لەڕاستیشدا هەروایە، چی بکەین جاری وا هەیە لەو قوڕە هەر ئەو تۆزە هەڵدەستێ.
روویداوە کە لە شەوێکدا هەواڵەکان تەنها هەواڵی ناخۆشو جەرگبڕین. بۆ نموونە لەیادمە شوباتی ١٩٩٥، ئەو رۆژەی تەقینەوەکەی زاخۆ قەوما، بەشی زۆری هەواڵەکانی دونیا وەک بڵێی هاوخەمی ئێمەبن لەکارەساتی زاخۆدا، هەواڵی ناخۆشو رەشبین بوون، ئەو شەوە لافاو بوو لە بەنگلادیش، شەڕ بوو لە ئەفغانستان، کوشتار بوو لە روانداو ئاگربڕ لە بۆسنیا پێشێل دەکراو، حکومەتێکی دیکەش چەند هاوولاتییەکی گوللەباران کرد.
ئەو شەوە هەر ئەوەمان هەبوو، کەچی شەوی ٢٤-٢٥ی ئایاری ئەمساڵمان پڕبەرەکەت بوو.
هەروەک لە ژمارەی پێرێ (٥/٢٥) بازاڕی هەواڵ هەرزانیو گەشبینی بوو. لەئەسڵی (١٥) هەواڵی لاپەڕەیەکدا، (٩) هەواڵی گەشبین هەبوو کە زۆربەیان لەسەر هەڵبژاردنو گرەوی دیموکراسی بوون. ئەوانی دیش قسەیان لەسەر ئاشتیو پێکهاتنەوە دەکرد. بۆ نموونە:
-هۆنگ کۆنگ پەرلەمانی خۆی هەڵبژارد.
-لوبنان، قۆناغی یەکەمی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان.

-عومەر ئەلبەشیر: تەئكید لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی كێشەی باشووری سودان دەكاتەوە.

-حەبیبی بەنیازە هەڵبژاردنی گشتی لەئەندۆنیزیا بكات.

- كلینتۆن بەرامبەر ئاكامی ریفرندۆمی ئێرلەندا خۆشحاڵە.

- سەنیگالو (١٤٠)ئەندامی نوێ بۆ پەرلەمان.

- یادی یەك ساڵەی هەڵبژاردنی خاتەمی.

- تاران‌و ئەبوزەبی درێژە بە پەیوەندی نێوانیان دەدەن.

- كۆتایی هاتنی مانگرتنی كرێكارانی سیبریا.

لەدەمی خۆیدا نازم حیكمەت-ی شاعیر لەزیندانە تاریكەكانەوە، ساتێكی گەشبینی دایگرتو لەشعرێكدا وای وتبوو:

(تكایە ئەو كتێبانەم بۆ بنێرن كەكۆتاییەكانیان خۆش‌و كامەرانیان لێ دەكەوێتەوە.)

هەقە ئێمەش بڵێین خودایە لەوەرشەی هەواڵدا، بەشی كوردانیش بدە لەو هەواڵانەی گەشبینی‌و كامەرانیان لێ دەتكێ!

*رۆژنامەی كوردستانی نوێ: ژ:١٦٢١ (/١٩٩٩/٥)

# حیلمی عەلی شەریف
# ماڵئاوا

لە بەغدا دەرچووە سەیوانە ئامانجی
ڕێ چۆڵ کەن ئەی برای زازایی‌و کرمانجی

دوێنێ لە پێشوازییەکی پڕشکۆدا، شاری سلێمانی تەرمی ڕۆڵەیەکی بەوەفای خۆی لە باوەش گرتەوە کە بەشی هەرەزۆری تەمەنی خۆی لەڕێی سەرکەوتنی کوردایەتی‌و پێشکەوتنی کوردەواری‌و پێشخستنی واری ڕووناکبیری‌و ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا خەرج کرد، بەڵێ پاش خزمەتێکی زۆری گەلەکەی مامۆستای ڕووناکبیرو سیاسەتمەدار حیلمی عەلی شەریف بۆ یەکجارەکی بەغدای جێهێشت تا لەشارەکەی شێخی نەمرو سەیوانی شەهیدستاندا بە ئاسوودەیی چاولێک بنێ.

مامۆستا حیلمی تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی‌و ناوێکی درەوشاوەی بزووتنەوەی سیاسی کوردو عیراق بوو، لە ئەسڵی ئەو سیاسەتمەدارە ڕووناکبیرانەی کورد بوو کە لە رابردوویەکی نزیکدا خزمەتی رەوتی پێشکەوتنخوازی‌و گرێدانەوەی کوردایەتی بە رەوتی دیموکراتی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کرد بوو، هەروا لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا ڕۆژنامەنووسێکی پڕ ئەزموون‌و کارامەی ئەوتۆ بوو کە جگە لە سەرپەرشتیکردنی ڕۆژنامەی ئەلنور و ئەڵقە بەپێزەکانی مامۆستا حیلمی لەسەر جیۆپۆلۆتیک، مەسەلەی ناکۆکی سەرەکی‌و لاوەکی‌و ئەڵقە پڕجورئەتەکانی لەسەر پیرۆسترۆیکا کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی هاوکاری دا، دەنگدانەوەیەکی باشی لە نێوەندی ڕووناکبیری‌و کۆڕی لاوانی کورد لەدوای زەمەنی پرۆسترۆیکادا هەبوو، ئەمانە هەمووی شایەدعەیانی ئەو توانا هەمەلایەنە بوون کە لەمامۆستای کۆچکردوومانداا چڕبووبوونەوەو ئەویش درێغی لەخستنەگەڕی نەدەکردو زەکاتی ئەو هەموو سامانە سیاسی‌و ڕووناکبیرییەی بە گەلەکەی دایەوە بۆ ئەوەی تا

ئەبەد لە گۆڕەکەیدا بەئاسوودە بنوێ.

حیلمی عەلی شەریف یەکێک بوو لەو رووناکبیرە کوردانەی بەغدا کە ئومێدێکی زۆری بە ئەزموونی دیموکراتی هەرێمو خەیاری کوردیی هەبوو، لەو ماوە کەمانەی کە بۆی لوا سەردانی شارەکەی خۆی بکا، هەمیشە لەدانیشتنە تایبەتییەکانیدا بۆچوونی خۆی لەسەر راگەیاندنو ئاستی رۆژنامەوانی رۆژنامەکانی کوردستانی ئازاد دەردەبڕیو تێبینی وردو بەنرخی پێشکەش دەکرد، لە روانینی سیاسیشدا پێی وابوو کە دەبێ کورد ماڵی خۆی یەک بخاو حەزی دەکرد لەگەڵ هاتنەوەی بۆ ئەوەی بە یەکجارەکی لە سلێمانیدا بژی، ئاشتبوونەوەی کورد بە چاوی خۆی ببینێ، بەڵام مەخابن مەرگ زەفەری بەو تێکۆشەرە دێرینە بردو لێ نەگەڕا ئەوەی لە تەمەنی ماوە لەنێو گەلەکەیدا بەسەری ببات.

ئەزموونی مامۆستا حیلمیو یادەوەرییەکانی وی، مایەی هاندانو پەند لێ وەرگرتنن بۆ ئەمڕۆو داهاتووش.

بنوو لە قەبرەکە تا موستەریح بە ئەی حیلمی
لە تۆ کوردترە ئێستاکە نەزان هەتا عالم

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:١٦٤٩ (١٩٩٨/٧/٦)

# ئاسۆی رووناکی

مامۆستا حیلمی عەلی شەریف ئالآیەکی بەرزی ناو ئاسمانی کوردەواریو کوردایەتیو رۆشنبیریی کوردییە. لە کۆڕی رۆژنامەوانییو کۆڕی تێکۆشانی سیاسیو دیموکراتیدا ناوێکی درەوشاوەیە.

لیاقەتی مامۆستا لە بواری رۆژنامەوانیدا ئەوەندە گەورە بوو کە رۆژنامەی نوری کردبووە روناکییەکی درەوشاوە لەئاسمانی میدیای عیراقیدا. لە وەختێکدا دەیان تواناو لێوەشاوەیی تر هەبوون لە رۆژنامەگەریی دێرینی عیراقدا، بەڵام نور بووە قەڵای دیموکراتیو پێشکەتنخوازو بیروڕای جیاواز. نەک هەر بۆ کورد بەڵکو بۆ عەرەبی عیراقیش ئەو کاتەی ئاسمانی نەتەوەکەی خۆیان وا تەسک دەبۆوە هەر جێی باوەڕەکانی بەعسی دەکردەوە.

مامۆستا حیلمی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانیشدا، تێکۆشەرو سەرکردەیەکی بەهیمەت بوو، دیدی رۆشنو بیروڕای بە بیری پێشکەوتخوازی پتەو بوو. ئەمەش نەک هەر لە پراکتیزەکردن، بەڵکو لە مەیدانی قووڵی فیکریشدا بەرجەستە دەکرد. بۆیە لە دەورانی درەنگتریشدا کە وەک رووناکبیرێک نووسینی لەسەر سیاسەتو چەمکەکانی دەوڵەتو نەتەوە دەنووسی، بیرمەندێکی حەریفو شارەزا بوو، نووسینە دەگمەنەکانی ئەو کاتەی لە رۆشنبیریی نوێدا شایەدی نووسراو بوو.

لە کۆتایی هەشتاکاندا زنجیرە نووسینە تەڕو پڕەکانی لەسەر پیرۆسترۆیکاو ئاکامەکانی کەوتنی ئۆردوی سۆشیالیستی شانی لە شانی لێکۆڵینەوەو نووسینی بیرمەندە گەورەکانی دونیایی دەدا لە قووڵی، لە وردیو تامو چێژی دەربڕینیشدا. ئەم نووسینانەی لە هاوکاری کۆتایی هەشتاکاندا بڵاو کرایەوە، زادێکی فیکریو سیاسیی بوو بۆ نەوەی نوێی کورد لە زانکۆو لە نێوەندی سیاسیو رووناکبیریدا. لەوەش زیاتر مامۆستا لە بەغداشەوە وەفاداری کوردایەتیو رەوتی نوێی بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی بوو، بەتایبەتی لە کۆڕی میدیادا کە لای ئەو چەکێکی بەهێزی

خەباتی سیاسیی‌و فیکری بوو. بۆیە چەند جارێک شەرەفمەندی کردین بەدیداری خۆی‌و، لەو هەلومەرجە دژوارەی نیوەی دووەمی نەوەدەکاندا تێبینی سیاسیی‌و میدیایی‌و رووناکبیریی پێدەگوتین، ئەمەش شانازییەکە ئێمەی هەڤاڵانی راگەیاندنی یەکێتی وەک یادگارێکی بەنرخ دەیگێڕینەوە.

وێستگەکانی تەونی پڕبەرەکەتی مامۆستامان زۆرە، ستوونێک تێری ناکاتو ئەمە دەروازەیەکە بۆ گێڕانەوە راستەقینەکانی هاوخەباتو هاوسەنگەرانی مامۆستا حیلمی عەلی شەریف. ئەم رێزلێنانە لەساڵرۆژی کۆچی مامۆستا حیلمیدا وێستگەیەکە لە رێزلێنانی گەورەتر کە هیواداریین سەرکردایەتی یەکێتی‌و کوردایەتی‌و پێناوانی رۆژنامەگەری کوردی بیکەن‌و دەکرێ لە چاپکردنی کۆی بەرهەمەکانی مامۆستاوە دەست پێبکەن تا یادی زیندوو رۆحی هەمیشە شاد بێت.

ئەم یادەمان ناو نا "ئاسۆی رووناکی" لەبەرئەوەی مامۆستا هەندێک جار بە ناوی خوازراوی ئاسۆ لە نور (رووناکی) دەینووسی.

* کوردستانی نوێ: ژ:٥٩٨١ پاشکۆی ئاسۆی رووناکی، تایبەتە بە یادی حیلمی عەلی شەریف (٢٠١٣/٧/٤)

# غەوار و دورەید

(١)

## منداڵان وانەکانی هاتوچۆ بە باوکان دەڵێنەوە

شەوی هەینی ٥-١٩٩٨/٢/٦ دورەید لەحام گەورە هونەرمەندی شانۆکاری سوریا و عەرەب لە تەلەفزیۆنی ئەبوزەبی-ەوە وەک هاووڵاتییەکی پەرۆش بۆ پاکی ژینگەو سەلامەتی هاوڵاتیان لە هاتوچۆی نێو شاردا، دەرکەوت.

لەحام کە بەدەوری ((غەوار توش)) و دواتر فیلمی حدودو تەقری و ((کاسک یاوەتەن))و چەندین شانۆگەری تر ناوی دەرکردبوو، لەو چاوپێکەوتنەدا پتر لەهەر کاتێکی تر سیمای پیری و بەساڵاچوونی پێوەدیاربوو، ((غەوار)) ئاماژەی بەوەکرد کە ماوەیەکە بەهاوکاری لەگەڵ نووسینگەی یونسکۆ لە دیمەشق-ی پایتەخت، خەریکی ئامادەکردنی پرۆگرامێکە، بۆ ئەوەی منداڵان بە مافەکانی منداڵان ئاشنابکات، هەروا وتی: منداڵان شتی بچووک نین وەک گەورەکان پێیان وایە، بەڵکو ئەوان ئینسانی بچووکن. جاری وا هەیە لە راستگۆییەوە پرسیاری وامان لێ دەکەن کە ئێمەی گەورە وەڵامەکەی نازانین.

غەوار تووشی، ئێستا خەریکی بەرنامەیەکی فێرکردنە بۆ بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی هاتوچۆو گەیاندنی راسپاردەی دەزگاکانی پۆلیسی هاتوچۆ بەهاوڵاتیان. لەم کارەشیدا دووبارە پشت بە منداڵان دەبەستێ و برگەکانی بەرنامەکەش بەشێوەیەکی کۆمیدی ئەوتۆ دارێژراوە بینەران پێی قەڵس نەبن.

خۆی دەڵێ (شێوازی راستەوخۆ لە فێرکردن، هاووڵاتی بێتاقەت دەکا. بەم شێوازەی من، منداڵان باوکیان فێردەکەن چۆن لەسەر هێڵەکانی هاتوچۆ، هاموشۆ بکەن).

لەو دیدارەدا دورەید ئەلتوشی باسی پیسبوونی ژینگە و چۆنیەتی جێگیرکردنی

داب و نەریتە شارستانییەکانی کرد و وتی: (لەوڵاتی ئێمەومانان ،بەپێی ئامار، ساڵانە ئەوانەی لە رووداوی دڵتەزێنی هاتوچۆ و لێدانی ئۆتۆمبێلدا دەمرن، زیاترن لەوانەی لەسەر سنوور و لەداکۆکیکردن لەنیشتمان، شەهید دەبن).

(٢)

## دورەید لحام رەخنە لە کراسی ژنەکەی دەگرێ!

هونەرمەندی گەورەی سوریاو عەرەب ((دیرد لحام)) ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە هونەرمەند رەخنەی خۆی هەبێت لەبەردەم دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکەیدا، بەو مەرجەی رەخنەکە لە قاڵبێکی رێکوپێک و رێزلێگرتندا بێ. هەرچەندە هەر خودی راستگۆیی رەخنەکە قاڵبێکی رێک و پێک لەخۆ دەگرێ.

لحام کەتا ئێستاش دەستەواژە سیاسییە جوانەکانی لە شانۆگەری ((کاسک یا وەتەن))دا وێردی سەر زمانی هاووڵاتی سیاسییە، زیاتر مەبەستی خۆی لە رەخنەی سیاسیی رێکوپێک خستەڕوو وتی:

(بۆ نموونە ژنەکەم پرسیارم لێدەکات، رات چییە بەرامبەر بەم کراسە نوێیە؟ ئەز کراسەکەم پێ جوان نییە کە ئەوەش حەقیقەتەکەیە، بەڵام بە ژنەکەم ناڵێم کراسەکەت ناشرینە، بەڵکو دەڵێم کراسەکەی دوێنێت جوانتربوو! بەم شێوەیە بەگفت و لەفزی شیرین بۆچوون و رەخنەی خۆم دەگەیەنمە ژنەکەم!).

غەوار تووشی، کە ئەم ناوە زیاتر لە نێو کورددا باوە، لە چاوپێکەوتنێکی دوورو درێژی کەناڵی فەزائی رادیۆ و تەلەفزیۆنی عەرەبدا ((art)) زیاتر بیروبۆچوونە سیاسییەکانی خۆی دەربڕی و لەباری کارتێکردنی نسکۆی حوزەیرانی ١٩٦٧ لەسەر دەروونی لاوانی عەرەبدا گوتی: (لێپرسراوانی خۆمان هێندە دڵنیایان کردین لە سەرکەوتن کە ئیدی لە نسکۆکەدا باوەڕمان نەدەکرد ئێمە دۆڕاوین، ئێمە لەو کاتانەدا لێپرسراوێکمان بینی کە بەوپەڕی دڵنیاییەوە پێی وتین:

دڵنیا بن! نانی ئێوارە لە حەیفا دەخۆین!).

غەواری پاڵەوانی هەردوو فلیمی سەرکەوتوو راپۆرت و سنوور لە چاوپێکەوتنەکەدا گەڕایەوە سەر هونەر و پیشە ئەسڵییەکەی خۆی کە شانۆیەو بە پێشکەشکاری بەرنامەکەی وت:

له٧٠٪ خۆشی هونەری شانۆ لەوەدایە تۆ پەیوەندییەکی ئینسانی بە جەماوەرەوە دەبەستی و ئەوانیش بەشداری شانۆگەرییەکە دەکەن. بەڵام شانۆ ماندووبوون و جوڵانێکی تاقەت پڕوکێنی دەوێ. بیریشت نەچێ کە من باپیری (٦) نەوەم!)).

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: (١٩٩٧/١/١٦ - ١٩٩٧/٢/١١)

# سەنگەربەندیی رۆژنامەنووسان

بۆچی رۆژنامەنووسان پەیوەندییەکانیان خراپە، هەروەها رۆژنامەکانیش؟ ئایا هەموو رۆژنامەنووسان، ئەهلی یەک کار نین؟

هەموو رۆژنامەکان بۆبڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاریی‌و رووناککردنەوەی پانتاییەکی تاریک، جا بەرتەسک بێت یان فراوان، تێدەکۆشن، ئەی خێرە وا لەهەندێک دەرکەوتدا تیرو شیر لێک دەسوون؟ شتێک کە دەشێ بۆ چاوەزار ناوی بنێین (ناکۆکی)، دەنا لە هەقیقەتدا شەڕێکی ناوخۆییە کاغەزی تێدا خەرج دەکرێ‌و خوێنی مەرەکەبی تێدا دەڕژێ.

ئاسانە هۆکاری ئەم ناکۆکییە بۆ سەنگەربەندی سیاسیی نێوان رۆژنامەنووسان بگێڕینەوە. رەنگە ئەمە لە ناونیشانێکی گشتیدا هۆکارێک بێت، بەڵام ناشێ هۆکارێکی جەوهەری بێت، دەنا لەزۆر وڵاتی تریش سەنگەری سیاسیی‌و دۆخی مەیلداری هەر هەبووەو هەر هەیە. بەڵام زەحمەتە باوەڕ بەوە بکەم ئەو سەنگەربەندییە تاڕادەی سووک و چروککردنی یەکتری‌و بە هیچ نەزانینی بەرامبەر، چووبێت.

ئایا هۆکاری ئەو ململانێ ناوخۆییە، ئایدیۆلۆژییە؟، خۆ لە هەموو وڵاتێکی دونیا ئایدیۆلۆژیاو باوەڕمەندییەکی توندوتۆڵ، هەر هەبووەو هەر دەشبێت، بەڵام میدیاکاران لەوێ نایگەیەننە مریشکەڕەشە، چونکە دەزانن هێنانە پێشی ئایدیۆلۆژیا هەم راستگۆیی پیشەیی ناهێڵێت‌و هەم بەشێک لە جەماوەری وەرگر دەتۆرێنێت، کە وابێ لە کوردستان ئەنگێزەی ئایدیۆلۆژی رۆژنامەنووسەکانی کردۆتە باوکە کوشتەی یەکتری وایکردووە بەرەبابە جیاجیاکانی رۆژنامەنووسیمان بە خوێنی سەری یەکتری. تینووبن، لەجێی ئەوەی سوێند بەسەری یەکتری بخۆن.

رۆژنامەنووسەکانمان خوێنی یەکترییان حەڵاڵ کردووە، هاوپیشەکانی خۆیان بەدوژمنی کافر دەزانن، مادەمەکی لە بەرەکەی دیکەی سەنگەربەندی حزبی یان ئایدیۆلۆژیین، کەوابێ قابیلی رەجم‌و نەفرەت لێکردنن، لە حاڵەتی وادا رۆژنامەنووس هاوپیشە نییە لەگەڵ هاوپیشەیەکی دیکەیدا، بەڵکو "هاوفیشەکە"

لەگەڵ کەسێک، یان دەستەیەک کە کارو پیشەیەکی تریان هەیەو لەگەڵ ئەمدا سەنگەرێکی ئایدیۆلۆژی کۆیکردوونەتەوە، رۆژنامەنووسی عەلمانی هاوپیشەیە لەگەڵ ساختەچییەکی عەلمانی لە بوارێکی دیکەدا، لەجێی ئەوەی هاوپیشەی رۆژنامەنووسێکی تر بێت، کە دەشێ لە روی لایەنگیرییەوە ئیسلامیی، یان ناسیۆنالیست بێت.

رۆژنامەنووسێکی ئیسلامیی دۆستایەتی تیرۆریستێکی پێ خۆشترە لەدۆستایەتی رۆژنامەنووسێکی دیکەی هاوپیشەی، بەڵام بیروڕای جیاواز، ئەم جۆرە دابەشکردنە لە شەڕی ناوخۆدا هەبوو، لەهەموو ململانێیەکی سیاسیدا سەرهەڵدەداتەوە، چونکە بنەماو ماکی لە کوردەواریدا هەیە.

ئەم رەوشە رەنگدانەوەی لەسەر رۆژنامەکانیش دەبێت، ئەسڵەن رۆژنامەکان خۆیان سەنگەریان ئاوا کردووەو رۆژنامەنووسەکانیش تاوی دەدەدن.

لە خۆم دەپرسم، ئایا لە کوردستان تەنها رۆژنامەنووسان ئایدیۆلۆژیا دەپەرستن، یان ئەمە شەڕی سیاسییەکانە بە نۆرەو لە جیاتی ئەوان دەکرێت؟ دەنا بۆچی سیاسییەکان، پیاوماقوڵان، بە شێنەیی سەنگەربەندیی نێوان خۆیان وا تۆخ ناکەنەوە کە هەموو پەیوەندییەک بپسێنن، ئایا کەوچک لە ئاگر گەرمترەو، رۆژنامەنووسەکانیش داشی دامەنو بەخۆیان نەزانیوە؟

ئایا فاکتەری فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیش رۆڵیان نییە لەم پرسەدا؟ بۆ نموونە ئیرەیی بردن بە رۆژنامەنووسە سەرکەوتووەکان، هانی رۆژنامەنووسە شکستخواردووەکان دەدات، سەنگەر بگرنو بوختانو درۆی بۆ هەڵبەستن، بەڕاستی ئەمە کارەساتە کە ئیرەیی هیچ بەهاو نرخێک بۆ راستگۆییو بابەتی بوون نەهێڵێتەوە. ئەویتر، ئەوە رۆژنامەنووسی لایەنەکەی دیکەیە کە سەربکەوێت دەبێ پەلامار بدرێتو ریسوا بکرێت!

دیسانەوە قەناعەت ناکەم، ئیرەیی لەهەموو شوێنێک هەیەو لە چوارچێوەی گونجاوی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، با تەنانەت ئەو ئیرەییە جەرگی رۆژنامەوانیی شکستخواردووش بخوات.

بەڕای من هەموو ئەو دیاردانە هۆکارەکەی یەک شتە، نەبوون ،یان کزی، دابو نەریتی کاری رۆژنامەنووسییو رێزگرتن لە ڕێساکانی پیشەکە. واتا نەبوونی بنەمایەک پەیوندیی نێوان رۆژنامەکان رێکبخات. دابونەریتی هاوپیشەیی پێش کۆمەڵگەی مۆدێرن لە وڵاتی ئێمەدا هەبووە. دارتاشو نەجارو بەرگدروو، هەموویان

لەسەر یەکتری دەهاتنە جواب، ئێستاش هاوپیشەی خۆیانیان خۆش دەوێت با لە رزقی بازاڕیش ململانێی یەکتری بکەن.

هەموو توێژەکانی کۆمەڵ بەشێکن لە تۆڕێکی پەیوەندیی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و هەموویان خاوەنی ئایدیۆلۆژیاو بیروباوڕی خۆیانن، بەڵام هەرگیز کەسی ترو توێژی تر بە خۆیان خۆش ناکەن.

لە میدیای کوردییدا هاوپیشەیی‌و دابونەریتی کار لە پلەی سفردایە، بۆیە رۆژنامەنووسەکان ئیرەیی بەیەکتری دەبەن.

کارێکی نامۆراڵییە بۆ بەدەستهێنانی ئافەرین لەم، یان ئەو سیاسیی، رۆژنامەنوس هەوڵی سڕینەوە، یان تیرۆری رۆحی هاوپیشەکانی خۆی بدات.

کەمێک نەریتی کارو گیانی هاوپیشەیی دەتوانێ زۆر گرێ کوێرە بکاتەوە، توێژی رۆژنامەنوسەکان بکاتە توێژێکی یەکناگیرو خاوەن بەرژەوەند لە داکۆکیکردن لە یەکتری.

*گۆڤاری هەفتانە: ژ:١١٣ ئەیلولی (٢٠١٠)

# میدیا بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی

ئەگەر بشێ میدیا ئەرکێکی سیاسی گشتی غەیرە میدیایی بەخۆی بسپێرێ، ئەوا چاوەڕێ دەکرێت ئەرکێکی نیشتمانییو نەتەوەیی بێت، هەر نیشتمانو نەتەوەیەک قەوارەیەکن بۆ پیادەکردنی دیموکراسیو ئازادییە گشتییەکان، بۆیە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیا، تیۆرێکە نایەوێت ئەرکە میدیاییەکانی وەک بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاریو بەدواداچوون فەرامۆش بکات، بەڵکو دەیەوێت لە کۆمەڵێکی دیموکراتی و ئازاددا ئەم ئەرکە میدیاییە بۆ مەبەستێکی گشتی، بۆ پایەدارکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوە هەڵکردنی سیاسی تەوزیف بکات، پایەدارکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتیو پێکەوە هەڵکردنی سیاسی خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی گرنگی هەر دامەزراوەیەکی گشتییە، بە دامەزراوەی میدیاشەوە، تەقنیاتەکانی میدیا نە بۆ ئەوەیە وەک کایەی سیاسی دروشمی نەتەوەیی بەکاربێنێو نە بۆ ئەوەشە تەوللابوونو دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی بەنرخی ئازادی ڕۆژنامەنووسی بە خەڵک بفرۆشێتەوە، تاڵە دەزوویەکی باریک هەیە لەنێوان پیادەکردنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی بۆ دەرخستنی راستو زانیاریو لەنێوان بەکارهێنانی ئەم چەمکە جوانانە بۆ پەرتکردنی یەکڕیزیو تێکدانی ئاشتی ئەهلی لە کۆمەڵگەدا.

ئەمە بەتایبەتی دەبێت ئەرکی میدیای ئەهلی و سەربەخۆ، بێت کە گوایە دەبێت لە گوشاری سیاسیو ئیلتزامی لایەنداری بەدوور بێتو ویستی ئەهلی بوونو سەربەخۆییان هەمیشە هاندەری گەڕانەوە بێت، بۆ ئەرکی بەرپرسیارێتی پیشەییو بەرپرسیارێتی گشتی (نیشتمانییو کۆمەڵایەتی) هەر وەختێک (لادانی کاتی) بکەن.

ئەمە دیاردەیەکی جێی تێڕامانە لە کوردستان هەندێک میدیاو ڕۆژنامەنووسو ڕووناکبیرەکانی لە پادشا پادشایی تر بن لە تەرەفگیریو بوونە بەشێک لە ململانێ سیاسییەکە، لەجێی ئەوەی دۆخی ململانێی سیاسی لەناو دیموکراسی وڵات بۆ دەستواڵایی زیاتری کاری میدیاییو بەرپرسیارێتی گشتی بەکاربێنن. خۆیان بە

دەستو قاچ تێی کەوتوون، بۆیە دەبینی کەرەستەی میدیاییو زانیارییەکانی دەکەنە دەسکەلا بۆ وەک خۆی هێشتنەوەی دۆخی سیاسیو نەپەڕینەوەی بۆ قۆناغی ئاشتی ئەهلیو ڕێککەوتن، لەسەر ئیدارەدانێکی باشتری ململانێی حوکمڕانو ئۆپۆزیسیۆن. بەمەش ئەرکی میدیایەکی ئۆپۆزیسیۆنی دەگێڕن تا میدیایەکی ئەهلی و سەربەخۆ. لە میدیای وادا ڕەخنەو زانیاریش هەیە، بەڵێ وایە، بەڵام بۆ لایەنداریو سەنگەرگرتن تەوزیف کراوە، نەک بۆ شکڵپێدانێکی باشتری کۆمەڵی کوردەواری بەجۆرێک جیاوازیو بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتیو پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی تێدا بێت. بێ ئەوەی ئەم بزاوتە جیاوازە لێکترازانو پەرتکردنی یەکجارەکی کوردەواریو کوردستانی لێبکەوێتەوە.

دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە، نێوەندی میدیاییو ڕۆژنامەوانیی وا هەبن، وزەی میدیایی بۆ وەزیفەی سیاسی لەبابەت هاندانی پچڕانی گفتوگۆو پێکەوەییو دانوستاندن ئاراستە بکەن، ئەمە لە پەیوەندیو ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتی کراو تێپەڕی، کە ئەم ڕێککەوتنە بەقەدەر حلفی ناتۆ لە ئەدەبیاتی شەرقیدا ڕەخنەی لێگیرا، ئێستاش ئەو نەغمەیە هەست پێدەکرێت کە دەخوازێت دانوستاندنی نێوان ئۆپۆزیسیۆنو حوکمڕان بە لاڕێی لێکنەگەیشتنو لێکترازانی زیاتری سیاسی ببڕێت، ئەم تێفکرینە یان دەرەنجامی لایەنداریو تەرەفگیرییە، یاخود پێیوایە زانیارییو هەواڵ، کە بۆ میدیا وەک ئاوو هەوا وان، لە کۆمەڵگەی تەباو پێکەوە هەڵکردوودا قاتییەو تەنها کۆمەڵی لێکترازاو درزی دەسکەوتنی زانیاریو هەواڵی تێدایە، ئەم تێفکرینە هەڵەیە، چونکە لەبیری دەچێتەوە کۆمەڵی لێکترازاو کۆمەڵگەیەکە رووی لە توندوتیژیو شەڕی ئەهلییە، لە شەڕیشدا هەمیشە (ڕاستی)و گەیشتن بە ڕاستی دەبێتە قوربانی. مەگەر (ڕاستی)و گەیشتن بە ڕاستی ئامانجی بە ڕووداوی میدیاو ئازادی ڕۆژنامەگەری نییە؟

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥٥١٠ (٢٠١١/٦/١٩)

# یاری خاوێن

بابەتێک لە پاشکۆی ستادیۆمی کوردستانی نوێ، تیشک دەخاتە سەر پرسی یاری خاوێن، یارییەک کە یاریکەرە ململانێکارەکان پابەندن بە یاسا و رێساکانییەوە و لەپێناو بردنەوەیەکی کاتیدا، بەها جوانەکان و رۆحی وەرزشی نەدۆڕێنن.

وێڵبوون بەدوای یاری خاوێندا بۆ هەموو جۆرەکانی وەرزش پێویستییەکی بنەرەتییە، بەڵام رێکخراوی فیفا زیاتر لەهەر رێکخراوێکی نێودەوڵەتیی وەرزش کار بۆ ئەم ئامانجە دەکات، چونکە تۆپی پێ بەربڵاوترین یارییە لە جیهاندا.

بایەخی یاری خاوێن و نموونەیی لە بواری تۆپی پێدا زۆر گرنگە، میللیترین جۆرەکانی وەرزش دەتوانێت بەو کەلتوور و ئاکارانەی بڵاویان دەکاتەوە، پەرە بەبەهاو نەریتە جوانە ئینسانییەکان بدات، تا ئێستاش لەهەر بوارێکی ژیاندا کە داوا لە گروپێک دەکرێت دۆڕان و شکست قبوڵ بکەن دەگوترێ: بەگیانێکی وەرزشییەوە مامەڵە بکە.

بەم مانایە وەرزش تەنها بۆ تەندروستی باش و پاراستنی گەنجێتی نییە، بەڵکو بۆ پاککردنەوەی رۆح و گیانی وەرزشکارە لە خەڵتەی خراپەکاری و تۆڵە، کینەو رقی بێ پەروا.

وەرزش یۆگایەکی رۆحییە لەگەڵ ئەقڵ و جەستەو هۆشدا، فێری دان بە خۆداگرتن و رەوشتی بەرز و قبوڵکردنی ئەوانی تر دەکات، وەک ئەو یاریزانەی لە راپۆرتەکەی (ستادیۆم)دا وتبووی: ناوبژیوانی یارییەکە لە ئێمەوە دوور بوو، گۆڵچی کارێکی ناڕەوای نەکردبوو، بۆیە کە ناوبژیوان پرسیاری کرد، بەڕاشکاوی پێموت گۆڵچی هیچی نەکردووە و پێویست بە پەناڵتی ناکات، ئەم ئەخلاقە بەرزە لە کوێ هەیە مەگەر لای یاریزانێکی دەروێشی یاری خاوێن نەبێت؟

یاری خاوێن داوایەکی رەوای بواری وەرزش نییە، بەڵکو بەهاو نرخێکی ئینسانییە، دەبێت لەهەموو بوارێکدا هەوڵی بەرجەستەکردنی بدرێت. گەمەی تۆپی پێ بردنەوە یان دۆڕانێکی ئاساییە کە زۆر بە دەگمەن کاردانەوەی خراپی

لێدەکەوێتەوە، بەڵام ململانێی بواری سیاسیی و ئابووری و بوارەکانی دیکەی ژیان گەمەیەکی راستەقینەیەو کاردانەوە لە هەمبەریان کاریگەریی راستەوخۆ دروست دەکەن، بۆیە داخوازی یاری خاوێن لەگۆڕەپانی دەرەوەی گۆڕەپانی یاری، لە گۆڕەپانە گەورەکەی ژیان، داخوازییەکی سەد قاتە. زۆر کەس لەژیانی سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگی ئێمەدا دەست بۆ یاری نارەوا و ئۆفسايد و گزی و فزی دەبات. گەمەیەکی قێزەون بەڕێدەکات و پاکانەشی بەوە دەلەوتێنێ گوایە ئامانجەکانی رەوایە!

زۆر کەس لەوانەیە وەکو مارادۆنا یاریزانی مەزن بن، بەڵام وەک ئەو بەد رەفتاریشن لەوەدا بەدەست گۆڵ دەکەن و دەرمانی وزەبەخش بەکاردێنن. هەڵبەتە کەمجار دەردەکەوێت یاریزان وەک بێلییە مەزن بێت لە یاری سەرکەوتوو و لە یاری پاکوخاوێنیشدا.

کوردستان لەو وازیکەرانەی کەم نییە کە پەنا بۆ قێزەونترین کەرەستەو ناشرینترین شێوەی ململانێ دەبەن، تەنها لەپێناو بەزاندنی نەیارەکانیان. بێئاگا لەوەی سەرکەوتنی ئاڵوودەبوو بەفێڵ و گزی لەوانەیە دەستکەوتی کاتی مسۆگەر بکات، بەڵام تا ئەبەد خاوەنەکانیان لەزەلکاوی بێ مۆراڵی و بێ بەهای مەعنەویدا نوقم دەبن و پێش هەموو شتێک حورمەتی خۆیان لەدەست دەدەن.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥١٦٥ (٢٠١٠/٥/٣)

# نیقابی لایەنداری، قیناعی بێلایەنی

ئەمڕۆ لەنێوەندی میدیای کوردیدا، کە بەشێکی نێوەندی ڕووناکبیری پێکدێنێت، کەسانێک هەن تا بیناقاقایان نقومن لەململانێ و کێبڕکێ سیاسییەکاندا، کەچی خەڵکی تر ئامۆژگاری دەکەن کە نابێ لایەنداری بەکارو گوفتارتەوە دیاربێت

ئەوانە بەشێکن لەماشێنی تەبلیغاتی ئەو دەستەو ئەو تاقمە، کەچی نوقرچ دەگرن ئەگەر کەسێک بەناو و ناونیشانی ئاشکرای خۆیەوە داکۆکی لەڕێبازو روانینێکی سیاسی کرد، هەشن کاراو ئەندام و هەڵسوڕاوی حزبی و ڕێکخراوین کەچی بۆ خۆ شیرینکردن لای تاقمە پێکناکۆکەکان ڕۆڵی پیاوماقوڵ و نەسیحەتکار وازی دەکەن.

بەشێنەیی لەگەڵ لایەنێک نەخشەو ڕێوشوێنی ڕکابەرێتی سیاسیی دادەنێن و، ئێوارەش کاکە برایی و بە ریشی تۆم قەسەمیانە.

من بۆ خۆم باوەڕ ناکەم ئەوە لەترسا، یان لەبرسا بێت، لەناو ئەم نموونانەدا خەڵکانێک هەن ترسنۆک نین، چاونەترسن و چاوتێریشن، بەڵام خوویەکی کۆمەڵایەتیان لێ بۆتە خوویەکی سیاسیی، کە ئەویش خووی موجامەلەو خۆ لەپێشخستن و خۆشیرینکردنیانە، یاخود لەوانەیە خوی سەرگەردانی بێت لەکۆمەڵێکی ئینتقالی وەک کۆمەڵی کوردستاندا کەهێزە کۆمەڵایەتییەکانی، ململانێکارە سیاسییەکانی، هەنووکە، لەجووڵەیەکی بەردەوامدان و هێشتا لەسەر شقلێکی دیاریکراو نەگیرساونەتەوە، ئومێد دەکەم ئەم خووە وەک دیاردەیەک لەکۆمەڵگەیەکی ئینتقالیدا، هەروا خوویەکی ئینتقالی بێت و نەبێتە دیاردەیەکی رەگ داکۆتاو کەژیانی لەمەودای رۆژنامەنووسی و روناکبیری کوردیی ئالوودە بکات.

مادام هەر قسەمکرد، با دیاردەیەکی تر باسبکەم: لەم دواییەدا باسوخواسی زمانی زبرو زمانی توند لەجاران زیاتر توندو زبرتر بووە، بێگومان هەر دیاردەیەکی رۆژنامەنووسی لەدەرەوەی رەخنە نابێت و لەوەدا هیچ گلەییم نییە لەسێرەگرتن

لەزمانی زبری ناو میدیای کوردستان، بەڵام سەیر لەوەدایە ئەوانەی خۆیان پاڵەوانەکانی زبری و زەبری وشەن، ئەمانە لەپێشی پێشەوەی گفتوگۆکارانی نەفرەتکردنن لەزمانی زبر، جا نازانم ئەم نمایشە بەشێکە لەکەرەستەی ئیشکردن یان ئەوانیش موجامەلە کراون و کەس پێیانی نەوتووە. ماشەڵڵا لەزمانی خۆتان؟ دەبێ لەخۆیان بپرسن. جا هەر مادام دەپرسین با لەڕێوە بشپرسین، زۆر باسی مۆراڵ و ئیتیک و پەیمانی شەرەفی رۆژنامەنووسیش دەکرێت، ئایا بەشێکی ئەوانە کە باسوخواسی وادەکەن، خۆیان لەکارو کردەوەیاندا بەم ناونیشانە جوانانەوە پەیوەست بوون؟

ئومێد دەکەم پرۆژەی پەیمانی شەرەفی رۆژنامەنووسی کە لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە زەمینەسازی بۆ دەکرێت، سەرەتای کۆمەڵێک دەستپێشخەری بێت کە بوارەکە سەنگدار بکاتەوە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت کەموکوڕییەکانی وەک ئەوەی باسمکرد سەر ئاو بکەون و ئەوانە بناسرێن کە (ینهون عن خلق ویاتون بمثله) کەچی هێشتا ئەوانیش بەم کاسبییە رازی نین.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: گۆشەی راست و رەوان**

# كاك بنجامين-يش نوتقی خۆی-دا

ئیمه زۆر جار لەبەر ئەوەی گرێی خەواجەمان هەیە هەرچی شتێک میدیای بێگانە بینووسێ بە ڕاستو دروستی دەزانین، ڕۆژنامەنووسێکی ئیفرەنجی ببینین وا دەزانین مەسیحە لە پێشمەرگەیەتی و بابەتیبووندا، نازانین ئەویش مرۆڤە. قابیلی دادپەروەری و بابەتیبوون و قابیلی لادان و فشەکردنیشە.

لەم ڕۆژانەدا راپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسێکی نیویۆرک تایمز-م خوێندەوە بە ناوی (کوردستانی عیراق ناکۆکە لەگەڵ خۆیدا) چەند بۆچونێکی هەڵەم تێدا بەدیکرد، دەزانم بۆچوون هەر بۆچوونە باهەڵەش بێت، بۆیە قسە لەسەر ئیدعایەکی دەکەم کە هیچ کەسێک لە سلێمانی و لەکوردستان بەگشتی بەو ئیدیعایە ناڵێ ئەشهەدومابیلا و بەو دوعایە ناڵێ ئامین.

کاک بینجامین هال نووسیویەتی: لە باڵکۆنەی ئوتێلەکەمەوە لە سلێمانی ئاماژەی ئازادی لەسەر کەلاکی بەندیخانەیەکی سەددام حسێن دەبینم، هەروەک بیست پۆلیسی چەکدار دەبینم کە لە خوارەوە چاودێریم دەکەن، ئەمەش وایلێکردم هەموو شتێک بە ئەندێشە و خەیاڵمدا بێت تەنیا یەک شت نەبێ: ئازادی.

جا خەڵکینە لە خۆتان دەپرسم، لە کام شوێنێکی ئەم کوردستانەدا (٢٠) پۆلیس چاودێری ڕۆژنامەنووسێکی بێگانەیان کردووە، ڕۆژنامەنووسەکەش هی نیویۆرک تایمز بێت؟ کێ باوەڕ بەوە دەکات لەم وڵاتەدا کە لە گەرمەی هەڵبژاردندا پڕ بوو لە ڕۆژنامەنووس و کەناڵی میدیا بیست پۆلیس بەچەکەوە سۆراخی ڕۆژنامەوانێک بکەن؟

بابەتی بوون و زانیاری راست لەم ئیدیعایەدا لە کوێیە؟.

*ڕۆژنامەی ڕۆژنامکوردستانی نوێ: ژ:٧٠٧ (١٩٩٤/٦/١٤)

# ڕێزی نان بگرن

ئەگەر دۆخی ڕۆژنامەنووسی وڵات شێواو و شەمزاو نەبێت، ئەوا ریپۆرتاژەکەی ڕۆژنامەنووس رزگار فایەق لەلاپەڕە یەکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارەی ٥٢٧٠ لە ٢٠١٠/٨/٣١، شایانی ئەوەیە خەڵاتی ریپۆرتاژی ساڵانە لەکوردستان وەربگرێت.

دەزانم ڕۆژێک دێت پیشەی ڕۆژنامەنووسی لای ئێمە وای لێدێت قەدری بابەتی وەک ئەوەی (زۆرشت دەربارەی نان) بگیرێت، بەڵام قسەی من لەسەر ئەمڕۆیە، نەک ڕۆژێک دادێت کە هەموو دەزانین (ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە).

بەڕاستی چێژم لەو ریپۆرتاژە بینی، ڕەنگە وشەی چێژ نامۆ بێت بەگوێی ئەو کەسانەی وا دەزانن ڕۆژنامەنووسیی یان سەڵاوات لێدانە بۆ ئەم و ئەو، یان سەوڵ لێدانە دژی ئەم و ئەو. مەگەر چێژوەرگرتن بەشێک نییە لە خەسڵەتی زانیاری و زانین؟، بگرە ترۆپکی هەر جۆرە زانین و زانیارییەک چێژ لێوەرگرتنەن، تەنها لە کۆمەڵگە ژیان تارو تاڵەکاندا زانیاری و زانین چێژ نابەخشێت و دوو وشەگەلی وشک و برینگن.

باوەڕم وایە چێژوەرگرتن لە خوێندنەوە و ئاسوودەیی نەفسی بەشێکی دانەبڕاوی ئەنگێزەی ڕۆژنامە خوێندنەوەیە، خەریکە لەم چەلەحانێ و بارگرژییە سیاسییە ڕۆژنامەنووسییەی وڵاتی کوردەواریدا لە بیرمان دەچێتەوە کە جاران ڕۆژنامە خوێندنەوە چێژ و خۆشی پێدەبەخشین. زانیاری و تامی زاری پاراو دەکردین، ئەمڕۆ ڕۆژنامە لەکوردستان عەبوس و بارگاوییە بەسەد ئایدۆلۆژیاو تەڵەکەبازی و دووفاقی و درۆ و دەلەسە. کارێک کرا ئەوی لە ناو عەرەبدا پێی دەڵێن (حچی جراید) لای خۆمان واوەتر بچێت و بێژن (درۆ و دەلەسەی ڕۆژنامەکان).

دەگەڕێمەوە بۆ (نان)ەکەی رزگار کە لە هەموو ڕوویەکەوە نانێکی گەرمە بۆ سەرخوانی ڕەمەزان، نەسووتاوە، مەگەر لێوارەکەی بۆ چێژی زیاتر قوڵپی قاوەیی دابێت!.

دەبێ سەرخوانی خوێنەرانی کورد چەند پێخۆری وابەکەڵک و چێژی گەرەک بێت؟. دەبێ تا چ مەودایەک ئێمە پێویستمان بەوەبێت رۆژنامەنووسی و رۆژنامەکانمان بگێرینەوە، یان راستتر بگیرسێنینەوە لەسەر دۆخێکی سروشتی کە لە پاڵ وەزیفە سیاسییە، گشتییەکەی میدیا، وەزیفەیەکی جەوهەریی بخەینە رۆژەڤی کارەوە، ئەویش: ئەجێندای پێدانی زانیاریی هەمەلایەنە بەرپیتمێکی رۆژنامەنووسیانەوە.

گەلێک جار لە خەمی تیراژ و لەخەمی سیاسەت و سەنگەرلێدانی ئایدۆلۆژی بیرمان دەچێتەوە کە خوێنەر و جەماوەری وەرگر هەقی لەسەرمانە، قەرزی لەسەر شانمانە کە بە تەکنیکی رۆژنامەنووسیی خۆمان دنیابینییان فراوان بکەین، شتە ئاساییەکانیان لاخۆش و خۆشەویست بکەین، وەک ئەوەی ریپۆرتاژی نان کردی.

هەمووومان نان دەکڕین، پارەی ئاسن و کاغەز لەسەرەی نانەواخانەکاندا ریزدەکەین و هەمووومان نان دەخۆین، لێ کەمجار بیر لەوە دەکەینەوە نان لە چییەوە هاتووە و لە چییەوە دێ؟

ئێمە بەلای زۆرشتدا، وەک بەلای نانەواخانەدا، تێپەڕدەبین، قەت ئاوڕێک نادەینەوە ئەو نانە کە فەیلەسوف و شاعیر و شۆڕشەکانی بە خۆوە سەرقاڵکردووە، ئەسڵی هەقایەتەکەی لە چییەوەیە؟

زۆرشت هەیە، لەسەر نان بیڵێین، زۆرشت هەیە لەسەر نانخۆرەکان و ئەوانەی نانیان لە فەرامۆشکردنی بابەتەکانی وەک (زۆرشت دەربارەی نان)دایە، بەیانی بکەین، لێ چونکە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ لێرە دەیبڕمەوە.

هیوام وایە ئیتر چێژ بۆ رۆژنامەنووسی بگێرینەوە، چونکە کۆمەڵگەی زانیاریی خۆی لەخۆیدا کۆمەڵگەی چێژوەرگرتنە لە خۆشییەکانی ژیان، بە نان و رۆژنامەوە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ٢٤٥ (٢/٨/٢٠١٠)

# ئەم ئەستێرە، بەسەرهاتی دڵگیری
# لە کام ڕۆحا نابزوێنێ سا زویری؟*

( (ئازاد گیان لە ئەمانەتی خوایا بیت)) مام سدیق بەم جۆرە خواحافیزی لە کوڕە گەورەکەی خۆی کرد، وەختێک خۆیی و کوڕەکانی و دۆستانی جوانەمەرگ بە دیار کفن و دفنەوە ڕاوەستابوون.

ئازاد گیان، لە ئەمانەتی خوایا بیت، ئەگەر چی خوای گەورە لە چیرۆکی تەمەنی تۆدا تەنیا ٣٩ ساڵ، ئەمانەتەکەی لای دونیای فانی گلدایەوە، باقییەکەی ئەوەیە کە دوێنێ بینیمان: لە ناکاو لە مزگەوتی شێخ فەریدەوە بۆ قەبری تاریک وتنۆک لە گردی سەیوان، لەتەنیشت دایکە ڕابیعەو لە باوەشی دایکی گەورە، دایکی نیشتمانا.

لەم دوو ساڵەدا ئەمە تەرمی چەند هاوڕێمان بنێژین؟ گڵکۆی تازەی لەیلمان بۆ چەند کەس گوت و گۆڕی کام ئازیزی ترمان یار و نەیاری بەتەنیشت یەکەوە ڕاگرت؟

جارێکیان غالب هلسا لە مەرگی ئەدیبێکی دۆستیدا وتی: ئەمە چەندەم جارە فرمێسک بۆ مەرگی ئەم دۆست و ئەو یار دەبێتە حیبری مەرەکەب؟ زۆری نەبرد غالب خۆشی فەوتی کرد، زۆری نەبرد ئازاد سدیقیش بنەی پێچایەوە. خۆ ئەگەر لیستی ناوەکانمان لابوایە، ئەوا ئەم سیحری مەرگ و ژینە بەتاڵ دەبۆوە و شتێک دەبوو وەک دەست تێوەردان لە کاری خوا.

جارێکیان ئازاد خۆشی لەمەرگی بوک و زاوای بە ئاکام نەگەیشتوو (چیا و هانا)دا گریانی بۆ حاڵی لاوانی خێر لە خۆنەدیوی کوردەواری دەهات، پێموت: ئازاد ئەوەی تۆ نووسیوتە، مەزنترین سەروتارە لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. سەیرێکی کردم وەک بڵێی چییە، بەتەمای بە قەڵبەیەکمدا بدەی؟

– بەخوا بەراستمە ئازاد، ئێستاش بەڕاستمە، سەروتار کە وەک نەریت بۆ مەسەلە سیاسییە گەورەکان تەرخانە، ئەوە زۆر گرنگە کە بۆ تراژیدیای کیژ و کوڕێکی کورد بنووسێت. بوک و زاوایەک دەبنە قوربانی پلەی سفری کواڵیتی ئوتێل و کابینەکانی گشتوگوزار و کەس نییە لەم رووداوە بچووکە، گەورەیە، بپێچێتەوە؟.

چەند جارێکی تریش ئازاد خەمی لێوبەبارێکی کردە ((خەمی شارێک)) کورت و چڕ و پوخت رازو ئینجا بەسەلیقە لە وەرگێڕاندا. وردەکار لە ئیدارەدانی حیواڕی تەلەفزیۆنی، کام سیاسەتمەداری کوردستان ختوکەی دەرکەوتنی لە بەرنامەی ((دیدار)) بە دڵیدا گوزەری نەکردووە؟ سەروەختێک دەرکەوتن لە (دیدار)دا بۆ هەڵسوڕاوی سیاسیی مانای وابوو وا ئێستا لەیانەی گەورە پیاوانی.

ئازاد، وەک ئێمەی گەنجانی تری ناو یەکێتی، جارێک ئارەزووی کرد ببێتە ئەندام لە یانەی گەورە پیاواندا، ئەمە رێک بیست رۆژ پێش مەرگی ئاوادەی قەوما، ئەمما ئەوی لە (دیدار)ی سەر شاشەی تەلەفزیۆنە جیایە لەوەی لەسەر زەمینی واقیعە. قەدەر پێی وت: ((زووە، هێشتا ماوتە!)) سەیرکەن زووە تا قاڵبێتەوە لە یانەی گەوراندا، بەس زوو نییە، وەختێک مردن زەفەر بە گەنجێکی ٣٩ ساڵ دەبات.

ئیتر بەشەو خوا داویەتی. شایەتی دەدەم ئازاد بە (بەشی) خۆی رازیبوو، لەخزمەتی براو دۆستدابوو، تا رادەی دڵسافی و سینە سافی. لە تەنگانە و لێقەوماندا درێغیی نەدەکرد لە هەر کەسێک پێویستی بە ئازاد بوو یان تەنانەت دڵناسک و زویریش بوایە لێی، کە دەیبیست پێویستییە سەر لە رێ‌بوو.

بۆیە دوای نزیکەی نۆزدە ساڵ لە یەکەم دیدارەوە، وەختێک لە خوێندکاران و زانکۆی سەلاحەددین پێکگەیشتین، دەتوانم ئیدیعا بکەم کە دەمناسی، (تەماعکار) نەبوو، بە دوای بەشەوە نەبوو، (تموحکار) بوو، بەدوای (دەورەوە) بوو، دەورێک کە بەفیعلی لە میدیاو رۆژنامەوانیدا زیاتر درەوشاوەبوو، لەوێ خزمەتی دامودەزگاکانی کورد و کوردستانی کرد جا هی حزب بێت، یان حکومەت، لەسەر پەڕی رۆژنامە، بێت یان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن. بەڵگەشم ئەوەیە لەهەر جێیەک کارەکە ئەقڵی نەیگرتبێت، چاوی

لەتەماعی وەزیفە نەبووە.

بۆیە بە حەق ئازاد شایەنی ئەو ڕێزلێنانە شایانە بوو کە لەڕێوڕەسمی پرسەکەیدا بینیمان.

جا کەوابێ ئازاد گیان لە ئەمانەتی خوایا بێت. دایکی نیشتمان وا بە تۆمان سپارد.

*کۆپلە شیعرێکی گۆرانە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥٢١٨ (٢٠١٠/٧/١)

# ویکلیکس، دیاردەیەك لەسەرەتادایە

ویکلیکس دیاردەیەک بوو لە پڕ هات، بەڵام دیار نییە بەم زووانە کۆڵ بدات و گۆڕەپانەکە لەبەردەم قوربانییەکانی خۆی، سیاسەتی دەولی و دیپلۆماتەکانی ئەمریکاو سەرکردەکانی دونیا، چۆڵ بکات. ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتووە و سەرەتایە، دواییەکەی جارێ زۆری ماوە و کاردانەوەی ئەم دواییەش وەک بۆمبایەک بەڕووی نهێنێتی سیاسەت و دیپلۆماسیدا دەتەقێتەوە.

لەیەکەم دیتندا وادێتە بەرچاو، ئاشکراییەکی وا خزمەتی شەفافیەت و دادپەروەری و فراوانکردنی پشکداری خەڵک دەکا لە شەئنی گشتی و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بەڵام تاقیکردنەوە دەریدەخات هەتا ئامڕازەکانی ئاشکراکاریی گەشەبکات، شێوازەکانی بەرەنگاری ئەو و هونەرنواندن لە شاردنەوەی سیاسەتە ڕاستەقینەکان گەشەی زیاتر دەکات، ئەو تەکنیکانەی یارمەتی دزینی بەڵگەنامەو نووسراو دەدەن. وەک چۆن باریان بۆ سیاسەتی رەسمی دەوڵەتان و بەتایبەتیش دەوڵەتێکی بەهێزی وەکو ئەمریکا نەبوو، سبەینێ بەنرخێکی هەرزانتر رابەرانی ئاشکراگۆیی دەفرۆشێت. هەروەها لە هەمبەر تەکنیکی بەرزی دەرخستنی راپۆرتە راستەقینەکاندا. قایمکاریی و نهێنیپارێزی مرۆییش گەشە دەکات.

ئەم ململانێیە بەکوێ دەگیرسێتەوە؟، باسێکی قوڵە، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر کاردانەوەبێت لە گۆرینی سیاسەتی دەوڵەتان، بەداخەوە سیاسەتی دەوڵەتان، بە تایبەتی لە ئاستی ململانێی جیهانییدا، دیموکراسی و یاسا و رەوایی هەڵیناسوڕێنن بەڵکو بەرژەوەندی هەڵیدەسورێنێ. پێش ویکلیکسێک لە سەرەتای سەدەی بیست روسیای ئیستیعماری کە بووە (سۆڤێتی) هەموو بەڵگەکانی رێککەوتنی سایکس-بیکۆی ئاشکرا کرد، بەڵام دواتر ئەم ئاشکراکارییە نەبووە مۆراڵێک کە سۆڤێت خۆشی سەدو یەک سەودای نهێنی و سیاسەتی ژێر پەردە پەیرەو نەکات.

بەداخەوە سایکس بیکۆش هەر جێبەجێکراو کەسیش لە مافی قوربانییەکانی نەپرسییەوە.

ڕەنگە زۆر نەبا سیاسەتی نێودەوڵەتی دۆخی خۆی لەگەڵ ئەم شۆکە تازەیە ڕێکبخاتەوە و بتوانێ بەربەستی پڕپیشکەکانی بکاو توڕەیی کاردانەوەی دەوڵەت و ڕۆژنامەگەری و چالاکوانانی دیموکراسی لە ئاستی جیهانیشدا هەڵمژێ، بەڵام ئەوەی ئێستا دەرفەتی قەزاوەت دەدات ئەوەیە ئەم دیاردەیە شایانی ناساندن و دەرخستنی ڕەهەندەکانێتی بۆ خوێنەران.

کوردستانی نوێ لەم دۆسیێیەدا ڕێک ئەمەی کردووە.

*وتاری سەرەکی بۆ پاشکۆیەکی تایبەت بە دۆسیێی ویکلیکس

# خولیایەك هەموو قوربانییەك ئەهێنێ

كاک رامیار مەحمود وتارێکی سەرنجڕاکێشی لەسەر پێویستیی گەشەپێدانی زیاترو بەهێزکردنی کوردستانی نوێ نووسیووە، لەژمارە (٦٤١٦) لەڕۆژی (٢٠١٤/٦/٢٤) بڵاوبۆتەوە. هەندێک رەخنەی دڵسۆزانەو پێشنیازی تازەی کردووە بۆ گفتوگۆو داوای لەبەندە، وەک سەرنووسەر، کردووە دەرگای باسوخواسی وا بکەمەوە. وا لێرەدا دەیڵێم نەک هەر بۆ باسوخواس، بەڵکو بۆ پێویستی کارو کۆششی نوێ، هەقە دەرگای کوردستانی نوێ لەسەر گەشەی زیاترو بەهێزکردنی کوردستانی نوێ بکەینەوە.

بۆخۆم وتارەکەی رامیارو ئەوی پێشتر کاک خالد سلێمان (کوردستانی نوێ) ژمارە (٦٤١٢ی رۆژی ٢٠١٤/٦/١٩)و هەروا ئەوەی کاک سەرتیپ جەوهەر کە فراوانتر لەکوردستانی نوێ لەژمارە (٦٤١٩ی رۆژی ٢٠١٤/٦/٢٧) باسی گەشەپێدانی راگەیاندنی یەکێتی دەکات، بەدەستپێکی ئەو دەروازەیە دەزانم کە کاک رامیار داوای لەبەندە کردووە بیکەمەوە، دەرگا خۆی کراوەتەوە، بۆیە ئەوە نووسەری ئەم دێڕانەیە دەخوازێت دوای دەستپێشخەریی ئەوان بکەوێتو هەندێک خولیا بخاتە نێوانەوە.

سەرەتا بەوە دەست پێدەکەم رەنگە سەیر نەبێت بەرپرسی کەناڵێک کە لەڕۆژنامەدا ناونیشانی سەرنووسەرە باسی خولیا بکات نەک (واقیعی بەدیهاتوو)، وەک بڵێی ئاماژەبدات، گوایە ئەو دەسەڵاتی بڕیاری نییە یان بەرپرس نییە لەهاتنەدیی کوردستانی نوێی-یەکی باشتر، نەخێر! لێرە باسی خولیا دەکەم بەو مانایەی ئەوی دەستی مرۆڤەکان دەیکات، هەرگیز دەقاو دەق وەک ئەوە نییە ئەندێشەی مرۆڤەکان دەیخوازێت. لەهەموو کردەیەکی مرۆیی‌و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئەوکاتە دەگەینە قۆناغێکی باشتر کە دەستەکان رێک ئەوە بکەن کە ئیعازو بڕیاری ئەندێشەکانە. گوزارشتی (کوردستانی نوێ-ی باشتر) بەڵگەیە بۆ ئەوەی کوردستانی نوێ باشی کردووە، بەڵام ئیتر کاتێتی باشتری بکات،

ئەگەرنا لەکاروان بەجێدەمێنێت. ئەم باشترە خولیای هەموومانە لە ئەندامانی کوردستانی نوێو لەهاوکارانو هەوادارانی، لەخوێنەرانو لەیەکێتییەکانیش، مادام ئەم ڕۆژنامەیە دەردەکەن. خولیای بەندەش وەک ڕۆژنامەنووسێک لەتەک هەموو ڕۆژنامەنووسە هاوکارەکانمدایە پێش ئەوەی خولیای سەرنووسەرێک بێت کە ئەم ئەلقابگەلو ئەلفازگەلە شیرینانە دێنو دەڕۆنو هەر ناوو خەسڵەتی ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو، یان شکستخواردوو، دەمێنێتەوە.

خولیاکە ئەوەیە کە:

-کوردستانی نوێ کەسێتی خۆی لەتەنها ڕۆژنامەیەکەوە بکاتە دامەزراوەیەکی ڕۆژنامەوانیی- ڕۆشنبیری، سەنتەرێک بۆ میدیایەکی نیشتمانیی، نەک تەنها ڕۆژنامەیەک لەدەیان ڕۆژنامەی تری سەر گۆڕەپانی کوردستان. بەشێک بێت لەپرۆژەی پەرەپێدانی میدیای چاپەمەنی کە ئێستا لەسایەی یەکێتیدا دەردەچێتو پەرتو بڵاوەو فرە ئاراستەیە.

-کوردستانی نوێ زیاترو زیاتر سیفەتی ڕۆژنامەیەکی ئیستیهلاکی تێپەڕێنێت کە یەکێتی وردو درشتی خەرجییەکانی دابین بکاتو خۆی بەو کەرەستانەی هەیەتی چاپخانە، ریکلام، هیچ ئەرکو بەرپرسارێتییەکی ژیاندنی خۆی نەگرێتە ئەستۆ. بەندە خۆش باوەڕنیم کە پێم وابێ لە ئەمڕۆی کوردستانو بگرە جیهانیشدا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، بەتایبەتی ڕۆژنامەی مولتەزیم بەئامانجی سیاسیی دەربەستەوە، بتوانێت سەد دەر سەد خۆی بژێنێتو پێویستی بەتەمویل نەبێت. بەڵێ! کوردستانی نوێ تەمویلی یەکێتی گەرەکە، بەڵام خۆشی دەتوانێت چاپخانەکەی، ریکلامو سەرچاوەی داهاتەکانی پەرەپێبدات، کۆمپانیای دابەشکردنو کۆمپانیای ریکلامی هەبێتو بەشێکی ئەرکی بودجەی مانگانەی خۆی پڕ بکاتەوە. قەوارەیەکی ڕۆژنامەوانیی وا کە بێتەدی، دەتوانێ خۆی پوخت بکاتەوە، خۆی هەیکەلە بکاتەوە بەگوێرەی پێویستیی قۆناغی نوێی کارکردنیو دەتوانێ بڕیاری باشتربداتو سەنگی زیاتریشی هەبێت لەناو ڕاگەیاندنی یەکێتیو ڕاگەیاندنی کوردیشدا.

-دامەزراوەبوونی کوردستانی نوێ بەمانای دابڕینی لەتۆڕی ڕاگەیاندنی یەکێتیو لەسایەی یەکێتی ناگەیەنێت، بەدامەزراوەکردنی لەشێوەی قەوارەیەکی سەربەخۆ (کۆمپانیا، دامەزراوەی میدیایی..هتد) مانای تەوەللابوونی کوردستانی نوێ ناگەیەنێت، بەڵکو بەمانای ئەوە دێت شێوازی ئیدارەدانی خۆی پێش دەخات.

دەتوانێ لە قەوارەبوونی خۆیدا، لەقەوارەبوونی کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی یەکێتیدا لەتەلەفزیۆنەکان، ڕادیۆکانو سایتەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی) ببێتە بەشێک لەتۆڕێکی گەورەی ڕاگەیاندنی یەکێتی، لەگرووپی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی. قەوارەو کەسێتی مانای لێکترازانو تەریکبوون ناگەیەنێت، بەڵکو بەمانای بەدامەزراوەبوون دەگەیەنێت. جیاوازیی نێوان (ئیقتاع) و (دامەزراوە) ئەوەیە دامەزراوە دەتوانێ هەیکەلێکی نەرمی هەبێت کە:

أ-سەربەخۆییو گرێدراوی هاوسەنگ بکات.

ب-داهێنانی ئازادبکاتو بەرپرسیارێتی لەچوارچێوەی دامەزراوەو ئامانجی گەورەتردا بپارێزێت.

ج-پەیڕەوی هاوکارییو هەڤاڵێتی بکاتو کێبڕکێ بۆ پێشکەوتنیش بکات.

د-بۆ بواری میدیاش دەتوانێت:

-تەمویلی سەرەکی سپۆنسەرەکەیو تەمویلی خولیی بەرهەمهێنانی خۆی بکاتە تەواوکاری یەکتری. بۆ ئەوەی هەر مشەخۆر نەبێتو وەکو دەزگایەتی بیرۆکراتی هیچ هەوڵێکی خودیی نەبێت.

-ڕێرەوی تەحریرو کاری ڕۆژنامەوانیی لەڕێرەوی کاری پەیداکردنی سەرچاوەی دیکەی داهاتو بەرهەمهێنانی داهات جیابکاتەوە.

بۆ نموونە کۆمپانیای ریکلام، چاپخانەی بارزگانی ببنە توانای ماددی بۆ ڕۆژنامە بە بێ ئەوەی کاری هەردوولا (تەحریرو ئیدارە) تێکەڵ بکرێت.

خولیا ئەوەیە کوردستانی نوێ ببێتە دامەزراوەیەکی وا کە ئیلتزامی بەهێڵی سیاسەتی گشتیی یەکێتییەوە هەبێتو لەڕووی ئیدارییو سیاسی، بەڕێوشوێنی خۆی موحاسەبەش بکرێت، بەشێک بێت لەدەزگا یان دامەزراوە یان ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی یەکێتی کە ئەوانیش خۆیان هەیکەلە بکەنەوە.

کوردستانی نوێ دەتوانێ دامەزراوە بێتو بەشیش بێ، ئیلتزامی هەبێ، لەهەمان کاتدا دەستکراوەتریش بێت لە:

-خۆڕێکخستنەوەو داڕشتنەوەی هەیکەلەی ئیدارەو تەحریری بەگوێرەی پێویستیی کارەکەو پێویستیی پەیامە سیاسیو میدیاییەکەی.

-کراوەتر بێت لەتەحریرو گەیاندنی پەیامی ڕۆژنامەوانیی خۆی.

-توانا مادیو مەعنەوییەکانی خۆی، سەرمایەی ڕێزو سەنگی خۆی بۆ پەرەپێدانی زیاتری کارەکانی بخاتەگەڕ.

پێموایە ژینگەی کاریش رۆڵ دەگێرێت لەسەرلەنوێ هەیکەلە کردنەوەو ئەبدەیتکردنی کوردستانی نوێو کۆی راگەیاندنی یەکێتی، رەنگە باسی ژینگەش نهێنیی ئەوەمان بۆ دەربخات، بۆچی راگەیاندنکارو رۆژنامەنووسی ئێمە لەدەرەوەی جوغزی کاری میدیایی کوردستانی نوێو راگەیاندن دەتوانێ زیاتر داهێنان بکات، بەجۆرێک بەشێکی بەرچاو لەئەستێرەکانی راگەیاندنی کوردی لەهەموو بوارەکاندا لەوانەن کە لەراگەیاندنی یەکێتی پەروەردەبوونو پێگەیشتوون. ئەمە چارەسەری دەوێت، ئەگەر بمانەوێ راگەیاندنەکەمان تەنها کارگەی بەرهەمهێنی راگەیاندنکار نەبێت بۆ راگەیاندنەکانی دەرەوەی یەکێتی.

ئایا دەکرێ ئەم خولیایە ببێتە واقیع؟ بەڵێ دەکرێت ئەوکاتەی خاوەنی ئەم رۆژنامەیە بڕیار بۆ ئەمە دەربکات، ئەم پرۆڤەیە بکات، هیچ نەبێ بۆ دوو ساڵ، دوای بیستو سێ ساڵ لەجۆرەکەی پێشوومان. ئەگەر لەدوو ساڵدا لەسەدا پەنجا سەرکەوتوو بێت، ئەوا ئومێد بەخشەو لە دە ساڵدا دەشێ رێژەی سەرکەوتنیش بەرز بکەینەوە.

ئەوکاتە گرنگ نییە کوردستانی نوێ بارەگای سەربەخۆی هەبێ یان نا (وەکو کاک رامیار پێشنیازی دەکات)، ئەم بینایەی ئێستاش جوانەو دەکرێ هی جوانتریشمان هەبێ، بەڵام بارەگای سەرەکی، دڵی خوێنەران، لەهەموویان جوانترە.

خولیای وا دەکرێ ببێتە واقیع، خەبات بۆ ئامانجی وا هەموو قوربانییەک دەهێنێت. قوربانیی بۆ هێنانەدی خەونی واو قوربانیی بەناوو نیشانو ئەلقابگەل شیرینیش.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٤٢٢ (٢٠١٤/٧/١)

# ساڵح حەیدەری

بەندە لەهەلومەرجێکی تایبەتدا مامۆستا ساڵح حەیدەریم ناسی، رێک لەساڵی (١٩٩٢-١٩٩٣) دا، ئەو وەختە لەهەولێر خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین بووم، توێژینەوەیەکم بەدەستەوە بوو لەسەر هەڵوێستی حزبە چەپە سەرتاسەرییەکانی هەر چوار وڵاتی کوردستان پێوە گرێدراو لەمەسەلەی کورد، لەڕێی چەند ناسیاوێکەوە، متمانەی مامۆستا حەیدەریم بەدەستهێنا.

مامۆستا حەیدەری گەنجینە بەنرخەکەی، بیرەوەرییەکانی خۆی، خستە بەردەستم، بۆ گەنجێکی (٢٣) ساڵە کە تازە لەکەرکوکی تەعریبکراوەوە هاتبوو، چاو بەستراوی دیرۆکێکی قەدەغەکراوبوو، ئەم گەنجینەیە وەک بەڕوودا کردنەوەی دەرگای بەهەشت بوو.

خەتێکی جوان و ڕەوان، بیرەوەرییەکی تیژکە مێژووی پڕ وردەکاریی بزووتنەوەی دیموکراسی عیراق و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لەخۆگرتبوو، لەوێ یەک دەفعە زانیم لەسەرەتای جەنگی دووەمەوە چ لەم عیراق و کوردستانە گوزەراوەو لەمابەینی هەولێرو بەغدا، کوردستان و عەرەبستانی عیراقدا چ جوڵانەوەیەکی زیندووی سیاسی لەکایەدابووە. هەموو رۆژانێکی پێنج شەممە وەک گەنجێکی نەناسراوی بێ ناونیشان میوانی مامۆستایەکی سەنگینی سیاسیی و تێکۆشەرێکی دیاربووم، مامۆستا خۆی لوتفی دەنواندو دەرگای لێدەکردمەوە، لەژووری میواندا دوای رێزگرتن و ئامۆژگاری، دەفتەری ئەسڵی و بێ لێقرتانی بیرەوەرییەکانی دەخستە بەردەستم، چیم بویستبا لەدەفتەرێکی بۆردا دەمنووسییەوە.

لەو تۆمارەوە زانیم خولیای کورد بۆ تێکەڵکردنی خەباتی نەتەوەیی و خەباتی چینایەتی چەند دێرینە، تێگەیم مۆدێلی حزبێک بۆ (شۆڕش)ی چینایەتی و یەکێکی دی بۆ (رزگاری) نیشتمانیی، لەکام پێویستی ئەو سەردەمەوە سەرەتاتکێی بوو، شتی زۆرم لەسەر کەینوبەینی (هاوپەیمانێتی و ململانێ)ی شیوعی و پارتی ئەو دەمەم، دەخوێندەوە.

لەگفتوگۆی مامۆستادا، کەدەیزانی مەیلی یەکێتیم هەیە، دەمزانی هێشتاش حورمەتی زۆری لەخەبات و سەروەری حزبی شیوعی دەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا کە سێ بەشی باسەکەم لەسەر حزبی شیوعی عیراق و مەسەلەی کورد بڵاوکردەوە، مامۆستا حەیدەری هەر بەگەرموگوڕی جارانی پێشوازی لێدەکردم و تێبینی پێدەوتم. بێگومان من باسەکەم تەواو نەکردو سیپارەو بەڵگەکانم لەڕووداوەکانی وڵاتدا بزربوون، بەڵام هەرگیز یادی مامۆستا حەیدەریم بزرنەکردو لەگەلێک جومگەدا کە بۆ دەمەزەردکردنەوە سەیرێکی سەرچاوە مێژووییەکانی بەردەستم دەکەمەوە، هەست دەکەم ئەوی لەبیرەوەری ساڵح حەیدەرییەوە فێری بووم، وەک نەقشی سەر بەردە و یارمەتیدەرمە بۆ خۆ دەوڵەمەندکردنێکی زیاتری زانیاری و ئاگاهی.

دەفتەری سەرنج و بەڵگە گوێزراوەکانی بیرەوەری مامۆستام بزرکرد، بەڵام هەرگیز ئەدگارو لەفزی شیرین و ئامۆژگارییەکانی لەیاد ناکەم، وەختێک کە ئەمڕۆ دەبینم حزبی وا شۆڤێنی لەم ناوچەیە پەیدابوون، تێدەگەم ئەدەبیاتەکانی شەهید فەهد بۆ پرسی کورد بازدانێکی گەورەیە لەچاو زەمان و زەمینی خۆیدا.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥٠٩٤ (٢٠١٠/٢/٨)

فەسڵی سێیەم

# سپی و ڕەش

(١)

# لاپەڕەی سپی

ئەی لاپەڕەی سپی.. ئەی گۆڕەپانی نەبەردییەکی هێشتا نەقەوماو..

تۆ ئێستاش سامی یەکەم لاپەڕەی دەستپێکت هەیە. (٢١) لاپەڕە نابیت و ٢١یەک ساڵە حەریفی ڕەشکردنەوەی مانەندەکانی تۆم، کەچی هێشتاش سامی ئەوەلینی خۆت لەدەست نەداوە. وەک ئەوەی هیچ نەنووسرا بێت، وەک ئەوەی هیچم نەنووسیبێت سامدار و سامناک و چڕی پڕ نهێنیت. چی سرێکم پێ دەڕێژی. چیم پێ دەنوسی کە پێم وا بێ لەو بیست و یەک ساڵەی رابورد نەم نووسیبێت. ئەی لاپەڕە سپیەکەی کۆڕی تاقیکردنەوە. لە ترس و بیمی ئەوەی نازانم چیت لەسەر بنووسم بە سامتر چیتر هەیە؟ مەگەر ئەوەی لەم ساتەوەختەی نووسینتدا بمرم و ئەوی بیست و یەک ساڵی رابردووم نووسیوومە ناسنامەو مێژووم بێت، خەڵک و خوای کوردەواری بەو ڕەوتەوە بێنە سەر گۆڕم، تف لە مەزارم و نەفرەت لە هەرەج و هەراجم بکەن. لە سامی سپێتی تۆی لاپەڕە ترس لە دڵ و دەرووندا ئەولەویەتی بە شتی تر داوە. شتی وەک ئەوەی ئەو لاپەڕانەی نووسران و ڕەشکرانەوە. هەر ئەوانە پێوەری هزرکردن و تەفەکورم بێت کە هێشتا ئەوەلین کتێبم نە نووسیوە، کە هێشتا یەکەم دێڕم لە دایک نەبووە.

ئەی لاپەڕەی سپی پڕ لە راز و پەنهانی، مەگەر خۆت ڕێنوێنم کەی کە هیچ خەرجی و سامانێک فریای قەڵەمی دەست و ویستی ڕەشکردنەوی سپێتی تۆ ناکەوێت.

سپی و بەسام وەک یەکەم جار.. ترس و بیم لەوەی بیرۆکە نەگاتە سەر کاغەزو هەناسەم ببڕێت و ئیتر هەر ناسنامەی پێشین بەش و بەختم بێت.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٧٩٦ (١٦/ ١٧/ ٢٠١٥)

(٢)

# سبەینێ

ئای خودای گەورە چەند سبەینانی خۆشت هەیە کە جرت و فرتی ژیانی ڕۆژانە ڕێی لە بەندەکانت گرتووە ببیینن؟ وەک ئەم ساتە، وەک ئەم سەعات پێنجەی سەرلەبەیانییە کە بۆنی پایزێکی هاتووی تەڕی لێ دێت. چەند ڕۆژو مانگ و ساڵ بەخەسار دەدەین و چەند ڕەنجی فەرهادی لە هەڵکۆڵینی بەردی بێستون دەدەین و کەچی گرەوی بردنەوەی شیرینی خەونەکانمان زۆر لەوە ئاسانترە ئەو هەموو زەحمەتییە جەستەییەی بۆ بدەین. شیرین وا لە تەنیشتمانەوە، وا بە پاڵمانەوە، شاشی و هەڵپەی ئێمە ڕێی لەوە گرتوە بیانبینین وتەلی دڵیان ڕازی بکەین.

چەند مانگ و وەرزو ساڵ بە دیار هاتنی بووکی خەونەکانمان بەسەر دەبەین، کەچی بووکی خەونەکانمان لەوانەیە دراوسێمان بێت. لەوانەیە لە ئاواییەکانی خۆماندا بێت و چاوی کزی ڕاهاتنی ڕۆژانەمان لێی غافڵ بووە. سبەینێ کانت چەند خۆشە خودایە. پایزەکانت چەند تەڕو جوان و بەهارییە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٠٢ (٢٣- ٢٤ /١٠/٢٠١٥)

## (٣)

#ماملێ

که گوێ له دەنگت دەگرم هەست دەکەم تۆش له خۆمانی، کوردی و کرمانجی و خەڵکی گەڕەکی خۆمانی. مام عەلی دوکاندارو سەید محەمەدی بەفرفرۆش و حاجیه مشکی بەسەرەکەی موشتەری ئێوارانی. هەست دەکەم تۆش خۆمانی وەک مامم که مشتەری ئێواره له دانیشتن دوا بکەون، ئێژێ بۆ کوێ دەچن نانی ئێواره ئەخۆین له ماڵەوه ئینجا بڕۆن. هیچ فرۆشیارێکتان بینیوه شیو بداته فرۆشیارەکانی؟ شمەک به قەرزو نانی ئێوارەشی سەربار بێت؟ یانی بەستەت بۆ بڵێت و مەقامیشت بۆ بکاته تیکەی راوچی؟ ناڵێم له خۆمان دەچی؟ خەڵکی گەڕەکی خۆمانی وگۆرانی بۆ خۆمان دەڵێی!. گۆرانی بۆ وەزیفەو پایەو حەریف ناڵێی. که گوێت لێ دەگرم، که گوێت لێ دەگرین بەربەست و سنوور نامێنێ و هەولێرو مەهابادو سلێمانی دەبنه گەڕەکێکی گەوره له کوردستانێکی گەوەردا. گۆرانی خۆمان و بۆخۆمانی دەڵێی و بۆ خۆمان گوێی لێ دەگرین. لەبەر ئەوه هونەرەکه بەرزه و بەرهەمەکەشی حەریفانەیه له دڵەوەیه، له گەرووی پاکی بێ مەسڵەحەتەوەیه. بۆ ئەوانەیه که کوردن و به کوردی دەژین و به کوردی دەدەن وەڵامی قەبریان. ئەوانەی ئەو کۆده نازانن نه وەڵامی قەبریان ڕاست دەبێ و نه گۆرانیەکانت دەڕژێته دڵ و رۆحیانەوه ئەمه وەسفی هونەری نییه بۆ هونەرێکی پایه بڵند. ئەمه سلاوێکه له ١٥ ساڵی کۆچت که دەشێ هەموو رۆژێک و هەموو ساڵێک سڵاوی وا وه بیرمان بێتەوه وەختێک گوێت لێ دەگرین.

ئەوه سڵاوه لەتۆ، مام عەلی، ماملێ کەی نەتەوەی بەلەنگازی کورد.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٠٨ (٣٠ - ٢٠١٥/١٠/٣١)

(٤)

# كوردستانی بەخشندە

کوردستان موڵکی هەموو کوردستانیانە، موڵکی هەموو ئەو کەسانەیە لە کوردستان دەژین و یان خۆیان بە کوردستانیی دەزانن. کوردستان قەدەرێکە بۆ هەندێک و ئیمتیاز و بژاردەیەکیش بۆ هەندێکی تر. ئەوی لە کوردستان لەدایک بووە و لە کوردستان دەژی. کوردستان قەدەرێتی تەنانەت ئەگەر بیەوێت لەو قەدەرەش را بکات. هەروا بە شوێنیوەتی. ئەوەی لە قەدەری کوردستان رادەکات یان کوردستانی پێ کەمە یان پێیوایە کوردستان کەمی داوەتێ یان کوردستان بە نیشتەنی نەحس و ناخۆشی دەزانێت. سێ تەیفە بۆ کوێ بڕۆن کوردستان وەک قەدەر وا بە شۆێنیانەوە با ئەوان بە جەستە جێیان هێشتبێ. هیچ وڵاتێک لە کوردستان بەخشندەتر نابێت تا زیاترت بداتێ. هیچ وڵاتێک لە کوردستان فراوانتر نییە تا لێرە جێت نەبێتەوە و لەوێ جێگیر بیت. ئەگەر نەحس و بەدبەختی بەشت بێت، وڵاتی دووەمیشت دەبێتە نیشتمانێکی تر لە بێ ئیقبالی و بێ بەختیدا.

کوردستان بژاردەیە بۆ ئەوانەی لە ناوی دەژین یان لە دەرەوەین و خەون بە گەڕانەوە بۆ سایەکەی دەبینن.

کوردستان چونکە لەم حاڵەدا ئیختیارە نەک قەدەر، بۆیە رووی خۆشە لەگەڵ رۆڵەکانی. رووی خۆشە لەگەڵ ئەوانەی هەڵیدەبژێرن و بە قەدەر و ئیقبالەکەی رازین. خۆشتان بوێت تا کوردستان وەک هەمیشە بەخشندە بێت، وەک هەمیشە قەدەری خۆش و خۆش مژدەیی بێت.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨١٤ (٦ - ٢٠١٥/١١/٧)

(٥)

# قەدری عافیەت

لەکاتی تەندروستی و ڕەوش دروستیدا ئەوەندە بە زەبرو هەژموون و خودپەسەندین کە شتە جوانە بچوکەکانی ژیان نابینین. جەبەروتمان لە تەندروستیدا و دەسەڵاتیان لە دروستیدا ڕێگەی لێ گرتوین و لێ گرتوون کە هێزی نەرمی خەڵکی تر، خەڵک ئاسایی و خزمەتگوزارو بە هیمەت ببینین و ببینن. خەڵک وەک کارگوزارێک، وەک پادشایەکی بە تەوج لە ئەرک و فەرمانەکانی خۆیدا وەک دکتۆرێکی شارەزاو لێزان و بەسەبر لەگەڵ نەخۆشەکەی خۆیدا. وەک پەریستار و کارمەندی تەندروستی لە تەحەمەلی نازونوزن و گرینۆکی و بێ دەسەڵاتی نەخۆش ئێمە ئەو پاڵەوانانەی ئاسایی ژیانی ئاسایی نابینین.

خزمەتگوزارییەکانی دامودەزگاکانیان نابینین. هەروەها ئێمە لە شێنەییدا بایەخی تەندروستی خۆمان، قەدری عافیەتی ئەم نیعمەتەی خوا پێی داوین و ئێمە ناوی ساغلەمیمان لێ ناوە نازانین، قەدری گەرمایی ماڵ و شەماڵی پیاسەی دەرەوە نازانین ئەو دەمە نەبێت کە بێ تاقەتی بێ ئاقیبەتمان دەکات و لە بنیادەمێکی زیتەڵەوە دەمانکاتە لاکەوتووی قەرەوێڵەیەک، ناسنامەکەی تەبەڵەیەکی فشار و گوشار و پلەی گەرمی لەش و موغەزی و کانولەیە و تاقە مژدەی چاوەڕوانیش مەرسومی ئازادکردنێتی لە بەندێتی تەندروستی.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٢٠ (١٣ - ٢٠١٥/١١/١٤)

(٦)

# زستانی سەخت

زستانێکی سەخت یەخەی کوردستان دەگرێت. لە دراوسێکانم بیستووە کە ئەم سەرمایە لەوەی حەفتاکانی سلێمانی دەچێت.لەبەرئەوەی حەفتاکان لە سلێمانی نەبووم، ناتوانم بەراوردێک بکەم. بەڵام مادام ئەندێشە لەسەر سەرمایە تێدەگەم زستانەکەی سەختە. لەناو هەموو سەختەییەکاندا ئەم زستانە تاسەر ئێسقان دەڕوات لە روانگە و واقیعی چەند توێژێکی وڵاتەکەمانەوە . لە پێش هەموو شتێکەوە هەژاران، ئەم ژیانە تەنانەت لە هاویندا بۆ ئەوان سەخت بوو ئیتر زستانەکەی چۆن بە بەزەیی دەبێت.

دوای توێژی ئەزەلی هەژاران، فەرمانبەرانی حکومەت و، توێژی ناوەڕاست، زوڵملێکراوی دەستی سروشت دەبن. ئەمانە بێ مووچەیی و بێ دەرەتانی لە هەموو خەزینێکی کەمی داراییش دایماڵیون. دۆخ وا بڕوات وەکو سەرەتای راپەرین، نەک سەرەتای حەفتاکان، رەنگە خەڵک دیوار و پەنجەرە و هەندێک وردە شتی ماڵیش بفرۆشن تا ژیانی پێ دابین بکەن. ئەمەش هەواڵێکی ناخۆشە پاش نزیکەی دەیەیەک لە ئاوەدانی شەخسی و باشبوونی گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک.

ئەم دۆخی دانیشتوانی خاوەن ماڵە. دەبێ حاڵی ئاوارەی هەمەچەشنی کوردستان چۆن بێت، لە ئاوارەی هەموو پارچەکان و ئاوارەی هەموو پارێزگاکانی عیراق؟.

لە شێنەیدا دانیشتوان هاوکاری ئاوارە و پەناگرتووان دەکەن. ئەی ئەگەر خەڵک خۆی لە گوزەرانی ئاوارەدا بێت چۆن دیمەنی بەخشندەیی دەبینین؟ بەو حاڵەشەوە خەڵک هەر بە سروشت کۆمەککار و خێرخوازە، ئەدی حکومەت و دامودەزگاکانی لە کوێی ئەم داستانەدایە. زستانەکە بۆ ئەوانیش سەختە؟

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٢٦ (٢٠ - ٢١/١١/٢٠١٥)

(٧)

# وەك مار و پەیژە

ئەگەر ئاو و هەوا بەدەست بەشەر بوایە لە بەشەری قەدەغە دەکرد. بەڵام خوا حیکمەتی خۆی لەوەدا نواند، کەمترین چارەنووسی بەشەری بەدەست بەشەرەکانی ترەوە جێهێشت. لەوەشدا بەشی کەسی بە کەس نەسپارد، بەڵکو پەراوێزێکی بۆ تاقیکردنەوە دانا، تا مرۆڤەکان بزانن لەگەڵ یەکتری چەند خراپن و ئەگەر بۆیان بلوێ سەری بۆڕی ئاو و هەوا لە یەکتری دەگرنەوە، وەک چۆن خاوەن ماڵێکی دڵرەق بۆری ئاو لە کرێچیی داماو دەگرێتەوە. بەشەر دەرەتانی بۆ بەشەر نەهێشتۆتەوە، دەنا کەرەستەو سامان و دەرامەت و هەبووەکانی ژیان بەشی هەمووانی دەکرد و بە زیادەوە. ئەوەی هەوا لە خەڵکی تر دەگرێتەوە خۆ خۆی هەوای زیادی نەگەرەکە، دەنا تەندروستی هەناسەدانی ئەویش دەشەمزێ. ئەوی ئاو لەوی تر دەگرێتەوە خۆ ئاوی زیاتری نەگەرەکە بۆ خنکان و فەوتان. بەڵکو وەک دەوڵەتە بێ ویژدانەکان خواردن و خۆراک فرێ دەدەنە دەریاوە تا نرخی فرۆتیان دانەبەزێ. دابەشکردنەکە عەیبی نییە، بەڵام بەشەر جیاوازیی نێوان تەماح و تموح، حەسرەت و حەسوودی ناکات. حەزی لە خێری خۆی نییە، تەماعی لە شەڕ و ئاشووبی دۆست و هاورێ و دراوسێیەتی، سەیری سفرەی تێری بەردەستی خۆی ناکات، چێژ لە سفرەی بەتاڵی بەرامبەرەکەی وەردەگرێت. بەشەر وایە، بۆیە چەند سەروەر بێت لەژیان وەک مار و پەیژەکە هەر غلۆر دەبێتەوە بۆ چوار گۆشەی یەکەم.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٣٢ (٢٧ - ٢٠١٥/١١/٢٨)

(٨)

# جانتای ژنان

رووی‌داوه که ڕەفیقێکت لەکارێکدا سەرکەوتووبێت و تۆش شانازی بەناو و ناوەڕۆکییەوە بکەیت؟ لای من ئەوە رووی‌داوە، ڕەفیقم هەن کە لێم بیستوون و ناسیومن، وەختێک باسی پڕۆژەیەکی خۆیان دەکەن و ئینجا جێبەجێی دەکەن، حەز دەکەیت خەڵک بیزانێت ئەوە ڕەفیقی تۆیەو ئەو پڕۆژەیەی لای تۆ باسکردووە کە ئێستا بۆتە بەرجەستەو لەبازاڕی هونەردا خەڵک ئاماژەی بۆ دەکەن و ناوی دێنن.

ڕەفیقێکی عیراقیم هەیە کە چەند ساڵە دەیناسم، هاتۆتە لام و چوومەتە لای، باسی ئەوەی بۆ کردووم کە ئارەزوویەتی کتێبێک لەسەر جانتای ژنان بنوسێت و، تێیدا باسی جۆرەکانی جانتای ژن، ناوەڕۆکەکەی، ڕەنگو بۆو قەبارەو قورساییەکەی، پێستو پتەوی و خاوییەکەی، بکات، لەوەش گرنگتر کەرەستەو ئەولەویاتەکانی ناوی، هەموو ئەمانە بگێڕێتەوە و تۆماری بکات.

ئێستا ئەو ڕەفیقەم کتێبەکەی نووسیو چاپی کردوو کەوتە بەردەست خوێنەران و کەوتە ناو جانتای ژنانیشەوە.

خالد موتڵەگ ئەو ڕەفیقەمە کە "جانتای ژن"ی کردە مێژوویەکی چڕ لەوروژاندنی جوانی و دیزاین و ئەندازەی زەوق و سەلیقەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێن و خانمانی بەکاربەری جانتای ژنان.

کتێبەکەم خوێندەوە... بەدڵم بوو، وەکو چۆن خاوەنەکەیم بەدڵ بوو، دەمەوێ بەخەڵک بڵێم ئەو نووسەرەی تۆمارێکی نووسیوە لەسەر ئەم بابەتە خۆشە هاوڕێمە، پێم خۆشە بزانن هاوڕێی وا بەسەلیقەشم هەیە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٣٨ (٤ - ٢٠١٥/١٢/٥)

(٩)

# نابینا

نابینامان هەیە تێڕوانینی بۆ ژیان دوورمەودا ترە، لەسەد چاو ساغ و چاوتیژی تەنها بەر پێی خۆدیوو.

لە وڵاتی ئێمە، وەک هەموو وڵاتێکی دونیا، ژمارەی نابیناکان گەلێک کەمترن لە کۆی ئەوانەی دەبینن و گوایە لێی چاوەڕوان دەکرێت چاوساغی کاروانی ژیان و دەلیلی داماوەکانی سەرەتای ژیان بن. لەگەڵ ئەوەشدا رەوتی ژیان و گەشەی گشتی کۆمەڵەکەمان دەریدەخات زۆرینەی چاوساغ نابینان، بۆیە ئایندەی مسۆگەرو کۆنکرێت لە پێشمان نابینین. نابیناکان هیچ نەبێ لەبەر دۆخی زگماکی مەحروم بوونیان لەبینایی، ئیرادەی ژیان و وزەی بەرەنگاری لەخۆیاندا چڕدەکەنەوە تا قەرەبووی نادیتن بکەنەوە لەڕێی فراوانکردنی خەیاڵی بینین و ئەندێشەی وێناکردنی ژیانێکی جوانتر لەوەی لەبەرچاوی بینەراندا بەرجەستە بووە. لەپێشدا ئەندێشەو خەیاڵ لەدایکبووە، ئینجا لەناو واقیعی ژیاندا لەگەڵ وێنەگرتنی رەق و تەق تووشی بووین. خەیاڵی جوان لەگەڵ واقیعی بێ رەنگ و بۆ تووشی بەریەککەوتن هاتووەو ئیرادەی گۆڕینی وێنەمان لەدەستداوە. وزەو ویستی رەنگکردنی بژاردەی بەردەستمان پەکی کەوتووە، بۆیە هەروەک ئەوەوایە نابینا بین. بەم وەسفەیە کە نابینا زۆرینەیەو نابینای زگماکی کەمینەیە. بەم وەسفەیە تەها حسێن پەنهانەکانی کەلتوورو ئەدەبی عەرەبی ئاشکرا دەکاو بەو ئیرادە چڕ بۆوەیە د. کامیل بەسیر چاوساغی لێکۆڵینەوەیە لەسەر رەوانبێژی و رەخنەی وێژەیی لە ئەدەبی کوردیدا.

بیلبلەی چاوی نابینا ئیرادەی بەهێزی دیتنی نەدیتراوە، بۆیە لەکۆڕی زۆرانبازی ژیاندا چاوساغە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٤٤ (١١- ٢٠١٥/١٢/١٢)

(١٠)

# لێواری نان

جاران کە باوی بیری چەپ بوو، باوی ئەدەبی چەپیش بوو، چیرۆک و شیعر لەسەر ئەو مانگی یەک شەوە بوو کە لای هەژاران لە شێوەی نانێکدا خۆی دەنوێنێ، تائەوەی مانگ بێت بۆ دڵداری و دڵدانەوە. دەرکەوتنی مانگ لە شێوەی نانێکدا خەیاڵی هەژاران تێر دەکات، ئاماژەیەکی پەنهان بوو بۆ ئەدەبێک گوایە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگەیە و گەرەکێتی ئەو ئەدەب و هونەرە قاو بدات کە تێزی ئەدەب بۆ ئەدەب و هونەر بۆ هونەری هەڵگرتبوو. کە مانگ وەک رەمزێک بۆ جوانی رووی یار ، وەک رەمزێک بۆ رووناکی و کەشوهەوای ئەوینداری ببێتە نانێکی رووتی لە هەویر دروستکرا و ئیتر هونەر چۆن لە بەرزخی خۆی ناهێنرێتە خوارەوە؟. بەڵام تەنانەت لە ئەدەبی چەپیشدا ستاتیکا هەیە وەک ئەو چیرۆکەی دەڵێ: عەبدولکەریم قاسم وەک سەرکردەیەکی میللیگەرایی بە نانەواخانەکەی گوتبوو وێنەکەی من بچووک بکەرەوە و نانەکە گەورە بکە. رەنگە ئەمە جۆرێک بێت لە داکۆکی لەخەڵکی هەژار، نەوەک نانەواخانە لەپەنا رەسمی گەورەی زەعیمەوە بخوازێت فێڵ لەنانی هەژاران بکات.

ئەو زەمانە حکومەت لەسەر هەژاران دەهاتە جواب، تا ئەو رۆژەی نموونەی ترمان دیت کە حکومەتی سادات بڕیاریدا پشتیوانی لە نان نەکات بەڵکو لە زەمانی کرانەوەدا خەڵک دەتوانێت ماری ئەنتوانێت وتەنی کێک بخوات لە جیاتی نان. داخوا لە کوردستان چاو لە قاسم دەکرێت یان سادات لەم تەنگژەی بەرۆکی خەڵکی گرتووە؟

گوێم لێ بوو ئاشنایەک دەیگوت لەم بێ مەعاشییە ماوەیەکە هەست دەکەم لێواری سووتاوی نانیش دەخۆم، داخۆ کام شاعیر یەکەم کاردانەوە دەنوێنێ و غەزەلێک لەسەر لێواری سووتاوی نان دەڵێت؟ بۆ نموونە بڵێ؛ لێواری سووتاوی نان لە لێوی سووراوی یار شیرینترە!؟

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٥٠ (١٨-١٩/١٢/٢٠١٥)

(١١)

# مندالآن

چی هەیە شان لەشانی خۆشەویستی مندالّەکانت بدات؟ مەگەر خۆشەویستی مندالّەکانت! میسرییەکان دەلّێن: "مندالّی مندالّەکانت". ئەمەیان نازانم، هەرچەندە تەخمینم وایە خۆشەویستی مندالّی مندالّەکانت، خەمی مندالّەکانتە نەک تۆ. بەلّگەش ئەوەیە کە مندالّت نەخۆشی دەبێت، خۆت نەخۆشی، ئەمما مندالّی مندالّەکانت ئەوا لە عوهدەی مندالّەکانتن و تۆ لە خەستەخانەش بەدیاریانەوە نابیت. تۆ بە دیار مندالّی خۆتەوەی، ئەوجا با کچ و کوڕەکەشت بە دیار مندالّی خۆیانەوە بن.

مندالّ عەزیزی رۆح نین، مندالّ خۆیان رۆحن، هەناسە و هەناون. دەبێ وەسفەکە پێچەوانە بکەیتەوە. رۆح خۆشەویستە وەکو کە مندالّ خۆشەویستە. یانی بلّێن فلانی رۆحی خۆی خۆش دەوێت وەک مندالّەکانی.

مندالّەکان ناوەندی ژیان و جیهانن. رۆح لەوانەوە هێزو رۆح وەردەگرێت. لەوانەوە مانا وەردەگرێت و شیرین دەبێ. گوتمان کە ناوەندی ژیان و جیهانن، راستییەکەی هەلّەین. مندالّەکان ناوەندن و ژیان و جیهان پاشکۆ و رەدووکەوتوون. مندالّەکان ناوەندن، وەک مندالّەکان. خۆشەویستن وەک مندالّەکان.

یانی وەک لە سەرەتاوە وتمان، هەر خۆشەویستی مندالّەکان شان لەشانی خۆشەویستی مندالّەکانت دەدەن. کە مندالّەکان سەلامەتن، یانی خۆشەویستی سەلامەتە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٦٧ (٨-٩/١/٢٠١٦)

(١٢)

# بێکار

مرۆڤ چۆن لەڕووی دێت ناونیشانی کارێکی هەبێ و جێگەی کارێکی گرتبێت و کەچی نەیکا، لەسەری نەبێ و بەسەری نەکاتەوەو خودی خۆی لەسەر کەمتەرخەمی خۆی سزای مەعنەوی نەدا؟

ئایا پرسەکە چاوقایمییە؟، یان بۆ لوان و بۆ چوونە سەرە؟، رووقایمییە کە ناونیشانی کارێکت هەبێ و ناوەڕۆکەکەی پڕ نەکەیتەوە، یان رووگیرییە کە تۆ کارێکت پێ سپێردراوەو حەزی پێ ناکەیت، بەڵام لەبەر دڵی ئەم و ئەو دەستبەرداری نابیت، ئەگەرچی دەست بەکاری نابیت؟.

ئایا ئەم دیاردەیە خەسڵەتێکی کەسییە، یان لە کۆمەڵگەدا باوە، یان ئەوکاتە باوە کە وڵات بۆ دزماڵێکی شێواوە؟ چۆن مرۆڤ لەڕووی دێت نانی ناونیشانێک بخوات کە ئاوی باخچەی ئەو ناونیشانە نادات؟، ئایا ئەمە دەردی ئەمڕۆیە یان زامی کۆنە لە کوردەواریدا و ئەمڕۆ سەریهەڵداوەتەوە، چونکە تەبیبی دەردەکەمان خۆی دەردەدارە؟

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٧٢ (١٥-٢٠١٦/١/١٦)

(١٣)

# نووسین، ڕامی توندییە

مرۆڤ لەرەوتی شارستانیدا نووسینی بەرهەم هێناوە. نووسین ئایکۆنی هەڵگرتنی بیروباوەڕو زانیاری و قەومانەکانی ڕۆژگارە. نووسین بەدوو ئاڕاستە دەستاودەست دەکات: ستونی هی دوێنێ بۆ ئەمڕۆ، هی ئەمڕۆ بۆ سبەی هەڵدەگرێ. ئاسۆییەکە بریتیە لەگواستنەوە لەنێوان مرۆڤەکانی یەک چەرخ، لەزمانێکەوە بۆ زەمانێکی ترو بۆ شارستانییەکی تر. ئەمە وەزیفە سەرەکییەکەی نووسینە. بەڵام پێم وایە نووسین وەزیفەیەکی پەنهانیی گرنگتر دەگێڕێت، ئەویشماڵیکردنی هەڵچوونی مرۆڤەکانە. مرۆڤەکان لەقسەوئاخاوتنی سەرزارەکیدا توندڕەون، دەنگیان بەرزو دەربڕینیان زبرە. لەحزوری نووسیندا دەرفەتێکیان دەست دەکەوێت کە خاوتر بدوێن و حورمەتی کاغەزو شارستانی بگرن، توڕەبوون کۆنترۆڵ بکەن و هێرشی ناڕەوا بەگوتەی شێنەیی و دەربڕینی بژارکراو بسپێرن، هەروەها نووسین وەک وشەی لەزار هاتەدەرنییە کە شارێک پێی بزانێت، بەڵکو نووسین لەئایکۆندا هەڵدەگیرێ و بەقەدەر ئەوە بڵاودەبێت کە چاپ دەبێت. ئەوەش دەرفەتێکی تر بۆ پێداچوونەوەو دەستکاری بەهۆی پرۆسەی خاوخلیچکی بڵاوکردنەوەوە دەبێت. مرۆڤ کە نووسینی تووڕەو توش دەبینێ لەدڵەوە ئومێددەکات کە لەئەسڵدا خاوەنەکەی زۆر توندتربێت و نووسین هەرچۆنێک بێت کەمێک تووڕەبونەکەی خاوکردبێتەوە، دەنا بەقسە کارەسات دەخولقێت. کەواتا هیوابڕاو مەبن، شارستانیی وەرگەڕان لەئاخاوتنی زارەکی بۆ نووسین توند خاو دەکاتەوە و توندیش وا کاڵ دەکاتەوە تۆنێکی کەمتری هەبێت.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٧٨ (٢٢-٢٣/١/٢٠١٦)

(١٤)

# تەپکەی کوڕان

کێ بەرپرسە لەو جۆرە چالاکییە سەیرو سەمەرەیە. گەنجێکی قۆز، کچان بە حیجابی رەنگاوڕەنگ کۆدەکاتەوەو بەتەنیا لە هۆڵێکدا لەسەر فرتوفێڵەکانی کوڕان قسەیان بۆ دەکات؟

گەنجێک خۆی لە کچان کردۆتە مەحرەم و لە هۆڵێکی گشتیدا ئامۆژگاریان دەکات داخۆ چۆن بتوانن خۆیان لەداوی خۆشەویستی کوڕان دەرباز بکەن؟

ئایا ئەو گەنجە کوڕ نییە؟، داخۆ چی زەم و غەیبەتێکی کوڕانی ئەم وڵاتەی کردووە؟ شەرعی خوێندووە، یان دکتۆرای لە زانستی کۆمەڵناسی هەیە کە مافی دەداتێ لەسەر باری خێزانی و کۆمەڵایەتی قسە بکات؟، لە ئالی بەیتە تا دەستپاکترو ئەمینتربێت لەو کوڕانەی وا داو و تەپکە بۆ کچان دەنێنەوە؟.

ئەوقاف ئەوی راسپاردووە، یان حکومەت، یاخود یەکێتی زانایانی ئایینی؟

بۆچی گەنجێک دەستنوێژی لە خوشکان ناچێ و یەکێکی تر بێگانەو نەیارەو هەڕەشەیە لەسەر ئەخلاقیان؟ بۆچی ئەم وڵاتە وای لێهاتووە، کوڕان وەک هەڕەشە لەسەر کچان وێنا دەکرێن؟ بەمجۆرە رێگای خۆشەویستی و بە یەکگەیشتن و وەچەخستنەوەو بەردەوامی ژیان ئاوەدان دەکەینەوە. کچان بەنزین و کوڕان شقارتەن؟.

دوایی ئەم گەنجە ئامۆژگاریکارە لەکوێ فێری فرتوفێڵی کوڕان بووە؟، بۆیان گێڕاوەتەوە؟ راستیان گێڕاوەتەوە، یان خۆی تاقیکردتەوەو ئێستا لێی پەشیمانە؟ خوشکان خۆیان چی دەڵێن؟

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٨٤ (٢٩-٣٠/١/٢٠١٦)

## (١٥)

# سەفەری کار

سەفەرو سەرهەڵگرتن و کۆچ بژاردەی مرۆڤەکانە وەختێک دەگمەن و کەم دەبێت، بەڵام کە دەبێتە دیاردەو لەهەموو شار کوچەو کۆڵانێکی نیشتمانیدا ئایندەی رۆیشتووی دەبێت ئەوا لەبژاردەی تاکە کەسییەوە دەبێتە خەمێکی نەتەوەیی. خەمێک دەبێ نەک هەر لێی بکۆڵینەوەو هەڵوەستەی لەسەربکەین، بەڵکو دەبێت چارەسەریشی بۆ بدۆزینەوە. سەفەری بەکۆمەڵی کورد لەمێژووی ئەم سەد ساڵەدا زۆر دووبارەبۆتەوە کە زۆربەیان سەفەری سیاسی و سەرهەڵگرتنی یەکجارەکی بوو لەداخی ستەم و دیکتاتۆریی داگیرکەران. لەدوای راپەڕینەوە سەفەر باعیسی لە ویستی ژیانو تێپەڕاندنی نەبوونی و دەستکورتیدا بینیوەتەوە. سەفەری بەکۆی ئەمجارە ترسە لەدووبارەبوونەوەی نەبوونی جاران، دوای نزیکەی دە ساڵ لە های لایفی و ژیانی خۆشگوزەران. خەڵک ترسی هەیە ئیتر کارو کەسابەتی بۆ نەمێنێت. بێگومان لەهەموو ئاستەکانی سەفەری بەکۆمەڵیشدا هەمیشە چاولێکەری هەبووە.

ئەوی گرنگە لەسەری بدوێین وەک قۆناغی یەکەم کەمکردنەوەی زیانی سەفەری بەکۆمەڵە لەڕێی رێکخستنی خودی سەفەرەکەوە.

ئایا حکومەتی کوردستان ناتوانێت ئەم سەفەرە بەکۆمەڵە لەڕێی دابینکردنی هەلی کار لەوڵاتانی ترەوە رێکبخات، خەڵک هەر دەڕوات دەڕوات، حکومەت کارێک بکات وەک تورکیای پەنجاکان و میسری هەشتاکان سەفەری کار بۆ خەڵکی رێکبخات؟، پرسیارێکی جەرگبڕە، بەڵام لەواقیعەوە هەڵێنجراوە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٩٠ (٥-٦/٢/٢٠١٦)

## (١٦)

# مینی خۆشبەختی

قسەکە هی ئەکتەرێکی ئەمریکییە، بەس نازانرێ هی خۆیەتی یان هی سیناریستەکەیە. جاک دیلۆن لە فیلمی "نرخ"دا فەلسەفەیەکی جوان لەسەر نرخ دەڵێ: "ئەگەر ناتوانی خۆشبەختی بکڕی، بە کرێی بگرە".

زۆر کەس لە ئێمە لەپێناو خۆشبەختی گەورەدا وردەکاری خۆشییەکانی ژیان لە دەست دەدات، لەبیری دەچێت کە ئەو هەوڵ بۆ خۆشبەختی دەدات. زۆر نرخ و بەهای گەورەی ژیان پێشێل دەکات، چونکە سەرقاڵی دابینکردنی خۆشبەختییەکی گەورەترە.

لەم ڕێگایەدا دەوڵەمەند هەموو کاتی خۆی بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە تەرخان دەکات و لەبیری دەچێت گەورەترین سەرمایە کە تەندروستی خۆی و ماڵ و منداڵ و دۆستانێتی لەوانەیە ببنە قوربانی هەڵپەی خۆشبەختی گەورە.

سیاسەتمەداری پاوانخوازیش گەرەکێتی هەموو وڵات بکاتە پاوانی خواستە سیاسییەکانی خۆی، لەبیری دەچێ دەشێ وڵاتەکە بچووک بێت، دەوڵەمەند نەبێ و ئیمپراتۆریاش نەبێ، بەڵام خۆش بژێ و ئاشتی و ئازادی و دادی تێدا فەرمانڕەوا بکرێت، خۆشبەختییەکی سیاسییە.

ئەوەی وا دەکات نرخی گەورە دەدات و ئەو خۆشبەختیانە لەدەست دەدات کە دەتوانێ بە کرێیان بگرێت، لەجیاتی ئەوەی دەستیان بەسەردا بگرێت.

لەپێناو خۆشبەختی زل و زەلام، مینی خۆشبەختی لەدەست مەدە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٠٢ (١٩-٢٠/٢/٢٠١٦)

(١٧)

# نەخشی هێناوە؟

"عوافی للی یجیب نقش" پەندێکی عیراقییە بەمانای: ئافەرین ئەوەی نەخش دێنێ. ئەمە دەستخۆشییەکە بۆ ئەوانەی لە غەدرو فرت و فێڵ و خواردنو خواریدا نەخش دێنن. ئەم پەندە هەر بەشێوە تەعریبەکەی خۆی هاتۆتە کوردستانەوە. یان کێ دەڵێ لێرەوە نەچۆتە بەغداو ئەسڵی پەندەکە کوردییەو کراوەتە عەرەبی. یان لەجێیەکەوە هاتووەو بە کوردستاندا چۆتە بەغدا. پێدەچێ ترانزێتیش بووبێ، ئەم پەندە پەتای لێرەش داناوە.

لە کوردستان سەرکۆنەی دڵساف و خاوەن ویژدان و ئەوانەی تۆزێک وزەی مۆراڵیان ماوە، دەکرێت، چونکە نازانن بیخۆن، نازانن فێل و فەرەچ بدۆزنەوەو پاشقول بگرن. ئەمانە وەکو دەستخۆشییان لێ ناکرێت، دەدرێنە بەر تانەو بوختانیان بۆ دەکرێت، چونکە لێی نازانن، یان نەقشی جوانیان لەدەست نایەت و لەناو تۆڕی فرتوفێڵدا باوکەڕۆی ویژدان و کەمێک دادپەروەرییانە. میسرییەکان دەڵێن: "القانون لا یحمی المغفلین" یانی یاسا گێلەکان ناپارێزێ. خۆی لەڕاستیا ئەوانە گێل نین، ئەوانە سینە ساف و پاکن و کۆمەڵی فرتوفێڵ بە گێلیان دەزانن. چارەسەری گەندەڵی بە لەقاودانی ئەم جۆرە پەندو ئیدیۆمانە دەست پێدەکات، زیرەکەکان بگرن و گێلەکان بەردەن.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٠٨ (٢٦-٢٧/٢/٢٠١٦)

(١٨)

# ترس و شەرم

ترس خۆی لە خۆیدا دۆخێکی سەلبییە، مرۆڤ هەوڵدەدا حاشای لێ بکات کە بڵێ ناترسم و تین دەداتە بەر خۆی تا بڵێ ئازام. بەڵام هەرچۆنێک بێت ترس بە تەنیا حاڵەتێکی ئینسانییە، ئەگەر شەرم و بێ تاقەتی و خۆلادانیشی لەگەڵ بێت ئەبێتە کارەسات. مرۆڤ رۆژانە دۆخی ناڕاست و چەوت دەبینێت و بەرەنگاری نابێت، نەک لە ترسا کە ترسی لە خۆی بەهێزتری هەبێ، بەڵکو هەندێک جار ترس هاوشانی بێ تاقەتی و خۆلادان لە گێچەڵ و بەدواداچوون وا دەکات لە ئاستی زۆر دیاردەدا بێدەنگ بێت. مودەعی دەبینی دەسەڵاتی دیکتاتۆری نییە بۆیە دەتوانێ بەرەنگاری ببیتەوە، بەڵام تاقەتت نییە جوابی دەیتەوە. کەسانێک دەبینی ناشرین جوان دەکەن و جوان دزێو، ئازا دەکەنە ترسنۆک و ترسنۆک دەکەنە قارەمان، بە ئاشکرا درۆو دەلەسە بڵاودەکەنەوەو ژەهری ناڕاست دەڕێژن و زۆر بە ئاسانی دەتوانیت بێدەنگیان بکەیت، بێ ئەوەی لەسەرت بکەوێ و لێت کەم بێتەوە، بەڵام تاقەتت نییە، شەرم دەکەیت و لە دەمی پیس و هەڵڵایان دەترسی. ئاوی بوختان و چەواشەکاری و نادادپەروەری بەم شێوەیە بە ژێرماندا دەڕوات کە ترس و بێ تاقەت و شەرم و کەم حەوسڵەیی هاوپەیمانێتی دەکەن. با ئەو هاوپەیمانێتییە لەق بکەین.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩١٤ (٤ - ٢٠١٦/٣/٥)

## (١٩)

# ئێوە دەڵێن چی؟

ئاسەواری دۆخی ناخۆش ئێستا لە ئەدەب و خەیاڵدانی داهێنەری کورددا درەنگ و زوو رەنگ دەداتەوە. تەنگژەی ئەمڕۆ لە ناونیشاندا تەنگژەیەکی داراییە، بەڵام لەگەڵ خۆیدا تەنگژەیەکی دیکەی هێناوە کە کاریگەری ئەفراندنی دەبێت لەسەر کۆمەڵی کوردەواری: گرمەڵە بوون، خۆخواردنەوەو رۆچوون بەناو ناخ و فەردانیەت لە نیشانەکانی ئەو ئەدەبە دەبێت کە بەرهەمی نائومێدی و پەڕەی دڵی ناسکی داهێنەران دەبێت. راستە ئەم تەنگژە لە ئاستی سیاسی و لە ئاستی دۆزینەوەی چارەسەری گشتیدا سەرەنجام کۆنترۆڵ دەکرێت، بەڵام پەژارە و گرژییەکەی لە تاکی کورددا رەنگ دەداتەوەو رۆژێک دێت ئەدەب ئەم تۆمارە دەنووسێتەوە.

تا ئێستا ئەدەبی کوردی، بە شیعریشەوە، کە ژانرێکی شەخسیترە لە لقەکانی دیکەی ئەدەب، بۆ کۆمەڵگەو بۆ گشتن، لەمەودوا دۆخی ئازارەکانی قۆناغی پەرینەوە دەبێتە خاڵێکی جیاکەرەوە لە داهێنانی کوردیدا، ئەگەر هەبێت. یان ئەگەر بیەوێت هەبێت.

ئەمە تێبینی خوێنەرێکی ئەدەبە، نەک حوکمی رەخنەگرێکی حەریف.

ئێوە دەڵێن چی؟.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٢٠ (١١ - ٢٠١٦/٣/١٢)

(٢٠)

# سڵاو و ...ڕێز

سڵاوو ڕێز دوو وشەی هەمیشە دووبارەی نێو نامەکانمانە. سڵاو لە وشەی "سەلام"ی عەرەبییەوە هاتووە، بەمانای ئەوەی ئاشتی پەخش و بڵاودەکەیتەوە. بە تەبیعەت هەر کەسێک زۆر سەرنجی دای بە سڵاوێک سەرنجەکەی دەربڕی. ئەگەر سەرنجەکە وەبیرهێنانەوەی ناسین بێت برادەری خۆتی بۆ دووپات دەکەیتەوە. ئەگەر سێرەو خێسە بێت بەسڵاو کردن نییەتی ئاشتی بۆ نیشان دەدەیت.

لە نامەدا ئێمە زۆر بە پەلە سەرنجی ئەم دوو وشەیە دەدەین و زۆر بە پەلەتریش بۆ دوعاو سەلامی نامە بەکاری دێنین. تەنانەت زۆرمان (و)ی عەتفی لێ لادەبەین و ئیکتیفا بە واوی (سڵاو)ەکە دەکەین. ڕێزیش پاسۆوردی چوونە ناو دڵی بەرامبەرە. ڕێزی خۆتی بۆ دەردەبڕی تا ئەویش ڕێز لە تۆ بگرێت. ئەم دووانە خۆراکی گیانن، بۆ ئەوەی هەم سیلەی ڕەحمی نێوان مرۆڤەکان بمێنن و هەمیش ڕێز لە یەکترگرتن سنوورێک بێت لەنێواندا، تا کەس تەجاوزی ئەویتر نەکات.

لەبەرئەوە گەلێک کەس پێیان باشە تەنانەت لە نووسراوی ڕەسمیشدا، سڵاو و ڕێزو حورمەت هەر هەبێ. پارەی تێناچێ، بەڵام خۆ پارە هەموو شتێک نییە، وەکو ئەوانە لێی تێگەیشتوون کە سڵاو ناکەن و بۆ پارە شەڕ بەرپا دەکەن و ڕێز لە کەس نانێن و سنووری حورمەت ئەبەزێنن.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٢٦ (١٨ - ٢٠١٦/٣/١٩)

(٢١)

# لێبوردن

لێبوردەیی گیانێکی وەرزشی بەرزە، لەویش بەرزتر داوای لێبوردنە لەوەی هەڵەی بەرامبەر دەکەیت. لێبوردەیی لە دەست خۆتە، ئەگەر یەکێک هەڵەو پەلەت لەگەڵ دەکات، دەتوانێت لێبورده بیت و لێی خۆش بیت. داوای لێبوردنیش هەر لە دەست خۆتە، بەڵام ئەمیان گیانێکی لێبوردەیی و وەرزشێکی یۆگایی باڵای پێویستە.

لێبوردەیی لەپێگەی بەهێزەوەیە، چونکە تۆ هەقداری،کەچی هەقی خۆت وەرناگریتەوە و بە گیانی تۆڵەسەندنەوە رەفتار ناکەیت.

هەرچی داوای لێبوردنە لەو هەستەوە دێت کە تۆ پێتوایە هەڵە بووی و دەبێ داوای لێبوردن بکەیت. واتا لە باری مۆرالییەوە هەست بەوە دەکەیت لاوازو بەلەنگازی و جێی رەخنەی یارو نەیاری. پێ بە جەرگی خۆتدا دەنێیت و لاوازی مۆراڵی، بە هێزی مۆراڵی دەگۆڕێتەوە. داوای لێبوردن دەکەیت تا لە سزای ویژدان و کاردانەوەی تەنهایی لەدەستدانی دۆست و هاورێ دەربازت بێت. ئەمە قازانجێکی رۆحی گەورەیە کە لاوازی بەهێز بگۆڕێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کەمن ئەوانەی ئەم هێزی وەرگۆڕانە ڕەچاو دەکەن و لەم بازدانە گەورەیە بەهرەمەند دەبن.لە دڵیان گرانە داوای لێبوردن بکەن و بچووکی خۆیان بنوێنن تا گەورەییەکی بە ناوەڕۆک بە دەست بێنن.ئای مرۆڤ بەعینادی و کەللە رەقی چەند دەسکەوت لەدەست خۆی دەدات؟!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٤٠ (٨ - ٢٠١٦/٤/٩)

(٢٢)

# عومری شیرین

جوانی ژیان بەوردەکارییەکانییەوە جوانە، وردەکارییەکانی ببینە تا بزانین چەند خۆشە؟ هەتا ئێمە وا لەژیان بڕوانین کە قەبارەیەکی گەورەو تەنێکی مەزن و بارستاییەکی یەک پاکێچییە، ناتوانین خۆشی لێ هەڵێنجێنین و خێری لێببینین.

ئەمە پرەنسیبێکە هەموومان قبوڵمانە، بەڵام لەکرداردا وا ناکەین. ئەو بیروڕایە شاعیرەکانیش پێیان وتوین، گۆرانی گەورە هەڵوەستە لەسەر مرواری زیخ و چەو دەکات، کە جوانترە لەدەریای بێ سنوور، ئێمە سەری بۆ دەلەقێنین، بەڵام لەکرداردا هەر غەرقی دەریای بێ سنوورین، غەرقی قەرەباڵغی و گشتی و مێگەلین.

بۆچی وا دەکەین؟

ڕەنگە پێتان وابێ ژیان بەشی ئەو هەموو وردەکارییە ناکات؟ باشە قەرارە ئێمە هەموو ژیان ببینین؟، کێ ئەو ئەرکەی بە ئێمە سپاردووە تا پێمان وابێ سات و سەعات و ڕۆژەکانی ساڵ بەشی هەموو ژیان ناکەن؟

لەناخماندا مەزن-ێک هەیە کە بەهیچ تێر ناخوات، بۆیە جامێ ئاوی کانیاوی چیرۆکی زیخ و چەوەکە بەشمان ناکات.

وادەزانین باش دەزانین، کەچی تەماعی زۆر دەریدەخات کەم دەزانین، بۆیە سەرەنجام نە دەریای بێ بنی پێ کێوماڵ دەکرێت و نە کانییەکەی بەرماڵمان دابینمان دەکات. بەم جۆرە لەنێوان خاڵی سەرەتای وردو، کۆتایی بێ بندا، عومرمان لەمالا یەعنیا بەبا دەچێ..

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٤٦ (١٥ - ٢٠١٦/٤/١٦)

(٢٣)

# ناخی سەربەرزی

ناخی مرۆڤەکان پەیوەستی پلە وپایەیان نییە، لەبەر ئەمەیە لە داستانەکان و لەکتێباندا دەیخوێنینەوە کە پادشای ملهوڕو سەرگەورەی وا هەبوون سەرسەری بن. تا ئەوەی پادشاو سەرگەورە بوون. کەسانێکیش هەبوون یان ئاویان لە پەراوێزی داستانەکاندا دێت کە نەفەسیان پادشایی و ڕەفتاریان هی مەزنایەتی و نەفس بەرزییە.

کەینونەی مرۆڤەکان شتێکەو واقیعی گوزەران و سنفی کارو کەسابەتیان شتێکی ترە. لەبەرئەوەیە لە چینەکانی خوارەوە نەفس بەرزی وا دەبینی بۆڕی سەد خواپێداو و مەزنی داوەتەوە.

لەکاتێکدا هەژاری و نەداری دراوسێی پێویستی و هەڕەشەی دانەواندان و سەرکزییە. خواپێداوییش چانسی وا دەداتە مرۆڤەکان کە گەورەیی بنوێنن و موحتاجی نامەرد نەبن.

بەڵام دەبێ وریا بین، ڕەفتاری پادشایان جیایە لە خۆنواندنی پادشاهانە.

لە تەنگژەدا نمایشی پادشاهانە لە خەسڵەتی ڕاستەقینەی پادشاهانە جیا دەبێتەوە. هەروەها خراپ نییە کە بە دڵ ودەروونی پاک و چاوی تیژەوە نەفس بەرزی هەژارانە لە تڕ زلی هیچ لە بارا نەبوو، جیا بکەینەوە.

تڕ زلی خەسڵەتی ئەوانەیە هیچیان نییە، نە لە پێشەوە و نە لە دوای خۆیان لە دەستی بدەن.

تڕ زلن لە خوتوخۆڕایی، لوتیان بەرزە.ئەمما خاوەن خەسڵەتی پادشایی، کەرامەت و شەفاعەت، سەربەرزی و لیاقەتی لێ دەڕژێ.

بەختەوەر ئەوەیە ئەگەر ئەو خەسڵەتانەش لە خۆیدا شک نەبا، خوا بیکاتە دۆستی ئەوانەی وان.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٥٢ (٢٢ - ٢٣/٤/٢٠١٦)

(٢٤)

# ئەنجیلا جۆلی

بایەخی رۆڵی مرۆڤ دۆستانەی هونەرمەندێکی وەکو ئەنجیلا جۆلی لە یارمەتیدانی پەنابەران و لێقەوماوانی جەنگ و لافاو و کوێرەوەریدا ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێت کە بەراوردی بکەین بە نمایشی ئەوانەی خاوەندارێتی لە دین و دونیا دەکەن و مینبەر و سەکۆو سەرشانۆو شاشەکانیان پڕ کردووە لە شاتەشاتی بەرەنگاری زوڵم، کەچی لە کرداریشدا هیچیان دیار نییە.

سەدان مەلاو قەشە و حاخام، سەدان ئاغاو شێخ و دەوڵەت شەو و رۆژ فرمێسکی تیمساحی بۆ لێقەوماوانی جەنگ، پەڕاگەندانی کارەساتە سروشتیەکان دەڕێژن و کاتێکی زۆری بەنرخیان بۆ ئامۆژگاریکردنی خەڵک تەرخان دەکەن، لێ خۆیان لە ژیاندا وا نین و وا ناکەن.

لە تەرەفێکی تریشەوە ئەو ئەکتەرانەش کەم نین کە سکانداڵی گەورەی راکردن لە تاکس و باجی سەرشانیان لێ ئاشکرا دەبێ و لە بەدواداچوونی میدیاکارانی پاپەزاریدا تێدەکەون و وەختێکت زانی بێ بەهایی و بێ مۆراڵییان بە سەد نمایشی جوانی سینەمایی پاک ناکرێتەوە.

تەنها کەسانی وەک ئەنجیلا جۆلییە کە بەها دەدەنە رۆڵی گشتی لە کۆمەڵ و لە مرۆڤایەتیدا.جۆلی وەک چۆن لە شاشەدا جوانی و ئەفراندن دەبەخشێت و هونەری باڵا دەکات، ئاواش لە رۆڵی گشتی ناو کایەی ژیان و فەرمانی خزمەتدا ئیلهامبەخش و کەمەندکێشی نرخ و بەها بەرزەکانە.

حەیفێ ئەم خۆری درەوشاوەیەی سینەما و ژیان نها نەخۆش و بەلەنگازە، نەخۆشی کزی کردووە و داماوی دەستی کەم خۆری و بێ ئیشتیهایی بووە.

جۆلی بەم تەمەنە درەخشانەی هی ئەوە نییە وای لێ بێت، هێشتا

سینەماو لەوەش گرنگتر هێشتا ژیان گەرەکێتی کە دەرسی دیکە بداتە مشەخۆرەکانی کەئامۆژگاری بە واجبی رێی خوا و سروشت نازانن، بەڵکە ئامۆژگاری، کە سەر بە ماڵی مەعنویاتە، وەک هەر شمەکێکی ماددی بە پارە نرخداری دەکەن.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٥٨ (٢٩ - ٢٠١٦/٤/٣٠)

(٢٥)

# حەمەدۆك

لە ڕۆمانی حەمەدۆکدا، پەرەسەندنێکی درامی سەیر هەیە، وەختێک حەمەدۆک ویستی دانیشێ و واز لە یاخیبوون بێنێ. حەمەدۆکی یەشار کەمال و یەشار کەمال خۆشی هیلاک بوو، دوای چەند جڵد لەم چیرۆکە یاخییە. بڕیاری دا واز بێنێ و کۆڵ بدا. ئەوانەی چیرۆکی ئەم ڕۆمانە دەزانن و بیریانە یەشار لە پێشدا بە ئەڵقە لە ڕۆژنامەی جەمهوریەتی تورکی بڵاوی دەکردەوە. داخۆ خوێنەران گوشاریان کردووە، یان یەشار خۆی هیلاک بووە؟ مەعلومە خوێنەران قەت لە داستانی ئەڵقەیی بێزار نابن، کەوا بێ یەشار وای لێکداوەتەوە پەرەسەندنی هۆنینەوەی چیرۆکەکە وا دەخوازێ پشوویەکی حەمەدۆکیشی تێدا بێت. سەیر لەوە دایە ئەوانەی خۆیان پێیان ناکرێ یاخی بن و چمکێکی یاخیبوونی حەمەدۆک هەڵبگرن، دەکەونە ڕەخنەکردنی حەمەدۆک کە چۆن دەبێ حەمەدۆک کۆڵ بدا؟، ئەی ئەم خەڵکە هەژار و بەلەنگازانەی ئاغا و پۆلیس غەدریان لێ دەکەن چی بکەن؟، مەگەر ئەوانە عوهدە و ئەمانەتی دادپەروەری و تۆڵەسەندنەوە نین لای حەمەدۆک دانراون؟ مەگەر قەرار نەبوو حەمەدۆک مافیان بۆ بستێنێ؟

بەڵام ئەوانە شانۆکەیان بۆ پۆلیس و ئاغاو حکومەتی "دیموقراتی عەدنان مەندریس" جێهێشتووە. بە کەیفی خۆیان گەمارۆی حەمەدۆک بدەن، بێ هەڵوێستی ئەوانەیە ڕێگەی لە یەکلاییکردنەوەی ململانێکە گرتووە. ئەوانەی ڕەخنە دەگرن کە بۆ حەمەدۆک بێزار بوو و بڕیاری دا پشوو بدات، بێ هەڵوێستن و هەر چاویان لەوەیە خەڵکی تر، حەمەدۆکی تر قوربانیان بۆ بدات و لە جیاتی ئەوان شەڕی زوڵم و زۆر بکات. ئەو ئەفەندیانە ژیانی خۆیان ناخەنە مەترسییەوە بۆ ئەوەی سەرکزانە ژیانێکی خۆش و بێ گرفت بژین.

رەخنەگرەکانی حەمەدۆک گەرەکیانە حەمەدۆک تا مردن هیلاک و ماندوو بێت.

لەژیاندا لەم جۆرە کەسانە زۆرن کە دەخوازن بەدەستی خەڵکی تر مارەکە بگرن. یەشار کەمال بەمەدا گرەوی هونەر و ژیانی بردەوە کە ژیانیی واقیعی بردە ناو داستانێکی وا مەزنەوە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٦٤ (٦ - ٢٠١٦/٥/٧)

(٢٦)

# زۆڵەکەی ئەستەنبوڵ

ڕۆمانی (زۆڵی ئەستەنبوڵ) لە نووسینی خانم ئەلیف شەفەق. دەست دەخاتە سەر برینە قوڵەکانی دڵی تورکیا و دەماری ئەستەنبوڵ. برینی قووڵی جینۆسایدی ئەرمەن و فەرامۆشکردنی پێکهاتەکانی تورکیاو خۆدزینەوە لە خاوەندارێتی مۆراڵی لەپێشێلی مافەکانی کەمینە، مافی ژن و مافی دادی کۆمەڵایەتی، ئەمانە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەی شەفەق پێکدێنن. شانۆی ئەستەنبوڵ لە ڕۆمانەکەدا هەر لەسەر جینۆسایدی ئەرمەن نییە، بەڵکو لەسەر ژنانی بێکەس و بەش مەینەت و لا تەریککراوی ناو کۆمەڵگەشن. کۆمەڵگەیەک زەمان بەڕێدەکا و ئەگەرچی سیستمی سیاسیی دەگۆڕێت، بەڵام هەمیشە ڕێژەی نەگۆڕە لە ئاستی نیوەی کۆمەڵگە، ژنان، و نیوەی وڵاتەکە، ئەرمەن و پێکهاتەکانی تر.

ئەم ڕۆمانە ناوەکەی لەسەر زۆڵی ئەستەنبوڵە، بەڵام لەڕاستیدا شەرەف و مۆراڵ و دادی لێ دەتکێ. شەفەق بەم ئاڕاستەیە لە ئیدارەی هونەریانەی تاوانی جینۆسایدی ئەرمەن جەریئتر لە سیاسەتی ڕەسمی دێتە پێشەوە و ڕۆژ و مانگەکانی کوشتنی کەمینەو فەرامۆشکردنی ژنان لە قاڵبێکی ئەدەبی جواندا وێنا دەکات. ئەمەش وەزیفەی ئەدەبە کە پێش سیاسەتی ڕەسمی بکەوێت و زەین و ڕۆحی میللەت ئامادە بکات بۆ قبوڵکردنی کەموکوڕییەکانی خۆی و کۆمەڵەکەی. شەفەق لە ڕێی زۆڵی ئەستەنبوڵ مانای زۆڵ و شەرافەت، شەڕو خێر دەخاتە پۆلێنکردنی ڕاستەقینەی خۆیەوە. هانمان دەدات چاومان تیژتر بێت لە سەنگەربەندی دەوڵەت و دابەشکردنی ناسنامەو پێدان، یان کێشانەوەی، ناسنامەو خەسڵەت.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٧٠ (١٣ - ٢٠١٦/٥/١٤)

(٢٧)

# مۆسیقا

مۆسیقا خۆراکی گیانە، رەنگە ئەم گوزارشتە وەکو وتن و بەکارهێنان زۆر کۆن و کلاسیکی بێت. بەڵام بەشی ئەم گوزارشتە لەناو کورددا هەر وەرگێڕانێتی لە زمانی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی، لەسەر زەمینی واقیع تەرجەمە ناکرێت. کە مرۆڤی کورد زۆر بە دوای ئەم خۆراکی گیانەوە بێت. کورد زۆر دۆستی مۆسیقا نییە بە مانای ئەوەی فەرهەنگی گوێگرتن لە مۆسیقای هەبێت. قسەم لەسەر کۆنی هونەری گۆرانی نییە، یان راستی ئەوەی داهێنەری کورد لە کۆندا ئامێری مۆسیقای جیاجیای داهێنا بێت، قسەم لەسەر فەرهەنگی گوێگرتنە لە مۆسیقا کە ئەمرۆ بەشێکی ژیانی هاوچەرخە. بەداخەوە کورد تەنانەت لە کاتی گوێگرتن لە گۆرانییش حەوسەڵەی مۆسیقای هاوڕێی گۆرانیەکەی نییە. چەند جار لە دۆست و هاوڕێی خۆمانمان گوێ لێ بووە کە مۆسیقای ئەم گۆرانییە درێژە، یان پێویست بەم هەموو پێشەکییە مۆسیقییە ناکات. کورد وەکو چاوەڕێ ناکات چایەکە سارد بێتەوە و فووی لێدەکات و ئینجا نۆشی دەکات، ئاوەهاش پێشەکی مۆسیقی گۆرانی پێش دەخات تا دەکاتە سەر بەستەو گۆرانی جێی دڵخوازی خۆی!! لەکاتێکدا هونەر یەک پاکێچەو، بەستەو سترانیش بێ مۆسیقا هارمۆنێکی هونەرێکی ئیفلیجەو ناتوانێ مەسجی خۆی بگەیەنێت.

ئەم دیاردەیە هەتا ئێستاش بەردەوامە کە ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیاو دیڤیدی بەرهەمی مۆسیقای ناوخۆو جیهانی هەرزان فرۆش کردووەو هەمووان دەستیان دەگاتێ! بەڵام حەیفێ کەس لەم هەرزانییەشدا ئەو شمەکە بەنرخەی ناوی بەرهەمی مۆسیقایە ناکرێت، یان کڕیارو گوێگر ئەوەندە کەمن لە حوکمی کەس نەبووندان.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٩٤ (١٠ - ٢٠١٦/٦/١١)

## (٢٨)

# بەدگۆ و بەدگوێگر

خەسڵەتی بەدگۆیی لەکوێوە هاتووە؟، بۆچی هەندێک مرۆڤ هەن لەجیاتی بەشینەوەی خۆشەویستی و دۆستایەتی و گوێزانەوەی قسەی خێرو هەواڵی راست پێچەوانەکەی دەکەن؟، کەسی بەدگۆ گوێی سوور دەبێتەوە کە درۆ دەکاو ملی خوار دەبێ کە هەواڵی ناڕاست دەدات، یان ئەو کەسە شارەزای فێڵ و فەرەجی درۆکردنە و دەمامکی راستگۆیی لەڕوو دەبەستێت، بۆیە بەدگۆییەکەی بە تەکنیکێکی بەرز ئەنجام دەدات تا دەرک بە زمان لێدان و گێڕانەوە درۆزنانەکەی نەکرێت.

دەبێ بەدگۆیی چەند کاتی بوێت تا چیرۆکی بەدگۆیی بهۆنێتەوە و دەموچاوی وا لۆچ بکاتەوە باوەڕی پێ بکەن؟، باشە کە خاوەنی ئەو بەهرەیە بۆچی بەهرەکەی لەکاری چاکدا ناخاتەگەڕ؟، بۆ نموونە، رۆڵ بگێڕێ لە درامادا تا خەڵک لەمانگی رەمەزاندا دوعای خێری بۆ بکەن لەجیاتی ئەوەی لە یانزە مانگەکەی تر دوعای لێ بکەن؟.

بەدگۆیی ئەرکێکی قورسە، لە روویەکی تریشەوە گوێیەکی قووتی خۆشباوەڕی دەوێت کە هەر کەیفی بە قسەی بەدو دوو زمانی و فیتنەیی دێت، ئەگەر وانەبێت لە مەملەکەتی خۆشگوێی و گەشبینیدا بەدگۆ جێی نابێتەوە و ژینگەی کەسابەتی پێ دابین ناکرێت.

هەرچەندە لە هەموو کۆمەڵێکدا چەم بێ چەقەڵ نابێت. خوای گەورە هیچ نەبێ بەدگۆ و بەدبین و بەد ئەتواری بۆ ئەوە دەوێت، خەڵکی بەراورد بکەن و لەهەمبەر ئەواندا بەهرەی جوانی و گەشبینی و شیرین گوتارو شیرین رەفتار بناسنەوە، بەڵام بریا خوا دوعای ئەوەی لێ قبوڵ دەکردین کە هیچ نەبێ پاکانەی بەدگۆکانی دەبڕی و دونیای لێ بەتاڵ دەکردن، ئێمەی بەندەکانیشی کەفالەتی بەدبینەکانمان دەکرد، تا چاویان جوانتر ببینێ و بێ بەراورد بە شەڕخوازی، خێرو خۆشی دونیایان فەرق پێدەکرد.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٠٠ (١٧ - ٢٠١٦/٦/١٨)

## (٢٩)

# لەوتاندنی ژیان

لەوتاندنی ژیان بە مانای کەمکردنەوەی پانتایی خۆشی و خۆشگوزەرانی و ریتمی ئاسایی گەشەی ژیان دێت. کەسانێک هەن ئیشیان ئەوەیە ژیانی خەڵک، ژیانی کۆمەڵگەو کەسەکانی خۆشیان ناوێن بلەوتێنن. دونیای خەڵک وا وێنا بکەن کە هیچ نین و هیچ نازانن. شایانی هیچ نین و هی ئەوەن هەر ناخۆش بژین و نەپەرژێنە سەر خۆشگوزەرانی و ژیانێکی ئاسوودەو سەربڵند.

کەسانی وا زۆرن گەرەکیانە ژیان مۆنۆپۆل بکەن. وەک ئەوانەی لە کوردەواری خۆمان پێیان دەڵێن (هەواش بە پارەیە) لایان. ئاو و هەواو هەناسەیان لەبەردەست بێت لە خەڵکی دەبڕن و دادیدەبڕن.

ئارەزوویان لە خۆشگوزەرانی خۆیان نییە، بەڵکو لە لەوتاندنی ژیانی خەڵکدایە. چێژ لەخواردنی سەر سفرەی خۆیان نابینن، با تەنانەت پڕ بێت لە هەموو خۆشییەکانی سفرەی رازاوە، بەڵکو چێژ لە بەتاڵی سفرەی هەژاران دەبینن. حەز لە جوانی خۆیان ناکەن، دڵیان بە ناشیرینی و دزێوکردنی خەڵکی خۆش دەبێت. راستە، وایە، ئەوانە نەخۆشن بەڵام فایدەی چییە کە لەگەڵ خۆیاندا خەڵکیش نەخۆش دەخەن، خۆیان لەوتاون و گەرەکیانە پانتایی لەوتانی ژیان فراوانتر بکەن تا هەموو بازنەکە پاوانی ناشیرینی و دزێوی دەکەن. سەرەتا هیچ شتێک تا سەر نییەو پەتی زوڵمیش لە ئەستووریدا دەپسێ. ئەمە هیوایە بۆ بەردەوامی ژیان، دوعای خێر بکەن کە زوڵمیان پساو بڵقی لەوتانیان تەقییەوە، کەمترین زەرەرو زیان لە ژیانی خەڵک بدەن و کەمترین پانتایی بلەوتێنن.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٠٦ (٢٤ - ٢٠١٦/٦/٢٥)

(٣٠)

# چەقۆی بارمتە

(بەرژەوەندی گشتی) بە بارمتەگرتن، مەترسیدارترین جۆرەکانی سیاسەتە، هەروەها دابڕانێکی قوڵی سەرەوە لەگەڵ بەرەی فراوانی میللەت دەردەخات.

بیهێننە بەرچاوی خۆتان لە فیلمێکی عەسابەدا ترنتی کە هیچ لێکگەیشتنێک لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا پەسەند ناکات، کچە جوانەکەی فیلمەکە، یان منداڵی نەیارەکەی، بە بارمتە دەگرێ، چەقۆی لەسەر ملی ڕاگرتووە و لەسەر لێواری غلۆر بوونەوە هەڕەشەی سەربڕین و خستنە خوارەوەی دەکات، ئەگەر بە قسەی نەکرێ و ویستە ناڕەواکانی جێبەجێ نەکرێت.

ترنتی، یان ترنتییەکانی ئەمڕۆ، بەرژەوەندی گشتی وڵات دەبەنە لێواری هەڵخزان و چەقۆ لە ملی میللەت دەسوون تاوەکو ئەوەیان بۆ ڕایی ببێت کە گەرەکیانە، تاوەکو ئەوە مسۆگەر بکەن کە بە هەڕەشەو گوڕەشەی تێکدانی ژیان و شێوانی گوزەرانی خەڵکی نەبێت ناتوانن مسۆگەری بکەن.

ترنتی، یان ترنتییەکان، جاری وا هەیە بارمتەش لە بەرامبەر یەکتری ڕادەگرن و تیربارانی قوربانییەکانی یەکتری دەکەن بۆ ئەوەی کارەسات بقەومێنن.

لەسەر ئەمەیە کوردەواری گوتویەتی: "دزی ماڵی شێواوی دەوێت" ماڵی مەحکەم و ڕێکوپێک کە حیساب و کیتابی دیاربێت، شتی وای لێ ناقەومێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بەرژەوەندی گشتی و سیستمی گشتی خەڵک و سامان و سەروەتی گشتی بپارێزین و نەهێڵین هەر ڕۆژەو ترنتییەک دەستبەسەری بکات، گەرەکە ماڵی شێواو ڕێک بخەینەوەو نەهێڵین بشەمزێ.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠١٩ (١٥ - ٢٠١٦/٧/١٦)

(٣١)

# بوختان

بوختان چەکی هەرزانی دەستی ئەوانەیە کەیفیان بەڕاستی نایە. بوختان پشت بەفەرهەنگی باوی کۆمەڵگە دەبەستێ کە گوێی قوتە لە ئاستی کەموکوڕی و دەنگۆو واتەوات، ئامادەیە درۆ بگوازێتەوە وەک هەواڵێکی وروژێنەر، کەچی لەگەڵ راستیدا وەک تەنێکی ساردو سڕی بێ بایەخ رەفتار دەکات. درۆ بە دەنگ و بۆمبە نەک راستی کپ و بێدەنگ.بوختانچی ختوکەی ئارەزووی خەڵک دەدات، بۆ گوێگرتن لە نەرێنی و داڕزاوەیی.

بوختانکردن تەلی دڵی ئیرەیی بەرمان دەلاوێنێتەوە، کە حەز لە پاکژو نموونەی بەرز ناکات و گەرەکێتی خەڵک هەمووی لە یەک ئاستدا ببینێت. مادام ناتوانین بەرز بینەوە بۆ ئاستی باشەکانمان دەیانهێنینە خوارەوە بۆ ئاستی خراپی خۆمان. شتێک لە بابەت سۆشیالیزمی هەژاری، مادام سۆشیالیزمێکی دەوڵەمەندو پایەدارمان بۆ پێک نایە.

لە ژینگەی وادا بوختان دەستووری ژیان دەبێ و بوختانچیش سەروەرو سەردار.

بوختانچی دەکوژێ و چونکە کارەکتەرێکی نادیاری دونیای دەنگۆیە قەت دەستگیر نابێ، لە پەڕاوی تاوانەکەی هەر کوژراوە قوربانییەکە دیارە.

کۆمەڵگەی رێگەپێدەری بوختان چونکە شەریکە تاوانە گەرەکێتی تەرمی بوختانپێکراو زوو بنێژێ و زمان حاڵیشی وایە: تا تاوانێکی تر بە خواتان دەسپێرم، خواتان لەگەڵ.

دیلانی شاعیر لەسەر ئەوە هاتە گۆ کە تاوان باری گرانەو بارکردنی لە ئەستۆدا ئاسانە.

هەتا پانتایی ئاشکرا گۆیی و ئاوێتەبوونی کۆمەڵ لەگەڵ ئاوێنەی ڕاستی و دروستی زیاتر بێت نیشتەنی بوختان بەرتەسکتر دەبێتەوە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٣١ (٢٩ - ٣٠/٧/٢٠١٦)

(٣٢)

# پەتی زوڵم

لە خۆرایی نییە هەندێک پەندی کوردی پەندێکی بە زوڵم و زۆر کردووە با بە دەواری شڕی نەکردووە. پەندەکە دەڵێ هەموو شتێک لە باریکیدا دەپسێ پەتی زوڵم نەبێت. پەتی زوڵم لە ئەستووریدا دەپسێ. وا زبرو زل و پتەو دەبێت کە ملی مرۆڤەکان تەحەمولی ناکەن و لە ساتەوەختێکدا لێی هەڵدەگەڕێنەوە. بەتایبەتی ئەگەر ملێک مەحکەم بێت وەک گەردنی کوردی و گەردنێک کێڵ بێت وەک گەردەنی ئینسانی شەرەفمەندو ئازادیخواز.

زوڵم هەمەچەشنن. زوڵمی نەتەوەیی و چینایەتی توندترینیانە. زوڵمی نەتەوەیی لەناو زوڵمەکانی لە کورد دەکرێت ئەستوورترینیانە، بۆیە دوور نییە پێش هەموو پەتەکانی تر بپسێ. بەڵام زوڵمی کەسیش بە ئازارو ناخۆشە. بەتایبەتی زوڵمی کەسەکان و خزمەکان و دۆستەکان. ئەمە زوڵمی غەفڵەتە، ئەوانەی دەیکەن لە هونەری زوڵم و زۆرداریيانەوە نییە. بەڵکو لە غەفڵەتی مرۆڤە لە کەس و خزم و دۆستەکانی. ئەم زوڵمە زەرەرێک نییە یەکجار بێت و ببڕێتەوە. ئەم زوڵمە بەرپەرچیش بدرێتەوە ئازارەکەی تا سەرو هەتا مردنە.

پەتی زوڵمی بێگانە لە ئەستووریدا دەپسێ. پەتی زوڵمی غەفڵەت لە باریکیدا دڵ دەسمێ و پێی نازانین. ئەم زوڵمە زبرو روشێنەرە. چارەی نییە، بەڵکو خۆپاراستنی هەیە. ئەگەر خۆ لەزوڵمی غەفڵەت بپارێزین زوڵمی تر بە هەرەوەزی چارەسەر دەکرێت و بەرپەرچی دەدرێتەوە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٣٧ (٥ - ٢٠١٦/٨/٦)

(٣٣)

# باوك

باوک و دایکەکانی ئەمڕۆ شپرزەن و خەمبارن لەبەر ئەوەی کەمترین پێداویستییەکانی ماڵیان پێ دابین نابێت، هەرکەسەو لە پێگەی گوزەران و توانەکانی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ پێداویستییەکانی ماڵەکەی و منداڵەکانی دەکات. بەڵام هەموویان لەوەدا یەکن و کۆکن کە خەمیان هەیە. خەفەت دەخۆن و شەرمەزاری بەردەم منداڵەکانی خۆیانن کە وەکو جارانیان پێ ناکرێت.

باشە کێ دایک و باوکی ئەم دایک و باوکانەیە کە شەرمەزاری لای منداڵەکانیانن؟ مەگەر حکومەت باوکی ئەم میللەتە نییە؟ ئەوی بۆ دایک و باوکی ئەم میللەتە شپرزە نابێت و خەفەت دایناگرێ کە دەبینێ خەڵکەکە شپرزەو داماوە بە دەست خەرجی و مەسرەفی ژیانی رۆژانەیەوە؟ مەگەر حکومەت باوەژن و زڕباوکە وا بەخەم ساردییەوە مامەڵەی دۆخەکە دەکات؟

دایک و باوک دەناسم لە شپرزەی دۆخی منداڵەکانی و داخوازییە بچوکەکانیان خۆی لە چاویان ون دەکاو نایەوێ رجاو تکایان ببینێ، کەچی باوکی میللەت لە تیفتیفەی خۆی نەکەوتووەو خەریکی خەمی خۆیەتی ، ئاخر لە بیرمان چوو باوکی تریش هەیە باکی نییە، لە دەخیلەی منداڵەکانی بۆ مەزەی خۆی سەرف دەکات.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٤٣ (١٢ - ٢٠١٦/٨/١٣)

(٣٤)

# ئومێد

له ناو قوڕێ تۆزێ دەکاو لەم قوڕە هەر ئەم تۆزە هەڵدەستێ، هەردووکیان دوو ئیدیۆمی کوردەوارییین، هەردووکیشیان قوڕو تۆزێکیان بەرپا کردووە، کەم ئیدیۆمی تر وا دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان دوو مانای جیاواز دەدەن بەدەستەوە. یەکیان گەشبینەو ئەوییتریان رەشی قەترانییە.

(لەناو قوڕێ تۆزێ دەکات) تەماشای دیوی پڕی بادەکە دەکات. دەڵێ چەند چۆر قومێک ماوە بۆیە هیوا بە ژیان و هیوا بە تەڕایەتی و بادەنۆشی ماوە.

هەرچی (لەم قوڕە هەر ئەم تۆزە هەڵدەستێ) یە ئەوا نیوەی بەتاڵی بادەکە دەبینێ. وای دەبینێ نیوەکەی تریشی لەبەر هەڕەشەی فەوتان و تێداچوونە، چونکە نیوە وەک نیوە مووچەو چارەکە مووچەیە، قەت بەشی ناکات. ئەوەی تۆز لەقوڕی خەست هەڵدەستێنێ، پاکانە بۆ چارەکە مووچە ناهێنێتەوە، بەڵام دۆسێی مووچە لە دۆسێی ژیان و ئاوەدانی، هیواو چاوەڕوانی جیا دەکاتەوە. ئەوەشی تۆزێک تۆز لە قوڕێکی نەرم و شل هەڵدەستێنێ و پەکی دەکەوێت، ئەوا چارەکە مووچە ناکاتەوە یەک مووچە. چارەسەریشی پێ نییە، بەڵام ریشی ژیانی خۆی ناداتە دەست نە مووچەو نە دەوڵەت. دەوڵەت لە دڵ و دەروون و لە ناو باخچەی ماڵەکەی خۆیدا ئاوا دەکات.

له ناو ئەم قوڕو لیتەی ئەمڕۆی وڵاتدا، گەرەکە بێ ئومێدی لە قاودەین و خۆمان باخچەی ژیانمان ئاو بدەین، نەرمە ئاوڕشێنێک کە نەتۆزو خۆڵ بکاتە ناوچاومان و نە قوڕو لیتەش بکاتە هاوبەشی پێڵاوەکانمان.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٤٩ (١٩ - ٢٠١٦/٨/٢٠)

(٣٥)

# چێژو ئازار

بۆ دەبێ مرۆڤ نەخۆش بکەوێت ئینجا قەدری عافیەت و تەندروستی بزانێت؟، بۆ دەبێت هەژارو نەدارو کەم دەرامەت بێت، ئینجا قەدری هەبوونی و خواپێداوی و تواناداری بزانێت؟

بۆ دەبێ ئارامی و ئازادی و خۆشی ئەو کاتە خۆشترو بەرهەڵداتر بێت کە لە تەنگانەدا بین؟

ئەم پرسیارانە خۆیان وەک پرسیاری فەلەسەفی دەنوێنن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەندە سادەو دووبارەن کە هەزاران ستوونی رۆژنامەنووسییان پێ پڕکراوەتەوەو بواری رۆژنامەنووسیش تا هەبێت و مابێت دەتوانێت پشت بەم جۆرە پرسیارانە ببەستێت و دووبارەیان بکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەم پرسیارانە بێ وەڵام بن، بە سادەیی و یان بە فەلسەفەیی خۆیانەوە دووبارە دەبنەوە.

بەڕاستی بۆچی وایە، ئایا زەروورییە لە جێی نەخۆشی تەواو چمکێکی نەخۆشییان پێ نیشان بدەن، تا خۆمان تێی بگەین، یان وەکو کوردەواری دەڵێت: تای پێ نیشان بدرێت، تا شوکرانە بژێری روونەدانی نەخۆشی قورستر بێت.

رەنگە لەسەر ئەو بنچینە بێت مرۆڤ لەسەر ئەزموونە خۆش و ناخۆشەکانی ژیان ملیۆنان چیرۆک و داستان، ئەفسانەو رۆمان، دراماو گۆرانی هۆنیوەتەوە. ئەزموونەکانی خەڵکی تر دەگێڕنەوەو دەنووسنەوەو دەلاوێننەوە، تا مرۆڤ لێی تێ بگات و بێ ئەوەی خۆی پیادەیان بکات، پێیاندا بڕوات.

بەڵام هێشتا چێژی ئەزموونکردن نوقسان دەبێت، هێشتاش ئازاری فیعلی کاریگەرترە. با لەچیرۆکدا دەستی پاڵەوان بە ئاگردا بچێت، ئەوی لە گوێی

ئاگردان دانیشتووە گوێ لەو چیرۆکە دەگرێت هەست بە ئازارەکە ناکات، هەست بە گەرمی ئاگری شەوانی زستان و خۆشی چیرۆکی گوێی ئاگردان دەکات و هیچی تر.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٥٥ (٢٦- ٢٠١٦/٨/٢٧)

(٣٦)

# دۆستی گێل

ئەگەر مرۆڤ ئەوەندەی قسە دەکات بنووسێ و ئەگەر ئەوەندەی دەنووسێ بخوێنێتەوەو، ئەوەندەی دەخوێنێتەوە تێبگات، داخۆ ژمارەی تێگەیشتووانی وڵاتی ئێمە دەگەیشتنە چەند هەزار؟ ئایا لەوەدا دەبووە قەرەباڵەغییەکی خوێندەوارو تێگەیشتووان؟ ئایا زۆری تێگەیشتووان دەبووە بەڵای سەر، چونکە هەمووان تێدەگەن و ئیتر کەس کڵاوی پێ ناکرێتە سەر کەس؟

ڕاستییەکەی کڵاو دەکرێتە سەر تێگەیشتووش، بە جیاوازی ئەوەی تێنەگەیشتوو کە بشزانێ کڵاوی کراوەتە سەر بەسەر خۆی ناهێنێ و ئەوی تێدەگات بە پێچەوانەوە خەفەت و پەژارە دەخوات کە بۆچی وا کڵاو چۆتە سەری و چۆن سەری لەسەرماو لە کڵاوی درۆزنانەش بپارێزێ؟

تێگەیشتوو حەز دەکات هەموو کەس تێگەیشتوو بێت، چونکە وایدەبینێ، دۆستی گێل بەڵای سەرەو، خەڵکی تێگەیشتوو و خوێندەواریش، با نەیارو دوژمنیش بن هێشتا باشترە لە دۆستێکی نەزان. دەکرێ لەگەڵ نەیارێکی ژیر بگەیتە لێکگەیشتنی هاوبەش، بەڵام ئەدی چی لە دۆستی نەزان دەکەیت؟، هیچ چارت نییە، یان دەبێ بۆی بسەلمێنی، یان بۆتی بسەلمێنێ. ئەمەش پەیوەندی تابع و مەتبوعە، نەک هاوسەنگ.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٦١ (٣- ٢٠١٦/٩/٣)

## فەسڵی چوارەم

# کورت و کرمانج

# تەحەمولی ژنانی کورد

لە (٨) مارتی هەموو ساڵێکدا، سەرنج لەو فێستیڤاڵو یادکردنەوانە دەدەم کە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنانەوە ساز دەکرێنو دەپرسم، داخۆ بۆ ساڵ بەساڵ ژمارەی هەوادارانی ئەو بۆنەیە لە ژنانو پیاوانی دۆستی کێشەی ژن بەرەو کەمی دەچن؟، لە کاتێکدا ئەمڕۆ پتر لە هەر هەلومەرجێکی تر کۆمەڵگەی کوردستان لە دووڕیانی ململانێی سەختی نێوان چێ کردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیو گەڕانەوە بۆ مێگەلیزمی سەدەکانی ناوەڕاست دایە کە مەسەلەی ژنانیش یەکێکە لەو گرەوە سەختانەی دەبێ بیبەینەوە، تا خواستە مەدەنییەکانمان وەدی بێن.

ساڵ بەساڵ ئەو بۆنەیە ڕەونەقی نامێنێ، چونکە ئێمە مەسەلەی ژنانمان پەیوەست کردبوو بە خواستی ئایدۆلۆژیایەکو لە بورجی عاجی قەناعەتەکانی خۆمان نەماندەهێناوە سەر واقعی گەرمو سووتێنەری ژیان. تا سەرەنجام ئەو ئایدۆلۆژیایە تووشی نسکۆ هات، ئیدی ئێمە شانی خۆمان لە یەکێک لەکێشە جەوهەرییەکانی خەباتی دیموکراتی خاڵی کردەوەو بیانوویەکمان بۆ پاشگەزبوونەوە دەسکەوت. ئەی چۆن! مادام دەستبەرداری مارکسیزم دەبین کەواتادەبێ دەستبەرداری پرۆژەی ڕزگاری ژنانیش بین. وەک بڵێی پرۆژەی ڕزگاری کێومالو قۆرغکراوی ئایدۆلۆژیایەکی دیاری کراو بێ، نەک ئاتاجو پێویستییەکی حەیاتی.

من وای دەبینم کە ناشێ لە پێناوی ڕۆژی بە ئاکام گەیاندنی پرۆژەی نەتەوەیی دا دەستبەرداری خواستە دیموکراتی یەکانی تر بین، چونکە وەدی هاتنی خواستە دیموکراتییەکان، کە مەسەلەی ژنانیش سەر دێڕیانە، سەرەنجام کەڵەکەبوونی دەستکەوتەکانی لێ دەکەوێتەوە تا ئەو ڕێو شوێنەی تەکان بە پرۆژەی نەتەوەیی دەداو ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتخوازیشی پێ دەبەخشێ بەجۆرێک کە ژنانیش تێیدا هەست بە نامۆیی نەکەن. بگرە

پاڵپشتی دەبن‌و شوێنێک لە خەباتی رزگاری نیشتمانی دا بۆ خۆیان داگیر دەکەن.

لەم رۆژەدا، بەهیوای ئەو رۆژە، ژنانی کوردستان پیرۆزباییتان لێ بێت‌و ستایشی تائێستا تەحەمول-کردنتان دەکەم.

***بڵاودراوەی دەنگی ژنان – ٨ی مارتی (١٩٩٧)**

# زەحمەت نەبێت شەهیدانی کوێن؟

ڕەنگە خەڵکی شار لە من باشتر بزانن کە ناوی گەڕەکو کوچەو کۆڵانەکانی سلێمانی لە چییەوە هاتوونو بۆچی ناوی وایان لێ نراوە؟ ڕەنگە ئەوەش خەسڵەتێکی شارە کوردییەکان بێت کە بەردەوام ناوێکی ڕەسمیو ناوێکی میللیشیان هەبێت. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە سەیرە ناوی چەند گەڕەکێکی سلێمانییە کە ناوە ڕەسمیو میللییەکەشی یەکە، کەچی نازانرێت گوزارشت لە چ مانایەکی سیاسی دەکەن؟.

مەبەستم لێرەدا ناوی گەڕەکەکانی (شەهیدانی سەرچنار، شەهیدانی زەرگەتەو شەهیدانی ئازادی)یە. ئایا ئەوانە بە ناوی شەهیدانی کوردایەتییەوە ناونراون، یان ناوەکانی سەردەمی ڕژێمن؟.

بەندە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا پەیوەندیم بە بەڕێز حاکم قادر حەمەجانەوە کرد کە ئەو وەختە پاڵێوراوی یەکێتیو ئێستا سەرۆکی شارەوانییەو لێم پرسی، داخۆ ئەو گەڕەکانە بە ناوی شەهیدانی کوردایەتییەوەیە یان ناوە گەلێکی سەردەمی ڕژێمنو تائێستا نەگۆڕاون؟

دەرکەوت کە ئەم مەسەلەیە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەخوازێ، بۆیە تائێستا پرسیارەکەم بەبێ وەڵام ماوەتەوە، ئایا ئەگەر کاتی خۆی بە ناوی کوژراوو قوربانیانی شەڕە دۆڕاوەکەی قادسیەوە نراون، بۆچی ناگۆڕدرێن؟.

ئایا ئەگەر ئیلهامی ئەو ناوانە لە خەباتو قوربانیدانی شەهیدانی کوردایەتییەوە وەرگیراون، بۆچی سێ گەڕەک ناویان لێک دەچێو ئایا گەڕەکەکانی دیکەی شاری هەڵمەتو قوربانی شەهیدو قوربانیان نەداوە؟.

هیوادارین شارەوانی سلێمانی، کە ئیتر ڕووی پرسیارە ڕۆژنامەنووسییەکانمان لەوانە، وەڵامێکمان بدەنەوەو ناوەکانیش بگۆڕن.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٢٠٨٨ (٢٠٠٠/٣/٢)

# خۆبەزلزان

لەخۆباییو خۆبەلزانەکان، داوای لێبوردن ناکەن. پەشیمان نابنەوە لە تاوانو هەڵەو رەفتاری نامۆیان. خۆ بەزلزانەکان لە ئەسڵی بەشەری لەخۆبوردەو پەشیمانو شەرمکردووەکان نین. بۆیە وەک عەلی کیمیایی تا بە دارا دەکرێن داوای لێبوردن ناکەنو لە هەڵەی رابردوو پاشگەز نابنەوە.

لەخۆباییەکان بەخشندەییو پەشیمانیو پاشگەزییان لێ شین نابێت، کە هەموو ئەمانە خەسڵەتی ئینسانینو لەوانەدا نابن پەیدا. ئەمە دەرسێکی گەورەی داستانی دادگاییکردنی سەرانی رژێمی پێشووە. بەتایبەتی کە دادگاکە لەبەردەم زوومی کامێراکان بەڕێوەبچێت، رێک لەو دەمەیدا جەللادەکان بەقیندا دەچنو بوغرا دەبن کە دەبینن دونیا رووی لەوانەو چاوی لەو دانپیانانەیە.

جاران خەیاڵێکی رۆمانسیم هەبوو لەسەر ئەوەی ئەگەر تاوانکاران، جەللادو پیاوکوژان بکەونە بەردەم دۆخێک کە بزانن بەو دەستانەی خۆیان چ فەلاکەتێکیان قەوماندووە، رەنگە شەرم دایان بگرێو پەژارەو پەستی هانیان بدات کە پەشیمانی بنوێنن. یان ئەوەندە لەسەری ئەڕۆنو پاساوی نابەجێ بۆ رابردوویەکی شەرمەزار نەهێننەوە. بەڵام بەندو باوی چەند ساڵی دوای رووخانی پەیکەری سەددام لە بەغداو لەکەرکوکی تەعریبکراودا دەریخست، چەند خەیاڵ پڵاو بووم، چەند ناشیانە سەیری دەورانی کەوتنی تەختو تاراجی دیکتاتۆرەکانم دەکرد. ئێستا هەڵسەنگاندنێکی نوێی پرسەکە دەکەم.

ئەسڵەن دیکتاتۆرەکان ئەگەر هەستی مرۆیی وەک پەشیمانیو شەرمو پەژارەیان هەبوایە، بە پلیکانەکانی قۆرغکردنی دەسەڵاتدا سەرنەدەکەوتنو دۆخێکی وایان دروست نەدەکرد کە تاوان تاوانی تر رابکێشێو، سەرەنجام فیشەی هەستکردن بە بەرپرسیارێو پەشیمانی لەسیستمی رەفتارو گوفتاریان دامالرێو، بێ پەروا بن لەهەموو شتێک.بەرگەی هەموو دەرمانێکی چارەسەر بگرن.

تەجرەبە دەریخست تەمەننای داوای لێبوردنو پرسیارکردن لە هەڵوێستی

ئێستاو دەرخستنی پەشیمانی لە کەسانێک، بۆیە وایان کرد، چونکە ئەسڵەن لەهەموو بەهایەک داماڵراون، داوایەکە لەگەڵ مەنتیقی دەرکەوتنو گەشەو، ئینجا تێکشکانی دیکتاتۆرە خۆبەزلزانەکاندا یەک ناگرێتەوە. ئەوە بنمیچێکی گەورەی پێشینییە کە بەداخەوە هەرگیز نایەتەدی. ئێمە توانیمان سەددام و جەللادەکەی خزمی بێنینە پای دادگاو لە سێدارەیان بدەین، بەڵام ئەفسوس قەت پەشیمانیمان لێ نەبینین، بەڵکو باغرو بوغرابوونو، بێ ئابڕووییو قسەی زبری ناشایانمان لێ بینینو بیست. دەرسی ناخۆشی بەسەرهاتو مێژوو ئەوەیە کە سزادانی جەللادەکان بۆ خودی جەللادەکان نابنە دەرسو پەند، جا بەڵکو خوابکەم بۆ ئەوانی تر، کە دەشێ پڕۆژەی جەللادی تر بن لە منداڵدانی مێژوودا، شتێک بگەیەنێت... بەڵکو لە دیمەنی لە سێدارەدانی جەللادەکان وانەگەلێک بن تیشک بدەنەوە بۆ داهاتوو؟.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: گۆشەی ڕاست و ڕەوان

# واسیتە

ناوەکەی ناوێکی کۆنی نێو چەمکو دەستەواژە ئیدارییەکانی وڵاتانی دونیای سێیەو، دیاردەکەشی بەشێکی نەریتە دێرینەکەی ئیدارە رۆژهەڵاتییەکانە، بەشێکی ئەو میراتە عوسمانلییەیە کە بۆ دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراقیش بەخزم خزمێنەو (محسوبیە)ت خورد کرایەوە، ئەو هێندەی بەسە کە ناوی (واسیتە)یە!

(واسیتە) ئامرازی پێکەوەگرێدانی دووجەمسەری لێک دوورە.

لە حاڵی کاروباری ئیدارییدا بۆ پێکشادبوونی داخوازیکارو دڵخوازەکەیەتی، هەندێک جار ئامرازی واسیتە، پەیوەندییەکە گرێدەداو، هەندێک جاری تریش دەرمانی وزەبەخشەو پاڵ بە داخوازیکارەوە دەنێ کە بگاتە لای دڵخوازەکەی. هەر لەبەر ئەم حاڵی پاڵنانەیە کە دەبینی عەرەب دەستەواژەیەکی تریش بۆ واسیتە بەکاردێنیٚو دەڵێ (ینرادلە دەفعە) واتا پاڵنانێکی پەیوستە!

بەڵام واسیتە دیاردەیەکی تاک رەهەندییو یەک بارە نییە. بەڵکو مەودای فراوانو چەند رەهەندی هەیە، لەهەموو حاڵەتێکیشدا واسیتە هەم یەک لە هۆکارەکانی شەمزاندنی رەوتی ئیدارەو، هەروەها دەرکەوتێکی ئاشکرای ئەو شەمزاندنەشە. واسیتە لەهەر بوارێکدا بکرێ جگە لەوەی پێدانی (مافێکی) دیاریکراوە بەیەکێک کە مافی وەرگرتنی ئەو (مافە)ەی نییە، لەهەمان کاتیشدا بێبەشکردنی خاوەن مافی راستەقینەیە لە (ماف) ەکەی خۆی، چونکە ئەوەی بە واسیتەیەک، دەدرێتە یەکێکی تر لە گیرفانی (واسیتەکار) دەرناچێ، بەڵکو پیاوەتییەکە بە ئاوی حەمامی کەسانی ترەوە.

دەرکەوتە خراپەکانی واسیتە زۆرن، بەڵام بە گوێرەی بوارەکانی واسیتەکردن دەگۆڕێن، واسیتە لە بواری وەزیفەو تەعیندا دەرکەوتی پەککەوتنی یەکە ئیدارییەکانی لێدەکەوێتەوە، چونکە تەعینکراوی بێ کەفائەت بەلایەکی ئیداریی گەورەیەو (بێکاریی پەردەپۆشکراو) دەکاتە دیاردەیەکی ئیداریی بێ چارەسەر. هەروەک گیانی بیروکراسیی دەچێنیٚو، درزو کەلێن دەخاتە ئەڵقەی پەیوەندیی

یەکە ئیدارییەکان بە یەکترییەوەو، کارمەندانی خاوەن کەفائەت بێ ئومێدو سارد دەکاتەوە.

واسیتە لە بواری پێدانی ئیمتیازو بەشو دەسکەوتدا باوەڕی زۆرینەی خەڵکی کە واسیتەیان نییە بە ئیدارەو دەسەڵات لەق دەکاو، متمانەی پێویست بۆ ئیدارەکردن لە کۆمەڵێکی مەدەنیدا لەنێوان هاووڵاتیو حکومەتدا ناخولّقێنێ.

واسیتە ئەگەر هەقو دادپەروەریی بێت، بۆ لە یاسادا دانەڕێژراوەو راسپاردەی ئیشپێکردنی بۆ دەرنەچووە؟! ئەگەر واسیتە رووی مەجلیسی یاسای هەیەو، مل چەماندنەوەی دەستوورو یاسای نووسراو نییە، بۆ لە بڕیارو پرۆتۆکۆلێکی رەسمیدا ناوی نایەت؟!

دواجار پەتای واسیتە وا لە خاوەن هەقیش دەکا کە هەقێکی کەوتە شوێنێک، یان لە قەهردا بکوژێ یان ئەویش بۆ وەرگرتنی هەقێکی خۆی، کەهی خۆیەتیو واسیتەی ناوێ، ناچار دەبێ واسیتە بکات، یان وەک دەڵێن (پاڵێکی) پێوە بنێ!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: گۆشەی کورت و کرمانج (٢٠٠١)

# قەرزی نەدراوە

ڕەنگە لەسەر تێکۆشەرانی دێرینی کوردستان کارێکی کەم کرابێ، لەسەر تێکۆشەرانی ژن ئەوەی کراوە لەحوکمی نەبووە، ئەم دەستنیشانکردنە زیاتر لەهەر کەسێکی تر بەسەر تێکۆشەرێکی کوردستانیی وەکو حەپسەخانی نەقیبدا جێبەجێ دەبێت، چەندین دەیە بەسەر کۆششی نەتەوەیی، نیشتمانییو کۆمەڵایەتی ئەم ژنە پێشەنگەی سلێمانیو کوردەواری تێپەڕ دەبێو، هێشتا هەرناوی دێت تا ئەوەی ناونیشانو ئاماژەو ناوەڕۆکێکی تێرو تەسەلی تێکۆشانەکەیمان بۆ نەوەکان تۆمار کردبێت. پێمان وابووە ناوهێنانی زۆری لە بۆنەکاندا بەسەو هەقی زیادی داوەتەوە، ڕاستییەکەی ئەم ناوهێنانە وایکردووە بێ ئەوەی ئەرکی سەرشانی بەرامبەر جێبەجێ بکرێت، وا بزانین لە بیرمانەو ئادابی ڕێزلێنانو ئەرکو فەرمانمان بەرامبەر جێبەجێ کردووە، بریا کەمتر ناومان دەهێنا تا هەست بەو بۆشاییە بکرێتو ببێتە هاندەری قەرەبووکردنەوەی درەنگ وەخت.

ژنانی وەکو حەپسەخان کارەکتەری دەرکەوتووی وڵاتو نەتەوەکانی تر بوایە، ئێستا سەدان بەرهەمو سەدان دۆکیۆمێنتاری لەسەر تۆمار دەکرا، لە کوردستان مێژوونووسان ئەم ئەرکەیان خستۆتە چوارچێوەی ئەرکی گشتی مێژووی گشتی کوردەوە، دەزگای پەروەردە تەنها بەرخۆری کۆششی تاکە کەسی مێژوونووسانو ڕووناکبیرانە، دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش لەتاو ئەرکی ڕۆژو باسوخواسە تەواونەکراوەکانی، خۆی لەم ئەرکە ڕابردووییە ناکاتە خاوەن، بەو حاڵەشەوە دەپرسین بۆ دیاردەی تێکۆشانی ژنان بەو هەموو ڕاپەڕینو ئازادیو کرانەوەوە لە وڵاتی ئێمەدا، هیچ نەبێ شان لە شانی شێوە حزوری ژنان لە ڕەوتی شەئنی گشتی دراوسێکانمان نادات، وانەکە دیارە. کێ حەزی لێیە خەبات بکات تا لە ئایندەدا بە فەرامۆشیی بسپێرێ؟، ئەمڕۆ هەر کەس هەڵدەستێ. دەتوانێ بە ئیمیلێک نامە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بنێرێ. ئەمما دوێنێ کێ ناوی عوسبەتولئومەمی بیستبوو کە حەپسەخان نامەی پرسی نەتەوەیی بۆ ناردبوون؟،

ئەم فەرقە جەوهەرییە بەسە یان ئەوەی ئێستاش کە لە سەدەی بیستو یەک هەن بەسەد بیانوو ئیحتوای خوێندنی کچانو ژنان دەکەن، یان کورتی دەکەنەوە یان بێ عەمەلی دەکەن، لە کاتێکدا حەپسە خان لە سلێمانی بیستەکاندا دێتە مەیدانی رابەرایەتی خوێندنی کچانەوە، لەو دەمەی پایتەختی زۆر وڵاتی خۆ بەکراوە زانی ئەو کات ژنان هەر لە حەرەمسەرا قەتیس کرابوون، دەیان نموونەی رەفتارو کرداری تری حەپسە خان کە تۆماری رۆژانەیان نەکراوەو بەسەرچوونی رۆژگارەکان فەوتاندنیو بۆ ئەو کات نەماوەتەوە.

کتێبێکو دوو سێ لێکۆڵینەوەی لێ دەرچێ، چی لەسەر ئەم پایەدارەی کوردەوای هەیە؟، رۆژنامەکانمان، بەوی خۆشمانەوە، چیان لەو دەفتەرە زۆرو زەوەندانەی خۆیان نووسیوە کە وایکردووە نەپەرژێنە سەر بەشی حەپسە خان لەرەوتی خەباتی یەکسانیو ئازادیو پێشکەوتنی کوردستاندا؟

ئەوی هەیە ئەم بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەی خاکە،کە رەنگە تێرو تەسەلترین بێت لەسەری، کاری ئەوان راست بێت کە کردیانو مافی جارێکی تر بڵاوکردنەوەشیان بەئێمەدا تا بەشێکی کەلێن پڕ بکرێتەوە، ئەمە کۆششێکی هاوبەشەو قەرزی کوردستانی نوێ ناسرێتەوە، ئێمە هەستی پێدەکەین. چەند باشبوو کە هەموولایەک شان بدەنە بەری تا هەستی ئێمەو هی ئەوانیشو وێستگەی بەرنامەکەی خاک بەوێستگەی تر تێپەڕێنێ.

تا ئەو کات رۆحی حەپسەخانی نەقیبی تێکۆشەرانی ژنانی سەدەی بیستی کوردستان شادو ئاسوودە

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: پاشکۆی حەپسەخانی نەقیب (٢٠١٧/٣/١٤)

# فریای قەڵای شێروانە بکەون!

لەم رۆژانەدا لیژنەی باڵای کۆمەڵەی رووناکبیریو کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک یاداشتنامەیەکی بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەت بەرز کردۆتەوەو، تێیدا داوای پاراستنی قەڵای شێروانەی کردووە لە دەستی زەمانەو غەدری ئەوانەی هیچ حسابێک بۆ کەلتوورو سامانی نیشتمانییان ناکەنو، پێیان بکرێ هەمووی دەخەنە بەردەم نەهەنگی فەوتانو ئاودیوکردنەوە.

ئەز لە سەردانێکدا بۆ گەرمیان، تێبینی ئەوەم کرد هەندێک شوێنی وەکو قەڵای شێروانە لە کەلارو باوەشاسوار لە کفریو زۆر شوێنی دیکەی کوردستانیش بەهەندێک خزمەتو دەست پێداهێنانەوە، دەشێ ببنە ناوەندێکی سیاحی بۆ گەشتو گوزارو سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆ حکومەتو ئەو کەسانەی لە سەیوانی شوێنی وادا بازارو دوکان دادەمەزرێنن، یان هەر کارێکی دیکە ئەنجام دەدەن بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆیان. لە بارەی شێروانە دەتوانم بڵێم کە لە توانادایە شانۆیەکی کەم تێچووی لەسەر سەکۆیەک بۆ دابمەزرێنرێو، خودی پلیکانەکان بکرێنە کورسی دانیشتن. هەروا دوای دەست پێداهێنانەوەیەکی جوانی قەڵاکە جێگای چەندین کۆشکو بازاری سیاحی هەیە تا لەبەهاراندا ئەو شوێنە ببێتە سەوزەڵانییەکی خۆشو لەوێشەوە هەر بە سەرچاوەی داهاتەکە تێچووی فریاکەوتنی قەڵاکە دابین بکرێ.

سەبارەت بە باوەشاسوارو سەیرانگای نزیک شاری کفری بە یەک هەڵمەتی جددی شارەوانی ئەوێو، هاوکاری کۆمیتەو خەڵکی پەرۆشی شارەکە دەتوانرێ نەمام دارێکی زۆر بروێنرێو ئەم سەیرانگەیە قەرەبووی لانی کەمی فەرامۆش کردنی ناوچەی تەماسی "کفری" لەگەڵ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی رژێم دا بکاتەوەو لەم پێناوەشدا چاوەڕوانی هیمەتی جوامێرانین.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:١٣٩٤ (١٩٩٦/٥/٢٧)**

# کوردە بەشەڕ هاتووەکان

(ئەگەر دوو ماسی لەنێو ئاودا بە شەڕ بێن خەتای ئینگلیزەکانە)!

دەگوترێ ئەم دەربڕینە کلاسیکییە لە زاری گاندییەوە وەرگیراوەو هی ئەو سەردەمەیە کە ئیمپراتۆریەتی هەرگیز خۆر لێ ئاوانەبووی بەریتانیا سیاسەتی (پەرتکەو زاڵبە)ی لەهەموو ئەو شوێنانەدا بڵاودەکردەوە، کە دەستی پێ رادەگەیشتن. هی ئەو سەردەمەیە کە سیاسەتمەدارو ڕووناکبیرانی رۆژهەڵات بەپێی تیۆری (پیلانگێڕی) هەموو کێشەو گرفتەکانی خۆیانیان بۆ دەست تێوەردانی بێگانەو کۆڵۆنیالیزم دەگێڕایەوە کە ئەو کاتەش ئینگلیزەکان سەرقافڵەی رەوەندە کۆلۆنیالیستییەکان بوون. هەڵبەتە ئەوە راستە کە کۆڵۆنیالیستەکان بۆ پتر مەیسەرکردنی داگیرکردنەکانیان جاران پەنایان بۆ هەموو ئەو پیلانانە دەبرد کە یەکریزیو هاوپەیمانێتی لە کۆمەڵگە کۆڵۆنی کراوەکان تێکدەشکێنێو بگرە تائێستاش هەر زلهێزو ناوەندێکی رۆژئاوایی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی لە هیچ ئەگەرێک ناپرنگێتەوە. بەڵام تیوری (پیلانگێری بێگانان) بووە بە (کراسەکەی عوسمان)و بیانوویەک بۆ پەردەپۆشکردنی هەموو کەم تواناییو نەتوانینی وڵاتانی لەرۆژهەڵات نەدیتنەوەی هونەری وێک گەیشتنو تەبایی نیشتمانی دا.لە ئاستی تاکە کەسدا، مرۆڤ کاتێک لە پەلەو هەڵەشەیی خۆی سەری وەبەر دینگەیەک دەکەوێ یان پێی لە بەردێک هەڵدەکەوێ پێی خۆشە کە کەسێک بە پشتییەوە وەستابێو نۆباڵی سەرئێشان یان کەوتنە خوارەوەی خۆی بخاتە ئەستۆی ئەوەوە! مامۆستا مەسعود محەمەدیش دەڵێ: (ئێمە موجامەلەی خۆمان دەکەین کاتێک گەندەڵبوونی پەیوندی نێوان دوو حزب یان دوولایەن لە پووچترین مەسەلەکاندا دەگێڕینەوە بۆ مەکری کۆلۆنیالیستو پیلانی بێگانان).لەگەڵ رزگاربوونی بەشی هەرەزۆری وڵاتانی رۆژهەڵاتیش لە داگیرکاریو ئینجا گۆڕانەکانی ئەم دواییەی دونیا، وازەن دەکرا، ئیدی ئەو وڵاتانە بوێر دەبنو دان بەو کێماسیەی

خۆیاندا دەنێن کە هێشتا زەمینەی وێک گەیشتن لەنێوان تیرەو ناوەندو پلە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکانیان نەڕەخساوەو کۆڵۆنیالیستەکانیش لەباشترین حاڵدا هەر ئەو واقیعەیان قۆستبۆوە و هیچی تر نا، بەڵام هاوکات لەگەڵ پڕۆسەی (گێڕانەوەی هیوا) لەپێناوی دابینکردنی کەناڵی متمانەپێکراو بۆ گەیاندنی کۆمەکو فریاگوزارییە مرۆییەکان بۆ سۆماڵییە برسیو لێ قەوماوەکان، جارێکی دیکەش تیوری (پیلانگێڕی) کەوتەوە سەرزارانو لەئاکامی شەڕی عەشیرەتە تێک بەربووەکانی سۆماڵ لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکانیشدا، ژەنەراڵ (عەیدید) کە لە پێناوی (ئازوقە)دا رێگای بە کاروانە فریاگوزارییە دەگرت، بوو بە (پاڵەوانێکی نیشتمانی). وەک بڵێی شەڕی ناوخۆ هۆکاری سەرەکی (موداخلە)ی ئینسانیانەی UN نەبووبێ!

*کوردەکان لەنێو خۆیاندا پەندێکیان هەیە کە دەڵێ (شەڕ باشترە لە بەتاڵی) بەڵام ئایا قۆناغی پاش وەدەرنانی داگیرکەر لەبەشێکی خاکی نیشتمان قۆناغی (بێ کاری) و دەست بەتاڵی بوو بۆ کوردەکان، یان قۆناغی ئەرکی قورسی بنیاتنانەوەو ئاواکردنەوە بوو؟! هەروەکو کلاوس کینگلی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لە نامەیەکدا ئاماژەی بۆ کردبوو (سەیرە کوردان کە سۆزی نێودەوڵەتییان لەپشتە. تواناکانی خۆیان بۆ ئاواکردنەوە ناخەنەگەڕو لە بریتی ئەوەش لەنێو خۆیاندا بەشەڕ دێن)؟

لە ماوەی یەک ساڵی شەڕی خۆبەخۆی کورددا هەموو توانستە مرۆییو مادییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەمیانی وزەی تێکدەرانەی شەڕدا، فڕێدرانە دەمی نەهەنگی شەڕی ناوخۆوە. ئەوانەی ئاشنای کوردەکانن سەرنج لەو موفارەقەیە دەدەن کە جاران دەگوترا دوژمنانی کورد یەکڕیزی کورد بن کۆڵ دەکەنو، ئێستاش هەموو دونیا داوای شەڕراگرتن دەکا. کەچی کورد خۆی (مشت)و (مڕ)ی چەک بە پەسەندتر دەزانێ لە حیواری سەرمێزی دانوستاندن. بەدوور لە هەستی نەتەوەیی کە رەنگە رێگەی دەست نیشانکردنی خەوشو کێماسییەکان بگرێ. ئەفسوس کە یەک ساڵی شەڕی ناوخۆ، ئەو راستییە تاڵەی دەرخست کە هێشتا ئاگایی نەتەوەیی و هەراشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی کورد نەگەیشتۆتە پلەی هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانیی تۆکمە کە وێڕای ململانێ سیاسییەکانیش، هێڵی سووری بەرژەوەندییە باڵاکانی دیاری کردبێ، لەراستیشدا کوردان بایی هێندە ناکۆکییان لەنێوان خۆیاندا هەیە کە پێویستیان بە بێگانان نەبێ تاوەکو

بە شەڕیان بێنیٔو، ئەوەی کە ئەم لاو ئەولاش بە دەستێوەردانەکان ئەنجامی دەدەن هەر بۆ (جوانتر) کردنی مەینەتییەکانی خودی کوردە بەشەڕهاتووەکانە.
رای گشتی جیهانو ناوەندە دیموکراتییەکانی رۆژئاواش کە بینییان لە ماوەی یەک ساڵی شەڕدا داهاتی گومرگ بەپێی پێوەرەکانی ژەنەراڵ فەرەح عەیدید قۆرخ کراو کورد کارەبای لە خۆی بڕیو ئۆردوگای ئاوارە هاوڕەگەزەکانی خۆی بۆردومان کردو ئەمنستی نێودەڵەتیش حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا تۆمار کرد. هەڵبەتە سۆماڵیو سودانییەکان هەڵسوکەوت دەکەن. چونکە ئەوان هەروەکو جهاد خازنی سەرنووسەری رۆژنامەی حەیات ئاماژەی بۆ کرد PUK و PDK ناناسنو گرفتی ئەوانیش نییە کە بزانن کێ شەڕانگێزە؟!
ئەرێ بەڕاست بۆچی کوردەکان حیلە شەرعییەک بۆ پەندی فولکلۆری (شەڕ باشترە لە بێ کاری) نادۆزنەوە، ئارەزوی سوارچاکی خۆیان لە نەبەردییەکانی بەرگری دژ بە رژێم تێر ناکەن. هەروەکو ماوەیەک بەر لە ئێستا روویداو هەر ئەوەش ئەرکی سەرەکی ئەوانە؟.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: (١٩٩٥)

# عەبوسی

کاتی خۆی لە عیراق زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی هەبوو بەناوی (تحت موس الحلاق). لە ژێر نەشتەری موسی دەلاکێکی عیراقیدا، دەیان مەسیج و روانینی رەخنەگرانە تێپەڕدەکران. لەبەر ئەوە (عەبوسی) کە ناوە باوەکەی ئەو زنجیرە درامایە بوو، بووە وێردی سەر زمانی هەموو بینەرێکی عێراقی لە وەختێکدا تەلەفزیۆن رەش و سپی و ژمارەشی لە حوکمی نەبوودا بوو. عەبوسی هەروەها نیشانەی تاودانەوەی هونەری عێراقی بوو پێش ئەوەی بەعسیزم بیلەوتێنێ.

لە هەشتاکاندا بەعس پارەیەکی زۆری بۆ درامای عیراقی خەرج دەکرد، بەڵام پارە کەی دەتوانێ ئاسەواری خراپی سانسۆر پڕبکاتەوە؟ وەک هەموو لایەکمان "دەزانین" لە عیراقی سەدامدا هەموو خەڵک ژیانیان (خۆش)بوو، کەس (کێشە) ی نەبوو، جا کە ژیان خۆش بێ و کەس کێشەی نەبێ، گرێی دراما لە کوێیە تا ببێتە هەوێنی زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانی کە بەعس پارەی بۆ تەخشان و پەخشان دەکردن؟، لە زۆری پارەو نەبوونی دراما، کوڕی باشێک بەگوێی بەعسدا چرپاندی: بچن زنجیرەی (عەبوسی) بەرهەم بهێننەوە. عەبوسی و پێری هونەرمەندە هاوکارەکانی، جاران رەخنەیان دەگرت و بابەتی بەسوودیان پێشکەش دەکرد. زانییان بەعس هەر کۆمیدیای دەوێت، بێ ناوەڕۆک. بۆیە بەشی دووەمی لەژێر نەشتەری موسی دەلاکدا پڕبوو لە قسەی قۆر و نوکتەی بێ لەزەت، ئەمما، چونکە بێ ناوەڕۆک بوو، واشکستی خوارد هەڵسانەوەی بۆ نەبوو. ئیتر خەلک لە جوامێری خۆیان عەبوسی بەعسیان لە عەبوسی سەردەمی رۆمانسی جیاکردەوە.

نموونەی زنجیرەی عەبوسی دەربڕینەکەی کارل مارکس دەسەلمێنێتەوە: مێژوو دووبارە نابێتەوە بەشێوەیەکی گاڵتەجاری نەبێت. ئەگەر ناپلیۆنی سێیەم وەک هی یەکەم بێت، ئەوا نالی وتەنی، پەتکیش سەودا لەگەڵ هەودا دەکات. نەوەی ئەو بینەرەی سەیری عەبوسی دەکرد، جیاوازبوو لەو نەوەیەی لەتەلەفزیۆن هەر ئەبوجاسمی دەبینی هەڕەشەی لە ئێران و کوەیت و کورد دەکرد.

زۆرن ئەوانەی بەتەمای کۆنەوە شت زیندوو دەکەنەوە، بەڵام کەی (هند رۆستەم)ەکەی ئەمڕۆ ئەوی دوێنێییە؟ ناوی ئەم خانمەم هێنا، چونکە کە ڕەونەقی نەما خۆی تاریکی و تەنیایی هەڵبژارد بۆ ئەوەی وێنەی وێنەی درەوشاوە باعیسی یادکردنەوەی دڵ فێنککەرەوە بێت، نەک وێنەی خۆسەپێنی ئاوارەبوونی خۆری نمایش و ئەفراندن.

جا بەم ترسەوە لەوەی عەبوسی دووەم گاڵتە جاری یەکەم بێت. بێ عارییەک دەنوێنم. دەمەوێ کای کۆن بەبادا بکەم، ستونێکی جارانم کە چوار ساڵی بەری لە کوردستانی نوێ بڵاوم دەکردەوە دێنمەوە مەیدان. شەفیعم لەم کەتنەدا ئەوەیە نە مێژووی گۆشەکە کۆنە و نەکاتی خۆشی تەواوی مافی ئەو زنجیرە وتارەم دا کە (مەسەلەی توتنەکە)م پێ تاووتوێ دەکرد، جارێ مەسەلەی توتنەکە، یانی مەسەلەکانی کورد و دەورووبەری، کوردستان و خوشک و برا دراوسێکانی، زۆریان بەبەرەوە ماوە. بەشی سەدان نوسین و تێفکرینی چەند نەوەی داهاتووش دەکات. یاخوا وانەبوایە.

وێجا با لەم دەریجەوە ئەم هەقایەتە بگێرمەوە:

هەیکەل لە سێینەی ئاشتی عەرەب- ئیسرائیل لەزمانی ئەحمەد بەهادین رۆژنامەوانی میسرەوە دەگێڕێتەوە کە سادات دوای ئەوەی چۆتە قودس وای زانیوە ئیتر مەلەفی ناکۆکی لەگەڵ ئیسرائیل واپێچراوەتەوە حەوت گرێی پیرێژنی لێدراوە. سادات بە ئەحمەد دەڵێ: تەواو کێشەکەم چارەسەر کرد، ئیتر تۆو هەیکەل لەسەر چی دەنووسن؟ ئەویش دەڵێ: گەورەم لە ئێمە گەڕێ، لە بری نووسین کاسبیەکی تر هەر دەدۆزینەوە، بەڵام توخوا ئیتر کێشەکە تەواو؟!

سادات رۆیی و بووە شەهیدی ئاشتی، مەسەلەی توتنەکەش لەگەڵ ئیسرائیل هێشتا ساغ نەبۆتەوە.

خوادەکا کورد پێشی میسر دەداتەوە، چش با ئێمە (بێ مەسەلەی توتنەکە) و بێ ناوونیشان بووینایە.

*رۆژنامەی ئاسۆ ژ:٧٤٧ (٢٠٠٨/٦/١٨)

# مامۆستا دەبێت مامۆستا بێت

ناونیشانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە هەر بوارێکدا، بەرپرسیارێتییەکی قورسی سەر شانە، دەبێ مرۆڤ بە قەد ئەو ناو و لەقەبە بێت کە هەڵیگرتووە. دکتۆر دەبێ تەبیبی دەردی برینداران بێت. ناوەکەی بە خۆوەیەتی، مەلاو مامۆستای ئاینیی، بەتایبەتی لەناو کوردەوارییەکی موسڵماندا، دەبێ ناوەکەی بەخۆیەوە بێت، چونکە مەلاو مامۆستا ناوێکی هێندە بەڕێزە ئەگەر کورد بیەوێت ڕێز لە یەکێک بنێت پاشگری مەلاو مامۆستای بە دوا دەخات، جا ئەگەر مەلا مینبەری پیرۆزیشی لەبەر دەست بێت ئەرکێکی سەربار دەکەوێتە سەرشان کە هەم ڕێزگرتنە لە ناوەکەیو، هەمیش پاراستنی حورمەتی مینبەری مزگەوتە.

پاراستنی مێزەرو پاراستنی مینبەر، ئەرکێکی مۆڕاڵیو ئاینیی مامۆستای ئاینییە کە بەداخەوە هەن ئەمڕۆ ئەو دوو دەستمایە مەعنەوییە بۆ وروژاندنو گێژەن دروستکردن بەکاردێنن. لەم ڕۆژانەدا مامۆستای مزگەوتێکی هەڵەبجە هەرچی نەشیاو ناشێ بوترێت وتی، تەنها بۆ وروژاندنو هاندانی خەڵک دژی حکومەتو دەسەڵاتی کوردستان. بێگومان دەسەڵاتی کوردستان وتەبێژی خۆی هەیە کە دەتوانێ وەڵامبداتەوەو یاسای خۆشی هەیە کە دەتوانێ کێ پێی خوارکردەوە یان زمانی بۆ هاندان خستە سەر کار، یاسا بەسەر ئەو و ئێمەشدا سەروەربکات، بەڵام ئێمە قسەمان لەسەر پاراستنی نەزمی گشتییە کە هاندانی مەلا وەک هاندانی سیاسیی پۆپۆلیست خەتەرناکەو بگرە خراپتریشە. چونکە سیاسیی یاری لەگەڵ عەقڵ دەکات، مەلا لەگەڵ عەقڵ و ڕۆحدا مامەڵەیەتی. جا بۆیە دەبێ مامۆستای ئاینیی ئەو مینبەری مزگەوتەی کە پێغەمبەری خواو یاوەرەکانی بۆ دینو دەوڵەتیان بەکارهێناوە، یان بۆ پاراستنی نەزمی گشتیو ئیدارەی ژیانیش مامەڵەیان پێکردووە، بۆ تەگبیریی ژیانو پەرەپێدانی نەزم و یاسای ڕێکخەری گشتی ژیانمان بەکاربێنێ، نەک لەسەر قورئانی خودا هانی خەڵک بدات و لە تەلی هەستیاری غیرەتی ئاینیو مەعنەوی خەڵک بدات، مامۆستا

لەجێی تۆمەتبەشینەوە، بەناوی بێ حورمەتی (ئەو بێ حورمەتانەی سوکایەتیان بەرامبەر بە کیتابی خوا کردووە)، چاکترە پابەندی کیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی بێت کە داوا دەکات، ڕاستی لە تەراویلەکە جیابکەینەوە و لامان بەیان بێت تا هەندێک گومانمان نەبێتە کوفر.

مامۆستای ئاینی کە وەعز و ئیرشادی بۆ ئێمە، پابەندبوونە بەو ناونیشانەی هەڵمانگرتووە، پێویستە خۆی پێش ئەوانەی وەعزیان بۆ دەدات پابەندی پێگەی پێشنوێژی و وتار خوێنی بێت. ئەگەر خەڵک لەو ورووژاندنە هاتنە سەر جادەو سەروماڵی هاووڵاتیان بە تەلەف چوون کێ ئەو ئۆباڵە وەئەستۆ دەگرێت؟.

*ڕۆژنامەی ئاسۆ: ژ:٧٣٧ (٢٠٠٨/٦/٣)

# ڕەفتار فاشی؟

لەم ڕۆژانەدا لەئەدەبیاتی ڕووناکبیریی کوردیدا زۆر باسی فاشیست و فاشیزم دەکرێت. بەری چەند ساڵێکیش بەندە ئەم چەمکەم بێ وردبوونەوە لەباسێکدا بەکارهێنا کەدەبێ ڕەخنەکە لەخۆمەوە دەستپێبکەم.

ناولێنان و ناو و ناتۆرە لەیەکتری دیاردەیەکی باوی نێوەندی فەرهەنگی کوردستانە. هەر دەورانەو بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیای زاڵ، یان ڕێبازی سیاسیی زاڵی سەردەمەکەوە، ناوەکان لەیارو نەیارەکان دەنرێت.

کۆنەپەرست و پێشکەوتنخواز، بۆرژواو وردە بۆرژواو بیری دواکەوتوو بیری پێشکەوتوو، ئەمانە تانە یان ستایش بوون بۆ دۆست و دوژمن و بە پێی ڕێبازە سیاسییەکان و زۆربەی کاتیش بەگوێرەی هاوپەیمانێتی و ریزبەندییەکان دابەش دەکران. ئێستا نا، بەڵام داخۆ لەشەستەکان و حەفتاکان چەند کەس لەخەفەتدا هەفتەیەک ریشی هێشتبێتەوە، تەنها لەبەرئەوەی پێی گوتراوە لۆمپن پرۆلیتار، یان خاوەنانی یەخەی شین و هی دیکە لەزاراوەو ناتۆرە باوەکانی کاتی خۆی.

ناولێنانەکانی جاران ئحمێکی تێدابوو، چونکە مرۆڤ دەکرا بەخۆ داماڵینی چینایەتی، یان بەخۆ پۆشتەو پەرداخ کردن، پێگەی کۆمەڵایەتی و لەوێشەوە پێگەو ڕێبازی سیاسیی خۆی دەستکاری بکات بێ ئەوەی ناوەکانی لێی دەنرێت بگاتە ئاستی تەکفیری سیاسی. وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە. ئاخر پیاو کە پێی گوترا تۆتالیتارو کەچی دوکانی بەکرو دوو قاڵب سابوونی هەیە، ئەوا ڕوو لەکوێ بکات؟، کەپێی گوترا فاشیست یان نازیست و نەخۆی و نە هەلومەرجی عەینی و مەوزوعی وڵات ئەم ناونیشانەی حەڵاڵ نەکردبێت، دەبێ ڕوو لەکوێ بکات و لای کێ ئەم ڕەجم و تەکفیرە لەخۆی دوور بخاتەوە؟.

ئەم ناولێنانە لەکایەی ڕووناکبیریدا، کەکایەی ئێمەمانان نییە، دەکرێ شەڕی ئەندێشەیی بێت و پاساوی ئەوە بێت گفتوگۆی ڕووناکبیری دەوڵەمەند دەکات،

بەڵام ئەگەر بازی دایە نێو کایەی سیاسییەوە ئیتر کەس کاغەزی ئەوی تر ناخوێنێتەوە.

هەنووکە دەبوایە بەگوێرەی تێپەڕینی زەمەن فەرهەنگی سیاسیمان دەوڵەمەندترو وردتر ناوی لەشتەکان نابایە، کەچی لەبیرمانە جاران گفتوگۆی چڕو پڕتر لەسەر نازناوە سیاسییەکان و شوێنی دەستەواژەکان دەکرا، مام جەلال بەو بەعسەی سی ساڵ شەڕو نەبەردی لەدژ کرد دەگوت: (ڕەفتار فاشی)، چونکە ڕاستە شۆڕش لەشاخ و شاخیش تەنگ و تەنگانەیە، نەک فەرەحنایی و ڕامانی شێنەیی لەسەر زاراوەو دەستەواژەکان، بەڵام دەیزانی ناولێنان بەرپرسیارێتییەکی سیاسیی گەورەیە کە وردبوونەوەو خوێندنەوەی هەموو ئاستەکانی ناولێنراوی گەرەکە. بۆیە بەعس هەر بە بەعسی مایەوە و دڕندەو کورد کوژ بوو و شۆڕشی نوێش درێغی لێ نەکرد تا ئەو بەعسە کەوت و هەر بەناونیشانی ڕەفتار فاشییەوە گۆڕبەگۆڕ کرا.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: (٢٠١٣/١٢/٢٧)

# جەناب مەقیاس نەماوە!

جەناب مقیاس نەماوە، ئەم دەستەواژەیە بەشێکە لە ئیخوانیاتی دێرینی کوردی، قسەی عەونی یوسفە کە لە رۆژگاری خۆیدا سەنگ و دەنگدانەوەی هەبوو، ئەگەرچی ئەو زەمانە لە چاوئەمڕۆ شتێک مەقیاس هەر مابوو، ئەگەر عەونی رەحمەتی باسی ئەم رۆژگارەی کردبا هەڵبەت دەیگوت: مەقیاس هەر نەبووە تا بێژین نەماوە.

جەناب مەقیاس نەماوە، ئەگەر بمابا رۆژمان بەم رۆژە نەدەگەیشت کە بواری پەروەردە لە جێی ئەوەی شوێنی مەشق و راهێنان بێت لەسەر رێزگرتن و حورمەت نواندن، لە جێی ئەوەی جێی نەرمی نواندن و فێرکردنی پێکەوەهەڵکردن و رەفتاری چاک بێت، ئەمڕۆ بووەتە گۆڕەپانی توندوتیژی و سوککردنی پیشەی بەرزی مامۆستایەتی و کاروکاردانەوەی خراپی هەندێک قوتابی و کەسوکاریان، کە پەلاماری مامۆستایان دەدەن و وەک باعیسی کەوتن و دەرنەچوونی منداڵەکانیان وێنایان دەکەن.

هەندێک کەسوکار لە کەوتن و دەرنەچوونی منداڵەکانیانەوە بیریان دێتەوە کە دایک و باوکن و دەبێ پەرۆشی رشتەی خوێندنی زارۆکانیان بن، لە بیریان نییە منداڵەکانیان پێویستییان بە هاوکاری و دەستگیرۆییە، مەگەر ئەو کاتەی کار لە کار دەترازێ و کارتی چەند سفری دەبێتە ئیعازی شۆک و بە ئاگاهاتنەوەی.

مامۆستا جا بەتوانا بێت یان کەم توانا، پەرۆش بێت یان کەم تەرخەم، یەک توخمە لە چەندین توخمی پێکهێنەری سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن، لە پاڵ مامۆستا، قوتابی و کەسوکاری و سیستمی پەروەردە و کەشی خوێندنگەکەش توخمی بردنەوە، یان دۆڕاندنی، گرەوی خوێندنن؟ بۆ تەنها مامۆستا دەکرێتە بەرپرسی دواکەوتنی منداڵان لە کاروانی خوێندن؟

فەرهەنگی وڵاتی ئێمەو دابونەریتی خوێندن لە دنیای پێشکەوتوو، وایان لە مامۆستا روانیووە کە بەرەبابی توێژێکی رێزلێگیراوی کۆمەڵە، حورمەت و هەیبەتی مامۆستایان ستوونێکی پتەوی گەشەی پرۆسەی پەروەردە و خوێندنە کە بێ

پارێزگاری لێکردنی حورمەتی زانست و خوێندەواریش نامێنێ. کێ ئامادەیە زانیاری و تەجرەبە لە کەسانێک وەربگرێت کە لە دۆڕاندا توانای تێهەڵدان و بەرد بارانکردنیانمان هەبێ؟، منداڵەکانمان چۆن رێز لە مامۆستاکانیان دەگرن کە ئێمە ئەو مەسجەیان بدەینێ: هەر وەختێک کەوتی و دەرنەچووی مامۆستاکەت فەلاقە دەکەین.

منداڵی پاشاو قەیسەرەکانم شتی وایان لەگەڵ مامۆستا تایبەتەکانیان نەکردووە، خێرە وا نها سوکایەتی کردن بە مامۆستایەکی خزمەتگوزار خەریکە وەک دیاردەیەکی لێدێت؟.

تا سیستمی پەروەردە کەمێک گۆڕاو پەیڕەوانی نەریتی پەروەردەی کۆن قبوڵیان کرد دەستبەرداری لێدانی قوتابی و خوێندن بن، ئێستا وێنەکە پێچەوانە بۆتەوە، کەسوکاری قوتابی دەستی منداڵەکانیان دەگرن تا مامۆستا گوایە باعیسی کەوتنیان دەستنیشان بکات!.

ئایا پەوەردە، بە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانیانییەوە رای لەسەر ئەم دۆسێیە چییە؟، ئەی شارەزایانی بواری پەروەردە و خوێندەوارەکانی وڵات چۆن لەم دیاردەیە دەڕوانن؟.

کوردەواری وا لەبنەوە بنکۆڵ دەکرێ و لە بنەچەی پەروەردەوە منداڵەکانمان فێری ئەوە دەکرێن (مەقیاس)یان لا نەمێنێ و گەورەو بچووکی، نە بەشێوە دێرینەکەی، نە بەشێوە مۆدێرنەکەی هەموو کۆمەڵێکی دەربەست، لە کرداردا رەچاو نەکەن.

جاران مەقیاس نەمان، تەنها رەنگە لێرەو لە وێی بواری سیاسیی، یان بواری گەورەکان تێبینی دەکرا و رەخنەی لەسەر هەبوو، ئێستا لە هەستیارترین جومگەی ژیانی مرۆڤی کورد، منداڵی لە کایەی پەروەردە، پێوەر و رێسا جوانەکانی پێگەیاندن و مامەڵەی نموونەیی پێشلدەکرێت، کەچی ئەم باسە نابێتە بابەتی گەرموگوڕی بە دەنگەوە هاتنی پسپۆڕان و پەیوەندیدارانی پەروەردەو بێگومان میدیاکانیش.

کارێک بەرپاکرا، مەقیاس لە زۆر بواردا شێوە و لەبەرچاو نەگیراو بێت، بۆیە دەرەنجام و کەڵکەڵەی دۆخێکی وا ئەوەیە کە پەیوەندی (مامۆستا- شاگرد) لاسەنگ ببێ و مامۆستا لە توێژی سەردەستەی کوردەوارییەوە بێتە کەرەستەی تێهەڵدان و بێ حورمەتی پێکردن.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥٢٩٣ (٢٠١٠/٩/٢٩)

# گڵکۆی تازەی ئەنفال

بەقەڵەم و دەفتەرو لاستیکی کوژانەوەوە بیاننێژن، بەیاری و بووکە شووشەو ناسنامەکەی ملیانەوە بیاننێژن، تا فریشتەکانی ئاسمانیش زوو بیانناسنەوەو لەوە زیاتر لەڕێی گەیشتن بەبەهەشتی خوا مەحتەل نەکرێن، باشیان بپێچنەوە بەو ئاڵا ئاڵوواڵایەی کوردستانەوە، نەکا لەگۆڕی تاریک و نوتەکدا سەرمایان بێت و لەتەنگایی ژێر زەمیندا دڵیان سەغڵەت بێ.

ئەو ئازیزانەی رۆحمان کە لەبیابانی زوڵم و زۆری تەعریب و ئەنفالەوە گەڕاونەتەوە، ئێستا ئیتر بۆ دواجار لەنیشتەنیی دوا مەنزڵدا دەگیرسێنەوە، ئای چەند شەتەک و ماندوون و چەند گوناحن کە دوای دوو دەیە لەمەرگ و بڕانەوە، تا ئەمڕۆش لەبەرزەخی نێوان مەرگی غەریبی بیابان و مەرگی یەکجارەکیدا شپرزەو شەمزاون؟.

بەقەڵەم و دەفتەرو یادگارییەکانی جاران، بەیادی وێنە تەڵخەکانی منداڵی لەئاوایی و دەشتایی بەر لەئەنفال بیاننێژن، ئەوان هەقدارترن بەو سامانە رۆحییە، بەو ئەندێشە خەماوییەی سەراپای مێژووی ئەم نەتەوەیەی داگیر کردووە.

بنووسە مێژوو! کە چەند سەدە بەر لەئێستا لەموکریان قەتڵوعام کراین، لەسەرەتای ئەم سەدەیەشدا بەڕێی ئاوابوونی خۆری عوسمانییەکاندا، گوندەکان سووتان و مەڕو ماڵاتی کۆچەرییە کوردەکان بوونە پێخۆری سوپای تێکشکاو.

بنووسە مێژوو! سەرەتای سەدەی بیست بە سەربڕینی باوک و دایکی ئێمە دەستپێکردو کۆتاییەکەشی بەناشتنی ترپەی دڵی منداڵەکانمان ئەلهای ناموبارەکی دامرکایەوە.

بنووسە مێژوو! سەرەتای سەدەو هەزارەی نوێشی سەرەتای هەڵدانەوەی قەتماغەی برینی کورد بوو، هەر هەمان چیرۆک و، هەر هەمان زام بوو، مانگێک نییە دڵ رانەچڵەکێ بەهەڵدانەوەی لاپەڕەی خەمێک و بەهەڵدانەوەی گۆڕی حوزنێکی کوردستانیی، چەند گۆڕی ئازیزانمان هەڵدرایەوەو چەند گۆڕی تر

ماون كە لەسبەی باوەشی غەیبدا دێنەوە لای نیشتمانی ئەنفال؟، ساڵێک نییە ئەو دەردو ئەم دەرسە نەیەتەوە رێمان و دەترسم پەندی لێوەرنەگرین و، ئەم سەدەیەش هەر بەتەڵەکەبازی دوژمنەکانمان و بەخەمساردی خۆمان بسپێرین.

بنووسن! لەرۆژنامەکانی نیشتمان، بە ئەهلی و بەرەسمییانەوە، کە ئەم تەرمە تەرمی نەتەوەیەکە لەتافی منداڵیدا نێژراو، مەگەر پەینی ئەو جەستە پیرۆزانە ئاوێتەی گوڵاوی خوێن و مسکی ئەو خاک و خۆڵە بێت تا چانسێکی تری هەڵسانەوەی پێبدات.

گوێبگرە! ئەی ئەشکەوتە تاریک و قووڵەکانی مێژووی ئەم کائینە بێ عارەی ناوی لەخۆی ناوە ئینسان، ئەو هەزاران ساڵەت بەفلسێکی قەڵب، مادام هیچی تیا بەسەر نەبوو بۆ ئێمە، ئەو هەموو دەسکەوت و پێشکەوتن و چوونە سەر مانگەت بەکۆی زوخاڵ بێت کە زارۆکی کورد بەشی لەم هەمووە، تەنها چەند قەڵەمی رەنگاو رەنگ و قەبرێکی تاریک و تەنگ بێت.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥١٤٩ (٢٠١٠/٤/١٤)

# هاوشاری

هەفتەی رابردوو سەیرانێکم بۆ زێدی جارانی خۆم کرد وەک دەڵێن لەکوێوە هاتووم بۆ ئەوێ گەڕامەوە: گوندەکانی نەورۆزو داروەسەرەو سەرێکی مامشەشم دا، ئەمانە لەدێکانی دەوروبەری کەرکوکن (من اعمال منطقة قادر كرم) وەک لەکتێبی گەڕیدەکاندا دەنووسرێ، ئاوی سازگارو کەشوهەوای پاک و دوورکەوتنەوە لەژاوەژاوی شارستانیی کە (فیە ما فیە). لەوێ دڵخۆش و خەمباریش بووم، دڵخۆش بووم کە دەبینم تا بنگوێی شوێنە تەعریبکراوەکان رووی لەئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەیە، لەوێش هەر حزبە سەوزەکە سەرقاڵ و لەسەر خەت بووە، دەنا کێ ئەم دوورە دەستییە بەسەر دەکاتەوە؟ خەمبار بووم کە ئەم مەفتەنە کوردستانییە هی ئەوەیە نەک پارەی تێدا خەرج بکرێت، بەڵکو لەڕێی وەبەرهێنانی ژیرانەوە پارە بۆ کوردستان پەیدا بکات، زێڕو گەوهەری سەرزەمینە، شایانی هاوکاری نییە، بەڵکو ئەو لەدەستی دێ هاوکاری دایکی نیشتمان بکات ئەگەر تەنها دەستێکی باشتری پێدا بهێندرێتەوە.

جا بەناو یادگاری منداڵیدا گەڕام، ئەو دەمەی خزمەکان بەئامۆزاو میمکزاوە، پێش ئەنفالەکان، میوانداری ئێمەی منداڵی شاریان دەکرد، خۆمان پێ نیویۆرکی و فیزمان بەسەر لادێییدا دەدا، درەنگ زانیمان شارو لادێی کوردستان بەحیسابی شارستانیی بێت هەموویان هەر کەوتوونەتە کیشوەرە خەمبارەکەی ئاسیاوەو هەمووشیان لەیەک چرکە ساتدا قابیلی ئەوەن بەعس تەفرو تونایان بکاو تەعریبیان پێ نیشان بدات ناویان وا کوردی بوو دەڵێی بەتیغی نووسراوی هەمبانە بۆرینە ناوکیان براوە.

(نەورۆز، داروەسەرە، مەحمود پەریزادو سۆران و گۆران و جافان و ....هتد) بەشێکن لەناوەکان کە ئەگەر بڵێم ئەم ناوانە لەبناگوێی شریتی تەعریبدا قەتارو ئەڵڵا وەیسیان دەگوت رەنگە کەس باوەڕ نەکات، بەڵام بەخوا ئەم لەیلان و قادر کەرەمە هەر وابوو، ئەگەر باوەڕ بە نووسراوێکی سیاسی ناکەن بچن لەهونەرمەند

حەسەن گەرمیانی بپرسن کە لەو دەڤەرە هەم مامۆستا بووەو هەمیش لەمن باشتر گوێی لەسۆزی ئاوازەکانیان گرتووەو بەچاوی دڵ جوانی ئەوێی لەئەندێشەدا تۆمار کردووە.

ئێوارە کە گەڕامەوە، لەناو ئۆتۆمبێلدا بەڕێکەوت گوێم لەمۆسیقای فیلمی ئەسکەندەر دەگرت، کە دەڵێی چیرۆکی فیلمەکەیە بەگوێ تەماشای دەکەیت، ئەو مۆسیقایە لەگەڵ ئەو دیمەنە مرۆڤ دەباتە خەیاڵی مێژووی دێرینی شەڕو شۆڕو داگیرکارییەوە، ئەسکەندەر کە دونیای گرت و سەددام حسێنیش دونیای ئێمەی تێکوپێکدا، کەوتەوە یادم کە بەحیسابی تەشکیلەی ئیداری بێت، ئەم قادر کەرەم و ئەو گوندانەی دەوروبەری لەنیوەی حەفتاکانەوە سەر بەتکریتن، نە سەر بەکەرکوک. یانی بەم فشە ئیدارییانەی دەوڵەتی عیراق بێت، بەندەو سەددام حسێن هاوشارین و هەردووکمان خەڵکی تکریتین، هەردووکمان ئەگەر کوڕی گەڕەکێکیش نەبین یەک یەکەی ئیداری کۆمان دەکاتەوە با یەکەممان جەللادو ئەوی تریشمان قوربانی بێت، یانی بە کورتییەکەی هەقی گلەییم لێی هەیە: کابرا شارچێتی وا دەبێ؟ تکریتچێتی وا دەکرێت کە گوندەکانمان خاپوور بێت و خزمەکانم ئەنفال بکرێن؟.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥١٤٧ (٢٠١٠/٤/١٢)

# سیلەی ڕەحم

هەر شتێک خوێنی تێکەوت، سیلەی ڕەحم و پەیوەندی گەرموگوڕی لێدەکەوێتەوە بۆیە دەگوترێ: وەک گۆشت و خوێن تێکەڵن، ئەمە دەشێ لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی و لەپەیوەندی سیاسیشدا هەروا بێت.

پەیوەندی خوێن، شەهادەت و شایەتی لە دڵ و جەرگ و هەناوەوە، دێنێتە مەیدان، ئیتر دەبێتە پەتێک لەگەردن، ئیلتیزامێک بە ژیان و هاوڕێیەتی و دۆستایەتی، بۆیە خوێن قەت نابێ بەئاو!

وەک سروشتی خۆم قەت لەگەڵ خوێن نیم، لێی دەترسم و حەز ناکەم خوێن دەردو کێشەکان یەکلایی بکاتەوە، چونکە خوێن کە بووە دەسکەلای یەکلاییکردنەوەی کێشەکان قەت نابڕێتەوە، لەجێی ئەوەی چارە بێت، خۆی دەبێتە کێشەو هەر خوێن و خوێنی تری لەدوو دێت و مرۆڤە بێ ئیرادەو کەم حەوسەڵەکانیش پێ لەخوێنی لەبەر ڕۆیشتوو دەنێن.

لەمەوە خوێن دەبێتە بەڵایەکی سوورو تۆڵەی سوور، یانی توندوتیژی چارەسەرێتی. ئیتر لێرە خوێن سیلەی ڕەحم ناهێڵێت و دۆستایەتی و برایەتی دەکوژێت، نەسڵ دەپچڕێنێ لەجێی ئەوەی سیلەی ڕەحم پێکەوە گرێبدات.

ئەم باسەم سیلەی ڕەحمی لەگەڵ باسی یادەوەریی و ڕووداوی ئەمڕۆ (٤/٢) دایە، ساڵی ٢٠٠٢ لەحکومەتی هەرێم- ئیدارەی سلێمانی کارم دەکرد، بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت بووم: یانی بەئیستلاحی باس بەرپرسی سیلەی ڕەحمی حکومەت و دۆستایەتی بووم لەگەڵ خەڵکیدا.

فەرمانبەری قەت سیلەی ڕەحمی لەگەڵ کاری ڕۆژنامەوانیشدا نییە، بۆیە گەلێک جار بیرم لەوازهێنان دەکردەوە، ئێستاش لەبیرمە کە، ڕێک لەڕۆژی (٢٠٠٢/٤/٢) دا کۆڕێکم هەبوو، کۆڕو باس و نووسین بابەتی ئێمەیە نەک فەرمانبەری و کیتابناو کتابوکم، بۆیە کە وادەی کۆڕ لەگەڵ ئەرکی فەرمانبەری تێکەڵ بوو، بڕیارمدا بوو چیتر فەرمانبەر نەبم و بچمەوە بنکەکانی خۆم، ڕۆژنامەوانی، بەڵام

هەر ئەو رۆژەو ئەو کاتژمێرە خوێن سیلەی رەحمی دروستکردەوە، ئەو رۆژە رۆژی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی حکومەت د. بەرهەم بوو، لەقەوماوەکەدا چەند گوڵێکی سووری کوردستانیی کاکە ئامانج و کاکە جەزاو کاکە کارزان و کاکە شوان و کاکە عەبدوڵڵا شەهید بوون، عەیب نییە یاران، مرۆڤ ئەو رۆژە فەرمان جێبەجێ نەکاو بەبیانووی کۆڕو نووسینەوە لەحکومەت پایدۆزی لێ بکات؟، حکومەتێک کە بەخوێن ئاودرابێت و خەونی سەدان و هەزاران شەهیدی کوردستان بێت کە شەهیدبوون و دڵیان لای رۆژێک بوو کورد خۆی حوکمی خۆی بکات؟

یەکەمجارە ئەم زامە هەڵدەدەمەوە کە زامی حکومەت و باسی شەهیدەکانێتی، ئێستا بەندە لەحکومەت نیم و کارکردن لە حکومەت وەک دەڵێن، پیاوی خۆی دەوێت، وا گەڕامەوە لای یاری جاران، کوردستانی نوێ، کەچی هێشتا هەستدەکەم سیلەی رەحمم لەگەڵ حکومەتدا هەیەو خوێنم بۆی قوڵپ دەدات.

لەحکومەت نیم و خەریکی کاسبی خۆمم و، سەد شوکر بۆ بەشت خودایە، لێ پێم سەیرە خەڵکانێک هەن بەبوختان و دەلەسە پەلاماری ئەو باخچە بەخوێن ئاو دراوەو ئەو رۆژگارەو سەرۆکی ئەو حکومەتە دەدەن؟.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥١٣٩ (٢٠١٠/٤/٣)

فەسڵی پێنجەم

# با پاشکۆ بێت

# ئەدگاری لەتیف هەڵمەت

لەتیف هەڵمەت ڕێبازێکی تایبەتییە لە شیعری کوردیدا، ئەو تاریفێک نییە کوردستانی نوێ پێی بدات یان ئەوی لێ بێبەش بکات. ئەمە حەقیقەتێکە ڕەوتی ئەم چڵ ساڵەی شیعری کوردی دەیسەلمێنێ و ئەو تایبەتییەی بەرەنجی ئەندێشەی وی داوە. ئاسانی لە دەربڕین و قووڵی لە مانا، ناوەڕۆکی ئەم ڕێبازەی مامۆستا لەتیفە خۆشی هەر ئەمە لە شیعری نایاب داوا دەکرێت و، لەمە زیاتر دەشێ گێچەڵی ڕەخنەیی بێت و هیچی تر.

ئەم ناساندنە بۆ ئەوە نییە ڕۆژنامەنووسێک شوێنی ڕەخنەگرانی پسپۆڕو خوێنەرانی بەسەلیقەی شیعر بگرێتەوەو بە هەقێک کە پێی نەدراوە ناو و نازناو دابەش بکات، بەڵکو ئەم ناساندنە بۆ مامۆستا لەتیف ئەوەندە شایانێتی و وا زەق بۆتەوە کە تەنانەت خوێنەرێکی ئاسایی و ڕۆژنامەنووسێکی وەک بەندەش هەستی پێ دەکات. جا ئیتر خۆتان حوکم بدەن.

ئێمە لەجیاتی خوێنەران حوکم بەسەر ڕەوتی ڕەنج و هیلاکی لەتیف هەڵمەتدا نادەین، نووسەرانی بەشداری ئەم (ئەدگار)ە و هەموو ئەوانەی تر کە لەسەر ئەزموونی شیعری ئەو نووسیویانە شایەتی دەدەن و ئەوەی ئێمە لێرەدا کردوومانە ئەو شایەدییەمان وەک ڕێزلێنانێکی شایستە لەسەر کاغەز ڕێکخستووە. دابی ڕۆژنامە سەنگینەکان وایە کە داهێنەرانی وڵاتی خۆیان لە هەموو بوارێکدا بەسەر بکەنەوە و شیعر کە تاجی داهێنانەکانەو لەتیف هەڵمەتیش کە پادشایەکی دونیای شیعرە لە وڵاتەکەمان، لەم (ئەدگار)ەدا شوێنی سەنگینی خۆیان پێدراوە.

جا ئێمە بەناوی کوردستانی نوێ وە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە لە نەخشەکێشانی سکێچی ئەم (ئەدگار)ەدا بەشداربوون و سوپاسی مامۆستا لەتیف هەڵمەتیش دەکەین کە ڕێگەی دا ڕازو ئەندێشەو هزری خاوەن (خواو شارە بچکۆلەکەمان و پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمەو

گەردەلولی سپی... بێتە ناو ئەم ئەلبوومە یادگارییەوە تا بەشدارییەکی بچوک بێت لەپەرەپێدانی رۆژنامەوانیی ئەدەبیدا. چەند ئومێد دەکەین کە هەموو شایانەکانی دونیای داهێنانی کوردستانیی خاوەنی ئەدگاری خۆیان بن، دوعامان وایە تەمەن مەودای ئەم ئومێدە بدات.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ- ئەدگار: ژ:٦٣٨٥ (٢٠١٤/٥/١٩)

# ئەدگارێك بۆ شەهیدی قەڵەم

جارێکی تر کوردستانی نوێ شانازییەکی تر بۆ خۆی تۆمار دەکات، شانازی ناساندنەوەی جارێکی دیکەی کەڵە مێژوونووس و نووسەرێکی کوردستانیی و مەلایەکی مونەوەر کە بە تەرجەمە و لێکۆڵینەوە و پشکنینی راستییە مێژووییەکان خزمەتی نەتەوەی کوردی کردووە. ئەویش مێژوونووسی گەورەمان شەهید مامۆستا مەلا جەمیل رۆژبەیانییە.

مەلا جەمیل رۆژبەیانی لە نەسڵی مونەوەرانی کوردە لە سەدەی بیستەم کە سەدەکەیان بە کارو خزمەتی خۆیانەوە مژۆڵ کردووە.

ڤەکۆڵینەکانی ئەو لە بواری مێژووی دێرینی کورد لە ناو شارستانی ئیسلامدا، گەڕان بەدوای دیرۆکی دەوڵەت و ئەمارەتەکانی کوردستان و، رۆڵی گەورە پیاوانی کورد لە شارستانی ئیسلام و شارستانی مرۆڤایەتیدا، ناساندنی شار و شارۆچکە و مەمالیکەکانی کوردو خاوەندارێتی مێژوویی کورد لە خاکی کوردستان، بەشێکن لە خەباتی رووناکبیریی و زانستی مامۆستا لە بواری نەتەوەسازی و نەتەوەناسیدا، لەبواری بەرپەرچدانەوەی تەعریب و تەتریک و تەفریس و سڕینەوەی ئاسەواری بوونی کورد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە فیعل و، فێڵی دەستکردی داگیرکەران بووە بۆ شێواندنی رابردووی نەتەوەی کورد، بۆ حەڵاڵکردنی زەلالەت و بندەستکردنی ئەمڕۆی و دڵنیابوون لەوەی لە دوا رۆژیشدا ئەم نەتەوەیە بە ئاگا نایەتەوەو حیساب و کیتابێکیان لەگەڵدا ناکات.

مەلا جەمیل بەم مانایە هەر رووناکبیر و نووسەر و مێژوونووس نەبووە بەڵکو وەک رووناکبیرانی لە سنفی خۆی سەدەی بیستەمییان پڕ کردووە لە نووسین و لێکۆڵینەوە و حبری قەڵەمییان لەگۆڕەپانی بەیان و دەرخستنی راستییەکاندا رشتووە، وەک چۆن دوژمنانی کورد مەیدانی جەنگ و کوشتاریان کردە گۆڕەپانی خوێن ڕشتنی کورد بۆ داگیرکردنی کوردستان. مەلا جەمیل لەو جەنگاوەرانە بوو ویستی فریای یادەوەری و مێژووی نەتەوە بکەوێت تا وەک بەڵگەو تاپۆ بۆ

نەوەکان هەڵبگیرێت کە بەڵێ کوردە گیان (وڵاتەکەت بناسە) و بزانە لە کوێ ساکنە خزمانی تۆ و، سەیری جوگرافیای مەندەلی و مێژووی دێرینی حەسنەویی و، مەروانییەکان و مێژووی مەمالیکی سەربەرزی ئەم نەتەوەیە بکە کە سەدەی بیستەمی لێ کرایە دۆزەخ، ئەمما لە ناو دەفتەرەکانی مێژوودا شەرەفمەندە بە (شەرەفنامە)و مێژووی ئەمارەتەکانی.

بەسەرکردنەوەی ئەم مێژوونووس و ڕووناکبیرە گەورەی کورد هەروا بۆ ئێمە دەرفەتیش بوو کە کۆمەڵێک لەکەڵە نووسەرانی دیکەی کورد، ئەوانەی ئاشنای سەردەمی ڕۆژبەیانی و دوای ئەویش بوون بەسەر بکەینەوەو بە دیدارو وتاریان، بتوانین وێنەیەکی گشتگیری لەسەر بخەینە خزمەت خوێنەرانمان.

لە کوردستانی نوێ گەلێک بەختەوەرین کە ئەم ئەدگارەمان بۆ مامۆستای شەهید تەرخان کردووەو پێشمان وایە ئەمە دەرفەتێکی بچووکە بۆ یادکردنەوەو ڕێزلێنانی و هیوادارین کۆی بەرهەم و کۆششی مامۆستا ڕۆژێک لەڕۆژان ببێتە دیارییە هەرە گەورەکەی حکومەتی کوردستان بۆ کتێبخانەی کوردی.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ - ئەدگار: ژ:٥٩٩٤ (٢٠١٣/٢/٤)

# بیری باو، چۆن بووه داو؟

هیچ قسەیەکی سەربار نییە کە ئەز بیخەمە سەر ئەم دۆسێ دەوڵەمەندەی کاکێشان کە دەشێ ئیدعا بکەین دەوڵەمەندترین دۆسێیە تا ئێستا لەسەر مامۆستا مەسعود محەمەد کرابێت، بۆیە لێرە تەنها دەمەوێ لەسەر بیرمەندو هاوکێشەی بیری باو بدوێم.

ئازارو مەینەتی بیرمەندێکی وەکو مەسعود محەمەد لەگەڵ بیری باودا چۆن بووەو ئەم مامۆستایە چۆن لەگەڵ زەمان و زەمینێکدا هەڵی کردووە کە لە چەند سەرەوە نەیارو نێوانی ناخۆشە لەگەڵ رامان و بیرکردنەوەی قووڵی جیاوازدا؟، ئەوە بەعس لەبەغدا کە هیچ بیرو بەندوباوێکی نییە نە هی دەستەبژێر و نەهی باوی خەڵکی ئاسایی، کۆمەڵی کوردەواریش لە ژێر هەژموونی بیری رووکەشدا خۆی وا نمایان دەکرد لە هەموو شتێک حاڵییەو، ئەوە کە دەستەبژێرێکی هەیە ئیدعای بیری پێشکەوتخوازی دەکات ئیتر لەهەر ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی فیکری دەبەخشرێ. دەبێ لێرە دووپاتی بکەینەوە باسکردن لە بەرەیەک مەسعود محەمەدی تێدایە کە رەخنەی لە چەپ و، رێبازی چەپگەرایی هەیەو، بەرەیەکی تر کە گوایە سەر بە خوێندنگەی مارکسیزم وماڵباتی چەپایەتییە، ناتوانێت گرفتی جێی باسمان بۆ وێنا بکات. ئەم باسکردنە ئەگەر وا دەربخرێت قووڵ نییەو سەر بە ماڵی چەواشەکاریی و عەوامفریویدا دەکات، شتێک کە مامۆستا خۆی قینی دنیای لێبوو، ئەسڵی کێشە بەرە فیکرییەکان نییە، بەڵکو ئەوەیە لەهەر سەردەمێکدا مودەعی زۆرەو ئەوانەی بە فیکر و قەڵەم بەرەنگاری دەکەن دەگمەن و کەم و سەنگینن، چوون مامۆستا.

لەبەردەم بیری باودا بیرمەند سیزیفێکە بەردی تەحەددا سەردەخات و لەسەر زەمینی نەیار دەستوپەنجە لەگەڵ راستی گفتوگۆ و مەنتیقدا نەرم دەکات، بەرد هەڵکۆڵینە، وەک فەرهادێکی عاشق لە دەورانێکدا هەر کەس زەخمێکی رووکەشی هەبوو موسەیلەمەیەکی درۆزنە لە دیوانی عیشقدا، مەسعود محەمەد شەڕی بیری

باوی کردو هاواری بوو، ئەی یاری عەزیز بە خودای هەڵخەڵەتاوی و ئەم تەرازووە لاسەنگە دەبێ راست بکرێتەوە.

چارەنووسی بیرمەند وایە کە لە زەمانی خۆی یان لێی تەوەللا بن، یان لێی بترسن لە هەیبەت و شانوشەوکەتی، لەوەی کە لە سیپارەیەکدا وەک قوورِ هەڵیانشێلێ و دروستیان بکاتەوە.

راستیەکەی ئێستا دەپرسم دەبێ چ فایدەبێت ناوبانگ وناوی مەسعود محەمەد سەروەر بێت و پاشکۆیانی بۆ دەربکرێت لەزەمانێکدا بیری باو لە درامای دەورانی مامۆستادا پاشەکشێی کردووە؟ دەترسم وەک چۆن جاران بیری گەورەی چەپایەتی وەک ئەندێشەیەک بۆ گۆڕینی دونیا، پاش شرۆڤەکردنی، بووە مۆدێلی خۆهەڵکێشان، نها دەورانێک بێتە پێشەوە بیری باو وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچێ و لەسەر شانی مامۆستا بنیشێتەوەو، خەسڵێکی تری عەوام فریویمان نیشان بدات.

لویس ئەلسویسەر باوکەڕۆی بوو: ئەی هاوار چۆن بیرۆکە دەوڵەمەندەکانی کتێبی سەرمایە لە نامیلکەی کورت کورتدا شرۆڤە دەکرێت، تا لەخزمەتی کرێکاراندا بخرێتەگەڕ؟ ئەلسویسەر ناچاربوو بڵێ راوەستان لەبەر دەرگای زانست وەک راوەستان لەبەردەم دەرگای دۆزەخ وایە، سام و ترس و بیمی هەیە. مەسعود محەمەدیش وا زمانی بەرزو بڵندی خۆی پاساو دەدایەوە کە ئەم بیرۆکانە بۆ ئەوە نییە خەڵکێکی ئاسایی پێوەی بتلێنەوە. ئەمڕۆش بیری چەپ کە مامۆستا نەیارێکی بە وەفای فیکری بوو، پاشەکشێی کردووەو، کەس ئەو چارەنووسەی وی بۆ هیچ بیروباوەڕێکی تر ناخوازێت.

بیری باو و مۆدێلی خۆپێوەهەڵواسین بەدوای قوربانی و نێچیرێکی تردا دەگەڕێت سواری سەری بێت.

لەچاخی بەهاری عەرەبیدا، دەبێ کام ئەندێشەی فیکری ببێتە بیری باو و کێ مەسعود محەمەدێکی نوێ بێت بۆ بەرەنگاری و گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ تەرازوویەکی لاسەنگ؟

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ - کاکێشان: ژ:٥٧٨٥ (٢٠١٢/٥/٢٣)

# بۆ هونەر ژیاو پێشی نەژیا

بەسەربەرزی ژیاو بەسەر بەرزی مرد، ئاوارەی شارو مەفتەنی جیاجیا بوو، بەڵام هەر بەکوردو بەکوردستانی، هەر بە وەلی دێوانەکەی سلێمانی مایەوە. لەسەر کوردایەتی دەردەسەری دی، بەڵام هونەرەکەی نەفرۆشت، تەنانەت هونەرەکەی بەزەوق و سەلیقەی زۆریی بەرهەمیش نەفرۆشت. هونەرەکەی پوخت و جوان بوو، شیعری بڵندو ئاوازی بەرز کەچی هونەری خەڵک بوو، لەسەر هیچ گۆرانییەک، هیچ ئاواز و رەنجێکی هونەری پارەی وەرنەگرت، کردەی ئەو و بردەی تۆمارگاکانی کوردستان بوو.

بەڕەنجی شانی خۆی، نەک رەنجی هونەرەکەی ژیا، کە لەدونیای موتەمەدیندا رەنجی هونەر خێری زێڕو زیوو دەداتەوە بۆ خاوەنەکەی. تادەنگی زوڵاڵ بوو گۆرانی بۆ کوردەواری بوو کە پیرو ئوفتادەی ماڵێشەوە بوو بار نەبوو بەسەرشانی کەسەوە، میوانی ماڵی خۆی و خانەنشینی ئارەقی نێو چەوانی خۆی بوو. لەگەڵ ئازاری نەخۆشی بەسەبرو لەگەڵ ئازاری تانەی ئەوانەی بەرهەمی هونەرییان بە بەلاش دەسکەوتبوو، میهرەبان بوو.

کەریم کابان هونەرمەندی گەل، زەمانی گەشانەوەی کوردبوونی دی و تێیدا ژیا، زەمانی داڕووخانی هەندێک بەهاو نەریتیشی دی و نەڕووخا، زەمانی کەوتنی ئاوازیشی دی، هونەری بەگەوهەر نەگۆڕییەوە. مژدەکەی هێمنی بیستبوو کە بەشی هونەرخانە خەرابییە. مەم و دێوانەیەکی رەسەن بوو کۆڵی نەدا، هەر بەعاشقە پاکەکەی خاتوو زین و شەم مایەوە. بەڵێ بەعومرێک کە خوا پێی دابوو زۆر ژیا ئەمما، ئەوە بەخششی خوا بوو، نەک خێری بەندەکان، ئەو تەمەنە زۆرەپڕ ئازارەش، هەر دە ساڵی بە یەک بەرهەمی گەورەی نەمر بوەستێت ئەو براوەیە. لەو دنیا خودا باقی و پاداشتی دەداتەوە. خودا خۆی جاویدانی هونەری خستبووە قوڕگیەوە و خۆی دەزانێ بەهرەی هونەری بەکێ داوە.

کابان هەر کابانی هونەری گۆرانی زێڕین نەبوو، بەڵکو عەمیدی بنەماڵەیەکی

نیشتمان پەروەریش بوو، خۆی کوردپەروەر، برای شەهیدو کوڕی پێشمەرگەو کوڕو کوڕەزاش تێکۆشەری ڕێی ڕزگاری نیشتمانی شەم و خەنەبەندان بوو.

ئەو تۆمارێک بوو لەڕەنجی فەرهادی بۆ هونەر، بۆ ژیان و بۆ نیشتمانیش.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٧٣ (١٧ / ١ / ٢٠١٦)

# مەحفوزو زویل

وڵاتانی پێشکەوتوو خەرجییەکی زۆر دەکەن، تا زانایەکی توانا نێوەنجیان دەسکەوێت، وڵاتێکی وەکو میسر بە دوعاو نزای زۆرو ئومێدێکی گەورەوە رەنگە چەند ساڵ جارێک زانایەکی وەکو ئەحمەد زویل-یان بە نسیب بێت کە زانا بێو زانای کیمیا بێو خاوەنی خەڵاتی نۆبڵیش بێت.

لەناو وڵاتانی دونیای سێدا میسری دایکی دونیا سێ نۆبڵی هەیە، یەکیان هی ساداتە کە بە هاوبەشی لەسەر ئاشتی وەریگرت، ئەوی ئەحمەد زویل کە ماوەی رابردوو "٢ی ئابی ٢٠١٦" کۆچی دوایی کردو ئەوی تریشیان رۆماننووسی گەورە نەجیب مەحفوز بوو کە نۆبڵی ئەدەبی هێناو ساڵی "٢٠٠٦" کۆچی دوایی کرد.

ئەوی مەحفوز ناودارترین بوو، چونکە خەڵاتی ئەدەب میللی ترە لەچاو خەڵاتی زانستی، هەروا نەجیب مەحفوز پێش نۆبڵیش ناسراوترینی عەرەب بوو، ئەوی سادات بەر نەفرەتی کامپ دێڤید کەوت، بەڵام چ ناسراوەکەی ئەدەبو چی دەستەبژێرەکەی زانست و چ سەرۆک سادات لەبەڵای ناگەهانی توندڕەوەکان دەربازیان نەبوو، حەسانەی نۆبڵو ناودەرکردنیشیان نەیتوانی ببێتە پەرژینی پاراستنیان.

سادات کوژراو، مەحفوز لەسەر گوایە لادانی ئاینی لەرۆمانی کوڕانی گەڕەک "اولاد حارتنا" درایە بەر چەقۆی توندڕەوێکی نەخوێندەوار کە کورتە چیرۆکێکی مەحفوزی نەخوێندبۆوە چ جای رۆمانەکەی، دووەمیشیان، ئەحمەد زویل، ژیانێکی سەربەرزانەی بەسەربرد، بەڵام بەڵاو نەفرەتی توندڕەوەکان لە مردنیا بە دوایەوە بوون، ئەوی دەمرێ ئەگەر زاناو داناش نەبێتو مرۆڤێکی ئاسایی بێت، ئیتر دەستی لێ دەشۆن، بەڵام لە دایکی دونیا ئەوی بشمرێ بانگەوازی بە کافرناسینی دەکرێت، ئیخوانچییەکی وەکو وجدی غنیم فەتوای داوە کە زویل کافرەو پێویست ناکات رەحمەت بۆ فەوتی کافر بنێردرێت.

وڵاتانی خاوەن نەزەر زاناو دانا ئەگەر بە پارە بێت، لە پارەیان هەڵدەکێشن،

ئەگەر لەناو فڕۆکە، لە ئاسمانی دوو وڵات لە دایک بن، دوو وڵاتەکە لەسەر خاوەنداریێتیان دێنە جواب، لە دونیای مانەندی میسری زانا ئەگەر نۆبڵیشی هەبێو ئەگەر چووبێتە بەر رەحمەتی خوداش دەست لە یەخەی ناکەنەوە.

کابرا چۆتەوە بۆلای خوای خۆی، لەوێ حیسابو کیتابی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمان لەسەر زەوی رایدەگرنو پسوڵەی مەرزی نێوان دوو دونیای بۆ ناکەن.

خاوەنی نۆبڵێک دەکوژرێ، ئەویتریان بریندارو ئەویتریشیان بەر نەفرەت دەکەوێت.

*کوردستانی نوێ: ژ: (٥٢٩٢) چوارشەممە ٢٠١٠/٩/٢٩

# دەزگاکان یەکبگرن!

لەنێوەندی دامودەزگا رۆشنبیرییەکانی پایتەختی رۆشنبیرییەوە بیستوومانە هەوڵ و کۆششێک هەیە بۆ ئەوەی ناوەندو سەنتەرو دەزگا رۆشنبیرییەکان چەترێکی کاری هاوبەش پێکەوە بونیات بنێن.

تەنانەت کۆبوونەوەیەکیش بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەیە، ئەمەش کارێکی زۆر چاکە، چونکە کۆششی رۆشنبیری ئەو دەزگایانە یەک دەخات، دەیانکاتە تەواوکاری یەکتری. بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە سەرکەوتووبێت هەر لەئێستاوە پیرۆزبایی‌و پێشنیازمان هەیە:

١-دەزگا هاوشێوەکان پرۆژەی هاوبەش بکەن، لەئەرکی چاپو بڵاوکردنەوەدا.

٢-دەزگا هاوشێوەکان پرۆتۆکۆڵی دوو قۆڵی‌و چەند قۆڵی ئیمزا بکەن بۆ یەکخستنی کۆششی روناکبیری لەبواری وەرگێڕان‌و دووپاتنەکردنەوەی وەرگێڕان، مەگەر زەروری نەبێت، ئەم دەزگایانە خشتەی کتێب دابنێن کە گرنگە بۆ پێشخستنی بواری رۆشنبیری تەرجەمە بکرێت. دەزگا رۆشنبیرییەکان کەڵک لەتایبەتمەندی یەکتری وەربگرن، ئەوەی چاپخانەی هەیە چاپ بکاتو ئەوەی کاغەزی هەیە بیخاتەکار، ئەوی پارەی هەیە هەروا و، ئەوی ئیمکانیاتی مرۆیی لەکادیرو کارگەرو پسپۆڕی هەیە لەگەڵ ئەوانی تردا بیانخاتەکار و تەواوکاری یەکتری بن. ئەوی چالاکی هەیە هۆڵو جێگە لەوە بخوازێت کە هۆڵی هەیەو چالاکی نییە، ئەوی توانای دابەشکردنی هەیە بیخاتەکار بۆ هاوکاری دەزگاکانی تر. هتد.

واتا کەڵک لەکەموکوڕی‌و باشی یەکتری وەربگیرێت، کاری جەماعی باشتر، هەرزانترو بێ کێشەتر دێتە کایەوە. شارە حەیاتەکە خۆی لەبارێتی پایتەختی رۆشنبیری بێتو خۆڕسکانە وا هەڵکەوتووە، بەڵام رێکخستنەوەی تواناکان رێگاکان کورت دەکاتەوە، ئەم چەترە پیرۆزە بۆ ئەم پایتەختە شایانە، با دەزگاکان لەسەر یەکتری بکەنەوەو رمێن بۆ یەکتری پەیدا بکەن.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٤٦ (١٥-١٦/٤/٢٠١٦)

# شیرین‌و خۆشە زمانی کوردی

لەم هەفتەیەدا وەزیری ژنان لە کانتۆنی جەزیرە، لە ڕۆژئاڤا، خاتوو ئامینە عومەر سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. لە کۆبوونەوەی ڕاگەیاندندا باس هەر دێتە سەر باسی ڕۆشنبیریی‌و ڕۆژنامەو خوێندن. خاتوو ئامینە باسی دەستپێکی پرۆسەی خوێندنی کرد بە زمانی کوردی لەکانتۆنەکانی ڕۆژئاڤا. گوتیشی: بە داخەوە هەندێک کەناڵی ڕاگەیاندن لە باشوور زۆر لەسەر سەلبیاتی خوێندن بەزمانی کوردی لە ڕۆژئاڤا قسەیان دەکرد. زیاتر گرانییان دایە لەمپەڕەکانی بەردەم خوێندن تا ئەوەی هانی خوێندن بدەن بە زمانی دایک. بە بیانووی ئەوەی لە سبەی ڕۆژدا ئەو زارۆکانە دەرفەتی دامەزراندن‌و کاریان نابێت لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا. گوتیشی: "بەڵام خۆشبەختانە پرۆسەی خوێندنەکە دەستی پێکردووەو بەردەوام دەبێت".

ئەو هەڵوێستەی ئەو کەناڵانەم بەراورد کرد بە جارانی گەرمەی کوردایەتی کە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە کوردستان خوێندن بوو بە کوردی. تەنانەت لەناوچە تەعریبکراوەکانیش، وەکو خانەقین‌و کەرکوک هیممەت بۆ خوێندنی کوردی کرا. مامۆستا موحسین بەنی وەیس بیرەوەریی نووسی کە چۆن مامۆستایان‌و باوکی خوێندکارەکان پەرۆشی خوێندنی کوردی بوون لەخانەقین. بەعس پڕوپاگەندەی دەکرد گوایە کەس خوێندنی کوردی ناوێت‌و کەس دوای خوێندنی کوردی دانامەزرێت، بەڵام خەڵکی خانەقینی تەعریب چەشتوو هەر سووربوون لەسەر داواکەیان، چونکە دەیانزانی زمان ناسنامەی نەتەوەی کوردە.

جا زمان نەک ناسنامەی کوردە، بەڵکو فاکتەری مانەوەی ئەم نەتەوەیەشە لەمێژوودا. یەک لە خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی کوردە تا وەکو نەتەوە بناسرێت‌و لەنەتەوەکانی تر جیا بێت. لەبەر ئەم واقیعە ڕەسەنەیە زمانی کوردی تاجی سەری نەتەوەی کوردەو خوێندن بەو زمانە بنەمایە لەڕێی ڕزگاریی نەتەوەییدا، لابردنی کۆسپەکانی بەردەمیشی خەباتێکی نەتەوەیی بێ غەلوغەشە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٥٠ (١٨-٢٠١٥/١٢/١٩)

# دیوان له ڕۆژهه‌ڵاته‌و
# سیاسه‌تی ڕۆشنبیریش لێره‌یه‌؟!

ئه‌گه‌ر ئێمه‌ سیاسه‌تی ڕۆشنبیرییمان هه‌بوایه‌ دیوانی شاعیره‌ گه‌وره‌كانمان له‌ كوردستانی ئازاد چاپ ده‌بوو، خوا خێری خانه‌كانی بڵاوكردنه‌وه‌و ئینشاراته‌كانی كوردستانی ڕۆژهه‌ڵات بنووسێت كه‌ له‌جێی ئێمه‌ ئه‌و ئه‌ركه‌ جێبه‌جێ ده‌كه‌ن‌و كتێبه‌ كلاسیكییه‌كانی دیوانی ئه‌ده‌ب‌و ڕۆشنبیریی كوردی له‌ به‌رگێكی جوان‌و ڕێكوپێكو له‌قه‌باره‌و تیراژی جیاوازدا چاپ ده‌كه‌نه‌وه‌. كارێك ده‌بوایه‌ وه‌زاره‌تی ڕۆشنبیری‌و ده‌زگا ره‌سمییه‌كانی چاپ‌و بڵاوكردنه‌وه‌ی لای خۆمان له‌ هه‌رێم، ڕایانپه‌ڕاندبایه‌. كوردستان پره‌ له‌ چاپخانه‌ كتێبه‌كانی كوردستان له‌ تاران و ئه‌نقه‌ره‌ چاپ ده‌كرێت. بێگومان خه‌تاكه‌ش كوالیتی ئیشكردن و نرخی گرانی چاپكردنه‌ له‌ كوردستان كه‌ هیچ پاڵپشتێكی ده‌وڵه‌تی بۆ بازاری چاپكردن نییه‌. كوردستان پڕه‌ له‌ دامو‌ده‌زگای چاپ، به‌ڵام سیاسه‌تێكی ره‌سمیمان نییه‌ كه‌ بانگه‌واز بۆ پێداویستی كایه‌ی ته‌رجه‌مه‌و بواره‌كانی مه‌عریفه‌ بكات و ئالیه‌تێك بۆ ئاراسته‌كردنی بازاری كتێب به‌ره‌و هه‌مه‌ره‌نگی و فره‌یی و دیاریكردنی ئه‌وله‌ویاته‌كانی گه‌شه‌ی ڕۆشنبیری كوردستان هانبدات كه‌ بێگومان هاندان ناكاته‌ ده‌ستوه‌ردان و سانسۆر به‌ڵكو ده‌كاته‌ ته‌شویقی كوالیتی و فره‌یی.

بێگومان كوردستان هه‌ر یه‌ك كوردستانه‌و ڕۆژهه‌ڵاتیش به‌ ئه‌ركو به‌مافی خۆشی ده‌زانێت چمكێكی ئه‌ركه‌ ڕۆشنبیرییه‌كه‌ بگرێته‌ ئه‌ستۆ، به‌ڵام پێش ئه‌وه‌ی لێپرسینه‌وه‌ له‌گه‌ڵ خانه‌كانی چاپ‌و بڵاوكردنه‌وه‌ی ڕۆژهه‌ڵات بكه‌ین، هه‌قه‌ لێپرسینه‌وه‌ی ڕۆشنبیری له‌ سیاسه‌تی ڕۆشنبیریی كوردستانی ئازاد بكه‌ین. به‌ حیساب له‌ ئازادیدا وزه‌و تواناكان ده‌ته‌قنه‌وه‌ و هه‌مووشمان ده‌زانین به‌ربه‌سته‌كانی بزاوتی ڕۆشنبیریی له‌ڕۆژهه‌ڵات هێشتا ماون.

چاپكردنه‌وه‌ی دیوانی شاعیره‌كانمان له‌ ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم تاقه‌ ده‌ركه‌وتی

نەبوونی سیاسەتی رۆشنبیریی نییە لای ئێمە، بەڵام زەقترینیانە، پێش ئەوەی پاکانەی دۆخی شڵەژاوی دارایی بکەین کە گوایە رێگرە لە چاپو بڵاوکردنەوە، گەرەکە بزانین کە سیاسەتی رۆشنبیریی پەیوەندیی بە توانای داراییەوە نییە، ئەگینا وڵاتە هەژارەکان قەت نەیاندەتوانی سیاسەتی رۆشنبیرییان هەبێو کەلتوورو رۆشنبیریی خۆ گرێدراوی هەراجی دەوڵەتانی پارەدار دەکرد.

سیاسەتی رۆشنبیریی ئەولەویاتی دارشتنی سیاسەتێکی ژیرانەیە لەبواری کەلتوورو لەبواری زیندووکردنەوەی سامانی رۆحیو مۆراڵی نەتەوە. ئەگەر پارە بوایە کاتی خۆی پارە نەبوو، لەناکاو پارەیەکی زۆر رژاو، ئێستاش لە تەنگژەداین‌و هیچیان کارێکیان بە رۆشنبیرییەوە نەبوو. نە بۆ کەمکردنەوەو نە بۆ زیادکردنیش.

سەیری دونیای چاپەمەنی بکەن، بەرەسمیو ئەهلییەوە، چەند پەرێشان‌و شەمزاوەو، سەیری رۆژهەڵاتیش بکەن کە کەڵکیان لە ئەزموونی فەرهەنگی ئێرانی وەرگرتووە لە کایەی چاپو بڵاوکردەوەو بازارکردندا کە ئەگەر هەقدەستو مافی نووسەرەکان‌و بنەماڵەکانیانی لێ دەربکەیت، بەرهەمی کتێبخانەی رۆژهەڵات دەشێ ئیلهامبەخش بێت بۆ ئێمەش، ئەگەر بخوازین.

هەرچەندە قەرار بوو کوردستانی ئازاد ئیلهامبەخش بێت بۆ تەقینەوەی وزەو تواناکان، کایەی رۆشنبیری پێمان دەڵێت جوگرافیای ئازاد هیچ نییە، ئەگەر سیاسەتێکی وردی رۆشنبیریی نەبێت، کە سەرەتای ئەو سیاسەتەش دابینکردنی کتێبە دایکەکانە بۆ نەوەکانی داهاتوو و چاپکردنەوەی خولەکی دیوانی شاعیرانی گەورەو کلاسیکمانە بە چاپی میللی، بەجۆرێک لەبەردەستی هەمووواندا بێت

دەستخۆش رۆژهەڵات بۆ چاپکردنەوەی جوان و هەمە قەبارەو فرە تیراژی دیوانەکانی مەولەویو نالیو وەفاییو هێمن‌و گەورە ئەندامانی بنەماڵەی دیوانی رۆشنبیریی کوردی.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٠٨ (٣٠-٢٠١٥/١٠/٣١)

# چرایەك بۆ ڕامان

دانیشی بەدیار چرایەکەوە ژیان بنووسیتەوەو ژیانت بەسەر بکەیتەوە. بە هێمنیو لەسەرخۆ رابمێنی لەوەی کە روویداو و لەوەی پێشبینی دەکرێت رووبدات.

ئایا بنمێچی پێشبینییەکانت، پێشبینییەکانتان، زۆر بەرز بوو کە لە تواناو لێوەشاوەییو لیاقەتی نەتەوەکەمان نەبێت. ئێوەو ئەزو ئەمان خۆشباوەڕ بووین، یان سەرکارو سەردارەکانمان کەمتەرخەم بوونو لەوە کەمتریان کرد کە پێویستەو هەڵەو پەڵەیان لەوە زیاتر بوو کە لە بازنەی پاکانەی هەڵەی مرۆییدا جێی دەبێتەوە؟.

❋❋❋

دانیشی بە دیار چرایەکی کۆنی تازەوە تا بە ئەندازەی تەنگیو تاریکی شەوانی بێ کارەبایی ئەندێشەی بیرکردنەوەکەت فراوان بکەیتو بیر لەسەرەتاکانی دەستپێکردنی ئەم ئەزموونە بکەیتەوە کە تۆ ئەمیرەکەی نەبووی، بەڵکو، بە وەسفی خانی، شاعیرەکەی بوویو لەبەر کەمتەرخەمی ئەمیرەکان شاعیرەکان چ سووچێکیان هەیە؟، سەرەتاکەی وا بوو کە مامۆستایان سەری بەرزیان بۆ مووچە نەوی نەکردو فەرمانبەران دەرگای قاپیماڵیان دەردەهێنا تا ناچاری چوونە بەر قاپی مووسڵو کەرکوکو دیالە نەبنو لەوێ کوێرە مووچەیەک وەربگرن. ئەو رۆژانە پشوو و تەحەمولی ئێوە زۆر بوو، چونکە سەبری شۆڕشگێری بزووتنەوەی کوردایەتیو حزبەکانی زۆر بوو. قسەکانیان قەناعەت پێکردو بوو، چونکە سەریان جامانەی پێوە پێچرابوو و پێڵاوی ئەدیداسیان لەسەر سەری خەڵک دانرابوو. بیری لێ بکەوە هیوا چی وزەیەکی دەدایە تۆو هاوەڵو هاوتوێژەکانت چونکە سەرکردەکان بنمیچێکی سنوورداریان بۆ هەموو ناخۆشییەک دانابوو و خشتەیەکیان بۆ قۆناغبەندی هیواکان پێ بوو. چونکە

بەرپرسەکان بەرپرسیارێتییان جێبەجێ دەکرد، نەک بەرپرسێتی پیادە بکەن. رادیۆییەکی زەمانی شاخ لە گردۆڵکەیەکی شاردا جێی گرتبوو، دەنگی هەموو شوێنێکی بەسەر نەدەکردەوە، بەڵام دەنگدانەوەی کاری سەت تیڤی ئێج دیو هەزار تۆڕی سۆشیال میدیای بوو، چونکە راستی دەوتو چاکی دەوت، پشتی بە کرداری راستەقینە بەستبوو نەک رەوانبێژی بێژەرەکان.

***

ئاشنا، بە دیار چرایەکەوە دانیشە، دانیشتوویو دادەنیشین. شریتی ئەم ئەزموونە بە بەرچاودا تاریکی بێ کارەبایی تەی دەکاتو، حوکمڕان ماویەتیو ئۆپۆزسیۆن دەڵێ پیروکەنەفتە با بڕوا. بەو کزی چراوە کە نەوتێکی کەمی بۆ تەرخانە دیمەنی ناخۆشی شەڕی ناوخۆ دەبینی کە براکان کردیان، کردتانو کردمان. ئینجا لە ناکاو دەرکەوت ئاشتیو پێکەوەیی باشترە لە شەڕو ناکۆکی تا ئەو ئەندازەی ئەمڕۆ هەموو شتێکت قبووڵەو، دەستبەرداری هەموو شتێک دەبی بەس ئەوە نەقەومێتەوە کە قەوما. با ناکۆکیش هەبێ، خوێنی مەرەکەب بڕژێ سەد قات چاکترە لەوەی خوێنی کوڕی فەقیر بڕژێ.

***

دانیشی بە دیار چرایەکی کزەوە، کە لەناکاو، لە سوچێکی کۆن دەری دەهێنیو لە ژەنگو فەرامۆشیو تەڵخیو رەشی پاکی دەکەیتەوەو لە پەنا چرایەکی شەحنکراوی کارەبایی ریزی دەکەیت، تا ئەگەر کارەبا نەهاتو شەحن دادی نەدای، چرای جاران سیناریۆی دووەمی ئەمڕۆ بێت، یان بە گوزارشتی فەرەنگی ئەمڕۆ ئەلتەرناتیفی دووەم بێت. دانیشی بە دیار چرایەکەوە کە باوباپیرانی قەدیمی ئەو چرایە لە مۆدێلە عوسمانیەکەیدا شەریک شعوری نالیو مەولەویو سالمو کوردی بوونو شایەدی لەدایکبوونی چامە شیعرییەکانو رامانە قووڵەکانی دووری لە یارو دیار بوون. بەم سەرمای زستانی بێ نەوتو بێ کارەباییەوە لەماڵی خۆتو کوردەواری تێبفکرە کە لە سەدەی بیستویەکەمدا چرا دێتو شیعر نییە، شەوی یەڵدا هەیەو ژانی لەدایکبوونێکی تر نییە. دۆخی رووناکیی وەک هی سەرەتای سەدەی بیستەو، کەچی وەک ئەو سەردەمەش کوردایەتییەکی خاڵس لەهیچ گوزەرێک شک

نابەیت. ئاشنا بە دیار ئەم چرایەوە خەوێک
بتباتەوە نیشانەی ئەوەی خەون ناتبات.

***

سەدەی بیست و یەکەمەو ئەزموونەکەمان بێ کارەبایەو، مەگەر چرایەک ڕێی دەربازبوونمان بۆ بکاتەوە وەکو چۆن فانوسێک سیحر لە تاریکی دەکاتو، دەرفەتی بیرکردنەوەی شێنەیی دەردەخسێنێ.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧١٥١ (٢٣-٢٠١٦/١٢/٢٤)

# لەبارەی کێشەوە

کێشە هەیە مرۆڤ دەرەقەتی نەیەت؟ نەخێر نییە،.. بەڵام چارەسەری کێشە سەبری دەوێت، ئازایەتی و، ورەی دەوێت، تا چەند کێشەکە گەروەتر بێت ئەوەندە سەبری زیاتری دەوێت. برێکی زیاتری ئازایەتی و ورەی گەرەکە.

یەکەم هەنگاو بۆ بەرەنگاری کێشەیەک ئەوەیە، بەدوای بنچینەی رەواییدا بگەڕێیت. بنچینەی رەوایی بۆ خۆت وزەیەکی گەورەت دەداتێ و بۆ ئەوانی تریش مەسەلەیەکی بەهێزی قەناعەت پێکردنە.

ئەوانەی تر قەناعەت بەو حەیسیاتەو هەلومەرجە بکەن کە وایان لە تۆ کردووە ئەم هەنگاو، یان ئەویتر، هەڵبگریت. دووەم هەنگاو: پەکنەخستنی بوارەکانی ژیانە بەدیار کێشەکەوە. نەخاسمە ئەو کێشانەی چارەسەری کاتیان دەوێت و سەبرو تەحەمول دەخوازن.

پەکخستنی ژیان و خەم خواردن بەدیار تەوقیتاتی کێشەکەیەوە، ژیان تاڵ دەکات و مرۆڤ لاواز دەکات. مرۆڤی لاوازیش ورەی ئەوتۆی چنگ ناکەوێت کە درێژە بە شەڕی چارەسەری کێشەکان بدات. سێیەم هەنگاو ئەوەیە هاوکێشەیەک دروست بکەیت لەنێوان (پێویستی دابینکردنی ورە و ئیرادەی خودی وەک یەکەم مەرجی چارەسەری کێشەکان) لەلایەک و (متمانە بوون بە هاوڕێکان و بەوانی تریش کە دەشێ و دەبێ فاکتەری یارمەتیدەر بن لە چارەسەر. زیاتر لەوەی فاکتەری بەرهەڵستی و رێگری بن. ئەمانە هەموویان ئەسباب و تفاقی بەرەنگاری کێشەکان و چارەسەرکردنین. ئەگەر ئەمانەت هەبێت کێشەکان چارەسەر دەبن. یان خۆی لە خۆیدا دادەرزرێن و زۆرانبازییان پێ ناکرێت لەگەڵ مرۆڤی بە ئیرادەدا.

مرۆڤ چەند تاقیکردنەوەی رابردووی هەبێت لە چارەسەری کێشەکاندا، ئەو تاقیکردنەوانە هەرچیرۆکی سەرکەوتن نین بەسەر کێشەکاندا، بەڵکو پەندیشین بۆ مرۆڤ کە بزانێت هیچ کێشەیەک تا سەر نییەو هیچ کێشەیەک ناتوانێت ئیدعای نەمری بکات لەبەردەم رەوتی ژیانی مرۆڤەکاندا.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٠٢ (٢٣-٢٤/١٠/٢٠١٥)

# نانی غەیبەت، نانی سووتاوە!

شکستخواردووەکان هەر هونەری شکاندنی بەرامبەرەکانیان دەزانن، وا دەزانن ئەگەر بازاڕی دوکانی بەرامبەرەکانیان شکان ئەوا موشتەری روو لە خۆیان دەکات. کەسانێک هەن دەست بۆ زێریش ببەن پاش ماوەیەک دەیکەنە خۆڵو خاشاک، کەچی گللەیی لەبەختی خۆیان دەکەنو لە جێی هەڵسانەوەی بەختیان، بە نوشتەو دوعای پیاوچاکان خۆیان بە دەلەسەو غەیبەتەوە سەرقاڵ دەکەن، سا بەڵکو لەم بێ بازارییەدا کەسێک هەبێ بە پارەی نیوە قیمەتیش بێت ئەم شمەکە رزیوە بکڕن.

ئەم جۆرە کەسانە لە هەموو کەرتو بوارێک هەن، لە بواری سیاسەت، هی رۆشنبیریو هی رۆژنامەوانیو تەنانەت لەسەر مینبەری مزگەوتەکانیش. ئەمانە سیاسەتی هێرش بردنیان هەیە لە جێی سیاسەتی داکۆکیکردن. واتا لە جێی ئەوەی روونی بکەنەوە خۆیان چی خزمەتێکیان هەیەو چۆنی دەکەنوچۆنیان تۆمار کردووە، بۆمبێک فڕێ دەدەنە سەرمێزی گفتوگۆ تا خەڵک لە ئیشی خەڵکی تر بدوێت. ئەمانە هەمیشە خۆیان لە باسو هەڵسەنگاندنی کاروباری خۆیان دەدزنەوەو، لەجێی باسکردنی خۆیان سەرقاڵی گاڵتەکردنن بەکۆششی خەڵکی تر. تاقییکەنەوە لێیان بپرسن داخۆ ئەم کارە چۆن دەکەن؟، راستەوخۆ دەچنە سەر کاری خەڵکی ترو جوابی شتی تر دەدەنەوە. ئەم جۆرە کەسانە رەخنەگر نین تا قسەکانیان بەڕەخنە حساب بکرێت، ئەمانە مشەخۆرنو لەسەر حیسابی کەموکوڕی خەڵکی تر دەژین. لەبەرئەوەشە هەتا کۆمەڵگەکان لە ئەدای باشو کامڵبوون نزیک دەبنەوە، ئەمانە بێ بابەت دەبنو، جگە لە ئیشی سەرەکییان کە نایکەنو نایزانن، ئیشی غەیبەتو نانی بوختانیشیان لە دەست دەردەچێت.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧١٠٩(٤-٥ /١١/٢٠١٦)

# سیاسەتیان لێ دوور بخەنەوە

لە دیمەنەکە هەموو شتێک ئاساییو جوان دێتە بەرچاو، بەڵام شتێک هەڵەیە، بۆیە گشت جارێک توخمێک دەکرێتە دەرەوەی بازنە.

لە پێشدا بەهمەنی قوبادی وەکو هونەرمەندێک هاتو سینەمای جیاوازی بۆ کوردستانی رزگار پێشنیاز کرد، دەوروخولیان داو بە ئاراستەیەکدا هانیان دا. ئینجا زەکەریا وەک هونەرمەندێکی بەتوانا هاتەکایەوە، بووە دیاردەو ئەستێرەیەکی شایستە. ئەمیشیان وا وێنا کردکە هونەرەکەی بۆ لایەکەو، ئەوانی تر بەشیان هەر گوێگرتن دەبێت لە سیدییەکانی!

هونەرمەندێکی کۆمیدیان، حەمکۆ، لە ناوجەرگەی راگەیاندنی حزبەوە هاتو دوای چەند ساڵ کە لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە، ویستی هونەرێکی باشتر پێشکەش بکا، بەڵام ویستیان بیخەنەوە قاڵبەکەی جاران. هەر ئەوەندە بڵێ کە جاران لێیان دەخواستو هەر ئەوەندە کۆمیدیا پێشکەش بکات کە گاڵتەپێکردن بێت بە خەڵکی تر، نەک نوقرچ لە خۆیان. حەمکۆ زیز بوو، لە حزب کشایەوەو لەچوارچێوەی فەرامۆشی هەڵگەڕایەوە. راستە نەگەڕایەوە بۆ هەندەران، بەڵام بەڵێنی دا ببێتە هونەرمەندێک بۆ هەموو کوردستان.

دوا قوربانی فەرهاد پیربالە، ئەمیش زۆریان هانداو، ئەویش زۆری خەڵک هان دا. دیمەنی چەند رۆژی رابردوو دیمەنی فەنتازیای فەرهادەکەی جاران نەبوو، لە پشت فەنتازیاوە خەمبارییەک هەبوو کە دەڵێ چیروکەکە کۆتایی هات.

هەقی وایە حزبەکانی کوردستان، نەک هەر پارتی، یەکێتیو تەنانەت گۆڕانیش واز لە هونەرمەندانو روناکبیرەکان بێنن کە خۆیان بن، سەرمایەی مەعنەویو هونەرییان چەند بێت هەر بە کارەکتەری خۆیانەوە رێیان پێ بدەن خزمەتی کوردستان بکەنو، لەداوی حزبایەتیو ململانێی سیاسی حزبەکان دووریان بخەنەوە. ئاوی ئەم ماسییە جوانانەی داهێنان جەماوەرەکەیانە. جەماوەریش

دابەشی سەر دوو و سێ نابێت. مەگەر لەکاتی هەڵبژاردنی چەند ساڵ جارێک نەبێت.

هونەرمەندانو ڕووناکبیرانیش هەقە خۆشیان دەستپێشخەر بن، کارێک بکەن قەت دیمەنیان ڕەنگی یەک ڕەنگ نەنوێنێت. ڕەنگی سروشتی کوردستانیان هەبێت، کە هەموو ڕەنگەکانی لە هارمۆنی جوانی کوردستاندا کۆکردۆتەوە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٩١ (١٤-١٠/١٥/ ٢٠١٦)

# یەکسانی خۆیان ناگرێتەوە

توانج و، کۆمێنتی هەندێک لە ئەهلی نەزەر وخاوەن قسە لە هەموو بوارێکدا زۆر جار سەری پیاو سپی دەکەن. چونکە هەموو شتێک دەڵێن و هەموو پێشنیازێک دەکەن تا ئەو کاتەی پێشنیازەکان خۆشیان دەگرێتەوە. چەندێک لەوانە لە هۆڵی زانکۆکان و لە سەکۆی پەرلەمان و سەکۆکانی ١٧-ی شوبات هاواریان بوو کە دەبێ یەکسانی و دادپەروەری هەبێت لە مووچە و پلەبەندی مووچەدا. سەری زمان و بنی زمانیان جیاوازی مووچە بوو لە نێوان توێژەکانی گەلدا. تا ئەوەی حکومەت بەهۆی تەنگژەی داراییەوە، بە ناوی پاشەکەوتەوە، جەمع و تەرحیی لەمووچەی هەمووواندا کرد. لە جێی ئەوەی ئەم ئۆپۆزسیۆنە ئەکادیمی و سیاسییە بڵێ با فەرقی مووچەکە کەم بێ و ئەم تەنگژەیە بێتە دەرفەتی جۆرێک لەدادپەروەری، هاواریان لێ هەڵساوە کە بۆچی مووچەی زاناو ئەکادیمییەکان و پەرلەمانتارەکان و وەزیرەکان وای لێهاتووە لەگەڵ عامەتی شەعب جیاوازی نییە. یەکێکیان دەڵێ مریشک فرۆش و مامۆستای زانکۆ یەک مووچەیان هەیە. بێگومان کەس لەگەڵ ئەم پاشکەوتەو ئەم یەکسانییە رەچاونەکەرەی توانای "گەورە پیاوان" نییە. بەڵام ئەمانە بوونەتە قسەی خۆیانەوە، ئێستا بۆ دژی ئەم یەکسانییە سەیرو سەمەرەن؟ مەگەر خۆتان داوای ئەوەتان نەدەکرد.؟ یان مەبەستتان خۆتان نەبوو، مەبەستتان خەڵکی تر بوو؟!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٥٨ (٢٩-٢٠١٦/٤/٣٠)

# جەژنی بێ مووچەو، پشووی پڕ خەیاڵ

زۆرینەی خوێنەرانی کوردستانی نوێ لە توێژی فەرمانبەرو خوێندەوارن، بۆیە دەزانین مووچەیان وەرنەگرتووەو دەبێ بە ئاگاییەوە جەژنە پیرۆزەیان لێ بکەین. پیرۆزتان بێت تا خوا هەقتان لە سەبەبکار دەستێنێتەوە، جا هەر کەسێک و هەر لایەنێک بێت.

جەژنی بێ مووچە بۆ ئێوەو پشوی پڕ داڵغەو خەیاڵ کە داخۆ دوای جەژن مشتومڕی سەر لاپەڕەی براکان کۆتایی دێت یان نا، بۆ ئێمەی میدیاکاران دەبێت.

ئەم ژمارە دوو زەردێنەییە بە هیوای دیداری دوای جەژن. پیرۆزیاییە بە ناوی کوردستانی نوێی رۆژانەو کوردستانی نوێی هەفتەش. چونکە هەفتەی داهاتوو عارفەو جەژن‌و پشوو دەیخوات. نە رۆژانەییمان هەیەو نەهەفتەیی.

خوای گەورە سیحەتی هەمووتان باش بکات. یاریدەی کورد بدات جەژنی قوربان بێ قوربانی بێت. سەربەخۆیی کوردستانیش بەنرخی مووچە پاشکەوت کردن نەبێت.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٦٧ (٩-٢٠١٦/٩/١٠)

# دوو دیمەن، مەرگی شاعیرانە دەگێڕنەوە

مەرگی شاعیرانە وەک لە ناوەکەیدا وێنای دەکات مەرگێک نییە شاعیر لەناو گوڵ و گوڵزاردا، یان لەباوەشی یاردا چوون دیمەنەکانی چاپی دیوانی خەیام لەناکاو سەربنێتەوە.

مەرگی شاعیرانە تراژیدیایە، چونکە شاعیرەکان، بە گەشبینترینیان خۆشگوزەرانترینیانیشەوە، هەر خەمگینانە دەمرن و لە نەسلی تراژیدیاو خەم و خەفەتن.

ئەم دوو دیمەنەش دوو مەرگی شاعیرانە دەگێڕنەوە هەرچەندە یەکیان پۆرتریت و ئەمیتریان دیمەنی راستەقینەیە.

دیمەنی یەکەمیان لۆرکای شاعیری شۆڕشگێری ئیسپانیایە کە فاشیستەکان گوللەبارانیان کرد. لۆرکا ئەگەرچی کۆمۆنیست نەبوو کە پشتیوانی شۆڕشی ئیسپانیای کرد، بەڵام شۆڕشی چەپخوازانەی ئیسپانیا لەوە دەرچوو بوو، هەر بزاوتێکی چەپانە بێت. ببوە رەمزی ئازادیخوازی و ئینساندۆستی و لە تەواوی تەڤگەرەکانی ئازادییەوە پێشمەرگەی بۆ دەهات. لۆرکا لەم ئاستەدا وەک شاعیرێک نەک وەک هاورێیەکی کۆمۆنیست، بێ لایەن و بە جێماو نەبوو. بەهەموو هەست و شعورەوە تێدابوو، دیمەنەکە گوللەبارانکردنی لۆرکایە کە روبەڕوی مەرگیش دەستی بۆ هوتاف و بانگەوازی تەحەدا بەرزکردۆتەوە. لۆرکا لەم دیمەنەدا دیارە کە وەفاداری بیروڕاکانی خۆیەتی و کەس نازانێ جەللادەکانی کام تیمی بکوژی جەنەراڵ فرانکۆن؟، گرتەکە دیمەنێک بۆ مێژوو تۆمار دەکات کە هەتا دونیا دونیاو هەتا وێنە ئەرشیف دەکرێ و یادەوەری تیژ تیژە، دەمێنێتەوە. شاعیر لێرەدا بە سواری ئەسپەوە بە پێوە شەهید دەبێت نەک لە جێدا خەوتبێت.

دیمەنی دووەمیان دیمەنی کارەساتباری مەرگی شاعیری یاخیبووی فارسی خانم فروغی فروخزادە. کە لە رووداوە بەناوبانگەکەی پێکدادانی ئۆتۆمبیلدا گیانی سپارد. فروغ بە شیعر و بەژیاننامە، بە رەفتارو گرفتار یاخی و شۆڕشگێڕ بوو

له شۆڕشی ئیسپانیا بەشداری نەکردبوو، چونکە نە تەمەنی و نە زەمەنی و نە ڕێگاو ڕەوتی وەک ئەوی لۆرکا بوو، فروغ شتێکی جیاواز و شۆڕشێکی جیاوازیش بوو، هەر ئەوە کە ژن بی و شیعر بنوسی شۆرشێکە سەد فرانکۆی کۆمەڵایەتی لێ هار کردبوو.

فروغ لەساڵی ١٩٦٧ لەم شانۆی ڕووداوەدا مەرگێکی شاعیرانە مرد دوای ئەوەی دوا شیعری خۆی (ژنی تەنیا)ی نووسی، ژنی تەنیا بۆ ئاگاداری لایەنگرانی سەرسەختی یاساکانی هاتوچۆ مۆڵەتی شۆڤێری نەبوو کە لاساری دەکرد تا لەم دیمەنەدا گیانی سپاردو، دوای خۆشی و تائێستا کۆڕی ئەدەب و شیعری فارسی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە.

فروغ مردو هەروەها ئەو شۆفێرەی ماشێنەکەی بەرامبەریشی مرد. کە لە کتێبەکانی ئەدەب و مێژوودا قەت ناوی نایە.

لەم هەفتەیەدا تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان چاکی کرد لە جەنجاڵی ڕووداوە سیاسییە ڕەشبینەکاندا دیکۆمێنتاری خۆی لەسەر وێستگەکانی ژیانی فروغ پەخشکردەوەو کەمێک لە قیلوقالی پێنج قۆڵی و تەنگژەکانی هەرێم دووری خستینەوە، تۆ بڵێی دیکۆمنتارییەکیان لەسەر لۆرکا نەبێت و چاکەکەی خۆیان تەواو نەکەن؟.

*ڕۆنامەی ژکوردستانی نوێ: ژ:٦٨٠٨ (٣٠-٣١/١٠/٢٠١٥)

# کورد بەتەمای ئەدەب بوو، لەکیمیا بەدەستی هێنا

عەزیز سەنجار زانای ئەمریکایی بە ناسنامەی رەسمی تورکیایی‌و بەڕەچەڵەک کوردی ماردین، لەگەڵ ئەمریکی‌و سویدییەک رۆڵیان لەبورای زانستی کیمیا سەرنجی خاوەنانی خەڵاتی نۆبڵ راکێشاوە، پرۆژەکەی عەزیز سەنجار لەسەر پێشگرتن لەتەشەنەکردنی شێرپەنجەیەو بەپێشکەوتنێکی گەورە دادەنرێت لەبواری خۆیدا.

ئەم زانا کوردە لەساڵی ١٩٤٦ لەشاری ماردین لەدایک بووە و مامۆستایە لەزانکۆی کارۆلینا، هاونۆبڵەکانی هەردوو زانا پۆل مۆردیکو تۆماس لندال ئەوانیش شەریکە بەشن لەسەروەری پێشخستنی زانستدا.

عەزیز سەنجار لەگەڵ خانمەکەیدا پرۆژەیەکی یارمەتیان دامەزراندووە کەماڵێکی گەورەیە بۆ هەموو ئەو زانایانەی لەتورکیاوە دێنە ئەمریکا تا لەو ماڵە بژین، بۆ ئەوەی وردە وردە لەگەڵ کەلتوری ئەمریکایی رابێن، ئێستا سەد زانای خوێندکاری تورکیا لەو ماڵە گەورەیەدا دەژین. ئەم زانایە کاتی خۆی لەهەڵبژاردەی لاوانی تورکیا یاریزان بووەو پاشان ئارەزووی بۆ زانست پاڵی پێوەنا بچێتە ئەمریکا، بێگومان تورکەکانیش لەلایەن خۆیانەوە خەنی بوون کە ئەم خەڵاتە بەڕەسمی بەناوی ئەوانەوە تۆمارکراوە با وەرگرەکەشی کورد بێت، ئەم خەنی بوونە هەتا ئەو کاتەیە کاک عەزیز دەڵێ : من کوردم، کە هێشتا لەم بارەیەوە هیچی نەگوتووە، ئەوەی زانراوە ئەم براوەی نۆبڵە، خزمی پەرلەمانتاری هەدەپە مدحەت سەنجارە.

لەناو کوردی باکووردا رۆماننووس یەشار کەمال تامرد ناوی هەر لەناواندا بوو کە نۆبڵی ئەدەبی دەدرێتێ، بەڵام لەو ساڵانەدا درایە نۆرهان پامۆک کە ئەویش رۆماننووسێکی تورکیایی دۆستی کوردو ئەرمەنە، تورکیای رەسمی زۆر کەیفی بە پامۆک نایە، چونکە رەخنەی زۆری گرتووە لە سیاسەتی رەسمی دەوڵەت بەرانبەر بەئەرمەن‌و مەسەلەی کوردو مافی مرۆڤ.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٧٩٠ (٩-١٠/١٠/٢٠١٥)**

# پاسەوانی "بەوابەی شەرقی" مرد

رۆمانووسی دیاری میسری "جەمال غیتانی" لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوای کرد. غیتانی زیاتر بە رۆمانی "زینی بەرەکات" ناسرا و لە بواری رۆژنامەوانیی و رۆژنامەوانیی ئەدەبیشدا چالاکانە کاری کردووە. لە کتێبەکانی تری "سەفەری بونیان" و "پەیپەرەکانی گەنجێک هەزار ساڵ ژیا". غیتانی لە میسر بە دۆستی نزیکی نەجیب مەحفوز دەناسرا کە لە دانیشتنەکانیدا هەمیشە ئامادە بوو، بۆیە کتێبێکی بەناوی "دانیشتنە مەحفوزییەکانەوە" نووسیبوو کە باسی ئەزموونی گفتوگۆی ئەدیبانی دەکرد لەگەڵ نەجیب مەحفوز، خاوەنی نۆبڵی ئەدەب.

غیتانی ژیانی ئەدەبی خۆی لەساڵی ١٩٦٩ لە رۆژنامەی "ئەلئەخبار" دەستپێکرد، وەکو پەیامنێری جەنگی. هەر بەو ناونیشانەوە لە کوردستانیش ناسرا وەختێک وەک نەتەوەپەرستێک کتێبێکی لەستایشی سوپای عیراقدا نووسیی بەناوی پاسەوانەکانی دەروازەی رۆژهەڵات سوپای عیراق "لە شەڕی تشرینەوە بۆ شەڕی باکوور" کە تێیدا باسی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە تشرینی ساڵی ١٩٧٣ و شەڕی سوپای عیراق دژی شۆڕشی کوردستان دەکات لە ساڵی ١٩٧٤دا.

کتێبی ناوبراو بوختانی زۆری تێدایە دژی کورد کە لەخۆ بەناسری زانێکی وەکو جەمال غیتانی نەدەوەشایەوە بچێتە باوەشی بەعسی عیراق و سوپاکەیەوە. پاسەوانانی دەروازەی رۆژهەڵات دەستەواژەی بەعسیەکانە بۆ وەسفی سوپای عیراق کە گوایە بەرەی رۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب دەپارێزێت.

بەڵام تەجرەبەی سەرکەوتووی جەمال غیتانی لە بواری رۆژنامەنووسیی ئەدەبیدا بوو کە لە ١٩٩٣وە سەرنووسەری هەفتانەی (هەواڵەکانی ئەدەب- اخبار الادب) بو.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٠٢ (٢٣-١٠/٢٤/ ٢٠١٥)

# دوو قاڵب سابوونی بەکر

ئیدیۆمەکە لە سلێمانی وایە کە "دوکانی بەکر و دوو قاڵب سابوون"ە ئەمە خواستێکە بۆ دەرخستنی هەژاری و نەداری و لەبەر چاویی توانا و لێوەشاوەیی. یانی خۆ سەغڵەتکردنی ناوێت کە هەموو شتێک ئاشکرایەو ئەوی سەر بەڕەو ژێر بەڕە ناسراو و دیارە. شەفافیەتێکی تەواو لە ئیدیۆمەکەدا هەیە، چونکە ئیمکانیاتەکانی بەکری سابوون فرۆش لە پەنجەرەی دوکانەکەیەوە دیارە کە دوو سابوونی تێدایە و هیچی تر. نە سۆپەرمارکێتە و نە کەرەستەکانیشی زۆرن و نە شاریش وا قەرەباڵغە، دوکانی مام بەکرمان پێ نەدۆزرێتەوە و لە ناو هەزاران دوکاندا لێمان بزر بێت.

دۆستێکم ئیدیۆمەکەشی پەرەپێداوە، دەڵێ دووکانی بەکر و دوو قاڵب سەهۆڵ. بەو ئیعتبارەی ئەگەر مام بەکر تا ئێوارە ئەو دوو قاڵبە سەهۆڵە یەکلایی نەکاتەوە و نەیفرۆشێت، ئەوا وەک بەفر دەتوێنەوەو دوکان تەڕ دەبێت و ئێوارەش هیچ فلس و عانەیەک ناچێتە گیرفانەوە. ئەو کاتە دەبێ مام بەکر بە سابوونی ئیدیۆمە کۆنەکە دەست لە قازانج بشواتەوە و لە ناو قەرز و قۆڵەدا وەک بەفری ئیدیۆمی دووەم بتوێتەوە.

دۆخی مووچەداریی لە وڵاتی ئێمەدا، وەک دوکانی مام بەکری لێ هاتووە. ئەگەر دوو بەرمیل نەوتەکە نەفرۆشرێت و دوو سەنت نرخیان بەرز نەبێتەوە، خوردەی مووچەش دابین نابێت، چ جای پاشکەوتی هیوا کە وەک قاڵبی بەفر لە ئایندەی نادیاردا دەتوێتەوە.

ئیتر دۆخەکە ئەوەندە شەفافانەیە لە پەنجەرەی دوکانەوە هەموو شتێک دیارە. قەرار نەبوو وابێ، کە وایە!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٥٢ (٢٢-٢٣/٤/٢٠١٦)

# حەزی ژیانو یەکێتیی ئارەزوومەندانە

چی یەکێتی عێراق دەخاتە بەردەم پرسیارەوە؟ بیرۆکەی ناوەندێتی دەسەڵات؟ ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەمە ڕاستییەکی کۆنەو کەس نایڵێتەوە، چونکە بۆتە پێدراوێکی سەلمێنراو.

ئەی چیتر؟ ڕێبازی شۆڤێنیزم؟ ئەوەشیان هەر ڕاستە، بگرە ڕاستییەکی هەشتا ساڵەی بە خوێن سەلمێنراوە، ئەو ڕاستییە برای ڕاستی تایفەگەرییە، کە ئەویش بەشی خۆی لە عومەری عیراقییەکانی خورادو لە حەسەنو حوسێنەوە تراژیدیایەکە نابڕێتەوە.

ئێستا ڕاستییەکی تر دەرکەوتووە کە دیسانەوە ئایندەی یەکێتی ئەم قەوارە سیاسییە دەخاتە ژێر پرسیارەوە: ئەویش هەڵپەڕکێو گۆرانیو ژیاندۆستییە!

لەدەستووری نوێی عیراقدا باسێکی شەرمنانە لە یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە دەکرێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەش، پێکهاتەکان، دەتوانن بێژن ئێمە بە ئارەزوو لەسەر ئەو دەستوورە ڕێککەوتووینو ئەوەی پێشێلی بکات، ئەوا ئەم یەکێتییە دەخاتە بەر ڕەشەبای هەڵوەشاندنەوە. بەڵام دەستووریش، چونکە عیراقییە ناکۆکەکان نووسیویانە، دەقو بڕگەی بەرامبەر یەکی تێدایە، بۆیە یەکێتی عیراق لەسەر بنچینەی دەستوورەکەی، کۆتاییەکی کراوەیە وەک تەوژمی ئەم دواییەی سینەمای ئێرانی کە (کۆتایی کراوە) خەسڵەتی زاڵی زۆربەیانە. یان وەکو سەرۆکی لیستی عیراقییە دکتور ئەیاد عەللاوی وتی: گەمەکە تەواو نەبووە! دەستووری عیراق لەشوێنێکدا مافی ئازادی رادەربڕینو بژاردەی دیموکراسی دەکاتە مافی بێ ئەملاولای عیراقییەکان، واتە شاییو هەڵپەڕکێو هەموو بواری هونەرە جوانەکان، کە ژیاندۆستی پەخش و پەرێشان دەکەن، ئەمانە گشتیان مافی ڕەواو ئازادن، چونکە مرۆڤ هەیە، وەک بەندە، بیروڕای خۆی بەنووسین دەردەبڕێو هەشە، وەک دەشنێ خان، بە سەماو هەڵپەڕکێ، دیاریشە ئایندە بۆ کێیە؟

لەشوێنێکی تریشدا هەمان دەستور جەخت لەسەر ڕێزگرتن لە سروتە

ئاینییەکانو مەراجیعە گەورەکان دەکاتەوە، کە نابێ هیچ یاسایەک دەربچێت لەگەڵ شەریعەتدا ناکۆک بێت. ئەم دوو پرەنسیپە بۆ کاتی شێنەییو لە وڵاتی شێنەییدا لەگەڵ یەک ناکۆک نین. دیموکراسیو ئازادی رادەربڕین لەگەڵ ئیسلامو ئیسلامەتیدا ناکۆک نین، بەڵام بێگومان لەگەڵ هەندێک موسڵمانی خوانەناسدا ناکۆکە، کە عەبای شەریعەت وا تەسک دەکەنەوە جێی شانوشەکەوتی کەسی تێدا نەبێتەوە. رێک ئێستا ئەمە لە بەغدا قەوماوەو لەوێشەوە دەیەوێ شۆڕ بێتەوە بۆ تەواوی عیراقی بندەستی حکومەتی ئیتحادی. هەواڵ هاتن کە گەیشتە کەرکوکیش هەرچەندە ئەو شارە ناوچەی جێناکۆکەو دەبێ ناکۆکەکان تا ناکۆکییەکە یەکلایی دەبێتەوە ئاگایان لە وردو درشتی بێت، بەڵام بڕیار بەدەستەکانی عیراق لە ناوجەرگەی عیراق، بەغدا، فشەیان بە جیاوازیو ناکۆکی دێت، تۆ بڵێی لە جوگرافیای هەستیاری وەکو کەرکوکدا گوێی پێبدەن؟ ئەوان لەبەغدا گێچەڵ بە خەڵک دەکەن، بڵێی کەرکوک دیموکراسی بنو دەرەنجامەکەی قبوڵ بکەن؟

ئەوەی لەبەغدا دەقەومێو دەیەوێ لە بانی مەقانەوە، دزە بکاتە ناو هەرێمی کوردستان وەک لەچەند رووداوێکی پێکدادانی رووناکبیریدا پرۆڤەیەکمان بینی، بۆ ئەوەیە بەشێکی دەستووری عیراق کە رێزگرتنە لە ئازادییە کەسییەکانو سەربەستییە گشتییەکان بخرێنە ژێر

لێوەوەو پێشێل بکرێت، بۆیە هەڕەشەیکی جدییە لەسەر یەکێتی ئارەزوومەندانەی عیراقو دەبێتە مایەی کاڵبوونەوەی بژاردەی فیدرالی. سەرکردایەتی کوردستان لەگەلێک بۆنەدا رایگەیاندووە، کوردستان بەشێکە لە عیراقێکی دیموکراتو فیدرال، کە هێزە شۆڤێنیو ئۆسوڵییەکان کۆنترۆڵیان نەکردبێت.

ئەگەر دۆخەکە وا بڕوات شۆڤێنیو ئوسوڵییەکان گۆرانیو هەڵپەڕکێو هونەرو جوانی قەدەغە بکەنو ئارەزووی مرۆڤ بۆ ژیان بکوژن، ئیتر یەکێتی (ئارەزوومەندانە) لەکوێ جێی دەبێتەوە؟

*گۆڤاری هەفتانە: ژ:١٢٧ (٢٠١١)

ستران عەبدوڵڵا

# 33
# کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ

کۆمەڵێک خەمی رۆژنامەنووسی و فەرهەنگییە

سلێمانی - ٢٠١٨

- کتێب: **٣٣ کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ**
- نووسەر: **ستران عەبدوڵڵا**
- دیزاین: **شۆڕش ئەحمەد**
- نۆبەتی چاپ: **چاپی یەکەم ٢٠١٨**
- تیراژ: **(٥٠٠)دانە**
- چاپخانە: **کارۆ**
- لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٨٨)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە

بەسوپاسەوە ئەم بەرهەمە لەسەر بڕیاری وەزیری رۆشنبیری
لەسەر بودجەی پایتەختی رۆشنبیری چاپ کراوە

# بەسەرهاتی ئەم بەرهەمە

**(١)**

ئەمەش زنجیرەیەکی دیکەی نووسینە رۆژنامەوانییەکانمە کە لە دوو توێی کتێبێکدا کۆمکردونەتەوەو نازانم کێ و کەی و چۆن چاپی دەکات؟ ئەوی دەیزانم ئەوەیە وام ئامادە کردووە بۆ چاپ کە ئەگەر هەر لایەنێك بخوازێت لە چاپی بدات. کەرەستەکەی بە ئامادەکراوی لە بەردەست بێتو لە نیوەی رێگاکەوە تەواوی بکات.

ئەم زنجیرە نووسینە "٣٣ کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ" لەگەڵ بەشی زۆری کتێبەکانی ترمدا لەوەدا یەکدەگرێتەوە کۆکراوەی نووسراوی ماوەی جیاجیان کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی کارم تێدا کردوون بڵاو بۆتەوە. لەوەش لێیان جیا دەبێتەوە کە زیاتر تایبەتن بە کایەی فەرهەنگ و رۆژنامەوانی، نەك سیاسەت. ئەگەرچی ئالودەبوونمان بە سیاسەت سێبەری قورسی خۆی خستۆتە سەر ئەم نووسینە فەرهەنگیانەش، بەڵایەکە تووشی هاتووین و هەر بەوە دڵی خۆم دەدەمەوە کە خەڵك لە واقیعدا تووشی سیاسەت بووە، بەوەی باشە ئێمەی رۆژنامەنووس هەر لەسەر کاغەزو رووپەڕی (غەزەتە) ئالودە بووین.

**(٢)**

ئەم کۆکراوەیە دەکرێ وەك بەشی دووەمی کتێبی کۆکراوەی (مێخەك) سەیر بکرێت کە ئەویشیان نووسین بوو لەسەر بواری هونەرو کەلتورو بەدواداچوونی رۆژنامەوانی کایەی فەرهەنگی. لەوێش گوتبووم کە کارکردن لە بواری

ڕۆژنامەنووسیدا وا دەکات سەرنجی ڕۆژانەت لا دروست بێت و ئەمانەش خۆیان لە نووسینو بەدواداچوونی ڕۆژانەدا دەنوێنن. نووسینگەلێك ناچنە خانەی نووسینی قووڵ لەسەر کایەی فەرهەنگی لەچاو کتێبو گۆڤارە تایبەتمەندەکان کە لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکانی کەلتورو فەرهەنگ خۆیانەوە دەنوسرێن. بەڵام ئەوەی باشە نووسینی ڕۆژنامەوانی بۆنی ساتەوەختو ڕەنگی پەرۆشی و تۆماری ڕۆژگاری خۆی لێ دێت. نووسینی ڕۆژنامەوانی ئەگەرچی جێی نووسینە (قورسەکان) ی سەکۆکانی دیکە ناگرنەوە، بەڵام پردی مەردو جوامێری پێکەوە گرێدانەوەی خوێنەری ڕۆژنامەو چالاکی کەلتورو هونەرە جوانەکانو ئەندێشەی پاكو بێگەردی مرۆڤن. یاخوا کتێبی "**٣٣** کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ"یش وا بێت.

**(٣)**

ئەم کۆکراوەیەش، دیسانەوە، وەك ئەوانی تر بێ کەموکوڕی نییە لە ڕووی ئەرشیفو پۆلێنکردنی بەرهەمی ئەندێشەی ڕۆژنامەنووسەوە.

(٣٣ کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ) کەموکوڕی ئەوەی هەیە ڕیزبەندییەکەی لە هەندێك جێدا تێکەڵ و پێکەڵە، هەندێکیان ژمارەو بەرواری بڵاوکردنەوەیان لێ نەدراوە. هەندێکی ژمارەی تیایە ڕۆژەکەی دیار نییە. چوار فەسڵی یەکەمی ڕیزبەندیو یەکێتی بابەتی بەگوێرەی ناونیشانی چەند فەسڵێك دیاری کراوە. بەڵام فەسڵی کۆتایی یەکێتی بابەتی تێدایە لە کۆی کتێبەکە لەجیاتی ئەوەی بەگوێرەی ناونیشانی فەسڵەکان دیارییان بکەم. ئەمەشیان لەبەر ئەوەیە ئەم بابەتانەم درەنگ لە ئەرشیفی خۆمو ڕۆژنامەکە دۆزییەوەو دەرفەتی ئەوە نەبوو سەرلەنوێ لەگەڵ فەسڵەکانی کتێبەکە پۆلێنیان بکەمەوە.

کاری ڕۆژنامەوانی بابەتی زۆرت پێ دەنووسێ، تیایاندا هەیە کرچو کاڵە کە هەوڵمداوە لایان بەم، هی تریشیان تێدایە ئەگەر بە قووڵتر بمنووسیبایە لەسەر ئەرکی ڕۆژانەی ڕۆژنامەوانیی مامەڵەم لەگەڵدا نەکردبایە دەستی دەدا ڕوو لە لێکۆڵینەوەیەکی باشتر بن. بەڵام ئیتر ئەوەیە کە نووسرانو بوونە بەشێك لە ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم. وا بەشێکیان لەم کتێبەدا جێیان بۆتەوە.

(٤)

دەزانم خوێنەری ئەم کتێبە دەپرسێ جا بۆچی بەم هەڵەو پەڵانەی بەروارو ژمارەوە ئەم پۆلێنکردنە نوقسانە دەخەیتە بەردەم خوێنەر، لە وەختێکدا ئەمڕۆ ڕێوشوێنی ئەرشیفکردنو پۆلێنکردنی نووسین لەبەردەستەو پێشکەوتوون؟ نووسینەکانیش هی زەمانێکی قەدیم نین، نەدۆزرێنەوە؟ ئەوە ڕاستەو کەموکوڕییەکە دانی پێدا دەنێم، بەڵام هەر لەبەر ئەو کەموکوڕییە ناخوازم بەختی ڕەشی نووسەری کورد دووبارە بکەمەوە.واتا چاوەڕێ بم داخۆ کەی دەرفەتێکی ڕێكو پێك بێتە پێشەوە ئینجا کتێبان ئامادەی چاپ بکەم. گوتم بەو کەموکوڕییەش بێت هەر دەرفەتێکی چاپ هاتە پێشەوە سێو دووی لێ نەکەم. بەڵکو ئەگەر وەك نووسەر ماینو جێی خۆمان لە یادەوەری ڕۆژنامەوانیی کوردیدا کردەوە. مافی ئەوەمان هەبێ کۆی بەرهەمەکانمان بە ڕێکوپێکی چاپ ببێتو ئەوی کەموکوڕی ئێستایە بەو چاپە ڕێکە، جێی دڵخوازە، قەرەبوو بکرێتەوە. بەڵکو!

تا ئەو بەڵکووە بە واجبی دەزانم سوپاسی هاوکارانم: کاکەکان شۆڕش ئەحمەد، لەشکر حەمە ساڵح و جوامێر جەباری بکەم کە لەئامادەکردن و دیزاین و هەڵەبڕی ئەم کتێبەدا تا ئامادەی چاپ بوو، زەحمەتێکی زۆریان کێشا.

**ستران عەبدوڵڵا**
**حوزەیرانی ٢٠١٧**

فەسڵی یەکەم

# ئەدەب و فەرهەنگ

# ویڵ سۆنیکا
# غەوغائیەك لە نایجیریاوە

لە زمانی نووسەرێکی ڕۆژهەڵاتی دەگێڕنەوە، جارێکیان سەفیری کۆڵۆمبیا لە وەڵامی پرسیارێکی ئەو سەبارەت بە (گابریل گارسیا مارکیز) گوتبووی: (مارکیز سەرسەرییەکی کۆلۆمبییە)، نووسەرە ڕۆژهەڵاتییەکەش دەمو دەست بە دەربڕینێکی جوان بەرپەرچی دابۆوە: (بەختەوەرە ئەو وڵاتەی سەرسەرییەکانی وەکو مارکیز بن!)، هەڵبەتە ئەگەر ئەو نووسەرە ڕۆژهەڵاتییە هەر بۆ نموونە لە سەفیری ڕژێمی عیراقی پرسیبا. ئەوا بێ گومان سەفیرەکە دەیگوت: (مارکیز غەوغانییەکە لە سەفحەی غەدر و خیانەت)

*نایجیریا بە وڵاتی کودەتاکان ناسراوە، لەوێ ژەنەراڵێک دێو ژەنەراڵێک دەڕوا، کەچی مەگەر لە هەواڵێکی راگوێزەریانەی ئاژانسەکاندا باسی لێوە بکرێ، زۆرن ئەوانەی (نایجیریا) یان لە ڕێگەی ویل سۆنیکای خاوەنی نۆبڵی ئادابەوە ناسیو هەر ئەویش بە ناسنامەی ئەو وڵاتە دەزانن‌و کەمن ئەوانەی ناوی ئیبراهیم بابانگیدای ژەنەراڵی کودەتاچیو ئەباشای حاکمی سەربازی ئێستایان بیستووە. کەچی لە میانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی نایجیریادا دەسەڵاتی سەربازی گوێی بە (حصانە)ی نووسەرێکی جیهانی نەداو ویل سۆنیکای لە زیندان پەستاند. سۆنیکا پێشتر چالاکانە لە بزاڤی دیموکراتی خەڵکی وڵاتەکەی بەشداری دەکردو خۆی گوتەنی (وەکو هاووڵاتییەک هەستم بە پێشێلکردنی مافەکانم دەکرد) واش بڕیار بوو لە کۆنگرەی (ئەفریقیاو دیموکراتی) کە لە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی دەبەسترێ بەشداری بکات، بەڵام دەستگیرکردنی ڕێگر بوو لەو مەسەلەیە. دیارە لە وڵاتێکی دواکەوتووی وەکو نایجیریادا هەر ئەوەندە پاداشتی ئەدیبێکی پایەبەرز دەبێ کە لە زیندان بپەسترێو لە عورفی ئەفسەرە بێ بەهرەکاندا بە (سەرسەری)و (غوغانی) لەقەڵەم بدرێ.

ئێستا له ناوەندە سیاسیو ئەدەبییەکانی جیهاندا، هەڵمەتێک بۆ ئازادکردنی سۆنیکا بەرپا کراوە و پێشیدەچێ ئەو هەڵمەتە لە دواییدا ببێتە کارتێکی دیکەی گوشارو پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی سەربازی نایجیریا کۆتایی بێ.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٨٠٥: (١٩٩٤/١٠/٩)

# نەجیب مەحفوز
# جینۆسایدی خاوەن نۆبڵەکان!

تیرۆرو هەوڵی تیرۆر نیشانەی ئیفلاسی سیاسی پەیڕەوکەرانێتی. کاتێک کە زمانی وتووێژ لەنێواندا نەمێنێ زمانی توندوتیژی رمین پەیدا دەکا. لە زۆربەی وڵاتانی دونیای سێ دا بەرامبەر بە توندوتیژییەک کە حکومەتە تۆتالیتاری یان سەربازییەکان پیادەی دەکەن، ئۆپۆزسیۆنێکی توندڕەو دێتە بوون، هەرواش تایبەتی تر لە وڵاتە عەرەبیو ئیسلامییەکاندا لە لاوازی حکومەتێک، کە بە قەیرانێکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێپەڕدەبێ، گروپە ئوسوڵییە توندڕەوەکان پەنا بۆ زمانی توندوتیژی دەبەنو هانی کەسانی تیرۆریستو تۆقێنەر دەدەن. ئیدی لە ئیقاعێکی نەبیستراودا وتووێژێکی نەزۆک بۆ زەفەربردن بە رۆژنامەنووسێکی دیموکراتخواز، نووسەرێکی ناودار، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی، جێگەی وتووێژی دیموکراتیو پڕ بەرهەمی مێزگردێک دەگرێتەوە، ئەمە ئەو تراژیدیایەیە کە رۆژانە لە کوچەو شەقامەکانی قاهیرەو جەزائیری پایتەختدا دووبارە دەبنەوە. هەفتەی رابردوو لەسەر دەستگیرکردنی (سۆنیکا)ی ئەدیبی خاوەن نۆبڵی ١٩٨٦ لەلایەن حکومەتی سەربازی نایجیریاوە سەرنجێکمان دەبڕیبوو، سێ رۆژ لەمەوبەریش گروپێکی توندڕەو بە قەمە هێرشیان بردە سەر (نەجیب مەحفوز) ی خاوەن نۆبڵی ساڵی ١٩٨٨و رۆماننووسی ناوداری میسر، هەڵبەتە ئەم دوو کارەی کودەتاچییەکانی نایجیریاو توندڕەوەکانی میسر ناچێتە خانەی پیلانێکی گەورە بۆ جینۆسایدکردنی ئەدیبانی خاوەن نۆبڵ، بەڵکو لە پشت ئەو دوو کارەو هەر کۆششێکی چەوتی لەم بابەتە گوزارشتی چەندین پرسیاری سیاسیو تەنگژەی شارستانیو مەودای دیموکراسی خۆی حەشارداوە، پرسیاری لە بابەت ئەوەی، ئەگەر (مەحفوز) لە بەرهەمەکانی دا خیتابێکی عیلمانی دەربڕیوە، بۆچی بە دژە شاکارێکی ئەدەبی وەڵامی نادرێتەوە؟ هەروەها پرسیاری ئەوەی بۆچی دەبێ

(ئەدیبێکی جیهانی) کە لە دونیای شارستانی دا رەمزێکە لە رەمزە نەتەوەییەکانی وڵاتەکەی، باجی بە بن بەست گەیشتنی هاوکێشەی سیاسی نێوان حکومەتو گروپێکی توندڕەو بداتەوە؟

لە کاتێکدا دەشێ هەر گۆڕانێک لە پارسەنگی خودی ئەو هاوکێشەیە لە سبەی رۆژدا حکومەتو ئۆپۆزسیۆنی توندڕەو لە گفتوگۆیەکی سازشکارانە (وەکو ئەوەی ئێستای جەزائیر) کۆ بکاتەوەو لە میانی ئەو سازشەدا ئۆپۆزسیۆن یان دەست لەو پرۆگرامە هەڵبگرێ کە لە پێناویدا خوێنی کەسانی وەکو (مەحفوز)ی بە رەوا زانیوە، و یا خود بە ناچاری بە هەندێک دەسکەوتی سیاسی و (دونیایی) رازی ببی و هیچی تر!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ٨١١ (١٦/١٠/١٩٩٤)

# قسەیەك هەیە بیکەم

لەو پێشەکییەی بۆ دیوانە ناودارەکەی (روشدی ئەلعامل) (حدیقه علی) نووسراوە، حەمید سەعید نووسەری پێشەکیەکە دەخوازێ لە چەند برگەیەکو چەند ئاماژەیەک خەبەر لە روشدی بداو لای رژێمی بەعس وەک یاخیبوویەک بیناسێنێ، تا ئەو ئەندازەی لە شوێنێکدا دەڵێ باخچەکەی عەلی هەر خۆی باخچەی روشدیە. ئەمە لەکاتێکدا دیوانە شیعریەکە پڕیەتی لە دەستەواژەی جەللادی بەغداو تاریکیو......هتد.

چیرۆکی ئەو جاسوسی کردنەم وەبیرهێنایەوە تاوەکو لەو دیاردەیە بدوێم کە ئەمێستاکە بەرۆکی ناوەندی رۆشنبیریو رۆژنامەنووسی کوردی گرتۆتەوە، ئەویش دیاردەی جاسوسی کردنە بەسەر نووسەرو ئاماژەکانی پشت نووسینێکی بڵاوکراوەی ئەو نووسەرەوە چ لەرێگای دیتنەوەی مەغزای هەمەچەشن لە نووسینێکی عەفەویو خەبەرلێدانی لای ئەمو ئەو، لەرێگای هامشۆکردنی نێوان دوو دەڤەرەکە بۆ راپۆرتو نووسینو قسەهێنانو قسەبردن.

*ئەرێ ئەگەر کوڕی باشێک خەبەر لە نووسەرو نووسینێک نەدا، کێ دەیپەرژێتە سەر دیتنەوەی نیازێکی خراپ لە پەخشانێکی عاتیفیدا؟.

*ئەرێ ئەگەر روناکبیرێکی فاشیل هەواڵ نەگەیەنێتە ساواک، شا چووزانێ مەبەستی گولسورخی لە وشەی (سورخ) خوێنو شۆرشە، نەک رەنگی سوور، وەک ئەوەی بە لێوی کچێکەوەیە؟!..

*رۆژنامەی هاوپەیمانی ژمارە(٦)ی (١٩٩٧/٩/٢٠)

# شادمانی به کرێ دەگرێ!

لەماوەی چەند شەوی رابردوودا کەناڵی فەزائی ( art) بۆ جارێکی تر فیلمە بەناوبانگو سەرکەوتووەکەی هونەرمەندی بەتوانای ئەمریکا (جاک لیمۆن) ی پێشکەش کرد کە بە ناوی (نرخ) بوو.

(نرخ) باس لەو نرخو باجانە دەکا کە دەبێ نەوەکان لە خواستو ئاواتەکانی خۆیانی بۆ ورد بکەنەوە، تا شکستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژئاوا قەرەبوو بکرێتەوەو ململانێی نەوەکان شێوەیەکی هێورتر بگرێتەبەر.

(جاک لیمۆن) لە بەرنامەیەکی منداڵاندا پێستو دەمامکی حەیوانێکی کۆمیدیو نامۆی لەبەرە کە بینەران بەتاسەوە تەماشای بەرنامەکەی دەکەنو، لەواقیعی فیلمەکەشدا، (لیمۆن) باوکی کوڕێکی گەنجە کە بەدەست لێک جیابوونەوەی دایکو باوکییەوە هەست بە خەمۆکیو نامۆیی دەکا لەنێو هاوەڵانی کۆلێژەکەیدا.

(لیمۆن) کە هەوڵ دەدا کەشێکی خۆش دابین بکاو مانا گاڵتەجاڕییەکانی ژیان بە کوڕەکەی بناسێنێ. بە کوڕە دەڵێ: (ئەگەر پێت نەکرا شادمانی بکڕی، بە کرێی بگرە!) کوڕەش کە لە روخسارا لە (جۆن تراڤۆڵتا) دەچێو باوکیشی لە ناخدا بە (چیخۆفی) چیرۆک نووسی روسیای دەشوبهێنێ، گلەیی لە پەرتەوازەیی خێزانە بچووکەکەیان دەکاو تا ئەو کاتەی باوکو دایکی ئاشت دەبنەوە، هەوڵو کۆششە کۆمیدییەکانی باوکی نایبزوێنێ. سەرئەنجام باوک بە کوڕە خۆشەویستەکەی دەڵێ: (چاکە گریمان ئەز ئەو باوکە نیم کە تۆ دەتەوێ، بەڵام بۆچی بیر لەوەش نەکەینەوە کە ڕەنگە تۆش ئەو کوڕە نەبیت کە من خەونی پێوە دەبینم)؟!

فیلمی (نرخ) گوزارشتێکی کۆمیدیانەیە لە ململانێی نەوەکان.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ١٣٨٥ (١٩٩٧/٢/٦)

# ئەمەیان بۆ؟

*نازانم مەسەلەکە پەیوەندی بەئاستی رۆشنبیری ئەو هونەرمەندانەوە هەیە کە حاڵەتەکەیان لێ روودەدات، یان پەیوەندی بە سەلیقەی گەڕان، یاخود پەیوەندی بە ئارەزووی هاتنەسەر سفرەی حازرییەوە هەیە؟، رەنگە پەیوەندارانی بواری هونەرو داهێنان بتوانن باشتر ئەو مەسەلەیە دیاری بکەنو هۆکارەکەی دەستنیشان بکەن. هێندە هەیە، بەندە لێرەدا بەڕەیەک فرێ دەدەمە مزگەوتی گفتوگۆیەکی هێمنانەوەو بەدواداچوونەکەی بۆ داهێنەرانو رەخنەگران بەجێ دەهێڵم، بەڕاست بۆچی هەندێک گۆرانیبێژ لەسەر حیسابی بەرهەمی خەڵکی دیکە دەژینو گۆرانی هونەرمەندانی دیکە دەڵێنەوە بێ ئەوەی ئیزافەیەکی هونەری، یان داهێنانێکی نوێی تێدا بکەن؟ ئەمەش تەنها لە بواری گوتنەوەی گۆرانی نوێ و ئاوێتەکراو بە شیعرو ئاوازی نوێ ناقەومێ، بەڵکو لە بواری گوتنەوەی نەوارو گۆرانی فولکلۆریشدا دووبارە دەبێتەوە.

هەندێک هونەرمەندو گۆرانیبێژی گەورەمان هەن کە داهێنانو نوێگەری دەکەن لە بواری خۆیانداو، وەختێک گۆرانییەکی فۆلکلۆری دەڵێنەوە، وا پێشی دەخەن وا گۆڕانی رێکوپێکی جوانی بەسەردا دێنن کە فۆلکلۆر قەرزداری ئەوان بێت، نەک بەپێچەوانەوە. کەچی هەر ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرییە نوێکراوەی ئەو هونەرمەندە گەورەیە بێ ماندووبوونو زەحمەتی، لەلایەن گۆرانیبێژێکی بێ تاقەتو بێ بەهرەوە دەستی بەسەردا دەگیرێو بەهەمان ئاوازی تازەو ریتمو ئیقاعو گۆڕانکاری تازە کە هونەرمەندە گەورەکە کردویەتی سەرلەنوێ تۆمار دەکرێتەوە، ئەمما بە مۆسیقاو ئامێرێکی نەشازو لە ستۆدیۆ یان تۆمارگەیەکدا کە رەنگە پێویستییەکانی بەرهەمهێنانیشی تێدا نەبێت، باشە ئەو هونەرمەندەی هاتۆتە سەر سفرەی حازر بۆچی پێشتر ئەو گۆرانیو بەرهەمەی لە کتێبە فۆلکلۆرییەکان، لە گوندە دوورە دەستەکانو لە پیاوە پیرو کەنەفتە بەساڵاچووەکانەوە وەرنەگرتووەو بۆچی زەحمەتی نەکێشا تا سەرلەنوێ بیاندۆزێتەوەو رێکیان بخاتەوە، ئەوەی ناپەسەندە

له مه‌قته‌عی مۆسیقیو ئه‌وه‌ی ناپه‌سه‌نده له وشه‌كانی گۆرانیو به‌رهه‌مه‌كه لایان بباتو دوای مشتومالّكردنی ئه‌فراندنی تێدا بنوێنێ؟ بۆچی تا هونه‌رمه‌ندێكی گه‌وره‌و ماندوونه‌ناس كۆششی بۆ دۆزینه‌وه‌و نوێكردنه‌وه‌ی به‌رهه‌مێكی فۆلكلۆری نه‌كرد، كه‌س نه‌یده‌گوت ئه‌و به‌رهه‌مه موڵكی گشتییه‌و هی هه‌موو میلله‌ته؟ له‌م ماوه‌یه‌دا هونه‌رمه‌ندێكی گه‌وره‌و موحته‌ریفی كوردستانی ئێران كه له هه‌نده‌رانه گۆرانییه‌كی دێرینی كورده‌واری سه‌رله‌نوێ چڕییه‌وه، ئه‌و گۆرانییه په‌نجا ساڵه له كۆڕی یارانو مه‌جلیسی ئاهه‌نگو شه‌وچه‌ره‌ی شاری سلێمانیدا ده‌گوترێته‌وه‌و چه‌شنی (ئۆخه‌ی گرده‌كه‌ی یاره) وێردی سه‌رزمانانه. هونه‌رمه‌نده‌كه‌ش به هه‌ق خۆشی گوتۆته‌وه‌و به هه‌ق ده‌یان گۆرانی فۆلكلۆری له فه‌وتان ده‌رباز كردووه. كه‌چی لێره له كوردستان گۆرانیبێژێك هه‌مان گۆرانی بێ ماندووبوون به‌دوای دۆزینه‌وه‌ی، بێ هیلاكی به‌دوای جوانكاریو رێكخستنه‌وه‌دا، وه‌ك هونه‌رمه‌نده هه‌نده‌رانییه‌كه گوتویه‌تییه‌وه.

باشه گۆرانییه‌ك كه له په‌ناماڵی خۆمانه‌وه دره‌ختێكی به‌رهه‌مداری بۆنداره بۆچی ده‌بێ به قاچاخ سنووره‌كان ببڕێو بگاته وڵاتی ئیفره‌نجییه‌كانو سه‌رله‌نوێ به قاچاخ بگه‌ڕێته‌وه، ئینجا هونه‌رمه‌ندی خۆماڵی ده‌ركی پێ بكات؟

*رۆژنامه‌ی كوردستانی نوێ: دوو تویّی ئه‌ده‌ب و هونه‌ر (١٩٩٧)

# مەرگێکی تر

*هونەری دەڤەری بادینان بەتایبەتی لەبواری گۆرانییدا جۆگەلەیەکی رەسەنە لەدەریای هونەرو گورانی کوردییدا، هەروەک گوزارشتێکی جوانی هەمەڕەنگیو هەمەچەشنی کولتورو رۆشنبیری کوردییە، سەبارەت بەوەی جێی ئەم هەموو شێوازە لە ئاوازو پەیڤی تێدا بۆتەوەو لەم ساڵانەی دواییشدا بەتایبەتی ئاڵۆگۆرو تێکەڵبوونی دیاری تێدا قەوماوە. لەنێو دەڤەری بادینانیشدا دەتوانین بێژین زاخۆ پایتەختی ئەفراندنو داهێنانی شێوەزاری وانە، لەدیرۆکی رۆشنبیریو هونەری زاخۆدا تێکۆشانێکی بێوچان هەیە لە پێناوی زیندووکردنەوەی فۆلکلۆرو کەلتوری کوردی شێوەزاری کرمانجی ژوروو بەتایبەتی بەحوکمی تێکەڵبوونی ئەو ناوچەیە لەگەڵ کوردستانی باکورو فۆلکلۆرە رەسەنەکەی کەلەوێ تووشی سڕینەوەو ئاودیوکردن هاتووەو لەدەڤەری بادیناںو زاخۆ بەتایبەتی، بە بوژاندنەوەو زیندوو راگرتنی قەرەبوو کراوەتەوە.

هەمیشە هونەرو ئەفراندنو رۆشنبیری، خواستی پێشکەوتنی شارستانی لەزاخۆوە درەوشاوەتەوەو تیشکی بۆ شوێنانی دیکەی دەڤەری بادینان هاوێشتووە. لەسەر زەمینی ئەو ناوەندە بەپیتەی پێشکەوتنو ئەفراندن لەبواری هونەرو گۆرانی وتندا ناوی دیارو هەڵکەوتوو لەسەر گۆڕەپانی هونەری کوردی دەرکەوتن. لەوانەش گۆرانیبێژانی پڕ بەهرە کۆچکردووان: ئەیاز زاخۆییو ئەردەوان زاخۆیی. لەدوای راپەڕینیشەوە وەک هەموو دەڤەرو هەرێمەکانی وڵاتەکەمان بەهرەو توانستەکان لەزاخۆدا تەقینەوەو ئەوەبوو هونەرمەندانی لاوی وەک حاجی زاخۆیی و عەبدولقەهار زاخۆیی و خوالێخۆشبوو عەبدولواحد زاخۆیی هاتنە سەر شانۆی خزمەتکردنی هونەرو سترانی شێوە بادینییەوە. هەروەک نابێت ناوی مامۆستا عەبدولعەزیز سلێمان لەبیر بچێت کە هەم شاعیرو هەم نوێخوازە لەبواری زیندووکردنەوەی گۆرانی و دیلانی بادینییدا.

بەڵام جێی داخە هونەرو بەهرەوەرانی زاخۆ وەک شارەکەیان لەگەڵ مەینەتییەکانی ژیان و گوزەران و پەیڕەوی فەرامۆشکردنو پشتگوێخستن روبەڕوبوونەتەوە. بگرە رێبازی رەوتی فەرامۆشکردنی زاخۆو هونەرکارانی، بواری ژیان و دڵنییایشی گرتۆتەوەو حەیفێ هونەرمەندێکی بەتوانای وەک عەبدولواحید زاخۆیی لەم دوایەدا بووە قوربانی دەستی هەڵمەتەکانی تیرۆرو تۆقاندنو لەختوخۆڕایی کوژارو رووداوەکەی (وقیدت زدە مەجهول) تۆمار کرا. زاخۆیی یەکێک لەبەهرەمەندانی دەڤەرەکەی خۆیو بواری کارەکە خۆی بوو، لەجیاتی پشتگیری کردنو دەستگیرۆیی کردن تا لەدونیای هونەردا بەرهەمی باشو فۆلکلۆر چاکتر بژێنێتەوەو بیخاتە خزمەتی گوێگران، کەچی پاداشتی بە گوللەی ساردو جوانەمەرگ کردن درایەوە. هاوەڵە هونەرمەندەکانی عەبدولواحید زاخۆیی دژی تیرۆرو پێشێلکردنی حورمەتی هونەر لە دەڤەرەکەیاندا بێدەنگ نەبوونو پرۆتستۆیان کرد، بەجۆرێک بۆنەی رەتکردنەوەی تیرۆری سترانبێژەکەیان وەک پرۆتستۆیەک وابوو بۆ لەمەوپێش فەرامۆشکردنی رەوشی هونەری و رووناکبیری شارەکەیان.

مەرگی ناوادەی عەبدولواحید زاخۆیی زەنگی وەبیرهێنانەوەی رەوشی زاخۆی مەڵبەندی هونەرو رووناکبیری دەڤەری بادینان بوو، بەڵام پێدەچێ هێشتا زۆری مابێت کە تێگەیشتنێکی وا شارستانی دروست ببێت لەسەر هونەرو رووناکبیری لەزاخۆ کە سەروەتو سامانێکی باقیترو جێگرترە لەسەروەتو سامانی سەر سنوورەکەی!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: دوو توێی ئەدەب و هونەر

# خوله پیزەو پەنجەرەی بلیت

ئەگەر ئەو تێبینییە ڕاست بێت کە دەبێژێ دووپێوەر هەن بۆ سەرکەوتنی فیلمێکی سینەمایی، یەکەمیان بۆچوونی پسپۆڕو ڕەخنەگرانی سینەماو دوومیان (پەنجەرەی بلیت)و پێشوازی خەڵک لەفیلمەکە، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت ئەوا پێویستە بڵێین فیلمی خولەپیزە لەپێوەری دووەمدا (جەماوەری ئامادەبوو) سەرکەوتنێکی کەم وێنەی فیلمی کوردی و فیلمی پیشاندراو لەسینەماکانی کوردستانی بەدەستهێناوەو ئێستا تۆپەکە لەگۆڕەپانی چاودێرانی ڕەوشی سینەمای کوردستاندایە تا بەنووسینو بەدواداچوونەکانی خۆیان لایەنە چاکو خراپەکانی (خولەپیزە)مان بۆ دەستنیشان بکەنو لەلیستی مەرجەکانی فیلمی سەرکەوتوودا نمرەی نواندن، وێنەگرتن، ڕۆشنایی، مۆسیقاو....هتد هەریەکەیان بەپێی ئاستەکانیان دیاری بکەن . بێگومان لێرەدا وتمان (چاودێران) چونکە بوونی ڕەخنەگرانی هەر بوارێکی هونەری، بە سینەماشەوە، پێبەپێ بەندە بە گەشەسەندنی خودی بوارەکەوە کە ئەو گەشەسەندنەی هونەرەکە وا دەکات ئاستو ئەدائی ڕەخنەییشمان بەرزبێتەوە . ڕەنگە ئەم تێبینییە بەس بێت بۆئەوەی داوای ئەوە بکەین ڕەخنەگرتن لەسینەمای کوردی دەبێ ئەو هەلومەرجە ڕەچاو بکات کە خودی سینەماکەو هەوڵەکانی بۆ فیلمی کوردی دەدرێن پێیدا گوزەر دەکەن . ئەگەر ئەوەمان کرد هەم ویژدانمان دادوەر بووەو هەم هەوڵەکانی سینەماو هەوڵەکانی ڕەخنەگرانی سینەماش بەرابیەکی باشو تەندروست دەست پێدەکەن .

دەگەڕێمەوە سەر (پەنجەرەی بلیت)و ئەو پێشوازییەی خەڵکی لەخولە پیزەیان کرد، ئەمە یەکەم فیلمی کوردییە کە تائێستا نەک لەنمایشی تایبەتی، بەڵکو لەسینەماکاندا وا بەردەوام بێتو خەڵکی بەتاسەوە بلیتەکانی بکڕن. زیاد لەوەش هۆڵەکانی سینەماکانی کوردستان لەمێژە، بەتایبەت دوای فیلم لێبڕانی دوای ڕاپەڕین، وا قەرەباڵغ نەبوونو لەمێژیشە نەریتی چوونی خێزانو ماڵانمان بۆ سینەما لەبیرچۆتەوە . ئەو زەمانەی پێش بڵاوبوونەوەی پەتای تەلەفزیۆنو دواتر

ڤیدیۆ، خێزانو ماڵان لەتەقسێکی تایبەتی شێوەی جەژندا دەچوونە سینەماو، جێگە تایبەتییەکانی خێزانیان دەگرتو، هەندێک جار لەوێ وەک جەژن شیرینی دەخوراو هاتووچوونەکە گەلەکۆمەکێ بوو. هەنووکە ئەو نەریتە جوانە لەفیلمی خولە پیزەدا زیندوو بۆتەوە. هەمیشە ئێمە لەئاست ئەو دیاردەیە بووەستین کەوا لەخەڵکێکی زۆر دەکا وا بەتاسەوە بۆ دیتنی فیلمێکی خۆماڵیو پاڵەوانێکی میللی بڕۆن کە سەرەڕای هەڵسەنگاندنی نوخبە، لەیادەوەری خەڵکیدا وەک نموونەی حەمەدۆکێکی خێرخوازو داکۆکیکار لەخەڵکی هەژار بەزیندوویی ماوەتەوە. مادامەکی قسەمان لەسەر جەماوەرێتی فیلمە لەئاستی میللییدا بۆچی هانی ئەو دیاردەیە نەدەین کە تەماشاکارانی کورد بەچەشنی چەپڵەلێدان بۆ پاڵەوانانی کاوبۆی و هەرقڵو جۆلاناجیما ئاوا چەپڵەو ستایشی پاڵەوانێکی میللی نەکەن کە دیرۆکێکی خۆماڵی و هەقایەتێکی بەڕاستی ڕووداوی هەیە؟ فیلمی (خولەپیزە) و سەرکەوتنی لەئاستی میللییدا دەری دەخەن دەشێ بەرهەمهێنان لەکوردستاندا رەنجی بەباداچووی فەرهاد نەبێتو، خەڵک بەزیرەکی خۆرسک و سەلیقەی خۆیان تەجاوبی باشی لەگەڵدا بکەن.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ١٧٢٣ (١٩٩٩/١٠/٢٠)

# ماملێ چووە (هەواری خاڵی)

دوای ململانێیەکی دوورو درێژ لەگەڵ نەخۆشییەکی کوشندەدا، بولبولی خۆشخوانی موکریانو هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان مامۆستا محەمەدی ماملێ رۆحی رەوانی بە خاکی کوردستانی ئەودیو سپاردو، سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆی (بەکاتی ئێران) رۆژی شەممە (١٩٩٩/١/٢٣) لە مهاباد کۆچی دوایی کرد.

ماملێ ناوی محەمەد کوڕی سەعیدی کوڕی مام عەلییە، ساڵی ١٩٢٥ لەگەڕەکی خڕی لە شاری مهاباد چاوی بە دونیا هەڵێناوە. هەر لەو شارەشدا تا شەشی سەرەتایی خوێندوویەتی، ئیتر لەوە بە دوا خو دەداتە گۆرانی وتن. لە سەردەمی کۆماری مهابادا بە وتنەوەی گۆرانیو سروودەکانی کوردەواری بەشداری دەکات. دواتر خۆی بۆ گۆرانی تەرخان دەکاو دەبێتە یەکێک لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی هونەری کوردی. بە دەیانو سەدان گۆرانی فۆلکلۆری موکریانو سەرجەم کوردستان زیندوو دەکاتەوەو شیعری گەورە شاعیرانی وەک نالی، وەفایی، هێمن، هەژار، هەردی، گۆران، کامیل، و دەیانی تر لە چوارچێوەی ئاوازو سەدای رەسەندا دەکاتە وێردی سەرزمانی پیرو نەوجەوانی کورد. ساڵانی پەنجا، شەستەکان، حەفتاکان، و هەشتاکانو تا سەرەتای نەوەدەکان کە ئیدی نەخۆشی بێ تاقەتی دەکا، ماملێ کوردەواری رەنگینو ناوازەتر دەکات بە بەرهەمە نایابەکانی وەک "هەواری خاڵی، مریەم سابڵاخی، یادی بەخێر، زەمانە گوڵێکی دامێو لێی ستاندم، بارانە، شیرین تەشی دەرێسێ، تەنکەو هتد....".

ماملێ کە لە تەمەنی (٧٤)ساڵیدا مرد لەپاڵ ئەوەی هونەرمەندێکی پایەبڵندی بواری داهێنان بوو، هەرواش لە نێو کوردەواریدا کەسێتییەکی ناودارو ئەدەب دۆستێکی دیاربوو. لەنێو کۆڕی هونەر و لە ئاستی میللیو، لە ئاستی روناکبیرو شاعیرو ئەدیبانی کورددا رێزو حورمەتێکی بێ ئەندازەی هەبوو. کۆچی دواییشی

کەلێنێکی گەورەبوو کە بە هونەری کوردەواری کەوتو گوڵێکی بۆنداربوو کە "زەمانە لێی ستاندین".

دوای ئەوەی شەو تەرمەکەی لە مزگەوتی خانەقای شەمزینان مابۆوە، وا بڕیارە سەعات (١١)ی یەک شەممە (١/٢٤) بەکاتی ئێران، کۆچکردوو لە گۆڕستانی هودا سوڵتان لە مهاباد بە تەنیشت هەردوو شاعیری موکریان (هێمن و هەژار)ەوە بە دوا ماڵی خۆی بسپێردرێ.

ماڵئاوا مامۆ و یادت بە خێر.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ١٣٨٦ (١٩٩٩/٤/٢٤)

# بەشیرو زاراوەی پێشمەرگە

نووسینو یادکردنەوەی شادڕەوان بەشیر موشیر، بەبیرهێنانەوەی رۆژە دێرینەکانی ژیانی رووناکبیریو سیاسیی کوردە لەسەرەتای سییەکان تا سەرەتای شەستەکان. ئەو وەختە بەغدا ناوەندی سەرەکیی کۆبوونەوەی رووناکبیریو سیاسیی کوردان بوو، پێش ئەوەی شۆڕشی ئەیلول قورسایی هەڵسوڕانی بزوتنەوەی سیاسیی کورد بگوازێتەوە چیاکانی کوردستانو پێش ئەوەی دەسەڵاتی شۆڤێنی دوای کودەتای شوباتی ١٩٦٣ هەموو تروسکاییەک لەرووناکبیریی کوردی، لەبەغدا، ببڕێ.

سەردەمی دێرینی ژیانی رووناکبیری بەشێکی بەیادکردنەوەو سەرگوزەشتەو قسەخۆشەکانی بەشیر رەنگڕێژکراوە، هەروەک دوکانەکەی شوێنی کۆبوونەوەی سیاسەتمەدارو پیاوانی ناودارو رووناکبیرانی کورد بووە.

بەشیر موشیر لەدەوروبەری ساڵی ١٨٩٠ لەسلێمانی هاتۆتە دنیاوە، پێش جەنگی جیهانیی یەکەم چۆتە بەغدا، پاشان هەرلەوێ گیرساوەتەوەو خۆی کردووە بە بەرگدروو تا کۆتایی چلەکان، ئەمجا دوکانەکەی کردووە بەدوکانی فرۆشتنی وردە بابەتو رۆژنامەو گۆڤارو کتێبی کوردی. لەو میراتەی لەدوکانی بەرگدرووەکەیەوە مابۆوە (مقەستێک)و (گەزێکی) ئاسن بوو. مەقەستی بەشیر لەکابینەی رۆژنامەو گۆڤار فرۆشتنیشدا هەر لەکاردابوو، بەڵام نەک لەدروونی جلوبەرگی (ملکی و عسکری)، بەڵکو لەبڕینی ئەو نووسینو وتارانەی مامۆستا قینی لێهەڵدەگرتنو دەبوایە سانسۆریان بکات. لێرەشەوە، عەرەب گوتەنی (فەزەهەبەت مەسەلەن) مقەستی بەشیر ناوبانگی پەیداکرد. لەکاتی تووڕەبوونیشدا بەگەزەکەی هەڕەشەی لەناحەزان ئەکرد.

بەشیر شیعرو وتارێکی زۆری (تەئلیف) کردووەو لەرۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاویکردوونەوە. لەبەرئەوەی دوکانەکەی ژوانگەی بەیەک گەیشتنی رووناکبیرانو کەسایەتییەکانی کوردبوو، بەشێکی ئەو رووناکبیرانە

بەنووسینی خۆیان لەحزوری مامۆستا بەشیردا بوونو ئەویش بۆی (ئیمزا) ئەکرد بەناوی خۆیەوە بڵاوی دەکردنەوە. ئەوە پاداشتی رووناکبیران بوو بۆ مامۆستاو قسەخۆشەکانی.

مامۆستا لەدونیای کتێبیشدا پشکی هەبوو: (سیپارەی هەقپەرستی- بەغدا ١٩٣١، بەختنامەی ناپلیۆن- بەغدا ١٩٣٩، مصباح الدیوان عەبدوڵڵا بەگ- بەغدا ١٩٣٩ گەشتێک بەسلێمانید- بەغدا ١٩٥٧،) لەو کتێبانەن کە (تەئلیفی)کردنو بڵاوی کردوونەوە. لەپاشکۆی (مصباح الدیوان)دا شتێکی نووسیووە کە تێیدا بۆ یەکەمین جار زاراوەی ( پێشمەرگ)ی بەکارهێناوە پێش ئەوەی لەبزووتنەوەی سیاسیی کوردا ئەم وشەیە مانای ئەو جەنگاوەرە فیداکارە بەخۆوە بگرێ کە لەپێناوی رزگاری کوردو کوردستاندا گیانی خۆی دەبەخشێ. دواتریش لەشیعرێکدا بەناوی (دەردی دەروون)ەوە کە لە ژمارە (٥١/)ی گۆڤاری هەتاودا بڵاوکراوەتەوە (هەولێر، ل٣١،١١/١٢/١٩٥٥)چاکتر مانای پڕبەپێستی (پێشمەرگە)ی داوە بەدەستەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**دەردی دەروون**

لەشکری خەم بەتاو هێرشم بۆ ئەهێنێ، شادی و خۆشی ماڵئاواییيان لێکردم، هێزو توانام کەم کەم بەرەو نەمان ئەڕوا، سامانو مایەی پڕ نرخم هەر شینو شیوەنە، دەردی پیری حاڵی شێواومی پەشێوتر کرد، هەرچەند کە بیر ئەکەمەوە لای یەزدانی تاکو پاک نەبێت چ پەنایەکی ترم نییە، ئەژنۆم سستو هێزی لەشم بەرەو رمان ئەڕوا، تواناو خۆڕاگرتن لەدەست دەرچوون، بەڵام من هەرگیز نارِمێم، گوڵی هیواو ئاواتم ناژاکێ، چونکە لەدوورەوە لەسەر کێوە بەرزەکان روناکیی دواڕۆژێکی پرشنگدار ئەبینم، دڵم پێی ئەگەشێتەوە:

بەدەست نەخۆشی زەلیل بومو دیل
شەمەنیخەم بو لەگەڵ ئیزرائیل
ئەو دەیگوت بەشیر پیری ناتەوان
بەس ماندووی رۆژو کۆکینی شەوان
با نەجاتت دەم لەدەس هەژاری
دەردی نەداری مەرگە تیماری
وتم نامەوێ مەرگی بەهاسان

ئەمەویٚ بمرم وەکو پیاو خاسان
لەژێر نەزانی وەتەن پیخوستە
بۆ رزگاربونی هەولێ پێویستە
دەمەویٚ بمرم لەڕوی مەیدانا
خۆم (پێشمەرگە) بم لەکوردستانا
داخی غەریبی بەس لەدڵم بی
با خاکەکەی خۆم ئاو وگڵم بێ
وەتەن بەخۆشی گەر ببینمەوە
ئیتر هەر ئەژیم قەد نامرمەوە

لەو شیعرەدا مامۆستا مژدەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی راگەیاندووە، بەڵام ئەو کاتەی شۆڕش بەرپابووە سەردەمێک بوو حوکمی تاکرەوی قاسم وەک چۆن لەڕووی سیاسییەوە شتێکی بۆ کورد نەسەلماند، ئاوەهاش وردە وردە باری رووناکبیریی کوردی بەرەو کزبوون برد. حکومەتی عیراق رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی داخست، ئەو سیاسەتمەدارانەی ئامشۆی دوکانەکەی بەشیریان دەکرد (لەوانەش بەرێزان هەڤاڵ مام جەلالو کاک شەمسەدین موفتی) دایانە شاخ بۆ ئەوەی (خۆیان پێشمەرگەبن لەکوردستانا).

ئەو دوکانەی یانەی دیداری دۆستانی رووناکبیرییو ناودارانی کوردەوارییی بوو، بەحوکمی ئەوەی قورسایی بزوتنەوەی سیاسیی گوێزرایەوە چیاکانی کوردستان، ئامشۆکارانی کەم بۆوە.

کودەتای شوباتی ١٩٦٣ش لەکوردو مامۆستا بەشیر قەوما. فاشیستەکان رووناکبیریی کوردییان قۆڵبەست کردو مامۆستا بەشیریشیان وەک دەیانو سەدان کوردی نیشتمانپەروەر، دەستگیرکرد، چونکە بەشێکی زۆری هەڵسورێنەرانی کوردەواریو کوردایەتی سەریان لەدوکانەکەی دەدا.. دەستگیرکردنی بەشیرو کوێرکردنەوەی کوانووی دیوەخانەکەی، دەتگوت نەزیری شوومە بۆ ئەو کارەساتو رووداوانەی دواتر کە تائەمڕۆ لەکوردو کوردەواری قەومان.ئەو سەرگوزشتەو قسەخۆشو پێکەنیناوییانەی لەبەشیر ماونەتەوە پێش ئەوەی نوکتەو گاڵتەو گەپی لەچەشنی ئەوانەی مەلای مەشهووربن، بۆخۆیان سەرگوزشتەی رووداوە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە دەگێڕنەوە، هەر بۆیەش لەسەر دوو ئاستی روناکبیری، دیاردەی بەشیریزم پێویستی بەلێکۆڵینەوەو بەدۆکیۆمێنت

کردن هەیە:

یەکەم: لەسەر ئاستی تێگەیشتن لەهەلومەرجی ژیانی رووناکبیریو کۆمەڵایەتیو سیاسیی ئەو سەردەمەی کورد بەگشتیو کوردانی دانیشتوو، یان کوردانی خوێندکارو رۆشنبیر لەبەغدا. بەتایبەتی. چونکە لەو سەرگوزەشتانەی بەشیرو ئەوانەی هاوچەرخەکانی لەسەر ئەو، یان لەزاری ئەوەوە دەیگێڕنەوە، زۆر لایەنی تاریکی باری کوردمان بۆ رۆشن دەبێتەوە.

دووەم: لەسەر ئاستی ئەمڕۆو داهاتوودا سەرگوزەشتەکانی بەشیرو تەنانەت ئەو سەر بۆردانەی بۆ ئەویان هەڵبەستووە، جگەلەوەی وێنەیەکی ژیانی ئەو سەردەمەمان بۆ روون دەکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا ئەو سەرگوزەشتانە بۆ خۆیان ئەزموونو پەندی گەورەنو دەکرێ لەژیانی سیاسییو رووناکبیریی ئەمڕۆدا کەڵکی لێوەربگیرێ، بەشێکی زاراوەو پەندو نوکتەکانی هی ئەوەن لەنووسینو قسەکردنو رەوشی سیاسییو رووناکبیریی هاوچەرخیشدا بەکارببرێن، وەک لەمێژووی گەلێک میللەتاندا رووی داوە، کە قسەو دەستەواژەی پیاوێکی ناودار وەکو پەندو قسەی نەستەق بکەونە سەرزار، زۆر کاتیش قسەی پێکەنیناویو سەربوردەی پێکەنیناوی، ئەلتەرناتیڤێک بوون بۆ وتارو نووسینی سیاسییو کۆمەڵایەتی لەو سەردەمانەدا کە خەڵکی نەیانتوانیوە راستەوخۆ خواستو تێڕوانین و بۆچوونەکانیان بخەنەڕوو.

بەشیر موشیر لە (٣٠)ی تەمووزی ١٩٦٣دا، دوای بەردانی لەزیندان بەماوەیەکی کەم، لەئەنجامی تێکچوونی باری تەندروستی کۆچی دوایی دەکاو ئیتر دەورانی بێ (بەشیری) دەست پێدەکا.

سەردەمی بەشیر سەردەمی دڵپاکیو کوردایەتییەکی بێ فرتوفێڵ بوو، باری روناکبیریو کۆمەڵایەتی کورد لەبەغدا دەرفەتی ئەوەی رەخساندبوو بۆ بەشیر موشیری خزمەتگوزار کە دوکانەکەی بخاتە خزمەت رووناکبیرانو لاوانی کوردەوە. خزمەتێک کە لەم سەردەمەدا (سەد حەیفو سەد مخابن) هیچ کەسێک بێ موقابیل پێشکەشی ناکات.

*ئەم سیپارەیە لەسەر فەرمانی بەشیرستی ناوداری کورد، یەک لەمژدەبەرانی رێبازی بەشیریزم مامۆستا د.کەمال فوئاد، بە قەڵەمی بەندەو ئیمزای بەڕێزیان نووسراوە. نووسەر بەم وتارە ئیجازەی موستەعیدی لەو رێبازەدا لەسەر دەستی کەمال فوئاد وەرگرتووە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:١٨٢٢ (١٩٩٩/٣/١٥)

# شاعیری گەورەو... هەڵوێستی گەورە

بزوتنەوەی کوردایەتی لەبنچینەدا بزوتنەوەیەکی دیموکراسییە، بۆ ئازادی کوردەواری و کوردستانەکەی تێدەکۆشێتو هاتۆتە کۆڕی خەباتەوە. هەربۆیەش رووناکبیرانی ئازادیخوازو خاوەن هەڵوێست لەململانێی نێوان گەلی کوردو داگیرکەرانی کوردستاندا تێکۆشەری رێی ئازادی و پشتیوانی بزووتنەوەی کوردایەتی بوون. پەیامی رووناکبیرانی ئازادی کورد هەمیشە پەیامی کوردەوارییەکی ئازادو کوردستانێکی رزگاربووە کە ئەمە هەمان بەرنامەو ستراتیژی بزووتنەوەی کوردایەتیشە.

لەوردەکاری تێکۆشانی هاوبەشی کوردایەتی و روناکبیران لەپێناوی ئازادی و وەرگرتنەوەی مافی زەوتکراوی نەتەوەو تاکەکانیدا، هێزەکانی کوردایەتی و روناکبیرانی هەریەکەو بەشێوازی خۆیان، بەئامرازو یەدەکی خۆیان گوزارشت لەڕوانینو هەڵوێستەکانیان دەکەن، بەڵام لەهێڵە گشتییەکەدا هەموو رێگاکان دەچنەوە (بانە)ی داکۆکیکردن لەڕاستی و هەقو جوانی، دەچنەوە شاڕێی پاراستنی بەها جوانەکانی ئازادی و ژیان کە پاراستنی نیشتمانو داکۆکیکردن لەبەشە ماڵی رزگارکراوی ئەو نیشتمانەو، نەشەمزاندنی ئارامی و هێمنییەکەی، بەشێکی هەرە زیندووی ئەو بەها جوانانەیە.

شاعیری گەورەی گەلەکەمان، مامۆستا شێرکۆ بێکەس، نموونەی ئەو روناکبیرە خاوەن هەڵوێستەیە کە لەهەورازو نشێوەکانی تێکۆشانی نەتەوەی کورددا دەنگێکی دلێری هەڵوێست وەرگرتنو، مینبەرێکی ئازادانەی داکۆکیکردن بووە لەئازادی و دیموکراتی لەکوردەوارییدا.

شێرکۆ بێکەس روانینو دەربڕینە رووناکبیرییەکانی خۆی تەنها لەماڵە جوانەکەی شیعردا قەتیس نەکردووە، ئەگەرچی لەوێدا لووتکەو داهێنەرێکی هەرە گەورەشە، بەڵکو رووناکبیرێکی نێو واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کوردەواریشە، بۆیە وەک هەمیشە دەگوترێ (لەنێوان نەتەوەو داگیرکەرانیدا، لەنێوان ئەنفالو

ئەنفالچییەکاندا، لەنێوان مامەڕیشەو تەحسین شاوەیسدا، ئەو لایەنگری نەتەوەو قوربانیانی ئەنفالو لایەنگری مامەڕیشە بووە)، ئاوەهاش لەنێوان هەرێمێکی ئازادکراوی کوردستانو تەشقەڵەی سەرکردایەتییەکی خۆبەدەستەوەدەردا، لەنێوان ئاوەدانی گوندە زامدارەکانی قەرەداغو، مۆڵگا گومانلێکراوەکانی ئۆجەلانییەکان لەدەوروبەری قەرەداغدا، شێرکۆ بێکەس هەرێمی ئازادکراوو گوندی ئاوەدان بۆوە هەڵدەبژێرێ.

هەڵوێستی وا ئازاو (جوامێر) ناساندنی ناوێ، چونکە واخۆی گوزارشت لەخۆی دەکات. بەڵام لەچڕترین دەربڕیندا دەکرێت بڵێین هەڵوێستەکانی مامۆستا شێرکۆ نیشانەیەکی درەوشاوەی بیرتیژیی و بیرڕووناکییە هەروەک چۆن شیعرو چامەکانی تێکستی گەوهەرداری دیوانی نوێی شیعری کوردین.

دەکرێت هەڵوێستە سیاسیی و نیشتمانییەکانی شاعیری گەورەمان ئیلهامبەخشی رووناکبیرانو قەڵەمە ئازادیخوازەکانی کورد بێت، تا ئەوانیش رۆڵی خۆیان لەبەرپەرچدانەوەی شەڕخوازانو سەرخستنی خواستی نەتەوەییانەی ئاشتییدا بگێڕن. شێرکۆ جارێکیترقسەی خۆی کردو... وەک هەمیشە جوانیشی گوت.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: وتاری سەرەکی کۆتایی ساڵی (٢٠٠٠)

# وەسێتەکەی شێرکۆ بێکەس

کەمپینی پشتگیریکردن لەوەسێتەکەی شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس، کەمپینێکی رەوایەو شایەنی ئەوەیە سەر بخرێت، شایەنی ئەوەیە شارەوانی سلێمانی جێبەجێی بکات، چونکە تاکە داواو ئارەزوویەکی شاعیری گەورەمانە. هیچ پاکانەیەکی یاسایی و ئیداری بۆ جێبەجێکردنی ئەو ویستە بەیەکجاری نەک بەکاتیی نابینم، یاساو رێنماییەکان مادام بۆ خزمەتی گشتی و دابینکردنی دادپەروەری و وەک یەکییە، هی ئەوەن بخرێنە سەرسەرو چاوان، بەڵام یاساکانیش دەقی پیرۆز نین بە بەڵگەی ئەوەی رێکاری یاساییش هەیە بۆ دەستکاری یاساکان وەختێک دەبنە رێگر لەبەردەم بەرژەوەندییەکی گشتیدا.

رێزگرتن لەشاعیرێکی گەورە کە زیاتر لەچل ساڵە خزمەتی ئەدەب و زمان و ئەندێشەی کورد دەکات بەرژەوەندییەکی گشتییە، چونکە بۆ خۆمان و بۆ دونیاشی دەسەلمێنێ کە ئێمە رێز لەداهێنان و داهێنەرانمان دەگرین، ئەوە حورمەت و رێزگرتنە لەخۆمان و ئیلهام بەخشینە بەنەوەکانی داهاتوو کە ئەگەر تیایاندا هەڵکەوێت و (شێرکۆ بێکەس)ی بواری خۆیان بن، شارو نیشتمان و نەتەوەکەیان قەدری ئەم هەڵکەوتن و لێوەشاوەییەیان دەگرێت. مامۆستا شێرکۆ چووە بەر دلۆڤانی خودا، ئێمە بۆ خۆمان نەک بۆ ئەوی کۆچکردووی دەسەلمێنن کە ئافەرین لەکاری چاک و قەدری خزمەتی گشتی دەگرین بەتایبەتی ئەگەر خزمەتێک پەیوەستی بەها رۆحی و رۆشنبیریی و شارستانییەکانمان بێت.

مەزاری شێرکۆ بێکەس بۆ بەیەکجاری لەپارکی ئازادی نەبێت؟، کام یاسا و کام رێنمایی پێویستن، دەکرێ دەستکاری بکرێت و ئەم ویستە رەوایە جێبەجێ بکەن.

مامۆستا شێرکۆ ئەوەی بەسەر سلێمانی و کوردستانەوە هەیە کە رێبوارانی پارکی ئازادی و میوانانی کوردستان مەزارەکەی لەشوێنێکی شایاندا ببینن.

بەقەدەر تەلارو بیناکانی ئەم شارەو زیاتریش شێرکۆ بێکەس وێنەی شیعری

و دەستەواژەی نوێ و دەقی ناوازەی خستە ناو لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردییەوە، شیعری بۆتە سروود، چۆتە ناو کتێبەکانی خوێندن و نامەکانی ماستەرو دکتۆرا و عەرەب و عەجەم ڕێزی لێدەگرن. با حکومەتی هەرێم و پارێزگاو شارەوانی سلێمانی ڕۆح وەبەر یاساکاندا بکەن بۆ خزمەتی ناونیشانی پایتەختی ڕۆشنبیریی و جێبەجێکردنی ویستی شاعیرێک کە وەک هیچ شاعیرێکی تر نییە.

***ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦١٤٩ (٢٠١٣/٨/٦)**

# خەلیل منەوەر

هەندێک شت هەیە پەیوەندی بە بەرێز مالکی و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە خودی کوردەوە هەیە، بۆ نموونە: یادکردنەوەی شاعیری چەوساوەکان: خەلیل منەوەر. ئێمە پێویستمان بە لیژنەکەی رائید فەهمی و فایلەکەی کاکەرەش سدیق و ئامارە قەرەباڵغەکەی ئەبو ئیبراهیم نییە بۆ ئەوەی هەندێک لەسیمای کوردستانێتی کەرکوک بگێڕینەوە. بەشێکی کەوتۆتە سەر شانی خۆمان. ئەگەر بمانەوێت، هیچ نەبێت لە باری فەرهەنگییەوە، کەرکوک بگێڕینەوە بۆ باوەشی کوردستان، ئەوا دەتوانین بیکەین. دەتوانین یادی شاعیر، هونەرمەند و رووناکبیرەکانمان بکەینە فێستیڤاڵی بوژاندنەوەی فەرهەنگی لەمێژینەی ناوچەکانی پشتێنەی تەعریب.

کێ دەستی گرتووین یادی خەلیل منەوەر، کە ئەمڕۆ لە کەرکوک دەکرێت، بکەینە نەریتێکی مانگانە؟حوزەیران بۆ منەوەر و تەمووز بۆ جەبار جەباری، ئاب بۆ عەلی مەردان و مانگەکانی تر بۆ شەوکەت رەشیدو محەمەد موکری و عەبدوڵڵا سەراج؟ کێ دەستی گرتووین ئەگەر یادی شیعرەکەی ئەلزاس و لۆرینی ئەسیری بکەینەوە؟، ئەگەر رووناکبیرانی کوردستان لە زۆنی ئارامی کەرکوکدا کۆبکەینەوە؟، هەڵەی کورد ئەمەیە: جموجوڵە رووناکبیرییەکان دەکەونە دوای جموجۆڵە سیاسییەکان. چاوەڕێین تا کێشەی کەرکوک یەکلایی دەبێتەوە ئینجا قۆڵی فەرهەنگی لێ هەڵدەماڵین. کە ١٤٠ کەرکوکی هێنایەوە باوەشی کوردستان، شیعری شێخ رەزا و ئەسیری و ئاوازەکانی قادر مەردان و مەقامەکانی عەلی مەردان دەبنە تەحسیل حاسڵ. نامەوێ وەک جاران وەزیفەیەکی سیاسی بە ئەدەب و داهێنان بدەینەوە، کە ئەمە لە زۆر تەجرەبەدا شکستی خوارد، بەڵکو، دەڵێم با وەزیفەیەکی فەرهەنگی لەسەر شانی سیاسەت باربکەین. یانی سیاسەتی کوردی پشتگیریی بوژاندنەوەی فەرهەنگی بکات لە کەرکوکدا.

کەرەستە هەیە، کەلتورە دەوڵەمەندەکە هەیە، هەر ئەوەی دەوێت تۆزی لەسەر

نشتویی رابماڵرێت، لیژنەیەکی هەڵسوڕان بە راست و چەپدا کاری لەسەر بکات. بوژاندنەوەی کەلتوور راستە کارێکی کلتوورییە، بەڵام راستیەکەی بەشێکە لەوەی پێی دەوترێت سیاسەتی کەلتووری ، سیاسەتی کەلتوریش دەوڵەت جێبەجێیدەکات نەک رووناکبیرەکان. ئەمە تواناو دەرامەتی دەوڵەتی گەرەکە. ساڵی ١٩٧٣ بەعس کەرکوکی نەدایەوە کورد، بەڵام سەرکردایەتی کوردستان بەئاراستەی ئەوە کاری کرد یەکەمین میهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکوک بکرێت. ئەوسا بەعس کەرەستەو توانای دەوڵەتی دەخستە خزمەت تەعریبەوە، کوردیش بە شیعر لە گۆڕەپانەکەدا بەرخودانی دەکرد.

ئەمە نموونەیەکی زیندووی "سیاسەتی کەلتوری" دەوڵەتییە.

روناکبیرێکی کوردستانی رۆژهەڵات بۆی گێڕامەوە کە مامۆستا هێمنی موکریانی لە ئەزموونی گۆڤاری سروەدا گەنجەکانی هاندەدا پێش هەموو شتێک لە گوندەکانەوە وشە و زاراوگەلی کوردی کۆبکەنەوە و کاری لێکۆلینەوەی لەسەر بکەن. بەمەش نەوەیەکی کوردی زان و قامووس ویست دروست بوو. ئەمەش نموونەیەکی کۆششەی شەخسی.

ئەگەر هەردوو تەجرەبەی دەوڵەتیی و شەخسیی لە کەرکوک دووپاتبکرێنەوە، سەرەنجام ئێمە لە باری فەرهەنگییەوە کەرکوکێکی ئامادەمان دەبێت .ئامادە بۆ تێکەڵبوونەوە بە فەرهەنگی دەوڵەمەندی کوردستان و لایەنە گەشەکانی کەلتووری کوردی. ئەمڕۆ لە کەشێکی ئارامدا یادی خەلیل منەوەر دەکرێتەوە .کەرکوک زیاتر لە هەر پارێزگایەکی دیکەی عیراق ئارامترە و بە پێچەوانەی قسەی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتییەوە، بەرمیلێکی دینامیت نییە ها کە تەقییەوە. بەڵکو کانیاوێکی پەنگخواردووی فەرهەنگە، پێویستیی بەوەیە جۆگەلەیەکی بۆ بکەینەوە و بچێتە کەناڵی گونجاوی خۆیەوە، بچێتە رووبارە گەورەکەی کوردستانەوە. با نەیارانی کەرکوک (شانەی قەیران) بۆ کەرکوک درووستبکەن، لەجێی وی، ئێمە شانەی هەنگی کار و چالاکی فەرهەنگی دروست دەکەین.

با سیاسەت کاری یەکلاکەرەوەی خۆی لە دیاریکردنی چارەنووسی کەرکوک بکات، با رووناکبیرانی کوردیش کاری شێنەیی خۆیان بکەن. ئەوەیان یەکجارەو ئەمەشیان هەتاهەتایە.

*رۆژنامەی ئاسۆ: ژ:٧٥٦ (٢٠٠٨/٦/٢٩)

# بەهاریان دێتەوە؟

لەم چەند ڕۆژەدا دیارییەکی بەنرخی مامۆستا مارف خەزنەدارم بەدەست گـــەیشت. بەشی پێنجەمی (ڕۆژگـــاری من) وێستگە جیاجـیاکانی ڕۆژگاری م.خەزنەدارە ئەو دەمەی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا خوێندکاری ئەدەبیاتی کوردی بوو. وێنەیەکی ئەو ڕۆژگارەی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستە کە چەتریان بۆ بارانی مۆسکۆ هەڵدەدا. لە ئۆزبەکستان تا ئۆکرانیا، تا یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیاو ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی سۆڤیەت. دیتنو سەرنجەکانی ڕووناکبیرێکی کورد سەرنجڕاکێشە بەتایبەت بۆ چەپە ئاخر زەمانەکانی وەک ئێمە کە نە سۆڤێتی هاوڕێ لینینو نە روسیای قەیسەر پوتینمان بینیوە تا بەراورد بکەین. لەم دونیای فرە شەپۆلی کتێبو میدیاکاندا، گێڕانەوە لە زمانی کوردێکەوە وەک وەرگرتنی ئەمانەتێکە لە دەستی یەکەوە. ڕاستگۆترە لە هەرگێڕانەوەیەکی دیکەی متمانە پێنەکراو.

ئەم روسیای عەزیمولشەئنە چی کردو چی دەکات؟ دەورانێک سایەی قەیسەر کە دوعای پیسی ڕاسپۆتینو نەعرەتەی بەلشەفیکەکان سەرنگونیان کرد. زەمانێک حوکمی کۆمۆنیزم کە دکتۆر زیڤاکۆ لێی چوو بە قینا.

د.مارف کتێبێکی پڕ زانیاریشی لەسەر ئەم ڕۆمانەی باسترناک هەیە ئینجا گۆرباچۆف کلیلی قەڵاکەی تەسلیمی یەڵتسن کرد. پێش ئەوەی پوتین ئەوەی ماوە لە عەرشو هەیبەتو کبریای ئیمپراتۆریای سوور خڕ بکاتەوەو تلبوونەوەی کڵۆ بەفری شکست لە شوێنێکدا ڕابگرێت.

ئێمە ئەم شتانە لەسەر روسیا دەزانینو وەک سەردەقشکێنانی کاروانی خوێندکاری کورد بە چاو هیچمان نەبینیوە. بیستوومانەو خوێندومانەتەوە لە قەومانی تریشدا روسیا ڕابۆتەوە. ڕۆمانی (شەڕو ئاشتی)ی تولستۆی بە ڕەوانی پێمان دەڵێ ژەنەراڵی بەفر پێشی بە ملهوڕی ناپلیۆن بۆناپەرت گرتو، ئەم ئیمپراتۆرە کەم حەوسەڵەیە دەرەقەتی سەبری ئەیوبی میللەتی روسیاو دانایی

قەیسەرەکەی، ئەسکەندەری یەکەم، نەهات.

هـــەروەها ئەدەبی جەنگی دوای شەڕی جیهانی کە تائێستاش نەوەی میدڤیدیڤ-یش پێی دەڵێن شەڕی مەزنی نیشتمانیی، لە بچووکترین چیرۆکێکیەوە تا نۆڤلێتەکانی، بەشانازییەوە حەشری بەفری روسیاو موقاوەمەتی میللەتی سۆڤیەت دەگێڕێتەوە؟، کارێک کە بەفرو رووس بە هیتلەرو سوپای نازییان کرد سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی نەکردبێ. ڕاستە ئۆردوی ئایدۆلۆژی سوور لەبەردەم دادگای مێژوودا قەرزی زۆری لەسەرشانە، بەڵام میللەتی بە شان و شەکەوت لە دوو سەدەدا دوو سەروەری وەک تەمبێکردنی ناپلیۆنو هیتلەری بەسە تا نازناوی بە شان و شەکەوت وەربگرێت..

جا ئەم روسیایەی ئەمڕۆ زەخمو برینی هەیە. لە جێی جەنەراڵ بەفر کە قەپۆزی هەڕەشەی دەرەکی دەشکاند، جەنەراڵێکی لەناکاو بۆتە خۆرەی گیانیو لە ناوەوەی وڵات هەڕەشە لە سەبرو شوکرانی بژێوی دەکات؟ جەنەراڵ گەرما، بە چل پلەی سەدییەوە، چل ئەستێرەی تووڕەیی سەرشانییەوە، پایتەختی لە بێژەنگدا. ئەم روسیایە کە لەگەڵ گەرمای خوار پلەی سەدی ریتمی ژیانی خۆی رێکخستبوو، لە ماوەی رابردوودا وەرزێکی گەرمای سەختگیری تووش هات، ناوەندی دێدەوانی ئەو وڵاتە ئێژن ئاماری هەزار ساڵی رابردوومان لایە مۆسکۆ قەت ئاوا گەرمای نەبوو، کە پلەی سەدی چل بێت.

وڵاتێک ٧٠ ساڵ چاوگی کۆمۆنیزم و ئەو خیتابە فیکرییە بوو کە دەیووت ئاین ئەفیونی گەلانە، ئێستا وا گەرمەسێرە کە خەڵکەکەی لەدوای قەشەکانەوە نوێژە بەبارانە دەکەن، بەڵکو خودا رەحمێکیان پێ بکات. روسیامان نەبینیوە، لە رۆژگاری دکتۆر خەزنەدارو دکتۆر زیڤاکۆشتی لەسەر فێربوونین، ئەم رۆژانەشی گوزەر دەکەن. گەرما وەک سەرما کاتین لە حوکمی مێژوودا، ئەمما ئەوەی داخو کەسەرە لای وان، کەی بەهاریان دێتەوە؟

*گۆڤاری هەفتانە: پایزی (٢٠١١)

# شایانێتی

فێستیڤاڵی گەلاوێژ چاکی کرد کە ڕێزی شایانی لە پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا ڕەسول نا، چونکە ئەم ڕێزلێنانە ڕێزگرتنە لە مێژوویەکی دوورو درێژی بێ پسانەوە لە فەرهەنگ و خەرمانی ڕۆشنبیری کوردی، ڕێزگرتنە لە ستوونێکی پایەداری زمان و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و ئامادەگی بەرچاو لە گۆڕەپانی تێکۆشانی سیاسی پێشکەوتنخواز لە کوردستانی خۆمان و هەرچوار بەشەکەی کوردستان و عیراقدا.

دکتۆر عزەدین لە تیمی یەکەمی ئەو ڕۆشنبیرانەی نەتەوەکەمانە کە لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە ژیری و توانای ڕووناکبیری خۆیان تێکەڵ بە کاروانی توێژینەوەی زانستی تازە سەرهەڵداو لە کوردستان کردو دەیان لێکۆڵینەوەی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی هی چیرۆک، هی شیعر و ژانرەکانی دیکەی ئەدەب و فەرهەنگ خستە کتێبخانەی کوردستانییەوە. لێکۆڵینەوەی هەمە چەشن بوون لەسەر شاعیرانی کلاسیک وەک توێژینەوە بەناوبانگەکەی لە ژێر ناوی ئەحمەدی خانی، وەک شاعیر، بیرمەندو فەیلەسووف، کە بە چەندین زمان بڵاوبۆتەوە و یەکێکە لە کەڵە نووسراوەکانی ئەم لێکۆڵەرە، هەروەک باسەکانی لەسەر شێخ ڕەزا، فەقێ تەیران، عەلی بەردەشانی و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر زمانی یەکگرتووی کوردی و وەرگێڕانەکانی لەسەر بابەتی زمان و ئەدەب و نووسراوەکانی لەبارەی فۆلکلۆری کوردی و لەسەرووی ئەمانەشەوە کتێبە ئەکادیمییەکەی لەسەر ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، ئەمانە هەمووی شایەدی خزمەتەکانی پرۆفیسۆرن و بەوەشەوە نەوەستاوە، چەندین کتێبی مێژوویی وەرگێڕدراوە و تەجرەبەی ڕووناکبیری و تێکۆشانی خۆی لە چەند جڵدێکی بیرەوەرییەکانیدا بۆ نەوەی داهاتوو تۆمار کردووە.

خەباتی د.عزەدین لە بواری کوردایەتی و پێشکەوتنخوازیدا مەیدانێکی تری خزمەتە کە تێکەڵاو بە خزمەتی کەلتووری دەبێت و هەموو جۆگەلەکانی خزمەتی

ئەم ڕێزلێگیراوە دەچێتە رووباری وەفاداری بەرامبەر بە کورد و کوردستان و بیروباوەڕی کوردایەتییەوە.

ڕێزگرتن لە پرۆفیسۆر عزەدین جێی ستایش و دەستخۆشییە، نەک لەبەر ئەوەی رەوتی رووناکبیریمان ئەم خزمەتگوزارە گەورەیەی کوردستانی بەسەرکردۆتەوە چونکە بەسەرکردنەوەی د.عزەدین ماناو مەغزای گەورەی هەیە لە میانی ئومێد و دڵنیایی بۆ تێکۆشەرانی بواری فەرهەنگ لە کوردستان کە رەنجیان بەزایع ناچێ و جگە لەدەوڵەمەنکردنی شارستانی کوردستانی هەروا سەرمایەیەکی رۆحی گەورەش بۆ خۆیان و میللەتەکەمان تۆمار دەکەن.

پرۆفیسۆر لەناو ماڵ و خانەوادە و لەناو شارە حەیاتەکە و لەناو کوردستان، وڵاتە شیرینەکەی خۆیدا، پێویستی بەهیچ نییە و لە هیچی کەم نییە، بەڵام ڕێزلێگرتنی، سڵاوێکی گەرم و گوڕو دانەواندنێکی شارستانییە لەئاستی کەڵە قەڵەمێکدا کە بڕشت و سەربەرز و سەرفرازە.

جێی خۆیەتی لێرە بەدکتۆر بڵێین ئەی مامۆستا، پیرۆزە خەڵات بۆ ڕێزلێنانتان کە رێک شایانی تۆیە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥٠٢٨ (٢٠٠٩/١١/١٧)

# بەخونچەیەك بەهار لە گەرمیان بوو

زەمەن چۆن نەگۆڕاوە؟ کوردستان چۆن نەچۆتە پێشەوە؟ ئەی ئەوە نییە مەڵبەندێک کە مەحکوم بوو بە فەنابوونو لەناوچوون، گەڕایەوە سەر نەخشەی ئاوێتەبوونی بە دونیاو بە کلتوورەکانی، مەڵبەندێک کە زێدی ئەنفالو حوزن بوو، نها بۆ سێ رۆژیش بێت، کەرنەڤاڵی فەرهەنگو کولتووری میللەتانی لەخۆ گرت.

کەلار، یانی پایتەختی گەرمیان، یانی پایتەختی بەرەنگاری تەعریبو راگوێزان، بەڵام کەلارو مەملەکەتی گەرمیان، پێش ئەوەی تەعریبو بەعسیزم بیانشێوێننو بەرگی رەش بکەنە چارەنووسێکی پتر لە بیست ساڵە، خانەی سۆزو قەتارو فەرهەنگێکی گەرمەسێری بوون. بەعس هات سۆزی کوشتو قەتاری ئەنفال کردو کانی فەرهەنگی دەوڵەمەندی وشک کرد. لەوساوە کەلار بووە دۆزەخی چاوەڕوانییەکی بێ بەڵێنی "ئەستەحی" یانی چاوەڕوانی لەڕێی بەڵێنێکی مسۆگەر نەکراو، کە سبەی دایکو باوکو برای بزر دێنەوە.

کەلار ماوەیەکیش نیشتمانیی ئەلتەرناتیف بوو بۆ هەموو گەرمەسێرییەک، کە ئاواتی بینینی خانەقینو جەلەولای بندەستی بەعس بووە، گەرمیان سەبووری دڵ بوو بۆ خانەقینی و بۆ فەیلیو بۆ کەرکوکییەکانیش، کە دەورانێک دەرفەتیان نەبوو بچنەوە زێدی دێرین.

کەلار ماوەیەکیش نیشتەنی عەشوائیاتو گەشەی بێ بەرنامە بوو، مودەتێکیش بووە شوێنی پرۆڤە بۆ ئۆپۆزیسیۆن وەک بڵێی ئەو قوربانییەی گەرمیان بۆ کوردایەتی دابووی بەس نەبوو، قوربانی جەژنی دیموکراسیشیان پێدەویست.

کەلار لە دێیەکەوە نمای کرد، کە ئێستا شانوشەوکەتی پارێزگای هەیە، بەس دەستی شکاوم کە ئەو پارێزگایەش بەدیار کەرکوکو خانەقینەوە سەری ئەنفالی سپی کردو ئەم (١٤٠)ە هەر نەهات.

تا ئەو رۆژی یەکلاکەرەوە بێت با کەلار نەختێک لە سایەی فێستیڤاڵی شادیو شاییدا بحەسێتەوە، با کەمێک ئەم مەوتەنی گریانو فرمێسکە ئاشنایی لەگەڵ

تریفەی بزەو تریفەی پێکەنین پەیدا بکات.
با ئەم تیپە پۆڵەندییە بزانن، عەزابی سایەی هیتلەرو عەزابی سایەی کۆمۆنیزم پێکەوە ئاوێتەی ئوردوگاکانی دەستبەسەریش بکرێن، هێشتاش تامیان لە گوشراوەی عەزابی سایەی سەددام ئەهوەنترە. با ئەم تیپە چیکییە حاڵی بن، کە ئەم کەلارە پێی بکرێت نەک وەک ئەوان کە لە جیابونەوەیەکی ئاوریشمیدا ماڵیان لە سلۆڤاکیا جیا کردەوە، بگرە وەک سەرهەڵگرتن سەری خۆی لە عیراق هەڵدەگرێتو ساردی سیبریای پێ باشترە لە قرچەی گەرمای نوگرەسەلمان.
با لە جێی سوپاو دەبابە، عیراق چۆپی جنوب، چاڵغی بەغدادیی رەوانە بکات.
با بێن ئەم تیپی سەمای بەرازیلیو ئەم سینگو دڵئاوەدانانەی ئەمریکای لاتین، کە جوانیو گوڵەندامی و دولبەرییان مامڵێ وتەنی "مەشهوری گشت عالەمن".
بە سەرەش بێت سەرەی ئەم گەرمیانە هاتووە، بەقەدەر هیلاکیو شەکەتی بێ کەس، وەک گەرمیان رەنجی فەرهادی نەکێشاوە. با کەمێک سامبای بەرازیلیو فلامنگۆو تانگۆی ئیسپانی خاس هەڵپەرن لەو گەرمیانە. دەزانم کە بە خونچەیەک بەهار نایە، بە یەک خول لە نمایشی کولتووری گەلان، کەلار نابێتە باڤاریا، بەڵام هەر خۆشە کە پاداشتێکی کەمیش دڵنەوایی بداتەوە.
دڵم بەوە خۆشە گەرمیان بەسەر زامەکانیدا زاڵ بێتو رووی ئەوەی هەیە میوان بانگ بکاو هەرچی بوو لەسەر سفرەو هەرچی بوو لە سەماو گۆرانی لەگەڵیاندا برابەشی بکەن. بە خونچەیەک بەهار نایەت، بەڵام دۆستێکی گەرمیانی زەمانی کۆلێژ، کە وەختێک چاوبازی دەکرد، ئاوەها وەسفی حاڵی خۆی دەکرد:
ئێمەش گوناهین، با کەمێک گوناح بکەین، تا لای خوا ڕووی محاسەبەمان هەبێ.
با گەرمیانیش هەندێک گوناحی ژیاندۆستی بکات، بەس نییە ئەو لەسەر حیساب نرخی موحاسەبەی داوە.

***گۆڤاری هەفتانە: ژ:١٢٠ (٢٠١٠)**

# ٣٣ کرێکارەکەی خەڵاتی نۆبڵ

چیرۆکی هەریەک لە سیو سێ کرێکارەکەی وڵاتی چیلی رۆژێ لە رۆژان دەبێتە رۆمانێکی گەورە کە خەڵاتی نۆبڵ دەباتەوە، یان دەبێتە چەند فیلمێکی سینەمایی کە خەڵاتی ئۆسکار، یان کان بۆ سیناریست یان دەرهێنەرەکەی مسۆگەر دەکات. یان لەوانەیە لە دەرفەتێکی نزیکدا ببێتە ریپۆرتاژی رۆژنامەوانیی ساڵ لە ئەمریکای لاتین یان خودی ئەمریکا زەبەلاحەکەی کە قازانجی کانە دۆزراوەکانی چیلیو هەموو ئەمریکای باشوور لە دواجاردا دەچێتە گیرفانی ئەوەوە. چونکە دەست رۆیشتووی ئابووریی ناوچەکەیەو ئەمریکای لاتین وەک باخچەی پشتەوەی کۆشکی سپی مامەڵە دەکرێت.

جا ئەمە یان خەیاڵ پڵاوییە، یان شرۆڤەیەکی دیکەی ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتینە کە ئەمریکا بە سەرزلەکەی سیستمی سەرمایەداری دەزانن‌و بە بەشێک لە دونیا تایبەتییەکەی مارکیزو گیڤاراو پاپلۆ نیرۆداو سلفادۆر ئەلێندی نازانن، هەرکامێکیان بێت، هیچ لەو واقیعە رۆژنامەوانییە تاڵە ناگۆڕێت کە ئەم رووداوەی چەند رۆژێکە دونیای بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، هەر نەبووە میوانێکی سەنگینی رۆژنامەوانی کوردی، بە رۆژنامەی کوردستانی نوێشەوە، کە ئیدیعا دەکەین روماڵێکی باشی رووداوەکانی دونیای تێدایە. مەعلومە ئەگەر بابایەکی قەومی خۆمان لە خورماتوو بڵێ: ئەرێ برای رۆژنامەنووس، بۆ ئاگات لە حاڵی کۆچڕەوی خەڵک نییە لە خورماتوو؟ دەڵێین سەرقاڵی رووداوەکانی جیهانیین، دەسا کە ئاگات لە چیلیو خورماتوو نییە، ئەی زوومی فلاشت رووی لە کوێیە کە بە شێنەیی هاواریش دەکەین، ئەی دونیا بۆ لە لێقەوماوەکانی کورد بێدەنگ بوو و ئاگای لە حاڵی شڕی ئێمە نەبوو؟..

لێقەوماوانی ٣٣ کرێکارەکە، ٩ یان فەنزوێلی و ئەوانی تر چیللی تا قسەی رابەری میللی کیشوەری لاتین سیمۆن پۆلیڤار بسەلمێنرێت کە دەیوت: ئێمە لە بنچینەدا یەک وڵاتو یەک چارەنووسین، لێقەومانێکە بە بەرچاوی هەموو کامێراکانی

دونیاوە، لە چیللی باسەکە لە ڕووداوی لێقەومانێکی خێزانیی چەند کرێکارێک، یان تەنها دەرکەوتێکی چینایەتی ترازاوەو بۆتە ڕووداوێکی نیشتمانیش. هیمەتی دەزگاکانی فریاکەوتن بۆ دەربازکردنیانو چاودێری لە ئاستی بەرزی دەوڵەتدا نیشانی دەدا پتر بایەخی حکومەتەکان بە هاووڵاتییەکانیان تەنها لەسەر حکومەتە سپۆرتەکانی ئەمریکای زەبەلاح و ڕۆژئاوا قەتیس نابێتو لە ئەمریکای سەر بە گۆبەندیش، ئەمریکای لاتینی، مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە، میدیاکانی دونیاو بەتایبەتیش هی چیللیو تەواوی لاتین، باسو خواسیان هەر ئەم سیو سێ سامانە مرۆییەیە کە بۆ دەرهێنانی شمەکی کانزای کەمەندکێشی سەرمایە کەوتنە چاڵی نزیک لە فەوتانەوە، کێ نەخۆشە، کێ ورەی بەرزەو کەسوکاری ئەو لێقەوماوانە کێن کە خێوەتیان لە شوێنی ڕووداوەکە هەڵداوە، یان کێ لە تیمەکانی فریاکەوتن دەبێتە سۆپەرمانی دەربازکردن؟، ئەمانە وردەکاری ڕووماڵکردنن کە خەریکە باز بەسەر ڕووماڵکردنی بردنەوەی نۆبڵی ئەدەبدا بدات کە ئەمجارەش بەر ئەدیبێکی لاتینی کەوت. لەمەشدا باوەڕ ناکەم نەرجسیەتی ئەدیب ئەم بازدانە کاتییەی پێ قبوڵ نەکرێت، چونکە ماریۆ بارگاس یوسا ڕۆماننووسی پیرۆیی براوەی خەڵاتی نۆبڵ، خۆشی کوڕی ئەم ژینگە کۆمەڵایەتیو سیاسییەی ئەمریکای لاتینە کە بەرهەمهێنەری کانزاو شۆرشی گیڤاراییو دیکتاتۆرەکانو ئەدەبێکی بەرزی مرۆییە.

وەک لە تاریفی ئەم ئەستێرە تازەیەدا هاتووە خۆشی ڕۆمانێکی تەرخانە بۆ کرێکارانی کانەکانو چارەنووسو ئازارەکانیان. ڕۆمانی (لیتوما لە چیاکانی ئەندیز) باس لە ئەفسەرێکی لێکۆڵینەوەو پشکنین دەکات کە خۆیو یاریدەدەرانی دەچنە چیاکانی ئەندیز تا لێکۆڵینەوە لە زنجیرە یەک ڕووداوی ڕفاندنی کرێکاری کانزاکان بکەن، لە وڵاتی پیرۆ.

ڕفاندن لە ڕووداوی ناو ڕۆمانەکانو نوقم بوون لە چاڵە قووڵەکانی واقیع، یەک چارەنووسی ناخۆشن، چارەنوسی مرۆڤەکان کە بەدوای ڕزقو کەسابەتدا تووشی گێچەڵ، یان کەوتنە ناو بیر، یان ڕەوکردن دەبن وەک ئەوەی لە چیللی و لە خورماتوو دەقەومێ. بڕیارە سبەی چوارشەممە، لێقەوماوان لە چاڵەکەدا دەربهێنرێن، دووسبەی ئەم چیرۆکە ناخۆشانە دەبنە ڕۆمانو ڕیپۆرتاژی خەڵات وەرگر.

جا ڕۆژنامەنووسی کوردیش کەیفی خۆیەتی.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: گۆشەی ڕاست و ڕەوان

# ئاواتی بەدینەهاتوو

وەک هەموو نەوجەوان و گەنجی هەشتاکان، منیش حەزم لە دەنگی حەمە جەزابوو، ئێستاش کە لەچاو گەنجە بزێوەکانی ئەمڕۆ لەڕووم نایە بڵێم گەنجم، هەروا حەزم لە دەنگێتی.

بۆ شارێکی تەعریبکراو گوێگرتن لە گۆرانی شیلانەو کیژی کوردستان و بەدزییەوە گوێگرتن لە (خوشکە لەیلا و کوردستانە کوردستانە) سەبوورییەکی گەورەبوو، ئەم حەزە بووە ئاواتی ئەوەی ڕۆژێک بتوانم لەگەڵ کاکە حەمەدا بدوێم، نامەی بۆ بنووسم، یان وێنەیەکی بۆ یادگاری لەگەڵدا بگرم.

نازانم ئەو کاتەتان لەبیرە، هەندێک هونەرمەند کلێشەی نامەیەکیان ئامادەکردبوو کە لە سەرەوە وێنەی خۆیان و لە ناوەڕۆکیشدا سوپاس و سڵاوکردن بوو بۆ دۆستان و خۆشەویستانی دەنگ و هونەر، دیاربوو دۆستێکم نامەی بۆ هونەرمەند حەمە جەزا نووسیبوو، نامە وەڵامی هاتەوە: چەند وشەیەکی جوان و سوپاسگوزاری لەگەڵ ئیمزاو وێنەیەکی کاک محەمەد. وازم نەهێناو هەدادانم نەبوو تا ئەو دۆستە بە ناچاریی نامەی دۆستایەتی بەدیاری دایە من، هەر بۆ سەبووری ناوی ڕەفیقەکەم لابردو ناوی خۆم لەجێی دانا. ئیتر بوومە خاوەنی نامەی هاتوو لە کاکە حەمەوە. چەند خۆشبوو بەو تەمەنەوە نامەی هونەرمەندێکی گەورەت پێبگات!

دڵم ئاوی نەخواردەوە، ئاواتێکم مابوو کە وێنەکە بگرم، ڕێک لە سەرەتای هەشتاکان بوو کە بیستم محەمەد جەزا دێتە شایی و گۆڤەندی دۆستێکی لە کەرکوک، دەوروبەری ماڵە کەرکوکی جمەی دەهات لەو هۆگرانەی شەیدای دیداری هونەرمەندی دڵخوازی خۆیان بوون، مەسافەی نێوان ماڵی میوان و کۆڵانەکەی ئێمە تەنها دوو کۆڵان بوو، لێ بیانووی ئەوەی تەمەنم بچووکە و برای نازداری سێ خوشکی لەخۆم گەورەترم نەیانهێشت بچمە ناو قەرەباڵغی شاییەوە.

ئەو ئاواتەم پێچایەوە، ڕاپەڕین هات کە ڕاپەڕینی بەدیهاتنی زۆر ئاوات بوو،

رۆژی ئاواتەکەی منیش هات: رۆژێک لەو رۆژگارانەی لەحکومەت کارم دەکرد کاک محەمەد میوانی حکومەت بوو، پێش دیداری لەگەڵ سەرۆکی حکومەتدا لە پەیوەندییەکان بەخێرهاتنمان کرد، هەلەو هاتۆتە دەست کە ئاواتم بەدی بێت: کاکە حەمە دەتوانم رەسمێکت لەگەڵ بگرم؟ ئێستاو ئەوساش نازانم ئەو رەسمەم بۆ نەدیتەوە؟ سووتا یان فەوتا، نازانم؟

ئەمرۆ هەلێکی تر هەڵکەوت کە لەگەڵ دۆستانی بنکەی گەلاوێژدا سەردانی (کاکی پێشمەرگە) بکەینەوە، لە تەندروستی بپرسین و گوڵی هیواو ئاواتی چاکبوونەوەی بۆ ببەین، هەڵبەت هەم هونەردۆستان و هەمیش هەموو کەسێکی شەرەفمەندی ئەم وڵاتە کە رێز لە هونەر و لە پێشمەرگەو کوردایەتی دەنێت، دوعای چاکبوونەوەی زووتر بۆ کاکە محەمەد دەخوازێت، ئومێدی ئەوە دەکەن زوو رابێتەوە، زوو بێتەوە کۆری هونەرو ئەفراندن، لە مەقام تا بەستە، لە سروود تا گۆرانی ئەوین و ژیانمان بۆ بڵێتەوە.

من ئاواتێکی تایبەتیشم هەر لە دڵدا ماوە: کاکە حەمەکەی جاران زوو چاکبێتەوە، زوو بەدیداری شادببمەوە و دەرفەت لە باربێت وێنەیەک بۆ یادگاری بگرین.

سا ئەو کاتە بە هەتوانی ئازادی
سارێژ دەبێ برینی نامورادی

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥٢٤١ (٢٠١٠/٧/٢٨)

# بەڵام هەر دەخولێتەوە

هەر شۆڕشو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەقەدەر قەبارەو قورسایی جوگرافی خاوەن چیرۆکو هەقایەتی جێی سەرنجە کە زیاتر لە نووسینو ئەدەبیاتو دروشمەکانی، ئەندێشەی ئەو شۆڕشەو ململانێکانی نێو هەناوی نمایش دەکەن. ئەو چیرۆکو هەقایەتانە ئاوێتەنمای دونیابینی شۆڕشو بزووتنەوەکەن لەسەر ئەرزی واقیع، چیرۆکو هەقایەتی لە گۆشتو خوێن دروستکراونو ئەندێشەو ئایدۆلۆژیای بزووتنەوەکە لە مەنگەنەی واقیع دەدەن.

هەقایەتی (سەگوەڕ)و ماجەرای نووسەرەکەی، رۆماننوسی گەورەی کورد محەمەد موکری، لە شۆڕشی نوێدا، نموونەی هەقایەتو بگرە دەرکەوتووترین هەقایەتی نێو شۆڕشی کوردستانە لە بواری ئازادی نووسینو ئازادی نووسەران لە داهێناندا، ئەم هەقایەتە هەقایەتێکە لە گۆشتو خوێن دروستکراوە. ئەم هەقایەتە تیفتیفە یان گەمەیەکی فکری نییە، خاوەنەکەیو کارەکتەرەکانی دیکەی ناو بزووتنەوەکە، کە دژی هۆنینەوەو دەرەنجامی درامای سەگوەڕ بوون، لە دەست بەتاڵیو بێتاقەتیدا دروستیان کردبێ، دۆخی کوردستانی دەمی سەگوەڕ دۆخی رۆژی حەشری ململانێی کوردو داگیرکەرانی بووە لەشەرێکی بێ ئامانی درێژخایەندا. سەگوەڕ وەکو شانۆگەرییە رەخنەگرانەکەی سارتەر (شانۆگەری دەوامە) نەبوو کە لە فەزای ئەدەبیو سیاسی فەرەنسادا لەدایکبوو، یانی دەرفەتێکی باشی هەبوو بۆ دەرکەوتن بێ ئەوەی فەتوای رەتکردنەوە لەسەر سارتەر بدرێت.

لە دەوامەکەی (سەگوەڕ)دا نە موکری جێی تری هەبووە بۆی بڕوا ئەگەر شۆڕش بڕیاری سوتاندنی (سەگوەڕ)ی بدایەو، نە نەیارەکانی (سەگوەڕ)یش، بەو سیفەتەی شۆڕشگێڕی یاساغ بوون لای رژێمی بەعسی، جێی تریان هەبوو بۆی برۆن مادام لەگەڵ بیرۆراکانی (موکری) هەڵناکەن.

هەیەو نییە، یان ڕاستتر هەبووە نەبووە مادام ئێمە باسی هەقایەتی زەمەنێکی بەسەرچوو دەکەین، هەیەو نییە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش لەبەردەستە کە

شوێنی گردبوونەوەی پێشمەرگەو شوێنی چاپخانەی لە چاپدەری (سەگوەڕ)و زۆنی ئاشکرای خوێنەرەکانی موکرییە. ئەوێ تاقیکردنەوە بوو هەم بۆ ئەندازەی ئازادی شۆڕشو ئەندێشەکەی لەسەر داهێنانو هەمیش تاقیکردنەوە بوو بۆ حەوسەڵەی ململانێکارانی لەگەڵ و دژی (سەگوەڕ) لەڕەچاوکردنی پرەنسیپی پێکەوە هەڵکردنو پێکەوەژیاندا.

جا لە دۆخێکی وادا مادام بەرنامەڕێژی رەوتی شۆڕش (باوکە دامەزرێنەرەکانێتی)، دەرەنجامێکی واقیعییە ئەوی لەسەر تەنگژەی (سەگوەڕ) دێتە جواب یان وەکو خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، (دێتەوە کایەوە): مام جەلالە.

مام جەلال قەولی فەسڵی وت لە ململانێی نێو زۆنی ئازادکراودا، ئەندێشەی ئازادی شۆڕشی لە کونی دەرزییەوە دەرکردو لەیەک مەسافە لەنێوان فەنتازیای چیرۆکو زبری واقیعدا راوەستا.

نە شۆرش بە (سەگوەڕ) ێک تێکچوو و نە رەوتی لە مەودای داهێنانی محەمەد موکریش خۆی لەسەر کاردانەوەی دژە سەگوڕەکان پەکخست. موکری وەکو جاران ئەوەی نووسی کە خۆی باوەڕی پێیەتیو چاکی کرد کە بە کردەوەی داهێنان دەریخست، حوکم لە دنیای ئەدەبو رۆماندا جیایە لە حوکم لە دنیای واقیعدا با تەنانەت ئەم واقیعە دونیای ناو ئازادیو شۆڕشیش بێت کە عەرەفات بە جوانی ناوی (دیموکراتی چەکداریی) لێنابوو. سەرەنجام هەقایەتی (سەگوەڕ)و کۆتاییە گەشبینەکەی جێی دڵخۆشییە لە بواری نموونە هێنانەوەی جێبەجێکردنی دروشمی (نانو ئازادی)دا. بەڵام زەحمەتە بڵێین ئەو حیکایەتە تێری پێویستیەکانی ئەمڕۆمان دەکات. لە کوردستانی ئەمڕۆدا دۆخەکە لەوە ئاڵۆزترە کە نموونەی چیرۆکی (سەگوەڕ) لە ناوچە ئازادکراوەکاندا بەشی بکاتو ببێتە مۆدێلێکی جێی چاولێکردن لە گوندە بچووکەکەی سەردەمی جیهانگیریدا.

داخوازی ئەمڕۆی کرداری داهێنانو ئیدارەی ژیانیش هەر ئازادیو نان نییە، بەڵکو ئازادیو دیموکراسیو رەفاهی گوزەرانو نانو کێکو گەلێک پێداویستی ترە. ئاستی پێگەیشتنی کوردەواریو کێشەکانی ئەمڕۆی روبەڕوی دەیان سەگوەڕ ئاسای تری لێ کردووینەتەوە! تەونێکی ئاڵۆزو جەنجاڵ دەوری داونو گەرەکە بە قەدەر ئەو ئاڵۆزییانە ئەدەواتی مامەڵەو ئەندێشەی بژارەی ستراتیژی بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی سیاسیو فەرهەنگی لەوڵاتی ئێمە کەڵکی دەورانێکی دیکەشی پێوە بێت.

بەندە وەک نووسەرێک نا، بەڵکو وەک خوێنەرێکی چیرۆکو ڕۆمانەکانی موکری، وەک ئەدەب خوێنێکی ناوەناوە کە (سەگوەڕ)و (هەرەس)و (ئەدژدیهاکەی) دوای راپەڕینم بە سەرکردۆتەوە، ئاگاداری هەقایەتی لە سەرکردنەوەی (سەگوەڕ)م، لێ هەرگیز نەمپرسی کە: وا زانیمان کێ داکۆکی لەنووسەری (سەگوەڕ) کردووە، ئەی کێ دژی وەستایەوە؟

ئەوە پرسیاری کۆن بوو، کەچی ئەمڕۆ کە ئەدەبی موکری وەک هەموو ئەدەبێکی رەسەن زیندوو و نەمرەو بۆ دوارۆژیش کەس خاوەندارێتی لە دژایەتی جارانی بۆ (سەگوەڕ)و نووسەرەکەی ناکاتو کاری ئێمەش نییە ئەو کایەی کۆن بە بادا بکەین، بەڵام لەمڕۆدا کە لە سەد لاوە ململانێی بیرۆکەو ئایدیاکان دەبینینو کوردستانیش هەر لەجێی خۆیەتیو رەشەبا نەیبردووە، بە سەرکردنەوەو رێزلێنان لە موکری و داهێنانەکەی لە ئەلبومێکی وادا دووپاتکردنەوەی نەمرێتی ئەدەبو داهێنانە دوای نیشتنەوەی شۆکی جەماوەری خوێنەر.

کەس گرەنتی ئەوە ناکات داخۆ شەڕکردن لەگەڵ کتێب کەی کۆتایی پێدێت؟ بەڵام ئەوەی مسۆگەرە ئەوەیە داهێنان دەمێنێتەوەو نووسەر چەند گوشاریشی لەسەر بێت دواجار، بە وتەش بێت، گالیلۆ ئاسا دەڵێ: بەڵام هەر دەخولێتەوە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: پاشکۆی ئەدگار، تایبەت بەمحەممەد موکری (٢٠١٢/٥/٧)

# کتێبی هەژاری

دەرفەتی دوو رۆژی راگرتنی هەڵمەتی هەڵبژاردنم بەهەلزانی تا شتێک بخوێنمەوە لەدەرەوەی گێژاوی ململانێی هەڵبژاردن بێت.

تائێستا کتێبـی عەرەبی باش دێت بۆ کەرکوک، یەکێک لەو کتێبانەم خوێندەوە: (روانینێکی نویٚ بۆ هەژاری و جیاوازی)، سەرتان نایەشێنم بەئامارەکانییەوە کە هەوڵدەدەم هەندێکیان بخەمە بەردەست بەشی ئابووری کوردستانی نوێ-وە، بەڵام باس و خواسی هەژاری و جیاوازی لەئاستی ژیان و گوزەرانی نێوان چینەکاندا باسێکە نابڕێتەوە، مارکسیزم بەم جیهانەدا گوزەری کردو ئەم کێشەیەی پێ چارە نەکرا، هەن دەڵێن: دەرفەتی پێنەدراو، هەشن دەڵێن خۆشی بووە بەشێک لەکێشەکەو چەپەکان پێیان خۆشە بڵێن مارکس خەتای نەبوو، مارکسیستەکان کەمتەرخەمبوون، هۆکار هەر شتێک بێت ئاکامەکەی شەرتە. هێشتا هەژاری و جیاوازی چینەکان ماوەو ئەوەی خەفەتی سەربارە هیوا بەسیاسەتێکی بەرجەستەی کاریگەر تا دێ کزتر دەبێت.

بەڵام توێژەرانی ئەم کتێبە، کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆری پسپۆڕی بوارە جیاجیاکانی ئابووری و سیاسەت وسۆسیۆلۆژیان، لەبنچینەدا روانینێکی مارکسیانەیان نییە تا لەسنفی ئەوانە بن کە تووشی شۆک و بێ هیوایی هاتبن، بۆیە بێ گرێی دەروونی چارەسەری تر پێشنیاز دەکەن.

گرنگترین شت کە ئەم کتێبە دەیخاتەڕوو، رەچاوکردنی فرەڕەهەندی پرسی هەژاری و جیاوازی نێوان داهاتەکانە، چ لەگۆشەنیگای جیاوازی کۆمەڵایەتی و پایەی ئابووری نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵی وڵاتێک، چ لەنێوان وڵاتانی دەوڵەمەندو وڵاتانی هەژارو چش لەهەڵسەنگاندنی دۆخی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگە جیاجیاکان لەباری پێوەرەکانی هەژاری و لانی کەمی داهاتی هەر کەسێک، یان خێزانێک.

توێژەرەکان بەوە دڵیان ئاو ناخواتەوە بەپێی پێوەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان یان لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکان نیشانەکانی هەژاری دیاری بکەن، بەڵکو ئامارو

داتای نویٚ دەخەنەڕوو کە بەداخەوە بنمیچی بەرزی خواستەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە پڕناکاتەوە. ئەمەش بۆخۆی گرفتێکی گەورەیە کە هێشتا پێویستییەکانی مرۆڤ بەپێی پێوەرەکانی جاران پڕ نەکراوەتەوە، ئەم کائینە بزێوە هەروا دێت خواستی تری لا چەکەرە دەکات.

من وا لەباسەکانی ئەم کتێبە، یان ئەم زنجیرە باسە تێگەشتم کە ئیتر هەژاری و جیاوازی چینایەتی دەبنە داستانێکی ئەبەدی ژیانی سەرگۆی زەوی، چونکە تا ئەقڵ و ئیدراکی زاناو پسپۆڕەکان و تا کەرەستەو گەشەکردنی تەکنەلۆژی دەرفەتی چارە بۆ کێشەیەک دەدۆزنەوە، سەد کێشەی ترو سەد خواستی دیکە پەیدا دەبن کە ژمارەی هەژارەکان و پانتایی نێوان چینەکان گەورەتر دەبن.

ئەگەر ئێوە بەم دەرەنجامەی ئەز پێگەیشتووم رازی نین: فەرموون ئەم کتێبە بخوێننەوە:

روانینێکی نویٚ بۆ هەژاری و جیاوازیٚ ئامادەکردنی ستیڤن بیٚ جنکینز و جۆمایکلرایت. وەرگێڕانی بەدر رفاعیٚ زنجیرەی عالم ئەلمەعریفە ٢٠٠٩ - ولاٚتی کوێت.

*رۆژنامەی کوردستانی نویٚ: ژ:٥١٢٣ (٢٠١٠/٣/١٢)

# کاری باش و کۆتایی خراپ!

فیلمی (Charlie Wilson.s War) بەدێڕێکی جوان کۆتایی پێدێت کە بەم مانایەیە (ئێمەی ئەمریکایی کاری باش دەکەین، بەڵام لەدواییدا ئیشەکە لەخۆمان تێک دەدەین)، فیلمی ناوبراو رێک لەسەر تەجرەبەی یارمەتیدانی موجاهیدین ئەفغانە لەلایەن ئەمریکاوە، هەمان پەند بۆ دۆخی مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ گێمی دووەمی یاریی ئەفغانستان دەگونجێت. لەڕزگارکردنی کابول لەدەست تالیبان کاری باشیان کرد، بەڵام دواتر ئیشەکەیان لەخۆیان تێکدا، ئێستا گوایە بژاری دیپلۆماسی بەکاردێنن و دەیانەوێ لەگەڵ تالیبانە میانڕەوەکاندا بکەونە گفتوگۆوە تا شەڕ لەو وڵاتە دوور کەوێتەوە، یەکێک لەو کەناڵانەی پردی پەیوەندییە لەگەڵ تالیبانە توندڕەوەکاندا، عەبدولسەلام زەعیفە کە ئێستا لەئەفغانستانە، بەر عەفوعام کەوتووەو دانیشتووە، حکومەتی کابول و هێزەکانی ناتۆش هیوایان پێیەتی تا قەناعەت بەکەللە رەقەکانی تالیبان بێنێت بێنە پای دانوستاندنەوەو لەحکومەتی وڵاتەکە بەشداربیکەن.

ئێوە عەبدولسەلام زەعیف-تان لەبیرە؟ ئەم پیاوە کۆپییەکی لەڕو زەعیفی محەمەد سەعید سەحاف بوو، ئەم علوجە لەکاتی هەڵمەتی رزگاریی ئەفغانستاندا رۆژانە وەک وتەبێژو سەفیری حکومەتە لاتەریک کەوتووەکەی تالیبان کۆنگرەی رۆژنامەنووسی دەبەست، لەگەرمەی شەڕی پەلاماردانی ئەمریکا بۆ سەر ئەمارەتی تالیبان لەدوای کارەساتی (١١)ی سێپتەمبەرەوە، زەعیف تراژیدیای شەڕی دەکردە کۆمیدیایەک و لەکۆنگرە رۆژنامەوانییەکانیدا دنیایەک درۆو دەلەسەی لەسەر سەرکەوتنەکانی تالیبان بڵاودەکردەوە، هەروەک چۆن سەحاف رۆژنامەڤانانی دەخستە پێکەنین وەختێک باسی تەفروتوناکردنی ئەمریکای دەکرد. عەبدولسەلام زەعیفیش هەروای دەکرد، کە شەڕی تالیبان بڕایەوەو ئەمریکا چووە ناو کابولەوە، پاش دەمێک زەعیف لەپاکستان دەستگیرکراو ساڵی (٢٠٠٢) برایە گرتووخانەی گوانتانامۆ، ئەمریکا دڵی بەڕاماڵینی تالیبان ئاوی نەخواردەوەو ساڵی (٢٠٠٣)

عیراقی کردە ئامانج، ئیتر لەجێی زەعیف و نوکتە بۆ سەروبەرەکانی سەحاف لەبەغداوە نوتقی دەدا، بەغدا گیراو زانیمان سەحافی علوج لەئیماراتەوە سەری دەرهێنا، بەڵام گوانتانامۆ دوورگەیەکی دوورە دەست بوو، کەس نەیزانی تاقە نوکتەبازە دەم بەپێکەنینەکەی تالیبان، یانی عەبدولسەلام زەعیف، چی لێ هات؟

دەتەوێ بزانیت؟ زەعیف ئێستا لە کابولەو وەک نوشتەیەکی ناتۆ سیحری پەیداکردۆتەوە، ئەمجارەیان نوکتە ناگێڕێتەوە، بەڵکو بەیارمەتی (دوو رۆژنامەڤانی قورمساغی ئەمریکاییە کافرەکان) چیرۆکی سەرهەڵدانی تالیبان و درەوشانەوەی خۆی وەک باڵیۆزێکی حکومەتی مەلا عومەر کە رۆژانە لەئیسلام ئابادەوە هەڕەشەی لەئەمریکا دەکرد، دەگێڕێتەوە.

ناوی کتێبەکەی زەعیف ناوێکی پڕ نەزاکەتە (ژیانم لەگەڵ تالیبان)، لەناونیشانی فیلمێکی هۆلیود دەچێت، تا کتێبی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی فاشستی، لەچەند رۆژنامەیەک پوختەیەک لەکتێبەکەی باسکراوە، ئێستاش بەهەمان ئەقڵیەتی تالیبانەوە رووداوەکان دەهۆنێتەوە. ئەمریکا ئەمەی هێناوەتەوە تا تالیبانی پێ ئاشت بکاتەوە، دیارە سەحاف نەگەڕاوەتەوە بەغدا، بۆیە بۆ ئاشتکردنەوەی بەعسییەکان سالْح موتڵەگ رۆڵی زەعیف دەبینێ، بگەڕێوە بۆ رستەی ناو فیلمەکە نەک دانەیەک لەکتێبەکەی زەعیف: ئەمریکا لەسەرەتاوە کاری باش دەکات، دوایی سەر لەخۆی تێک دەدات.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥١٢٧ (٢٠١٠/٣/١٧)

# کڵاو لەسەر نان..

هەر لە بەشی هونەری ئاسۆوە تا چەند هاورێیەکم پرسیاریان کرد ئاخۆ چ پەیوەندییەک لە نێوان مەسەلەی توتنەکەو کڵاوی سەر سەری ستوونی نوێم هەیە. لە باری هونەرییەوە پاکانەم ئەمەیە با ستوونەکە کەچەڵ نەبێت و بە کڵاوی کوردەوارییەوە خۆی نمایش بکات. لە باری سیاسیشەوە کڵاوی کوردی پەیوەندی زۆرە لەگەڵ توتندا. توتن دیارترین بەهەمی کوردەواری بوو کە عیراق و ئینگلیز مەسەلەی کوردەواریان پێوە گرێدەدا. وەکو پێشتر ئەمانەتێکی مێژوویم گێراوەتەوە نێردراوەکانی دەوڵەتی عێراق و بەریتانیا کە چوونەتە سلیمانی تاجر و پیاوماقوڵانی شاریان بەوە ترساندووە، ئەگەر جیا ببنەوە توتنەکەیان لە کوێ ساغ دەکەنەوە؟ نەقڵێکی نوێشم لە کاک جەلال سام ئاغا بیستووە کە هەر وەختێک بە زاراوەی کۆن (قەلاقل) لە شیمالی عیراق قەوماوە نرخی توتن بەرزکراوەتەوە تا (قەلاقل) نیشتۆتەوە.

جا ئەو توتنە کێ بەرهەمی دێنێ، وەرزێری داماو، کڵاو لەسەری، فەرەنجی لەبەری، کڵاش هەورامی لە پێی کورد نەبێت؟

ئەوە سەبارەت بە پەیوەندییە فەرهەنگی و کەلتورییەکە، با باسی پەیوەندییە سیاسیەکەش بکەم:

دەگوترێ: ئەمجارەش کڵاویان نایە سەر کورد. یانی ئەمجارەش فێڵیان لێکردین. ئەگەر فێڵەکە فێڵی زەبر و زووڵم بێت یاخوا زاڵم و زەبریان تەفروتونا بێت، بەڵام ئەگەر کڵاوەکە لە شوێنێ وەستا بێ و خۆمان بەوپەری خۆشحاڵییەوە بچینە ژێری، ئەوا ئەو نەخش و نیگارە هەر قابیل بە خۆمانە. یانی وەکو (مالک بن نەبی) لە وەسفی هاوکێشەی داگیرکەرو داگیرکراودا وتبووی: "شایانی داگیرکراوی" ئەوەیە ماکی بن دەستی لە دەروونی خۆتدا بێت و پێشی نەزانی.

بەڵام بێ هیوا مەبن، دەبێ مەسەلەکە سەربخەین و بەرهەمی توتنەکەش باشتر بکەین تا بازاڕی هەبێ لە ململانێی نەتەوە موتەمەدینەکاندا. بۆ ئەمەش پێویستمان

به هاوپەیمانی و هاوسۆزی هەیە هەر لە ئەمەریکای دۆستی ئەمڕۆوە تا جەواهیری دۆستی هەمیشەییمان کە بەو کڵاوەی سەریەوە هەنجەتێکی چاکتری پێداین لەسەر پەیوەندی کڵاو و توتنەکە، تەنها هەنجەتێکی ئیجابی و دڵخۆشکەرە لەناو کڵاوکڵاوێنی ناوچەکە و سەردەستەکانی لەگەڵ کورددا کە ناونیشانی دەرکەوتنی سەلبی و ناخۆشن.

دەیسا با چیرۆکی کڵاوی سەرفرازی جەواهیری بگێڕمەوە.

دەزانن کە نەخشی ئەو کڵاوە لەسەری نوسرابوو (کوردستان یان نەمان) دیاری دەستی بەڕێز مام جەلال بوو بۆ ئەو دۆستە بەردەوامەی کورد. جەواهیری خۆی بە گێرانەوەیەکی مەغزادار وتویەتی: حزبی شیوعی چەندین ساڵ هەوڵیاندا کڵاو بکەنە سەرم و بمکەنە شیوعی.هەمووجارێ خۆم لێ دەرباز دەکردن و کڵاوەکەم لادەبرد ،بەڵام مام جەلال کڵاوێکی کردە سەرم کە تامردن نەتوانم لایبەم. هەڵبەتە مەبەستی جەواهیری ئەوە بوو ئەو کڵاوە ئیتر بووە ئیلتیزامێکی مۆراڵی و دەبێ تا (کوردستان یان نەمان) مابێت ئەو لە سەری نەکاتەوە.

جا هەر نەمر بێت جەواهیری و هەموو دۆستێکی بەوەفای کوردو با ئەوانەش لە داخا بمرن کە لە نیگارکێشانی بۆترێتی جەواهیری کڵاویان کردۆتە سەر کورد و کڵاوەکەیان وا نەخشاندووە (کوردستان یان نەمان)ەکەی تەڵخ و ناجۆر بێت. مایەوە سەر ئەوەی روونی بکەمەوە ئەو کڵاوە هی کێیە کە خراوەتە سەر ستوونەکە. ئەوە بەری رەنجی وەرزێڕێکی فەرهەنگی کوردە کە ساڵی پار لەم بازارە بێدەنگەی فەرهەنگی کوریدا بە گیرفانی خۆی کتێبێکی جوانی لەسەر کڵاوی کوردی دەرکردووە.

ئاکۆ غەریبی هونەرمەند بە کواڵیتییەکی بەرزو زانیاری هەمە جۆرەوە چەند ساڵە خەریکی پرۆژەیەکی فەرهەنگی گەورەیە لەسەر کەلەپووری کوردی.ئەم کڵاوە یەک لە نیگارەکانی کتێبەکەی ئەوە.

ئیتر وایە: هەیە هەر بەبێدەنگی پرۆژەی وای هەیە و، هەشە بە هاتووهاوار و ژاوەژاو دەیەوێ کڵاومان بکاتە سەر و هیچ پرۆژەیەکی نییە.

*رۆژنامەی ئاسۆ: ژ:٧٥٠ (٢٠٠٨/٦/٢٢)

# یاسای زمان

ئەگەر زمان بۆ هەموو نەتەوەیەک توخمێکی پێکهێنەری نەتەوەو خۆ جیاکردنەوەی بێت لەوانی تر. ئەوا بۆ نەتەوەی کورد توخمی هەرە سەرەکی ناسینەوەی نەتەوەیی و ئەیقۆنی پاراستنی نەتەوەی کورد بووە لەفەوتان و لەناوچوون.

کورد لەئاین و لەئەدگار لەدەوروبەرەکەی جیا نییە، ئابووریش بیانوویەکی لاوازە لەکاتێکدا سەروماڵی نەتەوە بە تالآن چووبێت. زمان شەرحی حاڵی نەتەوەکەمان دەکات. بۆیە وێستگەی یەکەمی خەباتیش بۆ ناساندنی زمانەکەمان بووە.

زمانی کوردی لەبەشەکانی تری کوردستان دوای دەورانێک نکوڵی و قاودان، ئێستا وەک دیفاکتۆ بەشێوەی جیا خۆی نمایش دەکات. تەنها لەکوردستانی باشوور دانپیانێکی رەسمی هەیەو لەدەستووری پەسەندکراوی ساڵی ٢٠٠٥یشدا وەک زمانی رەسمی هاوشانی زمانی عەرەبی بۆ سەرتاسەری عیراق دانپیانراوە.

بەڵام ئەو دانپیانانە وەک زیاتر لەپەنجا برگەی دیکەی دەستوور گرێدراوی دەستەواژەی (ئەوە بە یاسا رێکدەخرێت) کراوە.

ئەو کاتەی ئەم دانپیانانە لەدەستوور نووسرا، عیراق لەبەهاری دیموکراسیدا بوو، کوردیش نەورۆزی ئەو بەهارە بوو، بەڵام ئێستا کە گفتوگۆ لەسەر یاسای زمانە رەسمییەکان دەکرێت شۆڤێنیزم و بیری تەسک چەمۆڵە لە بژارەی دەستووری دەدەن زمان و زمان لەعیراقی دیموکرات و فیدراڵ دەردێنن.

دۆخی ئێستا کە هاوپەیمانێتییەکانی سەرەتای ئازادیی عیراق وەکو خۆیان نەماون، باشترین دۆخە بۆ ئەم شۆڤێنیانە تا لەبەڵێنەکانی جاران پاشگەز ببنەوە. هەرچەندە بەحیسابی بنەچە بێت، حوکمڕانەکانی ئەمڕۆ بە میراتی جەواهیرییەوە دەنازن بەڵام لەمەسەلەی زماندا بیرکرنەوەیان وەک بیرکردنەوەکانی ساتیعو حوسەرییە، بۆیە بیانوو لەدژی زمانی کوردی دادەتاشن. بۆ کورد دەستوور مەرجەعە کە زمانی رەسمی وا تەفسیر کردووە شان بەشانی زمانی عەرەبی

لەهەموو نووسراو و ئاماژە رەسمییەکانی دەوڵەتی عیراقدا زمانی کوردی هەبێت، وەگەرنا تەفسیرەکانی تر، لەعیراقی پادشاییەوە بۆ عیراقی سەدامی، ئیشی پێکراوەو شتی نوێی تێدا نییە.

لەم ئاستەدا دەبێ نوێنەرایەتی کورد لەبەغدا تەنها وەک (ئەبێ و نابێ) رایەکی زمانەوانیی سەیری ئەم پرسە نەکات. ئەمە نە زمانەوانی و نە تەنها کایەیەکی رۆشنبیرییە، ئەمە ئاماژەیەکی نەتەوەییە کە سەدان ساڵە قەوارەی بوونی نەتەوەییمانی پاراستووە. دانپیانانی دەستووری و بەرجەستەکردنی ئەمەش لەیاسادا دانپیانانە بەجیاوازی و سەربەخۆیی و حەیسییەتی کورد.

پرسی زمانی کوردی هیچی لەپرسی نەوت و غازو کەرکوک کەمتر نییە، بێ زمان نەتەوەی کورد بوونی نابێت کە داوای نەوت و کەرکوک بکات. بێ زمان مەگەر بە زمانی ئەوان لەمافەکانمان بدوێین.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦١٣٩ (٢٠١٣/٧/٢٥)

# حسێن میسری

جاران کە حسێن میسری-م دەبینی بەقسەی خۆش چاک و چۆنی لەبیر دەبردمەوە، ئینجا باسی دراماو کەرکوک و رۆژنامەنووسی دەستپێدەکرد، هەموو دەمێک دەمگوت: میسری! فەرەزەن، فەرەزەن تۆ شانۆگەرییەک لەسەر شانۆ نمایشدەکەیت، من لەناکاو دێمە سەر تەختە، ئەکتەرەکانت تووشی شۆک دەبن، تۆ هەر ئەوەندە کارەکتەرت هەیە کە لەسەر تەختەن و هەر ئەوەندە دیالۆگت پێداون کە بەشی راییکردنی نمایشەکەن، لەو حاڵەدا چیم لێ دەکەی؟ یان وەکو خۆتان دەڵێن لەڕووی شانۆییەوە چۆنم موعالەجە دەکەیت؟ میسری بەنوکتەوە دەیوت: دەتۆ وەرە سەر شانۆ خۆم دەزانم چۆنت موعالەجە دەکەم.

قەت پێی نەوتم چۆنی چارەسەر دەکات؟ چی لەئەکتەرێکی، خۆسەپێنی، شانۆگەرییەکی، بەمەحکەمی دارێژراو دەکات؟

دەزانم حسێن چارەسەری پێ بوو، ئەوکە هەمیشە دەستپێشخەری لەدەستدەهات و هەندێکجار نمایشی ئەنفالی دەبردە ناو جادەو شەقامی قەرەباڵغ و بینەرانی دەکردە بەشێک لەتێکستەکەو نمایشی پێدەکردن، بێگومان چارەسەرێکی بۆ منیش دەدۆزییەوە، چارەسەری کەمتەرخەمی ئەوەشی بۆ دەکردم کە نەمتوانی بچمە نمایشێکی نازداری خوشکی بەڕێزم چیمەن ئیسماعیل کە بۆ یادو یادگاری حسێن میسری سازیکردبوو.

من نەمتوانی بچمە ئەو یادەو وەفاداری بەرامبەر میسری و چیمەنی خوشکم بنوێنم، سەرقاڵی بەم تەنورە رۆژنامەوانییەی چەند پوش و پەڵاشی تێدەکەیت و بڵێسەکەی هەر دەڵێ (هل من مزید؟)، نەیهێشت ئوسوڵ و واجبم رایی بکەم.

هەڵبەت زۆر بۆنەی وام لەکیس دەچێت، بەتایبەتی هی ئەو بوارە تەلیسماوییەی هونەری تەشکیلی کە بەندە هیچ شتێکی لێ نازانم و کەمترین رۆشنبیریم لەبارەیانەوە نییە، بێ تەوازوع نواندن دەزانم ئەمە کەموکوڕییە لەماریفەتی هونەری ئەزو، پێشم شەرم نییە دانی پێدابنێم.

بەس ئەم دانپیانانە موعالەجەیەکی شانۆیی کەمتەرخەمی بەندەیەو دەبوایە هەربچم، هەم بۆ وەبیر ئانینی حسێن میسری و هەم بۆ بەسەرکردنەوەی چیمەنی خوشکم کە لەوەتەی حسێن کوردستانی جێهێشتووە بەتەلەفۆنێکیش هەواڵم نەپرسیوە، چەند عەیبە بۆ من، کە کەمتەرخەمی بە کەمتەرخەمی تر پاساو دەدەم. حسێن-ی برام واز لەشانۆگەری بێنە، هەر بەفیعلی چۆن خوشکەکەم ئاشت بکەمەوە؟ کە هەموو جارێک بۆ دونیای هونەری تەشکیلی داوەتم دەکاو منیش بۆ ئەوەی نەبمە مستەر بین، لەبێ سەلیقەیی و بێ چێژیدا، تەمبەڵی و سەرقاڵی داگیرم دەکەن؟

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ٥١٢٩ (٢٠١٠/٣/١٩)

# درامای حسێن

دراماکەی حسێن تراژیدیای ناخۆشی نییە بە مانای حوزن‌و دڵتەنگی‌و لاواندنەوە، یانی درامایە نەک تراژیدیای پاڕانەوە بۆ فرمێسکو بەزەیی درۆزنانە. تەنانەت کە پەژارەو ناخۆشی وەک زنجیرەی "نیشتمان"یشی تێدا بێت، خەمی کۆچی چۆلەکەکان و خۆرنەوازان‌و حەسەنە فەنی و ڕەشەی پۆلیسیش داپپۆشیبێت، هێشتاش هیوایەک لە شێوەی نەرمە باران‌و نەغمەی مۆسیقایەکی هێمن لەم گرتەو ئەویتردا خۆی نمایان دەکات.

دراماکەی حسێن درامای تەحەدایەکی هونەرییە لە دۆخێکدا تواناو دەرفەتی بەردەم هونەری دراما لەکوردستانی گەمارۆدراوادا هەر زۆر کەم بوو. وڵاتی گەمارۆدراو مەحرومە لە ئەزموونی متمانەپێکراو، لە دەرفەتی بڕینی قۆناغەکانی گەشەی هونەری، لە توانای ماددی و تەقەنی بۆ کاری هونەری. مەحرومە لە هەموو ئەمانەو مەحکومە بە ئەزموونی ڕاستو چەپ، هەڵەو چاککردنەوە تا وەکو ئەزموونی باش کەڵەکە دەبێت. حسێن میسری‌و فەزای کارکردنی خۆی‌و هاوڕێکانی لە درامای خاک زنجیرەیەک تەحەدایان بە کەمترین توانای ماددی و زۆرترین توانای مەعنەوییەوە بەڕێوەبردو زۆرترین ئەزموونیان کەڵەکە کرد کە وا بکات کاروانە درامییەکە بەردەوام بێت.لە کوردستانی سەرەتای دوو هەزاردا کارکردن لەزنجیرە درامای هونەری وەک بەرپاکردنی شیواشۆکێک بوو لە پێکەوەلکاندنی ئامێرو کەرەستەی خۆماڵی بۆ دروستکردنی پاڵاوگەی بەرهەمهێنانی سامانە ڕەشەکە. حسین میسری نەوتی تواناو بەهرەی لە خاکدا دەرهێناو وەبەرهینانی تێدا کرد.

لە کوردستانێکدا تا هەشتاکانیش خانمان نەدەهاتنە بواری کاری نواندن‌و تەمسیلی نووسین و سیناریۆنووسان بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران، چ جای ئەوەی زنجیرەیەکی درامی بنووسرێت.دوای نزیکەی بیست ساڵ لە دۆخی گەمارۆداندا ئەم کارە ناوازانە بەرهەم بهێنرێتو جێی ڕەزامەندی خەڵک بێت لە وڵاتو لە لای کوردی تاراوگەش کە تازە لە ڕێی سەتەلایتو لە ڕێی کوردسات-ەوە ئاگاهی لەسەر وڵاتە

گەمارۆدراوەکەی پەیدا دەکردو بە شەوقەوە پوختەی ژیانی خەڵکی لە پەنجەرەی دراماوە پێدەگەیشت، لەو کوردستانەدا درامای حسێن و چیرۆکی ژیان هەبوو.

دراماکەی حسێن تراژیدیا نەبوو، بەڵکو چیرۆکی بەرەنگاری لەمپەڕەکانی بەردەم تەلەفزیۆنی کوردی بوو، تا ببێتە تەلەفزیۆنێکی فەرهەنگیو ئاوێنەی خەمو خولیاکانی خەڵک، دوور لە سیاسەتو رۆژانەی تەسکی حزبایەتی ئەندێشەی خەڵک، ئەوکات ئەندێشەی درامای کوردی بوو کە لە سلێمانی و کوردستانەوە پەخشی هەبوو، ئەوکاتە میزاجی کوردەواریمان بە دۆبلاژ و چیرۆکی درامای بیانیی داگیرنەکرابوو کە دراماکانی حسێن مشتومرو گفتوگۆ، بگرە کێشەشی لەکۆڕو کۆمەڵیشدا دروستدەکرد.

تەنانەت لە دوای نەمانی گەمارۆ و کرانەوەی دەرفەت لەبەردەم تەلەفزیۆنی ترو درامای تر هێڵی باریک و ناسکی کارکردنی میسری تایبەتمەندی خۆی پاراست. رەنگە درامای نیشتمان کە لە ناوجەرگەی کەرکوکی ئازادکراوی، گەمارۆدراو بە تیرۆرو تۆقاندن تۆمار کرا، باشترین نموونەی بەردەوامی کارە جوانەکانی حسێن بێت. درامای "نیشتمان" کۆتاییەکی کراوەیە بۆ ململانێی گەڕانەوەو نەگەڕانەوەی راگوێزراوی نیشتمان، لە وەختێکدا هەڵمەتێکی دروشمبازی لەسەر ژیانی ئاوارەی ناو نیشتمان هەبوو، لەوێدا میسری چیرۆکی مرۆڤە ئاساییەکان تۆمار دەکات کە گیانی لە ململانێی گەڕانەوە بۆ زێد و پەیوەست بوون بە تۆڕێک لە دەزووی خزمایەتیو هاورێیەتی سەردەمی ئاوارەیی لە کوردستانی رزگار، داڕژاوە. گەرەکێتی لە ناو دۆست و هاوڕێکانی جارانی بێتو ترسی لە دووبارە بە بارمتەبردنی منداڵەکەی لەبەردەم تۆپی یارییەکی بێ کۆتاییدا ڕایدەگرێت. کۆتایی کراوەی زنجیرە دراماکە جوانترین گوزارشتە لەوەی هونەر نایەوێت کۆتاییەکی میکانیکی بسەپێنێت، وەک ئەوەی سیاسەتی لە قوتووکراو دەیخوازێت.

میسری ئەگەر ئەوەی بکردایە دراماکەی کۆتایی دەهات. بەس ئەو کارێکی کرد لە کۆی زنجیرە دراماکانی خاکدا هەمیشە دەرگا کراوە بێت بۆ درامای ترو هونەرمەندو سینارستی تر، ئەگەر بخوازن وێستگەیەکی تر ببوژێننەوە.

دراماکەی حسێن زۆری بە بەرەوە مابوو، لێ زەمەن هەر دەرفەتی ئەوەندەی دا. ئەم درامایە هی ئەوەیە، نەک فیلمێکی دیکۆمێنتاری بەڵکو درامایەکی هونەریشی لەسەر بکرێت. ئەم رێزلێنانە هاوبەشەی خاک و کوردستانی نوێ دەشێ پەنجەرەیەک بێت بەڕووی ئەو ئەرکەدا.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٧٩ (٢٠١٦/٥/٢٤)**

# دیاری کتێب

با بیرۆکەی بەدیاری ناردنی کتێب دروست بکەین. ئەمەش وەک داوایەکی رۆشنبیریی پەتی ناخەمەڕوو، بەڵکو وەک دەرەنجامی گەشەکردنی چاپەمەنی کوردی باسی دەکەم. گەلێک جار لەهەولێر، سلێمانی و دهۆک و تەنانەت لەکەرکوکی تەعریبکراویش جوانی کتێبی کوردی دەبینم، پێی دەگەشێمەوە، بەتایبەتی ئێستا هەندێک دامودەزگای نادەوڵەتی و ناحزبی پەیدابوون کتێب بۆ بازرگانی و قازانج چاپ دەکەن. بەپێچەوانەی بیروڕای هەندێک دۆست من دڵم بە بازرگانی کتێب خۆشە، ئەمە هەم گەواهییە لەسەر ئەمەی کاسبکاری کورد خەم و خولیای دیکەی لاپەیدابووەو هەم ناونیشانی ئەوەشە کتێبی کوردی رمێنی پەیداکردووە. چی لەوە خۆشتر؟

لەبازاڕ هەموو هەفتەیەک دەستەیەک کتێبی نوێ، لەوانەی دەشێ بەدایکی کتێبە کوردییەکان ناوبنرێن، چاپ و بڵاودەبنەوە: دیوانی شاعیرەکان، جلدەکانی مامۆستاو زانا عەبدولکەریم مودەریس و کتێبەکانی مامۆستا عەلائەدین سەجادی و سەدان کتێبی بەنرخی وەرگێڕدراوی مێژوویی و فەرهەنگی و ئەنسکلۆپیدیایی.

رەنگە ئەوە کەموکوڕی بێت کە کەس نازانێ مافی مەعنەوی و ماددی نووسەرەکان و بنەماڵەکانیان پارێزراوە لەو چەند بارە چاپکردنەوانە یاخود نا؟، بەڵام ئەگەر وەک کاڵەک خۆر لەمەسەلەکە بڕوانین ئەو دۆخێکی یەکاویەکە ئەو هەموو کتێبە بازاڕەکانی داپۆشیووەو دەکرێ وەزارەتی رۆشنبیریی ئەوە بێستان رنە بێت کە لەومافە رەوایانە بپرسێتەوە.

بێمەوە سەر بیرۆکەی بە دیاری ناردنی کتێب. نازانم بۆ لەکوردستاندا ئەم بیرۆکەیە وەک رەزیلی و کەم بایەخی خەڵات و خەڵات بۆکراو سەیر دەکرێت؟ لەکاتێکدا ئەگەر قسە لەسەر نرخی ماددی خەڵات بێت ئەوا زۆر کەس دەڵێت بەهای دیاری بە نییەت و رێزی دیارییەکەیە نەک بەوەی چەندی تێچووە؟

ئەگەر قسەش لەسەر جۆرەکەی بێت، خۆ کتێبیش وەک زۆر شتی تر نرخی

جیاجیای هەیە. کەوابێ بۆچی خراپە ئەگەر لەم کتێبە چاپکراوە نازدارانە ئێمە بتوانین دیاری بۆ دۆست و هاوڕێکانمان بنێرین؟

چەند جوانە دیوانی نالی بە چاپێکی جوانەوە دیاری دەستمان بێت بۆ هاوڕێیەکمان کە دەزانین هۆگری کتێبە، هۆگری شیعرو بەرهەمە رەسەنەکانی داهێنراوی مرۆڤی کوردە؟

بۆ خۆم چەند رۆژ پێش ئێستا وامکرد. هەر هەشت بەرگەکەی (رشتەی مرواری)م بە دیاری کڕی بۆ برادەرێکم کە دۆستی کتێب و خوێندەوارییە. پێشموایە شتێکی باشم کردووە. دڵنیاشم ئەویش پێی خۆش دەبێت.

باشە تاقیتان کردۆتەوە کە هەموو بەرگەکانی هەزارو یەک شەوە بکەنە خەڵاتی هاوڕێیەکتان کە تازە بنەی داناوە. بۆ سووچی کتێبخانەکەیماڵەوە جوانە، وانییە؟

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥١٣٥ (٢٠١٠/٣/٢٩)

# رەمەزان تی ڤی

## (١)
## حەسەن و حسێن

کەناڵی (NRT) زنجیرە درامای دینی حەسەن و حوسێن بەدۆبلاژی کوردی بڵاو دەکاتەوە. درامای حەسەن و حسێن رەنگە وردەکارترین تێکستی هونەری بێت لەبواری دراما دینییەکاندا لەبەر زۆری ئەو سەرچاوەو مەرجەعانەی بۆ گێڕانەوەی رووداوە مێژووییەکانی هەستیارترین قۆناغی حوکمڕانی ئیسلامی پشتی پێ بەستراوە، هەر وا لەبەر هەستیاریی باسوخواسەکانی چەکەرەی ململانێی مێژوویی شیعەو سوننە کە هەزارو چوارسەد ساڵە تەوزیف دەکرێ و بۆ ململانێی سیاسی هەنووکەیش دەخرێنە گەڕ.

بەڵام هەر لەبەر ئەم هەستیارییەشە، کاردانەوە لەئاستی ئەم درامایە مەزهەبی و سیاسی بوو. بەتایبەتی لەعیراق کە بەئاشکرا بڵاوکردنەوەی ئەم درامایەی قەدەغە کرد. ئەمە کە ئێستا لەتیڤییەکی کوردییەوە بڵاو دەبێتەوە، بەڵگەی ئەوەیە کوردستان دوورگەیەکی جیایە لەعیراق، هیچ نەبێ لەڕووی میدیاییەوە. ئەمە ئەگەر عیراقییەکان پێی نەزانن و نەیکەنە هەڵڵا.

بەڵام وردەکاری لەگێڕانەوەی درامادا مانای ئەوە نییە ئەم درامایە بێ کەموکوڕییەو، لەهەندێک وێستگەدا شپرزەیی پێوە دیار نەبێت. بەتایبەتی لەئەڵقەکانی کۆتاییدا کە خیتابی سیاسی بەسەردا زاڵە. هەروا موبالەغەیەکی زۆر هەیە لەسەر رۆڵی ئەغیار لەقووڵکردنەوەی ململانێی نێوان دەستەبژێری موسڵمانان لەو سەردەمەدا. ململانێی توندی سیاسی لەسەر پێگەی سیاسی و مەعنەوی لەهەناوی گەشەی کۆمەڵی ئیسلامیدا هەبووەو، بایی ئەوەندەش زەق و زاڵبوو کە پێویستی بەدنەی نەیاران نەبێت. ئەمە دیدێکی عروبییە کە ڕوانینی ئەمڕۆ بەسەر دوێنێی دووردا دەسەپێنێت.

لەم دوو ئەڵقەیەی دیمان بەشێوەیەکی گشتی دۆبلاجەکە باشەو، رەنگە ببێتە ئەزموونێک بۆ وەرگێڕان و دۆبلاجکردنی درامای دینی و مێژوویی دیکەش کە زمانێک و تۆنێکی تایبەتی ئاخاوتنی هەیە.

## (٢)

## درامای ناکامەکان

ئەگەر میسر مژولی دۆخی نەبەکامە سیاسییەکانی خۆی نەبایە، ئێستا دۆسێی زنجیرە درامای (ناکامەکان، قاصرات) دەبووە بابەتی ڕای گشتی لەم وڵاتەدا.

زنجیرە (درامای القاصرات) سیناریۆی سەمیح ئەلحەریری و هونەرمەندی ناسراوی میسر سەلاح سەعدەنی پاڵەوانی سەرەکییەتی. بەڵام لەپاڵ ئەودا کۆمەڵێک کچی هەرزەکار رۆڵی کچە قاسیرەکان دەبینن. ئەمانە خۆیان وا نواندووە چەند رەمەزانێکی تر دەبنە کارەکتەری زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان. رۆڵگێڕانی ئەمانە لەبەرجەستەکردنی تراژیدیای کۆمەڵێک منداڵی بەشوودراو، وەک دیاردەیەک لەسەعیدی میسرو زۆنی دواکەوتووی هەموو کۆمەڵێکی رۆژهەڵاتی، دەبێتە باعیسی سەرکەوتنی ئەم زنجیرە تەلەفزیۆنییە. ئایا پێویست دەکات قسە لەسەر لێهاتوویی سەعدەنی بکەین کە لەدوای "ليالى الحلميه"، رۆڵی سلێمان غانمی بینی، رۆڵی عومدە ئیتر هەر لەخۆی دێت؟

ئەم درامایە بەسەرەتایەکی دراماتیکییەوە هاتووە، بەرجەستەی ئازارو مەینەتی کۆمەڵی لادێی دەکات کە لە دەرەوەی پێوەرەکانی یاساو لێپرسینەوە و شارستانیی گوزەرانی خەڵکەکەی هەڵدەسوڕێت. هەژاری و نەداری هەمیشە ئەم توێژە دەکاتە قوربانی دەستی عومدە و ئاغاو دەسترۆیشتووان. بەڵام ئەمانە وەکو قوربانین، جەللادیشن بۆ ماڵ و منداڵەکەشیان. بۆیە دەبنە پێخۆری مەیلی چەوساندنەوە لەلای دەوڵەمەندو دەسترۆیشتوان. کچیان، بڵێن کچیان یان منداڵیان؟، هەرزان فرۆش دەکەن. بۆ ئەوەی ئەو سەودایەش سەربکەوێت بەپسکیت و شەکەرلەمە و شیرینی و بوکەشووشە فریویان دەدەن.

تا ئێستا پێنج ئەڵقەمان بینیووە، بەڵام تا قاسیرەکان قسوور نەکەن و رۆڵیان جوانتر بێت شانسی ئەم درامایە لەڕیزبەندی دراما براوەکاندا زیاتر دەبێت. بەڵام بۆ کاریگەری لە ناو کۆمەڵ و وروژاندنی ئەم باسە لەناو رای گشتیدا تا وەکو نەریتێک چەمۆڵەی لێ بنرێ و قەدەغە ببێت، هێشتا زۆری ماوە. چەند درامایەکی تری گەرەکە..

(قاسرات) ئەهێنیٚ کاتی بۆ تەرخان بکرێت، لەکەناڵەکانی درامای "ئێم بی سی" پەخش دەکرێت.

## (٣)

## فاڵگرەوە

درامای عەراف شیرینی و لوقمە قازی سفرە رازاوەکانی درامای رەمەزانە. عەراف دووەم ئەزموونی درامی عادل ئیمامە لەوەتەی میسر شۆڕشی کردووە. ساڵی پار درامای فرقە ناجی عەتائوڵڵای کرد کە موبالەغەو ئەکشنێکی سیاسی زۆری تێدا بوو، بەڵام لەعەرافدا تێیهێنایەوە .توانی قۆناغی دڵەراوکێی دوای شۆڕش تێپەڕێنیٚ کە توانجێکی زۆری لێگیرا.

عەراف تێکەڵەیەکە لە دەرکەوتنە تازەکانی عادل ئیمام لە فیلمی زەهایمەر و مورجان ئەحمەد مورجان. بڕێکی زۆری فەنتازیا، ئەدگاری شیرینی کۆمیدیای ئیمامی و هەندێک توانجی هاوسەنگ کە شپرزەیی و خۆنواندنی درامای فرقەی ناجی تێدا نییە.

عادل ئیمام ئەمجارە درامایەکی هاوسەنگی هەڵبژاردووە کە دوو دونیای جیاوازی میسر: دونیای های لایفەکان و دونیای پەراوێزکەووتوانی ناو گۆڕستان و عەشوائیاتی دەرەوەی شارەکان. لەو نێوەندەدا لەجێی ئەوەی وەک هەر کۆمەڵێکی ئاسایی و نۆرماڵ چینی ناوەڕاست هەبێت، چینێکی تەڵەکەباز پەیدا دەبێت کە وەک جیوە ناگیرێت، کڵاو دەکاتە سەر دەوڵەت و دەوڵەمەند، تەلەکابازێکی سپۆرتە هەم تەرزە ژیانێکی خۆشگوزەران، بە پارەی حەرام، بۆ خۆی دابین دەکات و هەمیش وەک رۆبن هۆد پارەی تەڵەکابازی و دزی بەسەر دارو دەستەکەیدا دەبەخشێنێتەوە کە دراماکە وەک هەژار، ئەمما ژیر و زۆرزان نیشانیان دەدات.

عادل ئیمام بیٚ تێکست و گرێی درامیش، دراما بکات، خۆش دەردەچێت، خۆ ئەگەر کوڕەکەی "رامی ئیمام" سەروکاری دەرهێنانی بۆ بکات، ئەوا کڵاشەکە بە پێی باوکی دەدورێت.

ئیمامی باوک و کوڕ لەم چەند فیلمەی دوایی و لەم درامایەشدا کە "یوسف معاتی" نووسیویەتی، ئاستێکی بەرزی تەکنیکی و هونەری نیشان دەدەن کە شان لەشانی دراما رۆژئاواییەکان دەدات، خەریکە وەک درامای رۆژئاواییش لە درامای ئیمامدا، ئامازەو مۆسیقاو باگراوندی دیمەنەکان زاڵ دەبن. ئەوە کە عادل ئیمامی

قسەخۆش بەکەمترین قسەوە هەمان هەستی خۆشی جارانمان دەداتێ بازدانێکی دیکەی زەعیمە لەرێی زەعامەتدا.

## (٤)
## تەوژمێکی گەرم

داهێنەری میسری ئوسامە ئەنوەر عەکاشە، لەبواری ئەدەبدا خۆی بەشاگردی نەجیب مەحفوز دەزانێت، لەبەر ئەوە بەشێکی بەرچاوی چیرۆکو رۆمانەکانی لەوانەش (مونخەفەز ئەلهند ئەلموسمس) وەک ئەوانەی مەحفوز گشتگیرن، دیوی ناوەوەی کەسایەتییەکان تەی دەکەنو لەناو دیمەنێکی ئاڵۆزدا چیرۆکێکی ئامانج روونمان پێشکەش دەکەن.

بەپێچەوانەی ئەو درامایانەی خۆی بۆ تەلەفزیۆن نووسیونی، چیرۆکە نووسراوەکانی عەکاشە هێدیو لەسەرخۆنو بەشێنەیی ناخی کەسایەتییەکانت پێ نیشان دەدەن. لەبەر ئەوەش درامای (تەوژمێکی گەرم) کە لەو رۆمانەی عەکاشەوە وەرگیراوە، ئەو بزاوتو تەشویقەیان تێدانییە کە لەدراما تەلەفزیۆنییەکانی عەکاشەدا هەیە، بەڵام ئەگەر سەبر بکەین، دەزانین هەمان مەسجو هەمان رۆحی دراماییان تێدا زاڵە.

درامایەکی کۆمەڵایەتی بەباگراوندێکی سیاسییەوە، کە سیناریستی لاو خانم مریەم نەعوم هەوڵێکی زۆری داوە دونیای عەکاشی پێ بگوازێتەوە. چیرۆکەکانی عەکاشە خەسڵەتی گێڕانەوەی ململانێی نێوان دژەکانی هەیە. هەمیشە کەسێک هەیە کە خەباتگێڕێکی سیاسیی تێکشکاوەو لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیو ژیانی بەرجەستەدا تووشی کێشە دەبێت. هەروا کەسایەتی فەرمانبەری مەسەلەکی کە سنووری خزمەتی پەیوەستە بەئەرکی سەرشانەوە، لێرە نموونەی ئەفسەری لێکۆڵینەوە ئەم رۆڵە دەگێڕێت کە فەرمانبەرێکی دەوڵەت ژیانی وەزیفەی دەباتە ماڵەوەو لەوێ بەرجەستەی دەکاتەوە.

ئەفسەری لێکۆڵینەوە کە (ئەیاد نەسار) رۆڵەکەی بەجوانی بەرجەستە دەکات، ئەم پەرەسەندنە درامییە دەگەیەنێتە ئاستی پێویستی رۆمانەکە، سیناریۆکە. نەسار ئەکتەرێکی ئوردنییە کە دوای ئەوەی لەدرامای جەماعەدا رۆڵی (حەسەن بەننا)ی بەجوانی گێڕا، لەناو بازاڕی قەرەباڵغی هونەری میسرییدا جێی خۆی

کردۆتەوە. ئەم ڕۆڵە تازەیەش جێگاکەی گەرمتر دەکات.

ئیقاعی هێمنانەی دراماکە نزیکی دەکاتەوە لەدرامای یەک ئەڵقەیی، بەڵام زۆری ڕووداوەکان یارمەتی دەدات لەپێکەوە گرێدانەوەی ئەڵقەکانی وەک یەک زنجیرە. هێشتا زووە حوکمی کۆتایی لەسەر سەرکەوتنی یەکجارەکی بدرێت. تائێستا بەشی ئەوەی تێدایە هانی بینەر بدات لەگەڵی بڕوات.

## (٥)
## خشتەت داناوە؟

ئیتر وا هەفتەیەک بەسەر ڕەمەزاندا تێدەپەڕێت، لەکۆتایی ئەم هەفتەیەوە بینەری دراما هەڵوێستی خۆی لەسەر دراماکان یەکلا دەکاتەوە. داخۆ لەم لێشاوی بەرهەمە عەرەبی و دۆبلاجکراوە تورکی و هندیانە تاسەر لەگەڵ کام یان چەند دراما دەڕوات؟.

بینەر لە هەفتەی یەکەمدا گرەو لەسەر هەموو دراماکان دەکات، چونکە مامەڵەی سەرەتاییە. ئینجا لەکۆتایی هەفتەدا بۆی ساغ دەبێتەوە کە دەبێ جەخت لەسەر کام بژارەی بەردەمی بکاتەوە؟ ئەوی لەگەڵ زەوق و سەلیقەی خۆی، یان ئەوی ئەکتەرە پەسەندکراوەکەی خۆی تێدایە یاخود زۆربەی جاریش، مادام ڕەمەزان گردبوونەوەی خێزانەکانە، ئەوی ماڵ و مناڵەکانی پەسەندی دەکەن.

لەم هەفتەیە بینەر، بەتایبەتی بینەری وەفاداری دانیشتوو لەماڵەوە، خشتەیەک بۆ دراماکان دادەنێت کامیان سەعات چەندو کامیان سەیری دووبارەکەی لە شەو لەهەمان کەناڵ یان لەکەناڵێکی تر بکات؟، بینەر لەم خشتەیەدا جێی درامای پەسەندکراوی خۆی بە گوێرەی باشی و چێژی زۆر و هەندێک جاریش بەگوێرەی گونجاندنی کاتەکانی دەکاتەوە. ئەو درامایەی جێ پەسەندی هەموو بنەماڵەیە بۆ ئێوارەی کاتی ڕۆژوو شکاندن یاخود وەکو لە بواری میدیای درامادا پێیدەڵێن لە لوتکەی کاتەکاندا تەماشا دەکرێت. ئەوانی تر بۆ درەنگترو هەندێکیش بۆ ڕۆژی دواتر لەکاتی نیوەڕۆدا.

لەم نێوانەدا درامای وا هەیە پاشەکشێ دەکات بۆ کاتی دوای ڕەمەزان. وەک چۆن تەلەفزیۆنەکان هەندێک دراما بەهەرزانتر دەکڕن وەختێک ڕەمەزان

تێپەڕدەبێت، ئاوا بینەریش لە کاتی هەرزانتری دوای ڕەمەزان سەیری ئەوانە دەکات کە لەقەرەباڵغی ڕەمەزاندا فریایان نەکەوتووە؟.

تۆ خۆت یەکلایی کردۆتەوە؟ خشتەت داناوە؟.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: لەژمارەکانی:٦١٢٨، ٦١٢٩، ٦١٣٠، ٦١٣١، ٦١٣٢ لەبەروارەکانی ٢٠١٣/٧/١٢، ٢٠١٣/٧/١٤، ٢٠١٣/٧/١٥، ٢٠١٣/٧/١٦، ٧/١٧/ ٢٠١٣ بڵاوبوونەتەوە.

# مەحمود دەروێش و..کوردستان

هەفتەی رابردوو شاعیری گەورەی فەلەستینی مەحمود دەروێش لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆچی دواییکرد.
دەروێش گەورەترین شاعیری بەرەنگاری تێکۆشانی فەلەستیینیەکان بوو، بەڵام ئەم خەسڵەتە کە بۆ ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێویست بوون رێیان لێنەگرت کە جوانکاریی لە شێوەو فۆرمی قەسیدەکانی بکات. جگە لەدونیای عەرەب لە شەستەکانو حەفتاکانو هەشتاکان کە گەرمەی تێکۆشانی بزووتنەوە نیشتمانییەکان بوو، دەروێش لەناو کوردو لە ئەدەبیاتی کوردیشدا سەنگو رەنگێکی رێزدار بوو، خۆشی لەسەر کوردستان قەسیدەیەکی جوانی هەبوو، تێیدا رەخنەی لەو عروبەیە دەگرت کە لەسەر حیسابی سووتانی کوردستان رووی لە رزگاری نیشتمانیی عەرەبە.لێ دوایی ئەو قەسیدەیەی لە کۆی بەرهەمەکانی دەرهێنا. ئەم هەڵوێستەو سەردانی بۆ مەربەدی رژێم لە بەغدا، لە هەشتاکاندا، لای کورد نوختەیەکی لەسەر وێنەی مەحمود دەروێش دانا، بەو حاڵەشەوە شیعر هەر پایەدارو شاعیرێکی وەکو دەروێشی ئەدەبی ئینسانیو قەسیدەی عەرەبی بە خەزێنەو خەرمانی خۆی دەوڵەمەند کرد.

*گۆڤاری هەفتانە، (٢٠٠٨)

# پەتای سیاسەت

لە میسر دیاردەی تێکەڵکردنی رەخنەی سیاسی لەگەڵ هونەری شانۆدا، پەتایەکەو هونەرمەندە کۆمیدییەکانی گرتۆتەوە. سەرەتا (عادل ئیمام) ئەو رەوتەی تێکەڵ بەفلیمەکانی (ئیرهاب و ژیان)و (ئیرهاب) کردو پاشان (ئەحمەد بدێر) و (محەمەد سوبحی) یش پەتاکەیان لە شانۆدا قووڵتر کردەوە. لە شانۆگەری (دەستوور ئەی بەرێزان)دا کە سانسۆر چەندین جار نمایشکردنی یاساغ کردو پاشان رەزامەندی وەزیری رۆشبیری بۆ وەرگیرا. ئەحمەد بدێر ـ ی هونەرمەند، رۆڵی هاووڵاتییەک دەبینێ کە باوەڕ بە بەندەکانی دەستوور دەکاو خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وڵاتەکەی دەپاڵێوێ. بەڵام سانسۆر ئەوەی قبوڵ نەکرد کە هونەرمەندێک دەمامکی سەرۆک موبارەک بپۆشێو، جەلال شەرقاوی دەرهێنەری ناسراوی میسری (لەهەر دەرچوونێک لە تێکست) ئاگادار کردەوە.

سەرەنجام لە کاتی نمایشکردنی (دەرچوون لە تێکست) قەوماو ئەحمەد بدێر پرسیاری ئەوەی لە بینەران کرد کە داخوازیان لە سەرۆک کۆمار چییە؟ بینەرە هاوڵاتییەکانیش هەریەکەو گرفتێکی خستەڕوو!

هەروەها عادل ئیمام کە ئەم گۆبەندە لەژێر سەری ئەوەوە پەرەی گرت ئێستا خەریکی نمایشکردنی شانۆگەری (رابەر)ەکە تێیدا گاڵتە بەهەندێک رابەری سیاسی دەکا هەر لە هیتلەرەوە تا صەدامەکەی لەمەڕخۆمان!

محەمەد سوبحیش، لە کاروانەکە دانەبڕاوە کە ئەویش سەرقاڵی شانۆنامەی (دایە ئەمریکا)یە کە باس لەپەیوەندی پاشکۆیەتی نێوان میسرو ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکا.

کەوابێ ئێستا سەر شانۆکان بوونەتە مینبەری سیاسی کە هاوشانی مینبەری حزبەکانن‌و بگرە زیاتریش. هەر لەو وڵاتەدا لە خوارەوەی شانۆی سیاسی رەسەن، شانۆی سیاسی بازرگانی‌و گاڵتەجاڕیش هەر بەردەوامە. بەڵام نەیتوانیوە ململانێ

لەگەڵ ئەستێرەی درەوەشاوەی (رابەرانی سیاسی) عادل ئیمام، ئەحمەد بدێر، محەمەد سوبحی بکات.

قسەی نێوان خۆمان بێ، لای خۆشمان (وەستا عەلی)و هاوکارانی لە (ئەحەی کرنو) دا کەمو زۆر سیاسەتیان کرد!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ١١٦٣ (١٩٩٥/١٢/١٢)

# بەبیانوی هابەوە!

شارو ناوچەکانی کوردستان هەموویان بەشێکن لەکوردستانو هەمووشیان بەو مانایە کوردستانین. بەڵام هەندێکیان بەحوکمی هەڵکەوتی جوگرافیان خەسڵەتی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی جیاوازیان لەوانی تر هەیە. بەتایبەتی ئەمە بۆ ئەو شارانەی هێڵی تەماسی "کوردستانی جنوبی"ن لەگەڵ ئەو بەشەی عیراق کە لەدەفتەرەکانی مێژوودا "عیراقی عەرەبیان" پێدەگوت. ناوچەکانی هێڵی تەماس ناوچەی هەمەڕەنگی فەرهەنگو کەلتور، هەمەڕەنگی زمانو زاراوەی ئاخافتنن. هەندێک جاریش ناوچەی تێکەڵی رەگەزییو تێکەڵی ئاینیو مەزهەبین. ئەم خەسڵەتە جوانە لەهەموو نیشتمانێکدا، ئەگەر چاک مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، گەواهی هێزو پتەوین، نیشانەی دەوڵەمەندی فەرهەنگو نەریتی کۆمەڵایەتین. ئەگەریش خراپ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، وەک نموونەی مامەڵەکردنی بەغدا لەگەڵ هەمەڕەنگی ناوچەکانی تەماس، لەوانەش کەرکوک، ئەوا دەبێتە مایەی دەردو بەڵاو یەکێتیی نیشتمانیی لەوڵاتەکەدا دەشێوێنێو کەرتوپەرتی دەکات.

کەرکوک پێش دەستێوەردانی سیاسەتی ناوەندیی، ناوچەی هەمەڕەنگی کەلتورو فەرهەنگ بوو، شارێکی کوردستانیی جێژوانی لێبوردەیی ئاینیو مەزهەبی، جێژوانی برایی نەتەوەیی خەڵکە رەسەنەکەی بوو. دانیشتوانی کەرکوک بەکوردو تورکمانو ئاسووریو ئەرمەنی، بەسوننەو شیعەو مەسیحیو جووەوە هاوڵاتییانی یەک شارو چەند فەرهەنگێکی دەوڵەمەند بوون. وێنەیەکی چڕبۆوەی پێکەوەژیانی نەتەوەو کەمینەکانی کوردستان بوون، وێنەیەکی بچووککراوەی چۆنیەتی پێکەوەژیانی خوازراو بوون لەعیراقی ئایندە، عیراقی دیموکراتیو لێبوردەییدا.

لێ سیاسەتی کورتبین، سیاسەتی شۆڤێنی ئەم نموونە جوانەی شێوان، ئەو وێنە چڕبۆوەی پێکەوەژیانی تەڵخو خوێناوی کرد.

هابەی هونەرمەندی تازەکۆچکردوو، کوڕی ئەم کەلتوورە هەمەڕەنگو دەوڵەمەندە بوو کە قۆریاتی تورکمانیو قەتارو ئەڵڵاوەیسی کوردی تێکەڵکرد.

ئەو بەرهەمی ئاوێتەبوونی فەرهەنگی تایبەتی ناوچەیەکی تایبەت بوو کە پێش ئەوەی سیاسەتی کورتبین لووتی تێبژەنێ هی هەمووان بوو. هابە گرێی دەروونی لەدڵدا نەبوو کە داخۆ کوردێکە گۆرانی تورکمانی دەڵێ، یان پەروەردەی کەشێکی تورکمانییەو هەندێک گۆرانی کوردیی هەیە؟

هەروەکو دەشگوترێ: "ئەگەر بێتە کار، سۆزەی گۆرانی، نە چۆڵ دەپرسێ، نە ئاوەدانی"، ئاخر هونەری بەرز کە لەئاوەدانی یان لەچۆڵەوانییەکی ئازاددا لەقورگ دێتەدەر، خۆی زمانی دەربڕین دەدۆزێتەوە. هونەری بەرز سۆزی خۆشەویستییە بۆ ژیانو بۆ نیشتمان، بەڵام کاتێک بڕیارەکانی تەعریبو پەرتکەو زاڵبەی تێدەکەوێ، ئیتر مەیلی گۆرانیش، چ قۆریاتو چ مەقام، لەدڵدا نامێنێ.

هابە گوزارشتە جوانەکەی کەرکوکی پێش تەعریبو راگوێزانە، کەلتووری هاوبەشی کوردو تورکمانە بۆ سەردەمێک کە کەس شەرمی نەدەکرد بە چ زمانێک گۆرانی دەڵێ، بۆ سەردەمێک کە کەس پێویستیی بە تصحیح قومیە نەبوو. هابە بەڕاستی هی کوردستان بوو.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: گۆشەی کورت و کرمانج (٢٠٠١)

فەسڵی دووەم

# وردیلە ڕۆژنامەوانی

# هەواڵە گەشبینەکانو کۆتاییە خۆشەکان!

وەرشەی هەواڵ لە هەر ڕۆژنامەیەکدا، پتر لە هەر بەشێکی تر جمەی دێ.

لە شەوی ئامادەکردنو دارشتنی هەواڵدا تەقسی تایبەتی کارکردنو نوکتەو پشوودانو سەرلەنوێ کارکردن دەخولقێ، بازاڕی هەواڵیش هەندێک جار گەرمە بەهەواڵی ناوخۆییو هەندێک جاری تریش بە هەواڵی بیانیی. کاتێک لە گەرمەی ڕووداوێکی ناوخۆییدا تەنوری هەواڵەکان تەنها نانی بیانی بەرهەم دێنێ، دلاوەری شێخ المخبرین-ی لەمەڕ کوردستانی نوێ دەڵێ: چی بکەم هەر ئەو جاش خەبەرانە هەیە!

لەڕاستیشدا هەروایە، چی بکەین جاری وا هەیە لەو قوڕە هەر ئەو تۆزە هەڵدەستێ.

ڕوویداوە کە لە شەوێکدا هەواڵەکان تەنها هەواڵی ناخۆشو جەرگبڕبن. بۆ نموونە لەیادمە شوباتی ١٩٩٥، ئەو ڕۆژەی تەقینەوەکەی زاخۆ قەوما، بەشی زۆری هەواڵەکانی دونیا وەک بڵێی هاوخەمی ئێمەبن لەکارەساتی زاخۆدا، هەواڵی ناخۆشو ڕەشبین بوون، ئەو شەوە لافاو بوو لە بەنگلادیش، شەڕ بوو لە ئەفغانستان، کوشتار بوو لە ڕوانداو ئاگربڕ لە بۆسنیا پێشێل دەکراو، حکومەتێکی دیکەش چەند هاووڵاتییەکی گوللەباران کرد.

ئەو شەوە هەر ئەوەمان هەبوو، کەچی شەوی ٢٤-٢٥ی ئایاری ئەمساڵمان پڕبەرەکەت بوو.

هەروەک لە ژمارەی پێرێ (٢٥/٥) بازاڕی هەواڵ هەرزانیو گەشبینی بوو. لەئەسڵی (١٥) هەواڵی لاپەڕەیەکدا، (٩) هەواڵی گەشبین هەبوو کە زۆربەیان لەسەر هەڵبژاردنو گرەوی دیموکراسی بوون. ئەوانی دیش قسەیان لەسەر ئاشتیو پێکهاتنەوە دەکرد. بۆ نموونە:

-هۆنگ کۆنگ پەرلەمانی خۆی هەڵبژارد.

-لوبنان، قۆناغی یەکەمی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان.

-عومەر ئەلبەشیر: تەئکید لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی باشووری سودان دەکاتەوە.

-حەبیبی بەنیازە هەڵبژاردنی گشتی لەئەندۆنیزیا بکات.

- کلینتۆن بەرامبەر ئاکامی ریفرندۆمی ئێرلەندا خۆشحاڵە.

- سەنیگالو (١٤٠)ئەندامی نوێ بۆ پەرلەمان.

- یادی یەک ساڵەی هەڵبژاردنی خاتەمی.

- تاران‌و ئەبوزەبی درێژە بە پەیوەندی نێوانیان دەدەن.

- کۆتایی هاتنی مانگرتنی کرێکارانی سیبریا.

لەدەمی خۆیدا نازم حیکمەت-ی شاعیر لەزیندانە تاریکەکانەوە، ساتێکی گەشبینی دایگرت‌و لەشعرێکدا وای وتبوو:

(تکایە ئەو کتێبانەم بۆ بنێرن کەکۆتاییەکانیان خۆش‌و کامەرانیان لێ دەکەوێتەوە.)

هەقە ئێمەش بڵێین خودایە لەوەرشەی هەواڵدا، بەشی کوردانیش بدە لەو هەواڵانەی گەشبینی‌و کامەرانیان لێ دەتکێ!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:١٦٢١ (/١٩٩٩/٥)

# حیلمی عەلی شەریف
# ماڵئاوا

لە بەغدا دەرچووە سەیوانە ئامانجی
ڕێ چۆڵ کەن ئەی برای زازایی‌و کرمانجی

دوێنێ لە پێشوازییەکی پڕشکۆدا، شاری سلێمانی تەرمی ڕۆڵەیەکی بەوەفای خۆی لە باوەش گرتەوە کە بەشی هەرەزۆری تەمەنی خۆی لەڕێی سەرکەوتنی کوردایەتی‌و پێشکەوتنی کوردەواری‌و پێشخستنی واری ڕووناکبیری‌و ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا خەرج کرد، بەڵێ پاش خزمەتێکی زۆری گەلەکەی مامۆستای ڕووناکبیرو سیاسەتمەدار حیلمی عەلی شەریف بۆ یەکجارەکی بەغدای جێهێشت تا لەشارەکەی شێخی نەمرو سەیوانی شەهیدستاندا بە ئاسوودەیی چاولێک بنێ.

مامۆستا حیلمی تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی‌و ناوێکی درەوشاوەی بزووتنەوەی سیاسی کوردو عیراق بوو، لە ئەسڵی ئەو سیاسەتمەدارە ڕووناکبیرانەی کورد بوو کە لە ڕابردوویەکی نزیکدا خزمەتی ڕەوتی پێشکەوتنخوازی‌و گرێدانەوەی کوردایەتی بە ڕەوتی دیموکراتی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کرد بوو، هەروا لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا ڕۆژنامەنووسێکی پڕ ئەزموون‌و کارامەی ئەوتۆ بوو کە جگە لە سەرپەرشتیکردنی ڕۆژنامەی ئەلنور و ئەڵقە بەپێزەکانی مامۆستا حیلمی لەسەر جیۆپۆلۆتیک، مەسەلەی ناکۆکی سەرەکی‌و لاوەکی‌و ئەڵقە پڕجورئەتەکانی لەسەر پیرۆسترۆیکا کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی هاوکاری دا، دەنگدانەوەیەکی باشی لە نێوەندی ڕووناکبیری‌و کۆڕی لاوانی کورد لەدوای زەمەنی پرۆسترۆیکادا هەبوو، ئەمانە هەمووی شایەدعەیانی ئەو توانا هەمەلایەنە بوون کە لەمامۆستای کۆچکردوومناندا چڕبووبوونەوەو ئەویش درێغی لەخستنەگەڕی نەدەکردو زەکاتی ئەو هەموو سامانە سیاسی‌و ڕووناکبیرییەی بە گەلەکەی دایەوە بۆ ئەوەی تا

ئەبەد لە گۆڕەکەیدا بەئاسوودە بنوێ.

حیلمی عەلی شەریف یەکێک بوو لەو رووناکبیرە کوردانەی بەغدا کە ئومێدێکی زۆری بە ئەزموونی دیموکراتی هەرێمو خەیاری کوردیی هەبوو، لەو ماوە کەمانەی کە بۆی لوا سەردانی شارەکەی خۆی بکا، هەمیشە لەدانیشتنە تایبەتییەکانیدا بۆچوونی خۆی لەسەر راگەیاندنو ئاستی رۆژنامەوانی رۆژنامەکانی کوردستانی ئازاد دەردەبڕیو تێبینی وردو بەنرخی پێشکەش دەکرد، لە روانینی سیاسیشدا پێی وابوو کە دەبێ کورد ماڵی خۆی یەک بخاو حەزی دەکرد لەگەڵ هاتنەوەی بۆ ئەوەی بە یەکجارەکی لە سلێمانیدا بژی، ئاشتبوونەوەی کورد بە چاوی خۆی ببینێ، بەڵام مەخابن مەرگ زەفەری بەو تێکۆشەرە دێرینە بردو لێ نەگەڕا ئەوەی لە تەمەنی ماوە لەنێو گەلەکەیدا بەسەری ببات.

ئەزموونی مامۆستا حیلمیو یادەوەرییەکانی وی، مایەی هاندانو پەند لێ وەرگرتنن بۆ ئەمڕۆو داهاتووش.

بنوو لە قەبرەکە تا موستەریح بە ئەی حیلمی
لە تۆ کوردترە ئێستاکە نەزان هەتا عالم

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:١٦٤٩ (١٩٩٨/٧/٦)

# ئاسۆی ڕووناکی

مامۆستا حیلمی عەلی شەریف ئاڵایەکی بەرزی ناو ئاسمانی کوردەواریو کوردایەتیو ڕۆشنبیریی کوردییە. لە کۆڕی ڕۆژنامەوانییو کۆڕی تێکۆشانی سیاسیو دیموکراتیدا ناوێکی درەوشاوەیە.

لیاقەتی مامۆستا لە بواری ڕۆژنامەوانیدا ئەوەندە گەورە بوو کە ڕۆژنامەی نوری کردبووە روناکییەکی درەوشاوە لەئاسمانی میدیای عیراقیدا. لە وەختێکدا دەیان تواناو لێوەشاوەیی تر هەبوون لە ڕۆژنامەگەریی دێرینی عیراقدا، بەڵام نور بووە قەڵای دیموکراتیو پێشکەتنخوازو بیروڕای جیاواز. نەک هەر بۆ کورد بەڵکو بۆ عەرەبی عیراقیش ئەو کاتەی ئاسمانی نەتەوەکەی خۆیان وا تەسک دەبۆوە هەر جێی باوەڕەکانی بەعسی دەکردەوە.

مامۆستا حیلمی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانیشدا، تێکۆشەرو سەرکردەیەکی بەهیمەت بوو، دیدی ڕۆشنو بیروڕای بە بیری پێشکەوتخوازی پتەو بوو. ئەمەش نەک هەر لە پراکتیزەکردن، بەڵکو لە مەیدانی قووڵی فیکریشدا بەرجەستە دەکرد. بۆیە لە دەورانی درەنگتریشدا کە وەک ڕووناکبیرێک نووسینی لەسەر سیاسەتو چەمکەکانی دەوڵەتو نەتەوە دەنووسی، بیرمەندێکی حەریفو شارەزا بوو، نووسینە دەگمەنەکانی ئەو کاتەی لە ڕۆشنبیریی نوێدا شایەدی نووسراو بوو.

لە کۆتایی هەشتاکاندا زنجیرە نووسینە تەڕو پڕەکانی لەسەر پیرۆسترۆیکاو ئاکامەکانی کەوتنی ئۆردوی سۆشیالیستی شانی لە شانی لێکۆڵینەوەو نووسینی بیرمەندە گەورەکانی دونیایی دەدا لە قووڵی، لە وردیو تامو چێژی دەربڕینیشدا. ئەم نووسینانەی لە هاوکاری کۆتایی هەشتاکاندا بڵاو کرایەوە، زادێکی فیکریو سیاسیی بوو بۆ نەوەی نوێی کورد لە زانکۆو لە نێوەندی سیاسیو ڕووناکبیریدا. لەوەش زیاتر مامۆستا لە بەغداشەوە وەفاداری کوردایەتیو ڕەوتی نوێی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی بوو، بەتایبەتی لە کۆڕی میدیادا کە لای ئەو چەکێکی بەهێزی

خەباتی سیاسیی‌و فیکری بوو. بۆیە چەند جارێک شەرەفمەندی کردین بەدیداری خۆی‌و، لەو هەلومەرجە دژوارەی نیوەی دووەمی نەوەدەکاندا تێبینی سیاسیی‌و میدیایی‌و رووناکبیریی پێدەگوتین، ئەمەش شانازییەکە ئێمەی هەڤاڵانی راگەیاندنی یەکێتی وەک یادگارێکی بەنرخ دەیگێڕینەوە.

وێستگەکانی تەونی پڕبەرەکەتی مامۆستامان زۆرە، ستوونێک تێری ناکاتو ئەمە دەروازەیەکە بۆ گێڕانەوە راستەقینەکانی هاوخەباتو هاوسەنگەرانی مامۆستا حیلمی عەلی شەریف. ئەم رێزلێنانە لەساڵرۆژی کۆچی مامۆستا حیلمیدا وێستگەیەکە لە رێزلێنانی گەورەتر کە هیواداریین سەرکردایەتی یەکێتی‌و کوردایەتی‌و پێناوانی رۆژنامەگەری کوردی بیکەن‌و دەکرێ لە چاپکردنی کۆی بەرهەمەکانی مامۆستاوە دەست پێبکەن تا یادی زیندوو رۆحی هەمیشە شاد بێت.

ئەم یادەمان ناو نا "ئاسۆی رووناکی" لەبەرئەوەی مامۆستا هەندێک جار بە ناوی خوازراوی ئاسۆ لە نور (رووناکی) دەینووسی.

*** کوردستانی نوێ: ژ:٥٩٨١ پاشکۆی ئاسۆی رووناکی، تایبەتە بە یادی حیلمی عەلی شەریف (٢٠١٣/٧/٤)**

# غەوار و دورەید

## (١)

### منداڵان وانەکانی هاتوچۆ بە باوکان دەڵێنەوە

شەوی هەینی ٥-٦/٢/١٩٩٨ دورەید لەحام گەورە هونەرمەندی شانۆکاری سوریا و عەرەب لە تەلەفزیۆنی ئەبوزەبی-ەوە وەک هاووڵاتییەکی پەرۆش بۆ پاکی ژینگەو سەلامەتی هاوڵاتیان لە هاتوچۆی نێو شاردا، دەرکەوت.

لەحام کە بەدەوری ((غەوار توش)) و دواتر فیلمی حدودو تەقری و ((کاسک یاوەتەن))و چەندین شانۆگەری تر ناوی دەرکردبوو، لەو چاوپێکەوتنەدا پتر لەهەر کاتێکی تر سیمای پیری و بەساڵاچوونی پێوەدیاربوو، ((غەوار)) ئاماژەی بەوەکرد کە ماوەیەکە بەهاوکاری لەگەڵ نووسینگەی یونسکۆ لە دیمەشق-ی پایتەخت، خەریکی ئامادەکردنی پرۆگرامێکە، بۆ ئەوەی منداڵان بە مافەکانی منداڵان ئاشنابکات، هەروا وتی: منداڵان شتی بچووک نین وەک گەورەکان پێیان وایە، بەڵکو ئەوان ئینسانی بچووکن. جاری وا هەیە لە راستگۆییەوە پرسیاری وامان لێ دەکەن کە ئێمەی گەورە وەڵامەکەی نازانین.

غەوار تووشی، ئێستا خەریکی بەرنامەیەکی فێرکردنە بۆ بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی هاتوچۆو گەیاندنی راسپاردەی دەزگاکانی پۆلیسی هاتوچۆ بەهاوڵاتیان. لەم کارەشیدا دووبارە پشت بە منداڵان دەبەستێ و برگەکانی بەرنامەکەش بەشێوەیەکی کۆمیدی ئەوتۆ دارێژراوە بینەران پێی قەڵس نەبن.

خۆی دەڵێ (شێوازی راستەوخۆ لە فێرکردن، هاووڵاتی بێتاقەت دەکا. بەم شێوازەی من، منداڵان باوکیان فێردەکەن چۆن لەسەر هێڵەکانی هاتوچۆ، هاموشۆ بکەن).

لەو دیدارەدا دورەید ئەلتوشی باسی پیسبوونی ژینگە و چۆنیەتی جێگیرکردنی

داب و نەریتە شارستانییەکانی کرد و وتی: (لەوڵاتی ئێمەومانان ،بەپێی ئامار، ساڵانە ئەوانەی لە رووداوی دڵتەزێنی هاتوچۆ و لێدانی ئۆتۆمبێلدا دەمرن، زیاترن لەوانەی لەسەر سنوور و لەداکۆکیکردن لەنیشتمان، شەهید دەبن).

(٢)

## دورەید لحام رەخنە لە کراسی ژنەکەی دەگرێ!

هونەرمەندی گەورەی سوریاو عەرەب ((دیرد لحام)) ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە هونەرمەند رەخنەی خۆی هەبێت لەبەردەم دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکەیدا، بەو مەرجەی رەخنەکە لە قاڵبێکی رێکوپێک و رێزلێگرتندا بێ. هەرچەندە هەر خودی راستگۆیی رەخنەکە قاڵبێکی رێک و پێک لەخۆ دەگرێ.

لحام کەتا ئێستاش دەستەواژە سیاسییە جوانەکانی لە شانۆگەری ((کاسک یا وەتەن))دا وێردی سەر زمانی هاووڵاتی سیاسییە، زیاتر مەبەستی خۆی لە رەخنەی سیاسیی رێکوپێک خستەڕوو وتی:

(بۆ نموونە ژنەکەم پرسیارم لێدەکات، رات چییە بەرامبەر بەم کراسە نوێیە؟ ئەز کراسەکەم پێ جوان نییە کە ئەوەش حەقیقەتەکەیە، بەڵام بە ژنەکەم ناڵێم کراسەکەت ناشرینە، بەڵکو دەڵێم کراسەکەی دوێنێت جوانتربوو! بەم شێوەیە بەگفت و لەفزی شیرین بۆچوون و رەخنەی خۆم دەگەیەنمە ژنەکەم!).

غەوار تووشی، کە ئەم ناوە زیاتر لە نێو کورددا باوە، لە چاوپێکەوتنێکی دوورو درێژی کەناڵی فەزائی رادیۆ و تەلەفزیۆنی عەرەبدا ((art)) زیاتر بیروبۆچوونە سیاسییەکانی خۆی دەربڕی و لەباری کارتێکردنی نسکۆی حوزەیرانی ١٩٦٧ لەسەر دەروونی لاوانی عەرەبدا گوتی: (لێپرسراوانی خۆمان هێندە دڵنیایان کردین لە سەرکەوتن کە ئیدی لە نسکۆکەدا باوەڕمان نەدەکرد ئێمە دۆڕاوین، ئێمە لەو کاتانەدا لێپرسراوێکمان بینی کە بەوپەڕی دڵنیاییەوە پێی وتین:

دڵنیا بن! نانی ئێوارە لە حەیفا دەخۆین!).

غەواری پاڵەوانی هەردوو فلیمی سەرکەوتوو راپۆرت و سنوور لە چاوپێکەوتنەکەدا گەڕایەوە سەر هونەر و پیشە ئەسڵییەکەی خۆی کە شانۆیەو بە پێشکەشکاری بەرنامەکەی وت:

له٧٠٪ خۆشی هونەری شانۆ لەوەدایە تۆ پەیوەندییەکی ئینسانی بە جەماوەرەوە دەبەستی و ئەوانیش بەشداری شانۆگەرییەکە دەکەن. بەڵام شانۆ ماندووبوون و جوڵانێکی تاقەت پڕوکێنی دەوێ. بیریشت نەچێ کە من باپیری (٦) نەوەم!)).

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: (١٩٩٧/١/١٦ - ١٩٩٧/٢/١١)

# سەنگەربەندیی ڕۆژنامەنووسان

بۆچی ڕۆژنامەنووسان پەیوەندییەکانیان خراپە، هەروەها ڕۆژنامەکانیش؟ ئایا هەموو ڕۆژنامەنووسان، ئەهلی یەک کار نین؟

هەموو ڕۆژنامەکان بۆبڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاریی‌و ڕووناککردنەوەی پانتاییەکی تاریک، جا بەرتەسک بێت یان فراوان، تێدەکۆشن، ئەی خێرە وا لەهەندێک دەرکەوتدا تیرو شیر لێک دەسوون؟ شتێک کە دەشێ بۆ چاوەزار ناوی بنێین (ناکۆکی)، دەنا لە هەقیقەتدا شەڕێکی ناوخۆییە کاغەزی تێدا خەرج دەکرێ‌و خوێنی مەرەکەبی تێدا دەڕژێ.

ئاسانە هۆکاری ئەم ناکۆکییە بۆ سەنگەربەندی سیاسیی نێوان ڕۆژنامەنووسان بگێڕینەوە. ڕەنگە ئەمە لە ناونیشانێکی گشتیدا هۆکارێک بێت، بەڵام ناشێ هۆکارێکی جەوهەری بێت، دەنا لەزۆر وڵاتی تریش سەنگەری سیاسیی‌و دۆخی مەیلداری هەر هەبووەو هەر هەیە. بەڵام زەحمەتە باوەڕ بەوە بکەم ئەو سەنگەربەندییە تاڕادەی سووک و چروککردنی یەکتری‌و بە هیچ نەزانینی بەرامبەر، چووبێت.

ئایا هۆکاری ئەو ململانێ ناوخۆییە، ئایدیۆلۆژییە؟، خۆ لە هەموو وڵاتێکی دونیا ئایدیۆلۆژیاو باوەڕمەندییەکی توندوتۆڵ، هەر هەبووەو هەر دەشبێت، بەڵام میدیاکاران لەوێ نایگەیەننە مریشکەڕەشە، چونکە دەزانن هێنانە پێشی ئایدیۆلۆژیا هەم ڕاستگۆیی پیشەیی ناهێڵێت‌و هەم بەشێک لە جەماوەری وەرگر دەتۆرێنێت، کە وابێ لە کوردستان ئەنگێزەی ئایدیۆلۆژی ڕۆژنامەنووسەکانی کردۆتە باوکە کوشتەی یەکتری وایکردووە بەرەبابە جیاجیاکانی ڕۆژنامەنووسیمان بە خوێنی سەری یەکتری. تینووبن، لەجیێی ئەوەی سوێند بەسەری یەکتری بخۆن.

ڕۆژنامەنووسەکانمان خوێنی یەکترییان حەڵاڵ کردووە، هاوپیشەکانی خۆیان بەدوژمنی کافر دەزانن، مادەمەکی لە بەرەکەی دیکەی سەنگەربەندی حزبی یان ئایدیۆلۆژیین، کەوابێ قابیلی ڕەجم‌و نەفرەت لێکردنن، لە حاڵەتی وادا ڕۆژنامەنووس هاوپیشە نییە لەگەڵ هاوپیشەیەکی دیکەیدا، بەڵکو "هاوفیشەکە"

لەگەڵ کەسێک، یان دەستەیەک کە کارو پیشەیەکی تریان هەیەو لەگەڵ ئەمدا سەنگەرێکی ئایدیۆلۆژی کۆیکردوونەتەوە، ڕۆژنامەنووسی عەلمانی هاوپیشەیە لەگەڵ ساختەچییەکی عەلمانی لە بوارێکی دیکەدا، لەجێی ئەوەی هاوپیشەی ڕۆژنامەنووسێکی تر بێت، کە دەشێ لە ڕوی لایەنگیرییەوە ئیسلامیی، یان ناسیۆنالیست بێت.

ڕۆژنامەنووسێکی ئیسلامیی دۆستایەتی تیرۆریستێکی پێ خۆشترە لەدۆستایەتی ڕۆژنامەنووسێکی دیکەی هاوپیشەی، بەڵام بیروڕای جیاواز، ئەم جۆرە دابەشکردنە لە شەڕی ناوخۆدا هەبوو، لەهەموو ململانێیەکی سیاسیدا سەرهەڵدەداتەوە، چونکە بنەماو ماکی لە کوردەواریدا هەیە.

ئەم ڕەوشە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆژنامەکانیش دەبێت، ئەسڵەن ڕۆژنامەکان خۆیان سەنگەریان ئاوا کردووەو ڕۆژنامەنووسەکانیش تاوی دەدەدن.

لە خۆم دەپرسم، ئایا لە کوردستان تەنها ڕۆژنامەنووسان ئایدیۆلۆژیا دەپەرستن، یان ئەمە شەڕی سیاسییەکانە بە نۆرەو لە جیاتی ئەوان دەکرێت؟ دەنا بۆچی سیاسییەکان، پیاوماقوڵان، بە شێنەیی سەنگەربەندیی نێوان خۆیان وا تۆخ ناکەنەوە کە هەموو پەیوەندییەک بپسێنن، ئایا کەوچک لە ئاگر گەرمترەو، ڕۆژنامەنووسەکانیش داشی دامەنو بەخۆیان نەزانیوە؟

ئایا فاکتەری فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیش ڕۆڵیان نییە لەم پرسەدا؟ بۆ نموونە ئیرەیی بردن بە ڕۆژنامەنووسە سەرکەوتووەکان، هانی ڕۆژنامەنووسە شکستخواردووەکان دەدات، سەنگەر بگرنو بوختانو درۆی بۆ هەڵبەستن، بەڕاستی ئەمە کارەساتە کە ئیرەیی هیچ بەهاو نرخێک بۆ ڕاستگۆییو بابەتی بوون نەهێڵێتەوە. ئەویتر، ئەوە ڕۆژنامەنووسی لایەنەکەی دیکەیە کە سەربکەوێت دەبێ پەلامار بدرێتو ریسوا بکرێت!

دیسانەوە قەناعەت ناکەم، ئیرەیی لەهەموو شوێنێک هەیەو لە چوارچێوەی گونجاوی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، با تەنانەت ئەو ئیرەییە جەرگی ڕۆژنامەوانیی شکستخواردووش بخوات.

بەڕای من هەموو ئەو دیاردانە هۆکارەکەی یەک شتە، نەبوون ،یان کزی، دابو نەریتی کاری ڕۆژنامەنووسییو ڕێزگرتن لە ڕێساکانی پیشەکە. واتا نەبوونی بنەمایەک پەیوندیی نێوان ڕۆژنامەکان ڕێکبخات. دابونەریتی هاوپیشەیی پێش کۆمەڵگەی مۆدێرن لە وڵاتی ئێمەدا هەبووە. دارتاشو نەجارو بەرگدروو، هەموویان

لەسەر یەکتری دەهاتنە جواب، ئێستاش هاوپیشەی خۆیانیان خۆش دەوێت با لە رزقی بازاڕیش ململانێی یەکتری بکەن.

هەموو توێژەکانی کۆمەڵ بەشێکن لە تۆڕێکی پەیوەندیی سیاسییو کۆمەڵایەتیو هەموویان خاوەنی ئایدیۆلۆژیاو بیروباوڕی خۆیانن، بەڵام هەرگیز کەسی ترو توێژی تر بە خۆیان خۆش ناکەن.

لە میدیای کوردییدا هاوپیشەییو دابونەریتی کار لە پلەی سفردایە، بۆیە رۆژنامەنووسەکان ئیرەیی بەیەکتری دەبەن.

کارێکی نامۆراڵییە بۆ بەدەستهێنانی ئافەرین لەم، یان ئەو سیاسیی، رۆژنامەنوس هەوڵی سڕینەوە، یان تیرۆری رۆحی هاوپیشەکانی خۆی بدات.

کەمێک نەریتی کارو گیانی هاوپیشەیی دەتوانێ زۆر گرێ کوێرە بکاتەوە، توێژی رۆژنامەنوسەکان بکاتە توێژێکی یەکناگیرو خاوەن بەرژەوەند لە داکۆکیکردن لە یەکتری.

*گۆڤاری هەفتانە: ژ:١١٣ ئەیلولی (٢٠١٠)

# میدیا بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی

ئەگەر بشێ میدیا ئەرکێکی سیاسی گشتی غەیرە میدیایی بەخۆی بسپێرێ، ئەوا چاوەڕێ دەکرێت ئەرکێکی نیشتمانییو نەتەوەیی بێت، هەر نیشتمانو نەتەوەیەک قەوارەیەکن بۆ پیادەکردنی دیموکراسیو ئازادییە گشتییەکان، بۆیە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی میدیا، تیۆرێکە نایەوێت ئەرکە میدیاییەکانی وەک بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاریو بەدواداچوون فەرامۆش بکات، بەڵکو دەیەوێت لە کۆمەڵێکی دیموکراتی و ئازاددا ئەم ئەرکە میدیاییە بۆ مەبەستێکی گشتی، بۆ پایەدارکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوە هەڵکردنی سیاسی تەوزیف بکات، پایەدارکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتیو پێکەوە هەڵکردنی سیاسی خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی گرنگی هەر دامەزراوەیەکی گشتییە، بە دامەزراوەی میدیاشەوە، تەقنیاتەکانی میدیا نە بۆ ئەوەیە وەک کایەی سیاسی دروشمی نەتەوەیی بەکاربێنێو نە بۆ ئەوەشە تەوللابوونو دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی بەنرخی ئازادی رۆژنامەنووسی بە خەڵک بفرۆشێتەوە، تاڵە دەزوویەکی باریک هەیە لەنێوان پیادەکردنی ئازادی رۆژنامەنووسی بۆ دەرخستنی راستو زانیاریو لەنێوان بەکارهێنانی ئەم چەمکە جوانانە بۆ پەرتکردنی یەکڕیزیو تێکدانی ئاشتی ئەهلی لە کۆمەڵگەدا.

ئەمە بەتایبەتی دەبێت ئەرکی میدیای ئەهلی و سەربەخۆ، بێت کە گوایە دەبێت لە گوشاری سیاسیو ئیلتزامی لایەنداری بەدوور بێتو ویستی ئەهلی بوونو سەربەخۆییان هەمیشە هاندەری گەڕانەوە بێت، بۆ ئەرکی بەرپرسیارێتی پیشەییو بەرپرسیارێتی گشتی (نیشتمانییو کۆمەڵایەتی) هەر وەختێک (لادانی کاتی) بکەن.

ئەمە دیاردەیەکی جێی تێڕامانە لە کوردستان هەندێک میدیاو رۆژنامەنووسو رووناکبیرەکانی لە پادشا پادشایی تر بن لە تەرەفگیریو بوونە بەشێک لە ململانێ سیاسییەکە، لەجێی ئەوەی دۆخی ململانێی سیاسی لەناو دیموکراسی وڵات بۆ دەستواڵایی زیاتری کاری میدیاییو بەرپرسیارێتی گشتی بەکاربێنن. خۆیان بە

دەستو قاچ تێی کەوتوون، بۆیە دەبینی کەرەستەی میدیاییو زانیارییەکانی دەکەنە دەسکەلا بۆ وەک خۆی هێشتنەوەی دۆخی سیاسیو نەپەڕینەوەی بۆ قۆناغی ئاشتی ئەهلیو ڕێککەوتن، لەسەر ئیدارەدانێکی باشتری ململانێی حوکمڕانو ئۆپۆزیسیۆن. بەمەش ئەرکی میدیایەکی ئۆپۆزیسیۆنی دەگێڕن تا میدیایەکی ئەهلی و سەربەخۆ. لە میدیای وادا ڕەخنەو زانیاریش هەیە، بەڵێ وایە، بەڵام بۆ لایەنداریو سەنگەرگرتن تەوزیف کراوە، نەک بۆ شکڵپێدانێکی باشتری کۆمەڵی کوردەواری بەجۆرێک جیاوازیو بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتیو پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی تێدا بێت. بێ ئەوەی ئەم بزاوتە جیاوازە لێکترازانو پەرتکردنی یەکجارەکی کوردەواریو کوردستانی لێبکەوێتەوە.

دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە، نێوەندی میدیاییو ڕۆژنامەوانیی وا هەبن، وزەی میدیایی بۆ وەزیفەی سیاسی لەبابەت هاندانی پچڕانی گفتوگۆو پێکەوەییو دانوستاندن ئاراستە بکەن، ئەمە لە پەیوەندیو ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتی کراو تێپەڕی، کە ئەم ڕێککەوتنە بەقەدەر حلفی ناتۆ لە ئەدەبیاتی شەرقیدا ڕەخنەی لێگیرا، ئێستاش ئەو نەغمەیە هەست پێدەکرێت کە دەخوازێت دانوستاندنی نێوان ئۆپۆزیسیۆنو حوکمڕان بە لاڕێی لێکنەگەیشتنو لێکترازانی زیاتری سیاسی ببڕێت، ئەم تێفکرینە یان دەرەنجامی لایەنداریو تەرەفگیرییە، یاخود پێیوایە زانیارییو هەواڵ، کە بۆ میدیا وەک ئاوو هەوا وان، لە کۆمەڵگەی تەباو پێکەوە هەڵکردوودا قاتییەو تەنها کۆمەڵی لێکترازاو درزی دەسکەوتنی زانیاریو هەواڵی تێدایە، ئەم تێفکرینە هەڵەیە، چونکە لەبیری دەچێتەوە کۆمەڵی لێکترازاو کۆمەڵگەیەکە ڕووی لە توندوتیژیو شەڕی ئەهلییە، لە شەڕیشدا هەمیشە (ڕاستی)و گەیشتن بە ڕاستی دەبێتە قوربانی. مەگەر (ڕاستی)و گەیشتن بە ڕاستی ئامانجی بە ڕووداوی میدیاو ئازادی ڕۆژنامەگەری نییە؟

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥٥١٠ (٢٠١١/٦/١٩)

# یاری خاوێن

بابەتێک لە پاشکۆی ستادیۆمی کوردستانی نوێ، تیشک دەخاتە سەر پرسی یاری خاوێن، یارییەک کە یاریکەرە ململانێکارەکان پابەندن بە یاسا و رێساکانییەوە و لەپێناو بردنەوەیەکی کاتیدا، بەها جوانەکان و رۆحی وەرزشی نەدۆڕێنن.

وێڵبوون بەدوای یاری خاوێندا بۆ هەموو جۆرەکانی وەرزش پێویستییەکی بنەرەتییە، بەڵام رێکخراوی فیفا زیاتر لەهەر رێکخراوێکی نێودەوڵەتیی وەرزش کار بۆ ئەم ئامانجە دەکات، چونکە تۆپی پێ بەربڵاوترین یارییە لە جیهاندا.

بایەخی یاری خاوێن و نموونەیی لە بواری تۆپی پێدا زۆر گرنگە، میللیترین جۆرەکانی وەرزش دەتوانێت بەو کەلتوور و ئاکارانەی بڵاویان دەکاتەوە، پەرە بەبەهاو نەریتە جوانە ئینسانییەکان بدات، تا ئێستاش لەهەر بوارێکی ژیاندا کە داوا لە گروپێک دەکرێت دۆڕان و شکست قبوڵ بکەن دەگوترێ: بەگیانێکی وەرزشییەوە مامەڵە بکە.

بەم مانایە وەرزش تەنها بۆ تەندروستی باش و پاراستنی گەنجێتی نییە، بەڵکو بۆ پاککردنەوەی رۆح و گیانی وەرزشکارە لە خەڵتەی خراپەکاری و تۆڵە، کینەو رقی بێ پەروا.

وەرزش یۆگایەکی رۆحییە لەگەڵ ئەقڵ و جەستەو هۆشدا، فێری دان بە خۆداگرتن و رەوشتی بەرز و قبوڵکردنی ئەوانی تر دەکات، وەک ئەو یاریزانەی لە راپۆرتەکەی (ستادیۆم)دا وتبووی: ناوبژیوانی یارییەکە لە ئێمەوە دوور بوو، گۆڵچی کارێکی ناڕەوای نەکردبوو، بۆیە کە ناوبژیوان پرسیاری کرد، بەڕاشکاوی پێموت گۆڵچی هیچی نەکردووە و پێویست بە پەناڵتی ناکات، ئەم ئەخلاقە بەرزە لە کوێ هەیە مەگەر لای یاریزانێکی دەروێشی یاری خاوێن نەبێت؟

یاری خاوێن داوایەکی رەوای بواری وەرزش نییە، بەڵکو بەهاو نرخێکی ئینسانییە، دەبێت لەهەموو بوارێکدا هەوڵی بەرجەستەکردنی بدرێت. گەمەی تۆپی پێ بردنەوە یان دۆڕانێکی ئاساییە کە زۆر بە دەگمەن کاردانەوەی خراپی

لێدەکەوێتەوە، بەڵام ململانێی بواری سیاسیی و ئابووری و بوارەکانی دیکەی ژیان گەمەیەکی راستەقینەیەو کاردانەوە لە هەمبەریان کاریگەریی راستەوخۆ دروست دەکەن، بۆیە داخوازی یاری خاوێن لەگۆڕەپانی دەرەوەی گۆڕەپانی یاری، لە گۆڕەپانە گەورەکەی ژیان، داخوازییەکی سەد قاتە. زۆر کەس لەژیانی سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگی ئێمەدا دەست بۆ یاری نارەوا و ئۆفسايد و گزی و فزی دەبات. گەمەیەکی قێزەون بەڕێدەکات و پاکانەشی بەوە دەلەوتێنێ گوایە ئامانجەکانی رەوایە!

زۆر کەس لەوانەیە وەکو مارادۆنا یاریزانی مەزن بن، بەڵام وەک ئەو بەد رەفتاریشن لەوەدا بەدەست گۆڵ دەکەن و دەرمانی وزەبەخش بەکاردێنن. هەڵبەتە کەمجار دەردەکەوێت یاریزان وەک بێلییە مەزن بێت لە یاری سەرکەوتوو و لە یاری پاکوخاوێنیشدا.

کوردستان لەو وازیکەرانەی کەم نییە کە پەنا بۆ قێزەونترین کەرەستەو ناشرینترین شێوەی ململانێ دەبەن، تەنها لەپێناو بەزاندنی نەیارەکانیان. بێئاگا لەوەی سەرکەوتنی ئاڵوودەبوو بەفێڵ و گزی لەوانەیە دەستکەوتی کاتی مسۆگەر بکات، بەڵام تا ئەبەد خاوەنەکانیان لەزەلکاوی بێ مۆڕاڵی و بێ بەهای مەعنەویدا نوقم دەبن و پێش هەموو شتێک حورمەتی خۆیان لەدەست دەدەن.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥١٦٥ (٢٠١٠/٥/٣)**

# نیقابی لایەنداری، قیناعی بێلایەنی

ئەمڕۆ لەنێوەندی میدیای کوردیدا، کە بەشێکی نێوەندی رووناکبیری پێکدێنێت، کەسانێک هەن تا بیناقاقایان نقومن لەململانێ و کێبڕکێ سیاسییەکاندا، کەچی خەڵکی تر ئامۆژگاری دەکەن کە نابێ لایەنداری بەکارو گوفتارتەوە دیاربێت

ئەوانە بەشێکن لەماشێنی تەبلیغاتی ئەو دەستەو ئەو تاقمە، کەچی نوقرچ دەگرن ئەگەر کەسێک بەناو و ناونیشانی ئاشکرای خۆیەوە داکۆکی لەڕێبازو روانینێکی سیاسی کرد، هەشن کاراو ئەندام و هەڵسوڕاوی حزبی و رێکخراوین کەچی بۆ خۆ شیرینکردن لای تاقمە پێکناکۆکەکان رۆڵی پیاوماقوڵ و نەسیحەتکار وازی دەکەن.

بەشێنەیی لەگەڵ لایەنێک نەخشەو رێوشوێنی رکابەرێتی سیاسیی دادەنێن و، ئێوارەش کاکە برایی و بە ریشی تۆم قەسەمیانە.

من بۆ خۆم باوەڕ ناکەم ئەوە لەترسا، یان لەبرسا بێت، لەناو ئەم نموونانەدا خەڵکانێک هەن ترسنۆک نین، چاونەترسن و چاوتێریشن، بەڵام خوویەکی کۆمەڵایەتیان لێ بۆتە خووییەکی سیاسیی، کە ئەویش خووی موجامەلەو خۆ لەپێشخستن و خۆشیرینکردنیانە، یاخود لەوانەیە خوی سەرگەردانی بێت لەکۆمەڵێکی ئینتقالی وەک کۆمەڵی کوردستاندا کەهێزە کۆمەڵایەتییەکانی، ململانێکارە سیاسییەکانی، هەنووکە، لەجووڵەیەکی بەردەوامدان و هێشتا لەسەر شقلێکی دیاریکراو نەگیرساونەتەوە، ئومێد دەکەم ئەم خووە وەک دیاردەیەک لەکۆمەڵگەیەکی ئینتقالیدا، هەروا خوویەکی ئینتقالی بێت و نەبێتە دیاردەیەکی رەگ داکۆتاو کەژیانی لەمەودای رۆژنامەنووسی و روناکبیری کوردیی ئالوودە بکات.

مادام هەر قسەمکرد، با دیاردەیەکی تر باسبکەم: لەم دواییەدا باسوخواسی زمانی زبرو زمانی توند لەجاران زیاتر توندو زبرتر بووە، بێگومان هەر دیاردەیەکی رۆژنامەنووسی لەدەرەوەی رەخنە نابێت و لەوەدا هیچ گلەییم نییە لەسێرەگرتن

لەزمانی زبری ناو میدیای کوردستان، بەڵام سەیر لەوەدایە ئەوانەی خۆیان پاڵەوانەکانی زبری و زەبری وشەن، ئەمانە لەپێشی پێشەوەی گفتوگۆکارانی نەفرەتکردنن لەزمانی زبر، جا نازانم ئەم نمایشە بەشێکە لەکەرەستەی ئیشکردن یان ئەوانیش موجامەلە کراون و کەس پێیانی نەوتووە. ماشەڵڵا لەزمانی خۆتان؟ دەبێ لەخۆیان بپرسن. جا هەر مادام دەپرسین با لەڕێوە بشپرسین، زۆر باسی مۆراڵ و ئیتیک و پەیمانی شەرەفی رۆژنامەنووسیش دەکرێت، ئایا بەشێکی ئەوانە کە باسوخواسی وادەکەن، خۆیان لەکارو کردەوەیاندا بەم ناونیشانە جوانانەوە پەیوەست بوون؟

ئومێد دەکەم پرۆژەی پەیمانی شەرەفی رۆژنامەنووسی کە لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە زەمینەسازی بۆ دەکرێت، سەرەتای کۆمەڵێک دەستپێشخەری بێت کە بوارەکە سەنگدار بکاتەوە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت کەموکوڕییەکانی وەک ئەوەی باسمکرد سەر ئاو بکەون و ئەوانە بناسرێن کە (ینهون عن خلق ویاتون بمثله) کەچی هێشتا ئەوانیش بەم کاسبییە رازی نین.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: گۆشەی راست و رەوان

# کاك بنجامین-یش نوتقی خۆی-دا

ئیمە زۆر جار لەبەر ئەوەی گرێی خەواجەمان هەیە هەرچی شتێک میدیای بێگانە بینووسێ بە ڕاستو دروستی دەزانین، ڕۆژنامەنووسێکی ئیفرەنجی ببینین وا دەزانین مەسیحە لە پێشمەرگەیەتی و بابەتیبووندا، نازانین ئەویش مرۆڤە. قابیلی دادپەروەری و بابەتیبوون و قابیلی لادان و فشەکردنیشە.

لەم ڕۆژانەدا ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسێکی نیویۆرک تایمز-م خوێندەوە بە ناوی (کوردستانی عیراق ناکۆکە لەگەڵ خۆیدا) چەند بۆچونێکی هەڵەم تێدا بەدیکرد، دەزانم بۆچوون هەر بۆچوونە باهەڵەش بێت، بۆیە قسە لەسەر ئیدعایەکی دەکەم کە هیچ کەسێک لە سلێمانی و لەکوردستان بەگشتی بەو ئیدیعایە ناڵێ ئەشهەدومابیلا و بەو دوعایە ناڵێ ئامین.

کاک بینجامین هال نووسیویەتی: لە باڵکۆنەی ئوتێلەکەمەوە لە سلێمانی ئاماژەی ئازادی لەسەر کەلاکی بەندیخانەیەکی سەددام حسێن دەبینم، هەروەک بیست پۆلیسی چەکدار دەبینم کە لە خوارەوە چاودێریم دەکەن، ئەمەش وایلێکردم هەموو شتێک بە ئەندێشە و خەیاڵمدا بێت تەنیا یەک شت نەبێ: ئازادی.

جا خەڵکینە لە خۆتان دەپرسم، لە کام شوێنێکی ئەم کوردستانەدا (٢٠) پۆلیس چاودێری ڕۆژنامەنووسێکی بێگانەیان کردووە، ڕۆژنامەنووسەکەش هی نیویۆرک تایمز بێت؟ کێ باوەڕ بەوە دەکات لەم وڵاتەدا کە لە گەرمەی هەڵبژاردندا پڕ بوو لە ڕۆژنامەنووس و کەناڵی میدیا بیست پۆلیس بەچەکەوە سۆراخی ڕۆژنامەوانێک بکەن؟

بابەتی بوون و زانیاری ڕاست لەم ئیدیعایەدا لە کوێیە؟.

***ڕۆژنامەی ڕۆژنامکوردستانی نوێ: ژ:٧٠٧ (١٩٩٤/٦/١٤)**

# ڕێزی نان بگرن

ئەگەر دۆخی ڕۆژنامەنووسی وڵات شێواو و شەمزاو نەبێت، ئەوا ریپۆرتاژەکەی ڕۆژنامەنووس رزگار فایەق لەلاپەڕە یەکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارەی ٥٢٧٠ لە ٢٠١٠/٨/٣١، شایانی ئەوەیە خەڵاتی ریپۆرتاژی ساڵانە لەکوردستان وەربگرێت.

دەزانم ڕۆژێک دێت پیشەی ڕۆژنامەنووسی لای ئێمە وای لێدێت قەدری بابەتی وەک ئەوەی (زۆرشت دەربارەی نان) بگیرێت، بەڵام قسەی من لەسەر ئەمڕۆیە، نەک ڕۆژێک دادێت کە هەموو دەزانین (ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لە خوانە).

بەڕاستی چێژم لەو ریپۆرتاژە بینی، رەنگە وشەی چێژ نامۆ بێت بەگوێی ئەو کەسانەی وا دەزانن ڕۆژنامەنووسیی یان سەڵاوات لێدانە بۆ ئەم و ئەو، یان سەوڵ لێدانە دژی ئەم و ئەو. مەگەر چێژوەرگرتن بەشێک نییە لە خەسڵەتی زانیاری و زانین؟، بگرە ترۆپکی هەر جۆرە زانین و زانیارییەک چێژ لێوەرگرتنەن، تەنها لە کۆمەڵگە ژیان تارو تاڵەکاندا زانیاری و زانین چێژ نابەخشێت و دوو وشەگەلی وشک و برینگن.

باوەڕم وایە چێژوەرگرتن لە خوێندنەوە و ئاسوودەیی نەفسی بەشێکی دانەبڕاوی ئەنگێزەی ڕۆژنامە خوێندنەوەیە، خەریکە لەم چەلەحانێ و بارگرژییە سیاسییە ڕۆژنامەنووسییەی وڵاتی کوردەواریدا لە بیرمان دەچێتەوە کە جاران ڕۆژنامە خوێندنەوە چێژ و خۆشی پێدەبەخشین. زانیاری و تامی زاری پاراو دەکردین، ئەمڕۆ ڕۆژنامە لەکوردستان عەبوس و بارگاوییە بەسەد ئایدۆلۆژیاو تەڵەکەبازی و دووفاقی و درۆ و دەلەسە. کارێک کرا ئەوی لە ناو عەرەبدا پێی دەڵێن (حچی جراید) لای خۆمان واوەتر بچێت و بێژن (درۆ و دەلەسەی ڕۆژنامەکان).

دەگەڕێمەوە بۆ (نان)ەکەی رزگار کە لە هەموو روویەکەوە نانێکی گەرمە بۆ سەرخوانی رەمەزان، نەسووتاوە، مەگەر لێوارەکەی بۆ چێژی زیاتر قوڵپی قاوەیی دابێت!.

دەبێ سەرخوانی خوێنەرانی کورد چەند پێخۆری وابەکەڵک و چێژی گەرەک بێت؟. دەبێ تا چ مەودایەک ئێمە پێویستمان بەوەبێت رۆژنامەنووسی و رۆژنامەکانمان بگێرینەوە، یان راستتر بگیرسێنینەوە لەسەر دۆخێکی سروشتی کە لە پاڵ وەزیفە سیاسییە، گشتییەکەی میدیا، وەزیفەیەکی جەوهەریی بخەینە رۆژەڤی کارەوە، ئەویش: ئەجێندای پێدانی زانیاریی هەمەلایەنە بەرِیتمێکی رۆژنامەنووسیانەوە.

گەلێک جار لە خەمی تیراژ و لەخەمی سیاسەت و سەنگەرلێدانی ئایدۆلۆژی بیرمان دەچێتەوە کە خوێنەر و جەماوەری وەرگر هەقی لەسەرمانە، قەرزی لەسەر شانمانە کە بە تەکنیکی رۆژنامەنووسیی خۆمان دنیابینییان فراوان بکەین، شتە ئاساییەکانیان لاخۆش و خۆشەویست بکەین، وەک ئەوەی ریپۆرتاژی نان کردی.

هەمووومان نان دەکرِین، پارەی ئاسن و کاغەز لەسەرەی نانەواخانەکاندا ریزدەکەین و هەمووومان نان دەخۆین، لێ کەمجار بیر لەوە دەکەینەوە نان لە چییەوە هاتووە و لە چییەوە دێ؟

ئێمە بەلای زۆرشتدا، وەک بەلای نانەواخانەدا، تێپەرِدەبین، قەت ئاورِێک نادەینەوە ئەو نانە کە فەیلەسوف و شاعیر و شۆرِشەکانی بە خۆوە سەرقاڵکردووە، ئەسڵی هەقایەتەکەی لە چییەوەیە؟

زۆرشت هەیە، لەسەر نان بیڵێین، زۆرشت هەیە لەسەر نانخۆرەکان و ئەوانەی نانیان لە فەرامۆشکردنی بابەتەکانی وەک (زۆرشت دەربارەی نان)دایە، بەیانی بکەین، لێ چونکە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ لێرە دەیبرِمەوە.

هیوام وایە ئیتر چێژ بۆ رۆژنامەنووسی بگێرینەوە، چونکە کۆمەڵگەی زانیاریی خۆی لەخۆیدا کۆمەڵگەی چێژوەرگرتنە لە خۆشییەکانی ژیان، بە نان و رۆژنامەوە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ٢٤٥ (٢/٨/٢٠١٠)

# ئەم ئەستێرە، بەسەرهاتی دڵگیری
# لە کام ڕۆحا نابزوێنێ سا زویری؟*

( (ئازاد گیان لە ئەمانەتی خوایا بیت)) مام سدیق بەم جۆرە خواحافیزی لە کوڕە گەورەکەی خۆی کرد، وەختێک خۆیی و کوڕەکانی و دۆستانی جوانەمەرگ بە دیار کفن و دفنەوە ڕاوەستابوون.

ئازاد گیان، لە ئەمانەتی خوایا بیت، ئەگەر چی خوای گەورە لە چیرۆکی تەمەنی تۆدا تەنیا ٣٩ ساڵ، ئەمانەتەکەی لای دونیای فانی گلدایەوە، باقییەکەی ئەوەیە کە دوێنێ بینیمان: لە ناکاو لە مزگەوتی شێخ فەریدەوە بۆ قەبری تاریک وتنۆک لە گردی سەیوان، لەتەنیشت دایکە ڕابیعەو لە باوەشی دایکی گەورە، دایکی نیشتمانا.

لەم دوو ساڵەدا ئەمە تەرمی چەند هاوڕێمان بنێژین؟ گڵکۆی تازەی لەیلمان بۆ چەند کەس گوت و گۆڕی کام ئازیزی ترمان یار و نەیاری بەتەنیشت یەکەوە ڕاگرت؟

جارێکیان غالب هلسا لە مەرگی ئەدیبێکی دۆستیدا وتی: ئەمە چەندەم جارە فرمێسک بۆ مەرگی ئەم دۆست و ئەو یار دەبێتە حیبری مەرەکەب؟ زۆری نەبرد غالب خۆشی فەوتی کرد، زۆری نەبرد ئازاد سدیقیش بنەی پێچایەوە. خۆ ئەگەر لیستی ناوەکانمان لابوایە، ئەوا ئەم سیحری مەرگ و ژینە بەتاڵ دەبۆوە و شتێک دەبوو وەک دەست تێوەردان لە کاری خوا.

جارێکیان ئازاد خۆشی لەمەرگی بوک و زاوای بە ئاکام نەگەیشتوو (چیا و هانا)دا گریانی بۆ حاڵی لاوانی خێر لە خۆنەدیوی کوردەواری دەهات، پێموت: ئازاد ئەوەی تۆ نووسیوتە، مەزنترین سەروتارە لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. سەیرێکی کردم وەک بڵێی چییە، بەتەمای بە قەڵبەیەکمدا بدەی؟

– بەخوا بەراستمە ئازاد، ئێستاش بەڕاستمە، سەروتار کە وەک نەریت بۆ مەسەلە سیاسییە گەورەکان تەرخانە، ئەوە زۆر گرنگە کە بۆ تراژیدیای کیژ و کوڕێکی کورد بنووسێت. بوک و زاوایەک دەبنە قوربانی پلەی سفری کواڵیتی ئوتێل و کابینەکانی گشتوگوزار و کەس نییە لەم رووداوە بچووکە، گەورەیە، بپێچێتەوە؟.

چەند جارێکی تریش ئازاد خەمی لێوبەبارێکی کردە ((خەمی شارێک)) کورت و چڕ و پوخت رازو ئینجا بەسەلیقە لە وەرگێڕاندا. وردەکار لە ئیدارەدانی حیواڕی تەلەفزیۆنی، کام سیاسەتمەداری کوردستان ختوکەی دەرکەوتنی لە بەرنامەی ((دیدار)) بە دڵیدا گوزەری نەکردووە؟ سەروەختێک دەرکەوتن لە (دیدار)دا بۆ هەڵسوڕاوی سیاسیی مانای وابوو وا ئێستا لەیانەی گەورە پیاوانی.

ئازاد، وەک ئێمەی گەنجانی تری ناو یەکێتی، جارێک ئارەزووی کرد ببێتە ئەندام لە یانەی گەورە پیاواندا، ئەمە رێک بیست رۆژ پێش مەرگی ئاوادەی قەوما، ئەمما ئەوی لە (دیدار)ی سەر شاشەی تەلەفزیۆنە جیایە لەوەی لەسەر زەمینی واقیعە. قەدەر پێی وت: ((زووە، هێشتا ماوتە!)) سەیرکەن زووە تا قاڵبێتەوە لە یانەی گەوراندا، بەس زوو نییە، وەختێک مردن زەفەر بە گەنجێکی ٣٩ ساڵ دەبات.

ئیتر بەشەو خوا داویەتی. شایەتی دەدەم ئازاد بە (بەشی) خۆی رازیبوو، لەخزمەتی براو دۆستدابوو، تا رادەی دڵسافی و سینە سافی. لە تەنگانە و لێقەوماندا درێغیی نەدەکرد لە هەر کەسێک پێویستی بە ئازاد بوو یان تەنانەت دڵناسک و زویریش بوایە لێی، کە دەیبیست پێویستییە سەر لە رێبوو.

بۆیە دوای نزیکەی نۆزدە ساڵ لە یەکەم دیدارەوە، وەختێک لە خوێندکاران و زانکۆی سەلاحەددین پێکگەیشتین، دەتوانم ئیدیعا بکەم کە دەمناسی، (تەماعکار) نەبوو، بە دوای بەشەوە نەبوو، (تموحکار) بوو، بەدوای (دەورەوە) بوو، دەورێک کە بەفیعلی لە میدیاو رۆژنامەوانیدا زیاتر درەوشاوەبوو، لەوێ خزمەتی دامودەزگاکانی کورد و کوردستانی کرد جا هی حزب بێت، یان حکومەت، لەسەر پەڕی رۆژنامە، بێت یان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن. بەڵگەشم ئەوەیە لەهەر جێیەک کارەکە ئەقڵی نەیگرتبێت، چاوی

لەتەماعی وەزیفە نەبووە.

بۆیە بە حەق ئازاد شایەنی ئەو ڕێزلێنانە شایانە بوو کە لەڕێوڕەسمی پرسەکەیدا بینیمان.

جا کەوابێ ئازاد گیان لە ئەمانەتی خوایا بیت. دایکی نیشتمان وا بە تۆمان سپارد.

*کۆپلە شیعرێکی گۆرانە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥٢١٨ (٢٠١٠/٧/١)

# ویكلیكس، دیاردەیەك لەسەرەتادایە

ویکلیکس دیاردەیەک بوو لە پڕ هات، بەڵام دیار نییە بەم زووانە کۆڵ بدات و گۆڕەپانەکە لەبەردەم قوربانییەکانی خۆی، سیاسەتی دەولی و دیپلۆماتەکانی ئەمریکاو سەرکردەکانی دونیا، چۆڵ بکات. ئەوەی تا ئێستا دەرکەوتووە و سەرەتایە، دواییەکەی جارێ زۆری ماوە و کاردانەوەی ئەم دواییەش وەک بۆمبایەک بەڕووی نهێنێتی سیاسەت و دیپلۆماسیدا دەتەقێتەوە.

لەیەکەم دیتندا وادێتە بەرچاو، ئاشکراییەکی وا خزمەتی شەفافیەت و دادپەروەری و فراوانکردنی پشکداری خەڵک دەکا لە شەئنی گشتی و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بەڵام تاقیکردنەوە دەریدەخات هەتا ئامڕازەکانی ئاشکراکاریی گەشەبکات، شێوازەکانی بەرەنگاری ئەو و هونەرنواندن لە شاردنەوەی سیاسەتە ڕاستەقینەکان گەشەی زیاتر دەکات، ئەو تەکنیکانەی یارمەتی دزینی بەڵگەنامەو نووسراو دەدەن. وەک چۆن باریان بۆ سیاسەتی رەسمی دەوڵەتان و بەتایبەتیش دەوڵەتێکی بەهێزی وەکو ئەمریکا نەبوو، سبەینێ بەنرخێکی هەرزانتر رابەرانی ئاشکراگۆیی دەفرۆشێت. هەروەها لە هەمبەر تەکنیکی بەرزی دەرخستنی راپۆرتە راستەقینەکاندا. قایمکاریی و نهێنیپارێزی مرۆییش گەشە دەکات.

ئەم ململانێیە بەکوێ دەگیرسێتەوە؟، باسێکی قوڵە، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر کاردانەوەبێت لە گۆرینی سیاسەتی دەوڵەتان، بەداخەوە سیاسەتی دەوڵەتان، بە تایبەتی لە ئاستی ململانێی جیهانییدا، دیموکراسی و یاسا و رەوایی هەڵیناسوڕێنن بەڵکو بەرژەوەندی هەڵیدەسورێنێ. پێش ویکلیکسێک لە سەرەتای سەدەی بیست روسیای ئیستیعماری کە بووە (سۆڤێتی) هەموو بەڵگەکانی رێککەوتنی سایکس-بیکۆی ئاشکرا کرد، بەڵام دواتر ئەم ئاشکراکارییە نەبووە مۆراڵێک کە سۆڤێت خۆشی سەدو یەک سەودای نهێنی و سیاسەتی ژێر پەردە پەیرەو نەکات.

بەداخەوە سایکس بیکۆش هەر جێبەجێکراو کەسیش لە مافی قوربانییەکانی نەپرسییەوە.

ڕەنگە زۆر نەبا سیاسەتی نێودەوڵەتی دۆخی خۆی لەگەڵ ئەم شۆکە تازەیە ڕێکبخاتەوە و بتوانێ بەربەستی پڕپیشکەکانی بکاو تورەیی کاردانەوەی دەوڵەت و ڕۆژنامەگەری و چالاکوانانی دیموکراسی لە ئاستی جیهانیشدا هەڵمژێ، بەڵام ئەوەی ئێستا دەرفەتی قەزاوەت دەدات ئەوەیە ئەم دیاردەیە شایانی ناساندن و دەرخستنی ڕەهەندەکانێتی بۆ خوێنەران.
کوردستانی نوێ لەم دۆسێیەدا ڕێک ئەمەی کردووە.

*وتاری سەرەکی بۆ پاشکۆیەکی تایبەت بە دۆسێی ویکلیکس

# خولیایەك هەموو قوربانییەك ئەهێنێ

کاک رامیار مەحمود وتارێکی سەرنجڕاکێشی لەسەر پێویستیی گەشەپێدانی زیاترو بەهێزکردنی کوردستانی نوێ نووسیووە، لەژمارە (٦٦١٦) لەڕۆژی (٢٠١٤/٦/٢٤) بڵاوبۆتەوە. هەندێک رەخنەی دڵسۆزانەو پێشنیازی تازەی کردووە بۆ گفتوگۆو داوای لەبەندە، وەک سەرنووسەر، کردووە دەرگای باسوخواسی وا بکەمەوە. وا لێرەدا دەیڵێم نەک هەر بۆ باسوخواس، بەڵکو بۆ پێویستی کارو کۆششی نوێ، هەقە دەرگای کوردستانی نوێ لەسەر گەشەی زیاترو بەهێزکردنی کوردستانی نوێ بکەینەوە.

بۆخۆم وتارەکەی رامیارو ئەوی پێشتر کاک خالد سلێمان (کوردستانی نوێ) ژمارە (٦٤١٢ی رۆژی ٢٠١٤/٦/١٩)و هەروا ئەوەی کاک سەرتیپ جەوهەر کە فراوانتر لەکوردستانی نوێ لەژمارە (٦٤١٩ی رۆژی ٢٠١٤/٦/٢٧) باسی گەشەپێدانی راگەیاندنی یەکێتی دەکات، بەدەستپێکی ئەو دەروازەیە دەزانم کە کاک رامیار داوای لەبەندە کردووە بیکەمەوە، دەرگا خۆی کراوەتەوە، بۆیە ئەوە نووسەری ئەم دێڕانەیە دەخوازێت دوای دەستپێشخەریی ئەوان بکەوێتو هەندێک خولیا بخاتە نێوانەوە.

سەرەتا بەوە دەست پێدەکەم رەنگە سەیر نەبێت بەرپرسی کەناڵێک کە لەڕۆژنامەدا ناونیشانی سەرنووسەرە باسی خولیا بکات نەک (واقیعی بەدیهاتوو)، وەک بڵێی ئاماژەبدات، گوایە ئەو دەسەڵاتی بڕیاری نییە یان بەرپرس نییە لەهاتنەدیی کوردستانی نوێی-یەکی باشتر، نەخێر! لێرە باسی خولیا دەکەم بەو مانایەی ئەوی دەستی مرۆڤەکان دەیکات، هەرگیز دەقاو دەق وەک ئەوە نییە ئەندێشەی مرۆڤەکان دەیخوازێت. لەهەموو کردەیەکی مرۆییو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئەوکاتە دەگەینە قۆناغێکی باشتر کە دەستەکان رێک ئەوە بکەن کە ئیعازو بڕیاری ئەندێشەکانە. گوزارشتی (کوردستانی نوێ-ی باشتر) بەڵگەیە بۆ ئەوەی کوردستانی نوێ باشی کردووە، بەڵام ئیتر کاتێتی باشتری بکات،

ئەگەرنا لەکاروان بەجێدەمێنێت. ئەم باشترە خولیای هەموومانە لە ئەندامانی کوردستانی نوێو لەهاوکارانو هەوادارانی، لەخوێنەرانو لەیەکێتییەکانیش، مادام ئەم ڕۆژنامەیە دەردەکەن. خولیای بەندەش وەک ڕۆژنامەنووسێک لەتەک هەموو ڕۆژنامەنووسە هاوکارەکانمدایە پێش ئەوەی خولیای سەرنووسەرێک بێت کە ئەم ئەلقابگەلو ئەلفازگەلە شیرینانە دێنو دەڕۆنو هەر ناوو خەسڵەتی ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو، یان شکستخواردوو، دەمێنێتەوە.

خولیاکە ئەوەیە کە:

–کوردستانی نوێ کەسێتی خۆی لەتەنها ڕۆژنامەیەکەوە بکاتە دامەزراوەیەکی ڕۆژنامەوانییـ ڕۆشنبیری، سەنتەرێک بۆ میدیایەکی نیشتمانیی، نەک تەنها ڕۆژنامەیەک لەدەیان ڕۆژنامەی تری سەر گۆڕەپانی کوردستان. بەشێک بێت لەپرۆژەی پەرەپێدانی میدیای چاپەمەنی کە ئێستا لەسایەی یەکێتیدا دەردەچێتو پەرتو بڵاوەو فرە ئاراستەیە.

–کوردستانی نوێ زیاترو زیاتر سیفەتی ڕۆژنامەیەکی ئیستیهلاکی تێپەڕێنێت کە یەکێتی وردو درشتی خەرجییەکانی دابین بکاتو خۆی بەو کەرەستانەی هەیەتی چاپخانە، ریکلام، هیچ ئەرکو بەرپرسارێتییەکی ژیاندنی خۆی نەگرێتە ئەستۆ. بەندە خۆش باوەڕنیم کە پێم وابێ لە ئەمڕۆی کوردستانو بگرە جیهانیشدا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، بەتایبەتی ڕۆژنامەی مولتەزیم بەئامانجی سیاسیی دەربەستەوە، بتوانێت سەد دەر سەد خۆی بژێنێتو پێویستی بەتەمویل نەبێت. بەڵێ! کوردستانی نوێ تەمویلی یەکێتی گەرەکە، بەڵام خۆشی دەتوانێت چاپخانەکەی، ریکلامو سەرچاوەی داهاتەکانی پەرەپێبدات، کۆمپانیای دابەشکردنو کۆمپانیای ریکلامی هەبێتو بەشێکی ئەرکی بودجەی مانگانەی خۆی پڕ بکاتەوە. قەوارەیەکی ڕۆژنامەوانیی وا کە بێتەدی، دەتوانێ خۆی پوخت بکاتەوە، خۆی هەیکەلە بکاتەوە بەگوێرەی پێویستیی قۆناغی نوێی کارکردنیو دەتوانێ بڕیاری باشتربداتو سەنگی زیاتریشی هەبێت لەناو ڕاگەیاندنی یەکێتیو ڕاگەیاندنی کوردیشدا.

–دامەزراوەبوونی کوردستانی نوێ بەمانای دابڕینی لەتۆڕی ڕاگەیاندنی یەکێتیو لەسایەی یەکێتی ناگەیەنێت، بەدامەزراوەکردنی لەشێوەی قەوارەیەکی سەربەخۆ (کۆمپانیا، دامەزراوەی میدیایی..هتد) مانای تەوەللابوونی کوردستانی نوێ ناگەیەنێت، بەڵکو بەمانای ئەوە دێت شێوازی ئیدارەدانی خۆی پێش دەخات.

دەتوانێ لە قەوارەبوونی خۆیدا، لەقەوارەبوونی کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی یەکێتیدا لەتەلەفزیۆنەکان، ڕادیۆکانو سایتەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی) ببێتە بەشێک لەتۆڕێکی گەورەی ڕاگەیاندنی یەکێتی، لەگرووپی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی. قەوارەو کەسێتی مانای لێکترازانو تەریکبوون ناگەیەنێت، بەڵکو بەمانای بەدامەزراوەبوون دەگەیەنێت. جیاوازیی نێوان (ئیقتاع) و (دامەزراوە) ئەوەیە دامەزراوە دەتوانێ هەیکەلێکی نەرمی هەبێت کە:

أ-سەربەخۆییو گرێدراوی هاوسەنگ بکات.

ب-داهێنانی ئازادبکاتو بەرپرسیارێتی لەچوارچێوەی دامەزراوەو ئامانجی گەورەتردا بپارێزێت.

ج-پەیڕەوی هاوکارییو هەڤاڵێتی بکاتو کێبڕکێ بۆ پێشکەوتنیش بکات.

د-بۆ بواری میدیاش دەتوانێت:

-تەمویلی سەرەکی سپۆنسەرەکەیو تەمویلی خولیی بەرهەمهێنانی خۆی بکاتە تەواوکاری یەکتری. بۆ ئەوەی هەر مشەخۆر نەبێتو وەکو دەزگایەتی بیرۆکراتی هیچ هەوڵێکی خودیی نەبێت.

-ڕێرەوی تەحریرو کاری ڕۆژنامەوانیی لەڕێرەوی کاری پەیداکردنی سەرچاوەی دیکەی داهاتو بەرهەمهێنانی داهات جیابکاتەوە.

بۆ نموونە کۆمپانیای ریکلام، چاپخانەی بازرگانی ببنە توانای ماددی بۆ ڕۆژنامە بە بێ ئەوەی کاری هەردوولا (تەحریرو ئیدارە) تێکەڵ بکرێت.

خولیا ئەوەیە کوردستانی نوێ ببێتە دامەزراوەیەکی وا کە ئیلتزامی بەهێڵی سیاسەتی گشتیی یەکێتییەوە هەبێتو لەڕووی ئیدارییو سیاسی، بەڕێوشوێنی خۆی موحاسەبەش بکرێت، بەشێک بێت لەدەزگا یان دامەزراوە یان ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی یەکێتی کە ئەوانیش خۆیان هەیکەلە بکەنەوە.

کوردستانی نوێ دەتوانێ دامەزراوە بێتو بەشیش بێ، ئیلتزامی هەبێ، لەهەمان کاتدا دەستکراوەتریش بێت لە:

-خۆڕێکخستنەوەو داڕشتنەوەی هەیکەلەی ئیدارەو تەحریری بەگوێرەی پێویستیی کارەکەو پێویستیی پەیامە سیاسیو میدیاییەکەی.

-کراوەتر بێت لەتەحریرو گەیاندنی پەیامی ڕۆژنامەوانیی خۆی.

-توانا مادیو مەعنەوییەکانی خۆی، سەرمایەی ڕێزو سەنگی خۆی بۆ پەرەپێدانی زیاتری کارەکانی بخاتەگەڕ.

پێموایە ژینگەی کاریش رۆڵ دەگێڕێت لەسەرلەنوێ هەیکەلە کردنەوەو ئەبدەیتکردنی کوردستانی نوێو کۆی راگەیاندنی یەکێتی، رەنگە باسی ژینگەش نهێنیی ئەوەمان بۆ دەربخات، بۆچی راگەیاندنکارو رۆژنامەنووسی ئێمە لەدەرەوەی جوغزی کاری میدیایی کوردستانی نوێو راگەیاندن دەتوانێ زیاتر داهێنان بکات، بەجۆرێک بەشێکی بەرچاو لەئەستێرەکانی راگەیاندنی کوردی لەهەموو بوارەکاندا لەوانەن کە لەڕاگەیاندنی یەکێتی پەروەردەبوونو پێگەیشتوون. ئەمە چارەسەری دەوێت، ئەگەر بمانەوێ راگەیاندنەکەمان تەنها کارگەی بەرهەمهێنی راگەیاندنکار نەبێت بۆ راگەیاندنەکانی دەرەوەی یەکێتی.

ئایا دەکرێ ئەم خولیایە ببێتە واقیع؟ بەڵێ دەکرێت ئەوکاتەی خاوەنی ئەم رۆژنامەیە بڕیار بۆ ئەمە دەربکات، ئەم پرۆڤەیە بکات، هیچ نەبێ بۆ دوو ساڵ، دوای بیستو سێ ساڵ لەجۆرەکەی پێشوومان. ئەگەر لەدوو ساڵدا لەسەدا پەنجا سەرکەوتوو بێت، ئەوا ئومێد بەخشەو لە دە ساڵدا دەشێ رێژەی سەرکەوتنیش بەرز بکەینەوە.

ئەوکاتە گرنگ نییە کوردستانی نوێ بارەگای سەربەخۆی هەبێ یان نا (وەکو کاک رامیار پێشنیازی دەکات)، ئەم بینایەی ئێستاش جوانەو دەکرێ هی جوانتریشمان هەبێ، بەڵام بارەگای سەرەکی، دڵی خوێنەران، لەهەموویان جوانترە.

خولیای وا دەکرێ ببێتە واقیع، خەبات بۆ ئامانجی وا هەموو قوربانییەک دەهێنێت. قوربانیی بۆ هێنانەدی خەونی واو قوربانیی بەناوو نیشانو ئەلقابگەل شیرینیش.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٤٢٢ (٢٠١٤/٧/١)**

# ساڵح حەیدەری

بەندە لەهەلومەرجێکی تایبەتدا مامۆستا ساڵح حەیدەریم ناسی، ڕێک لەساڵی (١٩٩٢-١٩٩٣) دا، ئەو وەختە لەهەولێر خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین بووم، توێژینەوەیەکم بەدەستەوە بوو لەسەر هەڵوێستی حزبە چەپە سەرتاسەرییەکانی هەر چوار وڵاتی کوردستان پێوە گرێدراو لەمەسەلەی کورد، لەڕێی چەند ناسیاوێکەوە، متمانەی مامۆستا حەیدەریم بەدەستهێنا.

مامۆستا حەیدەری گەنجینە بەنرخەکەی، بیرەوەرییەکانی خۆی، خستە بەردەستم، بۆ گەنجێکی (٢٣) ساڵە کە تازە لەکەرکوکی تەعریبکراوەوە هاتبوو، چاو بەستراوی دیرۆکێکی قەدەغەکراوبوو، ئەم گەنجینەیە وەک بەڕوودا کردنەوەی دەرگای بەهەشت بوو.

خەتێکی جوان و ڕەوان، بیرەوەرییەکی تیژ کە مێژووی پڕ وردەکاریی بزووتنەوەی دیموکراسی عیراق و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لەخۆگرتبوو، لەوێ یەک دەفعە زانیم لەسەرەتای جەنگی دووەمەوە چ لەم عیراق و کوردستانە گوزەراوەو لەمابەینی هەولێرو بەغدا، کوردستان و عەرەبستانی عیراقدا چ جوڵانەوەیەکی زیندووی سیاسی لەکایەدابووە. هەموو رۆژانێکی پێنج شەممە وەک گەنجێکی نەناسراوی بێ ناونیشان میوانی مامۆستایەکی سەنگینی سیاسیی و تێکۆشەرێکی دیاربووم، مامۆستا خۆی لوتفی دەنواندو دەرگای لێدەکردمەوە، لەژووری میواندا دوای رێزگرتن و ئامۆژگاری، دەفتەری ئەسڵی و بێ لێقرتانی بیرەوەرییەکانی دەخستە بەردەستم، چیم بویستبا لەدەفتەرێکی بۆردا دەمنووسییەوە.

لەو تۆمارەوە زانیم خولیای کورد بۆ تێکەڵکردنی خەباتی نەتەوەیی و خەباتی چینایەتی چەند دێرینە، تێگەیم مۆدێلی حزبێک بۆ (شۆڕش)ی چینایەتی و یەکێکی دی بۆ (رزگاری) نیشتمانیی، لەکام پێویستی ئەو سەردەمەوە سەرەتاتکێی بوو، شتی زۆرم لەسەر کەینوبەینی (هاوپەیمانێتی و ململانێ)ی شیوعی و پارتی ئەو دەمەم، دەخوێندەوە.

لەگفتوگۆی مامۆستادا، کەدەیزانی مەیلی یەکێتیم هەیە، دەمزانی هێشتاش حورمەتی زۆری لەخەبات و سەروەری حزبی شیوعی دەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا کە سێ بەشی باسەکەم لەسەر حزبی شیوعی عیراق و مەسەلەی کورد بڵاوکردەوە، مامۆستا حەیدەری هەر بەگەرموگوڕی جارانی پێشوازی لێدەکردم و تێبینی پێدەوتم. بێگومان من باسەکەم تەواو نەکردو سیپارەو بەڵگەکانم لەرووداوەکانی وڵاتدا بزربوون، بەڵام هەرگیز یادی مامۆستا حەیدەریم بزرنەکردو لەگەلێک جومگەدا کە بۆ دەمەزەردکردنەوە سەیرێکی سەرچاوە مێژووییەکانی بەردەستم دەکەمەوە، هەست دەکەم ئەوی لەبیرەوەری ساڵح حەیدەرییەوە فێری بووم، وەک نەقشی سەر بەردە و یارمەتیدەرمە بۆ خۆ دەوڵەمەندکردنێکی زیاتری زانیاری و ئاگاهی.

دەفتەری سەرنج و بەڵگە گوێزراوەکانی بیرەوەری مامۆستام بزرکرد، بەڵام هەرگیز ئەدگارو لەفزی شیرین و ئامۆژگارییەکانی لەیاد ناکەم، وەختێک کە ئەمرۆ دەبینم حزبی وا شۆڤێنی لەم ناوچەیە پەیدابوون، تێدەگەم ئەدەبیاتەکانی شەهید فەهد بۆ پرسی کورد بازدانێکی گەورەیە لەچاو زەمان و زەمینی خۆیدا.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥٠٩٤ (٢٠١٠/٢/٨)

فەسڵی سێیەم

# سپی و ڕەش

(١)

# لاپەڕەی سپی

ئەی لاپەڕەی سپی.. ئەی گۆڕەپانی نەبەردییەکی هێشتا نەقەوماو..

تۆ ئێستاش سامی یەکەم لاپەڕەی دەستپێکت هەیە. (٢١) لاپەڕە نابیت و ٢١یەک ساڵە حەریفی ڕەشکردنەوەی مانەندەکانی تۆم، کەچی هێشتاش سامی ئەوەلینی خۆت لەدەست نەداوە. وەک ئەوەی هیچ نەنووسرا بێت، وەک ئەوەی هیچم نەنووسیبێت سامدار و سامناک و چڕی پڕ نهێنیت. چی سڕێکم پێ دەڕێژی. چیم پێ دەنوسی کە پێم وا بێ لەو بیست و یەک ساڵەی رابورد نەم نووسیبێت. ئەی لاپەڕە سپییەکەی کۆڕی تاقیکردنەوە. لە ترس و بیمی ئەوەی نازانم چیت لەسەر بنووسم بە سامتر چیتر هەیە؟ مەگەر ئەوەی لەم ساتەوەختەی نووسینتدا بمرم و ئەوی بیست و یەک ساڵی رابردووم نووسیوومە ناسنامەو مێژووم بێت، خەڵک و خوای کوردەواری بەو ڕەوتەوە بێنە سەر گۆڕم، تف لە مەزارم و نەفرەت لە هەرەج و هەراجم بکەن. لە سامی سپێتی تۆی لاپەڕە ترس لە دڵ و دەروونندا ئەولەویەتی بە شتی تر داوە. شتی وەک ئەوەی ئەو لاپەڕانەی نووسران و ڕەشکرانەوە. هەر ئەوانە پێوەری هزرکردن و تەفەکورم بێت کە هێشتا ئەوەلین کتێبم نە نووسیوە، کە هێشتا یەکەم دێڕم لە دایک نەبووە.

ئەی لاپەڕەی سپی پڕ لە راز و پەنهانی، مەگەر خۆت ڕێنوێنم کەی کە هیچ خەرجی و سامانێک فریای قەڵەمی دەست و ویستی ڕەشکردنەوی سپێتی تۆ ناکەوێت.

سپی و بەسام وەک یەکەم جار.. ترس و بیم لەوەی بیرۆکە نەگاتە سەر کاغەزو هەناسەم ببڕێت و ئیتر هەر ناسنامەی پێشین بەش و بەختم بێت.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٧٩٦ (١٦/ ٢٠١٥/١٧)

(٢)

# سبەینێ

ئای خودای گەورە چەند سبەینانی خۆشت هەیە کە جرت و فرتی ژیانی ڕۆژانە ڕێی لە بەندەکانت گرتووە ببینن؟ وەک ئەم ساتە، وەک ئەم سەعات پێنجەی سەرلەبەیانییە کە بۆنی پایزێکی هاتووی تەڕی لێ دێت. چەند ڕۆژو مانگ و ساڵ بەخەسار دەدەین و چەند ڕەنجی فەرهادی لە هەڵکۆڵینی بەردی بێستون دەدەین و کەچی گرەوی بردنەوەی شیرینی خەونەکانمان زۆر لەوە ئاسانترە ئەو هەموو زەحمەتییە جەستەییەی بۆ بدەین. شیرین وا لە تەنیشتمانەوە، وا بە پاڵمانەوە، شاشی و هەڵپەی ئێمە ڕێی لەوە گرتوە بیانبینین وتەلی دڵیان ڕازی بکەین.

چەند مانگ و وەرزو ساڵ بە دیار هاتنی بووکی خەونەکانمان بەسەر دەبەین، کەچی بووکی خەونەکانمان لەوانەیە دراوسێمان بێت. لەوانەیە لە ئاواییەکانی خۆماندا بێت و چاوی کزی ڕاهاتنی ڕۆژانەمان لێی غافڵ بووە. سبەینێ کانت چەند خۆشە خودایە. پایزەکانت چەند تەڕو جوان و بەهارییە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٠٢ (٢٣- ٢٤ /١٠/٢٠١٥)

(٣)

#ماملێ

که گوێ له دەنگت دەگرم هەست دەکەم تۆش له خۆمانی، کوردی و کرمانجی و خەڵکی گەڕەکی خۆمانی. مام عەلی دوکاندارو سەید محەمەدی بەفرفرۆش و حاجیه مشکی بەسەرەکەی موشتەری ئێوارانی. هەست دەکەم تۆش خۆمانی وەک مامم که مشتەری ئێواره له دانیشتن دوا بکەون، ئێژێ بۆ کوێ دەچن نانی ئێواره ئەخۆین له ماڵەوه ئینجا بڕۆن. هیچ فرۆشیارێکتان بینیوه شیو بداته فرۆشیارەکانی؟ شمەک به قەرزو نانی ئێوارەشی سەربار بێت؟ یانی بەستەت بۆ بڵێت و مەقامیشت بۆ بکاته تیکەی راوچی؟ ناڵێم له خۆمان دەچی؟ خەڵکی گەڕەکی خۆمانی وگۆرانی بۆ خۆمان دەڵێی!. گۆرانی بۆ وەزیفەو پایەو حەریف ناڵێی. که گوێت لێ دەگرم، که گوێت لێ دەگرین بەربەست و سنوور نامێنێ و هەولێرو مەهابادو سلێمانی دەبنه گەڕەکێکی گەوره له کوردستانێکی گەوەردا. گۆرانی خۆمان و بۆخۆمانی دەڵێی و بۆ خۆمان گوێی لێ دەگرین. لەبەر ئەوه هونەرەکه بەرزه و بەرهەمەکەشی حەریفانەیه له دڵەوەیه، له گەرووی پاکی بێ مەسڵەحەتەوەیه. بۆ ئەوانەیه که کوردن و به کوردی دەژین و به کوردی دەدەن وەڵامی قەبریان. ئەوانەی ئەو کۆده نازانن نه وەڵامی قەبریان ڕاست دەبێ و نه گۆرانیەکانت دەڕژێته دڵ و رۆحیانەوه ئەمه وەسفی هونەری نییه بۆ هونەرێکی پایه بڵند. ئەمه سڵاوێکه له ١٥ ساڵی کۆچت که دەشێ هەموو رۆژێک و هەموو ساڵێک سڵاوی وا وه بیرمان بێتەوه وەختێک گوێت لێ دەگرین.

ئەوه سڵاوه لەتۆ، مام عەلی، ماملێ کەی نەتەوەی بەلەنگازی کورد.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٠٨ (٣٠ - ٢٠١٥/١٠/٣١)

(٤)

# كوردستانی بەخشندە

کوردستان موڵکی هەموو کوردستانیانە، موڵکی هەموو ئەو کەسانەیە لە کوردستان دەژین و یان خۆیان بە کوردستانیی دەزانن. کوردستان قەدەرێکە بۆ هەندێک و ئیمتیاز و بژاردەیەکیش بۆ هەندێکی تر. ئەوی لە کوردستان لەدایک بووە و لە کوردستان دەژی. کوردستان قەدەرێتی تەنانەت ئەگەر بیەوێت لەو قەدەرەش را بکات. هەروا بە شوێنیوەتی. ئەوەی لە قەدەری کوردستان رادەکات یان کوردستانی پێ کەمە یان پێیوایە کوردستان کەمی داوەتێ یان کوردستان بە نیشتەنی نەحس و ناخۆشی دەزانێت. سێ تەیفە بۆ کوێ بڕۆن کوردستان وەک قەدەر وا بە شوێنیانەوە با ئەوان بە جەستە جێیان هێشتبێ. هیچ وڵاتێک لە کوردستان بەخشندەتر نابێت تا زیاترت بداتێ. هیچ وڵاتێک لە کوردستان فراوانتر نییە تا لێرە جێت نەبێتەوە و لەوێ جێگیر بیت. ئەگەر نەحس و بەدبەختی بەشت بێت، وڵاتی دووەمیشت دەبێتە نیشتمانێکی تر لە بێ ئیقبالی و بێ بەختیدا.

کوردستان بژاردەیە بۆ ئەوانەی لە ناوی دەژین یان لە دەرەوەین و خەون بە گەڕانەوە بۆ سایەکەی دەبینن.

کوردستان چونکە لەم حاڵەدا ئیختیارە نەک قەدەر، بۆیە رووی خۆشە لەگەڵ رۆڵەکانی. رووی خۆشە لەگەڵ ئەوانەی هەڵیدەبژێرن و بە قەدەر و ئیقبالەکەی رازین. خۆشتان بوێت تا کوردستان وەک هەمیشە بەخشندە بێت، وەک هەمیشە قەدەری خۆش و خۆش مژدەیی بێت.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨١٤ (٦ - ٢٠١٥/١١/٧)

(٥)

# قەدری عافیەت

لەکاتی تەندروستی و رەوش دروستیدا ئەوەندە بە زەبرو هەژموون و خودپەسەندین کە شتە جوانە بچوکەکانی ژیان نابینین. جەبەروتمان لە تەندروستیدا و دەسەڵاتیان لە دروستیدا رێگەی لێ گرتوین و لێ گرتوون کە هێزی نەرمی خەڵکی تر، خەڵک ئاسایی و خزمەتگوزارو بە هیمەت ببینین و ببینن. خەڵک وەک کارگوزارێک، وەک پادشایەکی بە تەوج لە ئەرک و فەرمانەکانی خۆیدا وەک دکتۆرێکی شارەزاو لێزان و بەسەبر لەگەڵ نەخۆشەکەی خۆیدا. وەک پەریستار و کارمەندی تەندروستی لە تەحەمەلی نازونوزن و گرینۆکی و بێ دەسەڵاتی نەخۆش ئێمە ئەو پاڵەوانانەی ئاسایی ژیانی ئاسایی نابینین.

خزمەتگوزارییەکانی دامودەزگاکانیان نابینین. هەروەها ئێمە لە شێنەییدا بایەخی تەندروستی خۆمان، قەدری عافیەتی ئەم نیعمەتەی خوا پێی داوین و ئێمە ناوی ساغلەمیمان لێ ناوە نازانین، قەدری گەرمایی ماڵ و شەماڵی پیاسەی دەرەوە نازانین ئەو دەمە نەبێت کە بێ تاقەتی بێ ئاقیبەتمان دەکات و لە بنیادەمێکی زیتەڵەوە دەمانکاتە لاکەوتووی قەرەوێڵەیەک، ناسنامەکەی تەبەڵەیەکی فشار و گوشار و پلەی گەرمی لەش و موغەزی و کانولەیە و تاقە مژدەی چاوەڕوانیش مەرسومی ئازادکردنێتی لە بەندێتی تەندروستی.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٢٠ (١٣ - ٢٠١٥/١١/١٤)

(٦)

# زستانی سەخت

زستانێکی سەخت یەخەی کوردستان دەگرێت. لە دراوسێکانم بیستووە کە ئەم سەرمایە لەوەی حەفتاکانی سلێمانی دەچێت.لەبەرئەوەی حەفتاکان لە سلێمانی نەبووم، ناتوانم بەراوردێک بکەم. بەڵام مادام ئەندێشە لەسەر سەرمایە تێدەگەم زستانەکەی سەختە. لەناو هەموو سەختەییەکاندا ئەم زستانە تاسەر ئێسقان دەڕوات لە روانگە و واقیعی چەند توێژێکی وڵاتەکەمانەوە . لە پێش هەموو شتێکەوە هەژاران، ئەم ژیانە تەنانەت لە هاویندا بۆ ئەوان سەخت بوو ئیتر زستانەکەی چۆن بە بەزەیی دەبێت.

دوای توێژی ئەزەلی هەژاران، فەرمانبەرانی حکومەت و، توێژی ناوەڕاست، زوڵملێکراوی دەستی سروشت دەبن. ئەمانە بێ مووچەیی و بێ دەرەتانی لە هەموو خەزینێکی کەمی داراییش دایماڵیون. دۆخ وا بڕوات وەکو سەرەتای راپەرین، نەک سەرەتای حەفتاکان، رەنگە خەڵک دیوار و پەنجەرە و هەندێک وردە شتی ماڵیش بفرۆشن تا ژیانی پێ دابین بکەن. ئەمەش هەواڵێکی ناخۆشە پاش نزیکەی دەیەیەک لە ئاوەدانی شەخسی و باشبوونی گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک.

ئەم دۆخی دانیشتوانی خاوەن ماڵە. دەبێ حاڵی ئاوارەی هەمەچەشنی کوردستان چۆن بێت، لە ئاوارەی هەموو پارچەکان و ئاوارەی هەموو پارێزگاکانی عیراق؟.

لە شێنەیدا دانیشتوان هاوکاری ئاوارە و پەناگرتووان دەکەن. ئەی ئەگەر خەڵک خۆی لە گوزەرانی ئاوارەدا بێت چۆن دیمەنی بەخشندەیی دەبینین؟ بەو حاڵەشەوە خەڵک هەر بە سروشت کۆمەککار و خێرخوازە، ئەدی حکومەت و دامودەزگاکانی لە کوێی ئەم داستانەدایە. زستانەکە بۆ ئەوانیش سەختە؟

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٢٦ (٢٠ - ٢٠١٥/١١/٢١)

(٧)

# وەك مار و پەیژە

ئەگەر ئاو و هەوا بەدەست بەشەر بوایە لە بەشەری قەدەغە دەکرد. بەڵام خوا حیکمەتی خۆی لەوەدا نواند، کەمترین چارەنووسی بەشەری بەدەست بەشەرەکانی ترەوە جێهێشت. لەوەشدا بەشی کەسی بە کەس نەسپارد، بەڵکو پەراوێزێکی بۆ تاقیکردنەوە دانا، تا مرۆڤەکان بزانن لەگەڵ یەکتری چەند خراپن و ئەگەر بۆیان بلوێ سەری بۆڕی ئاو و هەوا لە یەکتری دەگرنەوە، وەک چۆن خاوەن ماڵێکی دڵرەق بۆری ئاو لە کرێچیی داماو دەگرێتەوە. بەشەر دەرەتانی بۆ بەشەر نەهێشتۆتەوە، دەنا کەرەستەو سامان و دەرامەت و هەبووەکانی ژیان بەشی هەمووانی دەکرد و بە زیادەوە. ئەوەی هەوا لە خەڵکی تر دەگرێتەوە خۆ خۆی هەوای زیادی نەگەرەکە، دەنا تەندروستی هەناسەدانی ئەویش دەشەمزێ. ئەوی ئاو لەوی تر دەگرێتەوە خۆ ئاوی زیاتری نەگەرەکە بۆ خنکان و فەوتان. بەڵکو وەک دەوڵەتە بێ ویژدانەکان خواردن و خۆراک فڕێ دەدەنە دەریاوە تا نرخی فرۆتیان دانەبەزێ. دابەشکردنەکە عەیبی نییە، بەڵام بەشەر جیاوازیی نێوان تەماح و تموح، حەسرەت و حەسوودی ناکات. حەزی لە خێری خۆی نییە، تەماعی لە شەڕ و ئاشووبی دۆست و هاورێ و دراوسێیەتی، سەیری سفرەی تێری بەردەستی خۆی ناکات، چێژ لە سفرەی بەتاڵی بەرامبەرەکەی وەردەگرێت. بەشەر وایە، بۆیە چەند سەروەر بێت لەژیان وەک مار و پەیژەکە هەر غلۆر دەبێتەوە بۆ چوار گۆشەی یەکەم.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٣٢ (٢٧ - ٢٠١٥/١١/٢٨)

(٨)

# جانتای ژنان

رووداوە کە ڕەفیقێکت لەکارێکدا سەرکەوتووبێت و تۆش شانازی بەناو و ناوەڕۆکییەوە بکەیت؟ لای من ئەوە رووداوە، ڕەفیقم هەن کە لێم بیستوون و ناسیومن، وەختێک باسی پرۆژەیەکی خۆیان دەکەن و ئینجا جێبەجێی دەکەن، حەز دەکەیت خەڵک بیزانێت ئەوە ڕەفیقی تۆیەو ئەو پرۆژەیەی لای تۆ باسکردووە کە ئێستا بۆتە بەرجەستەو لەبازاڕی هونەردا خەڵک ئاماژەی بۆ دەکەن و ناوی دێنن.

ڕەفیقێکی عیراقیم هەیە کە چەند ساڵە دەیناسم، هاتۆتە لام و چوومەتە لای، باسی ئەوەی بۆ کردووم کە ئارەزوویەتی کتێبێک لەسەر جانتای ژنان بنوسێت و، تێیدا باسی جۆرەکانی جانتای ژن، ناوەڕۆکەکەی، ڕەنگو بۆو قەبارەو قورساییەکەی، پێستو پتەوی و خاوییەکەی، بکات، لەوەش گرنگتر کەرەستەو ئەولەویاتەکانی ناوی، هەموو ئەمانە بگێڕێتەوە و تۆماری بکات.

ئێستا ئەو ڕەفیقەم کتێبەکەی نووسیو چاپی کردوو کەوتە بەردەست خوێنەران و کەوتە ناو جانتای ژنانیشەوە.

خالد موتڵەگ ئەو ڕەفیقەمە کە "جانتای ژن"ی کردە مێژوویەکی چڕ لەوروژاندنی جوانی و دیزاین و ئەندازەی زەوق و سەلیقەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێن و خانمانی بەکاربەری جانتای ژنان.

کتێبەکەم خوێندەوە... بەدڵم بوو، وەکو چۆن خاوەنەکەیم بەدڵ بوو، دەمەوێ بەخەڵک بڵێم ئەو نووسەرەی تۆمارێکی نووسیوە لەسەر ئەم بابەتە خۆشە هاوڕێمە، پێم خۆشە بزانن هاوڕێی وا بەسەلیقەشم هەیە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٣٨ (٤ - ٢٠١٥/١٢/٥)

(٩)

# نابینا

نابینامان هەیە تێڕوانینی بۆ ژیان دوورمەودا ترە، لەسەد چاو ساغ و چاوتیژی تەنها بەر پێی خۆدیوو.

لە وڵاتی ئێمە، وەک هەموو وڵاتێکی دونیا، ژمارەی نابیناکان گەلێک کەمترن لە کۆی ئەوانەی دەبینن و گوایە لێی چاوەڕوان دەکرێت چاوساغی کاروانی ژیان و دەلیلی داماوەکانی سەرەتای ژیان بن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوتی ژیان و گەشەی گشتی کۆمەڵەکەمان دەریدەخات زۆرینەی چاوساغ نابینان، بۆیە ئایندەی مسۆگەرو کۆنکرێت لە پێشمان نابینین. نابیناکان هیچ نەبێ لەبەر دۆخی زگماکی مەحروم بوونیان لەبینایی، ئیرادەی ژیان و وزەی بەرەنگاری لەخۆیاندا چڕدەکەنەوە تا قەرەبووی نادیتن بکەنەوە لەڕێی فراوانکردنی خەیاڵی بینین و ئەندێشەی وێناکردنی ژیانێکی جوانتر لەوەی لەبەرچاوی بینەراندا بەرجەستە بووە. لەپێشدا ئەندێشەو خەیاڵ لەدایکبووە، ئینجا لەناو واقیعی ژیاندا لەگەڵ وێنەگرتنی ڕەق و تەق تووشی بووین. خەیاڵی جوان لەگەڵ واقیعی بێ ڕەنگ و بۆ تووشی بەریەککەوتن هاتووەو ئیرادەی گۆڕینی وێنەمان لەدەستداوە. وزەو ویستی ڕەنگکردنی بژاردەی بەردەستمان پەکی کەوتووە، بۆیە هەروەک ئەوەوایە نابینا بین. بەم وەسفەیە کە نابینا زۆرینەیەو نابینای زگماکی کەمینەیە. بەم وەسفەیە تەها حسێن پەنهانەکانی کەلتوورو ئەدەبی عەرەبی ئاشکرا دەکاو بەو ئیرادە چڕ بۆوەیە د. کامیل بەسیر چاوساغی لێکۆڵینەوەیە لەسەر ڕەوانبێژی و ڕەخنەی وێژەیی لە ئەدەبی کوردیدا.

بیلبلەی چاوی نابینا ئیرادەی بەهێزی دیتنی نەدیتراوە، بۆیە لەکۆڕی زۆرانبازی ژیاندا چاوساغە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٤٤ (١١- ٢٠١٥/١٢/١٢)

(١٠)

# لێواری نان

جاران کە باوی بیری چەپ بوو، باوی ئەدەبی چەپیش بوو، چیرۆک و شیعر لەسەر ئەو مانگی یەک شەوە بوو کە لای هەژاران لە شێوەی نانێکدا خۆی دەنوێنێ، تائەوەی مانگ بێت بۆ دڵداری و دڵدانەوە. دەرکەوتنی مانگ لە شێوەی نانێکدا خەیاڵی هەژاران تێر دەکات، ئاماژەیەکی پەنهان بوو بۆ ئەدەبێک گوایە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگەیە و گەرەکێتی ئەو ئەدەب و هونەرە قاو بدات کە تێزی ئەدەب بۆ ئەدەب و هونەر بۆ هونەری هەڵگرتبوو. کە مانگ وەک رەمزێک بۆ جوانی رووی یار ، وەک رەمزێک بۆ رووناکی و کەشوهەوای ئەویناری ببێتە نانێکی رووتی لە هەویر دروستکرا و ئیتر هونەر چۆن لە بەرزخی خۆی ناهێنرێتە خوارەوە؟. بەڵام تەنانەت لە ئەدەبی چەپیشدا ستاتیکا هەیە وەک ئەو چیرۆکەی دەڵێ: عەبدولکەریم قاسم وەک سەرکردەیەکی میللیگەرایی بە نانەواخانەکەی گوتبوو وێنەکەی من بچووک بکەرەوە و نانەکە گەورە بکە. رەنگە ئەمە جۆرێک بێت لە داکۆکی لەخەڵکی هەژار، نەوەک نانەواخانە لەپەنا رەسمی گەورەی زەعیمەوە بخوازێت فێڵ لەنانی هەژاران بکات.

ئەو زەمانە حکومەت لەسەر هەژاران دەهاتە جواب، تا ئەو رۆژەی نموونەی ترمان دیت کە حکومەتی سادات برپاریدا پشتیوانی لە نان نەکات بەڵکو لە زەمانی کرانەوەدا خەڵک دەتوانێت ماری ئەنتوانێت وتەنی کێک بخوات لە جیاتی نان. داخوا لە کوردستان چاو لە قاسم دەکرێت یان سادات لەم تەنگژەی بەرۆکی خەڵکی گرتووە؟

گوێم لێ بوو ئاشنایەک دەیگوت لەم بێ مەعاشییە ماوەیەکە هەست دەکەم لێواری سووتاوی نانیش دەخۆم، داخۆ کام شاعیر یەکەم کاردانەوە دەنوێنێ و غەزەلێک لەسەر لێواری سووتاوی نان دەڵێت؟ بۆ نموونە بڵێ؛ لێواری سووتاوی نان لە لێوی سووراوی یار شیرینترە!؟

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٥٠ (١٨-١٩/١٢/٢٠١٥)

(١١)

# منداڵان

چی هەیە شان لەشانی خۆشەویستی منداڵەکانت بدات؟ مەگەر خۆشەویستی منداڵەکانت! میسرییەکان دەڵێن: "منداڵی منداڵەکانت". ئەمەیان نازانم، هەرچەندە تەخمینم وایە خۆشەویستی منداڵی منداڵەکانت، خەمی منداڵەکانتە نەک تۆ. بەڵگەش ئەوەیە کە منداڵت نەخۆشی دەبێت، خۆت نەخۆشی، ئەمما منداڵی منداڵەکانت ئەوا لە عوهدەی منداڵەکانتن و تۆ لە خەستەخانەش بەدیاریانەوە نابیت. تۆ بە دیار منداڵی خۆتەوەی، ئەوجا با کچ و کوڕەکەشت بە دیار منداڵی خۆیانەوە بن.

منداڵ عەزیزی ڕۆح نین، منداڵ خۆیان ڕۆحن، هەناسە و هەناون. دەبێ وەسفەکە پێچەوانە بکەیتەوە. ڕۆح خۆشەویستە وەکو کە منداڵ خۆشەویستە. یانی بڵێن فلانی ڕۆحی خۆی خۆش دەوێت وەک منداڵەکانی.

منداڵەکان ناوەندی ژیان و جیهانن. ڕۆح لەوانەوە هێزو ڕۆح وەردەگرێت. لەوانەوە مانا وەردەگرێت و شیرین دەبێ. گوتمان کە ناوەندی ژیان و جیهانن، ڕاستییەکەی هەڵەین. منداڵەکان ناوەندن و ژیان و جیهان پاشکۆ و ڕەدووکەوتوون. منداڵەکان ناوەندن، وەک منداڵەکان. خۆشەویستن وەک منداڵەکان.

یانی وەک لە سەرەتاوە وتمان، هەر خۆشەویستی منداڵەکان شان لەشانی خۆشەویستی منداڵەکانت دەدەن. کە منداڵەکان سەلامەتن، یانی خۆشەویستی سەلامەتە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٦٧ (٨-٢٠١٦/١/٩)

## (١٢)

# بێکار

مرۆڤ چۆن لەڕووی دێت ناونیشانی کارێکی هەبێ و جێگەی کارێکی گرتبێت و کەچی نەیکا، لەسەری نەبێ و بەسەری نەکاتەوەو خودی خۆی لەسەر کەمتەرخەمی خۆی سزای مەعنەوی نەدا؟

ئایا پرسەکە چاوقایمییە؟، یان بۆ لوان و بۆ چوونە سەرە؟، رووقایمییە کە ناونیشانی کارێکت هەبێ و ناوەڕۆکەکەی پڕ نەکەیتەوە، یان رووگیرییە کە تۆ کارێکت پێ سپێردراوەو حەزی پێ ناکەیت، بەڵام لەبەر دڵی ئەم و ئەو دەستبەرداری نابیت، ئەگەرچی دەست بەکاری نابیت؟.

ئایا ئەم دیاردەیە خەسڵەتێکی کەسییە، یان لە کۆمەڵگەدا باوە، یان ئەوکاتە باوە کە وڵات بۆ دزماڵێکی شێواوە؟ چۆن مرۆڤ لەڕووی دێت نانی ناونیشانێک بخوات کە ئاوی باخچەی ئەو ناونیشانە نادات؟، ئایا ئەمە دەردی ئەمڕۆیە یان زامی کۆنە لە کوردەواریدا و ئەمڕۆ سەریهەڵداوەتەوە، چونکە تەبیبی دەردەکەمان خۆی دەردەدارە؟

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٧٢ (١٥-١٦/١/٢٠١٦)

(١٣)

# نووسین، ڕامی توندییە

مرۆڤ لەرەوتی شارستانیدا نووسینی بەرهەم هێناوە. نووسین ئایکۆنی هەڵگرتنی بیروباوەڕو زانیاری و قەومانەکانی رۆژگارە. نووسین بەدوو ئاڕاستە دەستاودەست دەکات: ستونی هی دوێنێ بۆ ئەمڕۆ، هی ئەمڕۆ بۆ سبەی هەڵدەگرێ. ئاسۆییەکە بریتیە لەگواستنەوە لەنێوان مرۆڤەکانی یەک چەرخ، لەزمانێکەوە بۆ زەمانێکی ترو بۆ شارستانییەکی تر. ئەمە وەزیفە سەرەکییەکەی نووسینە. بەڵام پێم وایە نووسین وەزیفەیەکی پەنهانیی گرنگتر دەگێڕێت، ئەویشماڵیکردنی هەڵچوونی مرۆڤەکانە. مرۆڤەکان لەقسەوئاخاوتنی سەرزارەکیدا توندڕەون، دەنگیان بەرزو دەربڕینیان زبرە. لەحزوری نووسیندا دەرفەتێکیان دەست دەکەوێت کە خاوتر بدوێن و حورمەتی کاغەزو شارستانی بگرن، تورەبوون کۆنترۆڵ بکەن و هێرشی ناڕەوا بەگوتەی شێنەیی و دەربڕینی بژارکراو بسپێرن، هەروەها نووسین وەک وشەی لەزار هاتەدەرنییە کە شارێک پێی بزانێت، بەڵکو نووسین لەئایکۆندا هەڵدەگیرێ و بەقەدەر ئەوە بڵاودەبێت کە چاپ دەبێت. ئەوەش دەرفەتێکی تر بۆ پێداچوونەوەو دەستکاری بەهۆی پرۆسەی خاوخلیچکی بڵاوکردنەوەوە دەبێت. مرۆڤ کە نووسینی تووڕەو توش دەبینێ لەدڵەوە ئومێددەکات کە لەئەسڵدا خاوەنەکەی زۆر توندتربێت و نووسین هەرچۆنێک بێت کەمێک تووڕەبونەکەی خاوکردبێتەوە، دەنا بەقسە کارەسات دەخولقێت. کەواتا هیوابڕاو مەبن، شارستانیی وەرگەڕان لەئاخاوتنی زارەکی بۆ نووسین توند خاو دەکاتەوە و توندیش وا کاڵ دەکاتەوە تۆنێکی کەمتری هەبێت.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٧٨ (٢٢-٢٣/١/٢٠١٦)

(١٤)

# تەپکەی کوڕان

کێ بەرپرسە لەو جۆرە چالاکییە سەیرو سەمەرەیە. گەنجێکی قۆز، کچان بە حیجابی ڕەنگاوڕەنگ کۆدەکاتەوەو بەتەنیا لە هۆڵێکدا لەسەر فرتوفێڵەکانی کوڕان قسەیان بۆ دەکات؟

گەنجێک خۆی لە کچان کردۆتە مەحرەم و لە هۆڵێکی گشتیدا ئامۆژگاریان دەکات داخۆ چۆن بتوانن خۆیان لەداوی خۆشەویستی کوڕان دەرباز بکەن؟

ئایا ئەو گەنجە کوڕ نییە؟، داخۆ چی زەم و غەیبەتێکی کوڕانی ئەم وڵاتەی کردووە؟ شەرعی خوێندووە، یان دکتۆرای لە زانستی کۆمەڵناسی هەیە کە مافی دەداتێ لەسەر باری خێزانی و کۆمەڵایەتی قسە بکات؟، لە ئالی بەیتە تا دەستپاکترو ئەمینتربێت لەو کوڕانەی وا داو و تەپکە بۆ کچان دەنێنەوە؟.

ئەوقاف ئەوی راسپاردووە، یان حکومەت، یاخود یەکێتی زانایانی ئایینی؟

بۆچی گەنجێک دەستنوێژی لە خوشکان ناچێ و یەکێکی تر بێگانەو نەیارەو هەڕەشەیە لەسەر ئەخلاقیان؟ بۆچی ئەم وڵاتە وای لێهاتووە، کوڕان وەک هەڕەشە لەسەر کچان وێنا دەکرێن؟ بەمجۆرە ڕێگای خۆشەویستی و بە یەکگەیشتن و وەچەخستنەوەو بەردەوامی ژیان ئاوەدان دەکەینەوە. کچان بەنزین و کوڕان شقارتەن؟.

دوایی ئەم گەنجە ئامۆژگاریکارە لەکوێ فێری فرتوفێڵی کوڕان بووە؟، بۆیان گێڕاوەتەوە؟ راستیان گێڕاوەتەوە، یان خۆی تاقیکردتەوەو ئێستا لێی پەشیمانە؟

خوشکان خۆیان چی دەڵێن؟

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٨٤ (٢٩-٢٠١٦/١/٣٠)

(١٥)

# سەفەری کار

سەفەرو سەرهەڵگرتن و کۆچ بژاردەی مرۆڤەکانە وەختێک دەگمەن و کەم دەبێت، بەڵام کە دەبێتە دیاردەو لەهەموو شار کوچەو کۆڵانێکی نیشتمانیدا ئایندەی ڕۆیشتووی دەبێت ئەوا لەبژاردەی تاکە کەسییەوە دەبێتە خەمێکی نەتەوەیی. خەمێک دەبێ نەک هەر لێی بکۆڵینەوەو هەڵوەستەی لەسەربکەین، بەڵکو دەبێت چارەسەریشی بۆ بدۆزینەوە. سەفەری بەکۆمەڵی کورد لەمێژووی ئەم سەد ساڵەدا زۆر دووبارەبۆتەوە کە زۆربەیان سەفەری سیاسی و سەرهەڵگرتنی یەکجارەکی بوو لەداخی ستەم و دیکتاتۆریی داگیرکەران. لەدوای ڕاپەڕینەوە سەفەر باعیسی لە ویستی ژیانو تێپەڕاندنی نەبوونی و دەستکورتیدا بینیوەتەوە. سەفەری بەکۆی ئەمجارە ترسە لەدووبارەبوونەوەی نەبوونی جاران، دوای نزیکەی دە ساڵ لە های لایفی و ژیانی خۆشگوزەران. خەڵک ترسی هەیە ئیتر کارو کەسابەتی بۆ نەمێنێت. بێگومان لەهەموو ئاستەکانی سەفەری بەکۆمەڵیشدا هەمیشە چاولێکەری هەبووە.

ئەوی گرنگە لەسەری بدوێین وەک قۆناغی یەکەم کەمکردنەوەی زیانی سەفەری بەکۆمەڵە لەڕێی ڕێکخستنی خودی سەفەرەکەوە.

ئایا حکومەتی کوردستان ناتوانێت ئەم سەفەرە بەکۆمەڵە لەڕێی دابینکردنی هەلی کار لەوڵاتانی ترەوە ڕێکبخات، خەڵک هەر دەڕوات دەڕوات، حکومەت کارێک بکات وەک تورکیای پەنجاکان و میسری هەشتاکان سەفەری کار بۆ خەڵکی ڕێکبخات؟، پرسیارێکی جەرگبڕە، بەڵام لەواقیعەوە هەڵێنجراوە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٩٠ (٥-٦/٢/٢٠١٦)

## (١٦)

# مینی خۆشبەختی

قسەکە هی ئەکتەرێکی ئەمریکییە، بەس نازانرێ هی خۆیەتی یان هی سیناریستەکەیە. جاک دیلۆن لە فیلمی "نرخ"دا فەلسەفەیەکی جوان لەسەر نرخ دەڵێ: "ئەگەر ناتوانی خۆشبەختی بکڕی، بە کرێی بگرە".

زۆر کەس لە ئێمە لەپێناو خۆشبەختی گەورەدا وردەکاری خۆشییەکانی ژیان لە دەست دەدات، لەبیری دەچێت کە ئەو هەوڵ بۆ خۆشبەختی دەدات. زۆر نرخ و بەهای گەورەی ژیان پێشێل دەکات، چونکە سەرقاڵی دابینکردنی خۆشبەختییەکی گەورەترە.

لەم ڕێگایەدا دەوڵەمەند هەموو کاتی خۆی بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە تەرخان دەکات و لەبیری دەچێت گەورەترین سەرمایە کە تەندروستی خۆی و ماڵ و منداڵ و دۆستانێتی لەوانەیە ببنە قوربانی هەڵپەی خۆشبەختی گەورە.

سیاسەتمەداری پاوانخوازیش گەرەکێتی هەموو وڵات بکاتە پاوانی خواستە سیاسییەکانی خۆی، لەبیری دەچێ دەشێ وڵاتەکە بچووک بێت، دەوڵەمەند نەبێ و ئیمپراتۆریاش نەبێ، بەڵام خۆش بژێ و ئاشتی و ئازادی و دادی تێدا فەرمانڕەوا بکرێت، خۆشبەختییەکی سیاسییە.

ئەوەی وا دەکات نرخی گەورە دەدات و ئەو خۆشبەختیانە لەدەست دەدات کە دەتوانێ بە کرێیان بگرێت، لەجیاتی ئەوەی دەستیان بەسەردا بگرێت.

لەپێناو خۆشبەختی زل و زەلام، مینی خۆشبەختی لەدەست مەدە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٠٢ (١٩-٢٠/٢/٢٠١٦)

(١٧)

# نەخشی هێناوە؟

"عوافی للی یجیب نقش" پەندێکی عیراقییە بەمانای: ئافەرین ئەوەی نەخش دێنێ. ئەمە دەستخۆشییەکە بۆ ئەوانەی لە غەدرو فرت و فێڵ و خواردنو خواریدا نەخش دێنن. ئەم پەندە هەر بەشێوە تەعریبەکەی خۆی هاتۆتە کوردستانەوە. یان کێ دەڵێ لێرەوە نەچۆتە بەغداو ئەسڵی پەندەکە کوردییەو کراوەتە عەرەبی. یان لەجێیەکەوە هاتووەو بە کوردستاندا چۆتە بەغدا. پێدەچێ ترانزێتیش بووبێ، ئەم پەندە پەتای لێرەش داناوە.

لە کوردستان سەرکۆنەی دڵساف و خاوەن ویژدان و ئەوانەی تۆزێک وزەی مۆراڵیان ماوە، دەکرێت، چونکە نازانن بیخۆن، نازانن فێل و فەرەچ بدۆزنەوەو پاشقول بگرن. ئەمانە وەکو دەستخۆشییان لێ ناکرێت، دەدرێنە بەر تانەو بوختانیان بۆ دەکرێت، چونکە لێی نازانن، یان نەقشی جوانیان لەدەست نایەت و لەناو تۆڕی فرتوفێڵدا باوکەڕۆی ویژدان و کەمێک دادپەروەرییانە. میسرییەکان دەڵێن: "القانون لا یحمی المغفلین" یانی یاسا گێلەکان ناپارێزێ. خۆی لەڕاستیا ئەوانە گێل نین، ئەوانە سینە ساف و پاکن و کۆمەڵی فرتوفێڵ بە گێلیان دەزانن. چارەسەری گەندەڵی بە لەقاودانی ئەم جۆرە پەندو ئیدیۆمانە دەست پێدەکات، زیرەکەکان بگرن و گێلەکان بەردەن.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٠٨ (٢٦-٢٧/٢/٢٠١٦)

(١٨)

# ترس و شەرم

ترس خۆی لە خۆیدا دۆخێکی سەلبییە، مرۆڤ هەوڵدەدا حاشای لێ بکات کە بڵێ ناترسم و تین دەداتە بەر خۆی تا بڵێ ئازام. بەڵام هەرچۆنێک بێت ترس بە تەنیا حاڵەتێکی ئینسانییە، ئەگەر شەرم و بێ تاقەتی و خۆلادانیشی لەگەڵ بێت ئەبێتە کارەسات. مرۆڤ رۆژانە دۆخی ناڕاست و چەوت دەبینێت و بەرەنگاری نابێت، نەک لە ترسا کە ترسی لە خۆی بەهێزتری هەبێ، بەڵکو هەندێک جار ترس هاوشانی بێ تاقەتی و خۆلادان لە گێچەڵ و بەدواداچوون وا دەکات لە ئاستی زۆر دیاردەدا بێدەنگ بێت. مودەعی دەبینی دەسەڵاتی دیکتاتۆری نییە بۆیە دەتوانێ بەرەنگاری ببیتەوە، بەڵام تاقەتت نییە جوابی دەیتەوە. کەسانێک دەبینی ناشرین جوان دەکەن و جوان دزێو، ئازا دەکەنە ترسنۆک و ترسنۆک دەکەنە قارەمان، بە ئاشکرا درۆو دەلەسە بڵاودەکەنەوەو ژەهری ناڕاست دەڕێژن و زۆر بە ئاسانی دەتوانیت بێدەنگیان بکەیت، بێ ئەوەی لەسەرت بکەوێ و لێت کەم بێتەوە، بەڵام تاقەتت نییە، شەرم دەکەیت و لە دەمی پیس و هەڵڵایان دەترسی. ئاوی بوختان و چەواشەکاری و نادادپەروەری بەم شێوەیە بە ژێرماندا دەڕوات کە ترس و بێ تاقەت و شەرم و کەم حەوسڵەیی هاوپەیمانێتی دەکەن. با ئەو هاوپەیمانێتییە لەق بکەین.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩١٤ (٤ - ٢٠١٦/٣/٥)

(١٩)

# ئێوە دەڵێن چی؟

ئاسەواری دۆخی ناخۆش ئێستا لە ئەدەب و خەیاڵدانی داهێنەری کورددا درەنگ و زوو رەنگ دەداتەوە. تەنگژەی ئەمڕۆ لە ناونیشاندا تەنگژەیەکی داراییە، بەڵام لەگەڵ خۆیدا تەنگژەیەکی دیکەی هێناوە کە کاریگەری ئەفراندنی دەبێت لەسەر کۆمەڵی کوردەواری: گرمەڵە بوون، خۆخواردنەوەو رۆچوون بەناو ناخ و فەردانیەت لە نیشانەکانی ئەو ئەدەبە دەبێت کە بەرهەمی نائومێدی و پەڕەی دڵی ناسکی داهێنەران دەبێت. راستە ئەم تەنگژە لە ئاستی سیاسی و لە ئاستی دۆزینەوەی چارەسەری گشتیدا سەرەنجام کۆنترۆڵ دەکرێت، بەڵام پەژارە و گرژییەکەی لە تاکی کورددا رەنگ دەداتەوەو رۆژێک دێت ئەدەب ئەم تۆمارە دەنووسێتەوە.

تا ئێستا ئەدەبی کوردی، بە شیعریشەوە، کە ژانرێکی شەخسیترە لە لقەکانی دیکەی ئەدەب، بۆ کۆمەڵگەو بۆ گشتن، لەمەودوا دۆخی ئازارەکانی قۆناغی پەرینەوە دەبێتە خاڵێکی جیاکەرەوە لە داهێنانی کوردیدا، ئەگەر هەبێت. یان ئەگەر بیەوێت هەبێت.

ئەمە تێبینی خوێنەرێکی ئەدەبە، نەک حوکمی رەخنەگرێکی حەریف.

ئێوە دەڵێن چی؟.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٢٠ (١١ - ٢٠١٦/٣/١٢)

(٢٠)

# سڵاو و ...ڕێز

سڵاوو ڕێز دوو وشەی هەمیشە دووبارەی نێو نامەکانمانە. سڵاو لە وشەی "سەلام"ی عەرەبییەوە هاتووە، بەمانای ئەوەی ئاشتی پەخش و بڵاودەکەیتەوە. بە تەبیعەت هەر کەسێک زۆر سەرنجی دای بە سڵاوێک سەرنجەکەی دەربڕی. ئەگەر سەرنجەکە وەبیرهێنانەوەی ناسین بێت برادەری خۆتی بۆ دووپات دەکەیتەوە. ئەگەر سێرەو خێسە بێت بەسڵاو کردن نییەتی ئاشتی بۆ نیشان دەدەیت.

لە نامەدا ئێمە زۆر بە پەلە سەرنجی ئەم دوو وشەیە دەدەین و زۆر بە پەلەتریش بۆ دوعاو سەلامی نامە بەکاری دێنین. تەنانەت زۆرمان (و)ی عەتفی لێ لادەبەین و ئیکتیفا بە واوی (سڵاو)ەکە دەکەین. ڕێزیش پاسۆوردی چوونە ناو دڵی بەرامبەرە. ڕێزی خۆتی بۆ دەردەبڕی تا ئەویش ڕێز لە تۆ بگرێت. ئەم دووانە خۆراکی گیانن، بۆ ئەوەی هەم سیلەی ڕەحمی نێوان مرۆڤەکان بمێنن و هەمیش ڕێز لە یەکترگرتن سنوورێک بێت لەنێواندا، تا کەس تەجاوزی ئەویتر نەکات.

لەبەرئەوە گەلێک کەس پێیان باشە تەنانەت لە نووسراوی ڕەسمیشدا، سڵاو و ڕێزو حورمەت هەر هەبێ. پارەی تێناچێ، بەڵام خۆ پارە هەموو شتێک نییە، وەکو ئەوانە لێی تێگەیشتوون کە سڵاو ناکەن و بۆ پارە شەڕ بەرپا دەکەن و ڕێز لە کەس نانێن و سنووری حورمەت ئەبەزێنن.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٢٦ (١٨ - ٢٠١٦/٣/١٩)

## (٢١)

# لێبوردن

لێبوردەیی گیانێکی وەرزشی بەرزە، لەویش بەرزتر داوای لێبوردنە لەوەی هەڵەی بەرامبەر دەکەیت. لێبوردەیی لە دەست خۆتە، ئەگەر یەکێک هەڵەو پەلەت لەگەڵ دەکات، دەتوانێت لێبوردە بیت و لێی خۆش بیت. داوای لێبوردنیش هەر لە دەست خۆتە، بەڵام ئەمیان گیانێکی لێبوردەیی و وەرزشێکی یۆگایی باڵای پێویستە.

لێبوردەیی لەپێگەی بەهێزەوەیە، چونکە تۆ هەقداری،کەچی هەقی خۆت وەرناگریتەوە و بە گیانی تۆڵەسەندنەوە رەفتار ناکەیت.

هەرچی داوای لێبوردنە لەو هەستەوە دێت کە تۆ پێتوایە هەڵە بووی و دەبێ داوای لێبوردن بکەیت. واتا لە باری مۆرالییەوە هەست بەوە دەکەیت لاوازو بەلەنگازی و جێی رەخنەی یارو نەیاری. پێ بە جەرگی خۆتدا دەنێیت و لاوازی مۆراڵی، بە هێزی مۆراڵی دەگۆڕێتەوە. داوای لێبوردن دەکەیت تا لە سزای ویژدان و کاردانەوەی تەنهایی لەدەستدانی دۆست و هاورێ دەربازت بێت. ئەمە قازانجێکی رۆحی گەورەیە کە لاوازی بەهێز بگۆڕێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کەمن ئەوانەی ئەم هێزی وەرگۆڕانە ڕەچاو دەکەن و لەم بازدانە گەورەیە بەهرەمەند دەبن.لە دڵیان گرانە داوای لێبوردن بکەن و بچووکی خۆیان بنوێنن تا گەورەییەکی بە ناوەڕۆک بە دەست بێنن.ئای مرۆڤ بەعینادی و کەللە رەقی چەند دەسکەوت لەدەست خۆی دەدات؟!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٤٠ (٨ - ٢٠١٦/٤/٩)

(٢٢)

# عومری شیرین

جوانی ژیان بەوردەکارییەکانییەوە جوانە، وردەکارییەکانی ببینە تا بزانین چەند خۆشە؟ هەتا ئێمە وا لەژیان بڕوانین کە قەبارەیەکی گەورەو تەنێکی مەزن و بارستاییەکی یەک پاکێچییە، ناتوانین خۆشی لێ هەڵێنجێنین و خێری لێببینین.

ئەمە پرەنسیبێکە هەمووومان قبوڵمانە، بەڵام لەکرداردا وا ناکەین. ئەو بیروڕایە شاعیرەکانیش پێیان وتوین، گۆرانی گەورە هەڵوەستە لەسەر مرواری زیخ و چەو دەکات، کە جوانترە لەدەریای بێ سنوور، ئێمە سەری بۆ دەلەقێنین، بەڵام لەکرداردا هەر غەرقی دەریای بێ سنوورین، غەرقی قەرەباڵغی و گشتی و مێگەلین.

بۆچی وا دەکەین؟

رەنگە پێتان وابێ ژیان بەشی ئەو هەموو وردەکارییە ناکات؟ باشە قەرارە ئێمە هەموو ژیان ببینین؟، کێ ئەو ئەرکەی بە ئێمە سپاردووە تا پێمان وابێ سات و سەعات و رۆژەکانی ساڵ بەشی هەموو ژیان ناکەن؟

لەناخماندا مەزنێک هەیە کە بەهیچ تێر ناخوات، بۆیە جامێ ئاوی کانیاوی چیرۆکی زیخ و چەوەکە بەشمان ناکات.

وادەزانین باش دەزانین، کەچی تەماعی زۆر دەریدەخات کەم دەزانین، بۆیە سەرەنجام نە دەریای بێ بنی پێ کێوماڵ دەکرێت و نە کانییەکەی بەر ماڵمان دابینمان دەکات. بەم جۆرە لەنێوان خاڵی سەرەتای وردو، کۆتایی بێ بندا، عومرمان لەمالا یەعنیا بەبا دەچێ..

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٤٦ (١٥ - ٢٠١٦/٤/١٦)

(٢٣)

# ناخی سەربەرزی

ناخی مرۆڤەکان پەیوەستی پلە وپایەیان نییە، لەبەر ئەمەیە لە داستانەکان و لەکتێباندا دەیخوێنینەوە کە پادشای ملهوڕو سەرگەورەی وا هەبوون سەرسەری بن. تا ئەوەی پادشاو سەرگەورە بوون. کەسانێکیش هەبوون یان ئاویان لە پەراوێزی داستانەکاندا دێت کە نەفەسیان پادشایی و رەفتاریان هی مەزنایەتی و نەفس بەرزییە.

کەینونەی مرۆڤەکان شتێکەو واقیعی گوزەران و سنفی کارو کەسابەتیان شتێکی ترە. لەبەرئەوەیە لە چینەکانی خوارەوە نەفس بەرزی وا دەبینی بۆڕی سەد خواپێداو و مەزنی داوەتەوە.

لەکاتێکدا هەژاری و نەداری دراوسێی پێویستی و هەڕەشەی دانەواندان و سەرکزییە. خواپێداوییش چانسی وا دەداتە مرۆڤەکان کە گەورەیی بنوێنن و موحتاجی نامەرد نەبن.

بەڵام دەبێ وریا بین، رەفتاری پادشایان جیایە لە خۆنواندنی پادشاهانە.

لە تەنگژەدا نمایشی پادشاهانە لە خەسڵەتی راستەقینەی پادشاهانە جیا دەبێتەوە. هەروەها خراپ نییە کە بە دڵ ودەروونی پاک و چاوی تیژەوە نەفس بەرزی هەژارانە لە تڕ زلی هیچ لە بارا نەبوو، جیا بکەینەوە.

تڕ زلی خەسڵەتی ئەوانەیە هیچیان نییە، نە لە پێشەوە و نە لە دوای خۆیان لە دەستی بدەن.

تڕ زلن لە خوتوخۆڕایی، لوتیان بەرزە.ئەمما خاوەن خەسڵەتی پادشایی، کەرامەت و شەفاعەت، سەربەرزی و لیاقەتی لێ دەڕژێ.

بەختەوەر ئەوەیە ئەگەر ئەو خەسڵەتانەش لە خۆیدا شک نەبا، خوا بیکاتە دۆستی ئەوانەی وان.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٥٢ (٢٢ - ٢٣/٤/٢٠١٦)

(٢٤)

# ئەنجیلا جۆلی

بایەخی رۆڵی مرۆڤ دۆستانەی هونەرمەندێکی وەکو ئەنجیلا جۆلی لە یارمەتیدانی پەنابەران و لێقەوماوانی جەنگ و لافاو و کوێرەوەریدا ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێت کە بەراوردی بکەین بە نمایشی ئەوانەی خاوەندارێتی لە دین و دونیا دەکەن و مینبەر و سەکۆو سەرشانۆو شاشەکانیان پڕ کردووە لە شاتەشاتی بەرەنگاری زوڵم، کەچی لە کرداریشدا هیچیان دیار نییە.

سەدان مەلاو قەشە و حاخام، سەدان ئاغاو شێخ و دەوڵەت شەو و رۆژ فرمێسکی تیمساحی بۆ لێقەوماوانی جەنگ، پەڕاگەندانی کارەساتە سروشتیەکان دەڕێژن و کاتێکی زۆری بەنرخیان بۆ ئامۆژگاریکردنی خەڵک تەرخان دەکەن، لێ خۆیان لە ژیاندا وا نین و وا ناکەن.

لە تەرەفێکی تریشەوە ئەو ئەکتەرانەش کەم نین کە سکانداڵی گەورەی راکردن لە تاکس و باجی سەرشانیان لێ ئاشکرا دەبێ و لە بەدواداچوونی میدیاکارانی پاپەزاریدا تێدەکەون و وەختێکت زانی بێ بەهایی و بێ مۆراڵییان بە سەد نمایشی جوانی سینەمایی پاک ناکرێتەوە.

تەنها کەسانی وەک ئەنجیلا جۆلییە کە بەها دەدەنە رۆڵی گشتی لە کۆمەڵ و لە مرۆڤایەتیدا.جۆلی وەک چۆن لە شاشەدا جوانی و ئەفراندن دەبەخشێت و هونەری باڵا دەکات، ئاواش لە رۆڵی گشتی ناو کایەی ژیان و فەرمانی خزمەتدا ئیلهامبەخش و کەمەندکێشی نرخ و بەها بەرزەکانە.

حەیفێ ئەم خۆری درەوشاوەیەی سینەما و ژیان نها نەخۆش و بەلەنگازە، نەخۆشی کزی کردووە و داماوی دەستی کەم خۆری و بێ ئیشتیهایی بووە.

جۆلی بەم تەمەنە درەخشانەی هی ئەوە نییە وای لێ بێت، هێشتا

سینەماو لەوەش گرنگتر هێشتا ژیان گەرەکێتی کە دەرسی دیکە بداتە مشەخۆرەکانی کەئامۆژگاری بە واجبی رێی خوا و سروشت نازانن، بەڵکە ئامۆژگاری، کە سەر بە ماڵی مەعنویاتە، وەک هەر شمەکێکی ماددی بە پارە نرخداری دەکەن.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٥٨ (٢٩ - ٢٠١٦/٤/٣٠)

(٢٥)

# حەمەدۆك

لە رۆمانی حەمەدۆکدا، پەرەسەندنێکی درامی سەیر هەیە، وەختێک حەمەدۆک ویستی دانیشێ و واز لە یاخیبوون بێنێ. حەمەدۆکی یەشار کەمال و یەشار کەمال خۆشی هیلاک بوو، دوای چەند جلْد لەم چیرۆکە یاخییە. بڕیاری دا واز بێنێ و کۆڵ بدا. ئەوانەی چیرۆکی ئەم رۆمانە دەزانن و بیریانە یەشار لە پێشدا بە ئەڵقە لە رۆژنامەی جەمهوریەتی تورکی بڵاوی دەکردەوە. داخۆ خوێنەران گوشاریان کردووە، یان یەشار خۆی هیلاک بووە؟ مەعلومە خوێنەران قەت لە داستانی ئەڵقەیی بێزار نابن، کەوا بێ یەشار وای لێکداوەتەوە پەرەسەندنی هۆنینەوەی چیرۆکەکە وا دەخوازێ پشوویەکی حەمەدۆکیشی تێدا بێت. سەیر لەوە دایە ئەوانەی خۆیان پێیان ناکرێ یاخی بن و چمکێکی یاخیبوونی حەمەدۆک هەڵبگرن، دەکەونە رەخنەکردنی حەمەدۆک کە چۆن دەبێ حەمەدۆک کۆڵ بدا؟، ئەی ئەم خەڵکە هەژار و بەلەنگازانەی ئاغا و پۆلیس غەدریان لێ دەکەن چی بکەن؟، مەگەر ئەوانە عوهدە و ئەمانەتی دادپەروەری و تۆڵەسەندنەوە نین لای حەمەدۆک دانراون؟ مەگەر قەرار نەبوو حەمەدۆک مافیان بۆ بستێنێ؟

بەڵام ئەوانە شانۆکەیان بۆ پۆلیس و ئاغاو حکومەتی "دیموقراتی عەدنان مەندریس" جێهێشتووە. بە کەیفی خۆیان گەمارۆی حەمەدۆک بدەن، بێ هەڵوێستی ئەوانەیە رێگەی لە یەکلاییکردنەوەی ململانێکە گرتووە. ئەوانەی رەخنە دەگرن کە بۆ حەمەدۆک بێزار بوو و بڕیاری دا پشوو بدات، بێ هەڵوێستن و هەر چاویان لەوەیە خەڵکی تر، حەمەدۆکی تر قوربانیان بۆ بدات و لە جیاتی ئەوان شەڕی زوڵم و زۆر بکات. ئەو ئەفەندیانە ژیانی خۆیان ناخەنە مەترسییەوە بۆ ئەوەی سەرکزانە ژیانێکی خۆش و بێ گرفت بژین.

ڕەخنەگرەکانی حەمەدۆک گەرەکیانە حەمەدۆک تا مردن هیلاک و ماندوو بێت.
لەژیاندا لەم جۆرە کەسانە زۆرن کە دەخوازن بەدەستی خەڵکی تر مارەکە بگرن. یەشار کەمال بەمەدا گرەوی هونەر و ژیانی بردەوە کە ژیانیی واقیعی بردە ناو داستانێکی وا مەزنەوە.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٦٤ (٦ - ٢٠١٦/٥/٧)

(٢٦)

# زۆڵەکەی ئەستەنبوڵ

رۆمانی (زۆڵی ئەستەنبوڵ) لە نووسینی خانم ئەلیف شەفەق. دەست دەخاتە سەر برینە قوڵەکانی دڵی تورکیا و دەماری ئەستەنبوڵ. برینی قووڵی جینۆسایدی ئەرمەن و فەرامۆشکردنی پێکهاتەکانی تورکیاو خۆدزینەوە لە خاوەندارێتی مۆراڵی لەپێشێلی مافەکانی کەمینە، مافی ژن و مافی دادی کۆمەڵایەتی، ئەمانە توخمە سەرەکییەکانی رۆمانەکەی شەفەق پێکدێنن. شانۆی ئەستەنبوڵ لە رۆمانەکەدا هەر لەسەر جینۆسایدی ئەرمەن نییە، بەڵکو لەسەر ژنانی بێکەس و بەش مەینەت و لا تەریککراوی ناو کۆمەڵگەشن. کۆمەڵگەیەک زەمان بەڕێدەکا و ئەگەرچی سیستمی سیاسیی دەگۆڕێت، بەڵام هەمیشە رێژەی نەگۆڕە لە ئاستی نیوەی کۆمەڵگە، ژنان، و نیوەی وڵاتەکە، ئەرمەن و پێکهاتەکانی تر.

ئەم رۆمانە ناوەکەی لەسەر زۆڵی ئەستەنبوڵە، بەڵام لەڕاستیدا شەرەف و مۆراڵ و دادی لێ دەتکێ. شەفەق بەم ئاڕاستەیە لە ئیدارەی هونەریانەی تاوانی جینۆسایدی ئەرمەن جەریئتر لە سیاسەتی رەسمی دێتە پێشەوە و رۆژ و مانگەکانی کوشتنی کەمینەو فەرامۆشکردنی ژنان لە قاڵبێکی ئەدەبی جواندا وێنا دەکات. ئەمەش وەزیفەی ئەدەبە کە پێش سیاسەتی رەسمی بکەوێت و زەین و رۆحی میللەت ئامادە بکات بۆ قبوڵکردنی کەموکوڕییەکانی خۆی و کۆمەڵەکەی. شەفەق لە رێی زۆڵی ئەستەنبوڵ مانای زۆڵ و شەرافەت، شەڕو خێر دەخاتە پۆلێنکردنی راستەقینەی خۆیەوە. هانمان دەدات چاومان تیژتر بێت لە سەنگەربەندی دەوڵەت و دابەشکردنی ناسنامەو پێدان، یان کێشانەوەی، ناسنامەو خەسڵەت.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٧٠ (١٣ - ٢٠١٦/٥/١٤)

(٢٧)

# مۆسیقا

مۆسیقا خۆراکی گیانه، رەنگە ئەم گوزارشته وەکو وتن و بەکارهێنان زۆر کۆن و کلاسیکی بێت. بەڵام بەشی ئەم گوزارشته لەناو کورددا هەر وەرگێڕانێتی لە زمانی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی، لەسەر زەمینی واقیع تەرجەمە ناکرێت. کە مرۆڤی کورد زۆر بە دوای ئەم خۆراکی گیانەوە بێت. کورد زۆر دۆستی مۆسیقا نییە بە مانای ئەوەی فەرهەنگی گوێگرتن لە مۆسیقای هەبێت. قسەم لەسەر کۆنی هونەری گۆرانی نییە، یان راستی ئەوەی داهێنەری کورد لە کۆندا ئامێری مۆسیقای جیاجیای داهێنا بێت، قسەم لەسەر فەرهەنگی گوێگرتنە لە مۆسیقا کە ئەمرۆ بەشێکی ژیانی هاوچەرخە. بەداخەوە کورد تەنانەت لە کاتی گوێگرتن لە گۆرانییش حەوسەڵەی مۆسیقای هاوڕێی گۆرانیەکەی نییە. چەند جار لە دۆست و هاوڕێی خۆمانمان گوێ لێ بووە کە مۆسیقای ئەم گۆرانییە درێژە، یان پێویست بەم هەموو پێشەکییە مۆسیقییە ناکات. کورد وەکو چاوەڕێ ناکات چایەکە سارد بێتەوە و فووی لێدەکات و ئینجا نۆشی دەکات، ئاوەهاش پێشەکی مۆسیقی گۆرانی پێش دەخات تا دەکاتە سەر بەستەو گۆرانی جێی دڵخوازی خۆی!! لەکاتێکدا هونەر یەک پاکێجەو، بەستەو سترانیش بێ مۆسیقا هارمۆنێکی هونەرێکی ئیفلیجەو ناتوانێ مەسجی خۆی بگەیەنێت.

ئەم دیاردەیە هەتا ئێستاش بەردەوامە کە ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیاو دیڤیدی بەرهەمی مۆسیقای ناوخۆو جیهانی هەرزان فرۆش کردووەو هەمووان دەستیان دەگاتێ! بەڵام حەیفێ کەس لەم هەرزانییەشدا ئەو شمەکە بەنرخەی ناوی بەرهەمی مۆسیقایە ناکرێت، یان کڕیارو گوێگر ئەوەندە کەمن لە حوکمی کەس نەبووندان.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٩٤ (١٠ - ٢٠١٦/٦/١١)

(٢٨)

# بەدگۆ و بەدگوێگر

خەسڵەتی بەدگۆیی لەکوێوە هاتووە؟، بۆچی هەندێک مرۆڤ هەن لەجیاتی بەشینەوەی خۆشەویستی و دۆستایەتی و گوێزانەوەی قسەی خێرو هەواڵی راست پێچەوانەکەی دەکەن؟، کەسی بەدگۆ گوێی سوور دەبێتەوە کە درۆ دەکاو ملی خوار دەبێ کە هەواڵی ناڕاست دەدات، یان ئەو کەسە شارەزای فێڵ و فەرەجی درۆکردنە و دەمامکی راستگۆیی لەڕوو دەبەستێت، بۆیە بەدگۆییەکەی بە تەکنیکێکی بەرز ئەنجام دەدات تا دەرک بە زمان لێدان و گێڕانەوە درۆزنانەکەی نەکرێت.

دەبێ بەدگۆیی چەند کاتی بوێت تا چیرۆکی بەدگۆیی بهۆنێتەوە و دەموچاوی وا لۆچ بکاتەوە باوەڕی پێ بکەن؟، باشە کە خاوەنی ئەو بەهرەیە بۆچی بەهرەکەی لەکاری چاکدا ناخاتەگەڕ؟، بۆ نموونە، رۆڵ بگێڕێ لە درامادا تا خەڵک لەمانگی رەمەزاندا دوعای خێری بۆ بکەن لەجیاتی ئەوەی لە یانزە مانگەکەی تر دوعای لێ بکەن؟.

بەدگۆیی ئەرکێکی قورسە، لە روویەکی تریشەوە گوێیەکی قووتی خۆشباوەڕی دەوێت کە هەر کەیفی بە قسەی بەدو دوو زمانی و فیتنەیی دێت، ئەگەر وانەبێت لە مەملەکەتی خۆشگوێی و گەشبینیدا بەدگۆ جێی نابێتەوە و ژینگەی کەسابەتی پێ دابین ناکرێت.

هەرچەندە لە هەموو کۆمەڵێکدا چەم بێ چەقەڵ نابێت. خوای گەورە هیچ نەبێ بەدگۆ و بەدبین و بەد ئەتواری بۆ ئەوە دەوێت، خەڵکی بەراورد بکەن و لەهەمبەر ئەواندا بەهرەی جوانی و گەشبینی و شیرین گوتارو شیرین رەفتار بناسنەوە، بەڵام بریا خوا دوعای ئەوەی لێ قبوڵ دەکردین کە هیچ نەبێ پاکانەی بەدگۆکانی دەبڕی و دونیای لێ بەتاڵ دەکردن، ئێمەی بەندەکانیشی کەفالەتی بەدبینەکانمان دەکرد، تا چاویان جوانتر ببینێ و بێ بەراورد بە شەڕخوازی، خێرو خۆشی دونیایان فەرق پێدەکرد.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٠٠ (١٧ - ٢٠١٦/٦/١٨)

(٢٩)

# لەوتاندنی ژیان

لەوتاندنی ژیان بە مانای کەمکردنەوەی پانتایی خۆشی و خۆشگوزەرانی و ریتمی ئاسایی گەشەی ژیان دێت. کەسانێک هەن ئیشیان ئەوەیە ژیانی خەڵک، ژیانی کۆمەڵگەو کەسەکانی خۆشیان ناوێن بلەوتێنن. دونیای خەڵک وا وێنا بکەن کە هیچ نین و هیچ نازانن. شایانی هیچ نین و هی ئەوەن هەر ناخۆش بژین و نەپەرژێنە سەر خۆشگوزەرانی و ژیانێکی ئاسوودەو سەربڵند.

کەسانی وا زۆرن گەرەکیانە ژیان مۆنۆپۆل بکەن. وەک ئەوانەی لە کوردەواری خۆمان پێیان دەڵێن (هەواش بە پارەیە) لایان. ئاو و هەواو هەناسەیان لەبەردەست بێت لە خەڵکی دەبڕن و دادیدەبڕن.

ئارەزوویان لە خۆشگوزەرانی خۆیان نییە، بەڵکو لە لەوتاندنی ژیانی خەڵکدایە. چێژ لەخواردنی سەر سفرەی خۆیان نابینن، با تەنانەت پڕ بێت لە هەموو خۆشییەکانی سفرەی رازاوە، بەڵکو چێژ لە بەتاڵی سفرەی هەژاران دەبینن. حەز لە جوانی خۆیان ناکەن، دڵیان بە ناشیرینی و دزێوکردنی خەڵکی خۆش دەبێت. راستە، وایە، ئەوانە نەخۆشن بەڵام فایدەی چییە کە لەگەڵ خۆیاندا خەڵکیش نەخۆش دەخەن، خۆیان لەوتاون و گەرەکیانە پانتایی لەوتانی ژیان فراوانتر بکەن تا هەموو بازنەکە پاوانی ناشیرینی و دزێوی دەکەن. سەرەتا هیچ شتێک تا سەر نییەو پەتی زوڵمیش لە ئەستووریدا دەپسێ. ئەمە هیوایە بۆ بەردەوامی ژیان، دوعای خێر بکەن کە زوڵمیان پساو بلّقی لەوتانیان تەقییەوە، کەمترین زەرەرو زیان لە ژیانی خەڵک بدەن و کەمترین پانتایی بلەوتێنن.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٠٦ (٢٤ - ٢٠١٦/٦/٢٥)

(٣٠)

# چەقۆی بارمتە

(بەرژەوەندی گشتی) بە بارمتەگرتن، مەترسیدارترین جۆرەکانی سیاسەتە، هەروەها دابڕانێکی قوڵی سەرەوە لەگەڵ بەرەی فراوانی میللەت دەردەخات.

بیهێننە بەرچاوی خۆتان لە فیلمێکی عەسابەدا ترنتی کە هیچ لێکگەیشتنێک لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا پەسەند ناکات، کچە جوانەکەی فیلمەکە، یان منداڵی نەیارەکەی، بە بارمتە دەگرێ، چەقۆی لەسەر ملی راگرتووە و لەسەر لێواری غلۆر بوونەوە هەڕەشەی سەربڕین و خستنە خوارەوەی دەکات، ئەگەر بە قسەی نەکرێ و ویستە ناڕەواکانی جێبەجێ نەکرێت.

ترنتی، یان ترنتییەکانی ئەمڕۆ، بەرژەوەندی گشتی وڵات دەبەنە لێواری هەڵخزان و چەقۆ لە ملی میللەت دەسوون تاوەکو ئەوەیان بۆ رایی ببێت کە گەرەکیانە، تاوەکو ئەوە مسۆگەر بکەن کە بە هەڕەشەو گوڕەشەی تێکدانی ژیان و شێوانی گوزەرانی خەڵکی نەبێت ناتوانن مسۆگەری بکەن.

ترنتی، یان ترنتییەکان، جاری وا هەیە بارمتەش لە بەرامبەر یەکتری رادەگرن و تیربارانی قوربانییەکانی یەکتری دەکەن بۆ ئەوەی کارەسات بقەومێنن.

لەسەر ئەمەیە کوردەواری گوتویەتی: "دزی ماڵی شێواوی دەوێت" ماڵی مەحکەم و رێکوپێک کە حیساب و کیتابی دیاربێت، شتی وای لێ ناقەومێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بەرژەوەندی گشتی و سیستمی گشتی خەڵک و سامان و سەروەتی گشتی بپارێزین و نەهێڵین هەر رۆژەو ترنتییەک دەستبەسەری بکات، گەرەکە ماڵی شێواو رێک بخەینەوەو نەهێڵین بشەمزێ.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠١٩ (١٥ - ٢٠١٦/٧/١٦)

(٣١)

# بوختان

بوختان چەکی هەرزانی دەستی ئەوانەیە کەیفیان بەڕاستی نایە. بوختان پشت بەفەرهەنگی باوی کۆمەڵگە دەبەستێ کە گوێی قوتە لە ئاستی کەموکوڕی و دەنگۆو واتەوات، ئامادەیە درۆ بگوازێتەوە وەک هەواڵێکی وروژێنەر، کەچی لەگەڵ راستیدا وەک تەنێکی ساردو سڕی بێ بایەخ رەفتار دەکات. درۆ بە دەنگ و بۆمبە نەک راستی کپ و بێدەنگ.بوختانچی ختوکەی ئارەزووی خەڵک دەدات، بۆ گوێگرتن لە نەرێنی و داڕزاوەیی.

بوختانکردن تەلی دڵی ئیرەیی بەرمان دەلاوێنێتەوە، کە حەز لە پاکژو نموونەی بەرز ناکات و گەرەکێتی خەڵک هەمووی لە یەک ئاستدا ببینێت. مادام ناتوانین بەرز بینەوە بۆ ئاستی باشەکانمان دەیانهێنینە خوارەوە بۆ ئاستی خراپی خۆمان. شتێک لە بابەت سۆشیالیزمی هەژاری، مادام سۆشیالیزمێکی دەوڵەمەندو پایەدارمان بۆ پێک نایە.

لە ژینگەی وادا بوختان دەستووری ژیان دەبێ و بوختانچیش سەروەرو سەردار.

بوختانچی دەکوژێ و چونکە کارەکتەرێکی نادیاری دونیای دەنگۆیە قەت دەستگیر نابێ، لە پەڕاوی تاوانەکەی هەر کوژراوە قوربانییەکە دیارە.

کۆمەڵگەی رێگەپێدەری بوختان چونکە شەریکە تاوانە گەرەکێتی تەرمی بوختانپێکراو زوو بنێژێ و زمان حاڵیشی وایە: تا تاوانێکی تر بە خواتان دەسپێرم، خواتان لەگەڵ.

دیلانی شاعیر لەسەر ئەوە هاتە گۆ کە تاوان باری گرانەو بارکردنی لە ئەستۆدا ئاسانە.

هەتا پانتایی ئاشکرا گۆیی و ئاوێتەبوونی کۆمەڵ لەگەڵ ئاوێنەی ڕاستی و دروستی زیاتر بێت نیشتەنی بوختان بەرتەسکتر دەبێتەوە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٣١ (٢٩ - ٢٠١٦/٧/٣٠)

(٣٢)

# پەتی زوڵم

لە خۆرایی نییە هەندێک پەندی کوردی پەندێکی بە زوڵم و زۆر کردووە با بە دەواری شڕی نەکردووە. پەندەکە دەڵێ هەموو شتێک لە باریکیدا دەپسێ پەتی زوڵم نەبێت. پەتی زوڵم لە ئەستووریدا دەپسێ. وا زبرو زل و پتەو دەبێت کە ملی مرۆڤەکان تەحەمولی ناکەن و لە ساتەوەختێکدا لێی هەڵدەگەڕێنەوە. بەتایبەتی ئەگەر ملێک مەحکەم بێت وەک گەردنی کوردی و گەردنێک کێڵ بێت وەک گەردەنی ئینسانی شەرەفمەندو ئازادیخواز.

زوڵم هەمەچەشنن. زوڵمی نەتەوەیی و چینایەتی توندترینیانە. زوڵمی نەتەوەیی لەناو زوڵمەکانی لە کورد دەکرێت ئەستوورترینیانە، بۆیە دوور نییە پێش هەموو پەتەکانی تر بپسێ. بەڵام زوڵمی کەسیش بە ئازارو ناخۆشە. بەتایبەتی زوڵمی کەسەکان و خزمەکان و دۆستەکان. ئەمە زوڵمی غەفڵەتە، ئەوانەی دەیکەن لە هونەری زوڵم و زۆرداریيانەوە نییە. بەڵکو لە غەفڵەتی مرۆڤە لە کەس و خزم و دۆستەکانی. ئەم زوڵمە زەرەرێک نییە یەکجار بێت و ببڕێتەوە. ئەم زوڵمە بەرپەرچیش بدرێتەوە ئازارەکەی تا سەرو هەتا مردنە.

پەتی زوڵمی بێگانە لە ئەستووریدا دەپسێ. پەتی زوڵمی غەفڵەت لە باریکیدا دڵ دەسمێ و پێی نازانین. ئەم زوڵمە زبرو روشێنەرە. چارەی نییە، بەڵکو خۆپاراستنی هەیە. ئەگەر خۆ لەزوڵمی غەفڵەت بپارێزین زوڵمی تر بە هەرەوەزی چارەسەر دەکرێت و بەرپەرچی دەدرێتەوە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٣٧ (٥ - ٢٠١٦/٨/٦)

(٣٣)

# باوك

باوک و دایکەکانی ئەمڕۆ شپرزەن و خەمبارن لەبەر ئەوەی کەمترین پێداویستییەکانی ماڵیان پێ دابین نابێت، هەرکەسەو لە پێگەی گوزەران و توانەکانی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ پێداویستییەکانی ماڵەکەی و منداڵەکانی دەکات. بەڵام هەموویان لەوەدا یەکن و کۆکن کە خەمیان هەیە. خەفەت دەخۆن و شەرمەزاری بەردەم منداڵەکانی خۆیانن کە وەکو جارانیان پێ ناکرێت.

باشە کێ دایک و باوکی ئەم دایک و باوکانەیە کە شەرمەزاری لای منداڵەکانیانن؟ مەگەر حکومەت باوکی ئەم میللەتە نییە؟ ئەوی بۆ دایک و باوکی ئەم میللەتە شپرزە نابێت و خەفەت دایناگرێ کە دەبینێ خەڵکەکە شپرزەو داماوە بە دەست خەرجی و مەسرەفی ژیانی رۆژانەیەوە؟ مەگەر حکومەت باوەژن و زڕباوکە وا بەخەم ساردییەوە مامەڵەی دۆخەکە دەکات؟

دایک و باوک دەناسم لە شپرزەی دۆخی منداڵەکانی و داخوازییە بچوکەکانیان خۆی لە چاویان ون دەکاو نایەوێ رجاو تکایان ببینێ، کەچی باوکی میللەت لە تیفتیفەی خۆی نەکەوتووەو خەریکی خەمی خۆیەتی ، ئاخر لە بیرمان چوو باوکی تریش هەیە باکی نییە، لە دەخیلەی منداڵەکانی بۆ مەزەی خۆی سەرف دەکات.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٤٣ (١٢ - ٢٠١٦/٨/١٣)

(٣٤)

# ئومێد

لە ناو قوڕێ تۆزێ دەکاو لەم قوڕە هەر ئەم تۆزە هەڵدەستێ، هەردووکیان دوو ئیدیۆمی کوردەوارییین، هەردووکیشیان قوڕو تۆزێکیان بەرپا کردووە، کەم ئیدیۆمی تر وا دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان دوو مانای جیاواز دەدەن بەدەستەوە. یەکیان گەشبینەو ئەوییتریان رەشی قەترانییە.

(لەناو قوڕێ تۆزێ دەکات) تەماشای دیوی پڕی بادەکە دەکات. دەڵێ چەند چۆر قومێک ماوە بۆیە هیوا بە ژیان و هیوا بە تەڕایەتی و بادەنۆشی ماوە.

هەرچی (لەم قوڕە هەر ئەم تۆزە هەڵدەستێ) یە ئەوا نیوەی بەتاڵی بادەکە دەبینێ. وای دەبینێ نیوەکەی تریشی لەبەر هەڕەشەی فەوتان و تێداچوونە، چونکە نیوە وەک نیوە مووچەو چارەکە مووچەیە، قەت بەشی ناکات. ئەوەی تۆز لەقوڕی خەست هەڵدەستێنێ، پاکانە بۆ چارەکە مووچە ناهێنێتەوە، بەڵام دۆسێی مووچە لە دۆسێی ژیان و ئاوەدانی، هیواو چاوەڕوانی جیا دەکاتەوە. ئەوەشی تۆزێک تۆز لە قوڕێکی نەرم و شل هەڵدەستێنێ و پەکی دەکەوێت، ئەوا چارەکە مووچە ناکاتەوە یەک مووچە. چارەسەریشی پێ نییە، بەڵام ریشی ژیانی خۆی ناداتە دەست نە مووچەو نە دەوڵەت. دەوڵەت لە دڵ و دەروون و لە ناو باخچەیماڵەکەی خۆیدا ئاوا دەکات.

لە ناو ئەم قوڕو لیتەی ئەمڕۆی وڵاتدا، گەرەکە بێ ئومێدی لە قاودەین و خۆمان باخچەی ژیانمان ئاو بدەین، نەرمە ئاوڕشێنێک کە نەتۆزو خۆڵ بکاتە ناوچاومان و نە قوڕو لیتەش بکاتە هاوبەشی پێڵاوەکانمان.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٤٩ (١٩ - ٢٠١٦/٨/٢٠)**

(٣٥)

# چێژو ئازار

بۆ دەبێ مرۆڤ نەخۆش بکەوێت ئینجا قەدری عافیەت و تەندروستی بزانێت؟، بۆ دەبێت هەژارو نەدارو کەم دەرامەت بێت، ئینجا قەدری هەبوونی و خواپێداوی و تواناداری بزانێت؟

بۆ دەبێ ئارامی و ئازادی و خۆشی ئەو کاتە خۆشترو بەرهەڵداتر بێت کە لە تەنگانەدا بین؟

ئەم پرسیارانە خۆیان وەک پرسیاری فەلەسەفی دەنوێنن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەندە سادەو دووبارەن کە هەزاران ستوونی ڕۆژنامەنووسییان پێ پڕکراوەتەوەو بواری ڕۆژنامەنووسیش تا هەبێت و مابێت دەتوانێت پشت بەم جۆرە پرسیارانە ببەستێت و دووبارەیان بکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەم پرسیارانە بێ وەڵام بن، بە سادەیی و یان بە فەلسەفەیی خۆیانەوە دووبارە دەبنەوە.

بەڕاستی بۆچی وایە، ئایا زەروورییە لە جێی نەخۆشی تەواو چمکێکی نەخۆشییان پێ نیشان بدەن، تا خۆمان تێی بگەین، یان وەکو کوردەواری دەڵێت: تای پێ نیشان بدرێت، تا شوکرانە بژێری ڕوونەدانی نەخۆشی قورستر بێت.

ڕەنگە لەسەر ئەو بنچینە بێت مرۆڤ لەسەر ئەزموونە خۆش و ناخۆشەکانی ژیان ملیۆنان چیرۆک و داستان، ئەفسانەو ڕۆمان، دراماو گۆرانی هۆنیوەتەوە. ئەزموونەکانی خەڵکی تر دەگێڕنەوەو دەنووسنەوەو دەلاوێننەوە، تا مرۆڤ لێی تێ بگات و بێ ئەوەی خۆی پیادەیان بکات، پێیاندا بڕوات.

بەڵام هێشتا چێژی ئەزموونکردن نوقسان دەبێت، هێشتاش ئازاری فیعلی کاریگەرترە. با لەچیرۆکدا دەستی پاڵەوان بە ئاگردا بچێت، ئەوی لە گوێی

ئاگردان دانیشتووه گوێ لەو چیرۆکە دەگرێت هەست بە ئازارەکە ناکات، هەست بە گەرمی ئاگری شەوانی زستان و خۆشی چیرۆکی گوێی ئاگردان دەکات و هیچی تر.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٥٥ (٢٦- ٢٧/٨/٢٠١٦)**

## (٣٦)

# دۆستی گێل

ئەگەر مرۆڤ ئەوەندەی قسە دەکات بنووسێ و ئەگەر ئەوەندەی دەنووسێ بخوێنێتەوەو، ئەوەندەی دەخوێنێتەوە تێبگات، داخۆ ژمارەی تێگەیشتووانی وڵاتی ئێمە دەگەیشتنە چەند هەزار؟ ئایا لەوەدا دەبووە قەرەباڵەغییەکی خوێندەوارو تێگەیشتووان؟ ئایا زۆری تێگەیشتووان دەبووە بەڵای سەر، چونکە هەمووان تێدەگەن و ئیتر کەس کڵاوی پێ ناکرێتە سەر کەس؟

ڕاستییەکەی کڵاو دەکرێتە سەر تێگەیشتووش، بە جیاوازی ئەوەی تێنەگەیشتوو کە بشزانێ کڵاوی کراوەتە سەر بەسەر خۆی ناهێنێ و ئەوی تێدەگات بە پێچەوانەوە خەفەت و پەژارە دەخوات کە بۆچی وا کڵاو چۆتە سەری و چۆن سەری لەسەرماو لە کڵاوی درۆزنانەش بپارێزێ؟

تێگەیشتوو حەز دەکات هەموو کەس تێگەیشتوو بێت، چونکە وایدەبینێ، دۆستی گێل بەڵای سەرەو، خەڵکی تێگەیشتوو و خوێندەواریش، با نەیارو دوژمنیش بن هێشتا باشترە لە دۆستێکی نەزان. دەکرێ لەگەڵ نەیارێکی ژیر بگەیتە لێکگەیشتنی هاوبەش، بەڵام ئەدی چی لە دۆستی نەزان دەکەیت؟، هیچ چارت نییە، یان دەبێ بۆی بسەلمێنی، یان بۆتی بسەلمێنێ. ئەمەش پەیوەندی تابع و مەتبوعە، نەک هاوسەنگ.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٦١ (٣- ٢٠١٦/٩/٣)

فەسڵی چوارەم

# کورت و کرمانج

# تەحەمولی ژنانی کورد

له (٨) مارتی هەموو ساڵێکدا، سەرنج لەو فێستیڤاڵو یادکردنەوانە دەدەم کە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنانەوە ساز دەکرێنو دەپرسم، داخۆ بۆ ساڵ بەساڵ ژمارەی هەوادارانی ئەو بۆنەیە لە ژنانو پیاوانی دۆستی کێشەی ژن بەرەو کەمی دەچن؟، لە کاتێکدا ئەمڕۆ پتر لە هەر هەلومەرجێکی تر کۆمەڵگەی کوردستان لە دووڕیانی ململانێی سەختی نێوان چێ کردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیو گەڕانەوە بۆ مێگەلێزمی سەدەکانی ناوەڕاست دایە کە مەسەلەی ژنانیش یەکێکە لەو گرەوە سەختانەی دەبێ بیبەینەوە، تا خواستە مەدەنییەکانمان وەدی بێن.

ساڵ بەساڵ ئەو بۆنەیە رەونەقی نامێنێ، چونکە ئێمە مەسەلەی ژنانمان پەیوەست کردبوو بە خواستی ئایدۆلۆژیایەکو لە بورجی عاجی قەناعەتەکانی خۆمان نەماندەهێناوە سەر واقعی گەرمو سووتێنەری ژیان. تا سەرەنجام ئەو ئایدۆلۆژیایە تووشی نسکۆ هات، ئیدی ئێمە شانی خۆمان لە یەکێک لەکێشە جەوهەرییەکانی خەباتی دیموکراتی خاڵی کردەوەو بیانوویەکمان بۆ پاشگەزبوونەوە دەسکەوت. ئەی چۆن! مادام دەستبەرداری مارکسیزم دەبین کەواتادەبێ دەستبەرداری پڕۆژەی رزگاری ژنانیش بین. وەک بڵێی پڕۆژەی رزگاری کێوماڵو قۆرغکراوی ئایدۆلۆژیایەکی دیاری کراو بێ، نەک ئاتاجو پێویستییەکی حەیاتی.

من وای دەبینم کە ناشێ لە پێناوی رۆژی بە ئاکام گەیاندنی پڕۆژەی نەتەوەیی دا دەستبەرداری خواستە دیموکراتی یەکانی تر بین، چونکە وەدی هاتنی خواستە دیموکراتییەکان، کە مەسەلەی ژنانیش سەر دێڕیانە، سەرەنجام کەڵەکەبوونی دەستکەوتەکانی لێ دەکەوێتەوە تا ئەو رێو شوێنەی تەکان بە پڕۆژەی نەتەوەیی دەداو ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتخوازیشی پێ دەبەخشێ بەجۆرێک کە ژنانیش تییدا هەست بە نامۆیی نەکەن. بگرە

پاڵپشتی دەبن و شوێنێک لە خەباتی رزگاری نیشتمانی دا بۆ خۆیان داگیر دەکەن.

لەم رۆژەدا، بەهیوای ئەو رۆژە، ژنانی کوردستان پیرۆزباییتان لێ بێت و ستایشی تائێستا تەحەمول-کردنتان دەکەم.

*بڵاودراوەی دەنگی ژنان – ٨ی مارتی (١٩٩٧)

# زەحمەت نەبێت شەهیدانی کوێن؟

ڕەنگە خەڵکی شار لە من باشتر بزانن کە ناوی گەڕەکو کوچەو کۆڵانەکانی سلێمانی لە چییەوە هاتوونو بۆچی ناوی وایان لێ نراوە؟ ڕەنگە ئەوەش خەسڵەتێکی شارە کوردییەکان بێت کە بەردەوام ناوێکی ڕەسمیو ناوێکی میللیشیان هەبێت. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە سەیرە ناوی چەند گەڕەکێکی سلێمانییە کە ناوە ڕەسمیو میللییەکەشی یەکە، کەچی نازانرێت گوزارشت لە چ مانایەکی سیاسی دەکەن؟.

مەبەستم لێرەدا ناوی گەڕەکەکانی (شەهیدانی سەرچنار، شەهیدانی زەرگەتەو شەهیدانی ئازادی)یە. ئایا ئەوانە بە ناوی شەهیدانی کوردایەتییەوە ناونراون، یان ناوەکانی سەردەمی ڕژێمن؟.

بەندە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا پەیوەندیم بە بەڕێز حاکم قادر حەمەجانەوە کرد کە ئەو وەختە پاڵێوراوی یەکێتیو ئێستا سەرۆکی شارەوانییەو لێم پرسی، داخۆ ئەو گەڕەکانە بە ناوی شەهیدانی کوردایەتییەوەیە یان ناوە گەلێکی سەردەمی ڕژێمنو تائێستا نەگۆڕاون؟

دەرکەوت کە ئەم مەسەلەیە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەخوازێ، بۆیە تائێستا پرسیارەکەم بەبێ وەڵام ماوەتەوە، ئایا ئەگەر کاتی خۆی بە ناوی کوژراوو قوربانیانی شەڕە دۆڕاوەکەی قادسیەوە نراون، بۆچی ناگۆڕدرێن؟.

ئایا ئەگەر ئیلهامی ئەو ناوانە لە خەباتو قوربانیدانی شەهیدانی کوردایەتییەوە وەرگیراون، بۆچی سێ گەڕەک ناویان لێک دەچێو ئایا گەڕەکەکانی دیکەی شاری هەڵمەتو قوربانی شەهیدو قوربانیان نەداوە؟.

هیوادارین شارەوانی سلێمانی، کە ئیتر ڕووی پرسیارە ڕۆژنامەنووسییەکانمان لەوانە، وەڵامێکمان بدەنەوەو ناوەکانیش بگۆڕن.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٢٠٨٨ (٢٠٠٠/٣/٢)

# خۆبەزلزان

لەخۆبایی‌و خۆبەلزانەکان، داوای لێبوردن ناکەن. پەشیمان نابنەوە لە تاوان‌و هەڵەو رەفتاری نامۆیان. خۆ بەزلزانەکان لە ئەسڵی بەشەری لەخۆبوردەو پەشیمان‌و شەرمکردووەکان نین. بۆیە وەک عەلی کیمیایی تا بە دارا دەکرێن داوای لێبوردن ناکەن‌و لە هەڵەی رابردوو پاشگەز نابنەوە.

لەخۆباییەکان بەخشندەیی‌و پەشیمانی‌و پاشگەزییان لێ شین نابێت، کە هەموو ئەمانە خەسڵەتی ئینسانین‌و لەوانەدا نابن پەیدا. ئەمە دەرسێکی گەورەی داستانی دادگاییکردنی سەرانی رژێمی پێشووە. بەتایبەتی کە دادگاکە لەبەردەم زوومی کامێراکان بەڕێوەبچێت، رێک لەو دەمەیدا جەللادەکان بەقینذا دەچن‌و بوغرا دەبن کە دەبینن دونیا رووی لەوانەو چاوی لەو دانپیانانەیە.

جاران خەیاڵێکی رۆمانسیم هەبوو لەسەر ئەوەی ئەگەر تاوانکاران، جەللادو پیاوکوژان بکەونە بەردەم دۆخێک کە بزانن بەو دەستانەی خۆیان چ فەلاکەتێکیان قەوماندووە، رەنگە شەرم دایان بگرێ‌و پەژارەو پەستی هانیان بدات کە پەشیمانی بنوێنن. یان ئەوەندە لەسەری ئەڕۆن‌و پاساوی نابەجێ بۆ رابردووییەکی شەرمەزار نەهێننەوە. بەڵام بەندو باوی چەند ساڵی دوای رووخانی پەیکەری سەددام لە بەغداو لەکەرکوکی تەعریبکراودا دەریخست، چەند خەیاڵ پڵاو بووم، چەند ناشیانە سەیری دەورانی کەوتنی تەختو تاراجی دیکتاتۆرەکانم دەکرد. ئێستا هەڵسەنگاندنێکی نوێی پرسەکە دەکەم.

ئەسڵەن دیکتاتۆرەکان ئەگەر هەستی مرۆیی وەک پەشیمانی‌و شەرمو پەژارەیان هەبوایە، بە پلیکانەکانی قۆرغکردنی دەسەڵاتدا سەرنەدەکەوتن‌و دۆخێکی وایان دروست نەدەکرد کە تاوان تاوانی تر رابکێشێ‌و، سەرەنجام فیشەی هەستکردن بە بەرپرسیاری‌و پەشیمانی لەسیستمی رەفتارو گوفتاریان داماڵرێ‌و، بێ پەروا بن لەهەموو شتێک.بەرگەی هەموو دەرمانێکی چارەسەر بگرن.

تەجرەبە دەریخست تەمەننای داوای لێبوردن‌و پرسیارکردن لە هەڵوێستی

ئێستاو دەرخستنی پەشیمانی لە کەسانێک، بۆیە وایان کرد، چونکە ئەسڵەن لەهەموو بەهایەک داماڵراون، داوایەکە لەگەڵ مەنتیقی دەرکەوتنو گەشەو، ئینجا تێکشکانی دیکتاتۆرە خۆبەزلزانەکاندا یەک ناگرێتەوە. ئەوە بنمیچێکی گەورەی پێشینییە کە بەداخەوە هەرگیز نایەتەدی. ئێمە توانیمان سەددام و جەللادەکەی خزمی بێنینە پای دادگاو لە سێدارەیان بدەین، بەڵام ئەفسوس قەت پەشیمانیمان لێ نەبینین، بەڵکو باغرو بوغرابوونو، بێ ئابڕوویی‌و قسەی زبری ناشایانمان لێ بینینو بیست. دەرسی ناخۆشی بەسەرهاتو مێژوو ئەوەیە کە سزادانی جەللادەکان بۆ خودی جەللادەکان نابنە دەرسو پەند، جا بەڵکو خوابکەم بۆ ئەوانی تر، کە دەشێ پڕۆژەی جەللادی تر بن لە منداڵدانی مێژوودا، شتێک بگەیەنێت... بەڵکو لە دیمەنی لە سێدارەدانی جەللادەکان وانەگەلێک بن تیشک بدەنەوە بۆ داهاتوو؟.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: گۆشەی راست و رەوان

# واسیته

ناوەکەی ناوێکی کۆنی نێو چەمکو دەستەواژە ئیدارییەکانی وڵاتانی دونیای سێیەو، دیاردەکەشی بەشێکی نەریتە دێرینەکەی ئیدارە رۆژهەڵاتییەکانە، بەشێکی ئەو میراتە عوسمانلییەیە کە بۆ دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراقیش بەخزم خزمێنەو (محسوبیە)ت خورد کرایەوە، ئەو هێندەی بەسە کە ناوی (واسیتە)یە!

(واسیتە) ئامرازی پێکەوەگرێدانی دووجەمسەری لێک دوورە.

لە حاڵی کاروباری ئیدارییدا بۆ پێکشادبوونی داخوازیکارو دڵخوازەکەیەتی، هەندێک جار ئامرازی واسیتە، پەیوەندییەکە گرێدەداو، هەندێک جاری تریش دەرمانی وزەبەخشەو پاڵ بە داخوازیکارەوە دەنێ کە بگاتە لای دڵخوازەکەی. هەر لەبەر ئەم حاڵی پاڵنانەیە کە دەبینی عەرەب دەستەواژەیەکی تریش بۆ واسیتە بەکاردێنێو دەڵێ (ینرادلە دەفعە) واتا پاڵنانێکی پەیوستە!

بەڵام واسیتە دیاردەیەکی تاک رەهەندییو یەک بارە نییە. بەڵکو مەودای فراوانو چەند رەهەندی هەیە، لەهەموو حاڵەتێکیشدا واسیتە هەم یەک لە هۆکارەکانی شەمزاندنی رەوتی ئیدارەو، هەروەها دەرکەوتێکی ئاشکرای ئەو شەمزاندنەشە. واسیتە لەهەر بوارێکدا بکرێ جگە لەوەی پێدانی (مافێکی) دیاریکراوە بەیەکێک کە مافی وەرگرتنی ئەو (مافە)ەی نییە، لەهەمان کاتیشدا بێبەشکردنی خاوەن مافی راستەقینەیە لە (ماف) ەکەی خۆی، چونکە ئەوەی بە واسیتەیەک، دەدرێتە یەکێکی تر لە گیرفانی (واسیتەکار) دەرناچێ، بەڵکو پیاوەتییەکە بە ئاوی حەمامی کەسانی ترەوە.

دەرکەوتە خراپەکانی واسیتە زۆرن، بەڵام بە گوێرەی بوارەکانی واسیتەکردن دەگۆڕێن، واسیتە لە بواری وەزیفەو تەعیندا دەرکەوتی پەککەوتنی یەکە ئیدارییەکانی لێدەکەوێتەوە، چونکە تەعینکراوی بێ کەفائەت بەڵایەکی ئیداریی گەورەیەو (بێکاریی پەردەپۆشکراو) دەکاتە دیاردەیەکی ئیداریی بێ چارەسەر. هەروەک گیانی بیروکراسیی دەچێنێو، درزو کەلێن دەخاتە ئەڵقەی پەیوەندیی

یەکە ئیدارییەکان بە یەکترییەوەو، کارمەندانی خاوەن کەفائەت بێ ئومێدو سارد دەکاتەوە.

واسیتە لە بواری پێدانی ئیمتیازو بەشو دەسکەوتدا باوەڕی زۆرینەی خەڵکی کە واسیتەیان نییە بە ئیدارەو دەسەڵات لەق دەکاو، متمانەی پێویست بۆ ئیدارەکردن لە کۆمەڵێکی مەدەنیدا لەنێوان هاووڵاتیو حکومەتدا ناخولّقێنێ.

واسیتە ئەگەر هەقو دادپەروەریی بێت، بۆ لە یاسادا دانەڕێژراوەو راسپاردەی ئیشپێکردنی بۆ دەرنەچووە؟! ئەگەر واسیتە رووی مەجلیسی یاسای هەیەو، مل چەماندنەوەی دەستوورو یاسای نووسراو نییە، بۆ لە بڕیارو پرۆتۆکۆلێکی رەسمیدا ناوی نایەت؟!

دواجار پەتای واسیتە وا لە خاوەن هەقیش دەکا کە هەقێکی کەوتە شوێنێک، یان لە قەهردا بکوژێ یان ئەویش بۆ وەرگرتنی هەقێکی خۆی، کەهی خۆیەتیو واسیتەی ناوێ، ناچار دەبێ واسیتە بکات، یان وەک دەڵێن (پاڵێکی) پێوە بنێ!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: گۆشەی کورت و کرمانج (٢٠٠١)

# قەرزی نەدراوە

ڕەنگە لەسەر تێکۆشەرانی دێرینی کوردستان کارێکی کەم کرابێ، لەسەر تێکۆشەرانی ژن ئەوەی کراوە لەحوکمی نەبووە، ئەم دەستنیشانکردنە زیاتر لەهەر کەسێکی تر بەسەر تێکۆشەرێکی کوردستانیی وەکو حەپسەخانی نەقیبدا جێبەجێ دەبێت، چەندین دەیە بەسەر کۆششی نەتەوەیی، نیشتمانییو کۆمەڵایەتی ئەم ژنە پێشەنگەی سلێمانیو کوردەواری تێپەڕ دەبێو، هێشتا هەرناوی دێت تا ئەوەی ناونیشانو ئاماژەو ناوەڕۆکێکی تێرو تەسەلی تێکۆشانەکەیمان بۆ نەوەکان تۆمار کردبێت. پێمان وابووە ناوهێنانی زۆری لە بۆنەکاندا بەسەو هەقی زیادی داوەتەوە، ڕاستییەکەی ئەم ناوهێنانە وایکردووە بێ ئەوەی ئەرکی سەرشانی بەرامبەر جێبەجێ بکرێت، وا بزانین لە بیرمانەو ئادابی ڕێزلێنانو ئەرکو فەرمانمان بەرامبەر جێبەجێ کردووە، بریا کەمتر ناومان دەهێنا تا هەست بەو بۆشاییە بکرێتو ببێتە هاندەری قەرەبووکردنەوەی درەنگ وەخت.

ژنانی وەکو حەپسەخان کارەکتەری دەرکەوتووی وڵاتو نەتەوەکانی تر بوایە، ئێستا سەدان بەرهەمو سەدان دۆکیۆمێنتاری لەسەر تۆمار دەکرا، لە کوردستان مێژوونووسان ئەم ئەرکەیان خستۆتە چوارچێوەی ئەرکی گشتی مێژووی گشتی کوردەوە، دەزگای پەروەردە تەنها بەرخۆری کۆششی تاکە کەسی مێژوونووسانو ڕووناکبیرانە، دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش لەتاو ئەرکی ڕۆژو باسوخواسە تەواونەکراوەکانی، خۆی لەم ئەرکە ڕابردووییە ناکاتە خاوەن، بەو حاڵەشەوە دەپرسین بۆ دیاردەی تێکۆشانی ژنان بەو هەموو ڕاپەڕینو ئازادیو کرانەوەوە لە وڵاتی ئێمەدا، هیچ نەبێ شان لە شانی شێوە حزوری ژنان لە ڕەوتی شەئنی گشتی دراوسێکانمان نادات، وانەکە دیارە. کێ حەزی لێیە خەبات بکات تا لە ئایندەدا بە فەرامۆشیی بسپێرێ؟، ئەمڕۆ هەر کەس هەڵدەستێ. دەتوانێ بە ئیمیلێک نامە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بنێرێ. ئەمما دوێنێ کێ ناوی عوسبەتولئومەمی بیستبوو کە حەپسەخان نامەی پرسی نەتەوەیی بۆ ناردبوون؟،

ئەم فەرقە جەوهەرییە بەسە یان ئەوەی ئێستاش کە لە سەدەی بیستو یەک هەن بەسەد بیانوو ئیحتوای خوێندنی کچانو ژنان دەکەن، یان کورتی دەکەنەوە یان بێ عەمەلی دەکەن، لە کاتێکدا حەپسە خان لە سلێمانی بیستەکاندا دێتە مەیدانی رابەرایەتی خوێندنی کچانەوە، لەو دەمەی پایتەختی زۆر وڵاتی خۆ بەکراوە زانی ئەو کات ژنان هەر لە حەرەمسەرا قەتیس کرابوون، دەیان نموونەی رەفتارو کرداری تری حەپسە خان کە تۆماری رۆژانەیان نەکراوەو بەسەرچوونی رۆژگارەکان فەوتاندنیو بۆ ئەو کات نەماوەتەوە.

کتێبێکو دوو سێ لێکۆڵینەوەی لێ دەرچێ، چی لەسەر ئەم پایەدارەی کوردەوای هەیە؟، رۆژنامەکانمان، بەوی خۆشمانەوە، چیان لەو دەفتەرە زۆرو زەوەندانەی خۆیان نووسیوە کە وایکردووە نەپەرژێنە سەر بەشی حەپسە خان لەرەوتی خەباتی یەکسانیو ئازادیو پێشکەوتنی کوردستاندا؟

ئەوی هەیە ئەم بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەی خاکە،کە رەنگە تێرو تەسەلترین بێت لەسەری، کاری ئەوان راست بێت کە کردیانو مافی جارێکی تر بڵاوکردنەوەشیان بەئێمەدا تا بەشێکی کەلێن پڕ بکرێتەوە، ئەمە کۆششێکی هاوبەشەو قەرزی کوردستانی نوێ ناسرێتەوە، ئێمە هەستی پێدەکەین. چەند باشبوو کە هەموولایەک شان بدەنە بەری تا هەستی ئێمەو هی ئەوانیشو وێستگەی بەرنامەکەی خاک بەوێستگەی تر تێپەڕێنێ.

تا ئەو کات رۆحی حەپسەخانی نەقیبی تێکۆشەرانی ژنانی سەدەی بیستی کوردستان شادو ئاسوودە

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: پاشکۆی حەپسەخانی نەقیب (٢٠١٧/٣/١٤)

# فریای قەڵای شێروانە بکەون!

لەم ڕۆژانەدا لیژنەی باڵای کۆمەڵەی ڕووناکبیریو کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک یاداشتنامەیەکی بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەت بەرز کردۆتەوەو، تێیدا داوای پاراستنی قەڵای شێروانەی کردووە لە دەستی زەمانەو غەدری ئەوانەی هیچ حسابێک بۆ کەلتوورو سامانی نیشتمانییان ناکەنو، پێیان بکرێ هەمووی دەخەنە بەردەم نەهەنگی فەوتانو ئاودیوکردنەوە.

ئەز لە سەردانێکدا بۆ گەرمیان، تێبینی ئەوەم کرد هەندێک شوێنی وەکو قەڵای شێروانە لە کەلارو باوەشاسوار لە کفریو زۆر شوێنی دیکەی کوردستانیش بەهەندێک خزمەتو دەست پێداهێنانەوە، دەشێ ببنە ناوەندێکی سیاحی بۆ گەشتو گوزارو سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆ حکومەتو ئەو کەسانەی لە سەیوانی شوێنی وادا بازارو دوکان دادەمەزرێنن، یان هەر کارێکی دیکە ئەنجام دەدەن بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆیان. لە بارەی شێروانە دەتوانم بڵێم کە لە توانادایە شانۆیەکی کەم تێچووی لەسەر سەکۆیەک بۆ دابمەزرێنرێو، خودی پلیکانەکان بکرێنە کورسی دانیشتن. هەروا دوای دەست پێداهێنانەوەیەکی جوانی قەڵاکە جێگای چەندین کۆشکو بازاری سیاحی هەیە تا لەبەهاراندا ئەو شوێنە ببێتە سەوزەلانییەکی خۆشو لەوێشەوە هەر بە سەرچاوەی داهاتەکە تێچووی فریاکەوتنی قەڵاکە دابین بکرێ.

سەبارەت بە باوەشاسوارو سەیرانگای نزیک شاری کفری بە یەک هەڵمەتی جددی شارەوانی ئەوێو، هاوکاری کۆمیتەو خەڵکی پەرۆشی شارەکە دەتوانرێ نەمام دارێکی زۆر بروێنرێو ئەم سەیرانگەیە قەرەبووی لانی کەمی فەرامۆش کردنی ناوچەی تەماسی "کفری" لەگەڵ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ڕژێم دا بکاتەوەو لەم پێناوەشدا چاوەڕوانی هیمەتی جوامێرانین.

***ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:١٣٩٤ (١٩٩٦/٥/٢٧)**

# کوردە بەشەڕ هاتووەکان

(ئەگەر دوو ماسی لەنێو ئاودا بە شەڕ بێن خەتای ئینگلیزەکانە)!

دەگوترێ ئەم دەربڕینە کلاسیکییە لە زاری گاندییەوە وەرگیراوەو هی ئەو سەردەمەیە کە ئیمپراتۆریەتی هەرگیز خۆر لێ ئاوانەبووی بەریتانیا سیاسەتی (پەرتکەو زاڵبە)ی لەهەموو ئەو شوێنانەدا بڵاودەکردەوە، کە دەستی پێ رادەگەیشتن. هی ئەو سەردەمەیە کە سیاسەتمەدارو رووناکبیرانی رۆژهەڵات بەپێی تیۆری (پیلانگێڕی) هەموو کێشەو گرفتەکانی خۆیانیان بۆ دەست تێوەردانی بێگانەو کۆڵۆنیالیزم دەگێڕایەوە کە ئەو کاتەش ئینگلیزەکان سەرقافڵەی رەوەندە کۆلۆنیالیستییەکان بوون. هەڵبەتە ئەوە راستە کە کۆڵۆنیالیستەکان بۆ پتر مەیسەرکردنی داگیرکردنەکانیان جاران پەنایان بۆ هەموو ئەو پیلانانە دەبرد کە یەکریزیو هاوپەیمانێتی لە کۆمەڵگە کۆڵۆنی کراوەکان تێکدەشکێنێو بگرە تائێستاش هەر زلهێزو ناوەندێکی رۆژئاوایی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی لە هیچ ئەگەرێک ناپرنگێتەوە. بەڵام تیوری (پیلانگێری بێگانان) بووە بە (کراسەکەی عوسمان)و بیانوویەک بۆ پەردەپۆشکردنی هەموو کەم تواناییو نەتوانینی وڵاتانی لەرۆژهەڵات نەدیتنەوەی هونەری وێک گەیشتنو تەبایی نیشتمانی دا.لە ئاستی تاکە کەسدا، مرۆڤ کاتێک لە پەلەو هەڵەشەیی خۆی سەری وەبەر دینگەیەک دەکەوێ یان پێی لە بەردێک هەڵدەکەوێ پێی خۆشە کە کەسێک بە پشتییەوە وەستابێو نۆباڵی سەرئێشان یان کەوتنە خوارەوەی خۆی بخاتە ئەستۆی ئەوەوە! مامۆستا مەسعود محەمەدیش دەڵێ: (ئێمە موجامەلەی خۆمان دەکەین کاتێک گەندەڵبوونی پەیوندی نێوان دوو حزب یان دوولایەن لە پووچترین مەسەلەکاندا دەگێڕینەوە بۆ مەکری کۆلۆنیالیستو پیلانی بێگانان).لەگەڵ رزگاربوونی بەشی هەرەزۆری وڵاتانی رۆژهەڵاتیش لە داگیرکاریو ئینجا گۆڕانەکانی ئەم دواییەی دونیا، وازەن دەکرا، ئیدی ئەو وڵاتانە بوێر دەبنو دان بەو کێماسیەی

خۆیاندا دەنێن کە هێشتا زەمینەی وێک گەیشتن لەنێوان تیرەو ناوەندو پلە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکانیان نەڕەخساوەو کۆلۆنیالیستەکانیش لەباشترین حاڵدا هەر ئەو واقیعەیان قۆستبۆوە و هیچی تر نا، بەڵام هاوکات لەگەڵ پرۆسەی (گێڕانەوەی هیوا) لەپێناوی دابینکردنی کەناڵی متمانەپێکراو بۆ گەیاندنی کۆمەکو فریاگوزارییە مرۆییەکان بۆ سۆماڵییە برسیو لێ قەوماوەکان، جارێکی دیکەش تیوری (پیلانگێڕی) کەوتەوە سەرزارانو لەئاکامی شەڕی عەشیرەتە تێک بەربووەکانی سۆماڵ لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکانیشدا، ژەنەراڵ (عەیدید) کە لە پێناوی (ئازوقە)دا ڕێگای بە کاروانە فریاگوزارییە دەگرت، بوو بە (پاڵەوانێکی نیشتمانی). وەک بڵێی شەڕی ناوخۆ هۆکاری سەرەکی (موداخلە)ی ئینسانیانەی UN نەبووبێ!

*کوردەکان لەنێو خۆیاندا پەندێکیان هەیە کە دەڵێ (شەڕ باشترە لە بەتاڵی) بەڵام ئایا قۆناغی پاش وەدەرنانی داگیرکەر لەبەشێکی خاکی نیشتمان قۆناغی (بێ کاری) و دەست بەتاڵی بوو بۆ کوردەکان، یان قۆناغی ئەرکی قورسی بنیاتنانەوەو ئاواکردنەوە بوو؟! هەروەکو کلاوس کینگلی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لە نامەیەکدا ئاماژەی بۆ کردبوو (سەیرە کوردان کە سۆزی نێودەوڵەتییان لەپشتە. تواناکانی خۆیان بۆ ئاواکردنەوە ناخەنەگەڕو لە بریتی ئەوەش لەنێو خۆیاندا بەشەڕ دێن)؟

لە ماوەی یەک ساڵی شەڕی خۆبەخۆی کورددا هەموو توانستە مرۆییو مادییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەمیانی وزەی تێکدەرانەی شەڕدا، فڕێدرانە دەمی نەهەنگی شەڕی ناوخۆوە. ئەوانەی ئاشنای کوردەکانن سەرنج لەو موفارەقەیە دەدەن کە جاران دەگوترا دوژمنانی کورد یەکڕیزی کورد بن کۆڵ دەکەنو، ئێستاش هەموو دونیا داوای شەڕراگرتن دەکا. کەچی کورد خۆی (مشت)و (مڕ)ی چەک بە پەسەندتر دەزانێ لە حیواری سەرمێزی دانوستاندن. بەدوور لە هەستی نەتەوەیی کە ڕەنگە ڕێگەی دەست نیشانکردنی خەوشو کێماسییەکان بگرێ. ئەفسوس کە یەک ساڵی شەڕی ناوخۆ، ئەو ڕاستییە تاڵەی دەرخست کە هێشتا ئاگایی نەتەوەیی و هەراشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی کورد نەگەیشتۆتە پلەی هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانیی تۆکمە کە وێڕای ململانێ سیاسییەکانیش، هێڵی سووری بەرژەوەندییە باڵاکانی دیاری کردبێ، لەڕاستیشدا کوردان بایی هێندە ناکۆکییان لەنێوان خۆیاندا هەیە کە پێویستیان بە بێگانان نەبێ تاوەکو

به شەڕیان بێنێو، ئەوەی کە ئەم لاو ئەولاش بە دەستێوەردانەکان ئەنجامی دەدەن هەر بۆ (جوانتر) کردنی مەینەتییەکانی خودی کوردە بەشەڕهاتووەکانە. رای گشتی جیهانو ناوەندە دیموکراتییەکانی رۆژئاواش کە بینییان لە ماوەی یەک ساڵی شەڕدا داهاتی گومرگ بەپێی پێوەرەکانی ژەنەراڵ فەرەح عەیدید قۆرخ کراو کورد کارەبای لە خۆی بڕیو ئۆردوگای ئاوارە هاوڕەگەزەکانی خۆی بۆردومان کردو ئەمنستی نێودەڵەتیش حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا تۆمار کرد. هەڵبەتە سۆماڵیو سودانییەکان هەڵسوکەوت دەکەن. چونکە ئەوان هەروەکو جهاد خازنی سەرنووسەری رۆژنامەی حەیات ئاماژەی بۆ کرد PUK و PDK ناناسنو گرفتی ئەوانیش نییە کە بزانن کێ شەڕانگێزە؟!

ئەرێ بەڕاست بۆچی کوردەکان حیلە شەرعییەک بۆ پەندی فولکلۆری (شەڕ باشترە لە بێ کاری) نادۆزنەوە، ئارەزوی سوارچاکی خۆیان لە نەبەردییەکانی بەرگری دژ بە رژێم تێر ناکەن. هەروەکو ماوەیەک بەر لە ئێستا روویداو هەر ئەوەش ئەرکی سەرەکی ئەوانە؟.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: (١٩٩٥)

# عەبوسی

کاتی خۆی لە عیراق زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی هەبوو بەناوی (تحت موس الحلاق). لە ژێر نەشتەری موسی دەلاکێکی عیراقیدا، دەیان مەسیج و روانینی رەخنەگرانە تێپەڕدەکران. لەبەر ئەوە (عەبوسی) کە ناوە باوەکەی ئەو زنجیرە درامایە بوو، بووە وێردی سەر زمانی هەموو بینەرێکی عێراقی لە وەختێکدا تەلەفزیۆن رەش و سپی و ژمارەشی لە حوکمی نەبوودا بوو. عەبوسی هەروەها نیشانەی تاودانەوەی هونەری عێراقی بوو پێش ئەوەی بەعسیزم بیلەوتێنێ.

لە هەشتاکاندا بەعس پارەیەکی زۆری بۆ درامای عیراقی خەرج دەکرد، بەڵام پارە کەی دەتوانێ ئاسەواری خراپی سانسۆر پڕبکاتەوە؟ وەک هەموو لایەکمان "دەزانین" لە عیراقی سەدامدا هەموو خەڵک ژیانیان (خۆش)بوو، کەس (کێشە) ی نەبوو، جا کە ژیان خۆش بێ و کەس کێشەی نەبێ، گرێی دراما لە کوێیە تا ببێتە هەوێنی زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانی کە بەعس پارەی بۆ تەخشان و پەخشان دەکردن؟، لە زۆری پارەو نەبوونی دراما، کوڕی باشێک بەگوێی بەعسدا چرپاندی: بچن زنجیرەی (عەبوسی) بەرهەم بهێننەوە. عەبوسی و پێری هونەرمەندە هاوکارەکانی، جاران رەخنەیان دەگرت و بابەتی بەسوودیان پێشکەش دەکرد. زانییان بەعس هەر کۆمیدیای دەوێت، بێ ناوەڕۆک. بۆیە بەشی دووەمی لەژێر نەشتەری موسی دەلاکدا پڕبوو لە قسەی قۆر و نوکتەی بێ لەزەت، ئەمما، چونکە بێ ناوەڕۆک بوو، واشکستی خوارد هەڵسانەوەی بۆ نەبوو. ئیتر خەلک لە جوامێری خۆیان عەبوسی بەعسیان لە عەبوسی سەردەمی رۆمانسی جیاکردەوە.

نموونەی زنجیرەی عەبوسی دەربڕینەکەی کارل مارکس دەسەلمێنێتەوە: مێژوو دووبارە نابێتەوە بەشێوەیەکی گاڵتەجاری نەبێت. ئەگەر ناپلیۆنی سێیەم وەک هی یەکەم بێت، ئەوا نالی وتەنی، پەتکیش سەودا لەگەڵ هەودا دەکات. نەوەی ئەو بینەرەی سەیری عەبوسی دەکرد، جیاوازبوو لەو نەوەیەی لەتەلەفزیۆن هەر ئەبوجاسمی دەبینی هەڕەشەی لە ئێران و کوەیت و کورد دەکرد.

زۆرن ئەوانەی بەتەمای کۆنەوە شت زیندوو دەکەنەوە، بەڵام کەی (هند رۆستەم)ەکەی ئەمڕۆ ئەوی دوێنێییە؟ ناوی ئەم خانمەم هێنا، چونکە کە ڕەونەقی نەما خۆی تاریکی و تەنیایی هەڵبژارد بۆ ئەوەی وێنەی درەوشاوە باعیسی یادکردنەوەی دڵ فێنککەرەوە بێت، نەک وێنەی خۆسەپێنی ئاوارەبوونی خۆری نمایش و ئەفراندن.

جا بەم ترسەوە لەوەی عەبوسی دووەم گاڵتە جاری یەکەم بێت. بێ عارییەک دەنوێنم. دەمەوێ کای کۆن بەبادا بکەم، ستونێکی جارانم کە چوار ساڵی بەری لە کوردستانی نوێ بڵاوم دەکردەوە دێنمەوە مەیدان. شەفیعم لەم کەتنەدا ئەوەیە نە مێژووی گۆشەکە کۆنە و نەکاتی خۆشی تەواوی مافی ئەو زنجیرە وتارەم دا کە (مەسەلەی توتنەکە)م پێ تاووتوێ دەکرد، جارێ مەسەلەی توتنەکە، یانی مەسەلەکانی کورد و دەوروبەری، کوردستان و خوشک و برا دراوسێکانی، زۆریان بەبەرەوە ماوە. بەشی سەدان نوسین و تێفکرینی چەند نەوەی داهاتووش دەکات. یاخوا وانەبوایە.

وێجا با لەم دەریجەوە ئەم هەقایەتە بگێرمەوە:

هەیکەل لە سێینەی ئاشتی عەرەب- ئیسرائیل لەزمانی ئەحمەد بەهادین ڕۆژنامەوانی میسرەوە دەگێڕێتەوە کە سادات دوای ئەوەی چۆتە قودس وای زانیوە ئیتر مەلەفی ناکۆکی لەگەڵ ئیسرائیل واپێچراوەتەوە حەوت گرێی پیرێژنی لێدراوە. سادات بە ئەحمەد دەڵێ: تەواو کێشەکەم چارەسەر کرد، ئیتر تۆو هەیکەل لەسەر چی دەنووسن؟ ئەویش دەڵێ: گەورەم لە ئێمە گەڕێ، لە بری نووسین کاسبیەکی تر هەر دەدۆزینەوە، بەڵام توخوا ئیتر کێشەکە تەواو؟!

سادات رۆیی و بووە شەهیدی ئاشتی، مەسەلەی توتنەکەش لەگەڵ ئیسرائیل هێشتا ساغ نەبۆتەوە.

خوادەکا کورد پێشی میسر دەداتەوە، چش با ئێمە (بێ مەسەلەی توتنەکە) و بێ ناوونیشان بووینایە.

*ڕۆژنامەی ئاسۆ ژ:٧٤٧ (٢٠٠٨/٦/١٨)

# مامۆستا دەبێت مامۆستا بێت

ناونیشانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە هەر بوارێکدا، بەرپرسیارێتییەکی قورسی سەر شانە، دەبێ مرۆڤ بە قەد ئەو ناو و لەقەبە بێت کە هەڵیگرتووە. دکتۆر دەبێ تەبیبی دەردی بریندااران بێت. ناوەکەی بە خۆوەیەتی، مەلاو مامۆستای ئاینیی، بەتایبەتی لەناو کوردەوارییەکی موسڵماندا، دەبێ ناوەکەی بەخۆیەوە بێت، چونکە مەلاو مامۆستا ناوێکی هێندە بەڕێزە ئەگەر کورد بیەوێت رێز لە یەکێک بنێت پاشگری مەلاو مامۆستای بە دوا دەخات، جا ئەگەر مەلا مینبەری پیرۆزیشی لەبەر دەست بێت ئەرکێکی سەرباری دەکەوێتە سەرشان کە هەم رێزگرتنە لە ناوەکەیو، هەمیش پاراستنی حورمەتی مینبەری مزگەوتە.

پاراستنی مێزەرو پاراستنی مینبەر، ئەرکێکی مۆراڵیو ئاینیی مامۆستای ئاینییە کە بەداخەوە هەن ئەمڕۆ ئەو دوو دەستمایە مەعنەوییە بۆ وروژاندنو گێژەن دروستکردن بەکاردێنن. لەم رۆژانەدا مامۆستای مزگەوتێکی هەڵەبجە هەرچی نەشیاو ناشێ بوترێت وتی، تەنها بۆ وروژاندنو هاندانی خەڵک دژی حکومەتو دەسەڵاتی کوردستان. بێگومان دەسەڵاتی کوردستان وتەبێژی خۆی هەیە کە دەتوانێ وەڵامبداتەوەو یاسای خۆشی هەیە کە دەتوانێ کێ پێی خوارکردەوە یان زمانی بۆ هاندان خستە سەر کار، یاسا بەسەر ئەو و ئێمەشدا سەروەربکات، بەڵام ئێمە قسەمان لەسەر پاراستنی نەزمی گشتییە کە هاندانی مەلا وەک هاندانی سیاسیی پۆپۆلیست خەتەرناکەو بگرە خراپتریشە. چونکە سیاسیی یاری لەگەڵ عەقڵ دەکات، مەلا لەگەڵ عەقڵ و ڕۆحدا مامەڵەیەتی. جا بۆیە دەبێ مامۆستای ئاینیی ئەو مینبەری مزگەوتەی کە پێغەمبەری خواو یاوەرەکانی بۆ دینو دەوڵەتیان بەکارهێناوە، یان بۆ پاراستنی نەزمی گشتیو ئیدارەی ژیانیش مامەڵەیان پێکردووە، بۆ تەگبیریی ژیانو پەرەپێدانی نەزم و یاسای رێکخەری گشتی ژیانمان بەکاربێنێ، نەک لەسەر قورئانی خودا هانی خەڵک بدات و لە تەلی هەستیاری غیرەتی ئاینیو مەعنەوی خەڵک بدات، مامۆستا

لەجێی تۆمەتبەشینەوە، بەناوی بێ حورمەتی (ئەو بێ حورمەتانەی سوکایەتیان بەرامبەر بە کیتابی خوا کردووە)، چاکترە پابەندی کیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی بێت کە داوا دەکات، ڕاستی لە تەراویلەکە جیابکەینەوە و لامان بەیان بێت تا هەندێک گومانمان نەبێتە کوفر.

مامۆستای ئاینی کە وەعز و ئیرشادی بۆ ئێمە، پابەندبوونە بەو ناونیشانەی هەڵمانگرتووە، پێویستە خۆی پێش ئەوانەی وەعزیان بۆ دەدات پابەندی پێگەی پێشنوێژی و وتار خوێنی بێت. ئەگەر خەڵک لەو وروژاندنە هاتنە سەر جادەو سەروماڵی هاووڵاتیان بە تەلەف چوون کێ ئەو ئۆباڵە وەئەستۆ دەگرێت؟.

*ڕۆژنامەی ئاسۆ: ژ:٧٣٧ (٢٠٠٨/٦/٣)

# ڕەفتار فاشی؟

لەم ڕۆژانەدا لەئەدەبیاتی ڕووناکبیریی کوردیدا زۆر باسی فاشیست و فاشیزم دەکرێت. بەری چەند ساڵێکیش بەندە ئەم چەمکەم بێ وردبوونەوە لەباسێکدا بەکارهێنا کەدەبێ ڕەخنەکە لەخۆمەوە دەستپێبکەم.

ناولێنان و ناو و ناتۆرە لەیەکتری دیاردەیەکی باوی نێوەندی فەرهەنگی کوردستانە. هەر دەورانەو بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیای زاڵ، یان ڕێبازی سیاسیی زاڵی سەردەمەکەوە، ناوەکان لەیارو نەیارەکان دەنرێت.

کۆنەپەرست و پێشکەوتنخواز، بۆرژواو وردە بۆرژواو بیری دواکەوتوو بیری پێشکەوتوو، ئەمانە تانە یان ستایش بوون بۆ دۆست و دوژمن و بە پێی ڕێبازە سیاسییەکان و زۆربەی کاتیش بەگوێرەی هاوپەیمانێتی و ڕیزبەندییەکان دابەش دەکران. ئێستا نا، بەڵام داخۆ لەشەستەکان و حەفتاکان چەند کەس لەخەفەتدا هەفتەیەک ریشی هێشتبێتەوە، تەنها لەبەرئەوەی پێی گوتراوە لۆمپن پرۆلیتار، یان خاوەنانی یەخەی شین و هی دیکە لەزاراوەو ناتۆرە باوەکانی کاتی خۆی.

ناولێنانەکانی جاران ئحمێکی تێدابوو، چونکە مرۆڤ دەکرا بەخۆ داماڵینی چینایەتی، یان بەخۆ پۆشتەو پەرداخ کردن، پێگەی کۆمەڵایەتی و لەوێشەوە پێگەو ڕێبازی سیاسیی خۆی دەستکاری بکات بێ ئەوەی ناوەکانی لێی دەنرێت بگاتە ئاستی تەکفیری سیاسی. وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە. ئاخر پیاو کە پێی گوترا تۆتالیتارو کەچی دوکانی بەکرو دوو قاڵب سابوونی هەیە، ئەوا روو لەکوێ بکات؟، کەپێی گوترا فاشیست یان نازیست و نەخۆی و نە هەلومەرجی عەینی و مەوزوعی وڵات ئەم ناونیشانەی حەڵاڵ نەکردبێت، دەبێ ڕوو لەکوێ بکات و لای کێ ئەم ڕەجم و تەکفیرە لەخۆی دوور بخاتەوە؟.

ئەم ناولێنانە لەکایەی ڕووناکبیریدا، کەکایەی ئێمەمانان نییە، دەکرێ شەڕی ئەندێشەیی بێت و پاساوی ئەوە بێت گفتوگۆی ڕووناکبیری دەوڵەمەند دەکات،

بەڵام ئەگەر بازی دایە نێو کایەی سیاسییەوە ئیتر کەس کاغەزی ئەوی تر ناخوێنێتەوە.

هەنووکە دەبوایە بەگوێرەی تێپەڕینی زەمەن فەرهەنگی سیاسیمان دەوڵەمەندترو وردتر ناوی لەشتەکان نابایە، کەچی لەبیرمانە جاران گفتوگۆی چڕو پڕتر لەسەر نازناوە سیاسییەکان و شوێنی دەستەواژەکان دەکرا، مام جەلال بەو بەعسەی سی ساڵ شەڕو نەبەردی لەدژ کرد دەگوت: (رەفتار فاشی)، چونکە راستە شۆڕش لەشاخ و شاخیش تەنگ و تەنگانەیە، نەک فەرەحنایی و رامانی شێنەیی لەسەر زاراوەو دەستەواژەکان، بەڵام دەیزانی ناولێنان بەرپرسیارێتییەکی سیاسیی گەورەیە کە وردبوونەوەو خوێندنەوەی هەموو ئاستەکانی ناولێنراوی گەرەکە. بۆیە بەعس هەر بە بەعسی مایەوە و دڕندەو کورد کوژ بوو و شۆڕشی نوێش درێغی لێ نەکرد تا ئەو بەعسە کەوت و هەر بەناونیشانی رەفتار فاشییەوە گۆڕبەگۆڕ کرا.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: (٢٠١٣/١٢/٢٧)

# جەناب مەقیاس نەماوە!

جەناب مقیاس نەماوە، ئەم دەستەواژەیە بەشێکە لە ئیخوانیاتی دێرینی کوردی، قسەی عەونی یوسفە کە لە رۆژگاری خۆیدا سەنگ و دەنگدانەوەی هەبوو، ئەگەرچی ئەو زەمانە لە چاوئەمڕۆ شتێک مەقیاس هەر مابوو، ئەگەر عەونی رەحمەتی باسی ئەم رۆژگارەی کردبا هەڵبەت دەیگوت: مەقیاس هەر نەبووە تا بێژین نەماوە.

جەناب مەقیاس نەماوە، ئەگەر بمابا رۆژمان بەم رۆژە نەدەگەیشت کە بواری پەروەردە لە جێی ئەوەی شوێنی مەشق و راهێنان بێت لەسەر رێزگرتن و حورمەت نواندن، لە جێی ئەوەی جێی نەرمی نواندن و فێرکردنی پێکەوەهەڵکردن و رەفتاری چاک بێت، ئەمڕۆ بووەتە گۆڕەپانی توندوتیژی و سوککردنی پیشەی بەرزی مامۆستایەتی و کاروکاردانەوەی خراپی هەندێک قوتابی و کەسوکاریان، کە پەلاماری مامۆستایان دەدەن و وەک باعیسی کەوتن و دەرنەچوونی منداڵەکانیان وێنایان دەکەن.

هەندێک کەسوکار لە کەوتن و دەرنەچوونی منداڵەکانیانەوە بیریان دێتەوە کە دایک و باوکن و دەبێ پەرۆشی رشتەی خوێندنی زارۆکانیان بن، لە بیریان نییە منداڵەکانیان پێویستییان بە هاوکاری و دەستگیرۆییە، مەگەر ئەو کاتەی کار لە کار دەترازێ و کارتی چەند سفری دەبێتە ئیعازی شۆک و بە ئاگاهاتنەوەی.

مامۆستا جا بەتوانا بێت یان کەم توانا، پەرۆش بێت یان کەم تەرخەم، یەک توخمە لە چەندین توخمی پێکهێنەری سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن، لە پاڵ مامۆستا، قوتابی و کەسوکاری و سیستمی پەروەردە و کەشی خوێندنگەکەش توخمی بردنەوە، یان دۆڕاندنی، گرەوی خوێندنن؟ بۆ تەنها مامۆستا دەکرێتە بەرپرسی دواکەوتنی منداڵان لە کاروانی خوێندن؟

فەرهەنگی وڵاتی ئێمەو دابونەریتی خوێندن لە دنیای پێشکەوتوو، وایان لە مامۆستا روانیووە کە بەرەبابی توێژێکی رێزلێگیراوی کۆمەڵە، حورمەت و هەیبەتی مامۆستایان ستوونێکی پتەوی گەشەی پرۆسەی پەروەردە و خوێندنە کە بێ

پارێزگاری لێکردنی حورمەتی زانست و خوێندەواریش نامێنێ. کێ ئامادەیە زانیاری و تەجرەبە لە کەسانێک وەربگرێت کە لە دۆڕاندا توانای تێهەڵدان و بەرد بارانکردنیانمان هەبێ؟، منداڵەکانمان چۆن ڕێز لە مامۆستاکانیان دەگرن کە ئێمە ئەو مەسجەیان بدەینێ: هەر وەختێک کەوتی و دەرنەچووی مامۆستاکەت فەلاقە دەکەین.

منداڵی پاشاو قەیسەرەکانم شتی وایان لەگەڵ مامۆستا تایبەتەکانیان نەکردووە، خێرە وا نها سوکایەتی کردن بە مامۆستایەکی خزمەتگوزار خەریکە وەک دیاردەیەکی لێدێت؟.

تا سیستمی پەروەردە کەمێک گۆڕاو پەیڕەوانی نەریتی پەروەردەی کۆن قبوڵیان کرد دەستبەرداری لێدانی قوتابی و خوێندن بن، ئێستا وێنەکە پێچەوانە بۆتەوە، کەسوکاری قوتابی دەستی منداڵەکانیان دەگرن تا مامۆستا گوایە باعیسی کەوتنیان دەستنیشان بکات!.

ئایا پەوەردە، بە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانیانییەوە رای لەسەر ئەم دۆسێیە چییە؟، ئەی شارەزایانی بواری پەروەردە و خوێندەوارەکانی وڵات چۆن لەم دیاردەیە دەڕوانن؟.

کوردەواری وا لەبنەوە بنکۆڵ دەکرێ و لە بنەچەی پەروەردەوە منداڵەکانمان فێری ئەوە دەکرێن (مەقیاس)یان لا نەمێنێ و گەورەو بچووکی، نە بەشێوە دێرینەکەی، نە بەشێوە مۆدێرنەکەی هەموو کۆمەڵێکی دەربەست، لە کرداردا رەچاو نەکەن.

جاران مەقیاس نەمان، تەنها رەنگە لێرەو لە وێی بواری سیاسیی، یان بواری گەورەکان تێبینی دەکرا و رەخنەی لەسەر هەبوو، ئێستا لە هەستیارترین جومگەی ژیانی مرۆڤی کورد، منداڵی لە کایەی پەروەردە، پێوەر و ڕێسا جوانەکانی پێگەیاندن و مامەڵەی نموونەیی پێشێلدەکرێت، کەچی ئەم باسە نابێتە بابەتی گەرموگوڕی بە دەنگەوە هاتنی پسپۆڕان و پەیوەندیدارانی پەروەردەو بێگومان میدیاکانیش.

کارێک بەرپاکرا، مەقیاس لە زۆر بواردا شێوە و لەبەرچاو نەگیراو بێت، بۆیە دەرەنجام و کەڵکەڵەی دۆخێکی وا ئەوەیە کە پەیوەندی (مامۆستا- شاگرد) لاسەنگ ببێ و مامۆستا لە توێژی سەردەستەی کوردەوارییەوە بێتە کەرەستەی تێهەڵدان و بێ حورمەتی پێکردن.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥٢٩٢ (٢٠١٠/٩/٢٩)

# گڵکۆی تازەی ئەنفال

بەقەڵەم و دەفتەرو لاستیکی کوژانەوەوە بیاننێژن، بەیاری و بووکە شووشەو ناسنامەکەی ملیانەوە بیانێژن، تا فریشتەکانی ئاسمانیش زوو بیانناسنەوەو لەوە زیاتر لەڕێی گەیشتن بەبەهەشتی خوا مەحتەل نەکرێن، باشیان بپێچنەوە بەو ئاڵا ئاڵوواڵایەی کوردستانەوە، نەکا لەگۆڕی تاریک و نوتەکدا سەرمایان بێت و لەتەنگایی ژێر زەمیندا دڵیان سەغڵەت بێ.

ئەو ئازیزانەی رۆحمان کە لەبیابانی زوڵم و زۆری تەعریب و ئەنفالەوە گەڕاونەتەوە، ئێستا ئیتر بۆ دواجار لەنیشتەنیی دوا مەنزڵدا دەگیرسێنەوە، ئای چەند شەتەک و ماندوون و چەند گوناحن کە دوای دوو دەیە لەمەرگ و بڕانەوە، تا ئەمڕۆش لەبەرزەخی نێوان مەرگی غەریبی بیابان و مەرگی یەکجارەکیدا شپرزەو شەمزاون؟.

بەقەڵەم و دەفتەرو یادگارییەکانی جاران، بەیادی وێنە تەڵخەکانی منداڵی لەئاوایی و دەشتایی بەر لەئەنفال بیاننێژن، ئەوان هەقدارترن بەو سامانە رۆحییە، بەو ئەندێشە خەماوییەی سەراپای مێژووی ئەم نەتەوەیەی داگیر کردووە.

بنووسە مێژوو! کە چەند سەدە بەر لەئێستا لەموکریان قەتڵوعام کراین، لەسەرەتای ئەم سەدەیەشدا بەڕێی ئاوابوونی خۆری عوسمانییەکاندا، گوندەکان سووتان و مەڕو ماڵاتی کۆچەرییە کوردەکان بوونە پێخۆری سوپای تێکشکاو.

بنووسە مێژوو! سەرەتای سەدەی بیست بە سەربڕینی باوک و دایکی ئێمە دەستپێکردو کۆتاییەکەشی بەناشتنی ترپەی دڵی منداڵەکانمان ئەلهای ناموبارەکی دامرکایەوە.

بنووسە مێژوو! سەرەتای سەدەو هەزارەی نوێشی سەرەتای هەڵدانەوەی قەتماغەی برینی کورد بوو، هەر هەمان چیرۆک و، هەر هەمان زام بوو، مانگێک نییە دڵ رانەچڵەکێ بەهەڵدانەوەی لاپەڕەی خەمێک و بەهەڵدانەوەی گۆڕی حوزنێکی کوردستانیی، چەند گۆڕی ئازیزانمان هەڵدرایەوەو چەند گۆڕی تر

ماون کە لەسبەی باوەشی غەیبدا دێنەوە لای نیشتمانی ئەنفال؟، ساڵێک نییە ئەو دەردو ئەم دەرسە نەیەتەوە رێمان و دەترسم پەندی لێوەرنەگرین و، ئەم سەدەیەش هەر بەتەڵەکەبازی دوژمنەکانمان و بەخەمساردی خۆمان بسپێرین.

بنووسن! لەرۆژنامەکانی نیشتمان، بە ئەهلی و بەرەسمییانەوە، کە ئەم تەرمە تەرمی نەتەوەیەکە لەتافی منداڵیدا نێژراو، مەگەر پەینی ئەو جەستە پیرۆزانە ئاوێتەی گوڵاوی خوێن و مسکی ئەو خاک و خۆڵە بێت تا چانسێکی تری هەڵسانەوەی پێبدات.

گوێبگرە! ئەی ئەشکەوتە تاریک و قووڵەکانی مێژووی ئەم کائینە بێ عارەی ناوی لەخۆی ناوە ئینسان، ئەو هەزاران ساڵەت بەفلسێکی قەڵب، مادام هیچی تیا بەسەر نەبوو بۆ ئێمە، ئەو هەموو دەسکەوت و پێشکەوتن و چوونە سەر مانگەت بەکۆی زوخاڵ بێت کە زارۆکی کورد بەشی لەم هەمووە، تەنها چەند قەڵەمی رەنگاو رەنگ و قەبرێکی تاریک و تەنگ بێت.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥١٤٩ (٢٠١٠/٤/١٤)

# هاوشاری

هەفتەی رابردوو سەیرانێکم بۆ زێدی جارانی خۆم کرد وەک دەڵێن لەکوێوە هاتووم بۆ ئەوێ گەڕامەوە: گوندەکانی نەورۆزو داروەسەرەو سەرێکی مامشەشم دا، ئەمانە لەدێکانی دەوروبەری کەرکوکن (من اعمال منطقة قادر كرم) وەک لەکتێبی گەڕیدەکاندا دەنووسرێ، ئاوی سازگارو کەشوهەوای پاک و دوورکەوتنەوە لەژاوەژاوی شارستانیی کە (فیه ما فیه). لەوێ دڵخۆش و خەمباریش بووم، دڵخۆش بووم کە دەبینم تا بنگوێی شوێنە تەعریبکراوەکان رووی لەئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەیە، لەوێش هەر حزبە سەوزەکە سەرقاڵ و لەسەر خەت بووە، دەنا کێ ئەم دوورە دەستییە بەسەر دەکاتەوە؟ خەمبار بووم کە ئەم مەفتەنە کوردستانییە هی ئەوەیە نەک پارەی تێدا خەرج بکرێت، بەڵکو لەڕێی وەبەرهێنانی ژیرانەوە پارە بۆ کوردستان پەیدا بکات، زێڕو گەوهەری سەرزەمینە، شایانی هاوکاری نییە، بەڵکو ئەو لەدەستی دێ هاوکاری دایکی نیشتمان بکات ئەگەر تەنها دەستێکی باشتری پێدا بهێندرێتەوە.

جا بەناو یادگاری منداڵیدا گەڕام، ئەو دەمەی خزمەکان بەئامۆزاو میمکزاوە، پێش ئەنفالەکان، میواندارى ئێمەی منداڵی شاریان دەکرد، خۆمان پێ نیویۆرکی و فیزمان بەسەر لادێییدا دەدا، درەنگ زانیمان شارو لادێی کوردستان بەحیسابی شارستانیی بێت هەموویان هەر کەوتوونەتە کیشوەرە خەمبارەکەی ئاسیاوەو هەمووشیان لەیەک چرکە ساتدا قابیلی ئەوەن بەعس تەفرو تونایان بکاو تەعریبیان پێ نیشان بدات ناویان وا کوردی بوو دەڵێی بەتیغی نووسراوی هەمبانە بۆرینە ناوکیان بڕاوە.

(نەورۆز، داروەسەرە، مەحمود پەریزادو سۆران و گۆران و جافان و ....هتد) بەشێکن لەناوەکان کە ئەگەر بڵێم ئەم ناوانە لەبناگوێی شریتی تەعریبدا قەتارو ئەڵڵا وەیسیان دەگوت رەنگە کەس باوەڕ نەکات، بەڵام بەخوا ئەم لەیلان و قادر کەرەمە هەر وابوو، ئەگەر باوەڕ بە نووسراوێکی سیاسی ناکەن بچن لەهونەرمەند

حەسەن گەرمیانی بپرسن کە لەو دەڤەرە هەم مامۆستا بووەو هەمیش لەمن باشتر گوێی لەسۆزی ئاوازەکانیان گرتووەو بەچاوی دڵ جوانی ئەوێی لەئەندێشەدا تۆمار کردووە.

ئێوارە کە گەڕامەوە، لەناو ئۆتۆمبێلدا بەڕێکەوت گوێم لەمۆسیقای فیلمی ئەسکەندەر دەگرت، کە دەڵێی چیرۆکی فیلمەکەیە بەگوێ تەماشای دەکەیت، ئەو مۆسیقایە لەگەڵ ئەو دیمەنە مرۆڤ دەباتە خەیاڵی مێژووی دێرینی شەڕو شۆڕو داگیرکارییەوە، ئەسکەندەر کە دونیای گرت و سەددام حسێنیش دونیای ئێمەی تێکوپێکدا، کەوتەوە یادم کە بەحیسابی تەشکیلەی ئیداری بێت، ئەم قادر کەرەم و ئەو گوندانەی دەوروبەری لەنیوەی حەفتاکانەوە سەر بەتکریتن، نە سەر بەکەرکوک. یانی بەم فشە ئیدارییانەی دەوڵەتی عیراق بێت، بەندەو سەددام حسێن هاوشارین و هەردووکمان خەڵکی تکریتین، هەردووکمان ئەگەر کوڕی گەڕەکێکیش نەبین یەک یەکەی ئیداری کۆمان دەکاتەوە با یەکەممان جەللادو ئەوی تریشمان قوربانی بێت، یانی بە کورتییەکەی هەقی گلەییم لێی هەیە: کابرا شارچێتی وا دەبێ؟ تکریتچێتی وا دەکرێت کە گوندەکانمان خاپوور بێت و خزمەکانم ئەنفال بکرێن؟.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥١٤٧ (٢٠١٠/٤/١٢)

# سیلەی رەحم

هەر شتێک خوێنی تێکەوت، سیلەی رەحم و پەیوەندی گەرموگوڕی لێدەکەوێتەوە بۆیە دەگوترێ: وەک گۆشت و خوێن تێکەڵن، ئەمە دەشێ لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی و لەپەیوەندی سیاسیشدا هەروا بێت.

پەیوەندی خوێن، شەهادەت و شایەتی لە دڵ و جەرگ و هەناوەوە، دێنێتە مەیدان، ئیتر دەبێتە پەتێک لەگەردن، ئیلتیزامێک بە ژیان و هاوڕێیەتی و دۆستایەتی، بۆیە خوێن قەت نابێ بەئاو!

وەک سروشتی خۆم قەت لەگەڵ خوێن نیم، لێی دەترسم و حەز ناکەم خوێن دەردو کێشەکان یەکلایی بکاتەوە، چونکە خوێن کە بووە دەسکەلای یەکلاییکردنەوەی کێشەکان قەت نابڕێتەوە، لەجێی ئەوەی چارە بێت، خۆی دەبێتە کێشەو هەر خوێن و خوێنی تری لەدوو دێت و مرۆڤە بێ ئیرادەو کەم حەوسەڵەکانیش پێ لەخوێنی لەبەر رۆیشتوو دەنێن.

لەمەوە خوێن دەبێتە بەڵایەکی سوورو تۆڵەی سوور، یانی توندوتیژی چارەسەرێتی. ئیتر لێرە خوێن سیلەی رەحم ناهێڵێت و دۆستایەتی و برایەتی دەکوژێت، نەسڵ دەپچڕێنێ لەجێی ئەوەی سیلەی رەحم پێکەوە گرێبدات.

ئەم باسەم سیلەی رەحمی لەگەڵ باسی یادەوەریی و رووداوی ئەمڕۆ (٤/٢) دایە، ساڵی ٢٠٠٢ لەحکومەتی هەرێم- ئیدارەی سلێمانی کارم دەکرد، بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت بووم: یانی بەئیستلاحی باس بەرپرسی سیلەی رەحمی حکومەت و دۆستایەتی بووم لەگەڵ خەڵکیدا.

فەرمانبەری قەت سیلەی رەحمی لەگەڵ کاری رۆژنامەوانیشدا نییە، بۆیە گەلێک جار بیرم لەوازهێنان دەکردەوە، ئێستاش لەبیرمە کە، رێک لەڕۆژی (٢٠٠٢/٤/٢) دا کۆڕێکم هەبوو، کۆڕو باس و نووسین بابەتی ئێمەیە نەک فەرمانبەری و کیتابناو کتابوکم، بۆیە کە وادەی کۆڕ لەگەڵ ئەرکی فەرمانبەری تێکەڵ بوو، بڕیارمدا بوو چیتر فەرمانبەر نەبم و بچمەوە بنکەکانی خۆم، رۆژنامەوانی، بەڵام

هەر ئەو ڕۆژەو ئەو کاتژمێرە خوێن سیلەی ڕەحمی دروستکردەوە، ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی حکومەت د. بەرهەم بوو، لەقەوماوەکەدا چەند گوڵێکی سووری کوردستانیی کاکە ئامانج و کاکە جەزاو کاکە کارزان و کاکە شوان و کاکە عەبدوڵڵا شەهید بوون، عەیب نییە یاران، مرۆڤ ئەو ڕۆژە فەرمان جێبەجێ نەکاو بەبیانووی کۆڕو نووسینەوە لەحکومەت پایدۆزی لێ بکات؟، حکومەتێک کە بەخوێن ئاودرابێت و خەونی سەدان و هەزاران شەهیدی کوردستان بێت کە شەهیدبوون و دڵیان لای ڕۆژێک بوو کورد خۆی حوکمی خۆی بکات؟

یەکەمجارە ئەم زامە هەڵدەدەمەوە کە زامی حکومەت و باسی شەهیدەکانێتی، ئێستا بەندە لەحکومەت نیم و کارکردن لە حکومەت وەک دەڵێن، پیاوی خۆی دەوێت، وا گەڕامەوە لای یاری جاران، کوردستانی نوێ، کەچی هێشتا هەستدەکەم سیلەی ڕەحمم لەگەڵ حکومەتدا هەیەو خوێنم بۆی قوڵپ دەدات.

لەحکومەت نیم و خەریکی کاسبی خۆمم و، سەد شوکر بۆ بەشت خودایە، لێ پێم سەیرە خەڵکانێک هەن بەبوختان و دەلەسە پەلاماری ئەو باخچە بەخوێن ئاو دراوەو ئەو ڕۆژگارەو سەرۆکی ئەو حکومەتە دەدەن؟.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٥١٣٩ (٢٠١٠/٤/٢)

## فەسڵی پێنجەم

# با پاشکۆ بێت

# ئەدگاری لەتیف هەڵمەت

لەتیف هەڵمەت ڕێبازێکی تایبەتییە لە شیعری کوردیدا، ئەو تاریفێک نییە کوردستانی نوێ پێی بدات یان ئەوی لێ بێبەش بکات. ئەمە حەقیقەتێکە ڕەوتی ئەم چڵ ساڵەی شیعری کوردی دەیسەلمێنێ و ئەو تایبەتییەی بەرەنجی ئەندێشەی وی داوە. ئاسانی لە دەربڕین و قووڵی لە مانا، ناوەڕۆکی ئەم ڕێبازەی مامۆستا لەتیفە خۆشی هەر ئەمە لە شیعری نایاب داوا دەکرێت و، لەمە زیاتر دەشێ گێچەڵی ڕەخنەیی بێت و هیچی تر.

ئەم ناساندنە بۆ ئەوە نییە ڕۆژنامەنووسێک شوێنی ڕەخنەگرانی پسپۆڕو خوێنەرانی بەسەلیقەی شیعر بگرێتەوەو بە هەقێک کە پێی نەدراوە ناو و نازناو دابەش بکات، بەڵکو ئەم ناساندنە بۆ مامۆستا لەتیف ئەوەندە شایانێتی و وا زەق بۆتەوە کە تەنانەت خوێنەرێکی ئاسایی و ڕۆژنامەنووسێکی وەک بەندەش هەستی پێ دەکات. جا ئیتر خۆتان حوکم بدەن.

ئێمە لەجیاتی خوێنەران حوکم بەسەر ڕەوتی ڕەنج و هیلاکی لەتیف هەڵمەتدا نادەین، نووسەرانی بەشداری ئەم (ئەدگار)ە و هەموو ئەوانەی تر کە لەسەر ئەزموونی شیعری ئەو نووسیویانە شایەتی دەدەن و ئەوەی ئێمە لێرەدا کردوومانە ئەو شایەدییەمان وەک ڕێزلێنانێکی شایستە لەسەر کاغەز ڕێکخستووە. دابی ڕۆژنامە سەنگینەکان وایە کە داهێنەرانی وڵاتی خۆیان لە هەموو بوارێکدا بەسەر بکەنەوە و شیعر کە تاجی داهێنانەکانەو لەتیف هەڵمەتیش کە پادشایەکی دونیای شیعرە لە وڵاتەکەمان، لەم (ئەدگار)ەدا شوێنی سەنگینی خۆیان پێدراوە.

جا ئێمە بەناوی کوردستانی نوێ وە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە لە نەخشەکێشانی سکێچی ئەم (ئەدگار)ەدا بەشداربوون و سوپاسی مامۆستا لەتیف هەڵمەتیش دەکەین کە ڕێگەی دا ڕازو ئەندێشەو هزری خاوەن (خواو شارە بچکۆلەکەمان و پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمەو

گەردەلولی سپی... بێتە ناو ئەم ئەلبوومە یادگارییەوە تا بەشدارییەکی بچوک بێت لەپەرەپێدانی رۆژنامەوانیی ئەدەبیدا. چەند ئومێد دەکەین کە هەموو شایانەکانی دونیای داهێنانی کوردستانیی خاوەنی ئەدگاری خۆیان بن، دوعامان وایە تەمەن مەودای ئەم ئومێدە بدات.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ- ئەدگار: ژ:٦٣٨٥ (٢٠١٤/٥/١٩)

# ئەدگارێك بۆ شەهیدی قەڵەم

جارێکی تر کوردستانی نوێ شانازییەکی تر بۆ خۆی تۆمار دەکات، شانازی ناساندنەوەی جارێکی دیکەی کەڵە مێژوونووس و نووسەرێکی کوردستانیی و مەلایەکی مونەوەر کە بە تەرجەمە و لێکۆڵینەوە و پشکنینی راستییە مێژووییەکان خزمەتی نەتەوەی کوردی کردووە . ئەویش مێژوونووسی گەورەمان شەهید مامۆستا مەلا جەمیل رۆژبەیانییە .

مەلا جەمیل رۆژبەیانی لە نەسڵی مونەوەرانی کوردە لە سەدەی بیستەم کە سەدەکەیان بە کارو خزمەتی خۆیانەوە مژۆڵ کردووە .

ڤەکۆڵینەکانی ئەو لە بواری مێژووی دێرینی کورد لە ناو شارستانی ئیسلامدا، گەڕان بەدوای دیرۆکی دەوڵەت و ئەمارەتەکانی کوردستان و، رۆڵی گەورە پیاوانی کورد لە شارستانی ئیسلام و شارستانی مرۆڤایەتیدا، ناساندنی شار و شارۆچکە و مەمالیکەکانی کوردو خاوەنداریێتی مێژوویی کورد لە خاکی کوردستان، بەشێکن لە خەباتی رووناکبیریی و زانستی مامۆستا لە بواری نەتەوەسازی و نەتەوەناسیدا، لەبواری بەرپەرچدانەوەی تەعریب و تەتریک و تەفریس و سڕینەوەی ئاسەواری بوونی کورد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە فیعل و، فێڵی دەستکردی داگیرکەران بووە بۆ شێواندنی رابردووی نەتەوەی کورد، بۆ حەڵاڵکردنی زەلالەت و بندەستکردنی ئەمڕۆی و دڵنیابوون لەوەی لە دوا رۆژیشدا ئەم نەتەوەیە بە ئاگا نایەتەوەو حیساب و کیتابێکیان لەگەڵدا ناکات.

مەلا جەمیل بەم مانایە هەر رووناکبیر و نووسەر و مێژوونووس نەبووە بەڵکو وەک رووناکبیرانی لە سنفی خۆی سەدەی بیستەمییان پڕ کردووە لە نووسین و لێکۆڵینەوە و حبری قەڵەمییان لەگۆڕەپانی بەیان و دەرخستنی راستییەکاندا رشتووە، وەک چۆن دوژمنانی کورد مەیدانی جەنگ و کوشتاریان کردە گۆڕەپانی خوێن ڕشتنی کورد بۆ داگیرکردنی کوردستان. مەلا جەمیل لەو جەنگاوەرانە بوو ویستی فریای یادەوەری و مێژووی نەتەوە بکەوێت تا وەک بەڵگەو تاپۆ بۆ

نەوەکان هەڵبگیرێت کە بەڵێ کوردە گیان (وڵاتەکەت بناسە) و بزانە لە کوێ ساکنە خزمانی تۆ و، سەیری جوگرافیای مەندەلی و مێژووی دێرینی حەسنەویی و، مەروانییەکان و مێژووی مەمالیکی سەربەرزی ئەم نەتەوەیە بکە کە سەدەی بیستەمی لێ کرایە دۆزەخ، ئەمما لە ناو دەفتەرەکانی مێژوودا شەرەفمەندە بە (شەرەفنامە)و مێژووی ئەمارەتەکانی.

بەسەرکردنەوەی ئەم مێژوونووس و روناکبیرە گەورەی کورد هەروا بۆ ئێمە دەرفەتیش بوو کە کۆمەڵێک لەکەڵە نووسەرانی دیکەی کورد، ئەوانەی ئاشنای سەردەمی رۆژبەیانی و دوای ئەویش بوون بەسەر بکەینەوەو بە دیدارو وتاریان، بتوانین وێنەیەکی گشتگیری لەسەر بخەینە خزمەت خوێنەرانمان.

لە کوردستانی نوێ گەلێک بەختەوەرین کە ئەم ئەدگارەمان بۆ مامۆستای شەهید تەرخان کردووەو پێشمان وایە ئەمە دەرفەتێکی بچووکە بۆ یادکردنەوەو رێزلێنانی و هیوادارین کۆی بەرهەم و کۆششی مامۆستا رۆژێک لەرۆژان ببێتە دیارییە هەرە گەورەکەی حکومەتی کوردستان بۆ کتێبخانەی کوردی.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ - ئەدگار: ژ:٥٩٩٤ (٢٠١٣/٢/٤)

# بیری باو، چۆن بووە داو؟

هیچ قسەیەکی سەربار نییە کە ئەز بیخەمە سەر ئەم دۆسیٚ دەوڵەمەندەی کاکێشان کە دەشیٚ ئیدعا بکەین دەوڵەمەندترین دۆسێیە تا ئێستا لەسەر مامۆستا مەسعود محەمەد کرابێت، بۆیە لێرە تەنها دەمەویٚ لەسەر بیرمەندو هاوکێشەی بیری باو بدوێم.

ئازارو مەینەتی بیرمەندێکی وەکو مەسعود محەمەد لەگەڵ بیری باودا چۆن بووەو ئەم مامۆستایە چۆن لەگەڵ زەمان و زەمینێکدا هەڵی کردووە کە لە چەند سەرەوە نەیارو نێوانی ناخۆشە لەگەڵ رامان و بیرکردنەوەی قووڵی جیاوازدا؟، ئەوە بەعس لەبەغدا کە هیچ بیرو بەندوباوێکی نییە نە هی دەستەبژێر و نەهی باوی خەڵکی ئاسایی، کۆمەڵی کوردەواریش لە ژێر هەژموونی بیری رووکەشدا خۆی وا نمایان دەکرد لە هەموو شتێک حاڵییەو، ئەوە کە دەستەبژێرێکی هەیە ئیدعای بیری پێشکەوتخوازی دەکات ئیتر لەهەر ئەرک و بەرپرسیارێتییەکی فیکری دەبەخشریٚ. دەبیٚ لێرە دووپاتی بکەینەوە باسکردن لە بەرەیەک مەسعود محەمەدی تێدایە کە رەخنەی لە چەپ و، رێبازی چەپگەرایی هەیەو، بەرەیەکی تر کە گوایە سەر بە خوێندنگەی مارکسیزم وماڵباتی چەپایەتییە، ناتوانێت گرفتی جێی باسمان بۆ وێنا بکات. ئەم باسکردنە ئەگەر وا دەربخرێت قووڵ نییەو سەر بە ماڵی چەواشەکاریی و عەوامفریویدا دەکات، شتێک کە مامۆستا خۆی قینی دنیای لێبوو، ئەسڵی کێشە بەرە فیکرییەکان نییە، بەڵکو ئەوەیە لەهەر سەردەمێکدا مودەعی زۆرەو ئەوانەی بە فیکر و قەڵەم بەرەنگاری دەکەن دەگمەن و کەم و سەنگینن، چوون مامۆستا.

لەبەردەم بیری باودا بیرمەند سیزیفێکە بەردی تەحەددا سەردەخات و لەسەر زەمینی نەیار دەستوپەنجە لەگەڵ راستی گفتوگۆ و مەنتیقدا نەرم دەکات، بەرد هەڵکۆڵینە، وەک فەرهادێکی عاشق لە دەورانێکدا هەر کەس زەخمێکی رووکەشی هەبوو موسەیلەمەیەکی درۆزنە لە دیوانی عیشقدا، مەسعود محەمەد شەڕی بیری

باوی کردو هاواری بوو، ئەی یاری عەزیز بە خودای هەڵخەڵەتاوی و ئەم تەرازووە لاسەنگە دەبێ راست بکرێتەوە.

چارەنووسی بیرمەند وایە کە لە زەمانی خۆی یان لێی تەوەللا بن، یان لێی بترسن لە هەیبەت و شانوشەوکەتی، لەوەی کە لە سیپارەیەکدا وەک قوورِ هەڵیانشێلێ و دروستیان بکاتەوە.

راستیەکەی ئێستا دەپرسم دەبێ چ فایدەبێت ناوبانگ وناوی مەسعود محەمەد سەروەر بێت و پاشکۆیانی بۆ دەربکرێت لەزەمانێکدا بیری باو لە درامای دەورانی مامۆستادا پاشەکشێی کردووە؟ دەترسم وەک چۆن جاران بیری گەورەی چەپایەتی وەک ئەندێشەیەک بۆ گۆڕینی دونیا، پاش شرۆڤەکردنی، بووە مۆدێڵی خۆهەڵکێشان، نها دەورانێک بێتە پێشەوە بیری باو وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچێ و لەسەر شانی مامۆستا بنیشێتەوەو، خەسڵێکی تری عەوام فریویمان نیشان بدات.

لویس ئەلسویسەر باوکەڕۆی بوو: ئەی هاوار چۆن بیرۆکە دەوڵەمەندەکانی کتێبی سەرمایە لە نامیلکەی کورت کورتدا شرۆڤە دەکرێت، تا لەخزمەتی کرێکاراندا بخرێتەگەڕ؟ ئەلسویسەر ناچاربوو بڵێ راوەستان لەبەر دەرگای زانست وەک راوەستان لەبەردەم دەرگای دۆزەخ وایە، سام و ترس و بیمی هەیە. مەسعود محەمەدیش وا زمانی بەرزو بڵندی خۆی پاساو دەدایەوە کە ئەم بیرۆکانە بۆ ئەوە نییە خەڵکێکی ئاسایی پێوەی بتلێنەوە. ئەمڕۆش بیری چەپ کە مامۆستا نەیارێکی بە وەفای فیکری بوو، پاشەکشێی کردووەو، کەس ئەو چارەنووسەی وی بۆ هیچ بیروباوەڕێکی تر ناخوازێت.

بیری باو و مۆدێلی خۆپێوەهەڵواسین بەدوای قوربانی و نێچیرێکی تردا دەگەڕێت سواری سەری بێت.

لەچاخی بەهاری عەرەبیدا، دەبێ کام ئەندێشەی فیکری ببێتە بیری باو و کێ مەسعود محەمەدێکی نوێ بێت بۆ بەرەنگاری و گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ تەرازوویەکی لاسەنگ؟

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ - کاکێشان: ژ:٥٧٨٥ (٢٠١٢/٥/٢٣)

# بۆ هونەر ژیاو پێشی نەژیا

بەسەربەرزی ژیاو بەسەر بەرزی مرد، ئاوارەی شارو مەفتەنی جیاجیا بوو، بەڵام هەر بەکوردو بەکوردستانی، هەر بە وەلی دێوانەکەی سلێمانی مایەوە. لەسەر کوردایەتی دەردەسەری دی، بەڵام هونەرەکەی نەفرۆشت، تەنانەت هونەرەکەی بەزەوق و سەلیقەی زۆریی بەرهەمیش نەفرۆشت. هونەرەکەی پوخت و جوان بوو، شیعری بڵندو ئاوازی بەرز کەچی هونەری خەڵک بوو، لەسەر هیچ گۆرانییەک، هیچ ئاواز و رەنجێکی هونەری پارەی وەرنەگرت، کردەی ئەو و بردەی تۆمارگاکانی کوردستان بوو.

بەرەنجی شانی خۆی، نەک رەنجی هونەرەکەی ژیا، کە لەدونیای موتەمەدیندا رەنجی هونەر خێری زێرو زیوو دەداتەوە بۆ خاوەنەکەی. تادەنگی زولاڵ بوو گۆرانی بۆ کوردەواری بوو کە پیرو ئوفتادەی مالێشەوە بوو بار نەبوو بەسەرشانی کەسەوە، میوانی ماڵی خۆی و خانەنشینی ئارەقی نێو چەوانی خۆی بوو. لەگەڵ ئازاری نەخۆشی بەسەبرو لەگەڵ ئازاری تانەی ئەوانەی بەرهەمی هونەرییان بە بەلاش دەسکەوتبوو، میهرەبان بوو.

کەریم کابان هونەرمەندی گەل، زەمانی گەشانەوەی کوردبوونی دی و تێیدا ژیا، زەمانی داڕووخانی هەندێک بەهاو نەریتیشی دی و نەڕووخا، زەمانی کەوتنی ئاوازیشی دی، هونەری بەگەوهەر نەگۆڕییەوە. مژدەکەی هێمنی بیستبوو کە بەشی هونەرخانە خەرابییە. مەم و دێوانەیەکی رەسەن بوو کۆڵی نەدا، هەر بەعاشقە پاکەکەی خاتوو زین و شەم مایەوە. بەڵێ بەعومرێک کە خوا پێی دابوو زۆر ژیا ئەمما، ئەوە بەخششی خوا بوو، نەک خێری بەندەکان، ئەو تەمەنە زۆرەپڕ ئازارەش، هەر دە ساڵی بە یەک بەرهەمی گەورەی نەمر بوەستێت ئەو براوەیە. لەو دنیا خودا باقی و پاداشتی دەداتەوە. خودا خۆی جاویدانی هونەری خستبووە قورگیەوە و خۆی دەزانێ بەهرەی هونەری بەکێ داوە.

کابان هەر کابانی هونەری گۆرانی زێڕین نەبوو، بەڵکو عەمیدی بنەماڵەیەکی

نیشتمان پەروەریش بوو، خۆی کوردپەروەر، برای شەهیدو کوڕی پێشمەرگەو کوڕو کوڕەزاش تێکۆشەری ڕێی ڕزگاری نیشتمانی شەم و خەنەبەندان بوو.

ئەو تۆمارێک بوو لەڕەنجی فەرهادی بۆ هونەر، بۆ ژیان و بۆ نیشتمانیش.

***ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٧٣ (١٧ / ١ / ٢٠١٦)**

# مەحفوزو زویل

وڵاتانی پێشکەوتوو خەرجییەکی زۆر دەکەن، تا زانایەکی توانا نێوەنجیان دەسکەوێت، وڵاتێکی وەکو میسر بە دوعاو نزای زۆرو ئومێدێکی گەورەوە رەنگە چەند ساڵ جارێک زانایەکی وەکو ئەحمەد زویل-یان بە نسیب بێت کە زانا بێو زانای کیمیا بێو خاوەنی خەڵاتی نۆبڵیش بێت.

لەناو وڵاتانی دونیای سێدا میسری دایکی دونیا سێ نۆبڵی هەیە، یەکیان هی ساداتە کە بە هاوبەشی لەسەر ئاشتی وەریگرت، ئەوی ئەحمەد زویل کە ماوەی رابردوو "٢ی ئابی ٢٠١٦" کۆچی دوایی کردو ئەوی تریشیان رۆماننووسی گەورە نەجیب مەحفوز بوو کە نۆبڵی ئەدەبی هێناو ساڵی "٢٠٠٦" کۆچی دوایی کرد.

ئەوی مەحفوز ناودارترین بوو، چونکە خەڵاتی ئەدەب میللی ترە لەچاو خەڵاتی زانستی، هەروا نەجیب مەحفوز پێش نۆبڵیش ناسراوترینی عەرەب بوو، ئەوی سادات بەر نەفرەتی کامپ دێڤید کەوت، بەڵام چ ناسراوەکەی ئەدەبو چی دەستەبژێرەکەی زانست و چ سەرۆک سادات لەبەڵای ناگەهانی توندڕەوەکان دەربازیان نەبوو، حەسانەی نۆبڵو ناودەرکردنیشیان نەیتوانی ببێتە پەرژینی پاراستنیان.

سادات کوژراو، مەحفوز لەسەر گوایە لادانی ئاینی لەرۆمانی کوڕانی گەڕەک "اولاد حارتنا" درایە بەر چەقۆی توندڕەوێکی نەخوێندەوار کە کورتە چیرۆکێکی مەحفوزی نەخوێندبۆوە چ جای رۆمانەکەی، دووەمیشیان، ئەحمەد زویل، ژیانێکی سەربەرزانەی بەسەربرد، بەڵام بەڵاو نەفرەتی توندڕەوەکان لە مردنیا بە دوایەوە بوون، ئەوی دەمرێ ئەگەر زاناو داناش نەبێتو مرۆڤێکی ئاسایی بێت، ئیتر دەستی لێ دەشۆن، بەڵام لە دایکی دونیا ئەوی بشمرێ بانگەوازی بە کافرناسینی دەکرێت، ئیخوانچییەکی وەکو وجدی غنیم فەتوای داوە کە زویل کافرەو پێویست ناکات رەحمەت بۆ فەوتی کافر بنێردرێت.

وڵاتانی خاوەن نەزەر زاناو دانا ئەگەر بە پارە بێت، لە پارەیان هەڵدەکێشن،

ئەگەر لەناو فڕۆکە، لە ئاسمانی دوو وڵات لە دایک بن، دوو وڵاتەکە لەسەر خاوەنداریێتیان دێنە جواب، لە دونیای مانەندی میسری زانا ئەگەر نۆبڵیشی هەبێو ئەگەر چووبێتە بەر ڕەحمەتی خوداش دەست لە یەخەی ناکەنەوە.

کابرا چۆتەوە بۆلای خوای خۆی، لەوێ حیسابو کیتابی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمان لەسەر زەوی رایدەگرنو پسوڵەی مەرزی نێوان دوو دونیای بۆ ناکەن.

خاوەنی نۆبڵێک دەکوژرێ، ئەویتریان بریندارو ئەویتریشیان بەر نەفرەت دەکەوێت.

***کوردستانی نوێ: ژ: (٥٢٩٢) چوارشەممە ٢٠١٠/٩/٢٩**

# دەزگاکان یەکبگرن!

لەنێوەندی دامودەزگا رۆشنبیرییەکانی پایتەختی رۆشنبیرییەوە بیستوومانە هەوڵ و کۆششێک هەیە بۆ ئەوەی ناوەندو سەنتەرو دەزگا رۆشنبیرییەکان چەترێکی کاری هاوبەش پێکەوە بونیات بنێن.

تەنانەت کۆبوونەوەیەکیش بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەیە، ئەمەش کارێکی زۆر چاکە، چونکە کۆششی رۆشنبیری ئەو دەزگایانە یەک دەخات، دەیانکاتە تەواوکاری یەکتری. بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە سەرکەوتووبێت هەر لەئێستاوە پیرۆزباییو پێشنیازمان هەیە:

١- دەزگا هاوشێوەکان پڕۆژەی هاوبەش بکەن، لەئەرکی چاپو بڵاوکردنەوەدا.

٢-دەزگا هاوشێوەکان پرۆتۆکۆڵی دوو قۆڵیو چەند قۆڵی ئیمزا بکەن بۆ یەکخستنی کۆششی رووناکبیری لەبواری وەرگێڕانو دووپاتنەکردنەوەی وەرگێڕان، مەگەر زەروری نەبێت، ئەم دەزگایانە خشتەی کتێب دابنێن کە گرنگە بۆ پێشخستنی بواری رۆشنبیری تەرجەمە بکرێت. دەزگا رۆشنبیرییەکان کەڵک لەتایبەتمەندی یەکتری وەربگرن، ئەوەی چاپخانەی هەیە چاپ بکاتو ئەوەی کاغەزی هەیە بیخاتەکار، ئەوی پارەی هەیە هەروا و، ئەوی ئیمکانیاتی مرۆیی لەکادیرو کارگەرو پسپۆڕی هەیە لەگەڵ ئەوانی تردا بیانخاتەکار و تەواوکاری یەکتری بن. ئەوی چالاکی هەیە هۆڵو جێگە لەوە بخوازێت کە هۆڵی هەیەو چالاکی نییە، ئەوی توانای دابەشکردنی هەیە بیخاتەکار بۆ هاوکاری دەزگاکانی تر. هتد.

واتا کەڵک لەکەموکوڕیو باشی یەکتری وەربگیرێت، کاری جەماعی باشتر، هەرزانترو بێ کێشەتر دێتە کایەوە. شارە حەیاتەکە خۆی لەبارێتی پایتەختی رۆشنبیری بێتو خۆڕسکانە وا هەڵکەوتووە، بەڵام رێکخستنەوەی تواناکان رێگاکان کورت دەکاتەوە، ئەم چەترە پیرۆزە بۆ ئەم پایتەختە شایانە، با دەزگاکان لەسەر یەکتری بکەنەوەو رمێن بۆ یەکتری پەیدا بکەن.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٤٦ (١٥-١٦/٤/٢٠١٦)**

# شیرین‌و خۆشە زمانی کوردی

لەم هەفتەیەدا وەزیری ژنان لە کانتۆنی جەزیرە، لە رۆژئاڤا، خاتوو ئامینە عومەر سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. لە کۆبوونەوەی راگەیاندندا باس هەر دێتە سەر باسی رۆشنبیریی‌و رۆژنامەو خوێندن. خاتوو ئامینە باسی دەستپێکی پرۆسەی خوێندنی کرد بە زمانی کوردی لەکانتۆنەکانی رۆژئاڤا. گوتیشی: بە داخەوە هەندێک کەناڵی راگەیاندن لە باشوور زۆر لەسەر سەلبیاتی خوێندن بەزمانی کوردی لە رۆژئاڤا قسەیان دەکرد. زیاتر گرانییان دایە لەمپەڕەکانی بەردەم خوێندن تا ئەوەی هانی خوێندن بدەن بە زمانی دایک. بە بیانووی ئەوەی لە سبەی رۆژدا ئەو زارۆکانە دەرفەتی دامەزراندن‌و کاریان نابێت لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا. گوتیشی: "بەڵام خۆشبەختانە پرۆسەی خوێندنەکە دەستی پێکردووەو بەردەوام دەبێت".

ئەو هەڵوێستەی ئەو کەناڵانەم بەراورد کرد بە جارانی گەرمەی کوردایەتی کە دوای رێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە کوردستان خوێندن بوو بە کوردی. تەنانەت لەناوچە تەعریبکراوەکانیش، وەکو خانەقین‌و کەرکوک هیممەت بۆ خوێندنی کوردی کرا. مامۆستا موحسین بەنی وەیس بیرەوەریی نووسی کە چۆن مامۆستایان‌و باوکی خوێندکارەکان پەرۆشی خوێندنی کوردی بوون لەخانەقین. بەعس پرۆپاگەندەی دەکرد گوایە کەس خوێندنی کوردی ناوێت‌و کەس دوای خوێندنی کوردی دانامەزرێت، بەڵام خەڵکی خانەقینی تەعریب چەشتوو هەر سووربوون لەسەر داواکەیان، چونکە دەیانزانی زمان ناسنامەی نەتەوەی کوردە.

جا زمان نەک ناسنامەی کوردە، بەڵکو فاکتەری مانەوەی ئەم نەتەوەیەشە لەمێژوودا. یەک لە خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی کوردە تا وەکو نەتەوە بناسرێت‌و لەنەتەوەکانی تر جیا بێت. لەبەر ئەم واقیعە رەسەنەیە زمانی کوردی تاجی سەری نەتەوەی کوردەو خوێندن بەو زمانە بنەمایە لەرێی رزگاریی نەتەوەییدا، لابردنی کۆسپەکانی بەردەمیشی خەباتێکی نەتەوەیی بێ غەلوغەشە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٥٠ (١٨-١٩/١٢/٢٠١٥)

# دیوان لە ڕۆژهەڵاتەو
# سیاسەتی ڕۆشنبیریش لێرەیە؟!

ئەگەر ئێمە سیاسەتی ڕۆشنبیرییمان هەبوایە دیوانی شاعیرە گەورەکانمان لە کوردستانی ئازاد چاپ دەبوو، خوا خێری خانەکانی بڵاوکردنەوەو ئینشاراتەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بنووسێت کە لەجێی ئێمە ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکەنو کتێبە کلاسیکییەکانی دیوانی ئەدەبو ڕۆشنبیریی کوردی لە بەرگێکی جوانو ڕێکوپێکو لەقەبارەو تیراژی جیاوازدا چاپ دەکەنەوە. کارێک دەبوایە وەزارەتی ڕۆشنبیریو دەزگا ڕەسمییەکانی چاپو بڵاوکردنەوەی لای خۆمان لە هەرێم، رایانپەڕاندبایە. کوردستان پرە لە چاپخانە کتێبەکانی کوردستان لە تاران و ئەنقەرە چاپ دەکرێت. بێگومان خەتاکەش کوالیتی ئیشکردن و نرخی گرانی چاپکردنە لە کوردستان کە هیچ پاڵپشتێکی دەوڵەتی بۆ بازاری چاپکردن نییە. کوردستان پڕە لە دامودەزگای چاپ، بەڵام سیاسەتێکی ڕەسمیمان نییە کە بانگەواز بۆ پێداویستی کایەی تەرجەمەو بوارەکانی مەعریفە بکات و ئالیەتێک بۆ ئاراستەکردنی بازاری کتێب بەرەو هەمەرەنگی و فرەیی و دیاریکردنی ئەولەویاتەکانی گەشەی ڕۆشنبیری کوردستان هانبدات کە بێگومان هاندان ناکاتە دەستوەردان و سانسۆر بەڵکو دەکاتە تەشویقی کوالیتی و فرەیی.

بێگومان کوردستان هەر یەک کوردستانەو ڕۆژهەڵاتیش بە ئەرکو بەمافی خۆشی دەزانێت چمکێکی ئەرکە ڕۆشنبیرییەکە بگرێتە ئەستۆ، بەڵام پێش ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ خانەکانی چاپو بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات بکەین، هەقە لێپرسینەوەی ڕۆشنبیری لە سیاسەتی ڕۆشنبیریی کوردستانی ئازاد بکەین. بە حیساب لە ئازادیدا وزەو تواناکان دەتەقنەوە و هەمووشمان دەزانین بەربەستەکانی بزاوتی ڕۆشنبیریی لەڕۆژهەڵات هێشتا ماون.

چاپکردنەوەی دیوانی شاعیرەکانمان لە دەرەوەی هەرێم تاقە دەرکەوتی

نەبوونی سیاسەتی رۆشنبیریی نییە لای ئێمە، بەڵام زەقترینیانە، پێش ئەوەی پاکانەی دۆخی شڵەژاوی دارایی بکەین کە گوایە رێگرە لە چاپو بڵاوکردنەوە، گەرەکە بزانین کە سیاسەتی رۆشنبیریی پەیوەندیی بە توانای داراییەوە نییە، ئەگینا وڵاتە هەژارەکان قەت نەیاندەتوانی سیاسەتی رۆشنبیرییان هەبێو کەلتوورو رۆشنبیریی خۆ گرێدراوی هەراجی دەوڵەتانی پارەدار دەکرد.

سیاسەتی رۆشنبیریی ئەولەویاتی دارشتنی سیاسەتێکی ژیرانەیە لەبواری کەلتوورو لەبواری زیندووکردنەوەی سامانی رۆحیو مۆراڵی نەتەوە. ئەگەر پارە بوایە کاتی خۆی پارە نەبوو، لەناکاو پارەیەکی زۆر رژاو، ئێستاش لە تەنگژەداینو هیچیان کارێکیان بە رۆشنبیرییەوە نەبوو. نە بۆ کەمکردنەوەو نە بۆ زیادکردنیش.

سەیری دونیای چاپەمەنی بکەن، بەرەسمیو ئەهلییەوە، چەند پەرێشانو شەمزاوەو، سەیری رۆژهەڵاتیش بکەن کە کەڵکیان لە ئەزموونی فەرهەنگی ئێرانی وەرگرتووە لە کایەی چاپو بڵاوکردەوەو بازارکردندا کە ئەگەر هەقدەستو مافی نووسەرەکانو بنەماڵەکانیانی لێ دەربکەیت، بەرهەمی کتێبخانەی رۆژهەڵات دەشێ ئیلهامبەخش بێت بۆ ئێمەش، ئەگەر بخوازین.

هەرچەندە قەرار بوو کوردستانی ئازاد ئیلهامبەخش بێت بۆ تەقینەوەی وزەو تواناکان، کایەی رۆشنبیری پێمان دەڵێت جوگرافیای ئازاد هیچ نییە، ئەگەر سیاسەتێکی وردی رۆشنبیریی نەبێت، کە سەرەتای ئەو سیاسەتەش دابینکردنی کتێبە دایکەکانە بۆ نەوەکانی داهاتوو و چاپکردنەوەی خولەکی دیوانی شاعیرانی گەورەو کلاسیکمانە بە چاپی میللی، بەجۆرێک لەبەردەستی هەمووواندا بێت

دەستخۆش رۆژهەڵات بۆ چاپکردنەوەی جوان و هەمە قەبارەو فرە تیراژی دیوانەکانی مەولەویو نالیو وەفاییو هێمنو گەورە ئەندامانی بنەماڵەی دیوانی رۆشنبیریی کوردی.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٠٨ (٣٠-٣١/١٠/٢٠١٥)

# چرایەك بۆ ڕامان

دانیشی بەدیار چرایەکەوە ژیان بنووسیتەوەو ژیانت بەسەر بکەیتەوە. بە هێمنیو لەسەرخۆ رابمێنی لەوەی کە روویداو و لەوەی پێشبینی دەکرێت رووبدات.

ئایا بنمێچی پێشبینییەکانت، پێشبینییەکانتان، زۆر بەرز بوو کە لە تواناو لێوەشاوەییو لیاقەتی نەتەوەکەمان نەبێت. ئێوەو ئەزو ئەمان خۆشباوەڕ بووین، یان سەرکارو سەردارەکانمان کەمتەرخەم بوونو لەوە کەمتریان کرد کە پێویستەو هەڵەو پەڵەیان لەوە زیاتر بوو کە لە بازنەی پاکانەی هەڵەی مرۆییدا جێی دەبێتەوە؟.

***

دانیشی بە دیار چرایەکی کۆنی تازەوە تا بە ئەندازەی تەنگیو تاریکی شەوانی بێ کارەبایی ئەندێشەی بیرکردنەوەکەت فراوان بکەیتو بیر لەسەرەتاکانی دەستپێکردنی ئەم ئەزموونە بکەیتەوە کە تۆ ئەمیرەکەی نەبووی، بەڵکو، بە وەسفی خانی، شاعیرەکەی بوویو لەبەر کەمتەرخەمی ئەمیرەکان شاعیرەکان چ سووچێکیان هەیە؟، سەرەتاکەی وا بوو کە مامۆستایان سەری بەرزیان بۆ مووچە نەوی نەکردو فەرمانبەران دەرگای قاپی ماڵیان دەردەهێنا تا ناچاری چوونە بەر قاپی مووسڵو کەرکوکو دیالە نەبنو لەوێ کوێرە مووچەیەک وەربگرن. ئەو رۆژانە پشوو و تەحەمولی ئێوە زۆر بوو، چونکە سەبری شۆڕشگێری بزووتنەوەی کوردایەتیو حزبەکانی زۆر بوو. قسەکانیان قەناعەت پێکردو بوو، چونکە سەریان جامانەی پێوە پێچرابوو و پێڵاوی ئەدیداسیان لەسەر سەری خەڵک دانرابوو. بیری لێ بکەوە هیوا چی وزەیەکی دەدایە تۆو هاوەڵو هاوتوێژەکانت چونکە سەرکردەکان بنمیچێکی سنوورداریان بۆ هەموو ناخۆشییەک دانابوو و خشتەیەکیان بۆ قۆناغبەندی هیواکان پێ بوو. چونکە

بەرپرسەکان بەرپرسیارێتییان جێبەجێ دەکرد، نەک بەرپرسێتی پیادە بکەن. رادیۆییەکی زەمانی شاخ لە گردۆڵکەیەکی شاردا جێی گرتبوو، دەنگی هەموو شوێنێکی بەسەر نەدەکردەوە، بەڵام دەنگدانەوەی کاری سەت تیڤی ئێج دیو هەزار تۆڕی سۆشیال میدیای بوو، چونکە راستی دەوتو چاکی دەوت، پشتی بە کرداری راستەقینە بەستبوو نەک رەوانبێژی بێژەرەکان.

❋❋❋

ئاشنا، بە دیار چرایەکەوە دانیشە، دانیشتوویو دادەنیشین. شریتی ئەم ئەزموونە بە بەرچاودا تاریکی بێ کارەبایی تەی دەکاتو، حوکمڕان ماویەتیو ئۆپۆزسیۆن دەڵێ پیروکەنەفتە با بڕوا. بەو کزی چراوە کە نەوتێکی کەمی بۆ تەرخانە دیمەنی ناخۆشی شەڕی ناوخۆ دەبینی کە براکان کردیان، کردتانو کردمان. ئینجا لە ناکاو دەرکەوت ئاشتیو پێکەوەیی باشترە لە شەڕو ناکۆکی تا ئەو ئەندازەی ئەمڕۆ هەموو شتێکت قبووڵەو، دەستبەرداری هەموو شتێک دەبی بەس ئەوە نەقەومێتەوە کە قەوما. با ناکۆکیش هەبێ، خوێنی مەرەکەب بڕژێ سەد قات چاکترە لەوەی خوێنی کوڕی فەقیر بڕژێ.

❋❋❋

دانیشی بە دیار چرایەکی کزەوە، کە لەناکاو، لە سوچێکی کۆن دەری دەهێنیو لە ژەنگو فەرامۆشیو تەڵخیو رەشی پاکی دەکەیتەوەو لە پەنا چرایەکی شەحنکراوی کارەبایی ریزی دەکەیت، تا ئەگەر کارەبا نەهاتو شەحن دادی نەدای، چرای جاران سیناریۆی دووەمی ئەمڕۆ بێت، یان بە گوزارشتی فەرەنگی ئەمڕۆ ئەلتەرناتیفی دووەم بێت. دانیشی بە دیار چرایەکەوە کە باوباپیرانی قەدیمی ئەو چرایە لە مۆدێلە عوسمانیەکەیدا شەریک شعوری نالیو مەولەویو سالمو کوردی بوونو شایەدی لەدایکبوونی چامە شیعرییەکانو رامانە قووڵەکانی دووری لە یارو دیار بوون. بەم سەرمای زستانی بێ نەوتو بێ کارەباییەوە لە ماڵی خۆتو کوردەواری تێبفکرە کە لە سەدەی بیستویەکەمدا چرا دێتو شیعر نییە، شەوی یەڵدا هەیەو ژانی لەدایکبوونێکی تر نییە. دۆخی رووناکیی وەک هی سەرەتای سەدەی بیستەو، کەچی وەک ئەو سەردەمەش کوردایەتییەکی خاڵس لەهیچ گوزەرێک شک

نابەیت. ئاشنا بە دیار ئەم چرایەوە خەوێک
بتباتەوە نیشانەی ئەوەی خەون ناتبات.

***

سەدەی بیست و یەکەمەو ئەزموونەکەمان بێ کارەبایەو، مەگەر چرایەک ڕێی دەربازبوونمان بۆ بکاتەوە وەکو چۆن فانوسێک سیحر لە تاریکی دەکاتو، دەرفەتی بیرکردنەوەی شێنەیی دەردەخسێنێ.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧١٥١ (٢٣-٢٠١٦/١٢/٢٤)

# لەبارەی کێشەوە

کێشە هەیە مرۆڤ دەرەقەتی نەیەت؟ نەخێر نییە،.. بەڵام چارەسەری کێشە سەبری دەوێت، ئازایەتی و، ورەی دەوێت، تا چەند کێشەکە گەورەتر بێت ئەوەندە سەبری زیاتری دەوێت. برێکی زیاتری ئازایەتی و ورەی گەرەکە.

یەکەم هەنگاو بۆ بەرەنگاری کێشەیەک ئەوەیە، بەدوای بنچینەی رەواییدا بگەڕێیت. بنچینەی رەوایی بۆ خۆت وزەیەکی گەورەت دەداتێ و بۆ ئەوانی تریش مەسەلەیەکی بەهێزی قەناعەت پێکردنە.

ئەوانەی تر قەناعەت بەو حەیسیاتەو هەلومەرجە بکەن کە وایان لە تۆ کردووە ئەم هەنگاو، یان ئەویتر، هەڵبگریت. دووەم هەنگاو: پەکنەخستنی بوارەکانی ژیانە بەدیار کێشەکەوە. نەخاسمە ئەو کێشانەی چارەسەری کاتیان دەوێت و سەبرو تەحەمول دەخوازن.

پەکخستنی ژیان و خەم خواردن بەدیار تەوقیتاتی کێشەکەیەوە، ژیان تاڵ دەکات و مرۆڤ لاواز دەکات. مرۆڤی لاوازیش ورەی ئەوتۆی چنگ ناکەوێت کە درێژە بە شەڕی چارەسەری کێشەکان بدات. سێیەم هەنگاو ئەوەیە هاوکێشەیەک دروست بکەیت لەنێوان (پێویستی دابینکردنی ورە و ئیرادەی خودی وەک یەکەم مەرجی چارەسەری کێشەکان) لەلایەک و (متمانە بوون بە هاوڕێکان و بەوانی تریش کە دەشێ و دەبێ فاکتەری یارمەتیدەر بن لە چارەسەر. زیاتر لەوەی فاکتەری بەرهەڵستی و رێگری بن. ئەمانە هەموویان ئەسباب و تفاقی بەرەنگاری کێشەکان و چارەسەرکردنین. ئەگەر ئەمانەت هەبێت کێشەکان چارەسەر دەبن. یان خۆی لە خۆیدا دادەرزرێن و زۆرانبازییان پێ ناکرێت لەگەڵ مرۆڤی بە ئیرادەدا.

مرۆڤ چەند تاقیکردنەوەی رابردووی هەبێت لە چارەسەری کێشەکاندا، ئەو تاقیکردنەوانە هەرچیرۆکی سەرکەوتن نین بەسەر کێشەکاندا، بەڵکو پەندیشین بۆ مرۆڤ کە بزانێت هیچ کێشەیەک تا سەر نییەو هیچ کێشەیەک ناتوانێت ئیدعای نەمری بکات لەبەردەم رەوتی ژیانی مرۆڤەکاندا.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٠٢ (٢٣-٢٤/١٠/٢٠١٥)

# نانی غەیبەت، نانی سووتاوە!

شکستخواردووەکان هەر هونەری شکاندنی بەرامبەرەکانیان دەزانن، وا دەزانن ئەگەر بازاڕی دوکانی بەرامبەرەکانیان شکان ئەوا موشتەری روو لە خۆیان دەکات. کەسانێک هەن دەست بۆ زێریش ببەن پاش ماوەیەک دەیکەنە خۆڵو خاشاک، کەچی گللەیی لەبەختی خۆیان دەکەنو لە جێی هەڵسانەوەی بەختیان، بە نوشتەو دوعای پیاوچاکان خۆیان بە دەلەسەو غەیبەتەوە سەرقاڵ دەکەن، سا بەڵکو لەم بێ بازارییەدا کەسێک هەبێ بە پارەی نیوە قیمەتیش بێت ئەم شمەکە رزیوە بکڕن.

ئەم جۆرە کەسانە لە هەموو کەرتو بوارێک هەن، لە بواری سیاسەت، هی رۆشنبیرییو هی رۆژنامەوانیو تەنانەت لەسەر مینبەری مزگەوتەکانیش. ئەمانە سیاسەتی هێرش بردنیان هەیە لە جێی سیاسەتی داکۆکیکردن. واتا لە جێی ئەوەی روونی بکەنەوە خۆیان چی خزمەتێکیان هەیەو چۆنی دەکەنوچۆنیان تۆمار کردووە، بۆمبێک فڕێ دەدەنە سەرمێزی گفتوگۆ تا خەڵک لە ئیشی خەڵکی تر بدوێت. ئەمانە هەمیشە خۆیان لە باسو هەڵسەنگاندنی کاروباری خۆیان دەدزنەوەو، لەجێی باسکردنی خۆیان سەرقاڵی گاڵتەکردنن بەکۆششی خەڵکی تر. تاقیبکەنەوە لێیان بپرسن داخۆ ئەم کارە چۆن دەکەن؟، راستەوخۆ دەچنە سەر کاری خەڵکی ترو جوابی شتی تر دەدەنەوە. ئەم جۆرە کەسانە رەخنەگر نین تا قسەکانیان بەڕەخنە حساب بکرێت، ئەمانە مشەخۆرنو لەسەر حیسابی کەموکوڕی خەڵکی تر دەژین. لەبەرئەوەشە هەتا کۆمەڵگەکان لە ئەدای باشو کامڵبوون نزیک دەبنەوە، ئەمانە بێ بابەت دەبنو، جگە لە ئیشی سەرەکییان کە نایکەنو نایزانن، ئیشی غەیبەتو نانی بوختانیشیان لە دەست دەردەچێت.

***رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧١٠٩(٤-٥ /١١/٢٠١٦)**

# سیاسەتیان لێ دوور بخەنەوە

لە دیمەنەکە هەموو شتێک ئاساییو جوان دێتە بەرچاو، بەڵام شتێک هەڵەیە، بۆیە گشت جارێک توخمێک دەکرێتە دەرەوەی بازنە.

لە پێشدا بەهمەنی قوبادی وەکو هونەرمەندێک هاتو سینەمای جیاوازی بۆ کوردستانی رزگار پێشنیاز کرد، دەوروخولیان داو بە ئاڕاستەیەکدا هانیان دا. ئینجا زەکەریا وەک هونەرمەندێکی بەتوانا هاتەکایەوە، بووە دیاردەو ئەستێرەیەکی شایستە. ئەمیشیان وا وێنا کردکە هونەرەکەی بۆ لایەکەو، ئەوانی تر بەشیان هەر گوێگرتن دەبێت لە سیدییەکانی!

هونەرمەندێکی کۆمیدیان، حەمکۆ، لە ناوجەرگەی راگەیاندنی حزبەوە هاتو دوای چەند ساڵ کە لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە، ویستی هونەرێکی باشتر پێشکەش بکا، بەڵام ویستیان بیخەنەوە قاڵبەکەی جاران. هەر ئەوەندە بڵێ کە جاران لێیان دەخواستو هەر ئەوەندە کۆمیدیا پێشکەش بکات کە گاڵتەپێکردن بێت بە خەڵکی تر، نەک نوقرچ لە خۆیان. حەمکۆ زیز بوو، لە حزب کشایەوەو لەچوارچێوەی فەرامۆشی هەڵگەڕایەوە. راستە نەگەڕایەوە بۆ هەندەران، بەڵام بەڵێنی دا ببێتە هونەرمەندێک بۆ هەموو کوردستان.

دوا قوربانی فەرهاد پیرباڵە، ئەمیش زۆریان هانداو، ئەویش زۆری خەڵک هان دا. دیمەنی چەند رۆژی رابردوو دیمەنی فەنتازیای فەرهادەکەی جاران نەبوو، لە پشت فەنتازیاوە خەمبارییەک هەبوو کە دەڵێ چیروکەکە کۆتایی هات.

هەقی وایە حزبەکانی کوردستان، نەک هەر پارتی، یەکێتیو تەنانەت گۆڕانیش واز لە هونەرمەندانو روناکبیرەکان بێنن کە خۆیان بن، سەرمایەی مەعنەویو هونەرییان چەند بێت هەر بە کارەکتەری خۆیانەوە رێیان پێ بدەن خزمەتی کوردستان بکەنو، لەداوی حزبایەتیو ململانێی سیاسی حزبەکان دووریان بخەنەوە. ئاوی ئەم ماسییە جوانانەی داهێنان جەماوەرەکەیانە. جەماوەریش

دابەشی سەر دوو و سێ نابێت. مەگەر لەکاتی هەڵبژاردنی چەند ساڵ جارێک نەبێت.

هونەرمەندانو رووناکبیرانیش هەقە خۆشیان دەستپێشخەر بن، کارێک بکەن قەت دیمەنیان رەنگی یەک رەنگ نەنوێنێت. رەنگی سروشتی کوردستانیان هەبێت، کە هەموو رەنگەکانی لە هارمۆنی جوانی کوردستاندا کۆکردۆتەوە.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٩١ (١٤-١٠/١٥/ ٢٠١٦)

# یەکسانی خۆیان ناگرێتەوە

توانج و، کۆمێنتی هەندێک لە ئەهلی نەزەر وخاوەن قسە لە هەموو بوارێکدا زۆر جار سەری پیاو سپی دەکەن. چونکە هەموو شتێک دەڵێن و هەموو پێشنیازێک دەکەن تا ئەو کاتەی پێشنیازەکان خۆشیان دەگرێتەوە. چەندێک لەوانە لە هۆڵی زانکۆکان و لە سەکۆی پەرلەمان و سەکۆکانی ١٧-ی شوبات هاواریان بوو کە دەبێ یەکسانی و دادپەروەری هەبێت لە مووچە و پلەبەندی مووچەدا. سەری زمان و بنی زمانیان جیاوازی مووچە بوو لە نێوان توێژەکانی گەلدا. تا ئەوەی حکومەت بەهۆی تەنگژەی داراییەوە، بە ناوی پاشەکەوتەوە، جەمع و تەرحیی لەمووچەی هەمووواندا کرد. لە جێی ئەوەی ئەم ئۆپۆزسیۆنە ئەکادیمی و سیاسییە بڵێ با فەرقی مووچەکە کەم بێ و ئەم تەنگژەیە بێتە دەرفەتی جۆرێک لەدادپەروەری، هاواریان لێ هەڵساوە کە بۆچی مووچەی زاناو ئەکادیمییەکان و پەرلەمانتارەکان و وەزیرەکان وای لێهاتووە لەگەڵ عامەتی شەعب جیاوازی نییە. یەکێکیان دەڵێ مریشک فرۆش و مامۆستای زانکۆ یەک مووچەیان هەیە. بێگومان کەس لەگەڵ ئەم پاشکەوتەو ئەم یەکسانییە رەچاونەکەرەی توانای "گەورە پیاوان" نییە. بەڵام ئەمانە بوونەتە قسەی خۆیانەوە، ئێستا بۆ دژی ئەم یەکسانییە سەیرو سەمەرەن؟ مەگەر خۆتان داوای ئەوەتان نەدەکرد.؟ یان مەبەستتان خۆتان نەبوو، مەبەستتان خەڵکی تر بوو؟!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٥٨ (٢٩-٢٠١٦/٤/٣٠)

# جەژنی بێ مووچەو، پشووی پڕ خەیاڵ

زۆرینەی خوێنەرانی کوردستانی نوێ لە توێژی فەرمانبەرو خوێندەوارن، بۆیە دەزانین مووچەیان وەرنەگرتووەو دەبێ بە ئاگاییەوە جەژنە پیرۆزەیان لێ بکەین. پیرۆزتان بێت تا خوا هەقتان لە سەبەبکار دەستێنێتەوە، جا هەر کەسێک و هەر لایەنێک بێت.

جەژنی بێ مووچە بۆ ئێوەو پشوی پڕ دالْغەو خەیاڵ کە داخۆ دوای جەژن مشتومڕی سەر لاپەڕەی براکان کۆتایی دێت یان نا، بۆ ئێمەی میدیاکاران دەبێت.

ئەم ژمارە دوو زەردێنەییە بە هیوای دیداری دوای جەژن. پیرۆزیاییە بە ناوی کوردستانی نوێی رۆژانەو کوردستانی نوێی هەفتەش. چونکە هەفتەی داهاتوو عارفەو جەژنو پشوو دەیخوات. نە رۆژانەییمان هەیەو نەهەفتەیی.

خوای گەورە سیحەتی هەمووتان باش بکات. یاریدەی کورد بدات جەژنی قوربان بێ قوربانی بێت. سەربەخۆیی کوردستانیش بەنرخی مووچە پاشکەوت کردن نەبێت.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٧٠٦٧ (٩-٢٠١٦/٩/١٠)

# دوو دیمەن، مەرگی شاعیرانە دەگێڕنەوە

مەرگی شاعیرانە وەک لە ناوەکەیدا وێنای دەکات مەرگێک نییە شاعیر لەناو گوڵ و گوڵزاردا، یان لەباوەشی یاردا چوون دیمەنەکانی چاپی دیوانی خەیام لەناکاو سەربنێتەوە.

مەرگی شاعیرانە تراژیدیایە، چونکە شاعیرەکان، بە گەشبینترینیان خۆشگوزەرانترینیانیشەوە، هەر خەمگینانە دەمرن و لە نەسلی تراژیدیاو خەم و خەفەتن.

ئەم دوو دیمەنەش دوو مەرگی شاعیرانە دەگێڕنەوە هەرچەندە یەکیان پۆرتریت و ئەمیتریان دیمەنی راستەقینەیە.

دیمەنی یەکەمیان لۆرکای شاعیری شۆڕشگێری ئیسپانیایە کە فاشیستەکان گوللەبارانیان کرد. لۆرکا ئەگەرچی کۆمۆنیست نەبوو کە پشتیوانی شۆڕشی ئیسپانیای کرد، بەڵام شۆڕشی چەپخوازانەی ئیسپانیا لەوە دەرچوو بوو، هەر بزاوتێکی چەپانە بێت. ببوە رەمزی ئازادیخوازی و ئینساندۆستی و لە تەواوی تەڤگەرەکانی ئازادییەوە پێشمەرگەی بۆ دەهات. لۆرکا لەم ئاستەدا وەک شاعیرێک نەک وەک هاورێیەکی کۆمۆنیست، بێ لایەن و بە جێماو نەبوو. بەهەموو هەست و شعورەوە تێدابوو، دیمەنەکە گوللەبارانکردنی لۆرکایە کە روبەڕوی مەرگیش دەستی بۆ هوتاف و بانگەوازی تەحەدا بەرزکردۆتەوە. لۆرکا لەم دیمەنەدا دیارە کە وەفاداری بیروڕاکانی خۆیەتی و کەس نازانێ جەللادەکانی کام تیمی بکوژی جەنەراڵ فرانکۆن؟، گرتەکە دیمەنێک بۆ مێژوو تۆمار دەکات کە هەتا دونیا دونیاو هەتا وێنە ئەرشیف دەکرێ و یادەوەری تیژ تیژە، دەمێنێتەوە. شاعیر لێرەدا بە سواری ئەسپەوە بە پێوە شەهید دەبێت نەک لە جێدا خەوتبێت.

دیمەنی دووەمیان دیمەنی کارەساتباری مەرگی شاعیری یاخیبووی فارسی خانم فروغی فروخزادە. کە لە رووداوە بەناوبانگەکەی پێکدادانی ئۆتۆمبیلدا گیانی سپارد. فروغ بە شیعر و بەژیاننامە، بە رەفتارو گرفتار یاخی و شۆڕشگێڕ بوو

له شۆڕشی ئیسپانیا بەشداری نەکردبوو، چونکە نە تەمەنی و نە زەمەنی و نە ڕێگاو ڕەوتی وەک ئەوی لۆرکا بوو، فروغ شتێکی جیاواز و شۆڕشێکی جیاوازیش بوو، هەر ئەوە کە ژن بی و شیعر بنوسی شۆرشێکە سەد فرانکۆی کۆمەڵایەتی لێ هار کردبوو.

فروغ لەساڵی ١٩٦٧ لەم شانۆی ڕووداوەدا مەرگێکی شاعیرانە مرد دوای ئەوەی دوا شیعری خۆی (ژنی تەنیا)ی نووسی، ژنی تەنیا بۆ ئاگاداری لایەنگرانی سەرسەختی یاساکانی هاتوچۆ مۆڵەتی شۆفێری نەبوو کە لاساری دەکرد تا لەم دیمەنەدا گیانی سپاردو، دوای خۆشی و تائێستا کۆڕی ئەدەب و شیعری فارسی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە.

فروغ مردو هەروەها ئەو شۆفێرەی ماشێنەکەی بەرامبەریشی مرد. کە لە کتێبەکانی ئەدەب و مێژوودا قەت ناوی نایە.

لەم هەفتەیەدا تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان چاکی کرد لە جەنجاڵی ڕووداوە سیاسییە ڕەشبینەکاندا دیکۆمێنتاری خۆی لەسەر وێستگەکانی ژیانی فروغ پەخشکردەوەو کەمێک لە قیلوقالی پێنج قۆڵی و تەنگژەکانی هەرێم دووری خستینەوە، تۆ بڵێی دیکۆمنتارییەکیان لەسەر لۆرکا نەبێت و چاکەکەی خۆیان تەواو نەکەن؟.

*ڕۆنامەی ژکوردستانی نوێ: ژ:٦٨٠٨ (٣٠-٣١/١٠/٢٠١٥)

# کورد بەتەمای ئەدەب بوو، لەکیمیا بەدەستی هێنا

عەزیز سەنجار زانای ئەمریکایی بە ناسنامەی رەسمی تورکیاییو بەڕەچەڵەک کوردی ماردین، لەگەڵ ئەمریکیو سویدییەک رۆڵیان لەبورای زانستی کیمیا سەرنجی خاوەنانی خەڵاتی نۆبڵ راکێشاوە، پرۆژەکەی عەزیز سەنجار لەسەر پێشگرتن لەتەشەنەکردنی شێرپەنجەیەو بەپێشکەوتنێکی گەورە دادەنرێت لەبواری خۆیدا.

ئەم زانا کوردە لەساڵی ١٩٤٦ لەشاری ماردین لەدایک بووە و مامۆستایە لەزانکۆی کارۆلینا، هاونۆبڵەکانی هەردوو زانا پۆل مۆردیکو تۆماس لندال ئەوانیش شەریکە بەشن لەسەروەری پێشخستنی زانستدا.

عەزیز سەنجار لەگەڵ خانمەکەیدا پرۆژەیەکی یارمەتیان دامەزراندووە کە ماڵێکی گەورەیە بۆ هەموو ئەو زانایانەی لەتورکیاوە دێنە ئەمریکا تا لەو ماڵە بژین، بۆ ئەوەی وردە وردە لەگەڵ کەلتوری ئەمریکایی رابێن، ئێستا سەد زانای خوێندکاری تورکیا لەو ماڵە گەورەیەدا دەژین. ئەم زانایە کاتی خۆی لەهەڵبژاردەی لاوانی تورکیا یاریزان بووەو پاشان ئارەزووی بۆ زانست پاڵی پێوەنا بچێتە ئەمریکا، بێگومان تورکەکانیش لەلایەن خۆیانەوە خەنی بوون کە ئەم خەڵاتە بەڕەسمی بەناوی ئەوانەوە تۆمارکراوە با وەرگرەکەشی کورد بێت، ئەم خەنی بوونە هەتا ئەو کاتەیە کاک عەزیز دەڵێ : من کوردم، کە هێشتا لەم بارەیەوە هیچی نەگوتووە، ئەوەی زانراوە ئەم براوەی نۆبڵە، خزمی پەرلەمانتاری هەدەپە مدحەت سەنجارە.

لەناو کوردی باکووردا رۆماننووس یەشار کەمال تامرد ناوی هەر لەناواندا بوو کە نۆبڵی ئەدەبی دەدرێتێ، بەڵام لەو ساڵانەدا درایە نۆرهان پامۆک کە ئەویش رۆماننووسێکی تورکیایی دۆستی کوردو ئەرمەنە، تورکیای رەسمی زۆر کەیفی بە پامۆک نایە، چونکە رەخنەی زۆری گرتووە لە سیاسەتی رەسمی دەوڵەت بەرانبەر بەئەرمەنو مەسەلەی کوردو مافی مرۆڤ.

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٧٩٠ (٩-١٠/١٠/٢٠١٥)

# پاسەوانی "بەوابەی شەرقی" مرد

ڕۆمانووسی دیاری میسری "جەمال غیتانی" لە تەمەنی حەفتاساڵیدا کۆچی دوای کرد. غیتانی زیاتر بە ڕۆمانی "زینی بەرەکات" ناسرا و لە بواری ڕۆژنامەوانیی و ڕۆژنامەوانیی ئەدەبیشدا چالاکانە کاری کردووە. لە کتێبەکانی تری "سەفەری بونیان" و "پەیپەرەکانی گەنجێک هەزار ساڵ ژیا". غیتانی لە میسر بە دۆستی نزیکی نەجیب مەحفوز دەناسرا کە لە دانیشتنەکانیدا هەمیشە ئامادە بوو، بۆیە کتێبێکی بەناوی "دانیشتنە مەحفوزییەکانەوە" نووسیبوو کە باسی ئەزموونی گفتوگۆی ئەدیبانی دەکرد لەگەڵ نەجیب مەحفوز، خاوەنی نۆبڵی ئەدەب.

غیتانی ژیانی ئەدەبی خۆی لەساڵی ١٩٦٩ لە ڕۆژنامەی "ئەلئەخبار" دەستپێکرد، وەکو پەیامنێری جەنگی. هەر بەو ناونیشانەوە لە کوردستانیش ناسرا وەختێک وەک نەتەوەپەرستێک کتێبێکی لەستایشی سوپای عیراقدا نووسیی بەناوی پاسەوانەکانی دەروازەی ڕۆژهەڵات سوپای عیراق "لە شەڕی تشرینەوە بۆ شەڕی باکوور" کە تێیدا باسی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە تشرینی ساڵی ١٩٧٣ و شەڕی سوپای عیراق دژی شۆڕشی کوردستان دەکات لە ساڵی ١٩٧٤دا.

کتێبی ناوبراو بوختانی زۆری تێدایە دژی کورد کە لەخۆ بەناسری زانێکی وەکو جەمال غیتانی نەدەوەشایەوە بچێتە باوەشی بەعسی عیراق و سوپاکەیەوە. پاسەوانانی دەروازەی ڕۆژهەڵات دەستەواژەی بەعسیەکانە بۆ وەسفی سوپای عیراق کە گوایە بەرەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب دەپارێزێت.

بەڵام تەجرەبەی سەرکەوتووی جەمال غیتانی لە بواری ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبیدا بوو کە لە ١٩٩٣وە سەرنووسەری هەفتانەی (هەواڵەکانی ئەدەب- اخبار الادب) بو.

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٨٠٢ (٢٣-١٠/٢٤/ ٢٠١٥)

# دوو قاڵب سابوونی بەکر

ئیدیۆمەکە لە سلێمانی وایە کە "دوکانی بەکر و دوو قاڵب سابوون"ە ئەمە خواستێکە بۆ دەرخستنی هەژاری و نەداری و لەبەر چاویی توانا و لێوەشاوەیی. یانی خۆ سەغڵەتکردنی ناوێت کە هەموو شتێک ئاشکرایەو ئەوی سەر بەڕەو ژێر بەڕە ناسراو و دیارە. شەفافیەتێکی تەواو لە ئیدیۆمەکەدا هەیە، چونکە ئیمکانیاتەکانی بەکری سابوون فرۆش لە پەنجەرەی دوکانەکەیەوە دیارە کە دوو سابوونی تێدایە و هیچی تر. نە سۆپەرمارکێتە و نە کەرەستەکانیشی زۆرن و نە شاریش وا قەرەباڵغە، دوکانی مام بەکرمان پێ نەدۆزرێتەوە و لە ناو هەزاران دوکاندا لێمان بزر بێت.

دۆستێکم ئیدیۆمەکەشی پەرەپێداوە، دەڵێ دووکانی بەکر و دوو قاڵب سەهۆڵ. بەو ئیعتبارەی ئەگەر مام بەکر تا ئێوارە ئەو دوو قاڵبە سەهۆڵە یەکلایی نەکاتەوە و نەیفرۆشێت، ئەوا وەک بەفر دەتوێنەوەو دوکان تەڕ دەبێت و ئێوارەش هیچ فلس و عانەیەک ناچێتە گیرفانەوە. ئەو کاتە دەبێ مام بەکر بە سابوونی ئیدیۆمە کۆنەکە دەست لە قازانج بشواتەوە و لە ناو قەرز و قوڵەدا وەک بەفری ئیدیۆمی دووەم بتوێتەوە.

دۆخی مووچەداریی لە وڵاتی ئێمەدا، وەک دوکانی مام بەکری لێ هاتووە. ئەگەر دوو بەرمیل نەوتەکە نەفرۆشرێت و دوو سەنت نرخیان بەرز نەبێتەوە، خوردەی مووچەش دابین نابێت، چ جای پاشکەوتی هیوا کە وەک قاڵبی بەفر لە ئایندەی نادیاردا دەتوێتەوە.

ئیتر دۆخەکە ئەوەندە شەفافانەیە لە پەنجەرەی دوکانەوە هەموو شتێک دیارە.
قەرار نەبوو وابێ، کە وایە!

*رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ:٦٩٥٢ (٢٢-٢٣/٤/٢٠١٦)

# حەزی ژیانو یەکێتیی ئارەزوومەندانە

چی یەکێتی عێراق دەخاتە بەردەم پرسیارەوە؟ بیرۆکەی ناوەندێتی دەسەڵات؟ ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەمە ڕاستییەکی کۆنەو کەس نایڵێتەوە، چونکە بۆتە پێدراوێکی سەلمێنراو.

ئەی چیتر؟ ڕێبازی شۆڤێنیزم؟ ئەوەشیان هەر ڕاستە، بگرە ڕاستییەکی هەشتا ساڵەی بە خوێن سەلمێنراوە، ئەو ڕاستییە برای ڕاستی تایفەگەرییە، کە ئەویش بەشی خۆی لە عومەری عیراقییەکانی خورادو لە حەسەنو حوسێنەوە تراژیدیایەکە نابڕێتەوە.

ئێستا ڕاستییەکی تر دەرکەوتووە کە دیسانەوە ئایندەی یەکێتی ئەم قەوارە سیاسییە دەخاتە ژێر پرسیارەوە: ئەویش هەڵپەڕکێو گۆرانیو ژیاندۆستییە!

لەدەستووری نوێی عیراقدا باسێکی شەرمنانە لە یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە دەکرێت، لەبەر رۆشنایی ئەوەش، پێکهاتەکان، دەتوانن بێژن ئێمە بە ئارەزوو لەسەر ئەو دەستوورە رێککەوتووینو ئەوەی پێشێلی بکات، ئەوا ئەم یەکێتییە دەخاتە بەر ڕەشەبای هەڵوەشاندنەوە. بەڵام دەستووریش، چونکە عیراقییە ناکۆکەکان نووسیویانە، دەقو بڕگەی بەرامبەر یەکی تێدایە، بۆیە یەکێتی عیراق لەسەر بنچینەی دەستوورەکەی، کۆتاییەکی کراوەیە وەک تەوژمی ئەم دواییەی سینەمای ئێرانی کە (کۆتایی کراوە) خەسڵەتی زاڵی زۆربەیانە. یان وەکو سەرۆکی لیستی عیراقییە دکتور ئەیاد عەللاوی وتی: گەمەکە تەواو نەبووە! دەستووری عیراق لەشوێنێکدا مافی ئازادی رادەربڕینو بژاردەی دیموکراسی دەکاتە مافی بێ ئەملاولای عیراقییەکان، واتە شاییو هەڵپەڕکێو هەموو بواری هونەرە جوانەکان، کە ژیاندۆستی پەخش و پەرێشان دەکەن، ئەمانە گشتیان مافی ڕەواو ئازادن، چونکە مرۆڤ هەیە، وەک بەندە، بیروڕای خۆی بەنووسین دەردەبڕێو هەشە، وەک دەشنێ خان، بە سەماو هەڵپەڕکێ، دیاریشە ئایندە بۆ کێیە؟

لەشوێنێکی تریشدا هەمان دەستور جەخت لەسەر رێزگرتن لە سروتە

ئاینییەکانو مەراجیعە گەورەکان دەکاتەوە، کە نابێ هیچ یاسایەک دەربچێت لەگەڵ شەریعەتدا ناکۆک بێت. ئەم دوو پرەنسیپە بۆ کاتی شێنەییو لە وڵاتی شێنەییدا لەگەڵ یەک ناکۆک نین. دیموکراسیو ئازادی رادەربڕین لەگەڵ ئیسلامو ئیسلامەتیدا ناکۆک نین، بەڵام بێگومان لەگەڵ هەندێک موسڵمانی خوانەناسدا ناکۆکە، کە عەبای شەریعەت وا تەسک دەکەنەوە جێی شانوشەکەوتی کەسی تێدا نەبێتەوە. رێک ئێستا ئەمە لە بەغدا قەوماوەو لەوێشەوە دەیەوێ شۆڕ بێتەوە بۆ تەواوی عیراقی بندەستی حکومەتی ئیتحادی. هەواڵ هاتن کە گەیشتە کەرکوکیش هەرچەندە ئەو شارە ناوچەی جێناکۆکەو دەبێ ناکۆکەکان تا ناکۆکییەکە یەکلایی دەبێتەوە ئاگایان لە وردو درشتی بێت، بەڵام بڕیار بەدەستەکانی عیراق لە ناوجەرگەی عیراق، بەغدا، فشەیان بە جیاوازیو ناکۆکی دێت، تۆ بڵێی لە جوگرافیای هەستیاری وەکو کەرکوکدا گوێی پێبدەن؟ ئەوان لەبەغدا گێچەڵ بە خەڵک دەکەن، بڵێی کەرکوک دیموکراسی بنو دەرەنجامەکەی قبوڵ بکەن؟

ئەوەی لەبەغدا دەقەومێو دەیەوێ لە بانی مەقانەوە، دزە بکاتە ناو هەرێمی کوردستان وەک لەچەند رووداوێکی پێکدادانی رووناکبیریدا پرۆڤەیەکمان بینی، بۆ ئەوەیە بەشێکی دەستووری عیراق کە رێزگرتنە لە ئازادییە کەسییەکانو سەربەستییە گشتییەکان بخرێنە ژێر

لێوەوەو پێشێل بکرێت، بۆیە هەڕەشەیکی جدییە لەسەر یەکێتی ئارەزوومەندانەی عیراقو دەبێتە مایەی کاڵبوونەوەی بژاردەی فیدرالی. سەرکردایەتی کوردستان لەگەلێک بۆنەدا رایگەیاندووە، کوردستان بەشێکە لە عیراقێکی دیموکراتو فیدرال، کە هێزە شۆڤێنیو ئۆسوڵییەکان کۆنترۆڵیان نەکردبێت.

ئەگەر دۆخەکە وا بڕوات شۆڤێنیو ئوسوڵییەکان گۆرانیو هەڵپەڕکێو هونەرو جوانی قەدەغە بکەنو ئارەزووی مرۆڤ بۆ ژیان بکوژن، ئیتر یەکێتی (ئارەزوومەندانە) لەکوێ جێی دەبێتەوە؟

*گۆڤاری هەفتانە: ژ:١٢٧ (٢٠١١)